

مەحموود دەوڵەت ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی سێیەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و. سیامەند شاسوار
٣

ناوی پەرتووک: کەلیدەر (بەرگی سێیەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپکار: سەرکەوت فایەق
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک ٤٠٠٠٠ دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان _ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# گەلیدەر

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

## زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

**کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ـ ٠٠٠)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**




# بەرگی سێیەم

٩٠١

**کەلیــدەر**

بەرگی سێیەم

# بەشی نۆیەم

## بەندی یەکەم

مانگەشەو بوو. مانگەشەوێکی نەرم و ئارام و هێور، وەک هەورێشمێکی سپی بە سەر نەرمە توێژی بەفرەکە، بە سەر دەشت و بە سەر سەر و گوێی بانەکانی گوندی بەرەکشایی‌دا ڕاکشابوو. شەو، نەجیبانە ئارام بوو. ئارامبەخش و دڵپژێن. وەکوو بڵێی خراپە و دزێوی دەرکردووە. وەک بڵێی لەم شەوەدا نالوێ خەنجەر لە سینەی عاشقیک ڕۆ بکرێ. وەک بڵێی لە شەوێکی وەهادا نەئەگونجا پەنجەی بڵیند و تووڕە، گەرووی پیاوێک بگووشێ. وەک بڵێی لە شەوێکی وەهادا گورگ بۆی نەبوو دڵی مەڕێک هەڵبدڕێ. شەو بە تەواوەتی شەنگ و ئارام بوو. تەنانەت سەرماکەشی کزەی نەبوو. شنەی باکەشی ڕوومەتی نەئەکزاندەوە. دەشت خامۆش و قەڵات خامۆش و خەڵک خامۆش بوون. چی ڕق و قین هەبوو، لە ئارامی شاهانەدا، شوێنی ون ببوو. چی بێزاریی بوو، لە تاریکی ڕۆژئاوادا گۆڕ کرابوو. هەوا ئەوەندە خاوێن و پاکیزە و، تریفەی مانگ هێند زەلاڵ و ڕوو ئاوەڵە، ئەتوت چی لە سەر زەوی بوو و چی نەبوو، دیار و پێوار، دیدە و نادیدە، هەر هەموو لە سەر بەستێنێکی ساف، لە سەر شەپۆلێکی نەرم، کەروێشکەی ئەکرد. ڕەوان و بەڕەو. وەکوو خەون، وەکوو خەیاڵ. وەک بیری جوان و ڕووناک. وەکوو سەمای کچانی سپی پۆش، لە سەر مێرگێکی سەوزی گەش. وەکوو زیندەخەونی ژیانێکی

عاشقانە. وەکوو ڕسکانی فرمێسک. لەو جۆرەی کە مرۆڤ دڵی دێتە کوڵ. ئەگری و ئەگری. گریان؛ هەڵقوڵینی شەوق!

جوانیی، پتر لە بارستایی گیان.

لەم بەسێنە زیوین و خاوێنەی شەودا، لە ناو دەستی ئاوەڵە و زەلاڵی ڕووناکیدا و لە سەر پانتایی دەشتی بەسام، خاڵێکی ڕەشباو، بارستایەکی خۆڵەمێشی، بە نەرمی و بە ئارامی لە بزووتندا بوو. بزوتنێکی هێواش و هێور. مێرووئاسا. وەک لەشێکی ماندوو، دڵێکی بێزار و خەیاڵێکی ئاڵۆز. پیاوێک و ئەسپێک. ئەسپێک و پیاوێک. وەها ببوون بەیەک، جیاکردنەوەیان مەیسەر نەبوو. ئەتوت تەنێکە. کابرا، بەرەکی دابوو بە سەریدا، دەسکەوساری لە کەللەی زین ئاڵاندبوو و خۆی بۆ بەرەوە، بە سەر یاڵی ئەسپەکەدا چەماندبوو و -ڕەنگە- لە ناو خۆیدا ون ببوو. ئەسپیش بە هەنگاوی ماندوو ڕێی ئەکرد؛ وا پێ ئەچوو سوار هیچ پەلەی گەیشتنی نییە.

«نەکا خەوی لێکەوتبێ؟»

نەء! وانەبوو. خەو ئیتر، لە پێڵووە وشکەڵاتووەکانی سوار تۆرابوو.

ئەی بۆچی بەو جۆرە لە بەردێکی خامۆش ئەچێ؟ بۆ وا بێئاگا لە دەرەوەی خۆیەتی؟ چی لەناخیدا هەبوو وا بەو جۆرە خەریک و سەرسامی کردبوو؟ لەش و ڕواڵەتی ئارامی نیشانەی هیچ پەرێشانیەکی پێوە دیار نەبوو. داخراو. کووزوویەکی داخراو. بەڵام کێچووزانێ -بە دڵنیایی- ناو کووزووی سەر داخراو، چی تێدایە؟ هەنگوێنە یان گرکەتاڵ؟ شەرابە یان ژەهر؟ کام چاوی وشیار نەزانانە بڕیار ئەدا؟ ئەی لە پشت ئەم ڕوخسارە خامۆشەدا چی حەشار درابوو؟ هەرای چیبوو؟ چ برینێک ئازاری ئەدا؟ بۆچی بەو جۆرە دێوانەئاسا، بە نیوەشەوان، سەری ناوە بە دەشت و بیابانەوە؟ چیەتی؟ لەش و گیانی بۆ بەو جۆرە دابوویە دەست سەرگەردانی؟ بە دوای کام سەرچاوەوە بوو؟ بە نیشانەی کێ ئەڕۆیشت؟ کام

ئاشنا، کامە دڵبەند؟ سەر، سەودای کێی تێدابوو؟

سوار، سەری هەڵێنا. گەیشتبوو، پەنای گوندی بەرەکشایی، لای دیواری گۆڕکەنی ماران گەستوو. چ شەوێک بوو ئەو شەوە! بیری مرۆڤی ئەتۆقاند و تەزی بە لەشدا ئەهێنا. برووسکەیەک بوو، بە تووڕەیی شەوی ئەبڕی و خەیاڵی ئەورووژاند. شەو! شەو! بەترس و لەرزەوە ئەسپ تاودان، گەیشتن، بە سەرقەبران گەیشتن. بە دزییەوە هەڵکوڵینی گۆڕێک، چوونە ناو گۆڕەکە، نزیک کردنەوەی فانۆس لە ڕوخساری تەرمی تازە مردوو. ئۆف... تەوێلی پەرێشان بوو و، مارێک لە دەور ملی ئاڵابوو! مار سەری کردبوو بە ناو کاسەی سەردا و مار، مۆخی ئەخوارد. قیژەی گۆڕکەن! مار، گۆڕکەنی ڕەشەوە کردبوو. خۆف! هەڵاتن و غاردان لە دڵی شەودا، هەڵاتنێکی نا جوامێرانە! بەڵام، ئەگەر مابایەتەوە چیئەبوو؟ ئەوەی ڕووی دابوو، ئایە بەراوەژوو ئەبوویەوە؟

نەء! مسۆگەر نا!

ئەی ئەم ئازارە چیە وا بەو جۆرە گیانی ئەهەژێنێ؟

گۆڕستان، هەروا لەگەڵ نادعەلی بوو. هەم ئێستە و هەم ئەوکاتەی کە دوور بوایەت. هەم لە ترسا و هەم بۆ دڵنیایی، گەڕایەوە و سەیرێکی کرد. پەردەی ناسکی بەفر، چاڵ و بەرزی قەبرەکانی داپۆشابوو و گۆڕستان، جگە لە پارچە زەوییەکی زۆرگ چیدی نەبوو. سەرەڕای ئەمەش بە ئاشکرا ئەیتوانی ئاقاری قەبرەکەی مەدیار ببینێ. لەوێ، جیا لە قەبرەکانیتر، بێگانە. ئەو دارە! دارە وشکە بێبار و بێگەڵاکە، دارە لەڕ و هەڵقچڕاوەکە کە لقەکانی وەکوو پەنجەی لەرزۆکی پیرێژنێکی ڕۆڵە مردوو، بەرەو ئاسمان ڕاگیرابوون. تەنها ئەم درەختە، ئەم درەختە تەنها -وا پێ ئەچوو- بە پشوودرێژی مردووەوانی سەرقەبران بێ.

سەیری بکە! لە ئێسکەپەیکەر ئەچێ. پێکەنینێکی وشک ئەگەر لە خەیاڵتدا ڕەنگ بکرێ، دڵ دەسبەجێ ڕائەوەستێ. لە خاکی کێ ڕوواوە ئەم دارە؟ درەختی کام میوەیە، ئاخۆ؟ بەری چیە؟

ساکار! چەند ساکاری تۆ؟! کەللە سەرەکان مەگەر نابینی بە لقەکانیەوە؟ نیگات بۆ کوێ فڕیوە؟ بڕوانە! خۆف مەکە بڕوانە! ڕاست لە چاوی ئەوەدا کە هەیە. کاژەرەکان! وەووو... چەند کاژەرە؟! سەد؟ هەزار؟ دارێکی وشکەڵاتوو و هەزار کەللەسەر بە لقیەوە هەڵواسراوە! دۆعایەک بخوێنە و فوو بکە بە دەورتا. بیسمیلا!

ددانەکانی لە ترسان لێک قفڵ ببوون. پشتی تەزی پیا ئەهات و لەرزینێکی ئاشکرای لە حەوت بەندی لەشیدا هەست پێئەکرد. نەکا قەبرکەنەکەشیان هەر لەوێ لە ناو قەبرەکەی مەدیار ناشتبێ؟ کرمەکان چی لە گیانە لەڕ و لاوازەکەی ئەکەن، تۆ بڵێی؟ ئەم مردنە چیە؟ چۆن دێ بۆ لای مرۆڤ؟ لە کوێوە دێ؟ بۆچی پێشتر کەس ئاگادار ناکا؟ مردوو لە دایکی خۆی ئەبێ و هەر بیریشی لێناکاتەوە! خافڵ لەوەی کە ئەویش، مەرگیش لەگەڵی لەدایک بووە، پێ بە پێ، هەنگاو بە هەنگاو. ڕەنگە ئەو -مەرگ- لە دایکێکیتر، لە دایکی خۆی زابێ! بەڵام بە هەر هەناسەیەک، بە هەر هەنگاوێک، بە هەردەم و کاتێک، تۆ لێی نزیک ئەبیتەوە و ئەو لەتۆ. بەرەو تۆ دێ. وەکوو ئەوەی تۆ بەرەوڕووی ئاوێنە بڕۆی. تۆ ئەڕۆیت، شتێکیش لە شێوەی تۆ، خودی تۆ، بەرەو ڕووت دێ درەنگ یان زوو هەر پێک ئەگەن.

تۆ و مەرگ.

من و مەرگ.

ئەو و مەرگ.

نەء! مردن خۆ لە ڕووبەڕووەوە نایەت! مردن پێ بە پێ لەگەڵە. مردن لەگەڵت لەدایک ئەبێ. هاوزادی تۆیە! لە تۆ ئەبێ. لەگەڵ تۆ ئەخەملێ. تۆ مردنی، هەمان کات کە ژیانیش تۆی. ئەو کاتەی پێت نایە ژیانەوە، پێت ناوەتە مەرگیشەوە. ئەم دووانە ناتوانی لێک جیابکەیتەوە. پێکەوەن. لە بناغەدا ئێوە یەکن. مەرگ و تۆ. تۆ و مەرگ. ئەگەر بتەوێ لە مردن ڕابکەی، ئەبێ پێ

نەنێیتە ژیانەوە. خۆزگە ئەبوو مردن لە ژێر پێتدا بتلیقێنیتەوە. نابووتی بکەی. بەڵام مەگەر ئەتوانی سێبەری خۆ لە بن پێتدا پێشێل بکەی؟ نەء! سێبەرەکەشت بە ئەندازەی خۆت گیان ڕەقە. هەتا تۆ هەی، ئەویش هەیە. هەیە تا تۆش بەرەو سایەی ڕەها ڕابکێشێ؛ تا سێبەری تەواوەتی. ئەو، سێبەرەکەت، بەردەوام لە تەشەنەکردندایە. هەموو ڕۆژێک پەرە ئەسێنێ. زیاتر پان ئەبێتەوە. باڵا ئەکێشێ. زیاتر باڵا ئەکێشێ. هەڵکشاوتر و پان و پۆرتر ئەبێ. ئەوسا تۆ، دەم بە دەم، سات بە سات، گچکەتر ئەبێتەوە. کەم قەبارەتر. بچووکتر. سووکتر. بێڕەنگتر. سواوتر. بێبایی‌تر. تا ئەو کاتەی ئەبێ بە شتێکی کراوە، شتێکی وەکوو نا ئومێدی و پاشان، ئەگۆڕێت. ئەگۆڕێت و ئەبێ بە سێبەرەکەت، بە بەشێک لە سێبەرەکەت.

خودی سێبەرەکەت و ئەمە تۆ ئەداتە دەست سێبەری مەزن.

بە ئێوارە درەنگانێکی بەرینتەوە ئەلکێنێ. بە شەوی تەواوەوە.

تۆ لە ڕەشایی‌دا ون ئەبی.

من لە ڕەشایی‌دا ون ئەبم.

ئەو لە ڕەشایی‌دا ون ئەبێ.

قەبرکەن ئێستە لە ڕەشایی‌دا ون بووە.

بەڵام ماڵی کابرای قەبرکەن چەند تەنگەبەرە؟! لە چەند گۆڕ ئەچی لکێنرابێ بە یەکەوە و دیوارەکانیان لا بردبێ. دیوارەکەی چەند کورتە! بانەکەی گومەزێک زیاتری نییە. کەسەکانی ڕەنگە لە بن ئەم تاقە گومەزەدا ڕۆژ ئەکەنەوە. باشە ئێستە چی پێئەکرێ؟ دیواری ماڵەکەی ڕووخاوە. حەوشەکەی دەرگای نییە. فەردەی ئاردەکە ئەتوانێ بە ئاسانی لە تەرکبەندی ئەسپەکە بکاتەوە، ئارام و بێدەنگ بیباتە ژوورەوە و لە پشت دەرگاکە دایبنێ. ئەتوانێ مشتێک بدا لە دەرگاکە. ژنی قەبرکەن ئاگادار بکاتەوە. فەردەی ئاردەکە لە بەرچاوی‌دا دابنێ و هەواڵی بپرسێ؛

بۆیە لەغاوی وەرگێڕا و گەڕایەوە. ئەتوانێ خۆی بە ڕێبوارێک بداتە قەڵەم کە ڕێی ونکردووە و لە سەرمادا پەنای بۆ ماڵە موسڵمانێک هێناوە و ئاگری ئەوێ. ئەوسا، لە بەر ڕووناکی ئاگرەکە دائەنیشێ. پیاڵەیەک چا ئەخواتەوە. سەری قسە ئەکاتەوە و گوێ لە دەردە دڵی ژنە ئەگرێ و لە ئەنجامدا، کوڕە گەورەکەی بۆ گەدەکی ئەبا بۆ لای خۆی.

هەموو کارێک ئەکرێ، بەڵام نابێ لە ئاوخواردنەوەیەک زیاتر بخایەنێ. مانەوە لە ماڵی پیاوێکدا کە فریوی گەنمی کەنووەکانی تۆ، ژەهری ماری کردبوو بە گەرووی‌دا، دڵ و توانای بەردی ئەوێ. نەء! بینینی کەسانی ئەتگەسێ. مناڵەکانی! چیت هەیە پێیان بڵێی؟ ئەتەوێ خۆتیان پێ‌بناسێنی؟ نەء! ئەتەوێ هەتیوپەروەری بکەی؟ خۆ ئەمەشت لە دەس نایەت. تۆ، زمانی لاواندنەوەت نییە. ئەتەوێ خۆت دەرخەی؟ نەء! لە تاقەت و توانای تۆدا نییە. ئەتەوێ خەڵک بکەی بە منەتباری خۆت؟ نەء! لە بەر چی؟ خۆ بەرچاوتەنگ نیت. کە وا بوو بە گەوهەری کارەکەی خۆت ڕابگە، مەبەستی کاری تۆ چیە هەردەوێڵی بیابانی؟ دابەزە!

نادعەلی پێی لە ئاوەزەنگی دەرهێنا، نەرم و سووکەڵە لە ئەسپەکە هاتە خوارەوە. دەسکەوسارەکەی لە درزی دیوارەکە گیردا، چۆخەکەی داگرت و دای بە سەر زینەکەدا و کەوتە کردنەوەی تەرکبەندەکە. پاشان، کیسەی ئاردەکەی نا بە شانیەوە و لە پەنای دیوارەکەوە ڕۆیشت. بە دزیکەوە چووە حەوشە، ئارام بە ئەسپایی تا پشت دەرگاکە ڕۆیشت. کیسەکەی داگرت و لە بن دیواری ماڵەکەی قەبرکەن‌دا داینا و بە ڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە.

لە گەڕانەوەدا، لایەکی کردەوە. پشیلەیەک لە سەر دیوارەکە خۆی مەلاس دابوو. نیگای نادعەلی بە دیوارەکەدا هاتە خوارەوە. شوێن پێی لە سەر بەفرەکە مابوو. بەڵام نەء! دڵ، ئارام نەبوو. بەرەو ئەسپەکەی چوو. چۆخەکەی دابە سەریدا. دەسکەوساری لە دیوارەکە کردەوە. پێی لە ئاوەزەنگی نا، لە سەر

زینەکە دانیشت و بەغار، وەک بڵێی لە تاوانێک هەڵدێ، لە ماڵ و لە گۆڕستان و لە قەڵات دوورکەوتەوە و، ئەسپەکەی خستە سەر ڕێ.

تاقی تەنها داژووت. خاڵێکی ڕەش و بزۆز لە پانتایی بەفرگرتووی بیاباندا. بیابانێک کە لەمانگەشەو و بەفردا، بەرینتر خۆیای ئەکرد. وەک بڵێی کۆتایی نییە. کراوە و بەرئاوەڵە و بێکۆتایی. بەڵام نادعەلی لە خۆیدا بوو و دەرفەتی وەرگرتنی نەبوو. چۆخەی دابوو بە سەریدا، خۆی بۆ بەرەوە کووڕ کردبۆوە. هەوساری لەدەستی ئاڵاندبوو، ئەژنۆی لە لاکەلەکەی ئەسپەکە توند کردبوو و بە سەر باریکە ڕێگەکەدا غاری ئەدا. باریکە ڕێیەکی ڕەش؛ بە بریسکانەوەی قایشێکی چەورکراو.

خەیاڵ و غەمی نادعەلی تەنها بە داماوانی ماڵەکەی قەبرکەنەوە خەریک بوو. دۆزینەوەی کیسەیەک ئارد و کاردانەوەی لە سەر ئەوان، هەستێکی خۆشی لەودا بەدی هێنابوو، هەستی سووکەڵەیی و پاکیزەبوون. وەکوو لە کانیاوێکی زەلاڵدا خۆی شۆردبێ. هیوای ئاسوودە بوون و ئوقرەگرتن. هیوای ئارامگرتن. ئاواتی ئەوەی لەوە زیاتر تووشی مۆتەکە نابێ. ئەشکەنجەی لێ دوور ئەکەوێتەوە. نەخۆشی لیێ ئەگەڕێ و ئەگەڕێتەوە بۆ ژیانی پێشووی. خەریک بوو بە خۆی ئەسەلماند وای لێدێ. ئەیویست وابێ و ئوقرە بگرێ:

«با هەراوهۆریاکە بخەوێ، ئەوسا کوڕەگەورەکەی قەبرکەن ئەهێنم بۆ لای خۆم بۆ گەدەگی. بەڵام نەک بەمزووانە! بەڵکوو ئەو ڕۆژەی کە بۆم دەربکەوێ نابێتە مایەی سەرئێشە.»

ئەم خەیاڵە بۆ نادعەلی دەرووی هیوا بوو. ئومێدی ئەوەی بە یارمەتیدانی ماڵی قەبرکەن، گوناحەکانی پاک ببێتەوە. جەوان ببوو بە گیرۆدەی گومان و خەیاڵە خاوەکانی خۆی. بۆیە ئەیویست بە هەر شێوەیەک بووە ڕۆحی خۆی ڕزگار بکات. پەنای بردبوویە بەر تاعەت کردن. نوێژی ئەخوێند. هەموو بەیانیەک،

بەر لە خۆرهەڵاتن. لە خەو هەڵئەساو لە کاتێکدا هەوڵی ئەدا پاکخوورییەکەی خۆی بە خۆی بسەلمێنێتەوە، قۆڵی هەڵئەکرد. دۆڵچەی ئاوی شلەتێن -ئەو ئاوەی ژەهری سەرماکەی شکابێ- لە بیرەکە ئەهێنایە دەرەوە. مەسینەکەی پڕ ئەکرد لە ئاو و بە دەم زکر و دۆعا و سەڵەوات لێدانەوە، لای بیرەکە دائەنیشت. دەستنوێژی ئەگرت و بەرماڵە میراتیەکەی باوکی ڕائەخست و دەستی ئەکرد بە نوێژکردن. پاش نوێژکردنیش چەند دەور تەسبێحە سەد ویەک دەنکەکەی حاجی حسێنی ئەگێڕا و پاشان بە گومانێکی سەلمێنراوەوە کە بەشێک لە گوناحەکانی شۆراوەتەوە، بەرماڵەکەی کۆ ئەکردەوە. لە دۆخێکی ئارام و ملکەچیدا، لە سەر تاقەکە دای ئەنا. لە سەر قاڵیچەکە چۆکی دا ئەدا. چاوەکانی بۆ ماوەیەک ئەبڕییە سووچێک؛ وەک بڵێی لەگەڵ بوونەوەرێکی نەدیوو قسە ئەکات. کێشەر ئەیگرت و حاڵی لێئەهات. تا ئەو ڕادەیەی کە هەستی بە هاتنی دایکی -کە هەندێ جار- سینی بەرچاییەکەی بۆ دا ئەنا، نەئەکرد. یان ئەگەر هەستیشی پێئەکرد، لای لێنەئەکردەوە. دۆخ و دارەتێکی هەبوو کە نەی ئەویست تێکی بدات. ئارامیەکی خەڵوەکێش و گۆشەگیرانە. ئەو جۆرە ساتانە دایکیشی پرکێشی نەئەکرد سەری قسەی لەگەڵ بکاتەوە. کارێکیش ئەگەر هەبوایە -کە هەبوو- ژنە بێدەنگ و خامۆش ئەما هەتا خەڵوەکەی تەواو بێ، پاشان گوتەکانی پێ بڵێ. جووتیار و شوانیش ئەگەر بۆ ڕاوێژ و فەرمان وەرگرتن ئەهاتن، ئەبوایە لە پشت دەرگای دیواخان، یان لە بن تاقی هەیوان، یان لای دەرگای هەمار ڕاوەستن و چاوەڕێ بن، تا نادعەلی خۆی بێتە دەرەوە. ئەوسا ئەوان بچنە پێشەوە و ئەگەر قسەیەکیان هەیە پێی بڵێن و شتێکیان ئەگەر ئەوێ، داوای بکەن . لەم ماوە کەمەدا، نادعەلی ببوو بە مرۆڤێکی داخراو. ئینسانێکی گیرۆدەی خۆی. زۆر بە کەمی لەگەڵ ئەم و ئەودا و ئەگەر پیاسەیەکی بە ناو گوندی چوارگویشلیدا

بکردایەت، جگە بە سڵاوێکی کورت، پەیوەندی لەگەڵ خەڵک نەئەگرت. سەرکز و خامۆش و کەمدوو. بە شتێکەوە خەریک بوو بە دوور لە دەوروبەر و دەوروبەرییەکانی. داخراوی قەرەباڵخی ئاڵۆسکاوی دەروونی خۆی. گیرۆدەی گرێیەک لە گیانیدا. دابڕاو لە دەرەوە و پەیوەستەی دەروون. پەلەقاژە کردنێکی نائومێدانە لە گێژاوی ناخیدا. نیوەشکاو، وەک پیرییەکی زووڕەس. چاوەکانی زیاد لە پێویست جێگەیان بۆ خۆیان کردبۆوە و لە کالانەدا ڕۆ چووبوون. سەرگۆنای مەغوولئاسای -کە شێوەی چووبۆوە سەر ئێسکبەندی دایکی- زیاتر بەرجەستە ببوو و لێوەکانی زیاتر لە هەمیشە لکابوون و قفڵ ببوون. سینەی برێک داچووبوو و ئێسکی شانی دەرپەڕیبوو و خڕکەی شانەکانی زیاتر هەڵتۆقیبوو. گۆشتی ملی داشۆڕابوو و دەمارەکانی بن گوێکانی ڕەپ و کشاو، لاشەویلکەی دەرپەڕیبوو.

پیریی زووڕەس!

جۆرێک پیری کاڵوکرچ و خەمۆکی دەروون، بە سەر لەش و ئێسکبەندی نادعەلیدا باڵی ڕاکیشابوو. بە گەنجێتی، نادعەلی بە نشێوی تەمەندا شۆڕەوە ببوو. تاکوو کەی ڕابێتەوە! ئەتوت قەت بە خەیاڵیدا ڕانەبردووە. ئەتوت پێی وانییە کەوتووە، تا ئارەزووی هەڵسانەوە بە خەیاڵیدا تێپەڕێ. ئەو دارەتەی کە هەیبوو، بۆی ئاسایی بوو و تەنانەت پێشی خۆش بوو. لەم نائارامیەدا، جۆرێک ئارامی ئەدۆزییەوە. دارەتی خۆبە دەستەوە دانێکی دڵخوازو ڕەزامەندییەکی ئارامبەخش. هەستێکی هێور. شتێک وەکوو ڕزگاریی. وەک خۆی دابێتەدەست سروەیەکی نەرم. یان لە ئاوێکی ڕەوان و ئارامدا کەوتبێتە مەلە. بە نوێژو ڕۆژوەکەیەوە، خەڵوەتێکی لە دڵیدا دۆزیبۆوە. خەڵوەتێک لە باوەڕی خۆیدا. کونجێکی خاوێن و بە دوور لە هەرا و هۆریا. پێی وابوو شەپۆلی ئاژاوەی تێپەڕاندووە. ئەیویست تێی پەڕاندبێ. لەوە زیاتر، خرۆشی نەئەویست. دڵی وای ئەویست و حەزی لێبوو بحەسێتەوە. خۆی

لە بەرگێکی پۆپەشمێنەدا بە دڵ بوو. بە پرچی پەرێشانەوە، لە مێرگێکی فراوان و سەوز لە بەستێنی نەرمەبادا. ئەم کێشەرەی زۆر پێخۆش بوو. ڕزگاربوون لە کۆت. ڕەهابوون لە با و بەرامەی دەشتەکاندا. حەزی ئەکرد بیتوانایەت بە سەر ئاودا، بە سەر گۆنای بلوورینی ئاودا پێ دابنێ و بە سەریدا گوزەر بکات. دڵ لەبەری خەیاڵی خۆی. دۆش داماوی دەر و دیواری دەوروبەری. ئەبێ بتوانێ لە سێبەرێک تێپەڕێ. لە بەندێک خۆی ڕزگار بکات. شتێک لە دەروون و دەرەوەی خۆیدا بپچڕێنێ. ئەم زەوی و جووتیار و پەز و شوان و دیوار و ماڵ و کەسوکارە، هەر هەمووی بە پێبەندی خۆی ئەزانێ. ئەوەی هەبوو و پێی گەیشتبوو، زیاتر لەوەی شادی بکات، بێزاری ئەکرد. هەموو ئەو شتانەی دارایی بوون و لەمەوپێش مایەی شانازیی و خۆهەڵکێشانی بوو، ئێستە ببون بە بارێک بە کۆڵیەوە. هەموو ئەوشتانە، کلافەیەکی ئاڵۆسکاو و نامۆ بوون و ئەو، نادعەلی، خۆی تێیایاندا ونکردبوو. چاوەڕوانی خەنجەرێکی دەبان بوو تاکوو بە زەبرێک شەقی بکا و هەڵیدڕێ. پێیەک لە زۆنگ و دەستێک بە باوە. خامۆشی، خامۆش بوون. مەڕی ڕام و لە دووی ڕێچکە. سەر داشۆڕاو. ئارام. بێ جۆش و بێ خرۆش. ئارام. ئارام. نادعەلی ئایە ئەیتوانی ئارام بمێنێ؟

نادعەلی کاتێک سەری لە سەر سینەی هەڵێنا، مانگ مەیدانێکی بەرینی بڕیبوو و ئەچوو تا لە شانی چەپی ئاسمانەوە تل ببێتەوە. بەرزی و نزمیەکانی چوارگویشلی لە تاریک و ڕوونێکی بە خۆفدا ڕۆچوو بوو و توێژی ناسکی بەفر بە سەر گومەزی بانەکان و دیواری ماڵەکاندا ئەو دارەتە خەیاڵاوییەی جوانتر ئەکرد. خامۆشی لەگەڵ شەودا تێکەڵ ببوو و بارستایی دیوار و ماڵ و کەلاوەکان، لە دەروونی شەوی خامۆشەوە خۆیان ئەدا بەچاوا. کێوی یاڵ کورت، لە ئارامیەکی شکۆمەندا، لای شانی چوارگوێشلیەوە ڕاکشابوو. واپێئەچوو قاچەکانی خزاندۆتە بن پێستی قەلاتەوە و بە نیگایەکی قورس بە سەر هەموو لایەکدا

ئەڕوانێ. نیگای نادعەلی لەگەڵ سێبەری ئەسپەکەی ئەهات. هات، هەتا وەستا. وەستا و ئەسپ سمی بە سەر سێبەردا کوتا. پردە ڕووخاو. بن دیواری ماڵەوە. خاکی ئاشنا، گەیشتووە. پێی لە ئاوەزەنگی هەڵگرت و بە ئەسپایی لە سەر عەرز وەستا. دەر و دیوار، ئاسمان و زەوی، ڕووناک و بە ڕەنگی کا. نادعەلی، هەوساری ئەسپەکەی ڕاگرت و لە پشت دەرگای ماڵەوە، دای لە دەرگا. نە دوو جار، تەنها جارێک، لەوە زیاتر پێویست نەبوو. چونکە دایکی، بەچاوی چاوەڕوانەوە لە ناو جێگە دانیشتبوو و بەتەمای بوو. دەنگی پێی نادعەلی، دەنگی هەناسەی ئەسپەکەشی هەست پێئەکرد. بۆنی کوڕەکەی ئەتوانی لە شنە وەربگرێ و بزانێ وا کوڕەکەی هاتۆتەوە. دایک، نەبینراو ئەبینێ. پێشوازیی!

دەرگا بۆ نادعەلی کرایەوە و نادعەلی دایکی بە جلی ڕەشەوە لای چوارچێوەی دەرگاکە بینی. دایک بە نیگای نیگەرانی خۆیەوە نادعەلی بانگێشت ئەکرد بۆ ژوورەوە. جەوان پێی نایە حەوشە، هەوساری ئەسپەکەی دا بە دایکی و خۆی یەکڕاست بۆ هەیوان و بۆ ژوورەکەی چوو و بە بێ ئەوەی پلێتەی لامپاکە هەڵکێشێ، پۆستاڵەکانی داکەند و خۆیدا بە سەر جێگاکەیدا. ئەیزانی دایکی دەرگاکە دائەخات. شەڵتە لە تەرکبەندی ئەسپەکە ئەکاتەوە. ئەسپ ئەبا بۆ گەوڕ. کا و جۆ ئەکاتە ئاخورەکەی و بە پەلە دێت بۆ لای:

ــ چی ئەخۆی بۆت دروست بکەم کوڕم؟

ــ هیچ!

دایک ئەیزانی نادعەلی حەزی لە گفتوگۆنییە. بۆیە، خامۆش لە سەر جێگاکەی خۆی دانیشت و هەوڵیدا دان بە خۆیدا بگرێ و ئارام بێ:

«با کوڕەکەم ئارام بخەوێ. خۆزگە ئەمشەو مۆتەکە نەچێتە سەر سینگی. خۆزگە ددانی لە چیڕەوە نەیەت. خۆزگە لە ناو جێ دەرنەپەڕێ. خۆزگە، وڕێنە نەکا!»

دڵی بەوە خۆش بوو کە نادعەلی شەکەتە و ئەمشەو بە ئاسوودەیی ئەنوێ. بەلام ئەکرا مەگەر، هەواڵی ئەوەی ڕووی دابوو پێی ڕانەگەیەنێ؟ کابرایەکی میوان، هەر ئێستە لە هەمارەکە خەوتبوو. بە ڕۆیشتنی نادعەلی گەیشتبوو و پەیامێکی بۆ هێنابوو. پیاوی حاجی ئاغە ئالاجاقی. بەڵام چون نادعەلی لەوێ نەبوو، شێوی کردبوو و خەوتبوو تا ئەو بێتەوە. ئێستەش دایکی نەی ئەزانی چی بکات؟ هاتنی تەتەرەکەی ئالاجاقی بە کوڕەکەی بڵێ؟ یان لێیبگەڕێ بخەوێ و بەیانی کاتی نوێژ، میوانەکە بنێرێ بۆ لای؟

لە مشتوومڕی وتن و نەوتندا، پرخەی نادعەلی بەرزەوە بوو. خەو، بە شەپۆلێک لەشی ماندووی داپۆشی. دایک بەدڵ ئارامی گرت. هەڵسا، پێخەفێکی دا بە سەر کوڕەکەیدا و چووە سەر جێگەی خۆی. خزایە بن لێفە و سەری خستە سەر سەرین و چاوە وشکەڵاتووەکانی بە تەمای خەو نایە سەریەک.

خەو! بەڵام کات و ساتێک بوو خەوی خۆش لە پیرێژن تۆرابوو. وەکوو پێشتر، ئیتر نەی ئەتوانی بە ئاسوودەیی بخەوێ. خەوی پەرێشان بوو. پچڕ پچڕ. لەپڕ دائەچڵەکا. چاوەکانی هەڵئەگلۆفی. لە سەر جێگەکەی دائەنیشت. سەیری دەوروبەری خۆی ئەکرد. ئەچووە سەر سەری نادعەلی. بە قومێ ئاو دەمی تەڕئەکرد. دۆعایەکی ئەخوێند. ترس و خۆفی لە خۆی ئەتۆراند. سەری ئەنایەوە سەر سەرین. فووی ئەکرد بە دەوری خۆیدا و هەوڵی ئەدا پێڵووەکانی پێکەوە ئاشت بکاتەوە، بەڵام نەئەلوا، ئیتر نەئەکرا. خەو لە چاوی دایک تەرە ببوو و ئەبوا تا ڕۆژ هەڵدێ دەم بژمێرێ.

لەم مەیدانە خامۆشەی ئەوکاتانەی لە ژنە تێئەپەڕێ و ئەو ساتە تێنەپەڕیوو و لینجانەدا چی ئەکێشا، من نازانم! ئەمە جگە لەو، جگە لە خودی ئەو هیچکەس نایزانێ. لە کاتی وادا شەو تەواو بوونی بۆ نییە. ناگاتە بەرەنجام. ئەڵێی ئەکشێتەوە و کۆتایی نییە. شەو ئەبوو بە قیر. خەست و لە سەرخۆ، وەرەز

و لیخن. گەرووی ژنە وشک ئەبوو. سینگی خەفەخانی ئەگرت. هەستی ئەکرد هەناسەی سوار بووە. چارەی نەبوو جگە لەوەی هەڵسێ و دەرگاکە بکاتەوە، سەری بباتە دەرەوە. ڕوخساری بداتە دەس شنە و هەوای پاک و سووک هەڵبمژێ. هەڵسا و چووە دەرەوە. بەڵام بەر لەوەی سەرما هورووژم بباتە ژوورەوە، دەرگاکەی داخستەوە و گەڕایەوە سەر جێگە. خەیاڵی میوان، لێی نەئەگەڕا، تۆ بڵێی ئەم کابرایە چ پەیامێکی لە لایەن حاجی ئالاجاقیەوە هێنابێ؟ کاری ئەو بە نادعەلی چی بێ؟ هیچی لا ڕوون نەبوو. خزایەوە بن لێفە و پانایی سەری نایەوە سەر سەرین و لە کونەروچنەی ژوورەکەوە چاوی بڕییە ئاسمان. پارچەیەکی ئاسمان دیار بوو. چەند ئەستێرەیەک ئەتوت چاوە بڕکێیانە. ئەم پارەیەی، ئاسمان لە هەموو شەو ڕووناکتر بوو. ڕەنگە لە بەر ئەوەی مانگەشەو خۆی دەرخستووە و سپێتی بەفرەکەی لە خۆیدا ئەنواندەوە؟ ڕەنگە! شیری تازەی پەز؛ ڕەنگی ئاسمان بەو جۆرە بوو. زەڵاڵتر. دەم بە دەم زەڵاڵتر ئەبوو. کازیوە، گەشەی کازیوە. ڕۆشنایی کۆتایی شەو. سپێدباڵا. تێکەڵاوی شەو بەرەبەیان. ئاسۆ، ون بوون. شەو، نە شەو و بەیان، نە بەیانی. سپێدپەهنا. مانگ چکە چکە ئەکشێتەوە؛ دەمەوبەیانی وشیار و ئارام، ئارام و بەلەنجە، یاڵی سپی و بڵێندی خۆی لە پەنای کەلیدەرەوە ئەکێشێتە سەر و نیگای زەڵاڵی بە سەر سەرتاپای دەشت و دەوەندا ئەپرژێنێ: پێشەنگی هەتاو. بانگی اللەاکبر.

قووقەی کەڵەشێر و دەنگی زەنگۆڵەی ڕان لە دوورەوە.

بەیانی، لە سووچ و قوژبنی چوارگویشلیدا باوێشکی ئەدا.

نادعەلی سەری هەڵێنا و پێڵووە ماندووەکانی هەڵگلۆفی. بە باوێشکێکی شکاو و ناتەواو، لە ناو جێگە هاتەدەرەوە. چۆخەی دا بە شانیدا و بۆ دەستنوێژ گرتن چووە دەرەوە. دایکی ئەبێ خەو بردبێتیەوە. دەرگاکەی کردەوە و پێی نایە ناو هەیوان. کزەی سەرمای بەیانی، ڕووکەشی شەکەتیی لە ڕوخساری سڕییەوە.

هەوا زەلاڵ بوو. سارد و بڕەڕ. لە ئەسرین ئەچوو. ئاسمان نە لێڵ بوو و نە ڕووناک. نێوانی ئەو دووانە. شەپۆلێکی شینباو، پاش کشاوە لە سەر تێکەڵەیەکی ڕەش و سپی. ڕەوان، بەرەو کاڵبوونەوە. تاریک و ڕوون. نە خۆڵەمێشی بوو، وەک خۆر داچوون و نەلێڵ بوو وەک ناوچەوانی شەو کە خۆی ئەکا بە ناو ڕەشاییدا و ون ئەبێ. نەء! بەیانی بوو. پاک و ناسک. زەلاڵ و لاوێنەر. سەرەتایەک بوو، نەک بەرەنجام. ڕای ئەکێشای. کێشەرێکی هەبوو. بانگی ئەکردی بۆ کارکردن، ئەگەر توانیبێتت شەکەتی پێشوو بە حەسانەوەیەکی شەوانە لە خۆ دوور بکەیتەوە، ڕۆژی لە بەرپێتدا ڕائەخست. خۆر پیرۆزی تۆ! خۆر پێستی وشکەڵاتوو و ڕەقەڵە بەستووی زەوی -کە سەرمای شەوانەی لە بارستایی خۆیدا هەڵمژیبوو- نەرم ئەکرد تا تۆ بتوانی گاکانت چەڵەمە و بەرتەنگە بکەیت. لە ماڵ بیانبەیتە دەرەوە. بچێتە سەر زەوی و نێر و مێ لە هۆجاڕ توند بکەیت و هۆگر بە دەستەوە بگری و پێ لە سەر هێشە، کەڵپەی گاسن لە عەرز بچەقێنێ. خۆر، وشکیی شەوانەی شکاندوە و تۆ ئەتوانی قورسایی خۆت بدەیتە سەر هۆجار و گاسنەکەت تا ئاستی مووژەڵە لە سینەی زەوی ڕۆ بکەی. دەردێکی نایاب. هەتاو لە لاوە تیشک ئەهاوێ و چاوەکانت بە شەوارە ناخات؛ مەگەر تاودانەوەی بەفر. سەرما سازگارە. تیشک و شنە لێک ئالاون و بە سەرتدا ئەبارن؛ کاتێکە با و بەفر و تاو پێکەوە فەراهەم بن، ئەتوانی بەرووبووم بە دڵی خۆت هەڵگریتەوە.

زەوی، گاسن، گا، تۆو و تۆ.

نان و خورمایەکت لە توربێندا هەیە! ئەتوانی خاکەکە بهەژێنی. سەروبنی بکەی و بەرلەوەی ماندوێتی هێواش هێواش دات هێزێنێ، هۆرەیەک بە پانایی دەشتدا بچڕی و بەستەیەکی غەریبانە بڵێت و شانت ئەگەر نیشتە ژان و ئارەقە بە بن شاخی گاکانتدا شۆڕ بوویەوە، ئەتوانی ڕایان بگری. گاسن لە ڕەقێنەی

زەوی دەربکێشی. هۆگر و هۆجارِ جێبهێڵی و بچی بۆ لای توربێنەکەت. نان و خورما و ئاوی زەڵاڵ، نۆشی گیانت. دائەنیشی و سفرە ئەکەیتەوە. خۆر هەیە و تۆ هەیت و نان هەیە و دەشتی بەرین. بەرەگەی ڕوانین ئاواڵەیە و شنە ئەشەنێ. سەیرکردنی خاکی سینگ هەڵدڕاو چێژێکی هەیە. خەیاڵی دوارۆژت لە زەوی خرۆشاودا ئەخەملێ. تۆو ڕژاندن و ماڵەکێشان. پاشانیش خاک بە هیوای بزووتنی لەسەرخۆ و بەردەوامی دانوو لە دڵی خاکدا بەر هەڵدائەکەیت و دڵت لەگەڵ دڵی خاک و دانوودا لێ ئەدات. بیر و هۆشت لەگەڵ چاندنی هەر چڵێک تا چەکەرە کردن، بەرزبوونەوە، ساقەت کێشان، تیشەدان و چاوکردنەوە بۆ هەتاو، لق و پۆپ هاوێشتن، هەڵمژینی تەڕایی زەوی، خواردنەوەی تیشک، بەرگرتن، بەر پێگەیاندن، بەروبووم بەخشین، لەگەڵدایە و ئامادە:

بڵێ با دەس لە پەنای کەنووەکان دەربهێنن، دەستەکانی من بە هێزە!

دادێتەوە. دەست بەرەو زەوی دادێتەوە. دروێنە. داسەکەت لە تەڵی زەرد و وشک نزیک ئەکەیتەوە. بیسمیلا! لێکسوانی ساقەتەکان. داس ئەیدوورێتەوە. تۆ ئەدوورێتەوە. بە داس و لەگەڵ داس، چەند پارچەیەکی ژیانی خۆت ئەدووریتەوە. هەر بۆیەشە کارەکەت ئازیز و بارەکەت ئازیزترە. ئەوسا کێشە. دەسکەوتەکەت ڕاکێش ئەکەی بۆ ناو کەنوو و تەن بەگوزەرانی تەمەن ئەسپێری. مێروولە گیاندارێکی زۆر مەهووار و بە سەبرە.

بەم جۆرەیە بەیانی، بۆ جووتیارێک کە پارچە زەوییەکی هەیە. گاسن و تۆوێکی هەیە. گایەکی هەیە. نان و خورما و خودێکی هەیە. بەڵام وانییە بەیانی بۆ کەسێکە خۆشنشینە و تەنها خودی هەیە. هەروەها بۆ نادعەلیش کە نە خۆشنشینە و نە جووتیارە و نە ئاغایە. ئەو نێوانی هەرسیانیانە. نە نەدارە و نە دارایە و نە -تۆزێکی- هەیە!

نادعەلی لە خۆی زیاتری هەیە. ڕان و زەوی، دوو شەو و ڕۆژ ئاو، دوو سێ جووتیار، شوانێک و خانوویەکی ئابڕوومەندانە. میراتی باوکی؛ حاجی حسێنی چوارگوێشلی. ئەو شتانەی کە لەمەوبەر نادعەلی پێی وابوو باش بەهرەیان لێوەرئەگرێ. لێیان زیاد ئەکات و تەمەنی خۆی لە ناویاندا ئەژی و پەرەیان پێ ئەدات. وادیاربوو زوو ون ببوو. نادعەلی ئێستاکانێ نەی ئەزانی بیر لە چی بکاتەوە. لەوەی کە هەیە، یان لەوەی کە لەدەست چووبوو؟ لەدەست چووەکان! سەوقی. مەدیار. باوک. قەبرکەن و... ئەمانە لە ڕیزی لەدەس چووان بوون. ئەو ڕۆیشتووانەی ڕۆشنترین پارەکانی تەمەنی نادعەلیشیان هەڵپچڕیبوو و لەگەڵ خۆیان بردبوو. ئەوەی بۆی مابوویەوە خوێناوێکی مەییوو و پڕی مشتێک چەق و دەمار بوو. مرۆڤێکی لە پێکەوتوو، ماندوو، داماو، نائومێد، پەرێشان و شپرزە. بێواز و بێ شەوق. گیرۆدەی نەزانینی خۆی، تەرمەکەی خۆی ڕائەکێشا. لە بەر ئەمەش بوو ڕێگەی بەرەو خوای گرتبوویە بەر. لە شتێک ئەگەڕا جیا لە هەموو شت. شتێک تەنها لە بڕوادا؛ لە خەڵوەتی خەیاڵدا. پەنایەک. بە بێ دیداری هیچکەس. تەنانەت نەی ئەویست ڕووی دایکیشی ببینێ. ئەی جووتیارەکانی؟ نەی ئەزانی چیان لەگەڵ بکات. هەروەها لەگەڵ شوانە لاڵەکەشی، تەتۆ؟ لەگەڵ زەوی و کارێزەکەی. لەگەڵ کشتوکاڵ و دەشت و دروێنەی. نەی ئەزانی کارەکانی چۆن بەڕێوە ببات. باشە، ئەبێ هەر بەڕێوەی ببات؟ ئەی ئەگەر بە ڕێوەی نەبات چی؟ چی ئەبێ؟

سەرەڕای هەموو ئەمانەش بەیانی جوان بوو. ڕووت بوو و شەنگ بوو. پێستێکی ناسک و تەرچکی هەبوو. بەجۆرێک کە گینگڵەی دەستی مرۆڤی ئەدا بۆ نەوازشی لەشە تەرچکەکەی. ئەتویست بۆنی بکەی. بەو جۆرەی کە بناگوێی ژنێکی جوان هەڵئەمژی. کێشەرێکی مەستانەی هەبوو. بەرەبەیانی مەست. بۆ لای خۆی ڕای ئەکێشای. بۆ داوێنی. ئەستێرەکانی وردە وردە

کاڵ ئەبوونەوە و ون ئەبوون، پاتەبوونەوەی یارییەکی مناڵانە. ون ئەبوون تا دیسانەوە دەرکەونەوە. ڕەنگی شینی دەمەو بەیان دەوامی نەبوو. ڕەنگێک بوو بە ئاوی سپی ئەشۆرایەوە. دەمێکی دی، هەموو شت ئەکەوتە ناو دەستی ڕووناکیەوە. بزەی ڕۆژ. خۆر هەڵئەهات و بەر لەوەی دەرکەوێ، نادعەلی ئەبوا دەسنوێژ بگرێ. شاقەڵی چۆخەکەی گرت و پێی نایە سەر پلیکانەکانی هەیوان و بەرەو بیرەکە چوو. شەوژەنی جەنجەڕەکەی لادا و دۆڵچەکەی هاوێشتە ناو بیرەکە و بە پڕی هەڵیکێشایەوە.

هەڵمێکی تەنک لە ئاوەکە بەرز ئەبوویەوە. ئاوی کردە مەسینە و لای بیرەکە دانیشت. قۆڵی هەڵکرد، دەستەکانی لە ئانیشکەوە تا نووکی پەنجەکانی و ڕوومەتی و بەرسەری تابن چەناگە و بناگوێکانی شۆرد. هەڵسا و مەسحی کرد. مەسحی سەر و مەسحی پێ. چۆخە لە شانی داماڵرابوو و هەوڵی ئەدا بە بێ ئەوەی دەستی لە چۆخەکەی بکەوێ، بە سەر پشتیەوە ڕابگرێ. پاشان بە کۆمە کۆم خۆی گەیاندە هەیوان و چووە ژوورەوە. دەست و ڕووی بە خاولی خاوێنی دەستچنی دایکی وشکەوە کرد. بەرماڵی داخست و کەوتە نوێژ. هەرچەند ئەیویست زۆر بە شێنەیی نوێژەکەی بکات، بەڵام نوێژی بەیانی لەوە کورتتر بوو بە ئەندازەی قەنینەکێشانێکی پێ بچێ.

السلام علیکم یا ابا عبدالله.

تەواو.

لەشی ماندوو، نادعەلی بۆ خەوتن ڕائەکێشا. بەڵام کا و جۆی بەیانی ئەسپەکە! حیلەی پچڕپچڕی لە سەر ئاخوڕەکەوە ئەبیسرا. نادعەلی هەڵسا. بەرماڵی کۆکردەوە و خستیە سەرتاقەکە. چۆخەی دا بە شانی‌دا و چووە دەرەوە تا بێژنگێ کا و قاپێک جۆ لە هەمار بهێنێ و بیکاتە بەر ئەسپەکە؛ دەرگای هەماری کردەوە و پێی نایە ئەو دیوەوە. تاریکی هێشتاش ناو هەماری ئاخنی بوو. لەگەڵ ئەوەش ئەکرا تارمایی پیاوێک ببینێ

کە لە بن دیوارەکە، لە سەر تێرە گەنمەکان خەوتبوو و لێفە و جاجمێکی دابوو بە خۆیدا. تۆ بڵێی کێ بێ؟

نادعەلی لێی نزیک بوویەوە و دەسبەجێ ناسیەوە. کاکۆڵی درێژ و ڕەش، گۆنا و تەوێڵی دەرپەڕیوو و پێستی ڕەشتاڵە. قەدیری کەلایی خواداد بوو! بەڵام ئەو لێرە چی ئەکات؟ چەندە ئاسوودە لێی خەوتووە! شەکەتی ڕێگە. لە کوێوە هاتبوو؟ قەڵاچیمەن؟ کەی هاتبوو؟ بۆچی؟ ئەی دایکی بۆچی پێی نەوتبوو؟ برسێتی ڕەدووی نابوو یان پەیامێکی بۆ هێنابوو؟ پەیامی کێ؟ لە لایەن کێوە، پەیامی بۆ هێنابێ؟ بابقولی؟ دیارە ئیتر! نەکا هاتبێ بۆ شیرینی خواردنی دەسگیرانیەکەی ئەسڵانی بوندار و کچی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بانگی بکات؟ یان هاتبوو دۆستایەتی یەک شەوەکەی؛ ئەو دۆستایەتیەی لە قەڵاچیمەن، لە هەمارەکەی ماڵی باوکی قەدیر دەستی پێکردبوو، پەیشوێن بگرێ؟ دەستی تەنگ بووە؟ ئا، خۆیەتی. دەستەنگتر! گرێیەکیتر لەکاریدا پەیدا بووە. ئا، گرێیەکیتر کە ئەیەوێ بە دەستی نادعەلی بیکاتەوە؟ نادعەلی هیچی لێ نەئەزانی. ئەمانە هەموو گریمان بوو.

دایکی، بۆچی باسی هاتنی قەدیری بۆ نەکردبوو؟ نەی ئەزانی!

بێژنگی پڕکرد لە کا، سێ لوێچ جۆی کرد بە سەریدا. لە هەمار هاتە دەرەوە و چوو بۆ گەوڕ. ئەسپێکی نا ئاشنا، دوور لەئەسپەکەی نادعەلی لە سەر ئاخوڕەکە بەسترابوویەوە و بە بینینی کابرا ڕووی تێکرد. گوێی قۆڵاخ کرد و مووچی کێشا. بۆنی جۆ و کا. ڕەنگی ئەسپەکە لە تاریکی بن بنمیچە کورتەکەی گەوڕەکەدا دیار نەبوو. بەڵام ئەگەر ئەسپناس بوایەتی ئەتزانی ڕەنگی بۆزە. نادعەلی بۆ لای ئەسپەکەی خۆی چوو. نیوەی کا و جۆکەی کردە بەر ئەسپەکەی خۆی و نیوەی بەر ئەسپی میوان و چووە درەوە تا بێژنگێکیتر کا و جۆ بهێنێ.

«بەڵام قەدیر ئەو ئەسپەی لە کوێ هێناوە؟»

ئەسپەکە وادیاربوو باشی خواردووە و باش خەوتووە. ئەسپە

لاتی بۆرە پیاو نەبوو. ئەسپی ئاغەوات بوو و قەدیر ئاغەی نەبوو تا ئەسپەکەی بدا بە ئەو! بە گوتەی خۆی دوو سێ وشتری هەبووە، ئەویش بابقولی بوندار لە دەستی دەرهێنابوو. قەدیر ببوو بە خۆشنشین. لەمەولا قەدیر دەستی بەهیچ کوێوە بەند نەبوو. ئەی ئەم ئەسپەی لە کوێوە هێناوە، نەئەچووە مێشکەوە؟ لە گەوڕێک یان لە دەوروبەری ڕەوەندێک نەی دزیبێ؟

«دەمێکیتر؛ دەمێکیتر!»

بێژنگەکەی لە سووچی حەوشە هەڵپەسارد بە دیوارەکەدا و چووە ژوورەوە. دایکی هەڵسابوو و خەریکی کۆکردنەوەی جێگە بوو. نادعەلی سڵاوی کرد:

ـ میوانمان هەبوو و تۆ پێت نەوتم! کێیە؟ لە کوێوە هاتووە؟

دایکی ئەیویست بڕوا سەماوەرەکە تێبخا، وتی:

ـ لە لایەن ئالاجاقیەوە هاتووە، کاری بە تۆیە.

ـ بە من؟! ئەو کاری بە من چیە؟ چۆن بووە ئالاجاقی کەوتۆتە بیری ئێمە؟!

نادعەلی وەڵامی وەرنەگرت. دایکی، ئاگری خستە ناو تەنووری سەماوەرەکە و بۆ دەسنوێژ چووە دەرەوە. گەڕایەوە و بەرماڵی ڕاخست. چارشێوی دا بە سەریدا و دەستیکرد بە نوێژ. تا نوێژی دایکی تەواوبوو، نادعەلی خامۆش لە سەر دۆشەکڵەکە دانیشتبوو و سەری داخستبوو. نوێژی مەهسوڵتان کە تەواو بوو، چای دەم کرد و، چووە دەرەوە ئاگر بۆ قورسیەکە ئامادە بکات. تاوێکیتر بە خاکەنازێک پڕ لە پشکۆی چێوە پەمووەوە هاتە ژوورەوە و بە نادعەلی وت:

ـ بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

نادعەلی سەری هەڵێنا و پرسی:

ـ هەڵی ناسێنی؟

مەهسوڵتان وتی:

ـ نوێژخوێن نییە، دوێشەویش نەیخوێند.

نادعەلی وتی:
ــ بەرچایی خۆ ئەخوات؟! برۆ لەپشت دەرگاکەوە بانگی بکە!
مەهسولْتان، سینی نان و قاپی کەرەی دانا بۆ کورەکەی. سەماوەری لای قۆرییەکەوە دامەزراند و ڕۆیشت تەتەرەکەی ئالاجاقی هەڵسێنێ. نادعەلی پیاڵەیەک چای بۆ خۆی تێکرد و قەندانەکەی ڕاکێشا تا دوو کلۆ قەند هەڵبگرێ. دڵی پەنجەکانی بە نەرمی زبری کلۆ قەندەکانی ئەچەشت، خۆیشی سەیری سووچێکی ئەکرد. نەی ئەزانی بیر لە چی ئەکاتەوە. ئەتوت بابەتێکی تایبەت لە خەیاڵیدا نەبوو. پێ ئەچوو مێشکی قەرەباڵخ و پڕ بوو لە خەیالاتی پەرت و پەلا. گرفتاری دۆزینەوەی خۆی لە ناو خۆیدا. چا، تۆزێ ساردبوویەوە. نادعەلی کلۆ قەندەکەی تێڕاکرد و خستیە سەر زمانی. پاشان بە هێورێیەکی پیرانە قەندەکەی مژی و پیاڵە بن ئەستوورە عیشقابادییەکەی برد بۆ لێوی. چا تەواو نەببوو قەدیر هات. دەست و ڕووی بە لۆی کەواکەی وشک کردەوە و بە دەم سلاوکردنەوە هاتە ژوورەوە. نادعەلی شوێنی پیشان دا و وتی دانیشێ. قەدیر پۆستاڵە مل کورتەکەی داکەند. چووە بەرەوە و لای قورسیەکە دانیشت. نادعەلی پێی وت چا بۆ خۆی تێبکا. قەدیر بە پەنجە درێژ و لەڕەکانی دەسکی قۆرییەکەی گرت. چای بۆ خۆی تێکرد و لای سینیەکە لە بەردەم خۆیدا داینا. نادعەلی لە ناوخۆیدا، نان و مسکەکەی خزاند بۆ لای قەدیر و وتی:
ــ شەرم مەکە! بخۆ. بە ماڵی خۆتی بزانە.
قەدیر دەستی بۆ نانەکە برد و پرسیاری کرد:
ــ هێشتاش ناساخی؟
ــ نەء! نا، ئیتر خەریکە چاک ئەبمەوە. چاک بوومەتەوە.
ــ شوکری خوا، شوکری خوا، پێتەوە دیارە.
ــ دەی؟ چۆن بوو ڕێت کەوتە ئەم ناوە؟
قەدیر وتی:
ــ پەندە کۆنەکە! مرۆڤ بە مرۆڤ ناگا... ناء، بابە! چی

ئەڵێم منیش؟ کێو بە کێو ناگات، مرۆڤ بە مرۆڤ ئەگات. خۆم حەزم ئەکرد بێم و کارێکیش هاتە پێشەوە، چ باشتر!

نادعەلی وتی:

ــ هاتنەکەت زۆریش بەجێ بوو. هەرچی بێ ئەبوا ڕۆژێک قەرەبووی ئەو شەوەی لە ماڵتان بووین، بکەمەوە! بەڵام، ئەبێ کارەکەت چی بێ؟ خێرە، ئیشەڵڵا. بەڵام نەکا داوام لێ بکەی لە لای خاڵۆم بوندار، لایەنیت بگرم. چونکە دڵ و دەماخی ئەو کارانەم نییە. بەڵام ئەگەر داوای شتێک لە خۆم بکەیت و بۆم هەڵسووڕێ، درێخی ناکەم.

قەدیر وتی:

ــ نەء! هیچکامیان نییە. کاری من و بابقولی بوندار، ئیتر لە لایەنگیری تێپەڕیوە. ئەوەی کە داوای شتێکیش لە تۆ بکەم، خەیاڵت ئاسوودە بێ. من تا ئێستە دەستم بۆ کەس درێژ نەکردووە. مەگەر چی ببێ. پەیامێکم بۆ هێناوی.

ــ لە لایەن کێوە؟

نادعەلی دەسبەجێ ئەمەی پرسی و قەدیریش بە بێ ئەوەی دوور و درێژی بکاتەوە، وتی:

ــ لە ئاغەی گەورەوە! ئالاجاقی.

ــ ئەو چ کارێکی بە من هەیە؟

ــ نازانم! بە گومانی من، لەگەڵ خوالێخۆشبوو حاجی حسێن وردە حەسابێکیان پێکەوە هەبووە و ئەیەوێ ساخی کاتەوە. ئەمەش من لە خۆمەوە ئەڵێم. ڕاستیەکەی خوا ئەیزانێ!

نادعەلی تاوێک ڕاماو پاشان وتی:

ــ پێم وانییە.

قەدیر، ئیتر هیچی نەوت و خەریکی خواردن بوو. نادعەلی نیگای لە دەست و دەمی قەدیر دزییەوە. گوناحە پارووی میوان بژمێری. مەهسولتان هاتەوە ژوورەوە و وتی:

ــ کوێخا هاتووە، بۆ گومەزی گەرماوەکە.

ــ بڵێ بابێتە ژوورەوە.

پێش پێ گوتن، کوێخا خۆی هاتە ژوورەوە، کورت و تێکسمراو و تەمن ناونجی، سڵاوی کرد و لای دەرگاکە وەستا:

ــ سەبارەت بە داروخانی تاقی گەرماوەکە هاتووم، نادعەلی خان. خەڵکی ناتوانن یارمەتی بکەن. دەستیان تەنگە. ئێوە چی؟ یارمەتیەک ئەکەن؟ گەرماوچیەکەش هاتووە و لە دەرەوە چاوەڕوانە. پاش نیوەڕۆش ڕەوزەیە. ئەمانەوێ دیسانەوە بۆڵەبۆڵێک بکەین بەڵکوو دەستیان بچێ بە گیرفانیاندا! هەر کەسە و بە پێی توانای ئەبێ شتێک بدات، بە یەک و دووان جێبەجێ نابێ.

نادعەلی ئیسکانی چاکەی بۆ لای خوارەوەی سینیەکە خزاند و وتی:

ــ چاکەت بخۆ، بۆ بە سەر پێوە ڕاوەستاوی؟ غەریبی ئەکەی؟

کوێخا هاتە پێشەوە، لای پاچکەی خوارەوەی قورسیەکە لە سەر ئەژنۆ دانیشت. پیاڵەی چاکەی بە پەنجە کورت و ئەستوورەکانی هەڵگرت و لێوە شەقار بەستوەکانی بە زمان تەڕکرد. وا دیار بوو ئەیەوێ قسەیەک بکات. بەڵام قسەی نەئەویست، بۆیە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی وەڵامەکەی نادعەلی کرد.

ــ من... ناتوانم بێم بۆ ڕەوزە. چونکە لە سەر ڕۆیشتنم. سەبارەت بە بانی گەرماوەکەش بڵێ غەمی نەبێ ئەو غەوارەیە. چەندەتان بۆ کۆکرایەوە، کۆی بکەنەوە؛ ئەوی تریش من ئەیدەم. لە پای من، خۆت هەر ئەمڕۆ بڕۆ وەستا و کرێکار بگرە و بڵێ دایپۆشن. لەبری پارە، گەنم و جۆ ئەدەم من. خۆ ئەبێ؟

کوێخا پیاڵە و ژێرپیاڵەکەی دانایەوە سەر سینیەکە. هەڵسایە سەر پێ و دۆعای کرد:

ــ بڕۆم زووتر ئەو ڕەبەنە دڵخۆش بکەم! شەوی جەژن ئەگەر گەرماوەکەی خراپ بێ، لە سەر خەرمان کەس هیچی ناداتێ.

نادعەلی شادمان لە بەخشندەیی خۆی، ڕۆیشتنی کوێخای

سەیر کرد و بزەیەک لە سەر لێوی، نیونیگایەکی میوانەکەی کرد. قەدیریش وشیارانە نیگاکەی ئەربابی گرت و سەرێکی ستایش ئامێزی لەقاند.

ــ تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە قەدیرخان؟ ئەبوا نینۆک وشکی بکەم؟

ــ نەخێر قوربان! دەستی پیاو بەخشندەیە. بەرژەوەندی کاری خۆتان ئەزانن.

نادعەلی لێوەکانی خڕکرد و وتی:

ــ ماڵی دنیا ئیتر لە لام نرخی نییە، قەدیر! هیچ نرخێکی نییە، قەبری باوکی ماڵی دنیا! خۆم بکەم بە یەخسیری کە چی؟ کە قەرانێک بکەم بە دوان؟ دوو قەران بکەم بە چوار؟ نەء! چاو و دڵم لەم شتانە نییە. لە سەرەتاوە بۆچی، هەبوو؛ بەڵام ئێستا، نا. نازانم چۆن بووە؟ حەز ئەکەم خۆم تالان بکەم. بۆ چی؟ لە بەر چی؟ هەر چیم هەیە لێی بێزارم! بۆ؟ نازانم؟

قەدیر بە زمانێکی زیرەکانە، بە هێوری وتی:

ــ زۆر سەیرە ئەرباب! هیچت نەچووەتەوە سەر خاڵۆت. بە پێچەوانەی تۆ، تا حەز بکەی ئەو ماڵی دنیای خۆش ئەوێ! نەک هەر چاو و دڵی لێیەتی، چاو دڵی لێشی تێر نابێ. هەتا بڵێی چاوبرسییە.

نادعەلی وتی:

ــ هەر بۆیەشە زۆر نێوانم لەگەڵی نییە، ڕەوشتی جوامێرانە نییە.

مەهسوڵتان، هاتەوە ژوورەوە و هاتنی تەتۆی شوانی ڕاگەیاند:

ــ دوو کەلاکیشی لەگەڵ خۆی هێناوە.

لێوەکانی دایکی ئەفرِی. ترس لەبنی چاوەکانیدا ئەبریسکایەوە. ئەتوت شتێک لە گلێنەی چاوەکانیدا لێ ئەدا.

نادعەلی یەک پێ ڕابوو:

ــ ئێستە لە کوێیە؟

ــ لای دیوارەکە. کەلاکەکانی خستووە و خۆشی بە سەریانەوە وەستاوە.

ــ مەڕن یان بزن؟

ــ مەڕ.

چۆخەی دابە شانیدا، نادعەلی چووە دەرەوە، تەتۆ، شوانی لاڵەپەتی حاجی حسێن لای دیوارەکە، بە سەر سەری کەلاکەکانەوە وەستابوو. نادعەلی، بە بێ قسە، چووە سەر سەری مەڕەکان. چۆکی دادا و بۆ ناسینەوەیان چنگی لە کاکۆکی هەر دووکیان گرت. سەرە بڕاوەکەیانی بەرزکردەوە و سەیری کردن. سەرەکانی دانایەوە، هەڵسا و بە تووڕەییەوە، ڕوو لە سەگە بریندارەکەی تەتۆ کە هەر لەوێ ڕاکشابوو، قاچی کوتا بە عەرزدا؛ سەگە لە ترسی نادعەلی کلکی برد بۆ ناوگەڵی و بۆی دەرچوو. نادعەلی، پشت لە تەتۆ، چەند هەنگاو ڕۆیشت؛ لای کۆڵەکەی بەر هەیوان وەستا و بە تووەڕەییەکی شاراوە وتی:

ــ هەر ئەم دوانە؟!

شوانەی لاڵ، بە بێ ئەوەی -لەترس یان لە شەرمدا- سەری هەڵێنێ، وتی:

ــ بـ... بـ... بـ... بە... ڵـ... ێ...

ــ چەقۆت پێگەیاندن؟

چەقۆی پێ گەیاندبوون. بە زمانی پچڕپچڕ و بە ئەماژەی دەست و پەنجە تێیگەیاند کە گورگەکان چوار دانە بوون. ڕان بەرەوژوور هەڵگەڕاوە. گورگەکان خافڵگیرانە داویانە بە سەر ڕاندا. سەگەکە تەنها بووە. کەوتۆتە ناویان. کێشە دەستی پێکردووە. تەتۆ و هەڤاڵەکەشی لبادیان لە دەستی چەپیانەوە ئاڵاندووە و پەلاماری گورگەکانیان داوە. زۆری پێ نەچووبوو گورگەکان هەڵاتبوون. ڕاونرابوون. بەڵام گەرووی دوو مەڕیان هەڵدڕیبوو. دابوویان بە سەر پشتیاندا و بردبوویان. بەڵام تەتۆ و سەگەکە کەوتبوونە دوایان و مەڕەکانیان لە ناو کەڵپەیان دەرهێنابوو و

هەر لەوێ، دوور لە ڕانەکە، سەریان بڕیبوون و حەڵاڵیان کردبوون. دەمەوبەیان، تەتۆ، هەڤاڵەکەی لای ڕانەکە دانابوو. کەلاکەکانی دابوو بە سەر کەرەکەیدا بەرەو چوارگوێشلی و ئەوا لێرە بوو: ماندوو، داهێزراو، بێ خەو، قەڵس، وەڕەز و بێزار. چەقۆت لێ بدایە خوێنی لێ نەئەهات. لە هەمان کاتدا شەرماوی و دڵمردوو. ڕووی نەبوو سەیری ناوچاوانی ئەربابەکەی بکات. گوناحێکی مەزن، ئەتوت لەو قەوماوە و خەفەتی ئەوەی چۆن ئەو گوناحەی خۆی بشواتەوە. چۆن لە گیروگازی دەرباز ببێ؟

بەرەو مەسینەی ئاوەکە چوو.

نادعەلی، کە لە سەر لێواری هەیوانەکە دانیشتبوو، شوانەکەی لە سەر جێگەی خۆی وشککرد:

ـ لەم سەرمایەدا مەگەر بەشەو پەز لەدەرەوەی چەپەر ڕائەگرن؟

ـ نـ... نـ... ا... ئـ... ئـ... ئەر... باب! لـ... لـ... لـ! مم هـ... هـ... هـ... وایە بـ... بـ... بـ... ەرد ئـ... ئـ... ئەیبەسێ!

ـ ئەی چی؟ ئەی چۆن؟ گورگ دای لە چەپەر؟!

ـ نـ... نـ... نا!

ـ ئەی چی؟!

تەتۆ وتی خەریک بوون ڕانەکەیان سەرئەخست بۆ چەپەر. ئەو لە شانی چەپی ڕانەکە بووە، هەڤاڵەکەی لای ڕاست. سەگەکەش لە پێشیانەوە ڕۆیشتووە؛ بەڵام گورگەکان لە پشتەوە داویانە بە سەر ڕانەکەدا.

چاوەکانی شوان ئەتووت بە جارێ بووە بە نیگا و نیگاش ئەتوت لە کالانەی چاوەکانیاوە ئەڕژایە دەرەوە. سەرڕێژ. قاپی سرکە. لێو و گۆنای بە ئاشکرا ئەفڕین. پێڵووەکانی نەئەوەستایەوە. سێوکەی بن گەرووی سەر و خواری بوو. جاڕس و هەوڵ و شێواو. نەی ئەزانی چی بکات. لە سەر پێی خۆی بەند نەبوو. کڕی و گازڵ لەوێ کەوتبوون. قورساییان لە سەر دڵی تەتۆ بار بوو. قورساییان لە سەردڵی نادعەلیش بار

بوو. نەی ئەزانی چی بکات؟ نەی ئەزانی چۆن ڕێگەیەک بۆ بوغزەکەی بکاتەوە. نەی ئەتوانی بیربکاتەوە. هەربۆیەش بوو کە خووی خۆڕسک لە سەر جێ ڕایپەڕاند و وەکوو پڵنگ بۆ شوانەکەی چوو. دوو زللەی شێتانەی لە ڕوخسارە زل و زبرەکەی تەتۆ دا؛ ڕاست و چەپ. ژەهری خۆی ڕژاندبوو. گەڕایەوە، تفێکی لە عەرزەکە کرد و بەرەو دەرگای ماڵەوە چوو. بەڵام لەپڕ ڕاوەستا. چاوی بڕییە چاوی قەدیر! لە بن هەیوان قەدیر وەستابوو و سەیری ئەکرد.

ــ ئەبینی چیم بە سەر ئەهێنن؟ ژن حیزانە!

قەدیر، هەروا بێدەنگ بوو. نادعەلی لە هێڵی نێوان قەدیر و تەتۆدا خۆی بە هەڵواسراو هاتە بەرچاو. بەدژواریی ئاوڕی لە شوانەکەی دایەوە. تەتۆ، پیاوی بەخۆ و کارا، پشتی بە دیوارەکەوە دانیشتبوو. ڕوومەتی لە ناو دەستە زلەکانیدا شاردبوویەوە و ئەگریا. ڕەنگە نە لە بەر ئێشی زللەکە و سووک بوونی خۆی، بەڵکوو لە غەمی مردنی پەزەکانیدا ئەگریا.

مەهسوڵتان، دایکی نادعەلی لە کوڕەکەی نزیک بوویەوە. لۆی چۆخەکەی گرت کە لە سەر شانی نادعەلی داکەوتبوو، دایەوە بە شانیدا و قۆڵیگرت بەڵکوو بیباتە ژوورەوە.

بەڵام نادعەلی ڕق ئەستوورتر لە خۆی نەویی، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و وتی:

ــ ئەڕۆین!

پۆشتەوپەرداخ، لە چاوتروکانێکدا، نادعەلی هاتەوە دەرەوە و بەرەو گەوڕ چوو، ئەسپەکەی زینکرد و بە دایکی وت:

ــ ئەڕۆم!

قەدیر، زینی کردبوو و ئامادەبوو.

نادعەلی، هەڵوەستەیەکی کرد و سەیرێکی شوانەکەی کرد، تەتۆ هەڵسا، هات و سینە بە سینەی نادعەلی وەستا. گوایە ئەیویست شتێک بڵێ. بەڵام زمانی نەئەگەڕا. نادعەلی چاوی بڕییە چاوە تەڕەکانی شوانەکە و وتی:

ــ چیت ئەوێ؟!

تەتۆ بە زۆر لەرزینی لێوەکانی ڕاگرت و بە نادعەلی وت ئەوە یەکەم جارە لە هەموو تەمەنی خۆیدا، تەتۆ، مەڕ بە گورگ ئەدات!

ــ بـ... بـ... بـ... بەس، ئـ... ئـ... ئـ... ئەر... بـ... بـ... باب!

نادعەلی نەی ئەزانی چی بکات؟ بە شوانەکەی بڵێ چی؟ دەستی هێنا بە یاڵی ئەسپە سپیەکەیدا و وتی:

ــ شەکەکە بکە بە دوو لەتەوە. لەتێکی ببە بۆ ژن و مناڵەکانت. تۆیش دایە لەتەکەی تری بکە بە قاورمە بۆ خۆمان. ئەوی کەشیان، بدەن... بیبەخشنەوە لە ناو خەڵکدا. دوای نیوەڕۆ لە مزگەوت ڕەوزە هەیە. بڕۆین!

تەتۆدەرگاکەی بۆنادعەلی کردەوە.نادعەلی وقەدیر،ئەسپەکانیان بردە دەرەوە. دایکی چووە کۆڵان تا سوار بوون و ڕۆیشتنی کوڕەکەی سەیر بکات. سەیری کرد. ڕۆیشتن. مەهسوڵتان زەرکێک ئاوی کرد بە دوایاندا و لە بەر خۆیەوە نزای بۆ خوێند. نادعەلی و هاوسەفەرەکەی دوور کەوتنەوە. لە چاو ون بوون.

مەهسوڵتان گەڕایەوە بۆماڵەوە. لەتەکانی دەرگاکەی هێنایەوە یەک و دایخست. تەتۆ، بە سەر سەری مەڕەکانەوە دانیشتبوو. مەهسوڵتان سەیری شوانەکەی کرد. لە بن نیگای ژنەکەی حاجی حسێندا، تەتۆ هەڵسا؛ دەرفەتی خواست. کێردی لە کالانە دەرهێنا، سەری شۆڕەوە بووی مەڕەکەی گرت، بە سەر خاک و خۆڵی حەوشەدا ڕایکێشا بۆ لای بیرەکە، داینا و شاقەلی کەواکەی کرد بەلادا:

ــ ڕاوەستە با قاپێک ئاو بکەم بە دەستتدا.

**بەندی دووەم**

درەوشانەوەی خۆر، لە سەر سینەی سپی بەفر.

نەرمە تیریژ، تاودراوە، تیژ و ڕووناک وەرئەگەڕێ و لە ئاوێنەی چاوەکاندا تێک ئەشکێ. چاوەکان لە شکانەوەی تیشک لە خۆیدا، ماندوو ئەبێ؛ پێڵوەکان بە نهێنی دێنەوە سەریەک. نیگا لە سەر خۆر ئەتۆرێ و لە شینیایی یەکرەنگی ئاسماندا ڕەها ئەبێ. خۆی لائەدا و تێکەڵبوونی، بەفر و هەتاو جێئەهێڵێ: لێیانگەڕێ پێکەوە بن. با یەک بچێژن. پیرۆزی یەک بن.

خۆری کۆتایی زستان.

بن گوێی ئەسپەکان ئارەقەیان کردبوو. پشت برۆ و لاجانگی قەدیریش نیشتبوویە ئارەقە و هەناسە بڕکێی بوو. خاویان کردەوە. نادعەلی سەرنجێکی تەوساوی قەدیریدا. بزەی توانج لە نیگایدا. چەند ناشیانە ئەسپ داژوێ!

قەدیر وتی:

ـ دەمێکە بوو سواری ئەسپ نەببووم. لەو کاتەوە ماینەکەی باوکم لە دەستمان دەرچوو!

نادعەلی وتی:

ـ پێم وابێ ناوبانگیم بیستبوو.

ـ ئا بەڵێ. پەسنی هەبوو. پێستی وەکوو هەورێشم گەش بوو. خەنەییەکپارچە.تەمەنێکسەفەریپێکردبوو.ڕەنگەسێسەدجارزیاتر

بەو مایندە خەنەییە کاروانی کردبوو و گەڕابوویەوە. ئەچوون بۆ یەزد و کرمان و ئەم دواییانەش زیاتر هاتوچۆی عیشقابادی ڕووسیەیان ئەکرد. لە باجگیرانەوە ئەڕۆیشتن. باوکم کاروانسالار بوو. جارێکیان منیشی برد. زۆر بچووک بووم. کەوڵپۆسێکی تێوە پێچابووم و خستبوومیە گیرفانی شەڵتەیەکەوە و لە سەر باری وشتر دایبەستبووم. وەکوو مەلۆتکە. بەفر کەم بوو ئەو ساڵە. بەڵام هەوا ساردبوو. هێشتاش لە بیرمە عیشقاباد وەکوو شارێکی گەورە هاتە بەرچاوم. تا ئەو ڕۆژە جگە لە قەڵاچیمەن، شوێنی ترم نەدیبوو. بەیانی زوو گەیشتینە کاروانسەرایەک. باوکم وتی کاروان یخ دن. یخیان دا. خۆیشی هەوساری ماینەکەی بە ئاخۆڕەکەوە بەست و منی لە شەڵتەکە دەرهێنا. دەستی گرتم و چووین بۆ ماڵی ئاشناکەمان. وشترەوانەکان بە بار و وشترەکان ڕائەگەیشتن. ئاشنای باوکم پیاوێک بوو لەگەڵ ژنەکەی، لە کۆڵانێکی تەنگەبەر، لە گەڕەکێکی دێرین دا ئەژیان. ئێستەش بیچم و شێوازی ماڵەکەیانم لە بیرە. بردمیان بۆ لای ئاگردانەکە. بەشێک لە دیوارەکەیان هەڵکۆڵیبوو و ئاگریان تیاکردبۆوە. ئێمە کە چووینە ژوورەوە، هۆدەکە پڕ بوو لە دووکەڵ. وا دیار بوو ژن و شوو تازە لەخەو هەڵساون. پاشان زانیم کە ئەوان لە کوردەکانی وڵاتی خۆمان بوون کە چووبوون بۆ ئەوێ و دامەزرابوون. لە کوردەکانی لای باجگیران. ئەوەندەی من لەوێ بووم بۆم دەرنەکەوت کار و پیشەیان چیە. بەڵام پاشان کە گەڕامەوە بۆ خاکی خۆمان عەباسجان پێی وتم کار و کاسبی ئەو ژن و پیاوە چیە. خۆ وتم! کوریژگەیەک بووم. پاشتر زانیم کە ئەوان قاچاخفرۆش بوون. هەم کاری تریاکیان ئەکرد، هەمیش کاڵای ئینگلیزی ناو ئێرانیان ئەکڕی. ئەیانبرد بۆ ڕووسیا و لەوێ، بە نرخی چوارجارەکی ئەیانفرۆشت بە دەڵاڵە تورکەکان. ئەوانیش دەساو دەس ڕەتیان ئەکرد بۆ هەماری بازرگانەکان. دیار بوو هەم لە ئێران ئاشنایان هەیە و هەم لە ڕووسیا، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتم. باوکیشم دەستی بە سووچیکی کارەکەوە بەند بوو! هەرچی چۆن بێ، بێنە و بەرەیەکیان هەبوو. بەڵام حەیف!

ــ چی حەیف؟ نەکا ئەتەوێ بڵێی ڕووسەکان هەر دووکیان سەربڕین!

ــ سەریان ببڕیایەتن بۆیان باشتر بوو.

ــ چیان بە سەر هات؟ حەیف چی؟!

قەدیر کە ئەبوایەت بە چەم و خەمی سەربردەکەی، جێی خۆی لە دڵی نادعەلیدا بکاتەوە، وتی:

ــ بۆت ئەگێڕمەوە. پیران وتوویانە: بەسەرهات و گفتوگۆ، ڕێ کورت ئەکاتەوە. سەریشت ئەهێنمە ئێش، بەڵام چی بکەین ئیتر؟ هەرچی بێ کاوێژی مرۆڤ قسەکردنە... بەڵێ، کابرای ڕەبەن ناوی عیماد بوو. عیماد خان. باوکم هەر کات ئەچوو بۆ ماڵی عیماد خان، باشترین خواردن و شەراب و چاکترین تریاکیان بۆ ئامادە ئەکرد. جێی گەرم و نەرمیان بۆ ڕائەخست. ژنەکەی عیماد خان وەک پەپوولە بە دەوری باوکمدا ئەسووڕا. بە ڕاستی کە باوکمی بە برای خۆی دائەنا. لەو سەفەرەدا زۆر میهرەبانی بە منیش کرد. بەردەوام ئاگای لێم بوو ون نەبم. نەکەومە بن دەست و پێی ئەسپ. نەبم بە ژێر داشقە و فایتوونەوە. ڕێکەوتی ڕۆژگار، منداڵیشیان نەبوو. ژنەکەی عیماد خان وەکوو شتێ منداڵی نەئەبوو. بەڕاست و بە گاڵتە بە باوکمیان ئەوت قەدیر دابنێ بۆ ئێمە با لێرە ـعیشقابادـ گەورەی بکەین. ئامادە بوون نیوەی داراییەکەشیان بکەن بە ناوی منەوە! بەڵام ئەو سەردەمە بار و ڕۆژی مە خۆ ئاوا نەبوو. باوکم بیست و حەوت وشتری بارکیشی هەبوو. هۆدەیەک پڕ لە قاڵیچەی تورکمەنی و دەفر و ئامانی وەرشەو و چینی و بلوورمان هەبوو. ناز و ڕێژەن لە دەر و دیواری ماڵەکەمان ئەباری. جووتە برا، وەکوو ئەوە وابوو بە سەر هەوردا ئەڕۆین بە ڕێدا. بن پێڵاوەکانمان خۆڵاوی نەئەبوو. بەڵام لەپڕ، ئەتوت ئاگر بەربووە ماڵمان. من هەر نەمزانی چی ڕوویدا! مڵە دای لە ژیانمان. هەتیوێک، بێوەژنێک، نەفرینی کردین و ئاهی ساردی ئەوان داروونەداری تیا بردین. ئەو وشترەی کە بەهای

نیوەڕۆژێک ئاو بوو، لەپڕ نرخی نەما. وشترەوانی باوی نەما. ئەو سەردەمە، کەس ژنی بە جووتیار نەئەدا، بەڵام لەبری منەتی کاروانچییان هەڵئەگرت. هەرچەندە ئەیانزانی وشترەوان ئەچێ بۆ سەفەری دووروودرێژ و شەش مانگ بە شەش مانگ ڕواڵەتی ژن و منالی نابینێ. بەڵام دیسانەوەش خوازیاری هەبوو. کچان حەزیان ئەکرد ببن بە ژنی کاروانسالار. چونکە ئەیانزانی کاروانسالار بە دەستی پڕەوە لە گەشت ئەگەڕێتەوە.

نرخی وشتر کە دابەزی، قنی وشترەوانیش کەوتە سەر عەرز. لەو ڕۆژە بە دواوە ژنان ئەیانویست ببن بە ژنی پیاوێک کە پێمەڕەی لە بەر ئاو بێ. واتە جووتیار. لە بەر ئەوەی لە ناو خەڵکی نەداردا، جووتێری شتێک بوو بۆ خۆی، بایی و برەوی هەبوو. بەشی جووتیار لە ئاو و زەوی ئاغا، چەند کەمیش بوو، بەڵام لە هیچ باشتر بوو. هەر نەبوایە نانەسکێی لە خەرمانی ئاغا بەر ئەکەوت. بۆیە جووتیار لە هیچ باشتر بوو. تای تەرازووی جووتیار، لە بەرامبەر ئەو وشترەوانانەی ڕۆژ بە ڕۆژ بێکار ئەبوون، قورستر ئەبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر بوو. نرخی ئاو و زەوی چووە سەرەوە و جووتیار بایەخی پەیداکرد. نرخی وشتر و کاری وشتر دابەزی و وشترەوان، پڕووزەی با بردی. ئەو وشترەوانانەی چاویان کراوە بوو، وشترەکانیان گۆڕییەوە بە ئاو و زەوی. واتە وشترەکانیان فرۆشت، یان پەرواریان کردن و ناردیان بۆ کوشتارگە و بە پارەکەی ئاو و زەوییان کڕی و ئەگەر نەشبوون بە ئاغا، لانی کەم نیمچە ئاغایەکیان لێدەرچوو. بەڵام ئەم باوکەی من!... خوا لە سەر زەوی هەڵیگرێ، هەردوو پێی‌کرد بە پێڵاوێک‌دا و بە لای وشترەکانیەوە مایەوە و مایەوە، تاکوو وشتر یەکە یەکە لە دەستی دەر چوون. بوون بە دووکەڵ و چوون بە حەوادا. وەک بڵێی هەر نەبووبن! ئێستەش ئەوا خۆی ماوە و ئەو نەگبەتیەی داوێنی گرتووە. پاشتر، بینیم سەروسەکۆتی لۆری لە ڕێ و بانان دەرکەوت.

سەریشتم هێنایە ئێش! بەڵام دەی تەمەنیی گەشت

کورتە. خەریکم ڕێگەکە کورت ئەکەمەوە. هەرچی هەبوو، ئاوای لێهات کە ئەیبینی! نازانم! نازانم دوور کەوتمەوە. لە بابەتەکە دوور کەوتمەوە. خەریک بووم باسی ئاشناکانی باوکم ئەکرد. ئەو ڕەبەنانە سووتان و بوون بە قەقنەس. ئەیانگێڕایەوە، پاش ئەوەی بۆلشەڤیەکان لە ڕووسیە هاتنە سەرکار، چی قاچاخفرۆش و باجبگیر و دز و لات و لووت لە کۆڵانەکانی عیشقابادا هەبوون، کۆیان کردنەوە و ناردنیانن بۆ زیندان و بۆ کارگەکان. هەر کەس توانی لە دەستیان ڕابکات و لە سنوور بپەڕێتەوە، ڕزگاری بوو و ئەوانیش کە نەیانتوانی و چارەیان نەبوو چوونە بن کۆتی کارکردن و چیان بە مفتە و خۆڕایی خواردبوو، هێنایانەوە! لەم گێرە و کێشەیەدا، ئاشناکەی ئێمە، عیماد خانیش ئەگرن و حەپسی ئەکەن. پاش ئەوەی عیماد خان زیندان کرا، ژنەکەی لە وڵاتی بێگانە سەرگەردان ئەبێ. ئەوەم نەوت کە عیماد خان چەند وشتریشی هەبوو. پاش ئەوەی حەپس بۆ عیماد خان ئەبڕنەوە، ژنەکەی بانگ ئەکات بۆ زیندان و پێی ئەڵێ:

«وشتر و خشڵ و کەلوپەلە گرانباییەکان هەڵگرە و لەگەڵ خواداد بچۆ بۆ ئێران و لەوێ بژی تا منیش حەپسەکەم تەواو بکەم و بێمەوە بە دواتدا و ژیانمان لە سەرڕا دەسپێبکەینەوە.»

ئێستە کە بیری لێئەکەمەوە، ئەبینم وشترەکانی عیماد خانیش لەگەڵ وشترەکانی ئێمە کاروانیان ئەکرد. باوکم و عیماد خان، ئاڵوگۆڕی بازرگانیان پێکەوە هەبوو. بەرەنجام... ژنەکەی عیماد خان بە قسەی پیاوەکەی ئەکا و لەگەڵ باوکی من بەرەو ئێران ئەکەوێتە ڕێ. حەوت وشتر، پانزدە سیر زێڕی نایاب، دەمانچەیەک، سێ دەس ئافتاولانی وەرشەوی نیکۆڵا، دوو کاتژمێری زێڕ، چوار قالیچەی تورکمەنی، دوانزە تاک بازن و ملوانکەیەکی گۆبەرۆکی زێڕ ئەداتە دەست باوکم و لە گەڵی ئەکەوێتە ڕێ. لە سەر سنوور پێشیان پێ ناگرن، چونکە باوکم تاریفەی بارەکانی هەبوو. کە ئەگەنە مەشهەد لە کاروانسەرایەک

بار ئەخەن. ژنەکەی عیماد خان لە سەر حەوزی کاروانسەراکە دەسنوێژ ئەگرێ و ئەیەوێ بچێ بۆ زیارەت. ئەچێ بۆ لای باوکم و داوای پارەی فایتوونی لێئەکا. جا تۆ پێت وایە باوکی من چی بە ژنەکەی عیماد خان ئەڵێ؟

ــ چی پێ ئەڵێ؟!

ــ لەبەر چاوی هەموو وشترەوانەکان بە ژنەکەی عیماد خان ئەڵێ: من تۆ ناناسم!

ــ چی؟!

ــ ئەڵێ: من تۆ ناناسم! هەر ئەوەندە.

ــ ژنەی قوڕبەسەر! دەی ژنە چی ئەکات؟

ــ ئەڵێن لەپڕ چاوەکانی ئەبڵەق ئەبێ، زمانی لە گۆ ئەکەوێ، لە کاروانسەرا ئەچێتە دەرەوە و ئەڕوا بۆ ئیمام ڕەزا؟!

ــ پاشان، پاشان چی؟!

ــ پاشان هیچ! لە گەشتەکانی پاشتردا، وشترەوانەکان بینیویانە لە کۆڵانی سیاوەن، لە یەکێک لە شیرەخانەکاندا، نێرگەلە دائەگیرێنێ.

ــ ژنەی بێچارە! تف! باوکت چی؟ لە گەرووی چووە خوارەوە؟

ــ تا دوا شایی! پشتی بە زێڕەکان گەرم بوو -ڕەنگە- تا کاتێک کە کەوتە بیری ئاو و زەوییەوە!

ــ کافر! کافر لەگەڵ کافر واناکات؟!

ــ کافر لەگەڵ کافر نازانم. بەڵام بینیم موسڵمان ئەو کارەی لەگەڵ موسڵمان کرد!

ــ زیندووە هێشتاش، نا؟

ــ زیندووە و زیندوو نییە!

ــ هەه! ئەی تۆچی؟ هێشتاش!

ــ خۆت بینیت، هێشتاش لەگەڵی ئەژیم. لەگەڵ باوکم. دەنگی قرووسکانەوەیت نەئەبیست ئەو شەوە؟ ڕەنگە بێدەنگ ببوو!

قەدیر نەئەبوا لەوە زیاتر ئەو بابەتە درێژە پێبدات. پەردە دڕاندن بەسە. نەئەبوایە نەشتەری زمان، لەوە زیاتر، لە برینە کێماوییەکەی خۆی وەردا. بۆگەنی لێ بەرز ئەبوویەوە. ئەو نەک هەر سۆزی بەرامبەر بە باوکی نەبوو، بگرە لێشی بێزار بوو. سەرەڕای ئەوەش نەئەبوا بەو جۆرە سووک و چرووکی بکات. نەک هاوبەستەیی، بەڵکوو ناوی هاوبەستەیی ڕێگەی نەئەدا کە قەدیر لەوە زیاتر باوکی و خۆی لە باوکی‌دا سووک بکات. ئەگەر خۆشی بیکوشتایەت، نەئەبوا بیدا بە دەس بکوژەوە.

قەدیر، ئەوەشی ئەزانی ژنەکەی عیماد خان هێشتاش لە مەشهەدە. ئەشی زانی ئیتر نێرگەلە چاخ ناکات، ئەوکارە ناکات. لە بەر بارەگای ئیمام ڕەزا دائەنیشێ. لە بن شەقامی خوارەوە. عەباسجان، هەموو سەفەرێک ئەوی بینیووە. هێشتاش ئەیبینێ. هاتووچۆی لەگەڵی هەیە. هەر ئەویش دەستی عەباسجانی خستبوویە ناو خەنەوە و تووشی کردبوو. ئاشی پارەکانی عەباسجانیش ژنەکەی عیماد خانە. تا عەباسجان ئاو و ڕەنگێکی هەبوو، ئەو سیغەی بۆ ئەدۆزییەوە. ئێستەش هەر ئەو پارە لە عەباسجان وەرئەگرێ و تریاک و شیرەی بۆ دەس ئەخات. شەوانەش، عەباسجان لە هۆدەکەی ئەو ئەمێنێتەوە. پارەی گورگە دزییەکانی عەباسجان، کە زیاتر لە باوکی ئەدزی، ئەچووە بن سەرینی ژنەکەی عیماد خانەوە. ژنی عیماد خان بۆ عەباسجان دایکێنی ئەکات. دایکێنی کردووە. ئەم عەباسجانە خۆ سەرەتا بەو جۆرە نەبوو. جەوانیەکی هەبوو. تەنانەت ناو و ناوبانگێکی هەبوو. لە هەندێ لە گەڕەکەکانی مەشهەددا بەناوی عەباس عیشقابادی ئەیانناسی. ژنی عیماد خانیشیان لە تەنیشت ناوی عەباسجانەوە ئەناسی. لە ڕێگەی ژنی عیماد خانەوە عەباسیان ئەدۆزییەوە. ئەگەر کەسێک-ناکەسێک دوو لۆتی تریاکی و سەماکەرێکی تازەکاری دەسکەوتایە، ئەبوایە ژنەکەی عیماد خان ببینێ و ئەو عەباسجان ئاگادار بکات. ئەوەندەی ژنی عیماد

خان، عەباسجانی بانگ ئەکرد، قڕەش دەستی پێئەکرد. چونکە عەباسجان دەسبەجێ بەرەو قەڵاچیمەن ئەبوویەوە و ئەچوو بۆ ماڵەوە و یەخەی کەلایی خوادادی ئەگرت تا پارەی لێ بسێنێ. پارەش ئەگەر نەبوایە، یەک دوو پارچە قاپ و قاچاخی ماڵەوەی ئەدزی وەکوو: دوو بایەی چینی، ئەفتاولانی وەرشەو، زەنگۆڵە و شاڵی وشتر، تەنانەت قالیچەیەک. کەلایی خواداد، ئەیقرووسکاند و نەفرینی ئەکرد؛ بەڵام گریان و شیوەنی پیرەمێرد، ڕێگەی بە عەباسجان نەئەگرت، عەباسجان تینووی هەڵلووشینی ژیان و پارە خەرجکردن بوو و لەم بوارەدا ڕێزی هیچ کەس و شتێکی ڕانەئەگرت. چی لە سەر ڕێیدا بوایەت ئەیشکاند. قەدیر؛ ئەو کە تازە ڕیش و سمێڵی دەرهێنابوو، ویستی لە بەرامبەر عەباسجاندا بوەستێ؛ بەڵام عەباسجان ئەو ڕۆژانە قوڵەچۆماخ بوو، قوڵەچۆماختر لە قەدیر.

عەباسجان ئەو ڕۆژانە وا نەبوو. ئەم ڕۆژانە، وای لێهاتووە.

ڕووخانی عەباسجان، لە سەردەمی کەڵەگابوونیەوە تا تەپینی خۆی چەندەها چیرۆکی هەیە.

بەڵام قەدیر، کورتی کردەوە. نەی ئەویست لەوە زیاتر خۆی بدا بەدەست نادعەلیەوە. ئەبوا بە نادعەلی پیشان بدات کە هێشتاکوونێ بۆ ڕەمز و ڕازی خێزانەکەیان ڕێزێکی لەلا ماوە. دڵی مرۆڤ، خۆ نابێ دەروازەی کاروانسەرا بێ! سەرقاپی دڵ، با نراوە بێ. ئەو یەک دەربیجەیەی بۆ نادعەلی کردبۆوە بەس بوو. ڕێگەی پێ کورت کردبۆوە. بۆیە سەری قسەی گواستەوە بۆ هێڵێکی تر:

ـ بەڵام نازانم ئەم ئاغەی گەورە، پاش ئەو هەموو ئەرکەی بە خوتووخۆڕایی داویە بە ئەستۆی مندا، ئاخرەکەی کارێکی خێرم بۆ ئەکات، یان دیسانەوەش ئەیخاتە پشت گوێ!

نادعەلی وتی:

ـ ڕەنگە ئەتەوێ ببی بە زاوا، ئەرێ؟

ـ نەء. ئەو خەیاڵەم لەسەردا نییە. ئەمەوێ خۆم لە ئیجباری

ڕزگار بکەم، مەبەستم ئەمەوێ ئاغەی گەورە ئەو کارەم بۆ بکات.

ــ بەڵێ، کە وا بوو بەو هەوایە بەملا و ئەولادا ئەترەتێنیێ؟

ــ بەو هەوایەش نەبێ، خۆ ناتوانم گوێ لە قسەی نەگرم. هەرچی بێ ئالاجاقیە، خۆ گەڵا چەوەندەر نییە. دوو مەڵبەند وا لە ژێر دەسەڵاتی‌دا. حەزم ئەکرد ئەو کاتەی دێ بۆ قەڵاچیمەن، لەوێ بی و ببینی خاڵۆگیانت، بابقولی بوندار چۆن دەستە و سینە لە بەردەمی دا ئەوەستێ و کڕنۆشی بۆ ئەبا! ئەڵێی ئەمیر قاینی دیوە!

نادعەلی ڕووی لە هاوڕێکەی کرد و بە وردبینیەکەوە، کە بۆ قەدیر تازەبوو، پرسی:

ــ ئێستە ئەوا خەریکین ئەڕۆین، ڕاستەکەم پێبڵێ ئاغەی گەورە بۆچی تەتەری بە شوێن مندا ناردووە؟ ها؟ پیاو و پیاوانە بڵێ! تۆ چۆنی ئەبینی؟

قەدیر وتی:

ــ خۆت چۆنی لێک ئەدیتەوە؟

ــ من لە تۆ ئەپرسم!

قەدیر وتی:

ــ ئێستا کە لە ڕووی هەڤاڵەتی داوام لێئەکەی، شتێکم بە مێشکا دێ، خۆمانە پێتی ئەڵێم!

ــ بڵێ بزانم

قەدیر، پێستی ناوچەوان و برۆکانی خڕکردەوە، پێڵووەکانی هێنایە یەک و وتی:

ــ سەیر بکە برام! ئەو ئاو و داراییەی هەتە دەستی پێوە بگرە! گوێم لێ ڕائەگری؟ سامان و ڕاوەنت ڕابگرە. ئاگات لە مەڕ و ماڵاتەکەشت هەبێ. ئەم خولە وەکوو ئەوە وایە مرۆڤ لە بیابانێکی پڕ لە بەفردا ئەڕوا بەڕێدا. خۆی ڕەنگە نەزانێ؛ بەڵام گورگەکان چاویان تێبڕیووە و خۆیان لێ مەڵاس داوە، بۆ ئەوەی بزانن کەی دەست و پێی دائەهێزێ و بە چۆکا دێت. ئەو

چاوانە بۆ ساتێکیش لە مرۆڤ خافڵ نین. هەر ئەوەندەی بینیان هەنگاوەکانت تۆزێ ئەلەقن و کرێوە گێژی کردووی، هێواش هێواش دەرئەکەون و دەورت ئەگرن. کاتێکە دەوریان دای، ئیتر کار تەواوە. بۆیە، مرۆڤ ئەبێ زۆر وریا بێ. لە هەمان سەرەتاوە. نابێ بهێڵی قاچەکانت بکەونە لەرزین. ئەژنۆت ئەگەر لەق بوو، کارت تەواوە. ئەژنۆت بلەقێ، وا بزانە لە پێ کەوتوویت. لە پێ ئەکەوی. کارت تەواو ئەبێ. ئێمەیان بەو جۆرە جاوی و گۆشتیان لە ئێسقانمان جیا کردەوە. پارچە، پارچە! بۆ چی! لە بەر ئەوەی ئەژنۆمان لەقی. چونکا بە چۆکدا هاتین. ئارام ئارام، جەزرەبەکوژیان کردین. ئێستەش کە من خەریکم بەڕێدا ئەڕۆم، سوارە یان پیادە، گۆشت بە لەشمەوە نییە، پێست و ئیسقانم! ڕاستەکەت ئەوێ ئەم چۆخەیەیش هی خۆم نییە. قەرزم کردووە. کێ بیری لەوە ئەکردەوە کە قەدیری کوڕی کەلایی خواداد، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئائەوای بە سەر بێت؟! ئەم کارەی من بۆ ئالاجاقی ئەکەم، گەدەگیە! خۆشم ئەزانم، کوڕی کەلایی خواداد خەریکە گەدەگی ئەکات! پێت وایە لەبری چی بە من ئەدا؟ خاڵۆت کە سەرکار و هەمە کارەی ئاغەی گەورە بێ، ئەگەر زۆر هیممەت بکات قاپێک ئاوگۆشت ئەخاتە بەرم، کە بە شەرم و ترێقیەوە ورگە خاون مردووەکەم تێر بکەم! ناوبانگی ئەوەش هەیە کە ڕۆژێک ڕۆژگارێک باوکی من نیو مەن زێڕی نایابی، لە بن پۆستاڵەکانیدا داشاردووە و لە سنووری ڕووسیە هێناویەتی بەم دیودا، بەڵام ئێستە چی؟ من چی؟ وەکوو چۆلەکەی باڵشکاو خەریکم خۆم ئەدەم بەم دیوار و ئەو دیواردا!

نادعەلی وتی:

ـ بەکورتیەکەی ئەڵێی کە نەهێڵم دەورەم بدەن، وایە؟

ـ من ئەمەم نەوت! نەء! چونکە یەکەم دیار نییە ئەوان ئەیانەوێ دەوری تۆ بگرن! ئاخر خۆ تۆ بێگانە نیت. لە خۆیانی. بابقولی بوندار خاڵۆی تۆیە. دووەمەکەشی، من خۆ نەموت حاجی

ئالاجاقی لە بۆسەی تۆدایە و چاوی تێبڕیویت بە چۆکدا بێیت. نەء! نامەوێ ئەو تۆمەتە بدرێتە پاڵ من. نەء! قوڕ ئەکەن بە سەرمدا. من برایانە هەندێ شتم پێوتی.

ــ زۆر لە ئاغەی گەورە ئەترسی؟

قەدیر، بە منجەمنج وتی:

ــ ڕاستەکەت ئەوێ وەکوو مرۆڤی نەخۆشم لێهاتووە. لە هەموو شتێک سڵ ئەکەمەوە. وەکوو بزنم لێهاتووە. لە هەموو ڕەشاییەک ئەسڵەمێمەوە. ترس هەڵم ئەگرێ. وائەزانم هەموو خۆیان لە من حەشارداوە. هیچم بە دەستەوە نییە. کەچی ئەترسم. لە خۆم ئەترسم، لە گیانم ئەترسم. بووم بە پەڕەی کا. لە با ئەترسم. نازانم. نازانم ئایە ئیتر هیچم ماوە لە دەستی بدەم؟ چیم هەیە؟ ئەگەر نیمە، ئیتر چ مەرگمە؟ نازانم. بە زۆر خۆم ڕائەگرم. دەستم بە هیچەوە بەند نییە. ڕەنگە لەوە ئەترسم، متمانەی ئەوەم پێ نەکەن، ئەم ئەسپەشم بدەنێ کە پەیامێکی خۆیان بۆ تۆ بهێنم!

نادعەلی وتی:

ــ دڵت ئارام بێ! من لەم بابەتەوە هیچ بەوان ناڵێم. بەڵام هەڤاڵ، وا پێ ئەچێ کابرایەکی دنیا دیدە و ساردوگەرم چەشتووی. تێگەیشتووتر لە تەمەنی خۆتی! سەربردەت لە لایە. بۆمی بڵێ. چی ئەزانی بۆم بڵێ. ڕێگە درێژە. باشە لە کام ڕێگەوە ئەڕۆین؟ شۆراو یان قەڵاتی تورک؟

قەدیر وتی:

ــ لە دەرووی ئوللەرەوە ئەڕۆین. نێوقەدبڕ. ڕێگەکە ئەکەین بە دوو کوتەوە. ئەگەر لە شۆراوەوە بڕۆین، ناچارین شاڕێی مەشهەد تا هیممەتئاوای نەیشاپوور ببڕین و لەوێ لە هیممەتئاواوە بای بدەینەوە بەرەو شۆراو و لە ڕێگەی دەربەندەوە باژوین. ئێرە، هەرچەند لاڕێیە، بەڵام لە نیوەش کورتترە. جارێ با بگەینە سوڵتانئاوا.

ـ خۆ سوڵتانئاوا زۆری نەماوە!
ـ نەء، زۆر نییە. مەیدانە غارێک ئەگەر ببێ.
ـ کەوایە با غار دەین. لەوێ ئەتوانین پشوویەکیش بدەین و خۆمان بتەکێنین.
ـ زۆر چاکە! لە چاخانەکەی مەتی سەکینەش دوو چای گەرم ئەخۆین. مەقەڵیەکەشی ڕەنگە گەرم بێ.
گوێ قوتەکانی دوو ئەسپەکە، مەتی سەکینە لە ناو چاخانەکەیەوە تێبینی کرد.
سوارەکان دابەزین، دەسکەوساری ئەسپەکانیان کرد بە لقەوە. لە سەکۆکە سەرکەوتن و چوونە ناو چاخانەکە. پەڵەیەک هەتاو لە دەرگاکەوە کەوتبوویە ناوەوە و بەر دەرگای چاخانەکەی ڕۆشن کردبۆوە. ناکات بوو. بۆیە چاخانەکەش چۆڵ بوو. مەتی سەکینە، سەرپۆشێکی چڵکنی بە سەرەوە بوو و سووخمەیەکی کۆنی بە سەر کراسە درێژەکەیدا لە بەر کردبوو و شاڵی پانی لە دەورملی ئاڵاندبوو. ژنێکی لە تەمەنی ناوەنجی بە سەرەوە و کوورتە باڵا. نووکی برژانگەکانی بە هاڵاوی گەرما هەڵچزابوو. ڕەگەی سپی لە ناو قژی سەریدا. بە ئارامی سەری خوارکرد، پیاوەکانی هەڵسەنگاند. سەری دانەواندەوە و کەوتە خۆشکردنی ئاگری مەنگەڵی سەر دەزگاکە. قەدیری ئەناسی. بۆیەش، لە کاتی چاک و چۆنی، بزەیەک کەوتە سەر لێوی. پیاوەکان لە سەر قەرەوێڵەی بن دیوارەکە دانیشتن و مەتی سەکینە، قۆرییەک چا و دوو ئیسکانی شۆراو و قەندانێکی خاوێنی، خستە سەر سینیەک و بۆی بردن. قەدیر دەستی دایە قۆرییەکە و بە گاڵتە و تەشەر، هەواڵی مەتی سەکینەی پرسی:
ـ دەنگوباسی تازە چیە؟ شوێن پێی دزەکانی هەماری حاجی مرادیان دۆزییەوە ئاخرەکەی یان ناء؟
مەتی سەکینە، بە بێ وەڵامدانەوەی قەدیر، پرسی:
ـ لەسەر ڕێتان لە عەوڵاگیو تێپەڕین یان نا؟

ـ نەچووینە ناو دێ، بە لایدا تێپەڕین. بۆچی؟

ـ هەروا. بیستم لەوێ کوڕە شوانێک، سەری کچی ئاغاکەی بڕیوە و لە بن خاک شاردوویەتەوە. ویستم بزانم گرتوویانە یان ناء؟

نادعەلی وتی:

ـ تازە ئەی بیسم!

مەتی سەکینە وتی:

ـ رووداوی سێ ڕۆژ لەمەوبەرە.

قەدیر پرسی:

ـ بۆچی وای کردووە؟

ـ ئەوەی نازانم. دەنگۆ هەیە لە دەور و بەری لێڕی شۆراویش دوو جەندرمە ون بوون، نازانم سەریان بڕیوون یان خنکاندوویانن. بەڵام ئەڵێن بە ئەسپەکانیانەوە بێ سەر و شوێن بوون. خوا ئەیزانێ! ڕەنگیشە لە ناو بیابان و بەفرەکەدا، دڕندە هەڵیدڕیون. ئەڵێن لای تاغی ون بوون.

ـ بەمزووانە؟

ـ ئەوەندە نییە. دوێشەو دوو چێوار لێرە خەوتبوون. ئەوان گێڕایانەوە. گورگەدزیش خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە ئەسێنێ. گەنە دزەکان هەل بە خەڵکی نادەن بە شەو بە ڕێگەکاندا هاتووچۆ بکەن. بگرە! تۆ خۆ ئەکێشی؟

قەدیر، سەبیلەکەی لە مەتی سەکینە وەرگرت و پێشکەشی نادعەلی کرد.

نادعەلی وتی:

ـ چایتر بهێنە بۆ قەدیر.

مەتی سەکینە چای بۆ قەدیر هێنا و وتی:

ـ ئەگەر ئەتانەوێ قاوڵتی بکەن، بڕۆم گۆشتی تازە بهێنم؟

قەدیر ڕووی کردە نادعەلی و وتی:

ـ تۆ ئەڵێی چی ئەرباب؟ بەرچاییەکی تێرمان لە ماڵی ئێوە

خوارد. پێشم وابێ زۆرمان نەماوە؟ بۆ نیوەڕۆ ئەگەینە قەڵاچیمەن. جگە لەوە ئاغای گەورە وتی بۆ نیوەڕۆ ئەمێنێتەوە تا ئێمە بگەین. جا تۆ چۆنت پێ باش بێ!

نادعەلی وتی:

ـ ئەڕۆین. هێشتا ماویەتی بۆ نیوەڕۆ. تۆ ئەگەر برسیتە شتێک بخۆ.

قەدیر وتی:

ـ من نا، برسیەکی وا نیم. بەڵام خراپ نییە دوو نان لەگەڵ خۆمان هەڵگرین. گەشتی بێ تۆشەبەرە لە ناشارەزاییە. بێنە مەتی، یەک دوو نانمان بۆ بهێنە، زۆر وشک نەبێ.

مەتی سەکینە نانی هێنا. پیاوەکان هەڵسان، پارەی چا و نان. نادعەلی چووە دەرەوە، قەدیر، تۆزێک وەستا و چووە بن گوێی مەتی سەکینە و بە چپە پێی وت:

ـ بۆ شەو خواردنێک سازبکە! ڕەنگە گەڕاینەوە. ئارەقیش هەبێ. لەو دەرەگەزییانەی داتشاردوون!

نادعەلی پێی لە ئاوەزەنگیکرد و قەدیریش لە سەر سەکۆکەوە خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکە و لە نیگای مەتی سەکینەدا کەوتنە سەر شەقامە ڕێکە.

دەشتی نەیشاپوور. دەشتی کراوە، هەراو. دەشتی بەفر گرتوو. سینەی جوانی کۆتر: لە شیوی کەلیدەرەوە دێ، باوەش ئەکاتەوە، بەرین ئەبێ؛ بۆ پێشەوە، بۆ دامێنی تاغانکێو ئەخزێ و لەوێ، وەک دەریایەک بەستێن ئەگرێ. کەناری بە دەشتی کەویرەوە.

دەشتی نەیشاپوور، دەشتی دێرین. دەشتی هەزار کارێز. بەخشندە. دەشتی دلاوەرانی لە خوێن گەوزاو، بە کۆنە برینی خەنجەر بە لاقەبەرغەیانەوە. سمکوت، حیلەی ئەسپی بەڵەک و کورت و یاڵپژێن لەتۆز و خۆڵیدا دەنگ ئەداتەوە. خاکی بە سم کوتراو. دەشتی بێداد، دەشتی دەروازەکانی هێرش.

مەزراکانت لە خوێن گەوزاون؛
قەڵاکانت، خانووەکانت، باخەکانت لە خوێن هەڵژەنراون!
مەمکی دایکانەت چۆن وشک بوون، ئەی دەشت؟
تۆ ئەتتوانی، ئەم مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتە، بە نان و تریت، تێر بکەی.
مەمکەکانت چۆن وشک بوون؟
بێستانت بوو بە دڕکەزێ.
چاوی کارێزت کوێر بوون. گڕت تێبەربوو؛ تۆ سووتاوی ئەی دەشت!
دووکەڵ لە لەشت بەرزبوویەوە. ئازاری ئێسکەکانت ئەبیسم.
قریشکەی ئەسپ، خرۆشی پیاو، شیوەنی ڕۆڵە؛
دووکەڵ لە ئەندامت تەنوورە ئەکێشێ.
چاوەکانت ئەناڵێنن.
چاوەکانت لە ترسانا داچەقاوە.
فوارەی خوێن لە ددانەکانتەوە فیشقە ئەکا.
ئەسپێکی ڕەش، لە دووکەڵێکی خەست و سووردا ڕەمیوە؛
بێزین و بێ لەغاو، یاڵی لە دووکەڵدا ئەتوێتەوە.
حیلەی سکاڵا!
خاک ئەناڵێ، خوێن لە کارێز هەڵئەقوڵێ.
چەم و جۆگەت، خوێن و دەنگی بانگی پیا ئەڕوا.
ڕەزەکانت شەراب نادەن.
نەزۆک؛ ئەی دەشتی نەیشاپوور.
لە چاوەکانت دڕک ڕوواوە.
بە دڕک و بە خەنجەر و خوێن داپۆشراوی.
بە گیا و گوڵ و گەنم، بڕازێیتەوە ئەی دەشت!
دەستەکانم، بۆ لای تۆ ڕادێراون!
خاک و گاسن و گیا.
ڕان، چەندە بەدڵ ئەلەوەڕێ!

هەتاو!

هەتاو خۆی شۆردوە و سینەی ناوە بە سینەی بەفرەوە. دڵ ئەگەر خۆش بوایەت، جوانیەکەی دوو هێندە بوو. ڕەنگی نایابی هەتاو -ئەو ڕەنگەی هەر ساتە و لە ڕەنگێکە، کە ناتوانرێ قەتیس بکرێ و لە دارەتێکدا ڕابگیرێ، چونکە زۆر زیرەکانە خۆ ئەدزێتەوە- ئەم دارەتە ڕەمۆکە تێپەڕە ڕەسەنە، خزابوویە بن پێستی بەفر؛ ئاوێتەی ببوو؛ بەو جۆرەی کە خوێن ئەزێتە گۆنای سپی دڵبەری شەرمن و دڵی ئەویندار سات لەگەڵ سات گۆڕانی بەردەوامی هەست پێ ئەکات.

ڕەنگ، ڕەنگ! نیگات ئەدزێ. نیگای تۆ لە ناختەوە هەڵئەقوڵێ. چی چاکەیە، ئەیەوێ بیخواتەوە. نۆشی گیانی جووتێران.

بەڵام کوا دڵی خۆش؟

پیاوان سەربەخۆ ئەسپیان داژووت و جوانییان نە بە چاوی وریا، بەڵکوو بە خوو ئەچەشت. جوانی خۆی لێیان ئەنیشت.

ڕێیان لارکردەوە. لە دەرزیوەر تا سینەی تاغانکێو ئەبوا بە لاڕێدا بڕۆن. پاشان؛ شۆڕ ئەبوونەوە بۆ ناو دۆڵ. پێچ و خەمی دۆڵەکەیان ئەبڕی تا بگەنە دەربەندی ئوللەر. پەڕینەوە لە دەربەند. قامیشەلان پیاوەکان ئەشارێتەوە. نزار. پاشان شێوی بەرەو قیبلە و تاوێکیتر قەڵاچیمەن.

قەڵاچیمەن، گورگی خەوتوو لە ناو بەفردا. دەستەکانی لە بەر قەپۆزیدا ڕاکێشاوە، سەری ناوەتە سەرچۆک و پشتی کووڕ کردووە، لە پەنای ملەی غولامۆ، لە سەر سینەی سەنکەلیدەر، جێی خۆشکردووە؛ بەرزاییەکانی لە بەرگێکی بەفریندا داپۆشراوە و شان و ملی، دیوارە قوڕینەکانی، بەرەنگی زەوی بە دەرەوەبوو. لای ملەی غولامۆ، بەهارە چەمێک بەبن دیواری باخچە و تەڕەکاڵەکاندا تێ ئەپەڕێ. لای سەرەوەی قەڵات، دەروازە شکاوی کاروانسەراکە بوو. ئەبوا بە پێچی ملەی گردەکەدا سەرکەوی. سەرئەکەوی. ئینجا ئاوی ڕەوان لە بەر پێت بوو. فرمێسکی چاو.

بەڵام زەڵاڵ. بە تەوژم بە بەر دەروازەی کاروانسەرادا تێئەپەڕی، سەری ئەکرد بە ناو کۆڵاندا، بە بەر ماڵی بابقولی بونداردا غاری ئەکرد، بن دیواری گەرماوەکەی دائەشۆرد، باڵی ئەدا لە باڵی مراوییەکان، لە قەپۆزی گردەکەوە شۆڕ ئەبوویەوە، سەر بەرەوژێر و خوارتر، زۆر خوارتر تەوقەی لەگەڵ مێرگ ئەکرد و بە زەوییەکاندا ڕۆ ئەچوو.

ڕێژەنی خاک!

چەند پێ سەرەوەتر، لای سەرەوەی کۆڵانەکە، کارێزێکیش چاوی بۆ قەڵاچیمەن ئەکردەوە و لەگەڵ ئاوی کێوەکە تێکەڵ ئەبوو. لە سەرەوە بۆ خواری جۆگەکە، ڕێزێک شەقەبی ئەیخستە ژێر باڵ. کورتترین شەقەبێ، لە دیوارەکەی بەرامبەری، باڵابەرزتر بوو. لە ناو جۆگەکە، لە بەر دەرگای ماڵی بابقولی بوندار، تاک و تەرایەک مراوی بە سەر سینەی ئاوەکەدا ئەڕۆیشتن. لە بەر دەرگای ماڵی سەیدی تەلەفوونچیەوە لای ئەدا بە لای چەپدا، مەیدانەکەی بەر گەرماو، ئەوسا مزگەوت. بەرامبەر مزگەوت، دیوارە بەرز و ئەستوورەکەی کۆنەقەڵات بوو. قەڵا کۆنەکە، دەروازەی نزم، دالانی تاریک و درێژ، بەرەو ماڵێ هێلانە ئاسای تێکەڵ، ڕێگای مالی ماهدەروێش.

لە دەرەوەی قەڵاچیمەن، لای دیوارە شکاوی کاروانسەرا، جیبی جەندەرمەکان، لووتی نابوو بە دیوارەکەوە و وەستابوو.

لە چاوەکانی نادعەلیدا، پرسیارێک خولەی ئەهات:

«داوە؟»

قەدیر، سەیرێکی بێ ئاگای لەقاند. ئەسپەکان، لە پێچی هەورازەکە بە لای دیواری باخچەکەی بابقولی بونداردا سەرکەوتن. کۆڵان. ئاو، لە شەقاری بەفرەکەدا ئەخزا، قل قلی ئەکرد و ئەڕۆیشت. بن دیوارەکان هێشتاش پڕ بوو لە بەفر. ڕیزە بی، بێ گەڵا و بار بە خامۆشی وەستابوون و مراویەکانی بوندار سینەیان لە ئاوە زەڵاڵەکە ئەسوو.

دەرگای ماڵی بابقولی بوندار ئاوەڵە بوو. پەڵەیەکی گەورەی خوێن بەفری بەر دەرگاکەی ڕەنگاندبوو. نیشانەی ئەوەی لە بەر دەرگا مەڕێک کراوە بە سەرگەرد. هەموو ڕێبوارێک ئەوەی ئەزانی. بەڵام لێرەدا، تەنها قەدیر ئەوەی ئەزانی کە بۆچی پەز لە بەر دەرگا سەربڕاوە. لە بەر دەرگا و نە لە ناو حەوشە و لای بیرەکە! بابقولی بوندار لە بەر پێی ئەرباب ئالاجاقی و بەرپرسی جەندەرمە مەڕی کردبوو بە قوربانی.

دابەزین.

ئەسلان، کوڕی بابقولی، قۆڵ هەڵکردوو و، بە دەست و پەنجەی خوێناوییەوە، هاتە دەرەوە. لەغاوی ئەسپەکەی نادعەلی گرت و ماندوو نەبینی لێکرد. نادعەلی و بە دوایدا قەدیر، چوونە حەوشە. لە ژوورەوە هەراو و هۆریایەک بوو. لای سەرتەنوور سێپایەیەکیان دامەزراندبوو و مەڕی قوربانیان پیا هەڵواسیبوو. ئێسکبەندی مەڕەکە ئەیوت پەروار بووە. پێستی مەڕەکەی بدیایەت، قەدیر ئەیتوانی بیناسێتەوە، کام یەک لە پەروارەکانی زستانەی بابقولی بوندار بووە.

چێشتخانە پڕبوو لە دووکەڵ. لە ناو چێشتخانە جەندەرمەیەک لە سەر تاوە دانیشتبوو و خەریکی خواردنی جەرگ و دڵی مەڕ بوو. ماهدەروێش لای کوانووەکە دانیشتبوو و کۆڵەوەژی لە ئاگری بن قازانەکە ڕائەژەند. لای مەنجەڵی گۆشتەکەوە، پڵاو نرابوویە سەر. ماهدەروێش، مجمعەیەکی پڕ لە پشکۆی لە سەر مەنجەڵەکە دانابوو تا پڵاوەکە جوانتر دەم بکێشێ. چاوەکانی مادەروێش بەدووکەڵ سوور ببوو و سەرەڕای کزەی سەرما، ناوچەوانی لە بن مێزەرە سەوزە چڵکنەکەیدا ئارەقەی کردبوو و ئاو بە لووتیا شۆڕەوە ببوو. ئاشپەزەکە، جارجارە تەڕایی سمێڵە باریکەکەی بە لۆی شاڵە سەوزەکەی وشک ئەکردەوە و بە لووشەیەک لووتی هەڵئەلووشی، یان لە پەنای قازانەکاندا دای ئەلووشی. جەندەرمەی جەوان، کە پێئەچوو شۆفێری

بەرپرس بێ، گۆنای گەش و برۆی پەیوەست بوو. جەندەرمە، بە ئیشتیای جەوانی، پاروو لە دووی پاروو ئەیخستە دەمی و -جووراو و نەجووراو- قووتی ئەدا. لە خورد و خۆرە بێ ئەمانەکەی‌دا، پەنجە و لێو و دەم و سمێڵە قەیتانیەکانی چەور ببوون و ورگی بەرزەوە ببوو. هەناسەی ڕاست کردەوە. قوڵفەی قایشەکەی ترازاند. بە قرڕقێنە لێدان پەنجەی کرد بەدەمی‌دا، بن پووکەکانی ڕادا و پرسی:

ـ ئەوانە کێ‌بوون هاتن سەید؟

ماهدەروێش سەرێکی کێشا و وتی:

ـ یەکیان میوانە، یەکیشیان هی ئێرەیە. قەدیری کەلایی خواداد.

قەدیر، لە شانی نادعەلی‌یەوە، لای پلیکانەکانی داڵان وەستابوو. بابقولی بوندار، لە بانیجەوە هات بۆ پێشوازی خوشکەزاکەی. چاک و چۆنی. بوندار، باڵی چۆخەکەی نادعەلی گرت و بە قەدیری گوت:

ـ دیارە ڕیخۆڵەکانت لە برسێتی‌دا یەکدی ئەخۆن؟ بڕۆ، بڕۆ بۆ چێشتخانە بە ماهدەروێش بڵێ چێشتت بۆ تێکا. پیاو لە سەر ئەسپ زیاتر برسی ئەبێ.

قەدیر، کە ئەیویست شان بە شانی نادعەلی -ئەو ئەربابەی خۆی بۆ خۆی ساز کردبوو- سەرکەوێ، لە پێ پلیکانەکانەوە گەڕێنرایەوە و بە ناچاریی، بەرەو چێشتخانە چوو. بەڵام نەی ئەتوانی قەڵس بوونەکەی خۆی لەوجۆرە هەڵسوکەوتەی بابقولی بوندار، ئەویش لە بەر چاوی نادعەلی‌دا، بشارێتەوە. دڵی پڕ بوو لە بێزاریی بەرامبەر بە بوندار. لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

«چ گەوادێکی بێ‌چاو و ڕووە!»

ئەیتوانی لەوە تێبگات کە بابقولی بوندار نایەوێ ئەو، قەدیر، لە وتووێژی ئالاجاقی و نادعەلی‌دا بەشدار بێ. گەیشتە بەردەرگای چێشتخانە، شانی نا بە دیوارەکەوە و بەر لەوەی لەگەڵ ماهدەروێش بدوێ، گەڕایەوە و سەیرێکی نادعەلی کرد

لە سەر بانیجە. دردۆنگیەک لە هەنگاوەکانی جەواندا هەبوو، یان -ڕەنگیشە- ماندوو بوو. ئەو دۆخەی ئەوی تیابوو، ئەیتوانی بێزارییش بێ. بێزار لە بینینی ئالاجاقی. ڕەنگیشە ئەترسا، بەهۆی گەنجێتی و نەشارەزایی خۆیەوە. بەڵام ئەشچوو. ڕۆیشت. بابقولی بوندار بردی. دەستی، پەنجە گرێگرێکانی لە سەر تەختی پشتی نادعەلی دانا و کردی بە ژوورا.

ــ بە خێرهاتی کوڕی حاجی حسێن. ئاشنای خۆم. وەرە! وەرە بۆ ئێرە، بۆ ژێر قورسیەکە. وەرە پێشەوە!

نادعەلی سڵاوی لە ئالاجاقی و سەرۆکی جەندەرمە کرد. بابقولی بوندار، شوێنەکەی خۆی پیشاندا. نادعەلی ڕۆیشت و دانیشت. بونداریش لە پاچکەی لای سەماوەرەکە دانیشت و ئیستکانی گرت بە ژێر شیری سەماوەرەکەوە. ئالاجاقی بەرامبەر نادعەلی لەوبەری قورسیەکەوە دانیشتبوو و پاڵیدابوو بە جێوبانەکەوە. ژێر چاوەکانی تۆزێک ئەفرِی و سەرگۆناکانی وەکوو چەوەندەر سوور هەڵگەڕابوون. چاوە دەرپۆقیو و پڕ لە سپێنەکەی بڕییە نادعەلی و وتی:

ــ چۆخەکەت داکەنە. گەرمایی ئەبێ. ئاسوودە بە، جەنابی سەرتیپیش بێگانە نییە، لە خۆمانە.

جەنابی سەرتیپ، لێفەی لە سەر قاچەکانی لادابوو. خۆی لە قورسیەکە دوور کردبۆوە و پاڵی دابوو بە پشتیە قەدیفەکەوە و لە سەر لا دانیشتبوو. زنجیرێکی زێڕبەفتی لە ناو پەنجەکانیدا ئەسووڕاند و یاریی پێ ئەکرد و هێشتاش سەری لە خوارەوە بوو. لە دوای وەڵامی سڵاوەکەی نادعەلی کە بە نیگایەکیش لێی ڕووانیبوو، ئیتر سەری هەڵنەهێنابوو تا سەیری میوانە تازەکە بکات. لە داکەندنی چۆخەکەیدا، نادعەلی تۆزێ خۆی سووڕاند و سەیرێکیکرد: لێوی شینباو، سمێڵی بۆر و ڕەنگی ڕەشتاڵەی ڕوخساری بە نیگایەک ئەیدا بە چاوا. نە قەڵەو و نە لاواز بوو. گۆشت و پیەکی بە ئەندازە. چاوی بادەمی و قژی تەنک بوو.

کاتێکە لێوی بۆ قسەکردن هەڵئەپچڕێ، ددانە زێڕەکەی لە ڕیزی پێشەوە دەرئەکەوت. بەڵام سەرتیپ هەروا بە بێ ئاخافتن سەری داخستبوو و نیگای لە خوارەوە بوو. وەک بڵێی بە مژۆڵە ڕەشەکانی سایەبانی لە سەر چاوی هەڵداوە. لە ڕوخساری بە ئەزموونی هەر دوو پیاودا -چ ئالاجاقی و چ سەرۆکی جەندەرمە- جۆرێک ئاسوودەیی و تەمەڵی پاش خەوتن ئەبینرا. خەونێکی خومارانە؛ بەر لە ناشتا. نیوەڕۆ خەو. سەماوەری تازە جۆش و باوێشکیش نیشانەکانی.

ئالاجاقی پشت دەستی گرت بە دەمیەوە تا مەڵاشووە سوورەکەی لە نیگاکان بشارێتەوە. پاشان پرسی:

ـ ڕێگەوبان چۆنە عەلیخان؟ بەفراو شلی کردووە یان ماوێتی؟

نادعەلی پیاڵەی چاکەی ڕاکێشا بۆ لای خۆی و وتی:

ـ نە قوربان، بەفر هێشتا نەتواوەتەوە.

ـ بۆ کشتوکاڵ خۆ باشە؟

ـ یەکاویەکە!

ئالاجاقی درێژەیدا:

ـ بە خۆشیەوە سەربازیشت خۆ تەواو کرد؟

ـ بەڵێ، تەواو بوو.

ئالاجاقی سەرە زلەکەی بۆ لای سەرتیپ سووڕاند و وتی:

ـ سەیر ئەکەی جەنابی فەڕبەخش! ئێمە ئەم شۆڕەلاوانە ئەنێرین بۆ خزمەت تا لەم خاک و ئاوە پارێزگاریی بکەن. جوان سەیری بکە! سپی چنارە، ماشەڵڵا! ئەم وڵاتە بە هۆی ئەم جۆرە پیاوانەوە لە سەر پێیە. شاریوەری بیست ئەگەر ئێمە هەزار تیپ یان هێزمان -نازانم ئێوەی سپایی چۆنی هەژمار ئەکەن- لەم خەڵکە هەبووایە، ئەمانتوانی لەشکری ڕووس لە سەر سنووری باجگیران بشکێنین و نەهێڵین بێنە ناو خاکمانەوە!

سەرتیپ فەڕبەخش، ئارام و قورس سەری هەڵێنا. سەیرێکی خانەخوێکەی کرد، بزەیەکی وشیارانە و پڕ لە دەرد لە سەر لێوی

ڕوا. دڵی لە زانایییەکی بە جەخار پڕ بوو و لێوەکانی بە گەوجێتی پیاوێک، کە بەشێکی گەورەی وڵاتی سەبزەوار لە بن دەسەڵاتیدا بوو، پێئەکەنی. جێی نەبوو تا پێی بڵێ:

«ئەو ڕۆژانە ئێوە مانان بوون لە هەمارەکانتاندا، خەروار خەروارتان پاوەن کردبوو! دەرفەتی لەبارترتان بۆ ڕووتاندنەوەی خەڵکی نەدار و ناچار دەست کەوتبوو. ئێوە بوون ئەو ڕۆژانە تەنها شتێک بیرتان لێ نەئەکردەوە، سەربازەکانی ئێمە بوو. سەربازەکانمان بێ پەنا ببوون ئەو ڕۆژانە. وەکوو هەتیوەکان، وەکوو زۆڵەکان، وەکوو ئەوانەی لەم وڵاتەدا لە دایک نەبوون. لە بەردەمی نانەواخانەکاندا برسی و سەرگەردان بوون. سەرکردەکانیان بە بیستنی هەواڵی هاوپەیمانان، پۆستەکانی خۆیان بەجێ هێشت و هەڵاتن. ئەوانەی کە ترسنۆکتر و چاوچنۆکتربوون، خۆیان کەوتنە تاڵانکردنی پێگە و پادگانەکان و ئازووقەیان بارکردبوو بە لۆری بردبوویان بۆ خۆیان و کەسووکاری خۆیان. هەمیشە هەروا بووە. بنەماڵەی گەورە، ئێران؛ هەمیشە بووە بە سەرگەردی بنەماڵەی بچووک -سەرگەردی خێزان- بووە.»

جێی نەبوو تا پێی بڵێ:

«سووچی سەربازەکانی ئێمە نەبوو. ئەوان، هەر کات پێویست بووە، شەڕیان کردووە. ئەو شەوەی بۆ هاتنی هێزەکانی ئینگلیز لە باشوورەوە بۆ خاکی ئێران، دیاریی کرابوو، یانەی ئینگلیزییەکان میوانیەکی مەزنیان سازکردبوو. خواردنەوە تا کازیوەی سپێدپەهنا. سەرخۆشی. سەرخۆشەکان. سەرکردەکان هەر کامەیان لە سووچێکدا کەوتبوون، لەم کاتەدا؛ چواری بەیانی، هێزەکانی ئینگلیز لە ئاو پەڕینەوە و هاتنە ناو خاکی باشوورەوە و چی بەرگری پەڕاگەندەش هەبوو تێکیان شکاندبوو. بەرەنگاریی کێ؟ سەربازەکان. یەکێک لە سەنگەرەکان تا نیوەڕۆ شەڕی کردبوو. پاش تێکشکاندن، لە ناو سەنگەرەکەدا تەنها سەربازێکیان دۆزیبۆوە. سەربازێکی سەنگەسەری. سەربازێکی

سادە، لەوە تێگەیشتبوو کە بێگانە نابێ پەلاماری ماڵەکەی بدات. ئەو، سەری لە مامەڵەی گەورەکانی دنیا دەرنەئەکرد. سەرباز، یەک شتی باش ئەزانی: بەرگری لە ئابڕووی خۆی. ئەمە، زۆربەی ئەوانەی وەکوو فەربەخش بوون ئەیانزانی. فەربەخش ئەو ڕۆژانە ئەفسەرێکی گەنج بوو. ئەفسەرێکی لاو کە پەڕەوازەیی وەڕەزی کردبوو. یەکێک لەوانەی کە کاربەدەست بوو. خەڵووزەکانی پادگانی مەشهەدی بارکردبوو، ژن و منداڵەکانی هەڵگرتبوو وبەرەو تایباد هەڵاتبوو. لە سەر سنووری ئەفغان، تاڵان، ببوو بە دیاردەیەکی ئاسایی. هەر کەس بەو ئەندازەی پێی کرابوو، چەک، بەتانی، پۆستاڵ، سەرەنێزە و شتی بەکەڵکی دزیبوو و هەڵاتبوو. سەربازەکان، هەتیوو کەوتبوون. ئاوارەی شەقامەکان، کۆڵانەکان و کاروانسەراکان. فەربەخش ئەفسەرێکی گەنج بوو. نە سەرباز بوو و نە سەرتیپ بوو. چی پێ ئەکرا؟ هەر کەس پێی ئەگەیشت، ئەیوت: «هەڵێ، گیانی خۆت ڕزگاربکە!» بەڵام فەربەخش نەی ئەزانی بۆچی ئەبێ هەڵێ؟ بۆچی؟»

ڕۆژێک لە شەقامی سەرەوەی مەشهەد ئەڕۆیشت. چەند سەربازێک دەوریان گرتبوو و وتبوویان:

«تۆ وەرە ببە بە فەرماندەی ئێمە. ئێمەش لەگەڵت گیان بەخت ئەکەین.»

بەڵام مەگەر ئەکرا بە حەوت کەس، لەشکر درووست بکرێ؟ لەگەڵ ئەوەش حەوت سەربازەکەی لەگەڵ خۆی برد. پێخور و پێخەفی بۆ فەراهەم کردن و بەر لەوەی پاشماوەی ئەفسەرەکان، ئەفسەری بچکۆلە، بگرن و لە میوانخانەیەک حەپسیان بکەن، ئەو لەگەڵ سەربازەکان بوو. پاشان کە فەربەخشیشیان گرت، ئیتر نەیزانی حەوت سەربازەکە چیان بە سەر هات. چونکە فەربەخشیان لەگەڵ سەد و سی ئەفسەریتر بردبوو بۆ خاکی ڕووسیە و تا گەڕانەوەیان لە پاش چەند مانگ ئاگایان لە هیچ نەبوو. لەوەو پاشیش هەر کەسە و بە لایەکدا فڕێ درابوو.

هەندێک گەڕانەوە سەرکاری خۆیان و هەندێک تێکەڵ بە ڕامیاری بوون. هەندێک چوون بۆ شەڕی دیموکراتەکان و هەندێک چوون بۆ یارمەتیان. فەربەخش کارەکەی خۆی پێدرابوویەوە. کە چوو بۆ پادگان، دایاننا بە بەڕێوەبەری جەندەرمە. ئەفسەری جەندەرمە، پاشان بوو بە ئارەقخۆر. هەر ئەوەندەی لە بیر بوو کە تووشی ئارەقخۆری بووە. ئارەق خواردنی هەموو شەوە. وردە وردە گیرۆدەی قوماریش بوو.

لە سەبزەوار لەگەڵ خانەکان و دەسڵاتداران دەورە قوماریان هەبوو. پێیەکی قومارەکەش ئالاجاقی بوو. بەڵام زیاتر حارساواییەکان بوون. قاچاخفرۆشەکان هاتن بۆ داو. پاشان گوشاری کوێخاکان لە سەر گەنجانی گوندی زۆرتر بوو. گەنجی تەمەن سەرباز. فەربەخش ئێستا مەست بوو. لە ناو بەزمی بێنەوبەرەی خان و کوێخا و قاچاخچی خۆیی و ئەفغانی و باجگرەکاندا. گرفتاربوو و هەمیشە مەست. سەرخۆش ئەبوو و کەمدوو. فڕینی بن چاوەکانی نیشانەی ئارەقخواردنەوە بەردەوامەکەی بوو.

ـ زۆر لە ناو بیردای جەنابی فەربەخش!

سەرتیپ سەری هەڵێنا و وتی:

ـ بڵێ بزانم، ئەم جەوانە، ئەم سەربازە بەوەج و تازە گەیشتووە، پیاوی ئارەق و ئەم قوزڵقورتانەیە یان نا؟

پێڵووەکانی هەروا نیشتبوون و پێئەکەنین. نەرمە بزە. ئالاجاقی سەیری نادعەلی کرد. بوندار، سەری داخست. ئالاجاقی وتی:

ـ من ئەزانم کە هەیە. ئاگام لێیە. بەڵام لە بەر خاڵۆی، ڕەنگە نەیەوێ... بۆ وێنە، چی ئەڵێن؟ ئەدەب و... با بڵێین ڕێزی گەورە و بچووکی نەهێڵێ... بەڵام!

بابقولی بوندار، بە سەریداخراوەوە وتی:

ـ شوێنێک ئێوەی لێ بێ، ئەگەر کەسێک کاری ناپەسند

نەکات، بۆ ڕێزگرتن لە بەرێزتانە.

ئالاجاقی وتی:

ــ پیاڵەیەکی بۆ تێکە، جەنابی فەربەخش! لە ڕێوە هاتووە، ئێسکەکانی بەستوویەتی.

نادعەلی وتی:

ــ سپاس قوربان. ناسازم. بۆم باش نییە.

فەربەخش، پیاڵەی ئارەقەکەی نایە بەردەم نادعەلی، ئالاجاقی وتی:

ــ خۆ ناکرێ دەستی جەنابی سەرتیپ بدەیتە دواوە! بیخۆرەوە. پیاڵەیەک خراپ نییە. دڵت گەرم ئەکاتەوە.

بابقولی بوندار قاپی ماستەکەی خزاندە بەردەم نادعەلی. سەرتیپ فەربەخش، بە بێ ئەوەی سەری هەڵێنێ، لە بەر خۆیەوە شتێکی وت و بە شێوازێکی ناسک پیاڵەی ئارەقەکەی هەڵدا؛ تاڵی سەر زمانی بە قامکێک ماست شکاند، قوتووە سیگارە وەرشەوەکەی لە سەر قورسیەکە هەڵگرت. جگەرەیەکی بۆخۆی داگیراند و دووکەڵەکەی لە لووتیەوە دایە دەرەوە. کاتژمێرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و سەیری کرد. بوندار بە کڕنۆشێکی شەرمنانەوە وتی:

ــ دێن قوربان، لە هەر کوێ بن پەیدا ئەبن. ئاخر ئەم بەلووچەی ئێمە نایەوێ بە دەستی بەتاڵەوە لە کێو بگەڕێتەوە! ئەو ئاسکەی ئاغەی گەورە بەڵێنی پێداون، لە سەر عەرزی ڕەشیش بووە ڕاوی ئەکات و بۆتانی ئەهێنێ. بەلووچی ئێمە، تیرێ ناهاوێژێ نەدا لە نیشان. لەگەڵ گوللەی قوڕقوشم گەورە بووە. ئەرخایەن بە قوربان.

ــ نەکا لەپڕ جەندەرمەکەی ئێمە لە کێو بەرەڵڵا بکات و خۆی بەرەو بەلووچستان بڕواتەوە، ئەم بەلووچەی ئێوە؟!

لەم تەشەرە، پێکەنینێک سازبوو. بابقولی بوندار وتی:

ــ خۆ بە دیل نەمان گرتووە قوربان! کارمان بۆ ئەکا. ئیتر بۆ

چی ئەبێ ڕابکات؟

ئالاجاقی وتی:

ـ گاڵتە ئەکات جەنابی فەربەخش؛ تۆش چەندە کەری بۆندار!... دەی، نادعەلی خان! لەگەڵ زەوی و دارایییەکەی ئاشنای ئێمە، حاجی حسێنی ڕەحمەتی چی ئەکەی؟ بە جێ و بە کات پێیان ڕائەگەی؟ گا و پەزەکانت باش بەخێو ئەکەی؟ یان نەء، هێشتاش هەوای جەوانی وا لە سەرتدا و گرنگی بەم شتانە نادەی؟ ئازووقەت بۆ پاشەکەوت کردوون؟ شوێن و بنەت بۆ گرتوون؟ یان بیرشاشی نەیهێشتووە ئاگات لە سامان و دارایییەکەت هەبێ؟!

نادعەلی سەری خوارکرد و وتی:

ـ ئەی... کەم و زۆر ئەرباب، کەم و زۆرێک. زستانیش وا خەریکە تەواو ئەبێ.

ئالاجاقی شوێن قسەکەی خۆی گرت:

ـ خۆت ئیتر پیاوێکی ماشەڵڵا. ئەم شتانە باش ئەزانی. زەوی پێویستی بە کاری پیاو و گا هەیە. ئاو و تۆو و باری ئەوێ. پەز و بەرخیش ئالیک و گیا و شوێنی گەرمی گەرەکە. پێڕاگەیشتنی ئەوێ. تۆزێک ئاگات لێیان نەمێنێ، لا ئەکەیتەوە ئەبینی زەوییەکانت بێ ئاو کەوتوون و ئافەتە داویە لە پەزەکانت. خۆشت باش ئەزانی. مرۆڤ بە هەڵەیەک ژیانی سەرەوبن ئەبێ. خۆ تێ‌ئەگەیت ئەڵێم چی؟

ـ بەڵێ قوربان. تا ڕادەیەک.

ـ بەڵام هەندێ شتی تریان دەربارەی تۆ بۆ گێڕاومەتەوە.

ـ وەکوو چی قوربان؟

ئالاجاقی بەری دەستی هێنا بە لێو و دەمیا و وتی:

ـ ئەزانی کە من و باوکی خوالێخۆشبووت زۆر تێکەڵ بووین. ئەو پیاوێکی سفرەدار بوو. دەرگای ماڵەکەشی بۆ هەمووکەس ئاواڵە بوو. کەمووزۆر. بەڵام هەرگیز نەی هێشت بەختی بدرێ

به زەویدا. هەمیشە خۆی بە سەر پێوە ڕاگرت. ماڵ و بنەی خۆی هەمیشە هەبوو. ئەو زستانەی لێی ڕەشتر نەبوایە، حاجی حسێنی چوارگوێشلی دووجار ئازووقەی پەز و تۆوی چاندنی لە هەمارەکەیدا هەبوو. هەموو ئەیانزانی ئەو هیچکاتێک پشتی خۆی چۆڵ ناکات. سێ ساڵیش ئەگەر بەردەوام قات و قڕی بوایەت، دەست تەنگی ئازووقەی پەز و تۆوی کشتوکاڵەکەی نەئەبوو. ئەو چوار جووتیارەش کە هەیبوو، ڕەنگە برسی ببوایەتن، بەڵام لە برسێتیدا تیا نەئەچوون. بەشێوەیەک لە سەر پێ ڕایانی ئەگرت و ئەیانی گەیاندە فراوانی. بە هەر ڕۆژە ڕەشێک بوایە، لە تەنگانە دەربازی ئەکردن و ساڵی تێ ئەپەڕاند. هەژماری کارەکانی هەمیشە لە دەستیدا بوو. بە بێ قڕە و هەرا سەری لە ناوکاری خۆیدا بوو. مرۆڤێکی ساخ و بێمزەڕەت بوو. بەڵام دەستی چارەنووس نابڕێتەوە، ڕووداو ڕوو ئەدا. ژیان وایە و ئەبێ خۆی لەبەردا ڕابگرێ. مەرگ، وشترێکە لە بەر دەرگای هەموو ماڵێکدا خۆی ئەدا بە عەرزدا. کات و ناکات بەناوی یەکێکەوە دەرئەچێ. بەڵام، هەرچی چۆن بێ تەمەنی یەکێک تەواو ئەبێ، بەڵام تەمەنی دنیا خۆ کۆتایی نایەت. یەک نەڕوات و دووانیتر، سەد هەزاریتر، لە دنیادا ئەمێنن. ئەوانیدی. ئەوانی کە ماون تا نۆرەیان دێ، ئەبێ بژین و ژیانیان هەڵسووڕێنن. تۆیش یەکێکی لەو سەدان و هەزارانە، نابێ بهێڵی چەرخی ژیانت لەق ببێ. باوکت پیاوێکی بە ئابڕوو بوو. خۆیشت بە ئابڕوویت. بەڵام هەندێ شت لە پشت سەری تۆ ئەوترێ شیاوی گەنجێکی وەکوو تۆ نییە. باش نییە خۆت بە دەستی خۆت، ژیانت بفەوتێنی! هەڵبەت جەوانی خولێکە و هەمووان بەو خولەدا تێپەڕ ئەبن. ئێمەش تێمانپەڕاندووە. ئەزانین کە ئەو خولە ماوەیەکی پڕ لە جۆش و خرۆشە. بەڵام ئەویش ڕێگەی خۆی هەیە و خوا ئاوەزی داوە بە بەندەکانی خۆی. مرۆڤ چەندە سەرەڕۆ بێ ئەبێ ئەوەندە ئاوەزی هەبێ، بە سەرەوە خۆی نە هاوێتە ناو چاڵەوە! ئاگادارم لە ژیان و لە پەیوەندییەکانی

دەوروبەرت دابڕاوی. بە مەڕ و ماڵاتت ڕاناگەی. لەگەڵ ماڵەوە و لەگەڵ دایکیشت باش ناجووڵێتەوە. هەڵسوکەوتت لە ناو جەماوەریش‌دا گۆڕاوە. گونجاونیت. جۆرێکی، نازانم چۆن. ئەوی‌تری خۆت ئەزانی. بیستوومە سکاڵاکەت لە بکووژەکەی حاجی حسێنیش وەرگرتۆتەوە. لێی بووراوی. ئەمەیان قەیناکا، خۆت باشتر ئەزانی. بەڵام بۆچی؟ من نامەوێ ئامۆژگاریت بکەم، چونکە بۆ خۆت پیاوێکی. بەڵام خاڵۆت بوندار، زۆر نیگەرانی تۆیە. ئەم قسانەش لە بەر دڵی ئەو بە تۆی ئەڵێم. بوندار هەمیشە خەمی تۆ ئەخوات. نیگەرانی دواڕۆی تۆیە، ئەترسێ، نەکا، خوا نەخواستە ئەوەی باوکت بۆی بەجێ هێشتوویت، لە دەستت دەربچێ. نایەوێ لە ناو دۆست و دوژمن‌دا بە کڵۆڵی و ملخواری بت بینێ. تۆ گەورەی، بەڵام هێشتاش گەنجی. ئەو بەد شانسیەش وەڕەزی کردووی. کوژرانی باوکت و بەسەرهاتی کچە... ئاگادارم. یەک دووساڵیش لە سەربازی بوویت. لە کەسوکارت دوور بوویت و هەوای کارەکە لە دەستت دەرچووە. ئەمانە خاڵۆتی نیگەران کردووە. ئەویش هەقی خۆیەتی پەرۆشی خۆشکەزاکەی بێ. خۆشەویستی، لە ناخی مرۆڤەوە هەڵئەقوڵێ.

ـ زۆر سپاس ئەرباب، خوا سایەی ئێوەمان لە سەر کەم نەکات!

ـ من بە بونداریشم وت. ئەوا بە خۆیشت ئەڵێم. هەرکارێک لەدەس من بێ، بۆ تۆ کە کوڕی حاجی حسێنی، درێخی ناکەم. ئازووقەت کەمە، چوار پاتاڵی بارکێش بنێرە بۆ شار، بۆ کارگەی پەموو. پێیان ئەڵێم قۆزاخە و تۆمەپەمووت بۆ باربکەن و بینێرن بۆ بەر دەرگای ماڵەکەت. تۆوت کەمە، لێو ببزێوە لە هەماری خۆمەوە بۆت بەڕێ بکەم. مەڕەکانت بێ‌جێ و ڕێن، بڵێ شەوانە بیانبەن بۆ چەپەرەکانی من لای عەولاگێو. شوانەکانت، ئەگەر پێ بەڕێ ناچێ، ئەبینی پەزەکەت ئەدەن بە دەم گورگەوە، پاڵیان پێوە نێ با بچن لە ماڵی خۆیان دابنیشن و پەزەکەت بهێنە و بیانکەرە

ناو ڕانەکانی خۆم. جگە لە هەموو ئەمانەش، ئەگەر ئەزانی تاقەتی ئەم ڕۆژگاررەت نییە، تاوتاوی، دەست و دڵت ناچێتە کار، دڵت کرمێ بووە و ئەو زەوی و ئاو و پەزەی بۆت ماوەتەوە، ناتوانی خودانیان بکەی -بەر لەوەی قنیان بدرێ بە عەرزدا- وەرە بە کرێ بایی بیاندە بە هەر کەس کە خۆت ئەتەوێ. ڕاگوزاریان بکە و پایز بە پایز کرێکەیان وەربگرە و بۆ خۆت برۆ و هەر بیخولێنەوە. جگە لەمەیە جەنابی فەرڕبەخش؟

ــ نەء! نەخێر!

نادعەلی هەروا خامۆش بوو. بابقولی بونداریش خامۆش و وشیاری وەڵام بوو. سەرتیپ فەربەخش جگەرەکەی کێشابوو و دڵی پەنجەی ئەهێنا بە سەر تاقە تاڵە مووی برۆ سپی و درێژەکەیدا.

ئالاجاقی قسەکانی خۆی بەم جۆرە کۆتایی پێ هێنا:

ــ دەست بە نەختترین مشتریش من خۆمم. من و خاڵۆت بە شەریکی ئەبین بە کرێ کارت!

نادعەلی بە بزەیەکەوە وتی:

ــ ئەرباب ئێوە خاون دەسەڵاتی ئێمەن! دارکاریمان ئەکەن!

ــ جا، ڕای خۆت چی بێ؟ کەی وەڵاممان ئەدەیتەوە؟

ــ جارێ با بیری لێ بکەمەوە ئەرباب. خۆم هەواڵەکەی ئەدەمەوە بە خاڵۆم.

ــ بوندار! بڵێ خواردن بهێنن.

بابقولی بوندار، هەڵسا. لە ناو دەرگاکە سینەی تەقی بە سینەی قەدیرەوە. قەدیر بە بێ گوێدانە نیگای ناڕازی بابقولی، هاتە ژوورەوە و وتی:

ــ خواردن ئامادەیە بوندار!

بابقولی بوندار، بە لای قەدیردا تێپەڕی. چووە دەرەوە و ئەسڵانی بانگکرد. قەدیر لای دیوارەکە وەستا و بە ئالاجاقی وت:

ــ ئەرباب! ئیتر فەرمایشتێکتان لەگەڵ من نییە؟

ئالاجاقی دەستی کرد بە گیرفانی باخەڵیدا، کیفی پارەی دەرهێنا و، گەڵایەکی سەوزی لێدەرهێنا، دەستی بۆ قەدیر ڕاگرت. قەدیر وتی:

ــ نە قوربان! بەس ویستم بزانم ئەگەر فەرمانێکیترتان نەبێ، بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. یەک دوو ڕۆژە ئاگام لە باوکم نییە.

ــ وەرە! وەرە بگرە! بڕۆ بۆ ماڵەوە باوکت ببینە و وەرەوە لێرە نان بخۆ. پاشانیش سواری ئەسپەکە ببە و بچۆ بۆ زەعفەرانی. بیدەوە بەکوێخا و پێی بڵێ دووسووە بێ بۆ شار کارم پێیەتی. وەرە! ئەو پارەیە وەربگرە، سیگاری پێ بکڕە.

قەدیر چووە پێشەوە، پارەکەی وەرگرت. بە سەر چاو و بەرەو دەرگاکە چوو، بابقولی بوندار بە سفرەی نانەکەوە هاتە ژوورەوە. قەدیر هەڵوەستەیەکی کرد، پاشان گەڕایەوە و بە زمانێکی پچڕپچڕ -کە ئەویش خۆی جەربەزەی ئەویست- وتی:

ــ ویستم سەبارەت بە... بەو شتە... چی پێ ئەڵێن... سەربازی... خزمەت... تکاتان لێبکەم داوا لە جەنابی... جەنابی سەرۆکی...

ئالاجاقی قسەکەی لە بن پێکەنینەکەی خۆیدا قرت کرد و وتی:

ــ زۆر چاکە! ڕۆژێک وەرە بۆ شار، خۆم بەڕێت ئەکەم بۆ لای جەنابی سەرتیپ بەڵگەی بەخشراویی وەربگری.

قەدیر، ڕووی لە سەرتیپ کرد و وتی:

ــ قوربان! هەموو ئەزانن کە من پێبەندی باوکمم. ئەو زەمینگیرە، ناتوانێ لە سەر جێگەکەی هەڵسێ .ئەو مرۆڤ نییە، تەرمێکە بە پێغەمبەر، بە فاتمەی زەهرا درۆ لە گوتەمدا نییە!

ئالاجاقی ڕێگەی فرەوێژی لێگرت و وتی:

ــ وتم باشە ئیتر! ئێستە جارێ بڕۆ کارەکانت جێبەجێ بکە. بڕۆ ئیتر.

قەدیر چووە دەرەوە. بوندار سفرەی ڕاخست و بە ددانەچیرەوە

وتی:

ــ وەکوو مێش قیرسیچمەیە!

ئالاجاقی تەنگە ئەستوورەکەی لە بن قورسیەکە هەڵساند. چرچ و لۆچی شەرواڵەکەی بەدەس ڕێک کرد و بەرەو دەرگاکە چوو. بوندار، هەڵاتە پێشەوە و پێڵاوەکانی بۆ جووت کرد و بە دوایدا ڕۆیشت. لە لێواری بانیجەوە، شێرۆی بانگ کرد:

ــ مەسینەکە پڕکە لە ئاو، کچێ!

شێرۆ لە چێشتخانە دەرپەڕییە دەرەوە. مەسینەکەی هەڵگرت و بە فڕکە چووە ناو کۆڵان. مەسینەی لە جۆگەکە پڕکرد و بەر لەوەی ئالاجاقی لە پلیکانەکان بگاتە خوارەوە، خۆی گەیاندە ئاودەس، مەسینەکەی لەوێ دانا و خۆی کشاندەوە و لە لایەکەوە وەستا. ئالاجاقی خۆی باریک کردەوە لە دەرگا تەنگەکەوە چووە ژوورەوە.

بابقولی بوندار، بە شێرۆی وت:

ــ تا نەهاتۆتە دەرەوە، ئافتاولانەکە پڕکە لە ئاو بیهێنە. گورجوگۆڵ! ئەبێ ئاو بکەی بە دەستیدا.

شێرۆ بە دوای ئافتاولاندا چوو و بابقولی بەرەو چێشتخانە غاریدا. شۆفێرەکەی سەرتیپ نەبوو. وتیان چووە بۆ لای جیبەکەی. ژنی بوندار و ماهدەروێش لە سەر قازانەکان بوون. مجمعە پڕبوو لە دەوری پڵاو و هاڵاوێکی ڕوونی لێ بەرزئەبوویەوە، ماهدەروێش قۆڵی هەڵکردبوو و بنکرەکەی بە کەوگیر لێ ئەکردەوە. ژنی بوندار قاپەکانی خورشتی ڕێکخست و ئەسڵان، لای چوارچێوەی دەرگاکە ئامادە بوو تا مجمعەکە هەڵگرێت و بیبا بۆ باڵەخانە.

ــ تۆزێ ڕاوەستە، ئاغەی گەورە بێتە دەرەوە، پاشان.

بابقولی ئەمەی بە ئەسڵان وت و بەرەو ئەو مناڵانەی لای دیوارەکە بەرامبەر خۆرەکە دانیشتبوون، ڕۆیشت. مناڵ لە کارگە هاتبوونە دەرەوە و چارۆکەی نانەکانیان کردبۆوە و بە دەور یەکەوە قاوەڵتیان ئەکرد و پێکەوە سرتەستیان بوو:

ـ هاتوونەتە دەرەوە کەچی؟ ئەتانەوێ من سەیر بکەن؟ یاڵڵا بڕۆنە ژوورەوە!... مووسا... وەستا مووسا!
ـ بەڵێ بوندار؟
لە تاریکایی ژێرخانەکەوە، مووسا هاتە دەرەوە و لە ناو دەرگاکە وەستا:
ـ بەڵێ؟
ـ بۆ ئەمانەت ناردۆتە دەرەوە؟
ـ قاوەڵتیە بوندار!
ـ جارێ بیانبە ژوورەوەو. لەبری ئێوارە زووتر بەرەڵایان بکە. یاڵڵا بڕۆنەوە ژوورەوە!
بابقولی بوندار دەستە درێژەکانی ڕاوەشاند و مناڵان، جووجەڵەی نەوپەڕ، فڕکەیان کرد و لە تاریکی ژێرخانەکەدا ون بوون. بوندار بە مووسای وت:
ـ خۆیشت وەرە بڕۆ دەوریەک پڵاو لە ماهدەروێش وەرگرە، بیخۆ.
مووسا ڕووی وەرگێڕا و وتی:
ـ من نانم خواردووە بوندار!
ـ چ دەرگایەکی تەنگەبەرە، کونەپشیلەت دروست کردووە بوندار؟
بوندار، بە دەنگی ئالاجاقی وەرگەڕایەوە. ئالاجاقی کەمەربەندی شەرواڵە فەرەنگیەکەی ئەبەست و بزەیەک لە سەر قەپۆزی بوو. بابقولی چوو بۆ لای و بە کڕنۆشەوە وتی:
ـ ماشەڵڵا ناوی خوا. ئێوە ڕۆژ بە ڕۆژ پان و پۆڕتر ئەبن. خوا بە زیادی بکات! ئاو بێنە کچێ!
ئالاجاقی لە لێواری بیرەکە دانیشت. شێرۆ ئافتاولانی هێنا و نەرمە نەرمە ئاوی کرد بە دەستە قەڵەوەکانی ئەودا. ئالاجاقی وتی:
ـ جەنابی فەربەخش تەنها نەکەوێ!

بابقولی بوندار بەرەو دالان ڕۆیشت. ئالاجاقی سەری هەڵێناو سەیری ڕوخساری ژنەی کرد. شێرۆ برژانگەکانی لێک نزیک کردەوە و چاوی بڕییە عەرزەکە. ئالاجاقی وتی:

ــ بۆچی دەستت ئەلەرزێ ؟!

شێرۆ بێئەڤان، هەموو ئاوەکەی کرد بە دەستی ئالاجاقیدا، ئەفتاوە بەتاڵەکەی دانا و وەکوو بزن بەرەو ژێرخان هەڵات و خۆی ونکرد. دڵی لێیئەدا. لاجانگەکانی گڕیان گرتبوو و لێوەکانی ئەلەرزین. مووسا لێی پرسی، بەڵام شێرۆ وەڵامی نەدایەوە. دەمی وشک ببوو، زمانی وشک ببوو. خاک و خشت. هەرلەوێ، لە سووچێک دانیشت و ئەژنۆی گرتە باوەش. ئالاجاقی لە سەر بیرەکە هەڵسا، ئاوی دەستەکانی داچۆڕاند و بەرەو پلیکانەکان چوو. ئەسلان بە مجمعەوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و بابقولی بوندار بۆ پێشوازی ئالاجاقی لە پلیکانەکانەوە شۆڕبوویەوە. بە دوای ئەسلان و ئالاجاقیدا، ماهدەروێش مجمعەی خورشتەکانی هێنا. بابقولی گەیشتە خوارەوە. لە بن دالان، ئالاجاقی خۆی لادا و ڕێگای بۆ ئەسلان و ماهدەروێش کردەوە سەرکەون. پاشان، پێی نایە سەر پلیکانەکە و بونداریش بە دوایدا. نیوەی ڕێگە، مابووی بۆ بانیجە، ئالاجاقی وتی:

ــ پێشتر ئەوم لێرە نەدیبوو! کێیە؟ خەڵکی کوێیە؟

ــ لە کوردەکانە ئەرباب. خێڵاتیە. کچی کەلمیشیە. لێرە قالی ئەچنێ.

ئالاجاقی بە پزیسکەیەک لە چاوەکانیدا، وتی:

ــ بەڵام ژنێکە، ها! ئەڵێی مارە. خۆش بۆی دەرچوو!

بابقولی بوندار وتی:

ــ لە دنیای خۆیدایەتی، شێرۆ!

ــ چۆنە؟ بە کارە؟

ــ ماندوێتی نازانێ چیە، ئەرباب.

ئالاجاقی وتی:

ـ جاری واهەیە ئەبینی کارەکان لە شار ئەکەوێ بە سەر یەکا. هەندێ جار!

بابقولی بوندار وتی:

ـ بەڕێی ئەکەم. ئێوە هەر کات حەزتان لێبوو، پەیام بنێرن.

ـ خوشکەزاکەت چی؟ نادعەلی؟

ـ ئەویش ڕازی ئەکەم. لە سەریشی زیادە، نادعەلی ئیتر پیاوی کارکردن نییە. بەڵام شتێکی‌تر!

ـ ئا؟

ـ جیهەن خانی سەرحەدی، بووە بە دەمڕاستی بازخانی ئەفغان. تەتەرەکانی جیهەن خان لەپەسا دێن و ئەڕۆن. داوای قەرزەکەیان ئەکەن. پارەی ئەو کاڵایەی لە حەوتدز لێمان وەرگرتن.

ئالاجاقی وتی:

ـ جارێ خەریکیان بکە. پاش نەورۆز. بڵێ پاش نەورۆز ئێمەش پارە لە مشتەرییەکانمان وەرئەگرین.

ئەسڵان و ماهدەروێش هاتنە دەرەوە؛ مجمعەی بەتاڵیان بە دەستەوە بوو. ئەسڵان سەیری باوکی کرد. بوندار بە ئاغەی گەورەی وت:

ـ نیوەڕۆ ئامادەیە!

ماهدەروێش بە لێژایی پلیکانەکاندا چووە خوارەوە. ئەسڵان کشایەوە، تا ئالاجاقی بچێتە ژوورەوە. بوندار هاتە بەر مەحاجەرەی بانیجەکە، سەر و سینەی بۆ حەوشە شۆڕکردەوە و وتی:

ـ دۆکەش بێنە، ماهدەروێش!

ماهدەروێش سەری هێنایە دەرەوە، ڕوانیە سەرەوە و وتی:

ـ هەر ئێستە ئەیهێنم. ڕانە ساخەکەشم هێشتا نەهێناوە.

بوندار ڕووی کردە ئەسڵان و وتی:

ـ خۆت لێی‌وەرگرە و بیهێنە. بەو چڵمەوە کە هەمیشە بە سەر سمێڵی‌دا شۆڕ بۆتەوە، نامەوێ بێتە لای میوانەکان. پارچی ئاوەکەش بهێنە. لە بیری نێرگەلە و تەماکۆی ئاغای گەورەش‌دا

ببە. بە دایکت بڵێ ڕەژوو بگەشێنێتەوە.
بابقولی ڕۆیشت و ئەسڵان بۆ خوارەوە بۆ چێشتخانە. دایکی شەیدا خەریک بوو بە پەنجە لێواری قاپی خۆرشتەکەی خاوێن ئەکردەوە. ماهدەروێش ڕانە ساخەکەی لە ناو مەنجەڵەکە دەرهێنا و خەریک بوو ئەیخستە ناو بەلەمەوە. ئەسڵان بەلەمی گۆشت و پارچی دۆکەی لە سەر مجمعەکە دانا و چالاکانە ڕۆیشت و گەڕایەوە. ژنی بوندار وتی:
ــ هیچیان کەم نییە؟
ــ ئاو! ئەی ئەم شێرۆیە کوانێ؟
ژنی بوندار وتی:
ــ پارچی ئاوەکە ئەوەتا لە بن دیوارەکە. هەڵیگرە و بیبە. پەرداخیش هەر لەوێ هەیە، لە سەر ڕفەکە.
ئەسڵان پارچی ئاوەکەی هەڵگرت و بردییە سەر.
ژنی بوندار دەستی نایەسەر ئەژنۆکانی، بە شەکەتی ڕابوو و بە ماهدەروێشی وتی:
ــ من ئیترکارم نەماوە. ئیسکەکانم ئەزریکێنن. ئەڕۆم سەرم بنێمەوە بەڵکوو تۆزێ چاوم گەرم ببێ. تۆیش ژنەکەت بانگ بکە و بڵێ ئاگری نێرگەلەکەی ئاغەی گەورە تەیار بکات.
ماهدەروێش لێی پرسی:
ــ تۆ هیچ ناخۆی؟
ــ نەء!
نوورجیهەن، چووە دەرەوەو خزایە ژوورەکەی خۆی. قەدیرهات. سەری کێشایە ناو چێشتخانە و پرسی:
ــ ئەوە چیئەکەی ماهدەروێش؟
ماهدەروێش، قاپێکی پڕ لە پڵاو و خۆرشتی خستبوە ناو قاپچەکانی و خەریکی خواردن بوو. بە دەنگی قەدیر، سەری بەرزەوە کرد و وتی:
ــ بیسمیلا!

قەدیر سەر و شانی چەماندەوە و چووە ناو چێشتخانە. ماهدەروێش لە سەر قاپەکە هەڵسا. سەری لە چێشتخانە بردە دەرەوە و شێرۆی بانگکرد. شێرۆ لە کارگە هاتە دەرەوە. ماهدەروێش پێی وت ئاگری نێرگەلە سازبکات. شێرۆ هات بۆ چێشتخانە. چوار دەنک خەڵووزی هەڵگرت و خستیەناو تاوڵەمەکە. پشکۆیەکی خستەسەری. چووە دەرەوە بۆ لای بیرەکە. وەستا و کەوتە هەڵسووڕاندنی تاوڵەمەکە. ماهدەروێش گەڕایەوە سەر قاپەکەی و دانیشت. قەدیریش خزایە پێشەوە و بوو بە هاوکاسەی. ئەسڵان گەیشت. دانیشت و وتی:

ــ تا ئەوان سەریان گەرمە، منیش چوار پاروو هەڵدەم. ڕیخۆڵەکانم لە برسان خەریکن یەکدی ئەخۆن.

سێ قۆڵی دەوری قاپەکەیاندا. ماهدەروێش دیسانەوەش خۆرشت و پلاوی لە دەوربەری قازانەکان خڕکردەوە و کردیە ناو قاپەکە. پەنجەکانی سێ پیاو، بە توندی، زۆر بە توندی ڕێگەی نێوان قاپ و دەمەکانیان ئەپێوا. پەنجە و لێو و لەوسی پیاوەکان چەور ببوو و قسەیەکیان ئەگەر هەبوو، زۆر کورت و بە پەلە دەریانئەبڕی، نێوان چەند پاروو، یەک دوو وشە بوترایەت یان نا.

کە تێربوون، قەدیر کشایەوە. و پاڵیدا بە دیوارەکەوە. دەوری لێوەکانی لستەوە و دڵۆپە ڕۆنێک کە چەناگە نووک تیژەکەی چەور کردبوو بە سینەی دەست پاککردەوە. پاکەتی جگەرەی لە گیرفانی جلیسقەکەی دەرهێنا، یەک بۆ خۆی و یەکی بۆ ماهدەروێش داگیراند و باسی شەیدای هێنایە بەرەوە. باسی شەیدا و وشترەکان. ماهدەروێش وتی:

ــ ڕۆیشتی باوکت ببینی؟

ــ ئا، چووم. هێشتا زیندووە، بەڵام عەباسجان نەبوو! بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ ئاگات لێ نییە؟

ــ بەیانی زوو بینیم لە قەڵات دەرچوو. سەری خنیبوو بە ناو شانیدا و خۆی کۆمەوە کردبوو. ئەلەرزی و ئەڕۆیشت. پرسیم بۆ

کوێ بەم بەیانیە؟ ئۆغر بێ! بەڵام وەڵامی نەدایەوە و ڕۆیشت.
ــ بە کام ڕێدا؟ شۆڕاو یان زەعفەرانی.
ــ نەمزانی، ئەوەندە نەبێ بینیم لە قەڵاکۆن هاتە دەر و بایدایەوە بۆ پشتی کاروانسەرا. باوکت چی ئەوت؟
ــ چی هەیە بیڵێ؟ چی پارەی لە بەردەستدا هەبوو، ئەو شەیتانە بە زۆر لێی وەرگرتووە و ڕۆیشتووە. پیرەمێردی بێچارە! کە چاوی بە من کەوت کەوتە گریان. وەکوو مناڵ. ئەم عەباسجانە زۆڵەزایە وەکوو زەروو پێوەی نووساوە و خوێنی ئەمژێ! کە ئەبینێ من دیارنیم، وەکوو شمر ئەچێتە گیانی پیرە مێردی بێ زمان و بە هەر تمەنێک کە لە چنگی دەرئەهێنێ، جارێک گیانی ئەکێشێ. دەرگای ژوورەکە لە ناوەوە دائەخات و ددانی تیژ ئەکاتەوە. نازانم سەرەنجامی ئەم دوو مرۆڤە نەگبەتە ئەگاتە کوێ. هەر دووکیان جێی بەزەیین. بەڵام چاوی دیتنی یەکدییان نییە. من خۆیشم... لەحنەت لە چی مرۆڤی نینۆک وشکە!
ماهدەروێش، بە پەژارەوە سەرێکی ڕاوەشاند و وتی:
ــ باوک و فرزەند! ئای! ئامانج! خۆزگە دوو کلۆ قەند ئەبوو و پیاڵەیەک چامان ئەخواردەوە!
ئەسلان، لە بن نیگای ماهدەروێشدا خۆیدا لە کەڕی و سەری داخست. بەڵام قەدیر وتی:
ــ لە دووکانی ئەسلانخان خورمای چاک و تازەم بینی. ئێمەش ئەمڕۆ لێرە میوانین، وانییە؟ کترییەکەی ماهدەروێشیش کە حەوجرتەکی ئەقوڵێ. ماهدەروێش چا بەخورماوە بە لەزەتترە یان بە کشمیشەوە؟
ماهدەروێش پێکەنی. ئەسلان بە ناچاریی هەڵسا و چووە دەرەوە خورما بهێنێ. قەدیر، دەنگی دابەزاند و وتی:
ــ لە گوو وشکی شیرەییش دەس قووچاوترە! گیانی لێبسێنە و پەناپەتێک بخەرە ناو دەستی. هەمیشە، کاتێک مشتەریەکی نەدار داوای قەرزی لێ ئەکات، ئەسلان ئەڵێت: «پارە

لە دەستم، پاشان لە دەرم!» قاحبە باب ئەڵێی لە قنی پێنج قەرانی داکەوتووە!... ئاگات لەویتریان نییە؟ سەر و سۆراخت لێی نییە؟

ماهدەروێش حەزی نەئەکرد باسی شەیدا بکات، یان باسی ببیسێ. ئەمە، قەدیریش ئەیزانی. بەڵام ئەو زانینە، وای لە قەدیری جەڵەب ئەکرد، تا زیاتر سەربخاتە سەر ماهدەروێش:

ـ نەتوت؟ ئەم ڕۆژانە سەر و سەکوتی لە دەوروبەری ماڵی ئێوە دەر نەکەوتووە؟

ماهدەروێش وتی:

ـ دەستە برای گیانی بە گیانی تۆیە و ئەوسا ئەتەوێ سەر و کەللەی لە دەوروبەری ماڵی من پەیدا ببێ؟

قەدیر پێکەنی و وتی:

ـ ئاخر لە سەروبەری ڕۆیشتنیدا زۆر لە ژێر قورسیەکەی ئێوە ڕازی بوو! چای داخ و هێلکە و دۆشاو بە ڕۆنی زەردەوە! پێم وابێ ئەم شتانە بوو وای لە بوندارکرد بیخاتە ناو قەڵماسک و هەڵیدا بۆ لێڕی شۆراو. ڕەنگیشە داهاتی دارکێشان دڵی بونداری بردبوو کە وشترە نازەنینەکانی من بداتە دەست ئەو گەنجە بێ ئەزموونە بیبا بۆ لێڕ و بیانخاتە ژێر باری کۆتەی تاغ و گەون؟!

ماهدەروێش کتری چاکەی لە سەر ئاگرەکە لادا و وتی:

ـ کوڕی کەلایی خواداد، تۆ پیاوێکی زۆر نانەجیبی! ئاخر چ دوژمنایەتیەکت لەگەڵ من هەیە کە ئەم قسە ناشیرینانە ئەدەی بە تەنگەمدا؟

قەدیر بە هەمان شێوە خوێن سارد و مڵۆزمەکەی وتی:

ـ ئەم قسانە کوێی ناشیرینە پیاوی حەساوی؟ تۆی کە دۆست و دوژمنی خۆت ناناسی! چ ڕق و دوژمنیەکم ئەبێ لەگەڵ تۆدا هەبێ؟ سەردەمێک بوو پێت لە ماڵی ئێمە نەئەبڕا و مامەڵەی وشترەکانت سازئەدا. من جارێکیش قسەیەکی ڕەقم پێوتی؟ قەت پێم وتی سەید کارت بەم کارانە نەبێ؟ جارێکیش

پێم وتی ئەوەندە لایەنگری لە بابقولی بوندار مەکە؟ پێم وتی قازانجەکەی ناچێتە گیرفانی تۆوە؟ وتم؟ نەء، نەمووت! هەرگیز پێم نەوتی و هیچکاتیش نالێم! بۆ خۆم سووک بکەم؟ مەگەر بەدەست تۆ بوو؟ بەس زمانی تۆ زۆر چەور و نەرم بوو. هەر ئەوەندە! هاتیت و باکمت خاو کرد. جادووت کرد. کارێکت کرد زمانی بەسترا. بەسترا. ئەوت بەست و وشترەکانت لە دەستی دەرهێنا و خستتە داوی بابقولی بوندارەوە. خۆیشت پارەیەکی ڕەش دەستی نەگرتی. هیچت پێگەیشت؟ وەکوو ڕۆژ لام ڕوونە پێت نەگەیشتووە! ئیتر من چ ڕق و کینەیەکم لە تۆ هەبێ؟ هیچ! تۆیش قنت ڕووتە، لە خۆم خراپتر! بۆیە وەکوو دۆست ئەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. من ئەمانە لە تۆ باشتر ئەناسم. تەمەنێک لەگەڵیان ژیاوم و شاخم لە شاخیان گیراندووە. پێکەوە وەکوو کێرد و دەسکەکەی بووین. ئەڵێن کێرد هەرگیز دەسکی خۆی نابڕێ؛ بەڵام لەم سەردەمەدا گوایە جۆرێکیتری لێهاتووە. کێرد دەسکی خۆیشی ئەبڕێ. ئا، خەریک بووم ئەوەم ئەوت کە من سەروبنی ئەمانە باش ئەناسم. لە هەمووان باشتر هەمان شەیدا ئەناسم، زۆر پێکەوە هەڤاڵەتیمان هەبووە. هێشتاش هەمانە. بە پێچەوانەی ئەم برایەی کە خووی مێروولەی هەیە، شەیدا زۆر دەست و دڵ کراوە و بەخشندەیە. جیفەی دنیایی لای نرخ و بایی نییە. مرۆڤێکی دەسکورتیش نییە. نانبدە و دەست ئاوەڵایە. دڵیشی ڕۆشنە، دڵ ڕەش نییە. ئەمانە لە جێگەی خۆی... خوویەکی تریشی هەیە. ئەزانی ئەمەوێ چی بڵێم؟ قوڕی کرد بە سەر کچەکەی سەیدی تەلەفوونچیدا. هەر ڕایکێشا بۆ هەماری کا و بۆ گەوڕ. هەر ڕاکێشی کرد بۆ ناو دارەکان و بۆی لێدا! هەر شەوانە خۆی هەڵدایە ئەودیو دیوارەکە و ڕەتاندی! چیرۆکەکەی لەگەڵ لالای ژنی چەپاویش خۆ ئەزانی! سەد شتیتریش من لە شەیدای ئەزانم، بەڵام لە بەر ئەوەی هەواڵەکەی نەزڕاوە من نامەو ئاشکرای بکەم. بە کورتیەکەی ڕەوشتێکی هەیە، ئەگەر

ڕۆژێک لە ڕۆژان ژنەکەی باوکیشی چاوی بگرێ، لێی لا نادا، مەبەستم ئەوەیە کە ژنەکەی تۆیش شەنگ و لەبارە. ئاگات لێیبێ! لە قەڵاچیمەندا مرۆڤ تا لابکاتەوە کڵاوی قورمساخی کراوەتە سەری!

ماهدەروێش نەی ئەتوانی سەیری چاوی ڕەش و نیگای ڕووت و گلێنە تیژەکانی قەدیر بکات. گۆزەیەک لە بەردەم بەردێکدا. خۆف. ماهدەروێش لە بن نیگای بێ بەزەیی قەدیردا، مەلێکی بێ پەنابوو. پەلەوەرێک لە بن باڵی داڵێکدا. گیانەسەر. ئەکوڵا و نەی ئەزانی پەنا بۆ کوێ ببات. بەس ئەترسا. لە قەدیر ئەترسا. ئەترسا و دەم بە دەم هەستی ئەکرد بچووکتر ئەبێتەوە. بچکۆلەتر. ڕێک ئەگووشرا. گووشراوتر. تۆپەڵەیەک. ئاخ... ئێسکەکانم!

ـ جگەرەیەک ئەدەی بە مرۆڤ و هەزار نەشتەر ئەدەی لە دڵی پیاو! ئاخر تۆ بۆ ئەوەندە بەدجسنی پیاو؟ چ ڕەقێکت لە منە؟ بۆچی هەر ئەوەندەی لە سووچێکدا گیرت لێهێنام خوێ ئەکەی بە سەر برینمدا؟! بە جەددم فاتمەی زهرا، لە کڕین و فرۆشی وشترەکانی ئێوەدا من هیچکارە نەبووم. من هیچ نەخشێکم نەبوو! من سەیدم. غەریبیشم. پەنام بۆ ئەم قەڵاتە، بۆ پشت دیوارەکانی ئێوە هێناوە. کەی خوا پێیخۆشە هەر کامە و بە جۆرێک توانجم تێبگرێ؟ من لێرە بووم بە بەردی سەر سەهۆڵ:

«سەید وەرە بۆ ئێرە!»

ئەڕۆم؛ پێ ئەکەنێ و درەوێشک ئەکا بە لەشمدا.

«سەید وەرە بۆ ئێرە!»

ئەچم؛ پێ ئەکەنێ و کێردێکم لێ ئەدا.

«سەید وەرە بۆ ئێرە! وەرە سەید!»

ئەڕۆم و دیسانەوەیش ئەڕۆم، بەڵام شوێنی نەشتەرێکیتر بە لەشمەوە ئەمێنێتەوە. تووش بووم. کەوتوومەتە گیری ئێوە. ئێوەش هەر کات بۆتان بلوێ، شیشێک ئەکەن بە گیانمدا! بەزەییتان نییە، ئیوە؟! خوایەگیان. جەددم! جەددم، یا پیغەمبەر

من پەنا بۆ تۆ ئەهێنم، یا پێغەمبەر!

دەنگی شکابوو، گۆزەیەک بە بەردێک بشکێ. دوا ڕستەکانی کۆتایی بە بوغزێکەوە لە گەرووی‌دا تەواو کرد. ڕەنگە لە بەر ئەوەی نەی ئەویست -لانیکەم- قەدیر دەنگی گریانەکەی ببیسێ. وا پێ‌ئەچوو ماهدەروێش شتێک لەگەڵ تفەکەی‌دا قووت ئەدات. شتێک وەکوو گرێیەک. ڕقێکی پەنگ خواردوو. قەدیر، ئەیبینێ خەریکە وردوخاش ئەبێ. دڵی بۆی سووتا. ئەو ساتەی کە مرۆڤ هەستی برایەتی پەیدا ئەکات بەرامبەر بە یەکێکی‌دی. ساتێکی خێرا کە نازانی لە کوێوە هاتووە؟ دڵت هەڵئەکەنێ:

ــ لێم زیز مەبە برام! بۆچی لە خۆوە دڵت ئەشکێ. من لە ڕقا ئەم قسانە بە تۆ ناڵێم. بە مەرگی دایکم، من بەس ویستم وشیارت بکەمەوە. بەس ئەوەندە! ئاخر ئەوە جوامێری نییە، چاوم لێبێ کەمتیارێک ئەدا لە زەوییەکەت، کاولی ئەکا و لەو ڕێگەیەوە کە هاتووە ئەگەڕێتەوە، کەچی من چاوم داخەم و هیچ نەڵیم! ئەگەر منیش نەیڵێم و لێ‌بگەڕێم زەوییەکەت، بەروبوومەکەت، کەمتیار قەپۆزی لێ ئەدا، خراپی ئەکا و چەپەڵی ئەکا. تۆ پێت خۆش ئەبێ؟ ئەوە جوامێرییە؟ من لە بەر خۆت ئەڵێم. تۆ جگە لەو ژنە مەگەر چیت هەیە؟ ها؟ جا ئیتر خۆت ئەزانی! پێت خۆش نییە تۆزێ لۆکە بخنە بە گوێت‌دا. یان ئەگەر پێت خۆش نییە ببینی، بە دەسرێک چاوەکانت ببەستە!

ماهدەروێش لێی پاڕایەوە:

ــ کورە بۆ خاتری خوا ئازارم مەدە!

بزەی ملۆزمانەی قەدیر، جارێکی‌تریش خۆی نواند و ئەیویست بە سەر هاودەردییە ملۆزمانەیەکەی‌دا زاڵ ببێ:

ــ ئەمڕۆ پارەیەکی پشت سەوزم لە توورەکەی کەر پێگەیشت. ئەگەر حەزت لێیە با پێکەوە بچین نەشەی بکەین، چونکە من بەر لە نوێژی دواتر ئەبێ ئەسپەکە ببەمەوە بۆ زەعفەرانی،

ماهدەروێش وتی:

ــ چات بۆ تێکەم؟
ــ چا خۆ بەتاڵی ناخورێ!
ماهدەروێش وتی:
ــ خەریکە دێت، ئەوەتا!
ئەسڵان لای کوانووەکە دانیشت، چوار پارچە خورمای پێکەوەلکاوی لە کاغەزیکەوە پێچابوو، داینا و وتی:
ــ قەرز! قەرز! هەر کەس دێت قەرزی ئەوێ! وا ئەزانن من گەنجینەم هەیە! تا ئەم زستانە تەواو ببێ و بگەینە ساڵیتازە، نە ماڵی خەڵکی هیچی تیا ئەمێنێ و نە دووکانەکەی من. بابە گوڵاو بوو. بەو چاوە خواروخێچەیەوە. بە گۆچان ڕاوەشاندن خۆی کردووە بە دووکاندا و چەلەحانێ ئەکات! هەر چیرۆکم بۆ ئەڵێ. هەی ئیمام و پێغەمبەران، گۆچانی مووسا و هەناسەی عیسا و گوڵی ڕووی محەمەد؛ هەمووی تێکەڵ ئەکات. بەڵام من ئەزانم دەردی چیە؟ قەرزی ئەوێ و ڕووی نییە ڕاستەوخۆ دەردەکەیم پی بڵێ و سەرم نەخوات. هەر ئەڵێت و هەر ئەڵێت! ڕاست و درۆ تێکەڵ ئەکا و ئەیدا بە قەبرغەی مندا. کوێرە ئیتر! خۆ چاوی لە هیچ نییە و شەرم و حەیاش هەڵناگرێ. لێی ئەپرسم چیت ئەوێ پێم بڵێ و بیبڕێنەرەوە؟ حەوت هەشت پارچە کاڵام بۆ ڕیز ئەکا! لە نۆک و لۆبیاوە بگرە تا مەرەزە و دەرمانی گەرم. ئەڵێی لە ماڵەکەیدا پەڕی کایەکیش دەسناکەوێ. تا خستمە ڕێ سەد هەزار جار دۆعای بۆ کردووم. هەر ئەڕوات و دۆعا ئەکات. قسە ئەکا و نزا ئەکا! ڕەنگە تا ئێستەش هەر بەردەوامە. بەو چاوەکوێرانەیەوە هەواڵی هەموو دنیاشی هەیە. ئەیوت لە لای تاغی دوو جەندرمە بە ئەسپ و تفەنگ و فیشەکدانەوە بێ سەروشوێن بوون! بەو جۆرەی بابە گوڵاو ئەیوت، لە ناو بەفرەکەدا گیریان کردووە و لە سەرمادا ڕەش بوونەتەوە. پاشان گورگەکان ڕژاون بە سەریاندا. دەوریان گرتوون. خۆشیان و ئەسپەکانیشیان دەسبەجێ خواردووە. بابە گوڵاو ئەیوت، ئەبێ کەوتبێتنە ناو

چاڵە بەفرێکەوە. ڕەنگیشە ناو بیرێکەوە! ئەیوت لەم شتانەی پێشتریش زۆر بیستووە و بینیوە. چووزانم؟!

قەدیر پیاڵەکەی ڕاکێشا بۆ لای خۆی و وتی:

ـ ئەم بابە گوڵاوەش بە ئەندازەی سەد بەرامبەری تەمەنی فشەئەکات. هەند شەوان کە ئەکەوێتە چیرۆک گێڕانەوە، درۆی وا ئەکا هەر وشەیەکی نیومەن ئاو ئەکێشێ. خۆ بیستووتە! ئێستەش هەروا. منیش بیستم دوو جەندرمە لای سوورکێو ون بوون. بەڵام خۆ کەس لەوێ نەبووە تا بزانێ چۆناوچۆن تیاچوون. کێ چووزانێ؟ ئەگەر کەس لەوێ بووە و بینیوێتی گورگەکان جەندەرمەکانیان هەڵدڕیوە و خواردوویانە، ئەی چۆن کاریان بەو نەبووە. نەکا ڕۆحیانەتی بابە گوڵاو لەوێ بووبێ؟! ها! پیرەمێرد لە خۆوە چاخان ئەکات. حەقیشیەتی. ئەوەندەی چیرۆکی ئەمیر حەمزە و نەجما و حسێن کوردی گێڕاوەتەوە، ئەوەندە شەوی لە قەڵای بەردەباران لەگەڵ ئەرسەلان گەیاندۆتە ڕۆژ، زمانی فێری چاخان بووە. درۆکردن ئیتر وەکوو ئاو خواردنەوەی لێهاتووە بۆی. بەڵام من بۆ شتێک نیگەرانم. براکەی تۆ، شەیداش، پێم وابێ بۆ دارکێشان چووە بۆ ئەولایە، وانییە؟ وشترەکانی هەڵگرت و چووە بۆ ئەوێ پێم وابێ. بۆ تاغی و چەمی شۆراو، وایە؟

ئەسلان، لە سەر نیگای قەدیر هەڵوەستەیەکی کرد و وتی:

ـ لەگەڵ کەلمیشیەکانە، لە بەر چی؟

قەدیر، سەری داخست و وتی:

ـ لەوە ئەترسم نەکا خوا نەخواستە، پێی لەو جۆرە کێشانەدا گیر بکات!

ئەسلان ددانەکانی لە چیرەوە هێنا و وتی:

ـ شەیدا چیداوە لەو کارانە ها؟ تۆیش دڵت خۆشە، دانیشتوویت و قسەی قۆڕ ئەکەی!

قەدیر وتی:

ـ هەڵمەچۆ! بەس بۆچوونی خۆمم وت. ئەویش لە بەر

چاکەیە. شەیدا هەڤاڵی منە، ئاخر! ئەرێ شتێکیتر، ئەگەر بوندار ئەیەوێ وشترەکان بکوژێتەوە، ئیتر بۆچی باریان پێ ئەکێشێ؟ مەگەر بار بە وشتری پەرواریش ئەکێشن؟

ـ من چووزانم! لە خۆی بپرسە بۆ وشتری پەروار ئەنێرێ بۆ بارکێشان؟

ـ دیارە نایەوێ سەریان ببڕێ؟

ئەسڵان لە قەدیر مۆڕ بوویەوە و بە توندی وتی:

ـ با، دڵنیابە ئەیانکوژێتەوە. با چوار قەران دەستی خەڵک بگرێ و بتوانن گۆشت بە نەخت بکڕن، بۆ خۆم یەکە یەکە سەریان ئەبڕم.

ـ کەی یەکەم دانەی سەر ئەبڕی؟

ـ شەوی نەورۆز!

ماهدەروێش وتی:

ـ هاتنەوە! سەیرکە چیان لەگەڵ خۆیان هێناوە؟ کار، کاری بەلووچ بووە. سەیری ئەو شاخانە! بەرەکەت بکەی هەی!

ئەسڵان هەڵسا و چووە دەرەوە و، قەدیر خۆی دانەواند و سەیری حەوشەی کرد.

بەلووچ، بزنە کێوییەکی بە پشتیدا دابەستبوو. خەریک بوو دای ئەگرت. هەتاو لە ڕوخسارە سووتاوەکەی دابوو و ئارەقەی بن گوێکانی ئەبریسکانەوە. ئاسکەکەی داگرت و وەکوو پاڵەوانێکی ملبەکوێن کشایەوە و لە لایەکەوە وەستا. لەو بەری بزنە کێوییەکەوە جەندرمەیەکی باڵا بەرز وەستابوو، تفەنگێکی بە شانەوە بوو و شاخێکی سمێڵی خستبوویە بن ددانی و ئەیجوو.

ئەسڵان بای دایەوە بۆ سەر پلیکانەکە تا هەواڵەکە ببات بۆ باڵەخانە.

ماهدەروێش و قەدیر لە چێشتخانە هاتنە دەرەوە. بابقولی بوندار لە دەرگای دیوەخانەوە دەرکەوت و هاتە بانیجە و بە سەر مەعەجرەکەدا شۆڕ بوویەوە، ڕاست بوویەوە و لە خۆشیان یەک

بە خۆی قیژاندی. قوربان بەلووچ سەیری ماهدەروێشی کرد و بزەیەکی بۆ کرد. ماهدەروێشیش بە چاوە ڕەشەکانی پێکەنی. مووسا سەری لە دەرگای کارگەوە هێنایە دەرەوە. بزنەکێوی و پیاو. شێرۆ لە پشت شانی مووسا وەستا و چاوە ترساوەکانی بڕییە ناو حەوشە. مناڵ لە ناو دەست و پێی مووساوە، سەریان دەرهێنابوو و سەیریان ئەکرد. شۆفێری سەرۆکی جەندرمە، خەواڵوو لە هەمارەکە هاتە دەرەوە، باوێشکێکی‌دا، مشتەکانی کوتا بە سندۆقی سینەی‌دا، پێڵووەکانی هەڵگلۆفی و چوو بۆ لای هاوکارەکەی. شۆفێری ئالاجاقی شەلاڵی ئارەقە خۆی کرد بە حەوشەدا و یەکڕاست چوو بۆ چێشتخانە، قەدیر سەیری کرد و لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ توخمی زۆڵ! خۆشی نازانێ باوکی کێیە؟ ئەربابەکەشی. توخمی زۆڵ!

سەرتیپ فەربەخش، ئالاجاقی و نادعەلی پاش تاوێک هاتنە بانیجە و وەستان بۆ سەیرکردن، تەماشای هەبوو!

## بەندی سێیەم

پانایی بەرهەراوی بیابان، لە بەر چاودا وەکوو کەوڵپۆسی پڵنگێگ خۆیای ئەکرد. خاڵ لە پشت. خاڵخاڵاوی. سپی لە سەر ڕەش، ڕەش لە سەر سپی. زەوی خۆی ڕووت ئەکردەوە.

پیاوانی مە، بە شیوی چەماوەی ڕێگەی قەڵاچیمەندا، بە سواری ئەسپ، چاو لە چاوی هەتاو داکشان و پێیان نایە ناو نزارەکە. بە هەورازی قەراخ نزارەکەدا بایان دایەوە بۆ پشت گردی غوڵامۆ و کەوتنە سەر ڕێی زەعفەرانی. ڕێگە، لە بن کێوی ئوللەر، بە لابەلای ئەو بەردانەی لافاو تلی کردبوونەوە بە هەوراز و هەڵەتێکی هەڵەمووتدا تێئەپەڕی. تەلەبەرد و خڕەی ورد و مەزن، بە بیچمی جۆراوجۆر، پەڕاگەندە و بێگانە لەگەڵ یەکدی، لێرە و لەوێ وەکوو خەڵکێکی پەککەوتە، لە سەر خاک و لە ناو خاکدا چەقیبوون؛ وەکوو بڵێی هیوای هەڵسانەوەیان لە بەر بڕابێ. سەر پشت و سەکوتی هەموو بەردێک بەفر داپۆشابوو و ئەولاسیلەی بە هالاوی تیرێژی خۆر گسک درابوو، پەڵە پەڵە مۆری ئەکردەوە. خۆر لە داچووندا بوو و سێبەری بەردەکان بەردەوام درێژ ئەبوونەوە. تیشکی هەتاو، کچێنی بەفرەکەی شەقاردابوو و لە سەر کەوڵپۆسی سپی بیابان، جێجێ خاڵی ڕەشی بۆ کوتابوو. زەوی لە هەموو جێگایەکدا؛ پەڵە پەڵە، ناو بەناو، ڕوخساری لە بن دەمامک دەرهێنابوو و پێستی ڕەش و شێداری دابوویە دەس

سەرپەنجەی تیشک و لە پشکووتنی خۆیدا، ئەتوت پێکەنینیک وا لە ژێر پێستیدا. خەندەیەکی زەڵاڵ؛ وەک ڕۆینی ئارامی ئاو. حەزی ئاوێتەبوون لەگەڵ هەتاو، لە لەشی تەڕی خاکدا ئەجۆشێ. ئاسوودە، ئەیویست هەناسە بدات. ئاسوودە، ئەیویست بخەملێ. بۆیە، بەفرەکەی بەدڵ هەڵئەمژی تاکوو زووتر لەشی بدات بە هەتاو. گەڕان. زەوی، کراسی خۆی ئەدڕێنێ؛ شانی مۆری غوڵامۆ، لە بن نەوازشی پەنجەی سپی کەیبانوویەک.

شەوق! دڵ لە شەوقدا لێئەدا.

ـ تۆ چیت بە بیردا دێ؟

شان بە شانی یەک، ئەسپەکان وێرغەیان ئەکرد. لوولەی لووتیان هاڵاوی لێئەهاتە دەرەوە و ئاسنی لەغاوەکە لە بن ددانیاندا تەقەی ئەهات. سمیان لە قوڕ و بەفر ئەچەقی و بەفراوێکی سوورباوی بەملاولادا ئەپرژاند و کاتی ڕۆیشتن، لە سپەری سینەی ئەسپەکاندا، سەمایەکی لەبار شەپۆلی ئەدا. جووڵەی دەستەکان، تەختی سینەی چاڵ ئەکرد، پڕی ئەکردەوە؛ ملیانی بۆ پێشەوە و بەرەو سەر و گوێیانی قوت ئەکردەوە.

قەدیر، لکابوو بە زینەکەوە و شانەکانی تۆزێ کووڕ ببوون. قۆپچەکانی کەواکەی توند داخستبوو؛ سەرەڕای ئەمەش لە سەرمای ڕەشەبادا، نووکی لووت و سەرگۆنای شینەوە ببوو و گەنەتووکی سەرگۆنا و نەرمەی گوێ و سیلەی برۆکانی ڕەپ ببوون. پێڵووەکانی تۆزێک نیشتبوو و کزەی با، ئاوی بە سیلەی چاوەکانیا دائەباراند. ملی باریکی خزاندبوویە ناو شانی و لێواری سەرکڵاوەکەی تاسەر گوێی داکێشابوو و جارجارە نەرمەی گوێکانی ئەهێنا بە شانیدا. لووتی هەڵئەلووشی و هەوڵی ئەدا چەناگەی سڕ بووی بە هاڵاوی هەناسەی گەرم بکاتەوە. بۆ ئەمکارە هەناسەی ڕائەگرت و تاونەتاوێک وەکوو ئاڵقەیەک دووکەڵ فووی ئەکرد بە سەر چەناکە و نووکی لووتیدا. بەڵام ئەمە خۆی خراپتربوو، چونکە هەڵمی هەناسە دەسبەجێ ئەبوو

بە ئاونگی ڕچاو.

نادعەلی، ملپێچە ڕەنگ وشترییەکەی چوار جار بە دەور مل و چەناگەیدا ئالاندبوو؛ بە شێوەیەک کە لووتی و نیوەی گوێکانی داپۆشرابوو و گەرمای هەناسەی بن شاڵگەردنەکەی گەرم کردبۆوە. گوێچکەکانی کڵاوە سەنگەسەرییەکەی داکێشابوو و لە ڕوومەتی تەنها دووچاو و دوو برۆی ڕەش بەدەرەوە بوو. یەخەی وەرگەڕاوی چۆخە خورییەکەشی تەختی سینەی وەکوو کەوای مراخانی داپۆشابوو. قایشێکی لە سەر چۆخەکەوە بەستبوو و دەستەوانەی سپی خوری لە دەستدابوو و تا سەر مەچەکی هەڵیکێشابوو. قەیتانی پۆستاڵە کورتەکەی توند کردبوو. پووزەوانەی بووزووی تا لای ئەژنۆ و باڵەکانی چۆخەکەی خستبوویە بن ئەژنۆکانی و ڕەپ و ڕاست لە سەر ئەسپەکە دانیشتبوو. ئەو کە ڕێگەی بە سەرمای دەرەوە بەستبوو، گەرمای دەروونیشی لەگەڵ بوو. خوێنی بە ئەلکول گەرم بوو.

قەدیر بە خۆی ئەوت: «گەرمە! سەرگۆنای سوور هەڵگەڕاوە! ئەبێ واشبێ!»

ــ ئەمشەو، زەوی لە سەرمان قەڵەش ئەبات!

نادعەلی لێوەکانی لە بن شاڵەکە هێنا دەرێ و وتی:

ــ گوێت لێ نەبوو چیم لێپرسیت؟ نەت بیست؟ ها؟

قەدیر هاتەوە بە خۆیدا:

ــ بەڵێ ئەرباب؟ نا ئەرباب! گوێم با خنیوێتی.

ــ پرسیم تۆ ڕات چیە؟

ــ سەبارەت بە چی؟

ــ ئاو و زەوییەکەم. ئەوەی کە هەمە، دوو شەو ڕۆژ ئاو زەوییەکەم بدەم بە ساڵانەکرێ یان نا؟ تۆ پێت چۆنە؟ بیدەم یان نا؟ ها؟

قەدیر، ئەوساش دەنگی نادعەلی بیستبوو و زانیبووی ئەو ئەڵێ چی. بەڵام سروشتی ئەو وا داڕێژرابوو ئەو شتەی کە

ئەیوت، یان دەربارەی ئەپرسیّ، سەرەتا هەڵوەستەی ئەکرد و هەوڵی ئەدا لە دوورەوە دەستی بگریّ بە سەر ئاگرەکە دا و پاشان ئارام ئارام بچێتە ناو بابەتەکەوە و شوێنی خۆی لە گۆشەیەک، لە سووچێکدا دیاری بکات. ئێستەش وابوو، ئەو زووتر لە خودی نادعەلی لەوە تێگەیشتبوو کە بابقولی بوندار، ئالاجاقی داوەتە پێش خۆی بۆ ئەوەی میراتەکەی حاجی حسێنی چوارگوێشلی لە دەستی نادعەلی دەربهێنیّ و بیداتە دەس بوندار. قەدیر باش ئەیزانی کە پێکهاتنی ئەو دەمودەزگایە بە ڕێکەوت نەبووە. پێشبینی کراوە و داڕێژراوە. هاتنی فەربەخش، میوانی و ڕاو. قەدیر هەموو ئەمانەی دانە بە دانە ئەبینی و تیّ ئەگەیشت. لە شپرزەیی و پەرێشانی دەروونی نادعەلیش بیّ ئاگا نەبوو. لە هەمووشت زیاتر، لە بەند بەندی ئەم بگرە و بەردەیەدا، خۆیشی لە بیر بوو و گەلاڵەیەکی لە مێشکیدا دائەڕشت. مەیدانێکی ئاوەڵەی لە بەردەم خۆیدا ئەبینی؛ ئەگەر بەختی یار بیّ و بتوانیّ پێی تیّبخات. تەنهایی و پەرێشانی نادعەلی، دەرفەتی ئەوەی پیّئەدا خۆی پێوە پینە بکات. پێوەی بدووریّ. بۆ ئەوەی سەر و بنی داراییەکەی نادعەلی بێتەوە یەک، تەنها یەک کەس بەس بوو. یەکێکی هەڵسووڕاو. پیاوێک کە جەربەزە، لێبڕاویی و وشیاریی هەبیّ. شارەزایانە بجووڵێتەوە. پیاوێک کە بتوانیّ گزیرێکی کارامە بیّ. تیشکی نیگا و وشەی بەبڕشت و گوێی تیژی هەبیّ. ئەمانە و جگە لە مانەش، تۆزقاڵێک ناپیاویی. کە لەم یەکەیاندا قەدیر کەمی نەئەهێنا.

ئەم کابرایە، ئەو بوو، قەدیر! چی لە گزیرەکانیتر کەمتر بوو؟ هیچ . کە وا بوو، ئەگەر بەختی تەنها تۆزێک بهاتایەت بە یارمەتیەوە، قەدیر ئەیتوانی ببیّ بە ئاغە و خاوەن دەسەڵاتی داراییەکەی نادعەلی. گرفتەکە خودی نادعەلی نەبوو. قەدیر، لە خۆی ڕائەبینی لە بیر و دەروونی نادعەلیدا جێی خۆی بکاتەوە. بیکات بە مریدی خۆی. بە نادعەلی بسەلمێنیّ پیاوێکی وەکوو

قەدیر -خۆی- بەکاری ئەو دێت. بەڵام گیری کارەکە لە شوێنێکی دیکەدا بوو. دوو ماری پیر! بوندار و ئالاجاقی. ئەوان ئەیانویست بکەون بە سەر داراییەکەی نادعەلی‌دا و دەستی بە سەردا بگرن و جەوانی نەشارەزا بە شەقێک لە سەر سفرەی خۆی هەڵدەنە دەرەوە.

ــ ئا! مەشەدی قەدیر؟ بێدەنگی؟! ئەترسی وەڵامم بدەیتەوە؟ لەوە ئەترسی بگاتەوە بە گوێی ئالاجاقی و لە قەڵاچیمەن فڕێت بداتە دەرەوە؟

قەدیر، قەپۆزی بۆ لای نادعەلی سووڕاند و بە دەنگێکی بڵێندتر، بەو ڕادەیەی کە بتوانێ باکە ببڕێ، وتی:

ــ ترسم لە چی هەبێ ئەرباب؟ گریمان لە قەڵاچیمەنیش دەری کردم. چیم هەیە لە قەڵا چیمەن بەجێ بمێنێ؟ ئاو و زەوی یان وشتر و گا؟ ئەو شتەیش کە ئەمویست پێت بڵێم، وتم. تۆ لە بیرت چۆتەوە! بەر لەوەی بگەینە قەڵاچیمەن، چیم پێ وتی؟ وتم بلکێ بە زەوی و داراییەکەتەوە. چووزانم! ڕەنگە ئەیانەوێ دەنووک لە داراییەکەت بدەن! من خۆم خەنجەر خواردووم. خۆ پێم وتی. هەندێ جار مرۆڤ بە بێ خەیاڵ لە بیابانێکی بەفر گرتوودا ڕێ ئەکا، بەڵام خۆیشی نازانێ کە زۆر چاو، چاویان لێیەتی. گورگەکان! ئەوان ئەچنە بۆسەوە تاکوو ئەو لە شوێنێکدا چۆکی بلەرزێ و دەوری بگرن. من، هەموو ئەم قسانە پێشتر لە پەردەدا بە تۆ وت، ئەرباب! پێم نەوتی ؟

لەسەر وشەی ئەرباب، قەدیر قورس ئەوەستا. وەکوو ئەوەبوو کە ئەیویست باری قسەکەی خۆی لە مێشکی نادعەلی‌دا بچێنێ. ئەیویست خۆی لە بیری نادعەلی‌دا جێ بکاتەوە. وا قسەی بۆ ئەکرد گوایە لێی نزیکە. وەک بڵێی تەمەنێک لەگەڵ نادعەلی ژیاوە. وەک بڵێی ئەو گەورەی کردبێ و قەیتانی پۆستاڵەکانی بۆ بەبستێ. نادعەلی لە ڕیزی ئاغاواتدا نەئەهاتە ئەژمار. بەڵام قەدیر خۆی لە ڕیزی نۆکەردا دائەنا. خۆی بە نۆکەری نادعەلی

ئەدایە قەڵەم. بەو شێوەیەی کە نادعەلی هەست بە جیایی لە نێوان خۆی و ئەودا نەکا. قەدیر ئەڕۆیی تاکوونێ بخزێتە ناو دەروونی نادعەلیەوە. هێلانەی تیا بکات. لە ناوەوە بە سەریدا زاڵ ببێت و لەغاوی بگرێ بەدەستیەوە. قەدیر، شەیتان بوو.

ــ واتە تۆ ئەڵێی ئاو و زەوییەکەم نەدەم بە کرێ؟

ــ کەی من قسەی وام کردووە ئەرباب؟ من کێ بم بمەوێ ڕێ بخەمە بەر پێی تۆ؟ خەریکین قسە ئەکەین ڕێگەکە کورت بکەینەوە. مەبەست بەس ئەوەیە!

ــ ئەزانم. ئەمە ئەزانم. بەڵام هزری دووان، لە هی یەکێک زیاترە. من خەریکم ڕاوێژ لەگەڵ تۆ ئەکەم. ئاخر، هەرچی بێ تەمەنی تۆ لە من زۆرترە. دنیا دیدەتری. زیاتر لەگەڵ ئەمجۆرە کەسانەدا سەروکارت هەبووە.

ــ هەمیشە، ئەرباب.

ــ هەر ئەوە ئەڵێم. هەمیشە سەروکارت هەبووە. ئەیانناسی. من و تۆیش پێکەوە نان و نمەکمان خواردووە ئیتر! چی تیایە ئەگەر ڕێیەکی باشت پێشک دێ بە منی بڵێی؟ ئەمەوێ بزانم تۆ چی بە باش ئەزانی؟

قەدیر، تەڕایی چاوی و نووکی لووتی بە لەپی دەست وشک کردەوە، تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان، کوێخایانە وتی:

ــ من بە باشی نازانم، ئەرباب!

ــ چی بە باش نازانی؟

لای دیواری کاروانسەرای گەورە، لە بەردەم گوندی زەعفەرانی، قەدیر، لەغاوی ئەسپەکەی ڕاکێشا و وتی:

ــ من ئەسپەکەی ئاغە ببەم بیدەمەوە بە کوێخا حەسەن، ئەرباب. چاکە و خراپەیەکت لە من دیوە، گەردنم ئازاد بکە. ئیشەڵڵا جارێکیتر پێک ئەگەینەوە، بە گوتەی باپیران. کێو بە کێو ناگا، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ ئەگا. دەی ئیتر، خواحافیز!

ــ چی؟! خواحافیز؟ یانی ناتەوێ لەگەڵ من بێی؟ پێم وابوو

پێکەوە هاوسەفەرین.

قەدیر، پاش ڕامانێک، لچێکی داشۆڕاند و وتی:

ـ بۆچی بێم ئەرباب گیان؟ من هەر بارم بە سەرتانەوە! خۆ من ناتوانم هیچکارێک بۆ تۆ بکەم و هەروا بە ڕێکەوت یەکدیمان بینیوە. ئای، ڕەنگە ئیشەڵڵا جارێکی‌تر بەیەک گەیشتینەوە. خوات لەگەڵ!

نادعەلی وتی:

ـ قسەکەمان تەواو نەکرد. بڕۆ ئەسپەکە بدەرەوە و وەرەوە بۆ ئێرە! پێکەوە ئەڕۆین. خۆ کارت نییە؟

ـ کاری چی، ئەرباب. بەڵام بۆکوی بچین؟ هەتاو خەریکە دائەچێ. ئەمڕۆ ناگەینە هیممەتئاوا. ئەویش بەم سەرمایە. مەگەر ئەوەی!

ـ مەگەر ئەوەی چی؟

ـ من هیچ . ئێوە خۆتان. ئەگەر بتەوێ بڕۆی، شەو بە ناچاریی لە سەر ڕێ، لە چاخانەیەک ئەبێ لابدەی. هەواکەی زۆر دڕە.

ـ چاخانەی ئاشناکەمان، مەتی سەکینە چۆنە؟ سوڵتان ئاوا؟

ـ شوێنێکی پەنا و باشە. بۆ خۆیشی ژنێکی خوێن گەرمە. بە ڕاستی ئەرباب! لە بیرمە کە ئێوە بە دوای یەکێکدا ئەگەڕان؟ کچەکەی خزمتان. ئەگەر لەوێ لە چاخانەکەی مەتی سەکینە لابدەی، ڕەنگە بتوانی قسەیەکی لە بن زمان دەربهێنی. دەنگوباسی ئەم وڵاتەی هەموو لە لایە.

نادعەلی وتی:

ـ کە وا بوو من هەر لێرە وەستاوم. گورج بڕۆ ئەسپەکە دابنێ و وەرەوە!

ـ هەر جۆر فەرمانی بەرێزتان بێ، ئەرباب! من سەگی کێ بم گوێ لە قسەی ئێوە ڕانەگرم؟ ئەفەرمووی وەرە، دێم. چی بکەم. بە سەر چاو. ئەڕۆم و دێمەوە. تا هەرشوێنێک ئێوە. بفەرموون، دێم. بە پێی پیادە دێم!

بە خۆشیەکی شاراوە لە ژێر پێستی‌دا، قەدیر لەغاوی بەرەو قەڵاتی زەعفەرانی سووڕاند و ئەسپی تاودا.

نادعەلی، ئاوەزەنگی بەتاڵ کرد، هەوساری ئەسپەکەی بە ماڵبەندی بەردەرگای هۆدەکەی دەرەوەی کاروانسەراوە گرێدا و بۆ میزکردن چووە پەنای دیوارەکە و پاش تاوێک گەڕایەوە و لای ئەسپەکەی وەستا.

ئێوارە داهات و هەتاوی نوێژێکی دی، دڵی بەفرەکەی ئەتواندەوە. لە بەر تاوی خۆرەکەدا، جۆگەلەی باریک باریک، هیڵی لار و لەوێری لە سەر پێستی بەفرەکە بەدی هینابوو و باریکەی ئاو، زەلاڵ وەک فرمێسک، لە ناو جۆگەلەکان‌دا بە قۆرتدان و بەرەوخوار ئەخزان. سەرخۆش و زەلاڵ و گەش. کیژۆڵەی لە گەرماو گەڕاوە؛ بە لەنجە و پێکەنین؛ بەرەو ماڵەوە. گۆنا گەش و چاو ڕوون و پرچ و کەزیە تەڕ.

لەمبەر دیواری ئەستووری کاروانسەرا. دیواری کۆنینە بوو. چ بینایەکی بەشکۆیە. ئێوارە خۆر، داوییە لە خشتە سوورە لێک ئالاوەکانی و سوورایی پیر و ماتی گەشاندۆتەوە. کەرپووچی مەزن، ئەستوور و خۆگر. خشتی تۆکمە! کامانە پیاو ئەمانەیان لە قاڵب داوە؟ کامانە پیاو ئەم خشتانەیان دەستاودەست کردووە. لە هێسریان بارکردووە و لە کوێوە هێنابێتیان؟ کامە پیاوان ئەم خشتانەیان لە کارکردووە، دایاننائوە و، کامانە پیاوی خشت ئاوێژ، ئەم خشتانەیان هەڵداوە؟ ئەبێ بەقەد دێوێک بووبێتن ئەو پیاوانە! پیاوانی ڕابردوو، غوولی قۆز و مێزەر بە سەر، شاقەڵی سەڵتەیان کردووە بە بەرپشتوێن‌دا، دەرلینگیان هەڵکردووە، مەچەکیان بە مەچەک بەند، بەستووە؛ پیاوانی شیلەی ڕەنج! خەڵکی هاتوون بۆ تەماشای شکۆمەندی. پیاوان لە کاردان. خشتەکان دەستاو دەست ئەکەن، بۆ لای پایەی دیوارەکە، دواین دەست:

خشت هاوێژ، مێزەرەکەی کراوەتەوە و ناوچەوانی شەلاڵی ئارەقەیە. جەوان نییە. پیریش نییە. سەرەپیاو. ڕاوەستاو و بەخۆ.

میهر و تەندروستی تاو بە تاو ئەپشکوێ. نیگای مژدەهێنەری هەموو ڕاستیەکانە. خاڵێک لە سەر گۆنای و سمێڵێک لە پشت لێوی. چەناکە و گۆناکانی لە چین چینی خشتی سوور ئەچێ. هەتاو لە ناوچەوانی کراوەی ئەدا. هەتاو لە دەشت ئەدات. کەنینیک وا لەڕوخساری‌دا، خەندەی خۆشی. شکۆی عەشق. گیان بێ ئوقرەیە. خشتەکە وەر ئەگرێ. خشت، پان و زبر و جوانە. ڕوو لە سەرەوە، لە بەرزایی دیوار ئەکات، پیاو. نیگا لە داربەست تێ ئەپەڕێنێ. لەوێ، لەو سەرە، وەستاکار خەریکی سازکردن و دروستکردنە، نیگای خشت هاوێژ و وەستاکار بەیەک ئەگەن. وەستاکار، دەستی قوڕاوی خۆی بۆ خشت ئەکاتەوە، بە هوویەک، باڵ بەخشتەکە ئەگرێتەوە و بەرەو خودان ئەیفڕێنێ. دەستانی خودان، دەستانی وەستا، خشتی باڵندە لە حەوادا ئەگرێتەوە؛ ئەوسا خشت لە سەر خشت. شەوق. بە لە سەر یەک دانانی هەموو خشتێک پزیسکە لە نیگای پیاوان ئەبێتەوە. هەر پەنجە و ئەستێرەیەکی لێ ئەزێ. هەموو بیرێک توێژێکی لە سەر کەڵەکە ئەبێ. گەشەکردنی گیان و ژیان.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، شەو لەدوای شەو. مانگ ئەڕوات و ساڵ ئەڕوات. غەم و شادی لێک گرێ‌ئەدرێن، ئەدرەشێنەوە و تێپەڕئەبن. پیاوان ئەمرن، پیاوان ئەڕوێن. هەندێ لە پیاوان گیان بە ئەمانەت لە قەڵەشی دیوارەکان‌دا جێ ئەهێڵن. هەندێ لە پیاوان، لە دەروونی خشتەکان‌دا، دێنەوە ژیان. هەندێ لە ژنان شیوەن ئەگێڕن، هەندێ پرچ ئەڕننەوە. کەیبانووی خشت هاوێژ هاوار و ناڵە لە گومەزی بیناکان‌دا، سەرگەردان ئەبێ. گریان، بێهوودە. ئەو داماوانەی وزە لە گیانیان‌دا نەماوە، لە بن قامچی دەسەڵاتداران‌دا گیانیان دەرئەچێ؛ نەفرین. نەفرینیان لە ڕێی ئاسمان‌دا ون ئەبێ. ون ئەبێ. ون ئەبێ. خامۆشی ئەشەڵەژێ. شەڵەژان خامۆش ئەبێ. تەمەنێک ئەڕوا، چەندین تەمەن. گیان و هەبوون، بووگن بە خشت و پایە و دیوار و بنمیچ. هەبوون لە

هەبوون ژیاوەتەوە. پیاوانی مە، جووتیار و شوان و دەشتەوان و وشترەوان، گیانی خۆیان بەخشیوە. بینا، گیانی وەرگرتووە. ساز و پەرداخت، زیندوو. سالاری ڕێ قرقێنە ئەدات. ماوەکان، پاش ماوەی مردوان، بەرەو ماڵ ئەبنەوە. شیوەنی بێوەژنان لە کاسەی سەری زیندوان. کار تەواو. ئاش بەتاڵ!

نادعەلی دەستی ئەنێ لە پەیکەری کۆنینەی دەرگاکەوە. دەرگا بە ناڵەیەک لە بنی ددانیەوە، دەم ئەکاتەوە و هەڵی ئەلووشێ: دالان. خامۆشی بڵێند و سێبەر. بۆنی کەڤن. لەمبەر و ئەوبەر، هۆدەی بچووک و دەرگای بچووک. شوێنی دالاندار. لە دالانەکە تێ ئەپەڕێ. حەوشە؛ هەروا و چوارگۆشە. ژوورەکان بەڕیز، ژووری بەتاڵ. دەرگای شکاو و نیوەشکاو، سووتاو و نیوە سووتاو. خشتە سوورەکان بێدەنگ و کۆنە و ماندوون. جێ جێی دیوار قەڵەشاوە. پەڵە پەڵە سواخەکەی داڕووخاوە. ناو سووچی دیوارەکە، شوێنی ئاژەڵ و پاتاڵ. نادعەلی سەری ئەباتە ژوورەوە: دووکەڵاوی، چاڵ و چۆڵ، بێکارە، پیس و پۆخڵ. دێ بۆ ئەمبەر. لای گۆشەی چەپ، بنمیچەکە، قیت و قۆز خۆی ڕاگرتووە. پاڵەوانێک، کە نایەوێ سەنگەرەکەی جێ بهێڵێ. ژێر بنمیچەکە، سەکۆیە. پان، خڕ و پێیەک بەرز. دەوراندەوری سەکۆکە، هەوسار بەندی ئەسپە. چاخانە. ئەبی چاخانە بووبێ! بەڵام؛ پیاڵە دیار نییە. خاکی کۆنە، بەرامەی شەرابی دزێوە. حیلەی ئەسپەکان مردووە. قوڵتەی نێرگەلەی تەماکۆ لە درزی خشتەکاندا جێی خۆشکردووە، قوڕوقەپ. پیاوانی کڵاو لار و کاکۆڵ ڕەش و برۆ تیژ و سمێڵ بابڕ بەگیوەی یەزدی هەورێشم و پووزەوانەی ڕەنگاو ڕەنگەوە. لای سەکۆکە دانیشتبوون و شانیان دابوو بە دەم پێکەنینەوە، ددانە سپیەکانیان دەرخستبوو، مردبوون. هەراوهۆریای کڕین و فرۆشی ئەسپ. گاڵتەکردن، گرەوکردن و تووڕەبوونیان. نەڕە و قیژەیان، خرۆشیان، یاریکردنیان، سەما و ئاوای سازەکەیان لەو ناوەدا سەرگەردانە. زۆران گرتن، حەزلێکەری؛ نوێژی پاش

شەرابخواردنەوە، شەونخوونی؛ گەردی سەفەر، گۆرەوی بازی و شانامەخوێنی؛ دەمەوبەیان قووقەی کەڵەباب و زکری بەیانەی زیارەتگەران؛ هەرهەمووی مردووە. نەگەڕانێک؛ نە هەرا و نە نەڕەیەک. نووکی شمشێر ئیتر، لە سەر سفرەی سەکۆیەک دانانرێ. باڵی چۆخە و مێزەرەی سەر لە کازیوەدا خۆی نانوێنێ. لە ناو مەیدان سەما نییە. پیاوەکانی ڕابردوو، ڕندان و زەبەردەستان و قەلەندەران و ڕێبانان و دلێران و دلاوەران و عاشقان و گەڕۆکان و شۆڕەسواران و چاوانی خوازیاری ژنان؛ هەر هەموویان مردوون.

بنمیچ بەتاڵ، سەکۆ بەتاڵ، کاروانسەرا چۆڵ.

ژیانێک ڕەویوە. داخی گرانم! لە کوێ ئەبێ بۆی بگەڕێن؟

ــ ئا ئەرباب! خەریکی شوێن پێی کۆنینە سەیر ئەکەی؟!

نادعەلی بە بیستنی دەنگەکە ئاوڕی دایەوە. کابرایەکی وردیلە، لای شانی قەدیرەوە وەستابوو. مێزەری بە سەرەوە بوو و پاڵتاوێکی نیوداشتی دابوو بە شانیدا. نادعەلی ناسییەوە. کوێخا حەسەن بوو. خۆی بوو.

ــ قورسی گەرمە ئەرباب، فەرموون پیاڵەیەک چا بخۆینەوە.

نادعەلی هیچی نەوت. چوو بۆ بەردەرگای کاروانسەرا، ڕەشمەکەی کردەوە و پێیخستە ناو ئاوەزەنگی.

ــ بەڕەی ئێمە شیاوی بەڕێزتان نییە، ئەرباب؟

ــ ئەڕۆین، مامە حەسەن. خوا حافیز بێ!

چۆکی دا لە هەنگڵی ئەسپەکە. قەدیریش بە دوایدا کەوتەڕێ. نادعەلی لای نەکردەوە. بێگومان، کوێخا حەسەن ئەو کارەی ئەکرد کە ئەبوا بیکات. ئەڕۆیشت. ڕەنگە ڕۆیشت؟!

ــ ئەرێ؟

ــ بەڵێ ئەرباب، ڕۆیشت.

تاوێک بێدەنگ بوو. پاشان، پرسی:

ــ ئەم کاروانسەرایە کێ درووستی کردووە؟

ــ ئەڵێن شاعەباس، ئەرباب. ئەم کاروانسەرایانە "ئەڵێن"

نۆسەد و نەوەد و نۆ دانەیە. لە مەشهەدەوە تا ئەسفەهان، لە سەرانسەری ئەو ڕێگەیەدا لەم کاروانسەرایە هەیە. لە قەلاچیمەن یەکێک هەیە، بەڵام زۆر تەنگەبەر و بچکۆڵەیە. لە هیچ جێیەک دوو کاروانسەرایان ئەوەندە لە نزیک یەکەوە درووست نەکردووە. ڕەنگە لە بەر ئەوێ دەربەندە و زۆربەی ڕێگرەکان لە سەر ڕێی کاروانەکاندا بۆسەیان ناوەتەوە. لە ڕاستیدا شوێنێکیان بۆ کاروانی و دزبگیرەکان درووست کردووە. ئەگینا لێرەوە تا قەلاچیمەن خۆ ڕێیەک نییە. فرسەق و نیوکێش نابێ.

ــ کێ ئەم کاروانسەرایانەی سازکردووە؟

قەدیر کە پێ بە پێی ئەسپەکە، وێرغەی ئەکرد، قەپۆزی هەڵێنا و وتی:

ــ شا عەباس ئەرباب! خۆ وتم. بە کاروانسەرای شاعەباسی بە ناوبانگن.

ــ ئەمە منیش ئەیزانم. کێ دروستی کردوون؟

ــ نازانم، کەس نازانێ. ناونیشانێک لە بکەرەکەی نییە. زووتر کە خەڵکی بە پاتاڵ هاتووچۆیان ئەکرد، ڕێگەی مەشهەد لێرەوە بوو و زیارەتگەڕان لەم کاروانسەرایانەدا ئەحەسانەوە. بەڵام لەوەتەی ڕێی مەشهەد کەوتۆتە لای باغجەر و سوڵتاناوا، ئەم کاروانسەرانەش غەوارە کەوتوون و چۆڵ بوون. زستانان، بەفر و باران لێیان ئەدا و هاوینانیش مۆڵگەی ڕانن. بەر لە نیوەڕوان ڕان لە سەر ئاوەوە ئەهێنن بۆ کاروانسەرا، مۆڵی ئەدەن و بێری دێن بۆ ئێرە شیر ئەدۆشن. زۆربەی جاران مۆڵگەی ڕانەکەی ئالاجاقییە.

ــ نەکا ئالاجاقی ئەیەوێ مەڕەکانی منیش تێکەڵی ئەم ڕانەی بکات؟

ــ نازانم ئەرباب، هەڵبەت لێرە، لە زەعفەرانی، ئالاجاقی ئاو و زەوی زۆرە. ئاوی ئێرەش بۆ پەز زۆر سازگارە. دەشتیشی زۆرە. جێگە و ڕێگەش بۆ پەز زۆرباشە. ڕەنگە ویستوویەتی بیهێنێ بۆ

ئێره؛ نازانم. بەڵام پێم وانییە بابقولی بوندار بهێڵێ پەزەکانی خۆشکەزاکەی، بکەوێتە بن داری بێگانە. هەرچی بێ بابقولی خاڵۆی تۆیە. خۆیشی بیانکوژێت، نایاندا بە بکووژ!

نادعەلی وتی:

ــ کە وا بوو وتت بەباشی نازانی زەوییەکەم بدەم بە کرێ؟

ــ نازانم ئەرباب، نازانم!

ــ چی نازانی؟! نازانی، یان بە باشی نازانی؟!

ــ من بە باشی نازانم، ئەرباب.

ــ بۆچی؟

ــ لەبەر ئەوەی زەوی وەکوو خێزانی مرۆڤە. پیاو، خۆ ژنەکەی نادا بەکرێ! مەڕوماڵاتیش هەروەها، بە تایبەت لەو بارودۆخەی تۆ تێیکەوتووی. پاش حاجی حسێنی خوالێخۆشبوو، هەموو چاویان لە تۆیە کە کوڕی ئەوی. ئەیانەوێ بزانن تۆ چی ئەکەی؟

ــ بەڕای تۆ ئەبێ چی بکەم؟

ــ خۆت لە سەر ئەو تۆزە عەرزەت ڕاگرە، ئەرباب! هەر جۆر بووە تاو بهێنە. ئەگەر ئێستەش پەرێشانی ئەو کچەی، کەسێکی پسپۆڕ و لێزان بخەرە سەر کارەکەت، ئاگای لە داراییەکەت بێ. بۆ تۆ خۆ سەخت نییە. بە هەر کەس بڵێیت، لە خواشی ئەوێ. یەکێکیان من بۆ خۆم. ئەماژە بکە من ئەبم بە پیاوتان. برایانە لە سەر کارەکەتان ڕائەوەستم و بەڕێوەی ئەبەم. سەروبنی کارەکان ئەهێنمەوە یەک تاکوو خۆتان ئەژێنەوە و دەست و دڵتان بۆ کارکردن ئەکرێتەوە. ئەوی تریشی من نازانم.

ــ تۆ سەبارەت بەم مەتی سەکینەش شتێکت وت! لە بیرمە...

ــ وتم ئەو سەرچاوەی دەنگوباسی ئەم مەڵبەندەییە. پێم وابێ هەواڵێکت دەسبکەوێ.

ــ بەڕای تۆ، بە ڕۆژ ناگەینە سوڵتانئاوا؟

ــ نەخێر ئەرباب.

ـ ناوقەدبڕ بڕۆین چی؟
ـ ڕێگەکەی خۆش نییە و شەویشمان لەبەرە.
نادعەلی، ئەسپەکەی لە لای بەردێک ڕاگرت و بە قەدیری وت:
ـ لە پشتەوە سواربە! خۆت حەوادە!
قەدیر خۆی کشاندەوە و وتی:
ـ نەء ئەرباب، نا! من بە پێی ئەسپەکە دێم، دوو پشتە، ئەسپەکە دائەهێزرێ، نەء. من بە پیادە دێم.
نادعەلی، فەرمانی دا:
ـ سواربە!
قەدیر، هۆگری پاشینەکەی گرت، پێی نایە سەر پێی نادعەلی و لە پشت زینەکە سوار بوو. نادعەلی هەی لە ئەسپەکە کرد.
خۆراوا.
خۆر، خەنجەرێکی خوێناوی، لە لاکەلەکەی باغجەر ئەچەقێ. خوێن. کوفارەی خوێن. پەڵەی دەڵەمە بە لاجانگی ئاسمانەوە نەخش بوو. سووری بەرەو زەردی ڕەنگی گۆڕا. ئاگر. تەنووری بە بڵێسەی ئاگر.
خۆراوا، گڕی گرت.
دوو پشتە، قەدیر و نادعەلی، لە سەر ئەسپەکە سوار بوون و لە بەستێنی سووری ئێوارەدا ئەسپیان داژووت و ناو بە ناو دەمە تەقەیەکیشان هەبوو. بەڵام ئەوەی ئەگوترا مایەیەکی تازەی نەبوو. بابەت هەمان بوو. بەس قەدیر ئەو شتەی کە ئەیوت زیاتر ترش و خوێی پێوە ئەکرد. یەکیان لە بەر ئەوەی کە ئەیویست جێگەی خۆی لە دڵی نادعەلیدا بکاتەوە و یەکیش ئەوەی کە ئەیویست پەژارە لە ئەربابی داهاتووی دووربخاتەوە. باسی هەموو شتێکی ئەکرد. قەڵاچیمەن و خاڵۆزاکانی نادعەلی. وشترەکانی باوکی. دارایی ڕابردوویان و ژنانی قەڵاچیمەن. لالا. شێرۆ. هەروەها ماهدەروێش. سەربردەی سەیری لە شاری سەبزەوار ئەگێڕایەوە.

لات و لووتەکانی دەروازە عێراق. پەیوەندی لات و لووتەکانی لەگەڵ ئالاجاقی، بە نیشانە، بۆ نادعەلی ئەژمارد. ئەیوت کە قومارخانەدارەکان، بەرەڵای بێکار، چەقۆکێشە شەلاتیەکان چۆناوچۆن لەگەڵ ئالاجاقی هەڵسوکەوت ئەکەن:

ـ ئەمجۆرە خەڵکانە دەستەکانی ئالاجاقین. جارجارە سفرەیان بۆ ڕائەخات. بۆ ئالاجاقی، ئەوانە وەکوو سپان. بەڵام سپای بێ تۆپ و تفەنگ.

زرێ و شمشێریش بە دەست و باڵیانەوە نییە، قایش و قرووشیش. بەس، هەر کامە و چەقۆی پێیە. ناشتا تا شێو و شێو تا ناشتا. ورگی برسی و ددانی تیژیان هەیە. چاویان برسی و بەتەماحن. سەروبەچکیان ڕووت و قووتە. شەقامەکان گەز ئەکەن. بە دەوروبەری مەیدان و کاروانسەراکاندا خولەیان دێ، بەڵکوو پێستەی کاژیلەیەک لە بەر پێی فرۆشیارێکی گەڕۆک بدزن و لەولاترەوە بیفرۆشن. لە هەموو کەلاوەیەکدا مۆڵیان خواردووە، بەڵکوو بەشێک لە پاچرای قوومارەکەیان دەس بکەوێ. شەوانە خەویان نییە. لەپڕ ئەبینی نیوەشەو خەنجەریان ناوەتە بیناقاقەی بازرگانێک و باجیان لێوەرگرتووە. دەستیان لە هەموو شوێنێک کە دائەبڕێ، یەخەی شیرەیی و گەووادەکان ئەگرن. چەرخەکانی عەرەبانەی ئاغەی گەورە لە شار، هەر ئەمانەن. ئەم دەوروبەرە کەسی لێ نییە و تۆیش وابزانە لە منت نەبیستووە. ئەم ئالاجاقیە پیاوێکی ناپیاوە! شەریکی دزە و هاوڕێی کاروان. لە لایەکەوە خەروار تریاک لە ئەفغانەکان وەرئەگرێ و لە ڕێگەی پیاوەکانیەوە لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوی ئەکاتەوە. لە لایەکەوە لەگەڵ جەندەرمەکان ڕێ ئەکەوێ و ڕاستەوخۆ ئەیانئێرێتە سەر شیرەخانەی یەکێکی ڕەبەن کە قەرزەکەی دوو ڕۆژ دواکەوتووە. شیرەی زۆربەی شیرەخانەکانی شار ئەو ئەیدا. مانگی پێشوو بیستم یەکێک لە چەقۆکێشەکانی سەرپۆشی لە سەر ژنەکەی مەندەلیە ڕەشی سەبریزی هەڵگرتووە. ئەیانوت

ژنەی کلۆڵی لە ماڵ هێناوەتە دەرەوە و لای ئاوەڕۆکەی خوار شارەوە شەل و کوتی کردووە. بۆ؟ لە بەر ئەوەی ژنە، دواین جار تریاکەکەی لە یەکێک لە تریاک فرۆشەکانی میهر و سوودخۆڕ کڕیبوو وشتێکیش بە ئالاجاقی قەرزار بووە! خۆ چیرۆکی ئەوە ئەزانی کە بە گەنجێتی سەری چەندکەسی بڕیوە و ناردوویەتی بۆ شار؟

ــ نەء!

ــ چۆن نەت بیستووە؟! ئەوە خۆی بووە بە دیرۆک! فرەوێژی نەبێ، ئەڵێن، ساڵی قات و قڕییەکە، چەند پیاو ـ هەشت نۆیەک ـ لە گوندەکانی لای سەرەوە، پێموابێ شەشتەمەد و ئەوناوە، ئەکەونە ڕێ بۆ گەنم کڕین. ئەم ئالاجاقیەش، گەنمی ئەفرۆشت، شەو ئەگەنە قەڵاتی ئالاجاقی. ئەچن بۆ ماڵی ئالاجاقی. نیوەشەو کە پیاوەکان پارە دەرئەهێنن لەبری گەنم بیدەن بە ئالاجاقی، ئالاجاقی تەماح ئەیگرێ. خوا ئەیزانی. بەڵام ئەڵێن بەیانیەکەی سەری بڕاوی پیاوەکانی خستۆتە ناو ڕەشکەی شووتی، باری کردووە و ناردوویەتی بۆ شار، بۆ لای حکوومەت. سەری هەمان دزەکان! ئاخر، ئەو ساڵانە گورگەدزی لەم کاتەی ئێستاش زیاتر بووە! گەیشتین، وانییە؟

ــ وایە، گەیشتین.

ــ وابزانم مەتی سەکینەش چاوەڕێمانە.

ــ ڕەنگە.

ــ سینەی مەتی سەکینە پڕە لەم چیرۆکانە.

مەتی سەکینە وتی:

ــ لە خۆیەوە خەریکە فشەئەکات! وانەبووە. بەو جۆرەی من بیستوومە، ئەڵێن ژنە، ناوێکی خۆشیشی هەیە، ئا: ئاتەش. ژنەکەی سەبریزی، کچێکی هەیە لە! ؛ تاوانی بە ئەستۆی خۆیان! شەڕەکە لە سەر ئەم کچە بووە. نەک کڕین و نەکڕینی

تریاک، ئەڵێن کچە داواکارێکی بۆ پەیدابووە کە لە یەکێک لە قەڵاتەکۆنەکانی سەر ڕێی کۆنە، پێموابێ قەڵاچیمەن، قاڵی ئەچنێ. نازانم بۆ کێ؟ بەڵام بیستوومە لە کاری خۆیدا پسپۆڕە. وەکوو ئەڵێن ئەم کوڕە داوای کچەکەی ئاتەشی کردووە. کچەش ناوێکی خۆشی هەیە: ڕەعنا. ڕاستەکەی کوڕە داوای کچەی نەکردووە. پیرەخاڵۆی داڵاندەر هەیە لە کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا. بە مامی کوڕە ئەژمێردرێ. ئەو ڕۆیشتووە و داوای کچەی کردووە بۆ کوڕەی تەونکەر کە ئەڵێن ناوی مووسایە. لەو لایشەوە یەکێک لە شەقاوەکانی دەروازە عێراق حەزی لە کچەبووە. شەقاوەکەش لە پیاوەکانی ئالاجاقیە. شەڕ و قڕەکەش لە سەر ئەمە سازبووە. ئەوەی کە ئەڵێن پشکێنەر چووە و چرا و وافووری ئاتەشی خڕکردۆتەوە و بردوویەتی، هینی پاش ئەو شەڕەیە. هەڵبەت شەقاوەکە سەرپۆشی لە سەر ئاتەش داگرتووە. پرچی لە دەور دەستی ئاڵاندووە. لە ماڵ بردوویەتە دەرەوە و لای ئاوەڕۆکەی خوارەوە شەل و کووتی کردووە. بەڵی ئەوە ڕاستە. بەڵام گوناحی لە ئەستۆی ئەوانەی کە ئەڵێن، گوایە ئاتەش بۆ خۆی لەگەڵ شەقاوەکە بووە و کەیف و سەمای لەگەڵ کردووە. بەڵام کاتیکە شەقاوەکە ویستوویەتی کچەکەشی لێداگیر بکات، ئاتەش لەبەری گران بووە و نەیتوانیوە خۆی ڕابگرێ. ژنە ئیتر!

عەباسجان وتی:

ــ من مووسا ئەناسم. وەستای کارگەی قاڵیە لە گوندی ئێمە، لە قەڵاچیمەن. بۆ بابقولی بوندار کار ئەکات. گەنجێکی هێور و بێوەیە. خەریکی کاری خۆیەتی و کاری بە کاری کەس نەداوە. بە باشە باسی هونەرەکەشی ئەکەن. ئەڵێن هونەرمەندە. سەبارەت بە ژن هێنانەکەشی هەندێ شتم بیستووە. جارێکیان باوکی پووزەوانەی لێ هەڵکێشابوو و هاتبوو بۆ قەڵاچیمەن، بۆ ئەوەی بیبات بۆ شار و کچەی ئاتەشی بۆ مارە ببڕێ. بەڵام مووسا ڕازی نەببوو. خۆی خڵافاندبوو. پێموابێ وەستا ستاریش

باش ئەیناسیٚ! نێوانیان پێکەوە زۆر خۆشە. وانییە وەستا ستار؟

بەدەم بزەیەکی ئارامەوە، ستار سەیری عەباسجانی کرد و وتی:

ــ لەم مەڵبەندە، من زۆرکەس ئەناسم، یەکیشیان مووسا. من گەڕۆکم. هەر بۆیەشە لەگەڵ زۆرکەس ئاشنا ئەبم. بۆ وێنە لە قەلاچیمەنی ئێوە کەس هەیە من نەناسیٚ؟ هەمووو من ئەناسن و منیش ئەوان ئەناسم!

عەباسجان وتی:

ــ کاری تۆو مووسا لە ئاشنایی تێپەڕیوە، وەستا ستار!

ستار وتی:

ــ ئێمە چۆن هەردووکمان مرۆڤی هونەری دەست و پەنجەین، واتە کارمان کشتوکاڵ نییە و هونەرە، زمانی یەکدی باشتر تیٚ ئەگەین. خۆشت کە ئەزانی. ماشەڵڵا گەڕیدەی شارانی خۆت. بۆ وێنە من ماوەیەکی دوور و درێژ شاگردی پینەچی بووم. لە مەشهەد و شوێنانیتر. ئەم چوار تەقەڵەش کە ئەیزانم بیدەم لە پێڵاو و کڵاشی ئەم و ئەو، لەو سەردەمەوە لە بیرم ماوە. بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە مووسا گەنجێکی دەست و دڵ پاکە. وانیە بە تۆش؟

عەباسجان وتی:

ــ ئا بەڵیٚ، ئەوەیان وایە. بەڵیٚ منیش ئەوە ئەزانم. بۆ وێنە تەنها یەکجاریش لە سەر قومار نەمدیوە. پیٚ ناخاتە شیرەکێشخانەش. چاوی لە نامووسی ئەم و ئەویش نییە. زۆریش کارایە. چوار ساڵیتر کاربکات بابقولی بوندار ئەینێریٚ بۆ مەکە! ئەریٚ مەتی، دەبڕۆ یەکێکمان بۆ بدۆزەرەوە، با قوماریک بکەین ئیتر! ڕەنگە بەختی من لەم چاخانەی تۆدا بۆی نووسرابیٚ. دەهەڵسە دەی. خۆ ئەم وەستا ستارەش قومار ناکات. ئەریٚ وەستا! تۆ قومار ناکەی، وایە؟

وەستا ستار وتی:

ــ پارەی من بەشی قومار ناکات، عەباسجان. من بۆ هەر قەرانێک چل تەقەڵ لێئەدەم. پیاوی ژیر چۆن ئەو قەران قەرانە ئەکا بە قومار؟!

پوورە سەکینە لای مەنگەڵەکە دانیشتبوو و ئاگرە دامرکاوەکانی ئەهێنایەوە یەک. بە قورسی سەری هەڵێنا، چاوی بڕییە عەباسجان کە لە کونجی سەکۆکەدا خۆی کز کردبوو و وتی:

ــ تۆ لە چ جەهنەمێک پارەت دەست خستوە ئەمشەو کە بە دوای قوماربازدا ئەگەڕێی؟ گیرفانی چ ڕەبەنێکت بڕیوە؟

عەباسجان بە خەندەیەکی ژەهراوی ددانە کرمۆڵەکانی پیشانی مەتی سەکینە دا و وتی:

ــ من کەی توانیومە ڕۆژم بە گیرفانی بەتاڵەوە بکەم بە شەو؟ تۆ کەی منت بینیوە پارەم پێ نەبێ؟ ئەتەوێ کیسەکەم هەڵسەنگێنی؟ هەڵسە بڕۆ بە دوای بلە حوشتردا. بڵێ بێ بۆئێرە خەنیمەکەی چاوەڕێیە!

ــ دیسانەوە نەشە بوویت و خەریکی خۆت فش ئەکەیتەوە؟

ــ تۆچیت لە نەشەیی منداوە؟ هەڵسە بڕۆ! وارەکەی وەرئەگری، خۆ بە خۆڕایی ناچیت!

ــ بەم سەرمایە لە کوێ ئەتوانم بڕۆم و بیدۆزمەوە؟ لێرەوە تا ناو گوند کۆڵێک ڕێیە! ئەگەر شتێکی بە دەستەوە بێ ئەوەندەت نەزانی، خۆی دەرئەکەوێ. من خۆ ناتوانم کارەکەم بە جێبهێڵم و بەم شەوە بچم بە دوای پێی قوماری تۆدا بگەڕێم. جگە لەوەش، ئەمشەو ڕەنگە میوانێکی ئابڕۆدارم بۆ بێ.

عەباسجان وتی:

ــ میوان؟!

دەنگێک هات:

ــ مەتی سەکینە! مەتی! لە کوێی؟ وەرە ئەو ئەسپەی ئەرباب دامەزرێنە. لە کوێ بیبەستمەوە؟

بەر لە مەتی سەکینە، عەباسجان دەنگی براکەی ناسیەوە و زانی خاوەن دەنگ لە پشت دەرگای چاخانەیە، لای سەکۆکە وەستاوە. بەڵام ئەربابەکەی کێ بێ؟ قەدیر لە کەییەوە ئەربابی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە؟ کێ بێ ئەم ئەربابە؟ دەیجا چیە، کێیە با بێ. لە بەر دەرگاکەوە خۆ ناگەڕێتەوە! تۆزێکی‌تر دێت و ئەیبینێ. بەڵام قەدیر لە کوێوە دێ؟ لە قەڵاچیمەنەوە؟ نەچووبێ بۆ لای باوکم؟ نەء! خوا بکات نەچووبێ.

سەرمای شەو، مەتی سەکینەی ڕاشەکاند، نادعەلی لە ئەسپەکە دابەزیبوو و لە سەکۆکە سەرئەکەوت. قەدیر هەروا هەوساری ئەسپەکەی بە دەستەوە بوو. مەتی سەکینە سڵاوی کرد. قەدیر وتی:

ــ لە کوێ بیبستمەوە؟ ئەو خانووەی پشتەوە دەرگای هەیە؟

مەتی سەکینە وتی:

ــ ئاخوڕەکەشی ڕێکوپێکە. ئەوا قفڵەکەشت بۆ ئەهێنم.

قەدیر وتی:

ــ کە وا بوو بگەڕێوە! قورسیەکەت خۆ گەرمە؟ سەرەتا ئەرباب ببە بۆ بن قورسیەکە گەرمی بکەرەوە! پاشان قفڵەکەش بهێنە. خۆ دیوارەکانی دانەڕووخاوە؟

نادعەلی لە ناو دەرگای چاخانەکەوە، ئاوڕی لە قەدیر دایەوە و وتی:

ــ کا و جۆ! سێ دە سیر جۆ، کەمتر نەبێ!

ــ بە سەر چاو ئەرباب. جێبەجێی ئەکەم.

مەتی سەکینە دەرگاکەی بۆ نادعەلی کردەوە و ئەو شانی دانەواند و چووە ناو چاخانەکە. هاڵاوی دووکەڵ دای بە ڕوومەتی‌دا. ستاری پینەچی، لە سەر سەکۆکە، لە سووچی دیوارەکە، لە ناو پاڵتاوە هەڕاوەکەی‌دا دانیشتبوو وەدەزگای پینە چیەتیەکەی، لە بن دیوارەکە دانابوو. ئەویش، وەکوو زۆربەی خەڵکی ناوچەکە، کڵاوێکی خوری سەنگەسەری لە سەر بوو و

گوێچکەکانی کێشابوویە خوارەوە. کڵاوی سەنگەسەری، تیژیی بڕۆکانی پینەچی زیاتر ئەنواندەوە. لە یەکەم هەنگاوی نادعەلیدا، ستار ئەوی ناسیەوە.

«کوڕی حاجی حسێنی چوارگویشلی، سەر بە جوین. نیوەمەڕدار و نیوە وردەماڵێک.»

ستار بەو شێوازەی کە خۆی هەیبوو، خەڵکی ئەناسی. بەر لە هەموو شتێک بە پلەی کۆمەڵایەتی نیشانەی ئەکردن. بەم شێوەیە، زۆربەی خەڵکە بەرچاوەکانی ئەو مەڵبەندەی تا ئێستە ناسیبوو. توانیبووی نیشانەیان بکات و لە بیری بمێنێ. ئاگای لە کوژرانی باوکی نادعەلیش هەبوو و بکوژەکەی -تا ڕادەیەک- لای خۆی قرساندبوو. زۆر شتی بچووک و مەزنی‌تریشی بە ناچاریی ئەبینی، هەست پێ‌ئەکرد، ئەبیست و لە بیری بوو. پێچ و پلووچ، بەو جۆرەی کە ئەو بە سەرانسەری مەڵبەندەکەدا ئەگەڕا و ئەسووڕایەوە، ناچار و هەروەها خوازیاری بیستن و وتن و ئاشنابوون بوو. کەللا پۆڵایەکی مەگناتیس کە بەردەوام تل‌ئەدات و پڕووشەی ئاسن هەڵئەگرێت و لەگەڵ خۆی ئەیبات. دەفتەرە بەرگ چەرمەکەش -کە هەرگیز لەگەڵ خۆی هەڵی نەئەگرت- ڕۆژ بەرۆژ زیاتر لە هێڵی لار و لەوێژ -یاد نامەی کورت و درێژ، یادداشتی جۆراوجۆر- پڕ ئەبوو. یادداشتی هەموو ئەو شتانەی بەچاو و بە بیر پێویست بوون. هەموو ڕووداوێکی لەیادی‌دا هەڵئەگرت و لە شار لە ناو دەفتەرە بەرگ چەرمەکەی‌دا ئەینووسی. هەموو پەیوەند و پچڕانێکی لای خۆی هەڵئەسەنگاند و لە یادی‌دا جێی‌ئەکردەوە. بێگومان ستار، خەیاڵی ئەوەی نەبوو یادداشتەکانی خۆی بکات بە چیرۆکێک. چیرۆکنووس نەبوو. ڕۆژنامەیەکی لەو بابەتەش هێشتا نەبوو، تا ئەو بینراو و بیسراوەکانی خۆی تیاچاپ بکات و بیکا بە بەڵگەنامە. ڕۆژنامەنووس نەبوو و نەشی ئەویست ببێ. بەڵام لەم ناوەدا بە دوای شتێکەوە بوو. نەناسراوێک. شتێک کە هەیە و ئەی بینیت، بەڵام نایزانیت.

«چیە؟»

ئەم پرسیارە، هەمیشە لەگەڵ ستار بوو: «چیە؟» مایەی ڕەنجی، مایەی گەڕانی، مایەی هیوای. لە وەڵامێک ئەگەڕا. وەڵامێکی ئەویست.

«ئێمەی خەڵکی چین؟ کێین؟ چۆنین؟ چیمان بە سەر هات؟ چیمان بە سەر دێ؟ ئێستە و دواتر. جووتیاری ئێمە، کێیە؟ شوانمان، مەڕدارمان؟ ژنەکانمان؟ گوندییەکانمان؟ جگە لە کانی و قەند و سەرپۆش، گوندەکانی ئێمە چرۆ و چەکەری چی‌تری تێدایە؟ کاردانەوەی خەڵک؟ ورەیان؟ خووی سەرەکی و بەرجەستەیان؟ ڕەوشتی کۆنینە و تۆزگرتوویان؟ خەڵکی ئێمە بڕوایان بە چی هەیە؟ بەرامبەر بە چی لاپڕەسەنن؟ ئاڕاستەی ڕقیان بەرەو کوێیە؟ میهر و سۆزیان ڕووی لە کام لایە؟ عەشقیان لە چیە؟ بە چیە؟ تا چ ڕادە خۆش بڕوان؟ لە درۆکردندا -ئەم چەکە نەرم و جیرە- بۆچی ئەگەڕێن؟ خوایان کێیە؟ خوای ڕاستەقینە لە کوێیە؟ مایەکانی بڕوای مرۆڤ تاچ ڕادە لە لایان ترۆ بووە؟ تا چ ڕادە بووە؟ چەندەی لێماوەتەوە؟ ئایە لێی‌ماوەتەوە؟ بێ بەزەییانە ئەپرسم، نەء؟ ئەپرسم؛ بەڵێ ئەپرسم: دوژمن لە دۆست جیائەکاتەوە؟! ئەپرسم: چیە؟ چیە؟»

ستار ئەیویست دەربارەی خەڵک بزانێ. ئەڕۆیشت تا لە خەڵک زۆر بزانێ. ئەو کلیکە ڕازە، ئەبوا بدۆزێتەوە. حەزی نەئەکرد لە چوارچێوەی پێناسە چرەکاندا، ئەو پێناسانەی لە پێشەوە دیاریکردوە، لەگەڵ خەڵک تێکەڵ ببێ. داهێنان. ئەیویست هەمووکاتێک شتی تازە بدۆزێتەوە. هەمیشە هەوڵی ئەدا بزانێ چۆن ئەتوانێ لەگەڵیان ببێ بە هاوزمان. چۆن ئەتوانێ لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ خەڵکی خۆی، لەگەڵ خۆی، ببێ بە خزم و کەس؟ چۆن ئەتوانێ ئەم پەرش و بڵاوە کۆبکاتەوە؟ ئەم لەشە پەڕاگەندەیە، چۆن کۆ ئەکرێتەوە؟ دەستی خزمایەتی، دەستانی خزمایەتی، جارێکی‌تر!

چ جایە، خەباتی هێور و ئارامی ستار لەگەڵ باندەستان، ئەم ململانێ برایانە، لە چۆنێتی ئەو و لە چۆنێتی هەڵسووکەوتی ڕاستەوخۆی ئەو لەگەڵ ژیاندا، سەرچاوەی ئەگرت. ئەو لە ناخی ژیاندا بەردەوام ئەژیایەوە. ئەمرد و ئەژیایەوە. ئەمەی، خۆی پێ خۆشتربوو. بەڵام باندەستان گیرۆدەی پەلە و ورووژان بوون. خۆشباوەڕیی، ڕەنگە! ئاسانگرتن، ڕەنگە! هیوای گومانێک، ڕەنگە! ئومێدی زیاد لە پێویست! ئەو ئومێدەی لە نا ئومێدی زۆر کوشندەترە. ڕەنگیشە دوو تای یەک ترازوو بن ئەم دووانە؟ ورووژان و لەز لە سەر ڕووکار ئەخزێ. ئەی بنی زەریا چۆن ئەبینرێ؟ ستار ئەم چەکەی ڕائەگرت. هەوڵی ئەدا لە بەرامبەر ئەم هێرشە خێرایەدا خۆی ڕابگرێ. هەوڵی ئەدا، ڕێگە لە تیاچوونی خۆی بگرێ. ئەکشایەوە بۆ ئەوەی ڕۆبچێ، بکەوێتە مەلە و ڕێگەیەک بۆ ناخی ژیان بدۆزێتەوە. ئەمە، پینەچیەکەی ئێمەی وا لێ ئەکرد ساتەکانی دەوروبەری خۆی وەک خۆی لە دەفتەرە بەرگ چەرمەکەیدا بنووسێتەوە. وەکوو پیشەوەرێک کە حسێبی دەرچوو داهات و قەرزوقۆڵەی لە دەفتەرە بەرگ چەرمەکەیدا ئەنووسێ!

مەتی سەکینە مەنگەڵی ئاگرەکەی لە بەر پێی نادعەلیدا دانابوو و نادعەلی لە سەر سەکۆکەی بەرامبەردا، خەریکی کردنەوەی ملپێچەکەی بوو لە دەور ملی. بەڵام عەباسجان دانەنیشتبوو. هەڵسابوو، لای دیوارەکە وەستابوو و چاوی لە نادعەلی بوو ڕێگەی پێبدات دابنیشێ. لە هاتنی نادعەلیەوە، عەباسجان لەبەری هەڵسابوو و وەستابوو. بەڵام نادعەلی ئەتوت نایبینێ -نەی دیبوو- یان هەستی پێنەکردبوو کە لە بەر پێی ئەو و بۆ ڕێزگرتن لەو هەڵساوە. بۆیە، لەوکاتەی نادعەلی خەریکی خۆی بوو، عەباسجان هەروا نیمچە چەماوە وەستابوو و نیگای لە کوڕی حاجی حسێن بوو.

ستار سەیری هەر دوو پیاوەکەی ئەکرد و نەی ئەتوانی

له پێکەنینه ڕقاوییەکەی خۆی جیا ببێتەوە. لەشی داهێزراوی عەباسجان، پشتی کووڕی، ملی باریک و گوێ زلەکانی، لێوە شین و ئەستوورەکەی، قەپۆزی دەرپەڕیوو و نیگای زەبوون و دەستە شۆڕە گەدا ئاساکەی، ئاخ... له پارچە پارچەی گیانی، نیازێکی نەشیاو ئەڕژایە دەرەوە. تەرمی کەساسی و خوێڕیەتی! نەء، با بڵێین دزێو و قیزەون -ئەمە باشترە- کووڕ و کۆم خۆی ڕاگرتبوو و بە شێوەیەکی درۆزنانه کورنشەکەی خۆی پیشانی نادعەلی ئەدا.

«ڕاستەکەی، ئەو چی له نادعەلی ئەویست؟ نادعەلی بۆ نایبینیێ؟»

نادعەلی شاڵگەردنەکەی لایەوە دانا. کڵاوەکەی داکەند. چنگی له قژە کورت و ئاڵۆزکاوەکەی ڕاژەند. قایشەکەی کردەوە و شوێنی قایشەکەی له سەر ورگی خوراند! هەناسەی به گوشار دایە دەرەوە. دەستەکانی گرت بە سەر ئاگری نیوەگیانی مەنگەڵەکەوە و بە سەریدا چەمایەوە. عەباسجان نائومێد له نیونیگایەک، لەوە زیاتر ڕانەوەستا. نووشتایەوە و دانیشت. نه له سەر سەکۆکە، له بن سەکۆکە. جگەرەیەکی له گیرفانی دەرهێنا. بە سەر عەرزەکەدا خۆی بۆ لای مەنگەڵەکه خزاند. چیلکەیەکی نیوە سووتی هەڵگرت و بە نیگایەکی خوار، بەرەو نادعەلی، جگەرەکەی داگیرساند. نادعەلی هەروا له ناو خۆیدا بوو. عەباسجان چیلکەکەی خستەوە ناو مەنگەڵەکه و کشایەوە و چەند مژی لەسەریەکیدا له جگەرەکە. کە جگەرەکە کەوتە دووکەڵ عەباسجان وتی:

ـ سەفەر بەخێر ئەرباب! له کوێوە دێن؟ بۆ کوێ ئەچن؟

نادعەلی سەری بەرزکردەوە. مەتی سەکینە قۆرییەک چای تازە و خاوێنی بۆ نادعەلی هێنا، له بەردەمی داینا و وتی:

ـ ئەتوانی تۆزێک زمانت ڕابگریێ؟! بکشێ دواوە! ئەڵێی خۆشی بە گڵاو نازانیێ! نەگبەت!

عەباسجان لە وەڵامدا، سەیرێکی مەتی سەکینەشی کرد.
نادعەلی وتی:
ــ لێی گەڕێ با خۆی گەرم بکاتەوە!
عەباسجان چووە بەرترەوە. مەتی سەکینە لە بەر خۆیەوە وتی:
ــ خۆ باسی ئێستە نییە! لە ئێوارەوە دانیشتووە و بەردەوام خۆی شیرین ئەکات. پێی وایە من وەکوو جاران تاقەتی چەلەحانێم هەیە.
عەباسجان دووکەڵی جگەرەکەی لە لووتیەوە دایە دەرەوە و وتی:
ــ سەرەڕای ئەوەی تاقەتی هیچت نەماوە، کەچی کارت بە سەر هەموو شتێکەوە هەیە. دەربایسی کاری هەمووانی. خۆت ئەکەی بە نۆکی هەموو ئاشێک! تۆ لە نێوانی من و ئەرباب نادعەلی چی ئەزانی؟ ئاگات لە چیە کە بە پێی پەتی خۆت هەڵئەدەیتە نێوان گفتوگۆکەی ئێمە؟ ئەگەر ئاگات لە برادەری و هەڤاڵەتی ئێمە هەبوایە خۆت تێکەڵی چاک و چۆنیەکەی ئێمە نەئەکرد. بەندە و ئەرباب، ئەم سەفەرەی دوایی لە مەشهەدەوە پێکەوە هاتینەوە. ئەرباب ئەگەر لە بیری مابێ، هەردووکمان پێکەوە لە پێشی تانکەرێکی نەوتدا دانیشتبووین و لای ئێوارە بوو کە گەیشتینە ئەم سێ ڕێیانەی سوڵتاناوا. ئەرباب دابەزی، چوو بۆ عەولاگێو، بەڵام من چووم بۆ سەبزەوار. پێموابێ ئەرباب لە سەربازیی ئەگەڕایەوە. من ئەو ڕۆژانە کارم زۆربوو، بۆیە لێرە دانەبەزیم. چەندە ئەرباب فەرمووی دابەزم و لەگەڵی بچم بۆ چوارگوێشلی و ببم بە میوانی، بەڵام من بۆم نەکرا. هەڵبەت لە بەر ئەوە ڕووی ئەربابم خستە زەوی چونکە لە سەبزەوار کارێکی گرنگم هەبوو. ئەبوا بگەم بە خزمەتی پارێزەر. ئەگەر وا نەبوایە، مسۆگەر لە خزمەتیاندا ئەچووم بۆ چوارگویشلی. چونکە هەم سەیران بوو وهەم زیارەت. چەند ڕۆژێک لەگەڵ نادعەلیخان

ئەبووم و دەستی حاجی ئاغەم ماچ ئەکرد. باش لە بیرمە نادعەلیخان ئەوڕۆژانە، تازە خزمەتی سەربازی تەواو کردبوو. ئەمە جاریٚ چەندەم بوو یەکدیمان ئەبینی. جارێکیش بەر لەوەی ئەرباب بچیٚ بۆ سەربازی، لە مەشهەد یەکدیمان بینی. لە هەمان کاروانسەرای بن شەقامەکە. خوالێخۆشبوو حاجی حسێنیش لە ژیاندا بوو. خوا ڕەحمەتی بکات لە بەر ئەم شەوە ئازیزە! پێموابیٚ هاتبوو بە پەلە شتێک بۆ ئەرباب دابین بکات. هەرچی چۆن بیٚ لە پاژنەی کۆلانی سیاوەن، لە قاوەخانەی مرادکاشمەری پێکەوە دەورێک چامان خواردەوە. لە بیرمە حاجی ئاغە نێرگەلەیەکی تەماکۆشی داوا کرد. بەلام ئەرباب نادعەلیخان، ئەو ڕۆژانە وەکوو ئێستە تۆکمە و پێگەشتوو نەبوو، هێشتا. گەنج، زۆر گەنجتر بوو. پاشانیش کە... ئەو ڕووداوە ناخۆشە -بەرۆحی ڕەسوڵەڵڵا زمانم تواناى وتنی نییە- ئەو ڕووداوەی... کوژرانی حاجی حسێنی چوارگوێشلی زۆر کەسی غەمگین و پرسەدار کرد. منیش... وەکوو ئەوانیتر، هەرچەند پێویست ناکات بیڵێم ڕەنگە زیاتریش داخدار بووم. چونکە لەگەڵ حاجیئاغە نان و نمەکم خواردبوو. لە سەر سفرەیەک دانیشتبووم. مامەڵەم لەگەڵی هەبوو. لەگەڵ باوکم هاوودان بوو. بە ڕووناکی ئەو چرایە، کاتێک هەواڵی ئەو ڕووداوەم بیست، وەکوو ئەوە وابوو هەواڵی مەرگی ئازیزی خۆمم بیستبیٚ! هەواڵی مەرگی باوکم کە لەچاوم ئازیزترە. لەوەش زیاتر. بە جەلالیحەق سوێند بیٚ، هاتم بۆ پرسەش. تا ئێرەش هاتم. تا ئەم چاخانەیە. لە مەشهەد بووم هەواڵەکەم بیست. ئەوەندەی بیستم، دەسبەجیٚ، ڕابووم و کەوتمە ڕیٚ. زەرکیٚ ئاویشم ئەگەر بە دەستەوە بوایە، دام ئەنا و ئەهاتم. هاتیشم. بەلام کە گەیشتمە ئەم سیٚڕییانە کۆڵنجم کرد. ئازار وتی بمگرە هاتم. گەڕا. بە هەموو لەشمدا گەڕا. خۆم گەیاندە ئێرە، ئەم چاخانەیەی مەتی سەکینە. چوار بەست شیرەم کێشا و کەوتم. ڕۆژ و نیوێک ئا لێرەکانیٚ کەوتبووم. ئەوەتا... ئەوە مەتی سەکینە

شایەتە! مەتی سەکینە ئەگەر درۆ ئەکەم، بڵێ درۆ ئەکەی؟!
مەتی سەکینە، لێوە شینەکانی کرۆشت و وتی:
ـ تۆ خۆ درۆناکەی! بەڵام گوو بە ڕیشی پیاوی درۆزن!... نادعەلی خان، قورسیەکەم بۆ گەرم کردووی. وا لە پاشخان.
نادعەلی ویستی هەڵسێ. مەتی سەکینە لە بەر خۆیەوە وتی:
ـ ڕیخۆڵەی ڕاست لە ناو ورگیدا نییە، ماڵکاول! ئەو شەوەی تۆ لێرە لەرزوتات لێهاتبوو، مانگێک پاش ئەوە حاجی ئاغەی چوارگوێشلی گوللەی لێدرا!
عەباسجان، بە بێ کاردانەوەیەکەی ئاشکرا، بەس سەیری کرد.
قەدیر هاتە ناوەوە. سەرما گۆچی کردبوو. شان و دەست و چۆکی ڕەق هەڵاتبوون. سیلەی چاوەکانی ئاوی پیادا ئەهاتە خوارەوە. دەستەکانی هێنا بە یەکا. دەستەکانی وەکوو داری وشک، لێک ئەساوران و دەنگیان لێوە ئەهات. چاوی کە بە عەباسجان کەوت، لە شوێنی خۆی ئەبڵەق بوو. بەڵام دەسبەجێ بۆی دەرکەوت جێگەی ئەوە نییە جنێوی پێ بدا و شەڕی لەگەڵ بکات.
چوو بۆ لای نادعەلی -کە خەریک بوو هەڵئەسا- نووشتایەوە بە سەر مەنگەڵەکەدا و وتی:
ـ شوێنی ئەسپەکەم ڕێکخست ئەرباب. جێگەی گەرم و هێمنە. کا و جۆیشم بۆ دابین کرد و کردمە بەری. بەڵام زینەکەیم نەکردەوە. ڕەنگە هێشتاش ئارەقەی پێوە بێ، بیرم لەوە کردەوە. دەرگای گەوڕیشم قفڵ کرد. فەرموو ئەمەش کلیلەکەی. لای خۆتان بێ.
نادعەلی کلیلەکەی وەرگرت و قەدیر، لە کاتێکا بە نیگایەکی ڕەقاوییەوە ئەیڕوانیە، براکەی، پرسی:
ـ مەگەر لە پاشخان میوانیترت هەیە، مەتی سەکینە؟

ـ نا، مەتی گیان!

ـ ئەی بۆ ئەربابی منت لێرە داناوە؟ کە چاوی لەو نەگبەتە بێ؟ بڕۆ پلێتەی لامپاکە هەڵکێشە. بڕۆ! قۆری چا و پیاڵە و شتەکانیش ببە بۆ ئەوێ.

مەتی سەکینە ڕۆیشت و قەدیر دەستی برد، کڵاو و شاڵەکەی نادعەلی هەڵگرت و وتی:

ـ قاچی تۆ ئەرباب بەو ئاگرانە گەرم نابێتەوە. هەڵسە! هەڵسە با بڕۆین بۆ ژێر قورسیەکە.

نادعەلی هەڵسا، پێی نایە سەر لێواری سەکۆکە و کەوتە کردنەوەی قەیتانی پۆستاڵەکانی. قەدیر ئاوڕێکی لە ستار دایەوە و سەرێکی بۆ لەقاند. نادعەلی قاچی گۆڕا و قەیتانەکەی تریشی کردەوە. عەباسجان بە ترسێکەوە کە بوونی قەدیر تیایدا بەدی هێنابوو، بە دردۆنگی و منجەمنج وتی:

ـ هەڵبەت ئەرباب گیان، من کارێکی پێویستم بە جەنابت هەبوو. خوالێخۆشبوو، حاجی ئاغە حسێن، پێش ئەو ڕووداوە، بەڵێنێکی بە من دابوو. هەڵبەت ئێستە ناتوانم بیڵێم. بەڵام ئیشەڵڵا ئەگەر دەرفەت هەبوو، بفەرموو تا بێمە خزمەتتان و پێتانی بڵێم. ئەمشەو کاتێکە کەیفتان سازبوو، ئیشەڵڵا دێمە خزمەتتان!

نادعەلی پەردەکەی هەڵدایەوە و چووە پاشخان.

ـ عەباسجان!

قەدیر بوو، لای دەرگاکە وەستابوو. نیگایان لێکگیرا. قەدیر بە ئەماژە براکەی بانگکرد بۆ دەرەوەی چاخانەکە. عەباسجان هەڵسا و بە دوایدا ڕۆیشت.

قەدیر دەرگاکەی جووتکرد و عەباسجانی بردە سووچێکەوە. سەری نا بە گوێیەوە و زۆر بە تووڕەییەوە، بە شێوەیەک کە هەموو وشەیەکی وەکوو دەنکێک تەرزە لە بن ددانی دا ئەشکاند، وتی:

ـ ئەو شەوە ئەبینی؟! خەنجەر لە ئاسمان ئەبارێ! گورگ لەم هەوایەدا ئەیبەسێ، تێ بگە چیت پێ ئەڵێم! ئەگەر دیسانەوەش بکەویتە ماستاوکردن و خۆت بلکێنی بە ئەربابی منەوە، لە قاوەخانە فڕێت ئەدەمە دەرەوە و لێت ئەگەڕێم لەو بیابانەدا ڕەق ببیتەوە! گوێت ئەبیسێ؟! بەو لەشە جیقنەی تۆ هەتە، دوو کاژێر لەم سەرمایەدا بمێنیەوە، حەوت گیانیشت هەبێ، یەکت بۆ نامێنێ. ئەگەر ئەتەوێ ئەمشەو بە سەلامەت بگەیتە بەیانی، بڕۆ لە سووچێک کڕ بکەوە و سەری مەرگت بنێرەوە! هەناسە بدەی قوڕقوراچکەت ئەپچڕم! من ئەمشەو زۆر کارم هەیە. ئەوا پێت ئەڵێم؛ لە کۆڵ ئەربابی من ببەرەوە!

ـ ئەربابی تۆ؟!

قەدیر، بە بێ وەڵامدانەوە گەڕایەوە ناو چاخانە و دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست.

چاوەکانی پزیسکەیان لێ ئەبوویەوە و ددانی هێشتاش لە چیرەوە ئەهات. ستار، سەری داخست و پێکەنی. مەتی سەکینە، لای تیانەی خۆرشتەکە، سەیری قەدیری کرد. قەدیر، چوو بۆ لای و وتی:

ـ ئەم کەللە کەرەت لە کوێوە بۆ ئێمە تاشی، ئەمشەو؟!

ـ من بۆم تاشیت؟

ـ لە چ جەهەننەمێکەوە سەری هەڵدا؟

ـ من چووزانم؟ نوێژی پێشوو هات. لە ئێوارەشەوە وڕکی گرتووە کە من بڕۆم و پێی قوماری بۆ پەیدا بکەم. ئەوەندەی دووقەران لەگیرفانیدا ئەبینێ سەر و سەکوتی لەمناوە دەرئەکەوێ.

تای دەرگاکە بە ئەسپایی کرایەوە و عەباسجان، وەکوو چەقەڵ خۆی باریکەوە کرد و خزایە ژوورەوە و دەرگاکەی بەست. چووە سووچێک و بێدەنگ دانیشت. قەدیر سەیرێکی کرد و چوو بۆ پاشخان. عەباسجان باش سەری براکەی سەیرکرد، خەندەیەکی تەوساوی سارد، لێوە ئەستوورەکانی لێک هەڵپچڕی

و ددانە ڕەش و ڕزاوەکانی دەرکەوت. تێکشکابوو، هەرچەند لەوە پێست ئەستوورتر بوو کە بیخاتە خۆی. ڕەنگیشە لەوە شکاوتر بوو کە بشکێ. سەرەڕای ئەمانە هێشتاش مرۆڤ بوو و حەزی ئەکرد لەگەڵ یەکێک پەیوەند بدرێ، پەیوەندی پەیدا بکات. وشە. حەزی ئەکرد لەگەڵ یەکێک قسەبکات. ستار! کەسی کەی لێ نەبوو. سەیری ستاری کرد. بەڵام پینەچی سەری لە خوارەوە بوو. عەباسجان ئەوەندە وشیاریی هەبوو تێبگات: سەرەڕای ئەوەی ستار نیازی ئەو ئەزانێ، کەچی ڕێگەی قسەکردنی داخستووە. لە گرژی نێوچەوانی ستار تێئەگەیشت. بۆ ئەوەی ڕێگەی گفتوگۆ نەهێڵێتەوە، خۆی بەستبوو.

«قەیناکە! با بیبەستێ. منیش بە نەشتەرێک ئەیکەمەوە!»

ـ دەی، جەنابی ستارخان، بەڵێ ئیتر! ئەزانم بیر لە چی ئەکەیتەوە. ئەزانم! ڕەنگیشە حەق بە ئێوە بێ. ئەی! کێ چووزانێ. خەڵکی وەکوو تۆم، من لە عیشقابادی ڕووسیە زۆر ئەبینی. پێموابێ سەفەرەکانی دواییمان بوو کە بولشەڤیکەکان هێرشیان هێنا. هەموو حکوومەتیەکانیان سەر بڕی و دەستیان بە سەر داراییەکانیاندا، گرت. جێی تۆ لەوێ بەتاڵ بوو! ڕەنگە ئەگەر لەوێ بوایەتی کەیفت ئەکرد! بەیانی زوو کە لەخەو ڕابووین و لە کاروانسەرا هاتینە دەرەوە، بینیمان دوو بازرگانیان بە دارتێلی کارەبای بەر کاروانسەراکەدا، هەڵواسیوە! بولشەڤیکەکان بەشەو لە داریان دابوون. خەڵکی وەستابوون بۆ تەماشا. ڕوومەتی مردووی بازرگانەکان، بەو ڕیشە ڕەشەیانەوە، ئاوسابوو. ڕەش هەڵگەڕابوو. قەڵەوتر ببوون. چاوەکانیان لە کالانە دەرپەڕیبوو. جۆرێک بوون کە مرۆڤ لە یەک نیگا زیاتر نەی ئەتوانی سەیریان بکات. من کە نەمتوانی. خۆف ئەیگرتی. ورگیان وەکوو تەپڵی ئەسکەندەر ئاوسابوو. یەکیان بە جلەوە لە دار درابوو، زنجیری زێڕی کاتژمێرەکەی هێشتاش لە گیرفانی جلەکەیەوە شۆڕەوە ببوو. چووین بۆ شەقام. چواریتریش لەولاترەوە لە دار درابوون، لە

ناو مەیدان. لەوێش! وەکوو داوەڵی ناو بێستان ئەخولانەوە. یەک دوانیشیان خۆم ئەمناسین. باوکم هەمیشە مامەڵەی لەگەڵیان هەبوو. یەکیان بازرگانی کووتاڵ بوو یەکیان هی قەند و شەکر و نەوت. ئەوەی کوتاڵ فرۆش، کاڵای چینیشی هەبوو. چینی فرۆشەکە لەو ئارەقخۆرانە بوو. باوکم ئەیوت جارێکیان مەستی کردبوو و چینیەکانی لایەکی دووکانەکەی وردووخاش کردبوو. ئێستەش ئەوا نێردرابوو بۆ ئەو دنیا و ئەچوو بۆ زیارەتی خاچ! جێت لەوێ خاڵیبوو ستارخان، بیانبینی و کەیف بکەی.

ماری بریندار!

گیانی داهێزراو، بریندار، بێ پایە، ڕووخاو، شپرزە و شڵەژاو، پێ لە سەر هیچ، هەڵواسراو، بڕوا دۆڕاو، بێواز، تووڕە. گەدا. سپڵە. دفرە شکاو. داماو. بیرپەرێشان، بێ پشت. لە قوڕ چەقیو. بێڕێز. ڕێز ونکردوو. دڵمردوو. لە بەرد و دار دراو. قێزەون، ڕقاوی. بێ بەزەیی. سنوور نەناس. نامراد. سووک و چرووک. سست و لاواز. بریندار. ماری بریندار!

ئەمانە بوون پێناسەکانی عەباسجان لە لای ستاری پینەچی. عەباسجان، ئیتر چی هەبوو؟ بەناوی مرۆڤەوە، ئیتر چیهەبوو؟ بەتاڵ، نەک بەتاڵ لە هەموو شتێک. بەتاڵ لەوشتانەی کە -لانیکەم- مرۆڤ لە ڕیزی مرۆڤدا ڕائەگرێ. پڕووزەی بابردبووی، شیرازەی هەڵپچڕابوو. لە ڕیزی مرۆڤێکی مامناوەنجی ترازابوو. ڕەزیل و دەردەدار و ناجوامێر. سووکایەتی پێکراو و لە زۆری ئەو سووکایەتیەی پێی کرابوو، قێزەون ببوو. خودی خوێڕیەتی. هیچ شت بۆ ئەو ئیتر نرخی نەبوو. شووشەیەکی شکاو کە بۆ خەڵکیتر، بەهرەیەکی جگە لە زەخم و برین نەبوو. ژەهری ئەزموونی سووکایەتی. شەڵەژانی ڕۆحێکی یاخی. ڕۆحێک کە ڕووی لە هەموو لائەنا، بۆ ئەوەی بفڕێنێ، تالاًن بکات، ڕاوەڕووتی بوون و نەبوون. ڕۆحیانەتی سەگی برسی. ئەم ڕۆحە، ئەم سەگە برسیە، ئەوا بچووک ببوو، بچووکتر. گچکەتر و ئەڕۆیی تا بە

تەواوەتی لە ناوبچێ. تۆپەڵێک قوڕ. کە وابوو، ئیتر هیچ شتێکی شیاوی تیانەمابوو یان گریمان، ئەگەر هەشبوو، لە زۆری کێم و بریندا خەریک بوو تیائەچوو. ون ئەبوو، ونتر. بۆیەش بوو لە دەوروبەری خۆیدا هیچ دیاردەیەکی شیاوی نەئەبینی. نەی ئەویست ببینێ. بێ نرخ و بایی؛ هەموو شتێک!

چاکەکردن و خراپەکردن، کرداری باش و کرداری دزێو؛ چەمکی داڕێژراوی گاڵتەجاڕانە!

لای عەباسجان، چی ڕاست و چی ناڕاست بوو؟ ئەم ڕۆحە برسیە بە چ مایەیەک تێر ئەبێ؟ هەموو شتێک جگە لەو مایە با لە ناوبچێ؛ بێهوودەیە! بەڵام ئەم سەگە برسیەی دەروونی عەباسجان مایە و هەوێنی نەبوو. ددانەکانی سەگ یەکە یەکە خەریک بوون ئەوەڕین، بە پێی ڕاهاتن حەپە حەپی ئەکرد. خووی گرتبوو قولاپە بگرێ. هیوای قەراخە نانێک، ڕەزامەندی برینێک!

ئەگەر تێریش نەبم، خۆ لانیکەم برینێکم لەتۆ داوە.

خووی گرتبوو، گاز بگرێ. بە پێی سروشتی. ئیتر -تەنانەت-نە لە ڕقدا. کینە، ببوو بە سروشتی. هەر بۆیەش بوو کە ڕق و قین ئیتر ئەو ڕەنگە گەشەی لە لای ئەو نەمابوو. لێڵ و تەماوی، لەڕەنگی خودی عەباسجان. بۆیە نەک هەر ستاری پینەچی، ئەیتوانی قاپوولەی هەموو کەس بگرێ. بەستە بەوەی کە بتوانێ قەپاڵێک بخاتە بەردەمی ئەو سەگە برسیە یان نەتوانێ؟ ڕەزامەندیی لەو سات و دەمە. هەروەها ئەشی توانی کەڵبەی تێچەقێنێ و ژەهری تێ نەکات. بەستە بەوە بوو گیانی سەگ چی بوێ؟! ڕەنگە بزەیەک؟ بەڵام بزەی ئەو ئیتر ڕاستی نەبوو. لە بەر ئەوەی کە هیچ شتێک دڵی عەباسجانی گەرم نەئەکردەوە، تا پێکەنینەکەی، بە مەبەستێکی ڕاستەقینەوە، ئاوێتەی سۆز و خۆشەویستی بێ. پێکەنینەکەی، زیاتر تاودانەوەی ڕواڵەتێکی‌تری نەشتەرەکەی بوو. عاشق نەبوو! تەنانەت عاشقی قوماریش نەبوو. جۆرێک کینە؛ ڕواڵەتێکی زیندووتری ڕق و کینەی

لە قوماردا بەدی ئەکرد. شکاندنی خەنیم. بەکەساس بینینی خەنیم. ئەمە، چێژی ئەدا بە عەباسجان. بەڵام بەرەنجامەکەی نەی ئەزانی چی لەگەڵ خۆی بکات! سەرەتای دەرد. کۆنترین ئازار. بۆیە، لە لای نێرگەلەی شیرەوە ڕائەکشا. دەرمان. خۆی گێژ ئەکرد. خەیاڵی خۆی گێژ ئەکرد. تەماوی. مێشکی بێوازی لە ناو خەیاڵاتی نامۆدا ئەخنکاند. بێهەستکردنی بێزاریی. بێ هەستکردنی خودی بێزاریی. ونی ئەکرد. خۆی ون ئەکرد. ون لە وندا.

ـ دەمی گیوەکەت هەڵتەقیووە عەباسجان! هەوا بەم ساردییە، قاچت ئەتەزێت؟!

عەباسجان لە بنی گەروویەوە، بە کپی پێکەنی و وتی:

ـ چۆن ناتەزێ وەستا ستار؛ قاچی من خۆ چەرم نییە! بەڵام خۆ قاچی مرۆڤ زمانی نییە هاوار بکات! ئەتەزێت و پاشانیش گەرم ئەبێتەوە.

وەستا ستار وتی:

ـ ئەوەتا، لێرە بە بێکار دانیشتووین، ئەگەر حەز ئەکەی بیدە با بۆت بدۆزمەوە!

ـ نە براگیان! من پارەی زیادەم نییە، سەرفی بکەم بۆ گیوەکانم. ئەگەر هەمبوایە پێڵاو یان پۆستاڵێکم ئەکڕی. کێ هەیە دەستی بە دەمی بگات و لەم زستانە، لە ناو ئەو قوڕوچڵپاوەدا گیوە لەپێ بکات؟ سەیری خۆت مەکە! تەنانەت تۆیش پێڵاوی چەرمت لە پێ نییە.

وەستا ستار وتی:

ـ ئێستە ئەوەتا شەوە و منیش کارێکم نییە. من خۆ شەوانە هەر کار ناکەم. دانیشتووین. لە بن بنمیچێکدا دانیشتووین. چی تێدایە ئەگەر بە دەم قسەکردنەوە چوار تەقەڵ بدەم لە گیوەکەی تۆ؟ بۆ شوێنێکی دوور ناچێ. خۆ دەستم ناشکێ، پیاو! ئێمە نان و نمەکمان پێکەوە خواردووە. جگە لەوەش... تۆ بە سەر منتەوە

هەیە. لەم وڵاتە غەوارەیەدا، ئەگەر ئێوەمانان نەبن، من بەتاقی تەنها چیم پێئەکرێ؟ تەنهایی و دڵتەنگی وەڕەزم ئەکات! ئێمە هاوزمانین، برا. دایکەنە! گیوەکانت داکەنە با بۆت بدوورمەوە!

ـ شێومان بۆ بهێنە مەتی سەکینە، ئەرباب برسیەتی.

دەنگی قەدیر بوو. عەباسجان گوێی قوڵاخ کرد.

مەتی سەکینە، نان و ماست و خوێدان و پەرداخی لە سەر سینیەکە دانا و بردی بۆ پاشخان. عەباسجان بە نیگا بە دوای مەتی سەکینەدا ڕۆیشت و بەدەستیش تای گیوەکەی دا بە ستار. ستار کەوتە بادانی دەزووی دوورینەکەی. عەباسجان تفی دەمی چەشت، دەور لێوی لستەوە و وتی:

ـ چ شیوێکی شاهانەیە! گۆشتی تازە و پڵاوی ناو تیانە!

ستار وتی:

ـ بەڵام ئەم گیوانە خۆ هیچی پێوە نەماوە. هەر جۆر بووە ئەبێ جووتێک پێڵاوی نیوداشت دەسبخەی. ئەتەوێ ئەمجار کە پێم کەوتەوە شار پێڵاوێکی هەرزانت بۆ بکڕم؟

ـ لە شار، بە قەرز ئەیدەن بە تۆ؟

ـ بە قەرزکە نا. بەڵام من شارەزام. بە هەرزان دەستم ئەکەوێ.

ـ چەندە ئەخەیتە سەری؟

ـ زۆرنا. کرێی پێم.

ـ نا کاکە گیان. من ناتوانم بەڵێنی ئەوە بدەم کاتێ کە تۆ پێڵاوت بۆ هێنام من پارەم بە دەستەوە هەبێ.

ـ زۆر چاکە، ئێستە کە هەتە پارەکەی بدە!

عەباسجان، بە وشکی پێکەنی و وتی:

ـ پێت وایە من مەلا نەسرەدینم؟ ئەگەر لێت دا و لەم مەڵبەندە ڕۆیشتیت، پارەکەی منیشت لەگەڵ خۆت برد، ئەوسا یەخەی کێ بگرم؟

ستار وتی:

ـ ئەمەش خۆی قسەیەکە! تۆ ڕاست ئەکەی. من خۆ جێگەی بڕوا و متمانە نیم.
ـ نا بابە تۆیش، مەبەستم ئەوە نەبوو. تۆ ئەناسم. کێ هەیە تۆ نەناسێ؟ ئەزانم حەڵاڵ و حەرام ئەزانی. بەڵام، ئەڵێی چی، من متمانە ناکەم. نەک بە تۆ، متمانەم بە هیچکەس نییە! دڵنیام کە پارەی حەرام لە گەرووی تۆ ناچێتە خوارەوە، ئەوە ئەزانم. بەڵام دڵم ڕازی نابێ زمانی خۆم بدەمە دەست تۆ. چی بکەم ئیتر؛ وا ڕاهاتووم. هەرچی چۆن بێ، ئەگەر ڕۆژێک جووتێک پێڵاوی کۆنەت دەسکەوت و پارەشت هەبوو بیکڕە بۆ خۆت؛ پاشان کە یەکدیمان بینی، ئەگەر منیش پارەم بە دەستەوە هەبوو ئەوا لێتی ئەکڕم. بەڵام خواوەکیلی، نەک بەسێ چوار بەرامبەر لە سەرم حەسێب بکەی!
ستار، شیرین پێکەنی. عەباسجانیش پێکەنی.
ـ وتت لەگەڵ پارێزەریش هاتووچۆت هەیە، ئەرێ عەباسجان؟
عەباسجان وتی:
ـ چاکەی خۆیەتی و چاوی لەمنیش هەیە. جارجارە ئەچم بۆ خزمەتی. پیاوێکی زۆر باشە!
ـ دەستیشی ئەچێ بۆ گیرفانی، یان هەروا بە خۆڕایی؟
ـ ئەی... خراپ نییە. چەندە پارە بدەی، ئەوەندە چێشت ئەخۆی! خۆ ئەوە ئەزانی؟!
ـ منیش مەبەستم ئەمەیە. بۆچی لە شوێنێک داتنامەزرێنێ. بە ڕەسمی.
ـ ئیشەڵڵا، ڕەنگە. ڕەنگە. حەیف کە تەمەنم لە سی سەرکەوتووە. سی و پێنجیشم تێ پەڕاندووە! ئەوە خراپە.
ـ ژیانە ئیتر، چی ئەکرێ؟
مەتی سەکینە لە پاشخان هاتە دەرەوە. تیانەی پڵاوەکەی هەڵگرت و بردی.
عەباسجان دیسانەوە لێوی لستەوە و سەیری پاشخانی

کرد. ستار هەروا چاوی لێ ئەکرد. ئەیتوانی ڕادەی ئیشتیای هەست پێبکات. ڕیخۆڵەکانی کەوتوونەتە قوورەقووڕ و دەمی ئاوی کردووە. زمانی بە دەور دەمی‌دا ئەسووڕاند، چاوەکانی لە پەسا زەقتر ئەبوونەوە. عەباسجان ئەوەی لە ستار نەئەشاردەوە. شوورەیی چی؟! کێ چی پێخۆشە با بیڵێ!

ـ بەڵام ستارخان! تا ئێستە لە سەر تۆ هیچم پێ نەوتووە، ها!

ـ ئەتەوێ چی پێ بڵێی؟ من خۆ نانی تۆم لەدەستت نەسەندووە؟ بەڵام ئەگەر تۆ ئەتەوێ نانی من ببڕی ئەوە شتێکی ترە. بەڵام...

ـ نا، مەسەلە ئەوە نییە. خۆیشت ئەزانی، مرۆڤ حەزی لە خۆڕاگری تۆ ئەبێتەوە. زۆر خۆت ڕانادەی! ئەوانیکە وانین. هاژە و هووژیان زۆرە. ئەم مەتی سەکینەیە بۆ نەهاتە دەرەوە؟

ـ ڕەنگە خەریکە چێشتیان بۆ ئەکاتە ناو دەوری.

ـ نەء! بە قسە ڕایانگرتووە.

ـ چ قسەیەکیان پێکەوە هەیە؟

ـ ڕەنگە ئەیانەوێ خانمیان بۆ بهێنێ!

ـ عەباسجان!

ـ باوەڕناکەی؟ بەڵام ئەوە بزانە ئەم مەتی سەکینەیە جارجارە یەکێک لەم قاحپەگەڕۆکانە دەس ئەخات. ئەوانەی لەگەڵ شۆفێری تانکی و لۆرییەکان سوارئەبن بچن بۆ مەشهەد، یان لە مەشهەدەوە بۆ تاران. هەندێکیان لە قۆچانیشەوە دێن و لەم سێ ڕێیانە، چەند شەوێک لائەدەن. بەڵام مەتی سەکینە ئەو جۆرە خانمانە پیشانی هەموو کەس نادات! میوانی تایبەت کە خۆی ئەنێرێ بە دوایان‌دا بێن بۆ ئێرە. میوانی وەکوو نادعەلی‌خان! جاریش خانمەکە ئەنێرێ بۆ ناو باخی میوانەکانی. یان خۆی ئەیبات.

ـ تۆ باشتر ئەزانی.

ــ ئەیچۆن! جارێ باگوێ بگرم بزانم ئەڵێن چی. لەخۆڕا نییە!
عەباسجان هەڵسا و گوێی نا بە پەردەکەوە.
قەدیر ئەیوت:
ــ سەوقی، مەتی. هێشتا نەبووە بە هەژدەش، هۆکاری قڕەکەی چوارگوێشلیش ئەو بووە. ماوەیەکە ون بووە. بووە بە ئاو چووە بە زەویدا. ئەگەر بتوانی شوێنی هەڵگری، مزگێنیەکی باش وەرئەگری. ئەربابی من نادعەلی دڵی لە دووی ئەوە.
مەتی سەکینە وتی:
ــ ناوی نازانم. بەڵام ئەو کچەی ئێوە ناونیشانتان هەڵدا، دیومە؛ لە کوێم بینی خوایە؟ ئەگەر لە هۆشم مابێ چاوی ڕەشی ئاگراوی بوو. قژی زۆر درێژ بوو. بەڵام غەمگین و داگیراو بوو. کڵۆڵ بوو. هێشتا سەمایان بەو نەئەکرد. بەو جۆرەی من تێگەیشتم خەریک بوون ڕایان ئەهێنا. زۆر شەرمن بوو. شەوێک بۆ ماوەی نیوکاژێر لێرە مانەوە. ئەو تەنها یەک وشەشی نەگوت. سەیری کەسیشی نەکرد. وەکوو ئاسکۆڵەیەکی لە داوو کەوتوو، چی بڵێم؟ دڵی گیرابوو کچەی ڕەبەن. ئەترسا. خوایەگیان! لەو قەرەباڵخیەدا نەمتوانیی لەگەڵی بدوێم. پیاڵەیەک چام بۆ برد. بەڵام تەنها لێوێکی بزواند و چاکەی دایە دواوە. چارشێوی چیتی گوڵداری بە سەرەوە بوو. کراسەکەشی سەوزی ئەتڵەس بوو. بەچی بانگیان ئەکرد خوایەگیان؟ ئەرێ، نیگار. ئا، پێموابێ ناوی نیگاریان لێنابوو.
ــ چەندێک ئەبێ مەتی؟ کەی بوو؟
ــ بەر لە بەفر. بەر لەم بەفرە. "ڕوخەک" هێنای بۆ ئەم پاشخانەیە و لێرە داینا. وابزانم نەی ئەویست کەس ببینێ.
ــ هەڵسە! هەڵسە ئەو زەهری مارە، ئەو ئارەقە بهێنە!
مەتی سەکینە ئەبوا هەڵسێ و لە پاشخان بچێتە دەرەوە. ئەویش بەو فەرمانەی نادعەلی دای. هەڵسا. هەرئێستە دێتە دەرەوە. هات. عەباسجان لە شوێنەکەی خۆی، لە لای ستارەوە

دانیشتبوو. ستار، تای گیوەکەی خستە بەردەمی وتی:

ــ بە تازەییش وا نەبووە!

ــ دەست و پەنجەت خۆش بێ. بە ڕاستی گەوهەر لە پەنجەت ئەبارێ! نەء. جووتێک پێڵاوی نیوداشتی باشم بۆ پەیا بکە. مامەڵە خۆ هەڵنەگیراوە!

ئەیوت و چاوی لە دوی کار و کرداری مەتی سەکینە بوو. مەتی لەشە وشکەکەی چەماندەوە و کەوتە گەڕان بە دوای شتێکدا؛ شووشەی ئارەقەکە. شووشەکەی هەڵگرت، دایە بن باڵی و چوو بۆ پاشخان.

عەباس، بە سەری پەنجە، لالەغاوەی سڕییەوە و بە دەم مڵچە مڵچەوە وتی:

ــ کەمووکوڕی نەما!

عەباسجان، ئەیویست وەستا ستار بۆی بسێنێتەوە، بەڵام ستار یارمەتی نەدا و وەک گوێگرێکی خامۆش مایەوە. عەباسجان نائومێد لە یاریدەی کابرای پینەچی، سەری داخست و چووەوە ناو خەیاڵەکانی خۆی. فەرماندەی خەیاڵەکانی خۆی، تەنها ئەم یەک شتە، کەس نەی ئەتوانی -نەیتوانیبوو- لێی بسێنێ. لێرە دانیشتبوو و ئەیتوانی -بە حەز و دڵخوازی خۆی- پاشخانەکە بهێنێتە پێش چاوی و بەو جۆرەی کە هەبوو یان ئەو ئەیویست بیبینێ. ئەوەی لەوێ ڕووی ئەدا، یان بۆی هەبوو ڕووبدات، گیان بکا بە بەریدا. قورسی گەرم: ئەوەندە گەرم کە نادعەلی لێفەی لە سەر ئەژنۆی لادابوو و پاڵی دابوو بە جێوبانەکەوە. ئیشتیای خواردنی نەبوو. لامپاکە لای سینیەکەوە ئەسووتا. دەوری پلاو هالاویان لێ هەڵئەسا. گۆشتی سەرسینگ، لە بن دەوری پلاوی باش دەمکێشاودا شاردرابوونەوە. ناوبەناو گۆشتەکان دیاربوون. قاپی ماست لە لای دەورییەکانەوە. نانی تازەش. دوو دانە. لای سینیەکە. پارچی ئاو. ژێر قورسی گەرم و ئاوی سارد، چەند بەلەزەتە! لەمبەری قورسیەکەوە، مەتی سەکینە دانیشتووە

و خەریکە شووشەی ئارەقەکە هەڵئەپچڕێ. ناوچەوانی نادعەلی گرژە. مەتی سەکینە لە بنەوە سەیری ئەکا. سووچی قورسیەکە. قەدیر لە سەر چۆکێک، زاڵ بە سەر سفرەکەدا، دانیشتووە. چاوی لە سەر خواردنەکە ئەبڵەق بووە. گۆشت و پڵاو و ماستەکە، لە پێشدا بە چاو ئەخوات و ئارەقەکە ئەچێژێ. مەتی سەکینە سەری شووشەکەی کردۆتەوە. خەریکە بە باڵی چارۆکەکەی پیاڵەکان خاوێن ئەکاتەوە. خاوێنی کردنەوە. ئەمجا لە ناو سینیەکەدا ڕیزیان ئەکا. ڕێزی کردن. قەدیر پیاڵەکان و شووشەی ئارەقەکە ڕائەکێشێ بۆ لای خۆی.

ــ بیسمیلا ئەرباب! دەست پێ بکە. بیر و خەیاڵ سوودی نییە. لە قولەی قافیش بێ، ئەیدۆزمەوە. ڕۆخەکی لۆتی، وەکوو سەگی بەرەڵڵا لە هەموو لایەکە. ئەمەیان لە ئەستۆی من!

قەدیر بوو. دەنگی قەدیر بوو.

عەباسجان ددانی لە چیرەوە هێنا!

«بخۆ! هەڵیلووشە! فشە بکە! ئەگەر بهێڵم ئەو پارووە بە خۆشی لە گەرووت بچێتە خوارەوە، لە جێی تۆ بم. خۆتی پێوە بلکێنە با وابزانێ لە دایکێک بوون! زۆڵی توخمی زۆڵ. بەڵام ئەگەر هێشتم بە دڵتەوە بلکێ، ئەوا بزانە ئەم چوار تاڵە مووەی سەر چەناگەم لە ئاش سپی کردووە. دات ئەبڕم. لەوت دائەبڕم. ملۆزم! بێدایک و باب، خۆت بە باوکی منەوە، بەو پیرە مێردە گۆچە بەدبەختەوە لکاندووە؟ ئەیبەیتە سەر ئاو و قنی ئەشۆیت و دەرپێکەی ئەشۆری... بەس لە بەر ئەوەی لە ڕاسپاردەنامەکەیدا ئەو چوار قەڕانەی ماوێتی بیکا بە ناوی تۆوە؟! ئا، زۆر خۆشباوەڕی! ئیتر خافڵی لەوەی کە تا پیرەمێرد پێی بگاتە گۆڕ، من، سەروبنی گیرفانەکانی، کون و قوژبنیماڵەکەی، ناو سەرین و پزووی شەرواڵەکەی، تەنانەت نافەکیشی لە پارە پاک ئەکەمەوە! پێت وایە ئەهێڵم تەنها دوو شایی دەست تۆ بکەوێ؟! دیارە زۆر خاوی. خاو! زۆڵی نمەک بە حەرام. قەیناکا گۆشت و پڵاوی ئەو

گەنجە هەڵلووشە. ئارەقەکەی بخۆ و خۆت بکە بە نۆکەری تا من ئاگادارت ئەکەمەوە! هەر ئێستە، هەرئێستە لێت تێک ئەدەم. شیوەکەت لێ‌ئەکەم بە قوزەڵقورت. هەر ئێستەکانێ!»

ـ های... مەتی سەکینە! ئێمەش بنیادەمین. خۆ پارەکەی ئێمە تەنەکە نییە! وەرە شیومان بۆ بهێنە، ئەوەش پارەکەی!

مەتی سەکینە سەری لە پاشخانەوە هێنایە دەرەوە:

ـ ناتوانی تاوێک خۆت ڕابگری؟ تاوێک ڕاوەستە ئیتر!

عەباسجان وتی:

ـ بێنە! بۆ ئێمەش گۆشت و پڵاو بهێنە. مەگەر ددانەکانی ئێمە نازانن خواردنی باش بخۆن؟ ئارەقیش بهێنە!

مەتی سەکینە وتی:

ـ نە ئارەقم هەیە و نە پڵاو و گۆشت! وەستای پینەدۆزیش نانی خواردووە. ئەگەر ئەتەوێ تا ماست و هێلکەوڕۆنت بۆ بهێنم.

بەرلەوەی قسەکەشی تەواو بکات، پەردەکەی داخستەوە. عەباسجان هەڵسا و لە ناو چاخانەکەدا کەوتە پیاسە. خۆی گەیاندە لای پەردەکە و بەئەنقەست دەنگی بەرز کردەوە:

ـ مەتی سەکینە، لەگەڵ من وا مەبە! تۆ شێوێکی باشم بۆ سازبکە، منیش هەواڵی باشت بۆ ئەگێڕمەوە. دەنگوباسی وام لە لایە دانەی سەد تمەن ئەهێنێ. ئەمشەو هەواڵی وام لە لایە هەتا ئێستە نەت بیستووە. بەڵام... بەڵام ئەم چیرۆکە تایبەتە، شێوێکی پوخت و نیوقاپ ئارەق و نیو مسقاڵ شیرەی پێ ئەوێ. ئەگەر بتوانی پێیەکی قوماریشم بۆ بدۆزیتەوە ئەوە چ باشتر. ئەم شتانەشم بە خۆڕایی ناوێ، پارەکەی نەخت ئەدەم. نەخت!

بەر لە مەتی سەکینە، قەدیر پەردەکەی هەڵدایەوە، قاچی نایە ئەم دیوو. پەنجە چەورەکانی لستەوە. چاوەکانی لە براکەی مۆڕکردەوە و وتی:

ـ زمانت داخە، عەباس! لە بیرت بێ چیم پێ وتی؟!

وەڵام وەرنەگرتوو، کشایەوە. ئەتوت لە بڕشتی قسەکەی

دڵنیایە.

سەرەڕای ئەوەش عەباسجان ئارام نەبوو. لە مەتی سەکینە کە بە دوای قسەکەی قەدیردا هاتبوویە دەرەوە، نزیک بوویەوە و وتی:

ـ چی ئەکەی؟ مامەڵە تەواو؟ نیوقاپ ئارەقی سودخور هەڵگرە بیهێنە با لەگەڵ ئەم وەستا ستارە نۆشی گیانی بکەین. پارەکەشی من ئەیدەم. بۆچی ئەوەندە خۆت ئەخلاڤێنی ئیتر؟! ئەترسی پاش ئەوەی ئارەقەکەمان خواردەوە بێڕێزی بە کەسێک بکەین؟ مەترسە! ئەوسا کە سەرم گەرم ئەبێ، تازە کاتی ئەوەیە کە قومارێکی خاوێن بخەمە ڕێ. ئارەقەکە بهێنە و یەکێکیشم بۆ بدۆزەرەوە قوماری لەگەڵ بکەم. ئەمەش کرێی پێت!

مەتی سەکینە وتی:

ـ لەوە زیاتر لە سەری مەڕۆ، عەباسجان! من میوانم هەیە و غەمدارە! لە لایەکەوە ئارام بگرە پارووە نانێکت بۆ بهێنم، بیکەی بە قوزڵقورتت.

عەباسجان دانیشت:

ـ ئا، مەتی گیان! ئەوا دانیشتم. بەڵام داوام لێمەکە ئەو بەسەرهاتەی تەنها من ئەیزانم بۆتی بگێڕمەوە. ئاو و نان دارە، ها! پێت وانەبێ درۆ ئەکەم. خوا کوێرم بکات ئەگەر درۆ بکەم!

گرمەی دەنگی نادعەلی بەرزبوویەوە:

ـ پووری، میمکە!

ـ گیانی پووری؟! دەرد و بەڵات لە گیانی پووری؟

مەتی سەکینە، سەری کرد بە ناو پاشخانەکەدا. نادعەلی وتی:

ـ ئەو دووانە میوانی منن. پێیان بڵێ با بێن بۆ ئێرە، بۆ بن قورسیەکە!

تا مەتی سەکینە هەڵگەڕێتەوە، عەباسجان هەڵسابوو:

ـ لە سەرەتاوە ئەمزانی ئەم ئەربابە بە تەنهایی ئەو نانەی

بۆ ناخورێ! لە گەرووی ناچێتە خوارەوە، ئاخر! خۆ گاڵتە نییە؟ هەر کەس کە لە سەر سفرەی باوک و دایکی خۆی نانی خواردبێ، یەکە خۆریی پێناکرێ، وەکوو خودی من! هەڵسە، هەڵسە با بچین بۆ بن قورسیەکە، ستارخان! هەڵسە!

وەستا ستار وتی:

ــ چی لەوە باشتر، بەڵام من نانم خواردووە.

ــ هەڵسە با بڕۆین کوڕی باش! مرۆڤ چەندە تێر بێ بە ئەندازەی بەرچایی بەیانی بۆ ئەخورێ. هەڵسە ئیتر! ڕەنگە تا ساڵێکی تریش شیوێکی وات دەس نەکەوێ، هەڵسە بزانم!

بەدەم قسەکردنەوە، عەباسجان بن باڵی وەستا ستاری گرت و لەگەڵ خۆی بردی بۆ پاشخان:

ــ دیسانەوەش سڵاو، ئەرباب!

ــ دانیشە! تۆیش لە لایەکەوە دانیشە. بخۆن!

دانیشتن، ستار لای خوارەوەی قورسیەکە و عەباسجان تۆزێ لە سەرترەوە؛ نزیک نادعەلی.

قەدیر، سەری لەخوارەوە بوو و چەقۆت لێبدایەت خوێنی لێنەئەهات. پارووەکەی ئەجوو و لەوە ئەچوو ددان بەگۆشتی لەشی خۆیدا ئەنێ. ئەم خەرەنگێزە ئاخرەکەی خۆی تێکەڵ یارییەکە کردبوو. قەدیر چاوی بینینی براکەی نەبوو. تێکدەر! حەزی نەئەکرد عەباسجان لەوێ بێ. بەو ڕوخسارە دزێوەیەوە. جگە لە هەموو ئەمانە قەدیر بوونی براکەی بە سووکایەتی بۆ خۆی ئەزانی. گیری کردبوو. نەی ئەزانی چی بکات. ئەترسا نەکا لەپڕ لە دەستی دەربچێ و وەکوو گورگێک پەلاماری عەباسجان بدات. نەء. نابێ بهێڵێ وای لێ بێ. باشتر وابوو، ئەم تاقە شەوە، ئەوەی لە نێوان ئەو و عەباسجاندا بووە و هەیە، وەکوو خۆی بمێنێتەوە. قەدیر، تەنانەت بە باشی نەئەزانی یەخەی عەباسجان بگرێ لە سەر ئەو پارەیەی بە زۆر لە باوکی سەندبوو. با بوەستێ بۆ کاتێکی‌تر. بەڵام ئارام نەبوو. نەی ئەتوانی ئارام بێ. خوێنی قوڵپی ئەدا. نانەکەی بە

بوغزەوە ئەپچڕی و پارچە ئێسقانەکانی لە بن ددانەکانی ئەهێنایە دەرێ و لە بەر دەستی، لای سینیەکەوە کەڵەکەی ئەکرد.

نادعەلی خەریک بوو مۆخی قەڵەمەکەی ئەتەکاند. مەتی سەکینە سەیری قەدیری کرد و چووە دەرەوە:

ــ نۆشی گیانتان. چیتان کەم بوو، بانگم بکەن. بڕۆم چای تازە دەم بکەم.

نادعەلی بە قەدیری وت:

ــ دوو پیاڵەیتر! بڵێ قاپێکیتریش ئارەق بهێنێ.

ــ ئەوا خۆم ئەچم ئەرباب، بە سەر چاو!

ڕۆیشت و بە دوو پیاڵەوە گەڕایەوە.

ستار بێدەنگ دانیشتبوو و عەباسجان ڕازی و بە ئیشتیا، دەوروبەری دەوری بلاوەکەی بە پارچە نانی نەرم ئەلێستەوە و ئەیخنیە ناو دەمە زلەکەی و کاتی جاوینی پارووەکە، پێستی گووپی ئەکشا، هەڵئەمسا و چاوەکانی دەرئەپەڕین. نادعەلی بە بەخشندەییەوە سەیری ئەکرد و جار جار لە بنەوە چاوێکی لە قەدیریش ئەکرد؛ قەدیر پارێزی لە نیگاکانی نادعەلی ئەکرد و ڕووی ئەدزییەوە.

ــ وەرە سفرەکە هەڵگرە مەتی!

قەدیر وتی. مەتی هات. نادعەلی پرسیاری کرد:

ــ کەس برسی نییە خۆ ئیتر؟

عەباسجان، لێوەکانی بە بەری دەست سڕییەوە و وتی:

ــ هەمیشە سفرەت ڕاخراو بێ، ئەرباب گیان! خوا تۆمان لێ نەسێنێ.

مەتی سەکینە، سینیەکەی چۆڵکرد. بەس قاپی ماست، شووشەی ئارەق، پیاڵە و کەوچکەکانی لێمابوو، لای لامپاکە و پیاوەکانیش لە دەور قورسیەکە. نادعەلی بە قەدیری وت:

ــ ببە بە ساقی!

قەدیر پیاڵەکانی سەر پڕ نەکرد. سەرەتا نادعەلی و لەگەڵی

ئەوانی دیش پیاڵەکانیان ڕاکرد.

عەباسجان پیاڵەکەی بەرز کردەوە و وتی:

ــ ئەمشەو خۆشین بە خۆشی ئەرباب نادعەلیەوە. ئاڵات شەکاوە بێ. فیدای دۆست!

جارێکیتر پیاڵەکان پڕ و بەتاڵ کرا، جارێکیتر و؛ جارێکی تریش.

ــ بەسەلامەتی ئەرباب.

ــ فیدای کاکۆڵی ئەرباب.

ــ بە قوربانی ئەرباب.

ــ مەرگی نەیارت ئەرباب!

ــ ئەربابی من، نەیاری نییە!

ــ نەیار، سەگی کێ بێ؟

نادعەلی سلامنۆشی براکانی بڕی:

ــ بڵێ دیسانەوە ئارەق بهێنن!

ــ ئارەق، مەتی!

ــ سێ تەن نا، سەد تەن فیدای یەک تەن، فیدای نادعەلی چوارگوێشلی. ئاڵات شەکاوە، ئەرباب!

نادعەلی وتی:

ــ جارێکیان تۆم لە سەر ڕەشماڵەکان بینی، خەریک بووی پێڵاوت ئەدورییەوە، وانییە؟! بەهار بوو، لە بیرتە؟ من بۆ پشوودان هاتبوومەوە. لای دەوروبەری دەرەوەزان، ها؟

ستار وتی:

ــ بەڵێ لە بیرمە. بەهاری پارەکە بوو. تۆ تەنها نەبوویت. پیاوێکی سەرەپیاویشت لەگەڵ بوو.

ــ بەڵێ، وابوو. هاتبووین پەروار بکڕین.

عەباسجان وتی:

ــ خوا قەبری پڕ بکات لە نوور. مسۆگەر خوالێخۆشبوو حاجیاغە بووە!

عەباسجان دەرفەتی وتووێژەکەی نەدا. قازانجێکی تیا نەئەبینی. بۆیە باسی سەنگەسەری هێنایە بەرەوە:

ـ لەوێش... مەبەستم ئەم سەنگەسەرەیە، ئەرباب؛ بۆ مەڕداریی شوێنێکی یەکاویەکە. بەر لەم بەفرە، من لەوێ بووم. بەر لەوەی ئەم بەفرە بباریێ، چوار مەن دونگ بە قنی هەموو شەکێکەوە ڕائەشەکا! لەوێ بانگ کرابووم بۆ زەماوەند. شایی کوڕی یەکێک لە خانەکانی سەنگەسەر: جەلالی حەمەخان. لە پشت شەهمیرزاد، لە ناو خێڵ. چ هەوایەک! سارد! بەڵام خوا بەرەکەت بدات بە کۆتە داری جەنگەڵ. خەروار خەروار ئاگر. زەماوەندەکە لە ناو گوند بوو. شەو بە ئاگر ڕووناک بوو. ناو بە ناو، پەڵە پەڵە خەرمانێک ئاگر بڵێسەی ئەکێشا بۆ ئاسمان! چ شەوێک بوو! میوان، هەموو لە سەر کەیف، بە دەور خەرمانەی ئاگردا ئەڵقەیان دابوو. شاد و سەرخۆش، ئەیانوت و ئەیانبیست و پێ ئەکەنین. هەموو شتێک لە وێ هەبوو. هەر کەس حەزی لە هەر چی بوو و هەرچی ئەویست، بۆی دابین ئەکرا. ئارەقخۆر، ئارەق. جگەرەکێش، جگەرە. تریاکی، تریاک. کۆتایی شەویش قومار دامەزرا. چ قومارێک. برای زاوا، هەر ئەو شەوە حەڤدە دانە شەکی بە جارێک دۆڕاند! بەزمی ڕابواردن بە حەق ئامادە کرابوو. چ دەهۆڵ و زوڕنایەک! سێ دەستە لۆتی لێ بوو و بە ڕێکەوت دەستەیەکیان هی ئەم مەڵبەندەی لای خۆمان بوو. لۆتی ڕوخەک. چ قەشمەرییەکی دەرئەهێنا. سەنگەسەرییەکان لە پێکەنیندا غەشیان کردبوو. لۆتی ڕوخەک لاسایی ئەکردەوە. بەو بستە بالایەوە چی نەئەکرد. بەڵام شتێک زۆر منی غەمبار کرد. کچێکی تازەکارەیان هێنابوو سەمابکات. خودی لۆتی ڕوخەک ئەیویست سەمای پێ بکا. کیژۆڵەی ڕەبەن! دیاربوو یەکەمجاریەتی پێ ئەخاتە ناو داوەوە. ئەو جۆرە شەوگەڕە لە لای نامۆ بوو. لە سەر و بیچمیەوە دیار بوو شاری نییە، گوندی بوو یان خێڵاتی. نازانم! چاوەکانی ڕەش بوو و قەڵەو. ئاگری! پرچیشی درێژ بوو. بەڵام زۆر

غەمگین بوو! پەرێشان و پەشێو. بە سەلامەتی ئەرباب! بچێتە جێک غەمی تیانەبێ. بخۆ ئەرباب! ئەی ئەم مەتی سەکینە چوو بۆ کوێ؟ ئەمویست!

ــ بڵێ! دوای ئەوە چی بوو!

نادعەلی ئەبوا ئەمە بڵێ. عەباسجان چاوەڕوانی ئەو قسەیەبوو. پاشان لێوەکانی بە بەری دەستی سڕییەوە و سەرێکی بە درێخەوە ڕاوەشاند:

ــ جەرگم بوو بە کەباب! کێ بیری بۆ ئەوە ئەچێ؟ ئاخرەکەی کچەی ڕاکێشا بۆ ناو بەزمەکە و لە بەر چاوی ئەو خانە سمێڵ بابڕانەی پشتیان دابوو بە پشتیەکانەوە، سەمای پێکرد! بەڵام بە چ شێوەیەک؟ سەرخۆشی کرد! بە شەراب. بڵێ کێ ئەو کارەی کرد؟ خودی لۆتی ڕوخەکی بێناموس! هەمان ئەو بێ ویژدانەی هەتا ئێستە زیاتر لە سەد کچی بێتاوانی لەملا و ئەولاوە خستۆتە تەڵەوە و خستوویەتە باخەڵی ئەو... دەوڵەمەندانە! ئەو کەچەڵەی بێ ئابڕووە. تف! بە ئەستۆی خۆی، من لە پشتەسەر ئەناڵێنم، من لە بابەتی ئەم کچەوە هیچ ناڵێم. بەڵام دڵنیا نیم کە لۆتی ڕوخەک... چی بڵێم؟!

ــ قسە بکە!

ــ کە لۆتی ڕوخەک... ئەو گوڵە ناسکەی بۆ چوار گەڵا پارەی گەورە نەخستبێتە باخەڵی یەکێک لە مەڕدارە گەورەکانەوە؟! خوا ئەزانێ. پاشانیش من ئیتر ئاگام لێ نییە. بەڵام پێشتر بینیم مامی زاوا، تۆپەڵەیەک پارەی خنی بە دەمی کچەدا! ئەزانن خۆ؟ لە کاتی سەمادا، کچە ئەبێ بسوورێتەوە و سەر بخاتە سەر ئەژنۆی دانیشتوان. درۆم نەکردبێ، مامی زاوا پڕ گیرفانێک ئەسکەناسی خنی بەیدەمی کچەداێو خەریک بوو ئەیخنکاند! من دڵنیا نیم...

ــ لە چی دڵنیا نیت؟

ــ کە کچە ئەو شەوە بە ساخی لە چنگی مامی زاوا دەرباز بووبێ! پاشان... من ئیتر ئاگام لێ نەما. تێکچووم. ئارەقی

جۆراوجۆرم خواردبۆوە. تکایە پیاڵەیەکی ترم بۆ تێکە! زۆر بێ ئوقرەم.

ـ تێکە، بۆی تێکە!

قەدیر، بە فەرمانی ئەربابەکەی، پیاڵەی بۆ عەباسجان پڕکرد و پاشان پیاڵەکانی تریشی نیوە پڕ کرد. بەڵام ڕەگەکانی ملی لە داخا ئاوسابوون. وەکوو ڕۆژ لە لای ڕوون بوو کە عەباسجان درۆ ئەکا. بەڵام نەشی ئەزانی چی بڵێ و چی بکات؟ تەنها هیوای ئەوە بوو چیرۆکەکەی عەباسجان لێرەدا کۆتایی پێ بێ. بەڵام وای لێ نەهات، عەباسجان پیاڵەکەی هەڵدا و لای سینیەکە داینا. تاڵی زمانی بە کەوچکێک ماست بڕی و وتی:

ـ بیرم لەوە نەکردەوە قسە لە زمانی لۆتی ڕوخەک دەربکێشم. بۆم گرنگ نەبوو. ئەگینا لەگەڵ لۆتی ڕوخەک ئەوەندە ئاشناییم هەیە بتوانم قسەی لێ دەربکێشم. بۆ چی ئەڵێم ئاشنایی! بیست قاپ ئارەقم کردووە بە گەروویدا. سەد جار پارەی شێو و ناشتای دار و دەستەکەیم داوە. لوول لوول تریاکم پێداوە کێشاوێتی. لە هەر زەماوەندێکدا کە بووبێتم سەد جار زیاتر ئەسکەناسی ورد و درشتم خنیوە بە بن مەمکدانی سەماکەرانیدا. هەر لە بنەڕەتەوە نمەکپەروەردەی خۆمە! وتنی ئەو قسانە زۆر باش نییە، بەڵام هەر کات ئەهات بۆ مەشهەد...

قەدیر، خۆی پێ ڕانەگیرا و تەنها شتێک کە توانی بیڵێ، ئەمە بوو:

ـ خەمت نەبێ ئەرباب. لە لووتکەی قافیش بێ، ئەیدۆزمەوە. بەڵێنت پێ ئەدەم. ئەمەیان لە ئەستۆی من!

ـ کێ؟

عەباسجان وەک بڵێی نازانێ، پرسیاری کرد.

نادعەلی وتی:

ـ ئەو کچە ئیتر!

عەباسجان وتی:

ـ جا ئەوە خۆ کارێکی نییە، هەهـ! لۆتی ڕوخەک وەکوو مۆم وا لە ناو دەستی خۆمدا. ئێوە فەرمان بدەن کار تەواوە. تاڵی مووی ئاگر بدەم، لێرە ئامادە ئەبێ! هیچ غەمی ناوێ. ئەو کارە لە پای من. خەرجەکەشی هیچ نییە، پێشکەشی جەنابتان. من لەوە زیاتر قەرزاری ئێوەم. جا بفەرموون با بزانم گرفتاری ئەرباب لەو بابەتەوە چیە؟ ئەگەر بەس ئەو کچەیە، ئەوە لە ئەستۆی خۆم! جارێ ئەگەر ڕێگە بدەن با بڵێم مەتی سەکینە دەمودەزگاکەی ئامادە بکات دووکەڵێک هەڵمژین. خۆ یارمەتی هەیە؟

هەڵساو بەر لەوەی وەڵام وەربگرێ، چووە دەرەوە و مەتی سەکینەی ناچار کرد ئاگری مەنگەڵەکە تازەبکاتەوە و بۆیان بەرێ. کارێکی نەبوو. ئامادە. عەباسجان، مەنگەڵ و وافوورەکەی لە بەردەمی خۆی دانا و وتی:

ـ بە دوای ئەو تیژە بێدینەدا، ئەگەر ئەم تاڵە بەدکردارە نەبێ، مرۆڤ خۆ نەشە نابێ!

داوەکەی لە قەدیر دزیبوو!

بە بیانووی مەستی و هەوا خواردن. ستار هەڵسا و چووە دەرەوە، هەستی خەفە بوون! ناوسینەی پڕ بوو لە قوڕقووشم. قورس و دڵگیراو. لە چاخانە چووە دەرەوە. لە سەر سەکۆکە وەستا و ڕوومەتی گرت بە بەر بای نەیشاپوورەوە. بای بە کزە، وەکوو دەرزی ئەچەقی بە ڕوخساردا. سەرما لە قۆچانەوە ئەهات. بۆ ئەوە نەبوو ڕابوەستێ. سینگی لە هەوای شۆراو پڕکرد و گەڕایەوە سەر جێگەکەی خۆی، لای توربێنی پینەچیەتییەکەی، ناو چاخانە، سەرما نەبوو. خوێنی ستار بە ئەلکول گەرم داهاتبوو. مەتی سەکینە، چای بۆ هێنا:

ـ لەوێ دانەنیشتی؟

ـ پێویستم بوو هەوایەک هەڵمژم.

ـ لەگەڵ دووکەڵ دەمساز نیت؟!

ـ نا مەتی، دڵم قفڵ ئەبێ.

ـ ئاگر لە عەباسجان بەر ببێ، پێ بخاتە هەر شوێنێک، تێکی ئەدا.

دەنگی عەباسجان هات:

ـ مەتی سەکینە!

ـ ئا بەڵێ!

ـ ئەو گەنجەفانەت بهێنە بزانم! بۆ سەرگەرمی خراپ نییە. مرۆڤ خەریک ئەکات. هەرچی بێ ئەمشەویش شەوێکە!

مەتی سەکینە پەڕی یارییەکەی بۆ بردن، ستار چاییەکەی خواردەوە. مەتی سەکینە گەڕایەوە. ستار پرسی:

ـ ئاخرەکەی پێی قوماری بۆ خۆی دۆزییەوە!

ـ بەچکە زۆڵێکە! سەرەتا ئارەقەکانی دا بە کوڕی حاجی حسێن و ئەویش هەر هەڵیقوڕاند. پاشانیش دووکەڵی تریاکەکە و ئێستەش خەریکە ڕای ئەکێشێ بۆ قومار.

دەنگی قەدیر هات:

ـ بانک؟ بیست و یەک، ئەرباب؟!

دەنگی عەباسجان، کەوتە سەروو دەنگی قەدیرەوە:

ـ بەستێکی ترت بۆ دانێم ئەرباب؟ تریاکێکی زۆر باشە!

ـ دایبنێ. بە جەهەننەم! ئەمشەویش شەوێکە!

ـ شەوێکە!

جیڕە جیڕی وافوور. قەدیر لە پاشخان هاتە ئەمدیو. چووە دەرەوە و پاش تاوێک گەڕایەوە. دۆڕاو؛ نە لە قوماردا، لە یاریی براکەیدا! تاوێک وەستا و سمێڵی خۆی هەڵکەند. پاشان لای پەردەی پاشخان وەستا و عەباسجانی بانگ کرد.

ـ وەرە!

عەباسجان سەری هێنایە دەرێ. قەدیر، چنگیکرد بە سەرشانیدا، ڕایکێشایە ئەمبەر، پشتی ڕەقاند بە دیوارەکەوە و وتی:

ـ ئەڵێم لە کۆڵی ببەوە! بزانە، چ کاتێکە ئەوەت پێ ئەڵێم!

ـ من چیم لێداوە؟!

عەباسجان، خزایەوە بۆ پاش. ئەیویست خۆی ڕاکێش بکاتەوە بۆ پاشخانەکە! بەڵام قەدیر، ڕایکێشا بۆ سووچی دیوارەکە، چنگی لە یەخەی کراسەکەی وەردا و وتی:

ـ تۆ ئەمجارەش، بە زۆر پارەت لە باوکم سەند، ئەرێ؟!

ـ نەء! بە خوا نا!

ـ خوا شەقت بکات، درۆ مەکە، سەگباب!

ـ نەء! لێم وەرنەگرتووە، بە قەبری بەنیهاشم!

قەدیر، بە پەنجە درێژەکانی ملە باریکەکەی عەباسجانی گرت و بە گوشارێک و تەکانێک پانایی سەری عەباسجانی نا بە دیوارەکەوە. لەپڕ، ناوچەوانی عەباسجان لە ئازاری سەری گرژ بوو و چاوەکانی لە بەر گوشاری گەرووی دەرپەڕی، زەق بوو. کەوتە قرخە قرخ.

ـ پارەت لێ سەند یان نا؟ لێت نەسەند؟ هێشتاش، هەر ئەڵێی نا؟ قرخەت لێ ببڕم؟ ها؟ وەرت گرت یان نا؟ ڕاستیەکەی ئەڵێی؟ ئەرێ یان نا، سەگی گلاو؟

ـ لێم سەند! لێم سەند، نمەک بە حەرام! بەرم دە، خنکام!

قەدیر، بەری دا و دەستی بۆ ڕاگرت:

ـ بابێ، نیوەی بدە بە من. منیش ئەمەوێ قومار بکەم.

عەباسجان کۆڵیدا:

ـ بەڵام تۆ یاری مەکە! من یاری ئەکەم. تۆ گیانی باوکم. با بەس من یاریی بکەم. بەس من!

قەدیر بە زەڵاڵی وتی:

ـ نایەوێ گیا بکەی بە دەمی بزنەوە! من ناهێڵم ئەربابەکەم بە تاقی تەنها بکەوێتە داوی تۆ! بڕۆ با بڕۆین تا پیشانت بدەم کێ قومار بازە؟!

ڕۆیشتن.

ـ بانک سی تمەن!

بێدەنگی قومار ئەبێ بە سەر هەمواندا سوڵتان بێ. جادووی وازی. خامۆشی بە جۆش و خرۆش. هەوڵدانی نهێنی. دڵەڕاوکەی شاراوە. هەر کەسە و لە بیری پەڕەکەی خۆیدا. لە بیری خۆیدا. قومار، دەرکەوتەی سەلماندنی تاقە کەس. هەرچی شتە لە سەر «من» ئەسووڕێتەوە.

«تۆ بمرە! خەم نییە. ئەگەر حەزم لێبوو پاشان دەستت ئەگرم، بەڵام، سەرەتا من!»

ئەبێ نەمرچ بیت و لەوێ بی. بیر لە کارتەکانی خۆت بکەیتەوە. کام کارت؟ کام خاڵ؟ نادعەلی وا بوو، قەدیریش. بەڵام عەباسجان، لەیلاجی قومارخانەکانی کاروانسەرا کۆنەکانی مەشهەد وا نەبوو. بە دەم یارییەوە، بەردەوام قسەی ئەکرد بە ڕاستی و بە گاڵتە. گوتە لە گوتەی دانەئەبڕا. هەوڵێکی زیرەکانە بۆ ئەوەی خەنیمەکەی بهەژێنێ. هانی بدات. خەنیمەکەی ئەشڵەژاند. خەیاڵی پەرەوازە ئەکرد. با بیر لە شتێکیتر بکاتەوە، جگە لە یاری. ئەی شێواند، ئەی هەژاند، خەنیمەکەی ئەهێنایە جۆش و خرۆش. کوڕکوڕی خوێندن، وەڵامدانەوە و، بەدا لەو کەسەی ئەو قسانە بە چەند وەرئەگرێ! عەباسجان شارەزای کاری خۆی بوو. کوڕکوڕی خوێندن بۆ هورووژاندنی خەنیمە؛ نەک بۆ شەڵەژاندنی خۆی. نە بۆ دڵدانەوەی خۆی. پسپۆڕی بردنەوە بوو و جێ ڕاگری دۆڕاندن. بێچاو و ڕوو. کارا و بە سەبر. خەنیم نابێ ئارام بێ. ئەبێ ئوقرەی لە بەر هەڵگرێ، باسێک ئەبێ بهێنێتە ئاراوە. لە هەر بابەتێک بێ. تا خەنیمەکەت کێ بێ؟ نادعەلیە؟ کەوا بوو بابەتی سەوقی. عەباسجان چاوێک لە خەنیم و چاوێکی لە خاڵەکانی دەستی، چیرۆکەکەی لە سەرڕا دەست پێکردەوە:

ــ کچە، ئاخرەکەی هاتە ناو بەزمەکەوە. واتە هێنایان. خودی لۆتی ڕوخەک هێنای و خستیە سەما! هەر چۆنێک بوو کچە سووڕێکیدا! خۆی ڕاوەشاند، سینە و مەمەمکی لەراندەوە و ویستی بڕواتە دەرەوە. بەڵام مەگەر ڕێگەی پێ ئەدەن؟ ڕوخەک!

دیسانەوە هێنایەوە ناو بەزمەکە. ئەمجار بۆچی؟ بۆ ئەوەی سوورڕ بدات. سووڕدان خۆ ئەزانی یانی چی؟... بولبول! بیدە بە من بانکەکە. کوا؟ دوانزە تمەنی‌تر.

ــ ئەتدەمێ.

ــ بانک چل تمەنە. خۆم بانک دائەنێم.

ــ خۆت داینێ، ئەرباب گیان! بەڵێ... سووڕدان! سەماکار، ئەبێ بچێتە بەردەمی هەموو خانێک. چۆک دابدا و دەست و شان و مەمکی ڕاوەشێنێ و لە پشتەوە وەکوو مار بچەمێتەوە و سەری بخاتە سەر ئەژنۆی خان، ئاغە یان میوانەکە و ئەوەندە نازی بۆ بکات تاکوو کابرا دەستی بچێ بۆ گیرفانی و چەن گەڵایەک بخاتە دەمی سەماکار و ماچێکی گۆنای بکات. خۆ یەک و دوان نیین. هەر هەموو ئەیانەوێ کچە لە بەردەمیان چۆک دابدا و لە بەردەمیان سەما بکا و سەربخاتە سەر ڕانیان و نازیان بۆ بکات. ئەم شتانە زۆر گرنگە! هەژدەت بە بیست! حەیف کەمم خوێند!

ــ کارتم بەرێ!

ــ زۆر جاران، لە سەر ئەو شتە جۆگەلەیەک خوێن ڕژاوە. زۆر زوو قەڵس ئەبن. هەر هەموو سمێڵ بە سمێڵ دانیشتوون و چاوەکانیان بە ئارەق سوور بووە. کام سەماکار هەیە بوێرێ یەکیان ببوێرێ و سەر نەخاتە سەر ئەژنۆی. لەپڕ ئەبینێ یەکێک کە هەست ئەکا گوێی نەدراوەتێ، خەنجەر لە بەر پشتوێنی دەرئەهێنێ! کارتێکی تریشت ئەوێ؟

ــ با بێ!

ــ ئەسووتێی ئەرباب!

ــ با بێ!

ــ ئەمەش دەی خشت! سی تمەنت خوێند بوو؟ داینێ. بانکەکەم پڕە. بۆ ئاگاداری ئەمە دوا دەستە. بۆ لە سەر شازدەوە کێشات ئەرباب! من لە پازدەدا خەوتبووم!

ــ ئەمەش درۆ ئەکەی. تۆ نۆزدە بووی.

ــ قەدیر!... بەڵێ، ئەویش کچی بەو شەرمنیە! تا سوورەکەی تەواو کرد، پێم وابێ نیوەگیان بوو! لە سەر حەڤدەوە ناکێشم، قەدیرگیان، بیکەرەوە! هەردووکمان حەڤدەین! خۆ وتم لە پێنج تمەن زیاتر مەخوێنە!

ــ پێویست ناکا تۆ فێرم بکەی!

ــ کە وا بوو، بابێ. بیست تمەن داخە، ئەرباب!

ــ کارتێکم بەرێ و دەرچۆ، هەمووی!

ــ لە سەر ئەو کارتەوە، ئەرباب؟

ــ تۆ لە سەری مەڕۆ قەدیر؟ خۆ مناڵ نیم من ! لە سەربازخانەی باغی شا هەموو ئەم یاریانەم کۆن کردووە، لە سەری حەپس کراوم.

ــ ئەی بۆچی تۆ زیاتر بانک دائەنێی؟

ــ خۆم ئەزانم بۆ! تۆ خۆت تێکەڵ مەکە.

ــ چۆلەکەی ئەمڕۆ ئەیەوێ چۆلەکەی دوێنێ فێربکات چۆن چینە بکات! تۆ بە قسەی قەدیر مەکە، ئەرباب. دۆڕاوە، خەریکە دڵی ئەتەقێ!

ــ دەمت داخە عەباس!

ــ زۆر چاکە. بەڵام تۆش لە سووچێکەوە دابنیشە و سەیر بکە. خۆت خۆ شوکر ئەوە ئەزانی لە سەر قومار ئەگەر یەکێک بڵێ وابکە و وامەکە، کابرا سەری لێ ئەشێوێ و دەستەکەی ئەسووتێ! لە بەری گران ئەبێ، تێ ئەگەی؟ تێ ناگەی ئیتر! وا بزانە خۆت لە جێی ئەرباب بیت. ئەگەر سەری پڕ بکەی لە قسە، دڵت ڕازی ئەبێ؟ من ئەزانم دڵت ڕازی نابێ. خاڵ بدە ئەرباب. خۆیشت خۆ عاقڵی، برام. کە وا بوو تێ بگە، ئەرباب نادعەلی پێی خۆش نییە کەس خۆی لە کاری هەڵقورتێنێ. منیش لەبری ئەو بوایەتم، جاڕس ئەبووم. خاڵێکی وردم بەرێ، ئەرباب!

ــ تۆ ئەتەوێ خۆت شیرین بکەی! لە سەرەتای یارییەکەوە خەریکی گزی ئەکەی. پێت وایە من کەرم؟

ـ من گزی ئەکەم!

ـ ئەی کێ؟ باوکم؟ هەموو پارەکەی ئەربابی من ئەبەیتەوە! چاوم لێ بوو کارتت لە ناو قۆڵت دەرکێشا!

ـ من؟! من؟!

ـ نەء! تۆ نا؛ نەنکم!

ـ دۆڕاویت و خەریکی یارییەکە تێک ئەدەی؟!

ـ تێکی ئەدەم و ئەولاتریش! گزی باز!

ـ قەدیر، ئارام بە! من خۆم زمانم هەیە، چاویشم هەیە. عەباسجان، کارت ڕاکێشە.

ئەمبەری دەرگاکە، ئارام بوو. بە بێ هەروا و هۆریا. تەنانەت گوتە و ئاخافتنیش نەبوو. ستار، لە سووچێکدا دانیشتبوو. مەتی سەکینە سەبیلی ئەکێشا و دووکەڵەکەی ئەدا بە حەوادا، هەردووکیان بێدەنگ بوون. ئەتوت هیچیان نییە بە یەکدی بڵێن. مەتی سەکینە خووگرتوو بە خامۆشی و ستار خووگرتووی خەیاڵ. لەم چاخانەیەی سەرەڕێدا، کە هەندێ جار شۆفێری لۆرییەک -هەندێ جاریش دوو شۆفێر و شاگردەکانیان- لایان ئەدا، مەتی سەکینە چەندین کاژێر لای مەنگەڵی پڕ لە خۆڵەمێش دائەنیشت و لە ناوەوە، سەیری دەرەوەی ئەکرد. بەڵکوو ڕێبوارێک. بەڵکوو قۆریە چایەک بفرۆشێ. دوو هێلکە و نانێک. بەر لەوە و پاش ئەویش، خامۆش بوو. چاخانەیەکی خامۆش. ژنێکی تەنها.

ستار بە شێوەیەکیتر. ئەو وا فێرببوو خامۆش و تەنها، ڕێ و لاڕێ ببڕێ؛ لەم گوندەوە بچێ بۆ ئەو ئاوایی؛ بدا بە لای ئەم و ئەودا و لەو ناوەدا یەک دوو ئاشنا ببینێ، لەگەڵیان دابنیشێ. وتووێژێکیان لەگەڵ بکات؛ هەواڵێک وەربگرێ و ڕاگوزەرێ، تێپەڕێ. نە زۆر بە دزییەوە، بەڵام زۆر بە نهێنی. ستار بە ڕێگە، بە تەنهایی، بە نیگا و بە خامۆشی خۆی، خووی گرتبوو. بیابان فراوان و خەڵکی گوندەکان پەڕاگەندە. هەرچەند وەڵامدەرەوەی هەموو هیواکانی ئەو نەبوون، هەرچەند ئەم پەڕاگەندەبوون

و ئەم پەیوەندە دوورانە، جار جار ئەویان ئەبرد بۆ ناو دنیای خەیاڵێکی نامۆ؛ بەڵام ئەو بێهیوا نەبوو. ڕووناکیەکی هەست پێئەکرد. هەستی ئەکرد گیانی زیاتر و زیاتر ئەشۆرێتەوە. زەلاڵتر. وا ڕاهاتبوو بۆ مانایەک لە هەر کەسێکدا بگەڕێ. ئەیدۆزییەوە. هەستێکی عارفانە، لەو جۆرەی کە خۆی لەگەڵ خۆی بە بێگانە ئەبینێ. دڵی لای ئەم و ئەو بوو. ئەم و ئەو، لە خۆی زیاتر. زاڵ بە سەر خۆپەرستیدا. بەڵام... مەگەر ئەوە ئەو نەبوو کە هەوساری خۆی ڕائەکێشا؟ بۆ چی نا، خودی ئەو بوو. دەغیلە... نەکا «خود» لەغاو بپچڕێنێ!

هەر جۆر و بە هەر نرخێک بووە، ستار توانیبووی ئەو شەوقە لە خۆیدا بەدی بهێنێ. حەزێکی پەرە ئەسێنێ بەردەوام.

ــ تۆ دڵت بۆ کەسوکارت تەنگ نابێ وەستا ستار؟ یانە کەسوکارت نییە؟!

ــ تۆ چەند ساڵە ئەم چاخانەیە بە تاقی تەنها بەڕێوە ئەبەی، مەتی سەکینە؟

بێ وەڵام! هیچیان وەڵامیان نەدایەوە. چونکە لە پاشخان، وتووێژی میوانەکان ببوو بە دەمە قاڵە.

قەدیر، خۆی پێڕانەگیرابوو، ئەی نەڕاند:

ــ خوێڕی! لە ئێوارەوە لێرە دانیشتووی و خەریکی درۆ ئەدەی بە دەم یەکەوە! ڕیخۆڵەیەکی ڕاستیش لە ناو سکتدا نییە. بەر لە بەفرەکە تۆ لە مەشهەد بووی یان لە سەنگەسەر؟ پێتوایە من کەرم؟ یان پێتوایە لەگەڵ کوێرەکان مامەڵە ئەکەی؟ دەرپێ بە قنتەوە نییە و ئەوسا خۆت هەڵئەکێشی گوایە بانگ کراوی بۆ شایی خانی سەنگەسەر؟! نەکا بانگیان کردبوویت پەڕۆی ڕوو سوورییەکەیان بۆ بشۆی؟! لە سەرەتای شەوەوە بە درۆ و دەلەسەکانت سەری ئەربابەکەی منت هێناوەتە ژان و ئێستەش بە دەم فشەکردنەوە خەریکی گزی ئەکەی؟ پێتوایە من ئەهێڵم پارەکانی ئەربابی من بە خووت و خۆڕایی کۆبکەیتەوە و بیخەیتە

گیرفانت؟ بە خوداوەندی خوا ئەگەر بهێڵم تاقە قەرانێکی لە گەرووت بچێتە خوارەوە! ها؟ پێتوایە ئەربابی من!

ـ ئەربابی تۆ؟! چۆنت زانی ئەربابی تۆیە، بەڵام ئەربابی من نییە؟! مەگەر تۆ ئەو نازناوەت لە سکی دایکتەوە هێناوە؟!

ـ هێشتاش دەم درێژی ئەکەی، گەووادی دز؟! ئێستە پیشانت ئەدەم.

شتێک شکا. ڕەنگە شووشەی ئارەق بێ. قڕە ساز بوو. ستار هەڵسا. مەتی سەکینە غاریدا بۆ پاشخان. نادعەلی شپرزە و سەرخۆش، بە لەتردان لە ناو دەرگاکە، پێکەنی و تفی کرد:

ـ درۆ! درۆ! هەموویان درۆ ئەکەن دایک سەگانە! هە هە ها! لێک مەدەن، سەگینە! ئەگەر دڵیشتان پڕە، لێک دەن! لێک دەن! هە هە هە! لێیدە! لێیدە! لێیدە و بیشکێنە! حا حا حا...

لە ناو قاقاکەی پێکەنینەکەی نادعەلیدا، قریشکەی عەباسجان بەرز بوویەوە:

ـ ئاخ... خوێڕی چاوت هەڵدڕیم! کوڕە مەکە... بە زەییت هەبێ خوێڕی. پارەکەی تۆ ئەدەمەوە، وامەکە!

قەدیر، پەردەی دەرگای پاشخانەکەی داکێشایە خوارەوە و لە دواوە یەخەی گرت و ڕای کێشا بۆ ئەم دیوو. بە قەپۆزەوە کوتای بە سەر عەرزەکەدا و بە ڕقێکی شێتانەوە وتی:

ـ ئەتکوژم زۆڵی کوڕی زۆڵ، پارەی ئەربابی من بە گزی ئەبەیتەوە؟ ئێستە پیشانت ئەدەم!

سوخورمە لە شانە ڕەقەکانی عەباسجان.

ـ بەسە ئیتر، بێبەزەیی خوانەناس. دەس ڕاگرە. من و تۆ لە مەمکێک شیرمان خواردووە، براین بە ناخێر! بەسە... بەس!

ـ ئەتکوژم زۆڵەزای، درۆزنی دز!

نادعەلی نەڕاندی:

ـ کوا ملپێچەکەی من؟! یەکێکتان بێ قەیتانی ئەو پۆستاڵانەی من ببەستێ، دایک سەگانە! کڵاوەکەم بدە بزانم

ژنەتیوە!

مەتی سەکینە، ڕایکرد بە دوای شاڵ و کڵاوەکەی نادعەلیدا. قەدیر، بە شەقێک عەباسی هەڵدا بۆ لای نادعەلی، عەباسجان لە ئازاری لەقەکەی قەدیر خۆی گرمۆڵە کرد. قەدیر بە گوڵی قایشەکەی بەربووە گیانی. مەتی سەکینە، ترساو و تۆقاو، کڵاو و شاڵەکەی نادعەلی هێنا. نادعەلی، جنێویدا:

ــ یەکێک بێت قەیتانی ئەو پۆستاڵانەی من ببەستێ. هەه! دایک قاحبانە گوێیان نییە؟

ــ ئەرباب گیان، ئەرباب گیان! دەستی بگرە، کوشتمی! ئەمکوژێ بە خوا ئەرباب گیان!

ــ قەیتانی پۆستاڵەکەم!

ستار، بوو بە نێوبژی بەڵکوو دووبرا لێک جیابکاتەوە، مەتی سەکینە کەوتە بەستنی قەیتانەکانی نادعەلی. عەباسجان، دوور لە قایشی براکەی، لە نێوان خوێن و گریاندا، جنێوی بە براکەی ئەدا. قەدیر، لە ناو بازووەکانی ستاردا، پاشە و پاش ئەبرا. سەرەڕای ئەمەش هەوڵی ئەدا جارێکیتریش خۆی بگەیەنێ بە عەباسجان. نادعەلی سەر و شانی نابوو بە دیوارەکەوە و کەفی ئەچەڕاند. عەباسجان جنێوی ئەدا و ئەگریا. ستار ڕووی لە عەباسجان کرد. قەدیر خۆی لە ناو دەستی ستار دەربازکرد و خۆی گەیاندە براکەی، تێی کوتا و ملی خستە بن باڵی و گووشی:

ــ پارەی ئەو پیرە مێردە گۆچە ئەدزی، ها؟!

پاشان دەستی کرد بە گیرفانی عەباسجاندا و چی پارەی هەبوو دەری هێنا و بەرەو نادعەلی چوو:

ــ پارەکانت، ئەرباب!

نادعەلی بە لەتر دان بەرەو دەرگاکە چوو و چووە دەرەوە. قەدیر بە دوایدا هەڵات و لای دەرگای گەوڕەکە وەستا. نادعەلی، ئەسپی لە گەوڕ هێنایە دەرەوە و سواری بوو. شاڵگەردنەکەی لە دەور گوێی ئاڵاند و ئەسپەکی ئاژووت. قەدیر، ڕامابوو:

ــ ئەرباب! ئەرباب! ئەی... من؟!
نادعەلی ئەڕۆیشت. ڕۆیشت. چووە ناو شەوەوە.
قەدیر، بۆڵاندی:
«دایکی ئەربابی وەکوو تۆ لە کەر بکێشم من!»
شکاو و ماندوو گەڕایەوە بۆ چاخانە. عەباسجان چیچکانی کردبوو و خوێنی ڕوومەتی هەڵدڕاوی بە بەری دەست ئەسڕییەوە. قەدیر، بەرەو ڕووی ڕۆیشت و دانیشت، بڕێ لە پارەکەی هەڵگرت بۆ خۆی و باقیەکەی خستەوە ناو گیرفانی عەباسجان‌دا و بە بێ ئەوەی سەیری کەس بکات لە چاخانەکە چووە دەرەوە:
«نان بڕاوت کردم، گەووادی خوێڕی! خەریک بوو ئەبووم بە سەرکار!»

# بەشی دەیەم

**بەندی یەکەم**

«مار! ! ئەبێ مارێک بخزێنمە بنکراسەکەی، یان دووپشک. دووپشکێک لە سەر مەمکی دابنێم. چزووی دووپشک ئەبێ مەمکی کون بکات. ژەهرەکەی ئەبێ تا شیردانی بن گۆی مەمکی بڕوات. ئەبێ شیرەکەی ژەهراوی بکات. ژەهری پێ ئەدەم، نا هێڵم تەمەن بباتە سەر، ماراڵ! ناهێڵم. ژەهری کوللە! ژەهری کوللە ئەتکێنمە ناو گوێکانی. ناهێڵم ڕۆژی خۆش ببینێ. ناهێڵم. ناهێڵم منداڵی ببێ و بەو هۆیەوە، زیاتر خۆی لە دڵی پیاوەکەمدا جێبکاتەوە. ناهێڵم کاکۆڵی منداڵەکەی ببڕێتەوە و بیخاتە سەر کۆشی بلقیس! ناهێڵم کەلمیشی پەنجە کورت و ئەستوورەکانی بە کاکۆڵی منداڵەکەیدا بهێنێ و بەرەبەیانی هەموو جەژنێک بەرخێکی پێ ببەخشێ! نەء، ناهێڵم. ناهێڵم بگاتە قەد و باڵایەک، هەڵبێت و سەری دارەکەی مامە بەگمحەمەدی بگرێ و ئەویش دەست بداتە بنباخەڵی و هەڵیدا بە حەوادا و قاقا لەگەڵی پێبکەنێ. ئارەزووی هەموو ئەمانە ئەبێ لەگەڵ خۆیدا بباتە قەبرەوە، مارال! ڕۆژێکم مابێ ئەمکارە ئەکەم. ئەگەر ئەم دێڵەسەگەش نەتوانم بنێرم بۆ دۆزەخ، ئەو منداڵەی ئەبەم بۆ بیابان، ئەیخەمە ناو بیرێک و کراسە خوێناوییەکەی بۆ دایک و باوکی ئەهێنمەوە!

«گورگ خواردوویەتی!»

«گورگ! گورگ ئەیخوا. جوانەمەرگ ئەبێ. جوانەمەرگی ئەکەم. کراسە خوێناوییەکەی، ماراڵ ئەیکا بە سەرپۆش!»

کینە! کینە! دڵی زیوەر پڕبوو لە کینە. ڕەش و پڕ لە قین. هەرجارەی کە ماراڵ هێڵنجی ئەدا، ئەتوت شیشێکی سوورەوەکراو ئەکەن بە ناو دەمارەکانی زیوەردا. هەموو نیشانەیەکی دووگیان بوونی ماراڵ، بڵێسەیەکی بەژان بوو لە چاوەکانی زیوەردا. هەر نیگایەکی گوڵمحەمەد، کە لە خۆشەویستیدا ئەیهاوێشتە ماراڵ، خەنجەرێک بوو لە ناو دڵی زیوەردا. هەر وشەیەک دەربارەی دووگیانی ماراڵ، بە زمانی بڵقیسدا ئەهات، جنێوێک بوو بۆ زیوەر. هەر بزەیەک کە خەیاڵی کوڕەزا ئەیهێنایە سەر لێوەکانی کەلمیشی، ژەهرێک بوو ئەڕژایە گیانی زیوەر.

زیوەر! زیوەر!

ژنە لە هەموو ساتەکانی خۆیدا ئەسووتا. هەر هەنگاوێکی، باری ڕەنجێکی لەگەڵ خۆیدا ڕاکێش ئەکرد. هەر تاوێکی، داخی ئازارێکی پێوە بوو. هەر نیگایەکی خەرمانێکی سووتاوی ئۆف و داخ بوو. هەر وشەیەکی، نەعرەتەیەکی نەفرین. هەر ئاخێکی، تۆپەڵێک دووکەڵ بوو لە وەجاخێکی سووتاو. وەجاخێکی کوێر. خۆڵی خۆڵەمێش. دڵی تۆپەڵەیەک خۆڵەمێش بوو، زیوەر.

بۆ ئەبێ منالی نەبێ، زیوەر؟

ئەوەی کە پیاوێک لە هاوسەرێک زیاتری هەبێ دەردێکی گەورە نییە. ژنی خێڵاتی لەگەڵ ئەوە ڕاهاتووە. بەڵام ئەگەر ژن، نەزۆک بێ، ئەوە دەردێکە. دەردێک. مەڕی قسریش لە دوو بەهار زیاتر ڕاناگرن. نەگەیشتۆتە بەهاری سێیەم چەقۆ لە ملی ئەنێن. بەڵام چەقۆ تەنها یەک جار لە ملی مەڕی قسر ئەنرێ. نە سەد جار، لە هەر دەمێکدا. سووتانی قوڕقوڕاچکە، یەک جارە و یەکجارەیە. سووتانی گیان و دڵ، هەزار جار و هەزار جارەیە. مەڕی قسر هەموو ساتێک بە چاو ناشەمزێنرێ. جیاوازی هەیە لە نێوان مرۆڤ و مەڕدا. بنیادەم دەم بە دەم ئەشەمزێنرێ. ڕوو

ئەگەر لەو، لە زیوەر وەر بگێڕن، سووک ئەبێ. ڕووی ئەگەر لێ وەرنەگێڕن، دڕدۆنگ ئەبێ. گومانی ئەوەی: بۆ سەیری ئەکەن؟ بۆ بەو جۆرە سەیری ئەکەن؟! بۆ بە جۆرێکیتر سەیری ناکەن؟!

چ جۆرێک؟ بە چ شێوەیەک سەیری بکەن باشە؟

خودی زیوەریش ئەمەی نە ئەزانی. بەڵام دڵنیا بوو نیگاکان، پاک نین. بۆ بیانوو ئەگەڕێن. لە هەموو کەس و شت، ئەسڵەمێتەوە. ئەرخایەن نییە. بێزارییەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ئەبێ. دڵی شکاو. نیگای دوور و شەکەتە. خۆفاوییە. لە شتێک ئەترسێ. دڵگیرە. هەست ئەکا بێوازە. هەست بە ناهێمنی ئەکات، وا ئەزانێ داچۆڕاوە. گیانی بە جارێ سووکایەتیە. تەنهایی -مارێکی باریک- لێی ئاڵاوە. تەنهایە زیوەر. داهێزراوە، زیوەر. تاو بە تاو ئەتوێتەوە. هەست بە بێ نرخی و سووکی ئەکا. حەز ئەکا با بیبات. بەڵام بۆ کوێ؟

ئەمەیان، خۆشی نازانێ، نەی ئەتوانی بزانێ. هەم نەی ئەزانی بۆ کوێ ئەتوانێ بڕوات؛ یان، لە کوێ ئەتوانێ ئوقرە بگرێ، بمێنێتەوە؟ چی بکات؟ لە ناو تەوقی ڕەشماڵەکاندا گیری خواردبوو. دامابوو. بزنێکی گیرۆدە بە پەتێکی نەڕێسراوەوە. زیوەر، پەتێکی باریک -نەء- سێبەرێکی ڕەمۆک بەملا و بەولادا ئەڕۆیشت، لە کراسێکی پەرێشانیدا.

ئەکرێ هەست بە نەبوون نەکەی؟

نەء! هەیت و هەست بە نەبوون ئەکەی! هەست بە نەبوون ئەکەیت و هەیت. ئەخزی. قنەلاشکی و بە قەراخدا تل ئەدەی. وشکی و وشکی. نمەی باران لێت ئەدا، بەڵام چرۆ ناکەی. با لێت ئەدا، بەڵام بۆ بەستێنیکی تازە، بۆ گێژەنێکی تازەت نابات. تیشک لێت ئەدا، بەڵام هیچ لە تۆدا نازێ. پیاوەکەت لە سەرت ئەنوێ، بەڵام لە تۆدا هیچ بەراوەژوو نابێ. هەیت، بەڵام نیت. نیت بەڵام هەیت. بە ناچاریی هەیت. لە ناو تەوقی شەرم و بێوازیی و بێگانەییدا، هەیت.

ئەکرێ هەست بە نەبوون نەکەی؟

ئەو کاتەی لێت ئاین ئەبێ سەرەتا و کۆتاییت تۆ، خۆتی؛ ئەو کاتەی تێ بگەیت و لات ڕوون بێ بەرودوایەکت لێ نابێتەوە، ئەو کاتەی لات مسۆگەر ئەبێ، ژیانێکی تازە لە تۆداو، تۆ لە ژیانێکی تازەدا ڕەوان نابیت؛ ئەو کاتەیە کە هەست ئەکەیت مەرگت، مردنی هەموو بوونتە؛ لەو کاتەدا تۆ نەمانت هێناوەتە ناو مەیدانی ژیانتەوە!

زیوەر، ئای... زیوەر، چارەیەک بدۆزەرەوە! نەبوونی ئەو ئایە ئەتوانی بوونی تۆ بسەلمێنێ؟ نەبوونی مارالْ ئایە ژیان بە تۆ ئەبەخشێ؟ زیوەر ئای!

«ناهێڵم! لێی خۆش نابم. ڕێی من هەر ئەمەیە. تاوی نیگای ئەم و ئەوم نییە. ناهێڵم. خوێنم ئەجۆشێ و دڵم بێ ئوقرەیە. ناتوانم خۆم ئارام بکەم. جەژنیان ئەکەم بە پرسە. ئاخ... خۆزگە فرمێسکم دائەباری! وشک بووم. وشک هەڵاتووم. مردووم! بەڵام ئەی بۆ هەناسە ئەدەم؟ دڵم ئاوساوە. ئەبێ کارێک بکەم. ئاگری سینەم ئەبێ بکەم بە سەر یەکێکدا. بیسووتێنم. نامەوێ بزانم چی ڕوو ئەدا؟ چی ئەبێ با ببێ. بوونی من لەگەڵ نەبوونم جیاوازیی چیە؟ نەبوونم کوێ کاول ئەکا؟ ڕەنگە ئەو شوێنەی هەبوونم ئاوەدانی کردۆتەوە! هەبم یان نەبم! نەبم یان هەبم! ئەوە مارالە ئەبێ خۆی بە گرانبایی بزانێ. ئەو بەهادارە. ئەوەتا لە ڕەشماڵەکەی سەبراو خەوتووە. تاقی تەنهایە. سەبراو لای ڕانە. هەیقۆ چووە بۆ لای. خانئاپۆش لە ڕەشماڵەکەی مە -نەء!- لە ڕەشماڵی کەلمیشیەکان«!» دانیشتووە و لەگەڵ گوڵمحەمەد و باوکی خەریکی ڕاوێژن. ڕاوێژ ئەکەن کەی بەرەو کوێستان، بەرەو کەلیدەر ببنەوە. بڵقیسیش لەوێیە!

بەرد! ئەبێ بەردێک هەڵگرم، بەرزی بکەمەوە بۆ لای سەرم، بچمە ناو ڕەشماڵەکە، بە بێ ئەوەی لێی ڕاوەستم، چاوم ببەستم و بە هەموو هێزی خۆم بەردەکە بدەم بە سەر ورگە

هەڵتۆقیوەکەیدا. بە زەبری بەردەکە، هەم جاشەکەی ئەخات و هەم خۆشی گۆچ ئەبێ. کە زەلیل بوو، لە ناو جێ ئەکەوێ. ڕەنگە خۆشی لەگەڵ جاشەکەی، بەو خوێن و بەڵغەمەی لە دڵی ئەرژێ، بچێ بۆ جەهەننەم! پاشان کە ئەو لە سەر زەوی کەم بوویەوە، با هەر کەس هەر کارێکی لە دەس دێ لەگەڵ منی بکات. هەر بەلایەکیان پێخۆش بوو با بە سەرم بهێنن. سەرم ئەبڕن؟ با بیبڕن! گوڵمحەمەد یا سەری ژنەکەی ئەبڕێ، یان لەگەڵی ڕێ ئەکەوێ. من ژنی ئەوم! ئەبێ لەگەڵم ڕێ بکەوێ. ناچارە! مەرگی ماراڵ و جاشەکەی لەگەڵ مەرگی دوو جەندەرمەکە هاوسەنگ ئەکەین. هیچمان لە هیچ . ئەگەر گوڵمحەمەد ژیر بێ و گەنجێتی خۆی بپارێزێ، منیش دەمم دائەخەم. بەڵام ئەگەر ئەو ژیانی خۆی ڕەچاو نەکات، منیش سەرم لە قەبر نرا، با بنرێ.

دنیام بە بێ گوڵمحەمەد بۆ چیە؟ بوون و نەبوونم سوودی چیە؟

بە لاشانی ئاودڕێکەوە، تەلەبەردێک چەقیبوو. بنی تەلەبەردەکەی بە پەنجە هەڵکۆڵی و بە لەقاندن و بە زۆر بەردەکەی لە خاک دەرهێنا. تلیدا و لە لایەوە وەستا و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. دەشت ئاوەڵە. هەتاو، گەش و ڕەشماڵ خامۆش. لێڕەوار گەزیزەی لێ ڕووابوو. سروەی نەورۆز. قڵیشانی خاک. چەکەرەی گیا. پێستی زەوی، تەرچک.

با وابێ! مەرگ ئەتوانێ بە سەر جوانیشدا پێ هەڵبێنێ.

زیوەر دانەوییەوە و تەلەبەردەکەی نا بە شانیەوە، هەژان لە دڵیدا و ترس لە بن پێستی، بەرەو ڕەشماڵی هەیقۆ بوویەوە.

دەنگی پیاوەکان، لە ڕەشماڵی کەلمیشیەوە بڵیند بوو. لە سەر ڕۆژ و ڕێگەی ڕەوەکە مشتومڕیان بوو. سەگی یەکچاوەی ڕەوەند، سەیری زیوەری ئەکرد. زیوەر خۆی دایە پەنای ڕەشماڵەکە و تاوێک ڕاوەستا. ئەبوا هەناسەی هێور بکاتەوە؛ لێدانی دڵ، خاو ببێتەوە. لەرزینی دەست و پێ ئارام بگرێ. لێڵایی بەرچاو

بڕەوێتەوە. گێژی بڕوا و سەر لەنگەر بگرێ. بڕوا بەخۆ، پێبخاتە ناو ڕەشماڵ و بەم جۆرە:

بەردەکە بە سەر دەستەوە، هەناسەی حەپس، ددانی قفڵ و خۆف لە چاویا، لە ناو دەرگاکە وەستا. لە بەردەمی‌دا، ماراڵ، قنجەوە بوو. دوو دووپشکی غەمگین، نیگایان لێک ئاڵا. بڵێسەی خۆف. نیگای دوو ژن، دەسبەجێ لێک گەیشتن. دڵیان داڕما، لێویان لەرزی. دڵی ماراڵ -ڕەنگە- دەسبەجێ ببوو بە بەرد. دڕدۆنگیەکی ئاوێتەی ترس -ڕەنگە- لە دڵی زیوەردا سەری هەڵدابوو. ئاوەز، پەیامنێری ترس -ڕەنگە- کەوتبوویە نێوانەوە؟!

بەردەکە. لە دەستی زیوەردا کەوتە لەرزین و نەرم شانی دادایە سەر شانی. مژۆڵی تەڕ بوون. لێوەکانی ئەفڕین. سستی ئەژنۆکانی، دای نیشاند. بەرد، لە سەر خاک.

ــ ئاو!

لێو و دەم و دەمار و چاوەکانی ماراڵ، وشک ببوون. داوای ئاوی کرد و زیوەر زەرکی ئاوەکەی دا بە دەست ماراڵەوە. ماراڵ لێوی تەڕکرد و زەرکەکەی نایە لایەکەوە. پاشان. سەری نایە سەر ئەژنۆی و گریان شانەکانی ڕاوەشاند. زیوەر، مەگەر ئەیتوانی نەگری؟ گریانی دوو ژن لێک ئاڵا. دووکەڵێکی پەژارە، ڕەشماڵی پڕکرد. هاوار نا دەنگێکی ئاوێتەی ترس: پیاوەکان نابێ بزانن!

خۆزگە، جێگەی هاوار ئەبوو!

ــ ئەرێ ئەوە چیتانە؟ شین بۆ کێ ئەگێڕن؟! ئەم بەردە، لێرە چی ئەکات؟!

زیوەر، ڕووی لە بڵقیس کرد و ئاشکراتر گریا. دڵی خەریک بوو هەڵ ئەکەنرا. تەختی ڕوخساری یەکپارچە تەڕبوو:

ــ ئەمویست بیکوژم! ئەمویست بیکوژم! ئەمویست منداڵەکەی ناو سکی بکوژم. من بکوژن! من مەرگم ئەوێ. من مەرگم ئەوێ. خوایە گیان، من چەند پەتیارەم! من بکوژە، من بکوژە! من مەرگم ئەوێ. مەرگ!

بەدەم شیوەنەوە، ناوچەوانی لە عەرز چەقاند. ئەتوت ئەیەوێ هاواری بە دڵی زەوی ڕابگەیەنێ. ماراڵ، چوو بۆ لای و لە لایەوە چۆکی دادا. چی لێ بکردایەت؟ چەندە زوو مەبەستەکەی ئاشکرا کردبوو؟ ئەگەر زیوەر لەپڕ دەستی خۆی بەردایەت، ئەوەی ئەکەوتە سەر خاک، ماراڵی تیا ئەبرد. هەر چەند ئەو کاتەی بەردەکە لە سەر شانی زیوەر، سست ببوو و لە سەر شانی لەنگەری گرتبوو، ماراڵی تێک شکاندبوو. چونکە بەردەکە ئەیتوانی بەر ببێتەوە بە سەر ورگی ماراڵدا. بەڵام بەر ماراڵ نەکەوت. ماراڵ، سەری زیوەری لە سەر خاکەکە بەرزکردەوە و لە سەر ڕانی داینا:

ـ مەگری، خوشکم. مەگری!

بڵقیس بەردەکەی بردە دەرەوە و، فڕێیدا و گەڕایەوە بۆ ڕەشماڵەکە.

فرمێسکی ماراڵ و شیوەنی زیوەر نەئەبڕایەوە!

ـ کەنیزیت ئەکەم ماراڵ. کەنیزیت ئەکەم. مناڵەکەت خۆم بۆت بەخێو ئەکەم. خۆم. بەڵام تۆیش تۆزێکی شووەکەم پێ بدە! بەس تۆزێک لە گوڵمحەمەدم پێ بدە. من بە بێ ئەو ناتوانم بژیم. ناتوانم. بە خێری خۆت ماراڵ. سەدەقەی سەرت. کەنیزیت ئەکەم!

ماراڵ، جگە لە گریان هیچی بۆ نەوترا. لێوەکانیان دووریبوو و دڵیان هەڵدڕیبوو. چاوە جوانەکانی لەپەسا ئەگریان.

بڵقیس بووکەکانی لێک جیاکردەوە. ڕوومەتی هەردووکیانی بە لۆی سەر پۆشەکەی وشک کردەوە و لە لایەکەوە دانیشت. خامۆش. چی بوتایەت؟ کامە وشە ئەتوانێ هاوتایی ئەو خامۆشیە بکات؟ ئەوکاتەی کە ڕق و میهر، قین و ئەوین و دڵشکان ئاشتیان ئەبێتەوە، زمان ئەبێ بە بەرد. چەندە پڕ وشەیە، خامۆشی! بڵقیس هەر هیچی نەوت، هیچ .

زیوەر نەمابوو! وەکوو سێبەر لە سووچێکدا دانیشتبوو. کوژراو، نەماو، بە ناچاریی هەناسەیەکی ئەگەر بدایەت.

بەڵام ماراڵ؟

ماراڵ لە نیگای خۆیشی شەرمی ئەکرد. هەزاران جار بە خۆی وتبوو، شیرازەی ژیانێکی هەڵوەشاندۆتەوە.

سەری نایە سەر ئەژنۆ بەڵکوو هیچ کوێ نەبینێ. تۆوی ئازار، تۆوی ئەوین. سەرلێشێواو، سەرگەردان. هاتبوو و خۆزگە نەهاتبا. لە ژیانی گوڵمحەمەد ئاڵابوو و خۆزگە نە ئاڵابا. دڵی دابوو و خۆزگە نەیدابا. ڕفاندبووی و نەفرێنرابوو، خۆزگە وا نەبوایە:

«نا، نا! خۆزگە زیاتر ببوایەتم. زیاتر، زیاتر ئەبم. سات لە دوای سات، زیاتر! ڕەنج، سزای عەشقە. عەشق، بەهای ڕەنجە، خۆزگە عاشقتر بوایەتم، ئەویندارتر. خۆزگە تێیدا بتوێمەوە. تیابچم. نەمێنم!»

ئەوین، جگە لەمە نییە. یارییە. با نەبێ!

بەڵام مشتومڕی پیاوەکان گەیشتە کوێ؟

بڵقیس هاتەوە بە خۆیدا، سەری هەڵێنا و گوێی ڕاگرت.

دەمەقاڵە بەردەوام بوو:

ــ دانیشە با گوێت لێ بێ!

جارێکیتر، گوڵمحەمەد دانیشتەوە. لە نێوان باوک و کوڕدا، تووڕەیی ئەوەندە پەرەی سەندبوو، گوڵمحەمەد هەڵسابوو بچێتە دەرەوە. نەی ئەویست لە بەرامبەر باوکیدا ڕاوەستێ. چاو لە چاوی ببڕێ. ئەوە بە دوور لە ڕەوشتی بنەماڵە بوو. سێبەری پیرە باوک تا هەبوو، جێگەی ڕێز و نەوازش بوو. وەکوو نیوەخوایەک ئەبوایە نرخ و بایی بۆ دابنرێ. بەڵام ئەو کاتەی کە گفتوگۆ بەرئەنجامی نییە، ئەوە باشترە خۆی لابدات، جوامێرانە ترە. پەردەی شەرم نابێ بدڕێنرێ. کەلمیشی، بەساڵا چووە. نابێ ئازار بدرێ. بلا چی پێخۆشە بیڵێ: توانای پیران لە شەویلکەیان دایە. دەمە دەمی نابێ لەگەڵ بکات!

ــ گەوجێتیت کردووە، نەتکردووە؟

ــ بۆچی گەوجێتیم کردووە؟

ـ ئێستە زمانت بە قەد مارێک درێژە. ئەویتریش وەکوو گورگی دڕ لەو سووچەدا خۆی مەڵاس داوە دەنگی دەرنایەت. براکەی من، مەزنی تۆ! هەهـ! لەبری ئەوەی ڕێگە بە گەنجەکە بگرێ، بەر بە جۆشی جەوانی بگرێ و نەهێڵێ، کەچی خۆیشی لەگەڵی تێوە ئەچێ و دوو پیاوی حکوومەت سەرەونگوم ئەکەن! ئازایەتی! تەنها جارێک لەم ڕەوەندە دوور کەوتمەوە. تەنها جارێک. ئێوەش خەریکن پرش و بڵاوی ئەکەن. خەریکن بنەماڵەمان تێک ئەدەن. کارێک ئەکەن تۆومان لە سەر عەرز نەمێنێ. مخابن!

خامۆش و کپ، خانئاپۆ لە سووچێکدا چووبوویە ناو خۆیەوە، سەری خستبوویە ناو سینگیەوە و نیگای مۆڕی لە عەرزەکە بڕیبوو. تەلەبەردێکی لە عەرز چەقیو. ڕیشی شووش بووو، نەرمەی گوێی گڕی گرتبوو، بڵێسەی ئاگر لە چاویا بوو. دیاربوو هەوڵی داوە خامۆش بێت و خۆی ڕابگرێ. ڕێزی برایەتی، پارێزی ڕیشی سپی و ڕیش سپێتی کەلمیشی. غەمی ئەوەی نەکا پیرەمێرد زیز ببێ. نابێ زیزی بکەن. سەرفرازی ئەو، مایەی ڕێز و سەرفرازی خانئاپۆیە. نرخ و ڕێزی یەکە یەکەی کەلمیشیەکانە. پاش کەلمیشی ڕەوەند بەدەس ئەو بوو. بەو. بەڵام تاکەی لە بەرامبەر ئەو چەکوشەی ئەدرێ بە سەرتدا، خۆت ڕائەگری؟ بیسراو هەتاکەی بە نەگوتراو دائەنێی؟ برینی زمان، گیان بریندار ئەکا. برینی گیان هەندێ جار بە خەنجەرە و زۆر جارانیش بە زمانە. بۆیە ئەگەر پەردەی ڕێز لە نێوانیان هەڵبگیرێ، برایەتی، باوکێتی و سالاری ڕێ ون ئەکا. شوێن ون ئەکا. کە قسە لە قسە و ڕق لە ڕق ئەبێتەوە. گوێ لە ئازاری نەڕە جاڕس ئەبێت و زمان، ئەبێ بە شمشێر. چ جایە خوێن!

نەک هەر ئەم کاتە، ئەوا نیوە ڕۆژە کەلمیشی لۆمە و سەرکۆنەیان ئەکات. ئەنەڕێنێ و جنێو ئەدا، تەشەریان لێ ئەدا و پلاریان تێ ئەگرێ. لە بەیانی بەر لە ناشتاوە هەتا قرچەی نیوەڕۆ؛ ئەمیش و ئەویش -گوڵمحەمەد و خانئاپۆ- ورتەیان

لێوە نەهاتووە. بێدەنگیان لە سەر بێدەنگی کەڵەکە کردووە. هەمبانەی دڵیان لە ڕق و تووڕەیی پەنگخواردوو، ئاخنراوە. گیانیان بڵێسە. خوێن بە دەماری ناوچەوانیاندا ئەگەڕێ. لێوی خۆیان بە ددان گرتووە و بڕیاریان داوە دڵ ئارام و گیان هێور بن. پەیمانەی پڕ بەڵام، ئاوی‌تر تێیدا جێی نابێتەوە!

بە ناچاریی، خان‌ئاپۆ دەنگی هەڵێنا:

ــ بۆ وا خۆت هاوێشتۆتە سەر ئاگر، کاکە گیان! مەگەر چی ڕووی داوە؟

ــ چی ڕووی داوە؟! ئەتەوێ ئیتر چی ڕوو بدات؟! ئەتەوێ دنیا ئاگر بدەی بۆ ئەوەی شتێک ڕووبدات؟ دوو پیاوی حوکمەتتان سەرەونگوم کردووە، پێتان کەمە؟! ڕەنگە ئامانجت ئەوە بوو سپایەکی سوارە گوێ تا گوێ سەر ببڕی و زین و لۆخەندانیان تاڵان بکەی، ئەرێ؟

ــ بە دوای چووە بۆچی ئەچی، تۆ؟ موویەک کە سپی بوو، ڕەش نابێتەوە؟! لە شەوی ئەو چیرۆکەوە، وەرزێک تێپەڕیوە. ئەو مەڕانەی ئەوسا تازە ئاوس ببوون، ئەوا زاون! تۆ تازە دڵی خۆت نیگەران ئەکەیت و خوێنی خۆت وشک ئەکەی؟ چی بووە مەگەر؟ پیاو کوشتنت نەبینیوە؟! ئا... ڕەنگە هۆش لە سەرتدا نەماوە و نازانی کێیت؟ ڕەنگە خۆت لە بیر چۆتەوە؟ ئەی داد و بێداد! مەگەر ئێمە هەموو تەمەنی خۆمان، جگە لە کوشتن کاری تریشمان هەبوو؟ چ گورگ بمانخوا و چ ئێمە گورگەکە بخۆین! چ تورکەکان هێرشمان بۆ بهێنن. چ بە برسێتی و بە پێی پەتی لە پشتوێنێک بەفری چیاکانی ئازەربایجان‌دا شەڕ بکەین. چ لە سەر ئاوبایی شەڕ بکەین و بکوژرێین، چ وشکەساڵی قڕمان بکات. مەگەر ئێمە لە دایک بووین بە کەژاوە بمانگێڕن؟ ئێمە فەرشمان خاکە و سەرینمان بەرد. پێخەفمان ئاسمانە و خواردنمان هەرزن و گیای بیابان، ئەبێ لە چی بترسین؟! دوو کەس کوژراوە، با کوژرابێ. خۆ دنیا ژێرەوژوور نەبووە! لە بری دوو

ئەسپ و دوو دەست تفەنگ و فیشەکدانمان بۆ ماوەتەوە. وای دابنێن لەو هەموو گوللەیەی بەبن گوێیدا ویزەی کردووە، یەکیان دابێتی لە تەختی تەوێڵی، ئەوسا چی؟ کێ ئەهات دڵت بداتەوە؟! بە جەوانی گوڵمحەمەد، تەرمەکەشیان نەئەخستەوە بەردەمت. هەر لەوێ لە بن بەفرەکاندا ونیان ئەکرد. هۆشت چووە بۆ کوێ، پیاو؟ لە ناو سەرتدا نەماوە؟! نەکا پیری ترساندووتی! چیمان لێماوەتەوە، ئاخر؟ خۆمان بە چیەوە لکاندووە؟ بەو چوار دانە بزنەوە بە هەزار قوڕبە سەری لە تووشیی زستان دەربازمان کردن؟ پەڕ و باڵمان کراوە، پیاو! بۆ گوێ ناگری تۆ؟!

کەلمیشی هیچی نەوت.

گوڵمحەمەد ڕانەوەستا، با قسەکانی خانئاپۆ ببات، بۆیە درێژەی بە گوتەکەیدا:

ــ لەسەر چیا، لەو سەرما سەگ کوژەدا، تەرمەکانیان -مردوو و نیوەگیان- لە بەتانیەوە پێچابوو و گۆشتی سووتاو و هەڵقرچاوی لەشیان بە چەقۆ ئەبڕی. دوێردیش نەبوو! دەرزی و دەزووش نەبوو، لاکەلەکەی هەڵدڕاویان بدوورنەوە. دەوا و دەرمان هەر باس مەکە. درێخ بۆ حەبێک! پیاو وەکوو مەڕی گورگان خواردوو، پەلە قاژەیان ئەکرد و ئەمردن و ئێمەش لە ژێر بەفرەکاندا ئەمان شاردنەوە. سەرما بەردی ئەتەقاند. ئێمەی سەربازیش لە ناو خێوەتدا ئەکەوتین بە سەر یەکدا. ئاخ... دڵی شیری ئەویست. کوانێ جلوبەرگ، کوا ئازووقە؟ دڵی مرۆڤ لە ترسان خەریک بوو بتۆقێ. ئەفسەرەکان و بەرپرسەکان، قیزیان نەئەهات گۆشتی هێسری تۆپیو بخۆن. فڕێیان ئەدا. بەڵام هێشتا ڕوویان نەکردبوو بەو لادا، ئێمە ئێسکەکانیشمان کڕاندبوویەوە. وەکوو داڵەکەرخۆر. ئادەمیزاد! تەنها دوو شەوی تر دوژمن خۆی ڕابگرتایەت ئێمە یەکدیمان خواردبوو. نازانم چ بەردێک لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە کە دوژمن پاشەکشێی کرد و مەیدان بۆ غاردانی ئێمە کرایەوە و تا چەمی ئاراس ڕاومان نان. هەموو

ئەوانەی لە ناو ڕێ بەجێ مابوون کوشتنمانن، دەرومان کرد بۆ پێشەوە. ئەوانیتر لە ئاراس پەڕینەوە و خۆیان گەیاندە خاکی قەوقاس و خۆیان دەرباز کرد. هەر لەو شوێنەی ئالای ئیرانمان لێ چەقاند، لێواری ئاراس؛ چ کوشتارێک کرا! باسی خۆم بکەم، تەنها یەک فیشەکیشم خەسار نەکرد. هەرچیم تەقاند، دام لە نیشانە. ئەبوا ڕێزی مەدالیاکانی نیشانە پێکان بپارێزم. میدالی باشترین تیرئەنداز، بە خۆڕایی بە سینەمەوە نەبوو. بۆیەش کرابووم بە سەردەستە، نەک سەربازی سادە. ئەبوا قەرەبووی بکەمەوە. ئەبوا بکوژم! کوشتم! کوشتم! خوێن بەرچاوی گرتبووم. بەس بیرم لەوە ئەکردەوە بکوژم؛ بکوژم! نەهێڵم گوللەم بیدا لە خاک. ئەمکوشت و ئەچوومە بەرەوە. لە دەستەکەی من تەنها یەکێک کوژرا. بەس یەک کەس! ئەوانیترم بە ساخی گەیاندەوە سەربازخانە. ئێستەش کە بیری لێئەکەمەوە ئەبینم زۆر زیاتر لە مەدالیاکانم پیاوم کوشتووە! باوکم ئەمانە ئەزانێ و دیسانەوەش لە بەر کوژرانی دوو جەندەرمە، ئەو هەمووە یەخەی خۆی دائەدڕێ!

بە بێ ئەوەی سەیریان بکات، کەلمیشی وتی:

ـ لەوێ جەنگ بوو. لە جەنگدا هەموو یەکدی ئەکوژن؛ بەڵام لێرە چی؟

ـ لێرەش بوو بە جەنگ. هاتبوون باج وەرگرن، چەند جار بۆت بڵێم؟ هاتبوون باج وەربگرن!

ـ باج، هەقی دەوڵەتە. هەموو حکوومەتێک باج لە هاووڵاتیانی وەرئەگرێ.

ـ ژنەکانمان چی؟! دەستدرێژیکردن بۆ سەر ژنەکانیشمان، هەقی ئەوانە؟! بۆ لێم ناگەڕی دەمم دا بخەم؟ ئەبێ هەموو شتێک بڵێم؟ چۆنی بگێڕمەوە؟! جگە لەوەش... باج لە هەبوو وەرئەگیرێ، نەک لە نەبوو. بەری دەستمی پیشان ئەدەم و ئەڵێم یەک تاڵە مووی لێ هەڵبکەنە! مەبەستم ئەوەیە کە نیمانە، ڕووتین. مەڕەکانمان لە زستان نەپەڕینەوە. بە چ زمانێک ئەبوا

تێیان بگەیەنم؟ چی بکەم ئیتر؟ چیم بکردایەت؟ ڕاستیەکەی نەیان ویست تێبگەن؟ لەخۆڕازی بوون، کەللەیان هەوای تیابوو.

ــ رات بگرتایەتن تا خۆم بهاتایەتمەوە. من بە زمانی خۆش بەڕێم ئەکردن.

ــ خەریک بوون منیان ئەبرد بۆ شار! خەریک بوون دەسبەند بدەن لە دەستم و بمبەن بۆ شار! وتم خۆم دێم، بەڵام گوێیان لێ نەگرتم. وتیان ئێمە ئەبێ بتبەین!

ــ جا با بیانبردایەتی. خۆ لە داریان نەئەدای!

ــ دیارە لە داریان نەئەدام. بەڵام بۆچی ئەبێ بتوانن من ببەن بۆ شار؟ لە بەر ئەوەی نەخۆشین پەزەکانمانی لە ناو بردووە و کۆڵەوار بووین؟ یان لە بەر ئەوەی وەکوو بزن ئادەمیزادمان بۆ کوشتوون؟ ئەیانویست پاداشتم پێبدەن؟ یان بە ناوی باجەوە مەبەستێکی تریان هەبوو! تەڵە! ئەوە تەڵەبوو بۆ ئەوەی ڕاکیشم بکەن بۆشار و بمدەن بە دادگا. جگە لە هەموو ئەمانەش بۆچی ئەبێ تەماح بکەنە ژنەکانمان؟ ها؟ پێی ئەڵێم: مەرەکانمان مردوون، ئەو قەباڵەی ساڵی پێشووم پیشان ئەدا! ئەڵێم: نێرە، ئەلێ: ئەبێ بیدۆشی!

ــ گیرام مەبەستیشیان وا بووبێ، ئارەزوو خۆ تاوان نییە! منیش کە باوکی تۆم ڕەنگە حەز بکەم وشترێک بدزم، یان ڕانێک بڕدەم و تێکەڵ ئەوانەی خۆمانی بکەم. نیازەکەی من خۆ تاوان نییە؟ ئەویش ئەو تاوانەی کە بە خوێنی من بشۆرێتەوە؟

ــ نیاز؟! ئەوان دەستدرێژیان بە ژنەکەم کردووە!

ــ تۆ بینیت؟

ــ هەر ئەبێ ببینم؟! ئەبوا ڕاوەستم و ببینم؟!

ــ نە! تەنها ئەوە نییە. ئەوە بیانووە!

ــ بیانووی چی؟!

ــ خۆت بلێ. من بەچکەی خۆم باش ئەناسم!

ــ واتە من ترساوم، ئەرێ؟

ـ خۆت بڵێ!

ـ با بڵێین ڕاستە، ترسابووم. ترسام لەگەڵیان بچم بۆشار. من لە کوشتارەکەی چوارگویشلی لەگەڵ بووم. من پیاوم کوشتووە! خوێن! بەڵێ، ترسام. دیسانەوەش هەر ئەڵێی بۆ؟

ـ نەء! نەء! ئیتر قسەیەکم نییە. بەڵام ئەگەر بەس ترسابووی، هەڵئەهاتی. شەو قەڵای مێردانە. ئەچوویتە ناو نزارەکە و کەس نەی ئەدۆزیتەوە. نەت ئەتوانی؟ من بەچکەی خۆم باش ئەناسم. هیچکام لەوانەی وتت، تۆی وا لێنەکردووە ئەو جەندەرمانە بکووژی! براکەی خۆشم باش ئەناسم. ژن و ترس بیانووە! من ئەزانم ئێوە بۆچی ئەو دوو بێتاوانەتان کوشت. ئەزانم.

ـ دەی بڵێ ئەگەر ئەزانی!

ـ بۆ ئەسپ و تفەنگەکانیان! بڕنەوی ئەڵمانی چاوی کوێر کردبوون. من پارەکانی لەشی خۆم باش ئەناسم. ئێوە تا ئێستەش عاشقی ئەسپ و تفەنگن.

گوڵمحەمەد و خانئاپۆ، سەیری یەکیان کرد، گوڵمحەمەد وتی:

ـ دایبنێ با وابێ!

کەلمیشی ئیتر هیچی نەوت.

خانئاپۆ هەڵسا، خۆڵی شەرواڵەکەی تەکاند و وتی:

ـ بیبڕنەوە، ئیتر! کاکە، مشتومڕ لەوە زیاتر سوودی نییە. کارێکە و بووە. ئەبێ بیر لە چارەکەی بکەینەوە. ئاوی ڕۆیشتوو ناگەڕێتەوە. هەڵسن، هەڵسن! خۆمان لە ناو خێوەتدا حەپس کردووە، کەچی؟ هەتاوی بەهارە، وەرنە دەرەوە بزانین بۆ هەوار چی بکەین؟ مەڕەکان کەی و بۆ کوێ ببەین؟ لە کوێی کەلیدەر سنگی ڕەشماڵەکان داکوتین؟ لای کام زەرد و ماهـ، یان لە قەراخ کام چەم. وەرنە دەرەوە ئیتر!

خۆیان دا بەخۆر. کەلمیشی هەروا خامۆش و جاڕس بوو.

نەی ئەتوانی لێو ببزێوێ. برۆی چەپی ئەفڕی و پێڵووی ژێرەوەی چاویشی؛ باڵی کوللە.

خانئاپۆ سەیری براکەی کرد و وتی:

ــ ئێمە بە یەک دەست کوشتوومانە، کاکەگیان! یەک دڵ و یەک دەست! غەمت نەبێ. باش نییە لەوە زیاتر ڕووی جەوانە نازەنینەکەت بسووتێنی. مەرگ، وەکوو زستانە، هەر ئەگات. بیر لە پاشماوەی مەڕەکان بکەرەوە، ئەگەر لە من ئەبیسی با بکەوینە ڕێ بەرەو کەلیدەر.

نیگای لە خاکی تازەی بەهار، کەلمیشی وتی:

ــ ئەمشەو، نۆرەی تۆیە بچی بۆ ڕان. بە سەبراو بڵێ بەمزووانە، پاش خاکەلێوە کۆچ ئەکەین. بزانە مەڕی ئاوسی کۆرپەمان هەیە هێشتاش؟... ئا! ئەوە ئیتر لە کوێوە دێ؟... سەیری بکە!

پیاوەکان چاویان بڕییە شوێن نیگای کەلمیشی. شەیدا بوو. کوڕی بابقولی بوندار. یەکبەر لە سەر دارەبەنی وشترەکەی سوار ببوو و دار دەستەکەی بە شانیەوە بوو.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ خۆیەتی. ناردبووم وشترەکانی خاڵە مەندەلوو بداتەوە. بەشە پارەکەیشم بۆ نارد، پارەی خەڵووز.

مەیدانێکی مابوو بگات، شەیدا لە وشترەکە دابەزی. دەسکەوساری بەرەڵڵا کرد، هات بۆ لای پیاوەکان و سڵاوی کرد:

ــ خاڵە مەندەلوو دۆعای خێری بۆ کردی، گوڵمحەمەد. پارەکەی ژمارد، خستیە ناو کیسەکەی و وتی: خێر و بەرەکەتی پێوە بێ. پاشان هەڵسا و بەو چاوە کزانەیەوە باش سەیری وشترەکانی کرد، دەستی دا لە شاڵ و کورتانیان و بە منی گوت: خوات لەگەڵ! وتم: بۆ کوڕەکەت مووسا پەیامێکت هەیە؟ سەری داخست و وتی: مسۆگەر بۆ نەورۆز هەواڵێک لە باوکی ئەپرسێ!... ئیتر هیچی نەوت و ڕۆیشت. وا دیاربوو نێوانیان زۆر

خۆش نەبێ.

خانئاپۆ وتی:

ــ ئەگەر باوکی تۆ ڕێگەی بەو گەنجە بدایەت سەری بخورێنێ، مسۆگەر پاش ئەو ساڵ و مانگە ئەهات و سەردانێکی باوکی ئەکرد.

شەیدا کە وەڵامی ئامادەی پێ بوو، وتی:

ــ هێشتا خۆ نەورۆز نەهاتووە! ڕەنگە تا من بگەمە قەڵاچیمەن، ئەویش بگاتە ئێرە. کێ چووزانێ بەڕێوە نییە؟

گوڵمحەمەد پرسی:

ــ کەوا بوو تۆیش ئەڕۆیت؟

شەیدا وتی:

ــ بەڵێ ئەڕۆم. بەڵکوو بە ڕۆژ بگەمەوە ئاوایی.

ــ پیاڵەیەک چای بۆ درووست بکەن.

ــ ناخۆم، زۆر سپاس.

ــ کە وایە... نانی بۆ بهێنن. دایە!

بڵقیس لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە. گوڵمحەمەد بە دایکی گوت:

ــ نان بپێچەرەوە بۆ شەیدا. مرۆڤە و بیابان!

بڵقیس گەڕایەوە تا نان بهێنێ.

شەیدا وتی:

ــ گوڵمحەمەد خان، من... زمانێکی پاراوم نییە. بەڵام... بەڵام تۆ ئەم زستانە وەکوو یەکێک لە خۆتان ئاگات لە من بوو. من... من... ئیشەڵڵا ڕۆژێک بتوانم قەرەبووی نان و نمەکتان بکەمەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئێمە لەوانە زیاتر قەرزاری بابقولی بوندارین، برام. تۆش وەکوو بەگمحەمەد؛ پێویست ناکا، خوات لەگەڵ بێ!

شەیدا نانەکەی لە بڵقیس وەرگرت، لەتی کرد و

نووشتاندییەوە و خستیە گیرفانەکانی.

کەلمیشی پرسی:

ــ بە ڕێی شاردا ئەڕۆی یان لە مشکانەوە؟

ــ بە ڕێی مشکاندا ئەڕۆم، مامە گیان... لە شارەوە ئەگەر بڕۆم، ڕەنگە هەڵەخەرجی بکەم.

خانئاپۆ بە پێکەنینەوە وتی:

ــ ئەترسی، هەڵەخەرجی بکەیت و بابقولی دارکاریت بکات؟

گوڵمحەمەد زیاتر بە مەبەستی ئەوەی ژەهری تەشەرەکەی خانئاپۆ بگرێ، پێکەنی.

شەیدا هاتە پێشەوە، تەوقەی لەگەڵ پیاوەکان کرد. خواحافیزی کرد و ڕۆیشت تا هەوساری وشترەکەی بگرێ و بیدا بە شانیدا.

خانئاپۆ، بە دوای کوڕی بابقولی بونداردا وتی:

ــ وشترەکەیتری بابقولی لە بیرنەکەی بۆ ئێمەی بەجێ بێڵی!

شەیدا، بە پێکەنینەوە ئاوڕی دایەوە و وتی:

ــ لەسەر ڕێ ڕیزیان ئەکەم، خانئاپۆ!

گوڵمحەمەد کە بە دوای کوڕی بونداردا کەوتبوویە ڕێ، وتی:

ــ سڵاوی ئاشناکەی ئێمە، بابقولی بوندار، بگەیەنی، ها!

ــ سڵامەتیتان ڕائەگەیەنم. خوا حافیز بێ.

ــ خوات لەگەڵ!

شەیدا، لە ناو قسەکەیدا، لەپڕ گەڕایەوە و وتی:

ــ خۆزگە لە کاتی ڕۆیشتندا بەگمحەمەد و سەبرخانیشم ئەبینی. لە زمانی منەوە خواحافیزیان لێ بکەن. پوورە بلقیس خواحافیز. تۆ بۆ من دایکی گەورە بووی. زۆر سپاس. ئیشەڵڵا ڕۆژێک قەرەبووی بکەمەوە.

ــ بە سلامەت کوڕم، بە سلامەت کوڕەکەم!

خانئاپۆ سەیرێکی شەیدای کرد کە سواری وشترەکە ببوو و

خەریک بوو دوور ئەبوویەوە، بزەیەکی تەوساوی گرت:

ــ ئەی ژنباز! وەکوو باوکی، سێوێک کرابێ بە دوو لەتەوە.

گوڵمحەمەد، لای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکە دانیشت، پەنجەی هێنا بە خۆڵەکەدا و وتی:

ــ هەرکاتێک لەگەڵ کوڕی بابقولی قسە ئەکەی، زمانت ژەهر ئەڕێژێ، چی بووە، خانئاپۆ!

خانئاپۆ وتی:

ــ دڵم وا ئەڵێ گوڵمحەمەد. نازانم بۆچی ناتوانم ئەو بوندارە بە پیاوێکی باش بزانم!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ کێ هەیە باش بێ، کە بوندار خراپ نەبێ!

خان ئاپۆ وتی:

ــ هەندێ خراپە هەیە زۆر پیس ئەدا بە چاوا. مرۆڤ پەرێشان ئەکات. بەڵام ئینسان هەندێ لە خراپیەکانی پێخۆشە، بە دڵیەتی. نازانم چی ئەڵێم، بەڵام ئەزانم ئەمەوێ چی بڵێم.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ تێ ئەگەم. تێ ئەگەم.

خانئاپۆ وتی:

ــ ئاخر، خراپەش جۆراوجۆرە. مرۆڤی خراپیش جۆراوجۆرە! ئەم بابقولی بوندارە، تەنها خراپ نییە، بەڵکوو ملۆزمیشە!

کەلمیشی داوای چای کرد.

بڵقیس چووە ناو ڕەشماڵەکە. ماراڵ و زیوەر، دوو بەردی خامۆش، دانیشتبوون. ئەتوت ناتوانن لە بەرامبەر یەکدیدا جووڵە بکەن. بڵقیس بۆ ئەوەی جەوی ڕامانەکە بشکێنێ، وتی:

ــ چا ئامادە بکەن، شەل و شێتانە!

ماراڵ، لەپڕ کۆشی پووری خۆی گرت و لێی پاڕایەوە:

ــ بە گوڵمحەمەد نەڵێی، ها! هیچی پێ ناڵێی، بە قوربانت بم پووری گیان. پووری، قەزات لە من کەوێ. بە ناوی خوا سوێندت

ئەدەم. بە کاکۆڵەکەی سوێندت ئەدەم، سەبارەت بە زیوەر هیچی پێ نەڵێی، پووری! نامەوێ گوڵمحەمەد لە بەر من زیوەر بداتە بەر قامچی. من ئەو بە خوشکی خۆم ئەزانم. زیوەرم وەکوو خوشکی خۆم خۆش ئەوێ! سوێندت ئەدەم بە هەرچیەک کە ئەیپەرستی لە لای گوڵمحەمەد باسی نەکەی، باشە؟

بڵقیس، داوێنی کراسکەی لە دەس مارالٌ دەرهێنا:

ــ ئەگەر خۆی زانیبێتی چی؟

زیوەر وتی:

ــ با پێی بڵێ، با پێی بڵێ و گوڵمحەمەد، سەرم ببڕێ و ئاسوودەم بکات. بڵقیس نەلێ، خۆم پێی ئەڵێم. مردن بۆ من ئیتر، زەماوەندە!

زیوەر، لەپڕ ڕووی لە ئاسمان کرد و وتی:

ــ خوایە گیان؛ ئەگەر دادگەری بمکوژە و ڕزگارم بکە!

بڵقیس لە ڕەشماڵەکە پێی نایە دەرەوە و وتی:

ــ چا، چا ئامادە بکەن.

بڵقیس لای پیاوەکان دانیشت. وتووێژ درێژەی هەبوو. خانئاپۆ وتی:

ــ تۆ بابقولی بوندار بە چ جۆرە پیاوێک ئەزانی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ لە چ ڕوویەکەوە؟

ــ لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەمەوێ بزانم ئەوت چۆن بینیوە؟

ــ وشیار، زۆر وشیارە

ــ زۆریش، قازانجی خۆی لە بەر چاوە، وانییە؟ زیاد لە ئەندازە!

ــ هەموو وانە، چووزانم.

خانئاپۆ، تۆزێ ڕاما، سمێڵی بە ددان گرت و تفێکی کردەوە. پاشان سەری هەڵێنا و لە کاتێکدا ڕاست ئەیڕوانیە ناوچاوی گوڵمحەمەد، پرسیاری کرد:

ــ ئەم گەنجە، شەیدا. خۆ سەری لە کاروباری ئێمە

دەرنەکرد؟ بۆنی هیچی نەکرد، خۆ؟

گوڵمحەمەد، خامۆش ما. نیگای خانئاپۆ لە سەر چاوی بڵقیس پانەوە بوو و تاوێک ڕاما. بڵقیس سەری ڕاوەشاند. نیگای خانئاپۆ گەڕایەوە بۆ سەر گوڵمحەمەد.

گوڵمحەمەد هەستی کرد پشت برۆکانی گەرم بووە. سەری بەرز کردەوە و نیگای لە نیگای خانئاپۆ چەقی. چاوەکانی خانئاپۆ، لە زمانی پتر وەڵامیان لێ ئەویست.

ـ چۆن بیر ئەکەیتەوە؟ شەیدا لەگەڵ تۆ داری ئەکێشا. هەڤاڵی ڕێت بوو. پێت وایە سەری لە کاری ئێمە دەرهێنا بوو؟ شتێکی هەست پێکردبوو؟

ناوچەوانی گوڵمحەمەد هاتەوە یەک. بیری ئەو ڕۆژ و شەوانەی لەگەڵ کوڕی بوندار ڕابردبوو. وەڵامی دایەوە:

ـ پێم وانییە. نەء! مەگەر هەمان شەوی یەکەم، ئەو شەوەی کە لە ڕێوە هاتن. مەگەر... ئەو شەوە کە چاوی بە پۆستاڵەکان کەوت... تاکێک پۆستاڵ. ئەویش عەلیئەکبەر گرتی بە دەستیەوە... منیش وتم لە سەربازی هێناومە... ئێستە... ئێستە بۆچی ددانت لە کوڕی بوندار تیژ کردووە؟

خانئاپۆ وتی:

ـ خەریکم حەسێبی دوارۆژمان ئەکەم. بیر لەوە ئەکەمەوە ئەگەر شەیدا سەری دەرهێنابێ، ئەوا ناچارین لەگەڵ باوکی بکەوینە مامەڵەوە. ئەوسا هەتا زیندووین ڕیشمان ئەکەوێتە دەستی بوندار. ئەویش، ئەو بوندارەی من ئەیناسم، تا قامی قیامەت ئەماندۆشێ. ئەوسا ناچار ئەبین باج و بەرتیلی بدەینێ. چیرۆکی بەرخ و گورگەکە! ئەڵێن کابرایەک مەرجی کردبوو، بەرخێک سێ مانگ لای خۆی ڕاگرێ لە ماوی ئەو سێ مانگە نەهێڵێ کێشی بەرخەکە نە زیاد بکات نە کەم. بۆ ئەوەی ئەو کارەش بکات، بەیانی تائێوارە جۆ و گیای پێ ئەدا و لای ئێوارەش گورگێکی لە ماڵەوە بەستبۆوە بە بەرچاوی بەرخەکەدا

تێی ئەپەڕاند. بەرخی ڕەبەنیش، لە بەیانیەوە چی گۆشتی هەڵگرتبوو، بە بینینی گورگەکە دای ئەنایەوە. بۆیە پاش سێ مانگ کێشی بەرخەکە وەکوو خۆی بوو. ئێستەش. مەبەست ئەوەیە ئەگەر بابقولی بوندار سەری لە کارمان دەرهێنابێ ئەو بەڵایەمان بە سەر ئەهێنێ، کە بە سەر بەرخی نەگبەتا هاتبوو. بەڵام ئەگەر گوێزی ئازاین، ئیتر ناچارنین ڕووی خۆش پیشانی بوندار بدەین و بەهەر سازێکی بوندار لە مامەڵە کردن‌دا سەما بکەین. ڕاستەکەی ئەوەیە کە من بابقولیم وا ناسیوە. بۆیەشە خۆشم لێی‌نایەت. بە پیاوێکی فێڵبازی ئەزانم. ئاکار نۆکەرە. دەسکەلای گەنەدزییەکانی ئالاجاقیە. گازی لە مەمکی دایکی خۆی گرتووە! جا ئەگەر پێی سوود لە ئارادا بێ، بەزەیی بە منالی خۆشی‌دا نایەتەوە.

ـ تۆ لە کوێوە وا بەو جۆرە ئەیناسی؟

ـ ئەوسا کە تۆ لە سەربازیی بوویت، بابقولی سەرکاری ئاو و ئالفی ئالاجاقی بوو لە مەغیسە. پاش تەمەنێک کە ئێمە لەگەڵی مامەڵەمان هەبووە، لە تۆ باشترم ناسیوە. نازانم. ڕەنگیشە من بە هەڵەدا چووبێتم. جاری واهەیە مرۆڤ بە یەک نیگا یەکێک ئەچێتە دڵیەوە، جاری واش هەیە سەد ساڵ لەگەڵ یەکێک لە سەر سفرەیەک نان ئەخوا، کەچی هێشتاش ناتوانێ دڵی لەگەڵ بکات بە یەک. ئەم بابقولی بونداره لەم بابەتەیە. دڵم ڕازی نابێ بڕوا بە ڕاستگۆیی بکەم. جا بۆچی؟ خۆیشم نازانم! بەڵام ئەوەم لە لا مسۆگەرە کە ئەو، شێرۆی بۆیە خستە بن باڵی خۆی تا ڕیشی ئێمەی لە دەستدا بێ. خوێڕیگەرییەکەی ئەبینی؟ کەچی منەتیشمان بە سەردا ئەکات گوایە پەنای داوە بە کچەکەمان. هەم کار لە کچە ئەکێشێتەوە و هەم مایەی سەرشۆڕی ئێمەی لە لای خۆی ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی هەر کات پێویست بوو بیکوتێ بە ناو چاوماندا! سەیری ئەم تەنها کارەی بکە و ئەوانیتر خۆت لێکی بدەرەوە.

خانئاپۆ کە ئارام بوو، کەلمیشی سەری هەڵێنا و چاوە خڕەکانی بڕییە گوڵمحەمەد و وتی:

ــ تۆ دڵنیایت لە ناو ڕێ، بە دەم کارەوە، کاتی گاڵتە و شۆخی، یان گێڕانەوەی بەسەرهاتێک، هەندێ جار هەیە مرۆڤ ئەیەوێ ڕێ کورت بکاتەوە، ئەماژەت بەم ڕووداوە نەکردووە؟ هەندێ جار لە دنیای دۆستی و هەڤاڵەتیدا، مرۆڤ دەس لە خۆی بەرئەدا. واتە لە خۆیەوە و بە بێ هۆ سفرەی دڵی بۆ هەڤاڵەکەی هەڵئەڕێژێ. ئەم جۆرە دارەتە زیاتر لە جەوانیدا ڕووئەدات. لە مەبەستەکەم خۆ تێ ئەگەی؟ لەو کاتانەدا مرۆڤ حەز ئەکا لەگەڵ هەڤاڵەکەی ببێ بە یەک. بۆیەشە ڕازە نهێنی و ونبوەکانی ژیانی خۆی لا ئاشکارا ئەکات. خۆی لەدەس ئەدا و وەک بڵێی قەرزاریەتی، بەرتیلی ئەداتێ. ئەڵێی ئەیەوێ خۆی ئاسوودە بکات. بەتایبەت ئەگەر لە شتێک وەڕەز بێ، وا ئەزانێ بە گوتنی ئەو ڕازە باری سووک ئەبێ. ئەوەیە کە هەندێ جار گەورەترین ڕازی ژیانی ئەدرکێنێ و ئەو قسەی کە ئەبوایە هەرگیز بە زمانیدا نەیەت، بە ئاسانی ئاشکرای ئەکات. ئەو قسەی ــ کە ڕەنگەــ بە شیشی سوورەکراویش نەتوانن لە بن زمانی دەربکێشن، بە ئاسانی ئەیگێڕێتەوە. هەڵبەت مەبەستێکی خراپی نییە. بەڵام ئەیەوێ بۆ هەڤاڵەکەی بسەلمێنێ لەگەڵی ڕووڕاستە. کە هەڤاڵەتیەکەیان زۆر بە هێزە. ئەیەوێ پێی بڵێ هیچ لەمپەرێک لە نێوانیاندا نییە. ئەیەوێ ڕێگەی غەوارەی دوو دڵەکە کورت بکاتەوە. دیواری نێوانیان هەڵگرێ. بە گەنجێتی مرۆڤ زۆر فریوی دڵی خۆی ئەخوا. بۆیەشە ئەپرسم: جوان سووچ و قووژبنی مێشکت بگەڕێ بزانە هیچ شوێنەوارێکت بە هەڤاڵەکەت، بە کوڕی بوندار پیشان داوە یان نا؟

گوڵمەمەد لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا، ڕابوو و بە تووڕەییەوە وتی:

ــ ئێوە، پێتان وایە لەگەڵ مناڵێکی شازدە ساڵانە قسە

ئەکەن! ئاخر، کوڕی بوندار هاوڕازی منە کە بمەوێ یان بتوانم بەو جۆرەی ئێوە ئەڵێن ببم بە هاوڕێی؟ شەیدا ڕەنگە دەساڵ لە من منداڵترە! مەگەر ئێوە چۆن سەیری من ئەکەن؟ گەنجێکی تازە پێگەیشتوو؟ بەڵام... نا، جارێکیتریش پێتان ڕائەگەیەنم: نەخێر! بە مسۆگەری من یەک وشەشم لە لای کوڕی بوندار باس نەکردووە! ئیتر بیبڕێننەوە.

خانئاپۆ، نە بە گوڵمحەمەد، بەڵکوو لە بلقیسی پرسی:

ــ ئەوشەوە، جگە لە شەیدا و مەندەلوو، کوڕەکەی گوڵەنداميش میوان بوو، ئەریّ؟ عەلیئەکبەری حاجی پەسەند!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بوو، هەر ئەویش بوو دەستی دایە تاکی پۆستاڵەکە. خۆ پێم وتیت!

خانئاپۆ وتی:

ــ ئەو چی؟ ئەو چۆن ئەبینی؟

گوڵمحەمەد دەسبەجێ وتی:

ــ نانەجیب! سەدجار خراپتر لە بابقولی بوندار.

خانئاپۆ، بە نەرمی وتی:

ــ خەریکن ئەبن بە خزم. کچەکەی عەلیئەکبەر و کوڕەکەی بوندار. دار و تەختە. خوا ئەگەر دارتاشیش نییە، بەڵام ڕێکخەرە.

کەلمیشی، لە پڕ قنجەوە بوو و قسەکەی بڕی:

ــ سوارێک خەریکە دێت؛ ئەوە ئیتر کێیە!

گەردەلوولێکی ڕەش، خێرا و بە گوژم. شتێک وەکوو ترس. سەری بە سەر کەللەی زینەکەدا چەماندبوو، پشتی کووڕ کردبوو، بە غارێکی جانانە داژووت و ئەهات. گلۆڵەیەک خوری ڕەش، کۆ ئەبوویەوە و ئەکرایەوە. بە دوایدا، بە دوای سمکوتی ئەسپەکەدا، تەنوورەیەکی تۆز و خۆڵ بە ڕێوە بوو. گوڕی هەناسەی ئەسپەکە، خەریک بوو پەڕەکانی لووتی بدڕێنێ. بریسکە و ئارەقەی لەشی ئەسپەکە لە شکاندنەوەی هەتاوی بەر لە بەهاردا، بریق و

باقێکی ڕەمۆکی هەبوو.

بڵقیس و پیاوەکان ڕاست بوونەوە و چەند هەنگاوێک بە گومانەوە لێی چوونە پێشەوە. فڕکە و جووڵەی پووز و سمی ئەسپەکە، خاو و خاوتر بوویەوە. سوار سەری هەڵێنا و لەغاوی ڕاکێشا. ئەسپی بەڵەک، سووڕێکی بە دەوری خۆیدا دا و، سمی لە خاک چەقاند و خۆی ڕاگرت. سواری لاو، بە سەر و قژی تۆزاوی، ئەوا لە بەردەمی میشکالیەکاندا ڕاوەستابوو.

ــ کوڕی مەلا میعراج!

وردیلە و ڕەشتاڵە بە کورکی نەرمی پشت لێویەوە کە ڕەشی ئەکردەوە، هێشتا دانەبەزیبوو، وتی:

ــ خەریکن دێن! پۆلێک جەندەرمە. هەوار بە هەوار، پەیشوێنیان هەڵگرتووە و گەیشتوونەتە ڕەوەندی مە. ئێستەش لەوێن. خەریکن پرس و جۆ ئەکەن. بە دوای دوو هاوکارە ونبووەکەیاندا ئەگەڕێن. تا بنەی ئێمە شوێنیان هەڵگرتوون. لەوێش ناو و نیشانیان پێداون و خەریکن بەرەو ئێرە دێن. باوکم بۆ ناشتا ڕایگرتن و بە منی وت بێم و ئاگادارتان بکەمەوە. ئیتر خواحافیز. من ئەڕۆم. بەڵام نەک بگەڕێمەوە بۆ ڕەوەند، نا. ڕاست ئەڕۆم. بۆ ئێرەش نەهاتووم. ئێوەش منتان نەدیوە. بەس تۆزێ ئاوم بەنێ، خێرا.

زەرکی ئاویان دایێ. نای بە سەرەوە و غاریدا.

بڵقیس و پیاوەکان لە ناو تۆزی ئەسپی سوارەکە.

ــ ئێستە چی ئەکەن؟

لە وەڵامی کەلمیشیدا، گوڵمحەمەد سەیری خان ئاپۆی کرد. خانئاپۆ هەروا بێدنگ بوو. گوڵمحەمەد وتی:

ــ بگەنە بەرەوە ئەسپی هاوکارەکانیان ئەناسنەوە. ئەبێ دەرکەوین!

خانئاپۆ وتی:

ــ سەد جارم پێ وتی، با ئەو ئەسپانە ببەم بۆ تەرشیز و

بیانفەوتێنم. گوێت لێ نەگرتم!

ــ ئێستە کاتی گلەیی نییە خانئاپۆ! ئەسپەکەت زین کە و تفەنگەکەت هەڵگرە!

گوڵمحەمەد، خۆی چالاکانە زینی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپ. تەنگەی کیشا و شەتەکی دا و بۆ ئەوەی سەردانی ماراڵ بکات، فڕکەی کرد بۆ ناو ڕەشماڵەکە. ماراڵ، نەخۆش بوو و گەرم داهاتبوو. گۆنا و ژێر چاوی ئەفڕی. دەرفەتی گفتوگۆ نەبوو. نە تەنانەت خواحافیزی. زەوییەکەی، گوڵمحەمەد بە دەست و نینۆک هەڵدڕی و بڕنەوی ناو چۆخەکۆنی لە بن عەرزەکە دەر هێنا. لە سەر چۆکی داینا و نیگای بڕییە نیگای ژنەکەی و ساتێک ڕاما و پاشان، بە دەم ڕابوونەوە وتی:

ــ ئەگەڕێمەوە، مەترسە! ڕەنگە جەندەرمەکان بڕژێنە ئێرە. خۆڕاگربە. من ئەچم بۆ تاغی. باکت نەبێ، ئەوان بەڕێوەن.

ماراڵ وتی:

ــ بیستم. هەواڵەکەم بیست!

ــ ئاگات لە ئەمانەتەکەی من بێ!

ماراڵ نەویستە دەستی خستە سەر سکی و پێڵووی بەست.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەبێ بڕۆم. با چاوەکانت ماچ بکەم. ئاگات لە بادی بێ. سەبارەت بە شەودێز دڵنیام. باوکم خۆشی ئەوێ.

گرمەی خانئاپۆ ڕژایە ناو ڕەشماڵەکە:

ــ دڵت نایە بەجێی بهێڵی؟!

زیوەر، لە ناو دەرگاکە سینەی تەقی بە سینەی گوڵمحەمەدەوە، گوڵمحەمەد نیگای گواستەوە و تێپەڕی. خانئاپۆ، پاڵەوان ئاسا، لە سەر ئەسپەکە سوار بوو و دەسکەوساری ئەسپەکەی گوڵمحەمەدی بە دەستەوە بوو. گوڵمحەمەد هەوساری وەرگرت و پێی لە ئاوەزەنگی نا. بڵقیس نانی هێنا. کەلمیشی دەستی هێنا بە ناوچاوی ئەسپەکەدا، چاوەڕوانی وشە، چاوی بڕییە کوڕەکەی:

ـ ڕێتان بەرەو کام لایە؟

خانئاپۆ وتی:

ـ بە هەر لایەکدا ڕێ بکەوێ. ڕەنگیشە سەرەتا بچین بۆ سوورکێو ئەسپەکان بفرۆشین، پاشان!

گوڵمحەمەد، ڕێگەی فرەوێژی خانئاپۆی بەست:

ـ لەم دەوروبەرانە دوور ناکەوینەوە. من نیوەشەو ئەگەڕێمەوە. بەڵام پەیامێک بۆ بەگمحەمەد بنێرن بێتەوە و بچێتە لای مەڕەکان، لەگەڵ سەبراو بێ.

خانئاپۆ وتی:

ـ لە لایەن منیشەوە بە سەبراو بڵێن، تەگەکەی من نەبڕێتەوە تا خۆم دێمەوە. خواحافیز!

لەغاوی سووڕاند و ئەسپی خستە سەر لاڕێ. گوڵمحەمەدیش بە دوایدا دایە غار و کڵاوی بۆ کەسوکاری ڕاوەشاند.

سواران، تا لە تەم و تۆزدا ون ببن، میشکاڵیەکان نیگایان لێ هەڵنەگرتن. زیوەر و ماراڵ، شان بە شان، لە بەر دەرگای ڕەشماڵەکە وەستابوون، بە هێڵێکی تەماوی لە ڕامانی چاوەکانیاندا. بڵقیس و شووەکەی لە تەک یەکەوە، لە دووری ڕەشماڵەکە؛ بە هێڵی تەماوی لە ترسی چاوەکانیاندا. لەرزە لەرزی نیگەرانی: ئەڕۆیشتن و چەند پارەی میشکاڵیەکانیان لەگەڵ خۆیان ئەبرد، خانئاپۆ و گوڵمحەمەد. ئایە نیوەشەوی ئەمشەو گوڵمحەمەد، دێتەوە، بەس ئارەزوویەک نەبوو؟

دڵەکان لای گوڵمحەمەد بوو.

خانئاپۆ، ئازیز بوو، بەڵام گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد بوو. خانئاپۆ ئازیز بوو وئەیتوانی لەوێ نەبێ. بەڵام گوڵمحەمەد، مەگەر ئەکرا نەبێ؟! خانئاپۆ، لە ناخی دڵیەوە بە کەسەوە نەبسترابوو؛ کەس یان کەسانیش بەو جۆرە دڵ لە دووی ئەو نەبوون. بڵێسەیەک بوو بۆ خۆی خانئاپۆ. تەنها و ڕەها. یەکە خۆریش ئەگەر نەبوو، یەکەگەرد بوو. نانیشی بە تەنها ڕاو ئەکرد.

هەرچەندە هەمووان لە سەر سفرەی تاڵانەکەی خڕ ئەبوونەوە، بەڵام پەیوەندییەکەی یەک لایەنە بوو. ئەو ئەیبەخشی. بەڵام وەری نەئەگرت. بەدەستی بەتاڵ ون ئەبوو و بە دەستی پڕەوە دەرئەکەوتەوە. بە دڵفراوانیەوە، دەسکەوتەکەی هەڵئەڕژاندە سەر سفرەکە. خێزان تێر بێ. لەوە پاشیش، لەگەڵ تەنهایی خۆیدا ئەچووە ناو ڕەشماڵ و تا تەواو بوونی پاشەکەوت لەوێ ئەبوو و ئەوسا، گورگ لە بێشە ئەهاتە دەرەوە و دەستی ئەدایە برنەوەکەی، پێ لە ئاوەزەنگی و ڕێگەی ناڕێی ئەگرتە بەر، تا نێچیری هەڵۆ، چی بێ و کێ بێ!

گوڵمحەمەد، بەڵام وانە بوو. ئەو چل گیانی لە خۆیدا لەگەڵ خۆیدا هەبوو. ڕۆیشتنی، ڕۆیشتنی هەموو بوو و هاتنەوەی، هاتنەوەی هەمووان. ئەو کە ئەڕۆیشت خێڵ ڕۆیشتبوو. دڵی هەمووانی لەگەڵ بوو. بەرانە قۆزەکەی میشکاڵی. هۆگری ئەم و ئەو، لە ناو دڵی کەسانیدا. سالاری گەنجی ڕەوەند، تیرە. جێگیری باوک. ڕۆڵە. ڕۆڵەی ماراڵ، گوڵاڵە. نەء! دەستی بێگانە نابێ لێی بکاتەوە. مێرگ ئەژاکێ.

گوڵمحەمەد، هەر کەس بە جۆرێک ئەیویست. کەلمیشی عەشقێکی لە ڕەنگی تووڕەیی بەرامبەر بە گوڵمحەمەد هەبوو. عەشقێکی نهێنی لە ناو توێکڵی ڕقدا. یووسفی ئەو بوو گوڵمحەمەد.

بڵقیس؟ گوڵمحەمەد، هەموو کوڕەکانی بوو. بەرەکەتی شیری سینەی، گوڵمحەمەد. هەموو ڕۆڵەکانی بڵقیس، لە گوڵمحەمەددا ئەبینی. نە مەگەر شێرۆ ڕەدوو کەوتبوو. خانمحەمەد لە حەپس بوو. بەگمحەمەد لە کرێکاری؟ مەگەر کێ مابوو؟ سەبرخان لە شوانی و خانئاپۆ لە بوون و نەبوون. کەلمیشی گیرۆدەی پیری. تەنها زیوەر، تەنها ماراڵ. بڵقیس مابوو و دوو ژن. بڵقیس مابوو و پیاوێک. پیاوێکی بە ساڵاچوو. تا پیاوێک نەگەڕاوەتەوە، ئەو سالارە. دڵ لە دڵ مەدە، ئەرخایەن بە:

«دڵ لە دڵ مەدە، ئەرخایەن بە!»

باڵای بڵقیس ئەتوت بڵیندتر بوو، چاوی ڕوونتر:

ــ تاکەی ئەمانەوێ لێرە بمێنینەوە و چاو لە دووی ڕۆیشتوان بین؟!

ڕۆیشتن. هەر کەس بۆ سووچێک. نا ئارام و ئارام. فرەوێژ و کەمدوو. بڵقیس بۆ لای کەلمیشی و زیوەر لەتەک ماراڵ.

زیوەر وتی:

ــ غەمت نەبێ! تا گوڵمحەمەد ئەگەڕێتەوە، من و هەیڤۆ دەست ئەدەینە دەستی یەک و ڕەشماڵتان بۆ ئەچنین. خوا یاربێت، مناڵەکەمان لە بن ڕەشماڵی تازەدا لە دایک ئەبێ. خۆشم بە لاتەوەم. بە لاتەوە ئەبم. هەموو کارەکانت خۆم ئەیکەم. ناوکی مناڵەکەش خۆم ئەیبڕم. ئاشت بۆ درووست ئەکەم. خۆم پێت ڕائەگەم. وەکوو خوشکم ئاگاداریت لێ ئەکەم. کاتێک پێت سووک بوو، خۆم لە ڕەشماڵەکەت ئەوەستم و ناهێڵم ئاڵ و شەوە، ئاژەڵ و مرۆی ماندوو و پیاوی سوارە بێنە بەر دەرگای ڕەشماڵەکەت. ژنێک کە مووررووی زەرد و سپی لە خۆی هەڵواسیبێ، ناهێڵم پێ لە ڕەشماڵت بنێ. پەز و جاشت لێ دوور ئەکەمەوە. ناهێڵم وەی بە مناڵەکەت بگات. وا ئەزانم هینی خۆمە. مناڵی من یان تۆ، هەر یەکە، خوشکم ماراڵ! چیت گەرەکە داوام لێبکە. بڵێ چیت بۆ بکەم خوشکە نەجیبەکەم!

ماراڵ، چەناگەی لە سەر ئەژنۆی بەرز کردەوە، تەڕایی چاوی بە دڵی پەنجەی سڕییەوە و وتی:

ــ من نە ئەبوایە بێم بۆ ئێرە خوشکی ئازیز. من نە ئەبوا بێم بۆ ئێرە. بەڵام ئەوا لێرەم. کە هاتووشم نازانم چیبکەم؟ نازانم.

زیوەر وتی:

ــ ڕەشماڵت بۆ ئەچنم. جارێ با هەڵسم، خەنەت بۆ بگرمەوە. مانگی نەورۆزە. ئەبێ دەست و پێ و کەزییەکانت بگرمە خەنە. تۆ هێشتاش نۆبووکی و ئەمشەویش شەوی جەژنە.

ـ ئاو! زەرگێک ئاومان پێ بدەن، زۆرمان تینووە دایە!

مارالْ و زیوەر، خامۆش بوون و گوێیان ڕاگرت، ڕەنگ و ڕوویان بوو بە سێبەر.

«تۆ بڵێی جەندەرمە بن؟»

نەء! ناشێ. دەنگ، بێ میهر نەبوو. تکای تیابوو. لەپڕیش بوو، بێ پێشەکی. بە بێ دەنگی سمی ئەسپ و زەنگ و زۆنگی قایش و قرووش. نە فەرمان و تەشەر و نە تۆز و دوومان. دەنگی جەندەرمە، وانییە. ئارام و هێور، دەنگ لەپڕ ڕابوو. نەک وەکوو دڕک، گیایەک بوو. تەرچک و شێدار؛ گیای بەهارەی خاکی بەهارە.

زیوەر و بە دوای ئەودا مارالْ، سەریان هێنایە دەرەوە. دوو پیاو لای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەی کەلمیشی، لەگەڵ بلْقیس ئەدوان. یەکیان ناوەنجی و ئەویتر گەنج. زیوەر، مووسای ناسیەوە و شانیدا لە مارالْ:

ـ کوڕی خاڵە مەندەلووە!

ـ ئەوی تر کێیە؟ لە شاری ئەچێ.

ـ نازانم. نایناسم.

زیوەر ئەشبوا، ستاری پینەچی نەناسێ.

کابرا، کۆڵێکی بە کۆڵەوە بوو. کڵاوێکی دەسچن، قژە تەنکەکەی سەری داپۆشابوو. دەرەلنگی شەرواڵەکەی خسبوویە ناو پۆستاڵەکەی و خۆی دابوو بە سەر داردەستە لار و لەوێرەکەیدا. باڵای کشاو نەبوو. تۆزێ چەمابوو. شانی ڕاستی تۆزێک زیاتر. ڕەنگە لە بەر ئەوەی لە گەڕانەکانیدا، سندان و چەکوش و وردەواڵەکانی بە دەستی ڕاست هەڵئەگرت و تەختەی کارەکەی ئەدا بە شانی چەپیدا. ئێستەش وابوو. تەختەی کار بە شانی چەپەوە و کیسەیەکی هەڵواسراو بە ڕاستەوە.

مووسا، توربێنێکی بە پشتەوە بوو، فانۆسێک بە دەستەوە و دوو شووشە فانۆس -وەکو پەتک- بە ملیدا شۆڕەوە ببوو. تۆز و خۆڵی ڕێگە و ماندوێتی بیابان، بە توربێن و ڕوخساری مووساوە

ئەبینرا. تینوێتی هێنابوویانی بەم لایەدا. بەڵام نەک هەر تینوێتی، برسیتیش وا وزەی لە بەر بڕیبوون، بە فەرموویەک لە سەر هەموو سفرەیەک دابنیشن. زەرکە بەتاڵەکە، بڵقیس لە دەستی کوڕەکەی خاڵە مەندەلووی وەرگرت و وتی:

ــ نانی وشک و تۆزێ شیر هەیە. ئەگەر برسیتانە شەرم مەکەن!

نیگایەک بە هێڵی چاوی جووتە ڕێبواردا تێپەڕی. دەرفەتێک بۆ دیدار و هەلێک بۆ حەسانەوە، لە بەر دەریزانی ڕەشماڵ. بڵقیس شیر و نانی بۆ هێنان. کۆڵیان داگرت. سفرە، شەرمی نەئەویست. ستار جارێکی تریش لەگەڵ کابرای داگیراوی بن ڕەشماڵەکە چاک و چۆنی کرد. کەلمیشی‌یش سەرێکی لەقاند. دەستیان برد بۆ نان. بڵقیس زەرکی پڕ لە ئاوی بۆ دانان.

کەلمیشی وتی:

ــ کوڕی مەندەلوو، هەرچەندە بالآت نەکێشاوە، بەڵام ڕیش و سمێڵت دەرهاتووە! بۆ خۆت بووی بە پیاو، ماشەڵڵا. ئێسک و پرووسکت قورس بووە. ئەو ڕۆژانەی لەمناوە بە دوای وشترەکانی باوکتەوە بوویت، تۆزقاڵێک زیاتر نەبووی. بەڵێ ئیتر، دابی ڕۆژگار وەهایە. یەکێک بە لێژایی گردەکەدا خلۆر ئەبێتەوە و یەکیش بە هەورازەکەدا هەڵئەکشێ. من ئەوا بەرەو ڕۆژاوا ئەچم! تا بووە، هەروا بووە، خوا تەندروستی بدات. دیارە ئەچیت خاڵە مەندەلوو ببینی، ئەرێ؟ شەوی جەژن!

ــ بەڵێ، ئەمەوێ دیدارێک تازە بکەمەوە.

ــ زۆر دەمێکە لەم دەوروبەرە نەم بینیوی! دەرناکەوی؟

ــ کاری تەون، مامە کەلمیشی وەکوو کۆت و زنجیر وایە. تاوێکیش لە پێی مرۆڤ نابێتەوە. مرۆڤ وەکوو ئەوە وایە لە ناو تان و پۆی تەونەکەدا بەسترابێتەوە. هەندێ جار هەست ئەکەم خۆیشم لە ناو تان و پۆکەدا ئەچنرێم! ڕەنگە باوەڕ نەکەی، بەڵام هەندێ شەوان کە لە بن تەونەکە هەڵئەسم و ئەچمە

دەرەوە، هەست ئەکەم خۆم لە ناو نەخش و نیگارەکەدا جیّ هێشتووە. چۆن بۆت بڵێم، وام دێتە بەرچاو پەردەیەکی گۆشتم، لای تەونەکە، لکاوە بە قاڵیەکەوە و من خەریکم ئەڕۆم. ڕۆژی دواتریش هەر بەو جۆرە. هەموو ڕۆژێک و ڕۆژانی‌تریش. هەندیّ جار خەیاڵ هەڵم ئەگریّ و وا ئەزانم ئەو ڕۆژانە هەرگیز تەواو نابیّ! شێرۆش لەوێیە. پێکەوە کار ئەکەین. ڕۆژانی سەرەتا بۆی دژوار بوو. لای دارەتەون کاری بۆ نەئەکرا. شارەزای تەونی ڕاکشاو بوو. بەڵام زۆر زوو فێربوو. زۆر وشیار و کارایە، شێرۆ!

کەلمیشی وتی:

ـ نامەویّ باسی شێرۆ ببیسم. هەڤاڵەکەت چ کارەیە؟ ئەو لە ناو ئەم بیابانە شۆرەدا چی ئەکات؟

ـ پینەچیە، مامە. گیوە دەور ئەگریّ. پێڵاو ئەدوورێتەوە. قایش!

ـ چاکە، ئەگەر من گیوە دڕاوەکەمی پیشان بدەم، ڕەنگە وابزانیّ ئەمەویّ پارەی سفرەکەمی لێوەربگرم. ئەریّ ئاشنا، وای لێک نادەیتەوە؟!

ستار دوا پارووی قووتدا، لچ و لێوی سڕیەوە و بە بزەیەکی نەرم وتی:

ـ بیهێنە مامە گیان. حەسێب و حەسێبکاری کاری بازرگانەکانە، نەک ئێمە و ئێوە. گیوەکەتم بەریّ. لەبری چای پاش ژەمە حەسێبی ئەکەم. ئا دایە؟

بڵقیس وتی:

ـ ئاوم ناوەتە سەر، برام گیان. تۆ بەرگی دۆعاش دروست ئەکەی؟

ـ بۆ دروستی ناکەم!

ـ کە وا بوو دانەیەکم بۆ بدوورە. ئەمەویّ. بۆ بووکەکەم ئەوێ. بووکەکەم دووگیانە. ئەمەویّ چاوەزار بکەمە ملی.

ستار ئەیتوانی لەوەبگات کە دایکی بنەماڵە چاوەزاری بۆچی

ئەوێ. بەڵام نەی ئەزانی ئەو شتانەی کە بڵقیس دایناوە بیخاتە ناو بەرگە دۆعاکە چیە؟

بڵقیسیش نەئەبوایە پێی بڵێ جگە لەو دۆعای چاوەزارەی لە دەروێشێکی وەرگرتبوو، ئەیەوێ ئێسکی مۆغەرەی پشتی کوندەببوو و تووکی پڵینگ و پێستی وشککراوی کەمتیاریش بخاتە ناوی و بیبەستێ بە قۆڵی مارالەوە. پارێز لە چاوی پیس.

ستار، دامودەزگاکەی کردەوە و تەختەی کارەکەی لە عەرز دانا. مووسا گیوەکەی کەلمیشی هێنا و دای بە ستار. ستار دڕاویی پاژنەی گیوەکەی تەڕکرد و کەوتە گشت کردنەوەی گشتەک. بڵقیس چوو چا بهێنێ. چا ئامادە بوو. ئەو کترییەی لە بوونی گوڵمحەمەد و خانئاپۆدا خرابوویە سەر. بڵقیس کترییەکەی هەڵگرت و هێنای.

ستار، خەریکی دوورینەوە بوو. پشتی چەماندبۆوە. چاو و دەستی خەریکی کۆک و درەوش و دەزوو بوو. مووساش، پسپۆڕی کار، سەرنجی دابوویە چالاکی و نەرمی پەنجەکانی ستار. بڵقیس چای تێکرد. زیوەر هات، کیسەی خەنەکەی لە ناو وردەواڵەکاندا دۆزییەوە و بردی. خەنە ئەبوا بکرێتە ئاو. تاوێکیتر، پرچی مارال، دەستی مارال، قاچی مارال لە خەنە ئەگیرا. خەنەبەندان!

مووسا، سەری قسەکەی کردەوە: دەرباز بوونی پەز، لە ساڵی مەرگ و قات و قڕی.

کەلمیشی وتی:

ـ هەموویان نەمردوون، هێشتا چوار سەرێک ماون سەبراو ئەیان لەوڕێنێ. ڕەنگۆڵەی ڕان کوێر نەبوویەوە.

مووسا، هاوزمانی خەڵک بوو. لە ناویاندا گەورەببوو. ستار، بەڵام وانەبوو. ئەو، شێواز و زاراوەیەکی تری هەبوو. لەو کاتەوە کە ستار پێی نابوویە ئەم مەڵبەندە هەوڵی ئەدا، زاراوەی شکاوی ناوچەکە فێرببێ، بەڵکوو بتوانێ زیاتر لێیان نزیک ببێتەوە. بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو. زاراوەی زبر و پڕ لە گرێی ئەو، بەمزووانە

نە ئەگۆڕدرا. بۆیە، لە کاتی گوتن‌دا لەنگ ئەبوو. جاری وا هەبوو زمانی ئەجووڕا و دائەما. شەرم دای ئەگرت. سەرەڕای ئەمەش، هەڵپەی نەئەکرد. خۆی هەمیشە ئەیوت:

«جووجکە تا پێنەگا، توێکڵی هێلکەکەی ناشکێنێ.»

دژوار نەبوو. مەبەستیش، بەس ئەمە نەبوو، چ خەیاڵێک؟ خەڵکی ئێمە لە هەر مەڵبەندێک، بە شێوازێک قسەئەکەن. ئەوان، یەکپارچە بوونیان نە بەزاراوە، بەڵکوو بە کاریانە، ستاری پینەچی بیری ئەکردەوە:

«یەک نەگرتوویی خەڵکانی ناوچە جۆراو جۆرەکانی ئەم خاکە، تەنها یەک دوو گیروگرفتی بە دواوە نەبووە!»

جا، بە ڕاستیش بڕوای وابوو کە خاڵێکی یەکگرتنەوە ئەبێ بدۆزرێتەوە. خاڵێک کە هەموو بە ناچاریی لێیدا و تێیدا هاوبەش بن: ڕەنج. ستار هێشتا نەیتوانیبوو هیچی لێ زیاد بکات. کۆمەڵانی بەرفراوانی خەڵک، لە پانتایی ئەم سەر زەمینەدا، ڕەنجیان ئەکێشا. هەر تیرە و گروپێک بە شێوەیەک. تیا ئەمایەوە: پێناسەی ڕەنج. ئەو کارەی کە ستاریش پێی تەیار ببوو. کارێکی زۆر دژوار و بە ڕواڵەت ئاسان. دژوار لە گەوهەردا، هەم لە بەیان‌دا. ئەمە، با لە هەمبانە کردن نییە. سەردەستەکان، ئەوانەی کە زیاتر لەگەڵ وشە و کاغەز سەر و کاریان هەیە، ڕەنگە نەیان ئەویست دەست بدەنە هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینە. هەل و دەرفەتی ئەوەیان نەبوو، ڕەنگە! بۆیە، زیاتر گیرۆدەی ڕووکار بوون تا تێگەیشتن لە ناخی ڕیشە. ئەیانویست ڕیشە بە لقەکەی بجووڵێنن. بە ڕاوەژوو! ئەمە، ئاسانتر خۆیای ئەکرد: وەکوو خەنیمەکانیان. سەرە داوەکان بە دەستەوە بگرە و لە نووکی قەندیلەکە دابنیشە!

«خەڵکی بەڵام خۆ لەیستۆک نین. ئەگەر لەیستۆک بن، ئەوا خەڵک نین. خۆ شانۆی قەرەقۆش نییە!»

ستار وای بیر ئەکردەوە.

ـ ئاشناکەی من گوڵمحەمەد چۆنە؟

لە وەڵامدا، کەلمیشی سەرێکی ڕاوەشاند:

ـ باشە، باشە!

مووسا وتی:

ـ سەردەمایەک پێکەوە لە چەمی درێژ وشترمان ئەلەوەڕاند، ئەو گەنج بوو من کورێژگەیەک. دەمێ ساڵە. ئێستە چی‌ئەکات، مامە کەلمیشی؟

ـ زستان هێزمی ئەکێشا، ئێستەش... وردە وردە ئەبێ بێتەوە بۆ لای چوار مەڕەکەی. کاری ئێمەی دەشتەکی جگە لەمانە چی‌ترە؟ دەی، تۆ بڵێ! خاڵە مەندەلووم جارێک بینی. ئەیوت ئەیەوێ ژنت بۆ بخوازێ. ڕازی بووی یان نا؟

کار تەواو! ستار، بۆ دواجار گیوەکەی سەیر کرد و دایەوە بە کەلمیشی.

کەلمیشی، تای گیوەکەی بە بەرچاوییەوە ڕاگرت، سەر و بنی سەیر کردو پێکەنینێکی قەڵەو بن گۆناکانی چاڵ کرد، لێوەکانی خۆی لستەوە و وتی:

ـ چ دەست و نەخشێک! بژیت. هیوام بەخوا کاتێک گوزەرت بکەوێتە ئەم ناوە کە بتوانم بەرخێکت بۆ بکەم بە کەباب.

ستار، پیاڵەی چاکەی ڕاکێشایە بەردەمی و وتی:

ـ ئێستە نۆرەی بەرگە دۆعای دایەیە. بە خۆشیەوە چەرمی نەرم و تازەشم لە لایە. با بزانم. حەز ئەکەم بەرگە نووشتەیەکی تایبەتیت بۆ چاک بکەم وەکوو یادگار لەلاتان بمێنێتەوە.

کەلمیشی وتی:

ـ هەر ئەوە! مرۆڤ چی لێ ئەمێنێتەوە؟

ـ هیچ، هیچ! مەگەر کارەکەی.

ـ دەمت خۆش بێ.

ـ من واتێگەیشتووم مرۆڤ ئەگەر کار نەکات، مردووە!

ـ دائەڕزێ براگیان. لە قسەت تێ ئەگەم. ئینسان بۆ کار

خوڵقاوە. ستار سەیری مووسای کرد:
«هاو زمانێکمان دۆزییەوە!»
کەلمیشی، دریژەی‌دا:
ـ تەمەنم بە شەست نەگەیشتووە، بەڵام پەنجا و چەند ساڵی کارم کردووە. ئێستەش ناتوانم بۆ تاوێک بێکار دابنیشم. وەڕەز ئەبم. ئوقرەم لە بەر ئەبڕێ. کاتی بێکاری وەکوو ژنەکان تەشی ئەڕێسم یان شاڵ و کڵاو و گۆرەوی ئەچنم!
ستار بە ڕاست و بە گاڵتە وتی:
ـ زستانی ئەمساڵ ئەوا تەواو بوو، بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو، ئەگەر دەستت گەیشت جووتێک گۆرەویم...
بلْقیس وتی:
ـ خۆم بۆت ئەچنم. یادگاری. بەڵێن بێ.
خۆشیەکی ئاوێتەی غەم، لە دەروونی پیاوی غەوارەدا تەشەنەی سەند:
«دایک! دایک چ بەهرەیەکی خۆشەویستە!»
سەرەڕای ئەوەش نەیهێشت ڕەنج لە چاوەکانی‌دا تاو بداتەوە. گەرمای ڕەنجی لە پەنای نیگای خۆی‌دا قەتیس کرد: نابێ بلێسە بکێشێ. بلا کەڵەکە ببێ.
مووسا وتی:
ـ من مەرگی دایکی خومم نایەتەوە بیر. بەڵام دایکێتی بلْقیس... ڕووم نییە لەبەردەم خۆی‌دا پێی‌دا هەڵبلێم...
ـ هاتن! لەشکر هات!
زیوەر بوو، بە ترسەوە ئەیقیژاند و بەرەو ڕەشماڵی کەلمیشی ڕای‌ئەکرد. خەنەی دەستەکانی هێشتا وشکەوە نەببوو. بۆیەش بوو دەستەکانی بە دوور لە باڵی کراس و سەرپۆشەکەی ڕاگرتبوو و لای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکە، بە خۆفەوە سەیری جەندەرمەکانی ئەکرد کە ئەهاتن.
لەشکر! بە پۆلێک، بە دەستەیەکی چەند کەسیشیان

ئەوت: لەشکر. وا فێر ببوون.

بڵقیس، کەلمیشی و پاشان مووسا هەڵسان و لای شانی زیوەر بەرامبەر بە سوارەکان وەستان کە ئەهاتن. سوارەکان بڵاو نەبوون، بەڵکوو ڕێک و بە ڕیز ئەهاتن. یەک لە بەرەوەو ئەوانیتر بە دوایدا. تەپوو تۆزێکی نە بە باڵا و نە زۆر چڕ، لە بن سمی ئەسپەکان بەرز ئەبوویەوە و ئەنیشتەوە سەر ڕێگاکە. بریسکانەوەی لوولەی پۆڵاینی تفەنگ و، درەوشانەوەی ڕەخت و فیشەکدان و بەرگی خاکی سوارەکان، تاو بە تاو ئاشکراتر ئەبوو. نزیکتر کە ئەبوونەوە ژماردنیان ئاسانتر ئەبوو: پێنج جەندەرمە. بە سواری پێنج ئەسپ. ئەهاتن و بە تۆکمەیی ئەهاتن. هاتن لەغاویان ڕاکێشا و وەستان. سینەیان دەرپەڕاندبوو، خۆیان گیف کردبوویەوە، دفرەیان لە چاویاندا ئەنواندەوە. بە بێ سڵاو و چاک و چۆنی. ڕووترشاو و ناوچاوگرژ، زمان تاڵ و ڕەق:

ـ ئیرەیە، ئەرێ؟ ڕەشماڵی گوڵمحەمەد، ئێرەیە؟ گوڵمحەمەد! کامتان گوڵمحەمەدە؟

سەردەستە، ئوستوار بوو و وشەی لە نیگای ئەم و ئەو ئەگرت. دەمووچاو ڕەقەڵە و ڕەشتاڵە. سمێڵی باریک و چاوی بە قووڵا چوو. سەر برۆی چەپ، دوو تاڵی سپی. تەمەنی لە چل بەرەو سەر.

کەلمیشی، پێی نایە پێشەوە؛ بە ئارامی چووە پێشەوە، لە بەردەمی ئەسپی ناوچاو بەڵەکدا ڕاست وەستا و پاش سڵام وتی:

ـ گوڵمحەمەد؟! هەه! ئەو هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی ناوی لە سەر ڕەوەندی ئێمە بێ، خان نایب. من باوکی گوڵمحەمەدم. ئەم ڕەوەندە بەناوی منەوە ئەناسرێ. من خۆ هێشتا نەمردووم! بۆ دانابەزن. بە خێر هاتن. چا ئامادەیە.

ـ چامان خواردووە. پیاوەکانی تری ئەم ڕەوەندە لە کوێن؟

ـ وان لە دەشت، خان نایب، دەشت.

ـ سەرجەم چەن کەسن؟

ــ شەش پیاو و چوار ژن.
ــ پیاوەکان لە کوێن؟
ــ دەشت. لە سەر کار، خۆ پێم وتی. براکەم و زاواکەی و یەکێک لە کورەکانم وان لە دەشت. کوڕێکم وا لە مەشهەد. یەکیش لە تالاوا وشترەوانە. خۆیشم ئەوا لێرەم...
ــ شەشەمین کوانێ؟
ــ کام شەشەمین، خان؟ کوڕە گەورەکەم؟ وتم ئەو لە مەشهەدە.
ــ لە مەشهەد چی ئەکا؟
ــ لە مەشهەد... لە حەپسە، خان نایب! پاش جەژن ڕەنگە ڕێگەی بدەن بیتەوە بۆلامان، ئیشەڵڵا. ڕەنگە هێنابێتشیان بۆ زیندانی سەبزەوار.
ــ لەسەر چی گیراوە؟
ــ لەسەر قڕەی پەز. خان نایب.
ــ ئەمانە چکارەن؟
کەلمیشی، چەپی شانی، سەیری مووسای کرد و وتی:
ــ ئاشنا. مووسا کوڕی ئاشناکەمانە. میوانە. هاتووە و ئەڕواو... ئەوی تریشیان کە... خۆت چاوت لێیە کارەکەی لە سەر ڕانیەتی. پینەچیە و گەڕۆکە. ئەو بۆ بووکەکەمان بەرگە نوشتە دروست ئەکات.
ستار، لە لای دەرگاکەوە، سەرێکی بە سڵاو لەقاند. سەرکار لە ئەسپەکەی دابەزی و بە نێوان شانی وەستاوەکاندا، بەرەو ستار چوو و لە سەر سەری وەستا. ستار خەریکی کاری خۆی بوو و وەکوو هەموو پیشەگەرێک لە بن نیگای خەڵکیتردا خێرایی کارەکەی زیاتر ئەکا، ئەویش وایکرد. نەک بۆ پیشاندانی شارەزایی. نەء! ئەمە خووی هەموو وەستاکارێکە، کە لەژێر نیگای بێگانەدا، تیژبینی و توانا و وردبینیەکی زیاتر پەیدا ئەکات و خۆبەخۆ هەوڵ ئەدا بینەر بکا بە هۆگری کارەکەی خۆی.

ستار ئەیتوانی سەر هەڵێنێ و لەگەڵ سەرکار عەلی ئەشکین، کەباش ئەیناسی، بکەوێتە گفتوگۆ. بەڵام لە کاتی کارکردندا، حەزی دەروون ئەگەر مرۆڤ بۆ وتوویژ لەگەڵ خەنیمەکەی ڕانەکێشێ، حەزی دەسڕەنگینی لە ناخیدا بڵێسە ئەسێنێ. وەک بڵێی ململانێیەکی نهێنی لەنێوان کار و وەستادا هەیە. ململانێیەکی شاراوە و هەمیشەیی. کار لە دەستی ڕائەکا و هەوڵ ئەدا بە سەریدا زاڵ ببێ. کار وشکی پیشان ئەدا و پیشەگەر ئەیەوێ نەرمی بکات. بۆیە، ئەم کێشەیە، هەمیشە ڕەوان و بەردەوامە. کار لە ئاقارێک و وەستا لە ئاقارێک. کار ڕەم ئەکا و کارا کۆڵدانی ئەوێ. زاڵبوون. هەڵقوڵێنێ سات و ململانێ. کێشەیەک کە هەموو بینەرێک لە ناخی خۆیدا، حەز بە سەرکەوتنی دەستەکان ئەکات. ئەو بینەرە ئەگەر سەرکار عەلی ئەشکینیش بێ و ئەو وەستایەش، ستاری پینەچی!

ـ زۆر وەستایانە تەقەڵی لێئەدەی! لە شوێنی تریش تۆم دیوە. لە کوێ؟

ـ زاڵگە، سەرکار. زاڵگەی حەسەنئاوا. جووتێک پۆستاڵم بۆ هێنابووی. پارەکە بوو.

ـ لە بیرمە. بەرتەنگی ئەسپەکەشت بۆ چاک کردمەوە. بەڵام پەلەی ڕۆیشتنت بوو!

ـ تکایە سەرکار. من قەت لە کارەکەم نادزم.

ـ لێرە چی ئەکەی؟

ستار، بنی دەزووەکەی بە ددان گرێدا، سەری بەرزکردەوە و بە پێکەنینەوە وتی:

ـ لەوێ، لە زاڵگەی ئێوە چیم ئەکرد، سەرکار؟ کاری مرۆڤی گەرۆک چیە؟ ئەمەیە ئیتر!

ـ دەی، تۆ کە بە گوتەی خۆت لە هەموو لایەک ئەگەڕێی، ئەبێ بزانی ئێمە بە دوای چیدا ئەگەڕێین؟! دوو هاوکارمان، زستانی ئەمساڵ، لە بەفرە زۆرەکەدا هاتن بۆ ئەم ناوە. من ڕەوەند بە

ڕەوەند، چەپەر بە چەپەر تا ئێرە شوێنم هەڵگرتوون. ئێوارە درەنگێک لە ڕەوەندی مەلا میعراجەوە بەرەو ئێرە هاتوون. لە نێوانی ئەوێ و ئێرەدا، ون بوون! سەرەونگوم کراون. ئەگەر لە ناو بەفر و سەهۆڵدا تیابچوایەتن، ئەبوا کەلاکەکانیان بدۆزینەوە. ئەگەر گورگ خواردبنی، ئێسکەکانیان یەکێک ئەیبینی، زین و ڕەختی ئەسپەکانیان لە شوینیک ئەدۆزرایەوە. ئەگەر لە قووڵکە کەوتبان، پاش بەفر تواندنەوە، بۆنی کەلاکەکانیان، بیابانی دائەگەرت و قەل و داڵ لە سەر سەریان ئەکەوتنە فڕین. چیتر بڵێم؟ ئەگەر چووبێتن بۆ ئاسمانیش، لە شوێنێ ئەبێ هەر بکەونە خوارەوە! چاڵیش ئەگەر کرابان، چەقەڵێک، ڕێوییەک دەرەلنگی یەکیانی هەر ڕائەکێشا. بەڵام من دڵنیام هیچکام لەمانە نەبووە. ئەوانە کوژراون و سەرەونگوم کراون. تفەنگ و ئەسپەکانیان بۆتە مایەی سەریان. ئەمە، بۆ ئێمە مسۆگەرە. ئێستە... ئێستەش ئەمەوێ سەبارەت بەم بابەتە، لە هەر کوێ هەر هەواڵێکت بیستوە بۆمی بگێڕییەوە!

ستار هەڵساو چوو بۆ لای بڵقیس. بەرگە نووشتەکەی دا بە دەستیەوە و وتی:

ــ بەفرە گەورەکە ئەفەرمووی؟ لە بیرمە. من ڕۆژانی بەفر لە شار بووم. لە شاری سەبزەوار. خۆ شێت نیم لەو ڕۆژ و هەوایەدا بۆ سێ شایی خۆم لە بیاباندا ئاوارە بکەم! منیش گیانی خۆم خۆش ئەوێ، سەرکار. من جووتیار و کوڕی بیابان نیم، بەڵام ئەوە ئەزانم کاتێک کە بەفرێکی قورس ئەکەوێتەوە، شوانەکان مەڕ ئەبەن بۆ چەپەر و سەرپەنا و گورگی برسی دەستە دەستە بە بیاباندا بڵاو ئەبنەوە و چی گیانداریکیان دەسکەوێ هەڵی ئەدڕن و ئەیخۆن؛ پاشماوەکەشی ئەدەن بە شانیاندا و خوا ئەزانێ بۆ کوێی ئەبەن! خوا خۆی وتوویەتی لەو جۆرە ڕۆژانەدا مرۆڤ بۆ پارووە نانێک نابێ گیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە! خەنجەری بەرکەوێ ئەم ورگە!

سەرکار ئەشکین، شانی دا بە شانی ئەسپەکەیەوە و لە ستار ورد بوویەوە:

ـ پاشان چی؟ ئیتر چیت بیستووە؟

ـ پاشانیش... لە چاخانەیک بیستم کە شوانێک سەری کچی ئاغەکەی بڕیوە. هەر ئەوەندە!

ـ چاوەکانت زۆر زەقن، پینەچی! تاکو زمانتم لە گەرووت نەهێناوەتە دەرەوە ڕاستەکەیم پێ بڵێ!

ـ بە شەرەفم سوێند ئەخۆم ڕاستەکەی هەر ئەوەندە بوو کە پێم وتن. بەڵام شتێکیتر... پێت وانییە هاوکارەکانی ئێوە ئەسپەکانیان هەڵگرتبێ و ڕۆیشتبێتن بۆ لای تایباد و تێکەڵی قاچاخ فرۆشە ئەفغانیەکان بووبێتن؟! بیستم پارەکەش یەکیان چووە بۆ ئەوێ!

ـ شیرین زمانیش ئەکەی؟!... بڵێ بزانم، ژن و منداڵەکەت لە کوێیە؟

ـ نیمە، سەرکار ئەشکین!

ـ باوک و دایکت؟

ـ ئەوانیش... تەمەنی درێژیان بۆ جەنابت جێ هێشتووە.

ـ کەسوکار؟

ـ کەسم نییە.

ـ خەڵکی ئەم ناوچەیەش نیت؟

ـ نەخێر!

ـ دیارە... کە وابێ... یەکێک لەوانەی کە لەم ناوچەیەدا بەرەڵڵا کراون و... خەریکن، نەقیزە ئەدەن لە جووتیارەکان و ئەیانهەژێنن؟! نوێنەرەکانتان لە پەرلەمان، زۆر شەکەر ئەخۆن! قەیناکە، جارێ باڵتان با کراوە بێ. بەڵام ڕۆژێک دێ باڵتان بکەین! تۆ، پینەچی چاوەکانت زۆر دادڕاوە. ئەو یەکەمجارەی کە بینیتم، زانیم چ جۆرە بنیادەمێکی. ناوی من لە کوێوە ئەزانی؟

ـ لەم مەڵبەندە کەس هەیە سەرکار ئەشکین نەناسێ؟

ئەگەر یەکێک هەبێ سەرکار عەلی ئەشکین نەناسێ، ئەبێ بەرد باران بکرێ!

ــ زمانیشت زۆر چەور و نەرمە. زمانە، ئیتر، خۆ زەل نییە! وەکوو مار بە هەموو لایەکدا بای ئەدەی. خەڵکی وەکوو تۆ لەمکارەدا زۆر شارەزان.

ــ سەرکار ئەشکین، ئازایەتی تۆ ناوتی خستۆتە سەر زمان. خەڵکی لە بیریان ناچێتەوە کە عەلی ئەشکین، یەکێک بوو لەو تیپەی، دەستی جیهەن خان، بەلووچی سەرحەدی لە سەر کورتکردنەوە! کێ بە خەیاڵیدا ئەهات جیهەن خانی سەرحەدی چەک دابنێ و ببێ بە پیاوی حکوومەت؟

ــ ئاگات لە هەموو ڕووداوەکانی ئەم ناوە هەیە، بەس هەواڵی سەرەونگووم کردنی دوو هاوکارەکەی ئێمەت نەبیستووە!

ــ جیهەن خانی سەرحەدی زاڵم بوو، سەرکار ئەشکین. ئەو لەو یاخیانە بوو کە خوێنی خەڵکی کردبوویە شووشەوە!

ــ ئەو بەلووچە شاخدارە، ئەوەتانێ خەریکە پاساوی زوڵمەکانی بۆ حکوومەت قەرەبوو ئەکاتەوە.

ــ ئەوە ڕاستە سەرکار، بەڵام ئەو زۆر خوێنمژ بوو.

ــ تۆ یاخیت پێ شک دێ خوێنمژ نەبێ وا ئەوەندە قسە ئەکەی؟! چەندە لە خوێنی تۆی مژیبوو؟... تۆ، پیرەمێرد! وەرە بەرەوە.

کەلمیشی، چووە پێشەوە و وەستا. سەرکار عەلی ئەشکین پرسی:

ــ بڵێ بزانم، ئەوان چ کاتی شەو گەیشتنە ئێرە؟

ــ کێ ئەڵێی؟ خان نایب؟

ــ ئەوەندە بە من مەڵێ خان نایب! من ئوستوارم. ئوستوار عەلی ئەشکین. بە کورەکەشت بڵێ! من هاتووم تەرمی هاوکارەکانم لە ژێر خاکی ڕەشماڵەکانی ئێوە بهێنمە دەرەوە و بیبەمەوە. ئەوان لێرە لە ناو براون. نیشانەکان وا ئەڵێن. وەڵام

بەرەوە. دیسانەوەش ئەتەوێ لێوەکانت قفڵ بکەیت و وەکوو کوند سەیرم بکەی؟ یان ئەتەوێ زمانت بکەیتەوە و قسە بکەیت؟

کەلمیشی وتی:

ــ من و کوڕەکانم نایب خان، لە ڕەوەند نەبووین تا کەسمان بینیبێ. ئێمە لە دارکردن بووین بە سەری خۆت. ژنەکانیشمان... بڵێم چی! لە عەقڵا نییە ئەوان دوو پیاوی حوکمەتیان تیا بردبێ؟!

سەرکار عەلی ئەشکین، کڵاوەکەی لە ناو چاوی بەرزکردەوە، ئارەقەی بەر تەوێڵی سڕی و داوای ئاوی کرد. بڵقیس، زەرکێکی پڕ لە ئاوی بۆ هێنا.

عەلی ئەشکین ئاوەکەی خواردەوە و زەرکەکەی دایەوە. بڵقیس ویستی بڕوات؛ بەڵام عەلی ئەشکین ڕایگرت:

ــ دوو تفەنگی برنەوی ئەڵمانی و دوو ئەسپ، یەکیان شیری و ئەوی کەیان بەڵەک. دوو سەرە نێزە، دوو فیشەکدان، دوو جووت پۆستاڵ، دوو قایشی پشت، دوو کڵاو و دوو دەست بەرگی سەربازی. دوو توربێن و دوو سەرجلی ئەسپ؛ ئەمانەمان ئەوێتەوە. لە کوێن؟ تۆ پیرێژن، ئەبێ پێم بڵێی ئەو شتانە لە کوێن؟

بڵقیس بە بێ قسە، سەری لەقاند. سەرکار عەلی ئەشکین هەنگاوێک بەرەورووی چوو و نەڕاندی:

ــ زمانیان بڕیوی؟! خەریکم قسەت لەگەڵ ئەکەم! ئەو شەوەی کە بەرپرسی دارایی، ڕەقەڵاتوو لە بەردەمی خێوەتەکانی ئێوەدا درا بە عەرزا، کێ ئەوی بردە ژوورەوە؟ کێ جێگەی بۆ ڕاخست و داپۆشا؟

بڵقیس، بێدەنگ بوو. سەرکار عەلی ئەشکین دەستی برد بۆ ڕووبەندەکەی بڵقیس -کە وەکوو ژنانی خێڵاتی خۆراسان- بەردەم و لووتی خۆی تا بن چاوی دا پۆشابوو، بە تەکانێک دای ماڵی:

ــ زمانت لە بن ئەم ڕووبەندەدا بەستۆتەوە؟!

بڵقیس خەریک بوو بە چۆکدا بێ، بەڵام خۆی ڕاگرت و بە

بێ ئەوەی خۆی بدۆڕێنێ، بە ئارامی ڕووبەندەکەی لە بەر پێی جەندەرمەکە هەڵگرتەوە، ڕووی خۆی پێ داپۆشا و وتی:

ــ تۆ خۆت دایکت نەبوو؟!

سەرکار عەلی ئەشکین، دەستی هەڵێنا گوایە شەپلاخە لە بلقیس بدات، بەلام وەک بلێی نەی وێرا. جەربەزەی بە حەواوە با بردی، دەستی داخستەوە و فەرمانی دا:

ــ بگەڕێن! هەموو شوێنێک بگەڕێن!

جەندەرمەکان، لە ئەسپ دابەزین و لە ناو خێوەتەکاندا ون بوون. جەندەرمە هەڵیانکۆڵی، پرژاندیان. گەڕان. نەیاندۆزینەوە. گەڕانەوە، وەستان و گوتیان:

ــ بەس دوو ژن لە ناو ئەو ڕەشماڵەیە، سەرکار ئەشکین. خەنەیان گرتووە، سەرکار. یەکیان تاوێک بەر لەمە لێرە وەستابوو.

ــ ژنەکانی گوڵمحەمەدن، سەرکار!

ــ ناویان چییە؟

ــ زیوەر و مارالْ، سەرکار ئەشکین.

سەرکار ئەشکین پرسیاری کرد:

ــ نیشانەیەک؟

ــ هیچ، سەرکار!

ــ ژنەکان بهێننە دەرەوە!

هێنایانن. مارالْ و زیوەر. دەست و سەر و پێ لە خەنەدا. شەرم و غەم بە ناوچاو و نیگایانەوە.

لە بەردەم عەلی ئەشکین وەستان.

عەلی ئەشکین پرسی:

ــ مێردەکەتان لە کوێیە!

ــ بیابان!

ــ لە کوێی ئەم بیابانە؟

ــ بیابان... بیابان.

ــ بۆ لە بیابانە؟ بۆ چ کارێک؟ ئەی ئەم ئەسپ و وشترەی

بۆ نەبردووە؟

ــ ران، ئەسپ و وشتری بۆ چیە؟

سەرکار عەلی ئەشکین، لە بەر خۆیەوە هەندێ وشەی کاوێژ کرد:

ــ ژنەکانی... گوڵمحەمەد، ها؟

دەسبەجێ وەرگەڕا و سینەی نا بە سینەی کەلمیشیەوە، یەخەی پیرەپیاوی گرت، ڕایکێشا و نەڕاندی:

ــ ئا لێرە هاوکارەکانی من کوژراون! وەکوو ڕۆژ ئەوەم لەلا ڕوونە. بە کوڕە گەوادەکەت بڵێ هەر ئەیگرم! پێی بڵێ چاوەڕوانی من بێ. پێی بڵێ چاوەڕێی ئوستوار عەلی ئەشکین بێ! ناوی من بدە بە گوێیدا! ئوستوار عەلی ئەشکین. پێی بڵێ هەتا ئەمڕۆ ماری بیابان نەیتوانیوە لە بن سمی ئەسپی عەلی ئەشکین خۆی دەرباز بکات. قەل بە حەواوە ناڵ ئەکەم، من. پێی بڵێ ئاسوودە نەبێ گوایە خۆی ون کردووە. ئەیدۆزمەوە. جا، پیرەمێرد! بەرلەوەی ئەو ڕیشەت تاڵە تاڵە هەڵبکێشم، جوان بیری لێ بکەرەوە و دەستی کوڕەکەت بگرە و بیهێنە بۆ زاڵگە. گوێت لێیە؟!

کەلمیشی نەبزوا. سەرکار ئەشکین سەیری بڵقیسی کرد و وتی:

ــ تۆیش، پیرێژن!

بڵقیسیش لە سەر جێی خۆی وشک ببوو. سەرکار ئەشکین سەیری ژنەکانی کرد:

ــ لەگەڵ ئێوەشمە!

ژنەکانیش خامۆش بوون. سەرکار ئەشکین سەیری مووسای کرد. مووسا لە بن نیگای عەلی ئەشکیندا خۆی پێ ڕانەگیرا. ویستی قسەیەک بکات. بەڵام درەنگ ببوو. بێدەنگی عەلی ئەشکینی تووڕە کردبوو و خەریک بوو ئەتەقا. ئەبوا ڕقی خۆی بە سەر یەکێکدا برژێنێ. کەلمیشی! قایشی دەسکەوساری ئەسپەکەی ئەشکین، ڕوخساری کەلمیشی تۆزاندەوە:

ــ ئەڕۆین!

جەندەرمەکان سوار بوونەوە. ژنەکان لە کەلمیشی خڕبوونەوە. کەلمیشی چۆکی لە سەر خاکەکە هەڵێنا. ستار، قۆڵی مووسای گرت، تۆز و خۆڵ لە خاکی پاشەڵی سوارەکان بەرزبوویەوە.

ستار و مووسا بەرەو کەلمیشی و ژنەکان چوون:

ــ ئەم گوڵمحەمەدە چۆن پیاوێکە؟

مووسا لە وەڵامی هاوڕێکەیدا وتی:

ــ کوڕی ناوەنجی کەلمیشیە.

کەلمیشی، ژنەکان بردیانە ژوورەوە و دایاننا. پیرەمێرد خاک لە چاویا بوو. خامۆش وەک خاک، لە سەر خاک دانیشت. چەپی گۆنای و لاجانگی مۆر هەڵگەڕابوو. هیچکەس، هیچی نەئەوت. هیچکەس، هیچی نەبوو بیڵێ. ژنەکان. وەکوو مریشک سەریان کردبوو بەبن باڵی خۆیان دا و لە سووچێکا کڕببوون. خامۆشی، خنکێنەر بوو. نامۆ و قورس و خەفەخان بوو. مووسا هەستی ئەکرد ملی ئەگووشن. ستار، سەیری ئەکرد. ستاریش نەی ئەتوانی کلیلی ئەم خامۆشیە بگرێ بە دەستیەوە. شتێکی وەکوو خۆڵەمێش، بە حەواوە بوو. شتێکی وەکوو دووکەڵ. چی تێدا بوو، ئەم بێدەنگیە؟ خەیاڵ، هەندێ جار تا کوێ ئەفڕێ. بەچی ئەڕوا؟ لە چی تێپەر ئەبێ؟

«هەر کام لەم مرۆڤانە، سەبارەت بەوەی ڕووی داوە، چۆن بیر ئەکاتەوە و لە خەیاڵی خۆیدا چ کاردانەوەیەکی هەیە؟»

نەء! نەی ئەتوانی وەڵامێک وەربگرێ. ترسی ئەوە هەیە کە ئارەزووی تۆ، خەیاڵی تۆ، شتێک لەوەی هەیە یان ئەتوانێ هەبێ، زیاد بکات. بەڵام، وەڵام نییە. وەڵامێکی ڕوون نییە.

ستار هەستی کرد هەبوونی، بوونیان بارێکی قورسە بە سەریانەوە. ڕۆیشتن ڕەوا بوو. بەڵام چۆن، ڕۆیشتن؟ وەکوو بەردی بن گۆم، لە ناو زیخ و لمدا چەقیوون، چۆن هەڵبێن؟

لە قوڕ چەقیبوون، چۆن ڕابوایەتن؟ ئەبوا چی بڵێن؛ کاتی ڕۆیشتن؟ شتێکیان ئەبوو بوتایەت؟ چی؟ بۆ چی؟ بۆ دڵدانەوە؟ نەء! هەڵدانەوەی برینە. نەء! دەربڕینی شەرمەزاری خۆیان لە بەر ئەوەی یەکێکیتر سووکایەتی پێکراوە؟ مەگەر ئەمەیان! با خەڵکیماڵەکە وانەزانن ئەوەی بە سەر ئەوان هاتووە، گرنگی پێ نەدراوە. جۆرێک هاودەردی دربڕین لە پەردەی شەرمدا. شەرمەزاریی لە بری یەکی دی و بۆ یەکێکی دی. بەڵام، نا. ستار ئەمەی نە ئەویست، هەرچەندە مووسا لە تەوقێکی وەهادا گیری کردبوو. بەڵام ستار، نا! هاودەردی شەرمنانە، بەس خۆ دەربازکردن بوو. ڕێگەی خۆ پەڕاندنەوە بوو. بەڵام ستار تەنها ئەمەی نەئەویست. سەیری مووسای کرد. جەوان، لە خۆیدا نەئەگونجا. گوشاری بۆ هاتبوو. گەرمایەکی بە تەوژم لە بن پێڵووەکانیدا بوو. نەئەبوا ڕێگەی پێ بدا، بتەقێتەوە. سەر بەستراو، ئەبوا لەو گێژەنە بیپەڕێنێتەوە. جەوانی، پێشبینی هەڵناگرێ!

هەڵسان. مووسا پەتی توربێنیەکەی خستە شانی و ستار کۆڵەکەیدا بە کۆڵیدا. تەختەی کار و سندانەکەشی گرت بە دەستیەوە و لە ناو دەرگای ڕەشماڵەکە، ئامادەی ڕۆیشتن بوون. کەلمیشی سەیری کرد. بڵقیس بۆ بەڕێکردنی میوان هەڵسا. ماراڵ و زیوەر سەیریان کرد. مووسا، شەرم لە ڕوومەت و چاویدا، لووتی گیوەکەی هێنا بە عەرزەکەدا.

ستار ڕوانیە بڵقیس و وتی:

ـ دیسانەوەش ئەگەڕێمەوە. چی واتان هەیە بدوورێتەوە، بیخەرە لاوە. دێمەوە. خواحافیز!

ـ خواتان لەگەڵ، دایکەکەم!

بە «خواحافیز»ێک لە بەر خۆیەوە، مووساش کەوتە ڕێ. بەڵام هەستی کرد گوتەیەک لە گەرووی کەلمیشیدا قەتیس بووە. ڕەنگە ئەیویست بڵێ:

«سڵاوی باوکت بگەیەنە.»

ڕەنگیشە:

«شێرۆت ئەگەر بینی پێی بڵێ! »

بەڵام نەیوت و لێوی نە بزاوت.

ــ ئا، بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

مووسا سەری هەڵێنا و سەیری ستاری کرد

ــ چی؟!

ستار، پێکەنی:

ــ دنیا پڕە لەم شتانە؛ پڕ! ساڵێکی خۆش ئەبێ ئەمساڵ، پێت وانییە؟

ــ چۆن؟!

ــ پرسیارم کرد: تۆ کە خەڵکی بیابان بوویت، ئەم ساڵت چۆن دێتە بەرچاو؟

ــ ساڵ؟ ساڵ؟... ئا... باش. باش ئەبێ!

ــ خەریک بوو بە خۆمم ئەوت: ئێمە چەندە پیاو و بیابانمان هەیە، چەندە پیاو و بیابان! بەرەکەتی تێبکەوێ. فراوانی! بە خۆم ئەوت: بەم پیاوانە، لە دڵی ئەم بیابانەدا ئەکرێ زێڕ بەدی بهێنرێ. وانییە؟

ــ ئا... بەڵێ.

ــ تۆ هێشتاش لە بیری جەندەرمەکان و مامە کەلمیشی دایت؟

ــ ئا، لە بیری ئەو دام!

ــ لەم جۆرە ڕووداوانەت، ئەڵێی تا ئێستە نەدیووە؟

ــ چۆن... نەم دیوە. بەڵام... بەڵام... چەند مانگ لەمەوبەر کە سەرۆکی جەندەرمە هاتبوو بۆ ماڵی ئەربابەکەی من، لە کوڕی بابقولیم بیست وتبووی ئەیەوێ جەندەرمە ونبووەکان بدۆزێتەوە. وتبووی هەر چۆن بووە شوێنیان هەڵئەگرێ.

ستار، پاش ڕامانێکی درێژخایەن وتی:

ــ تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە؟ گوڵمحەمەد کاری وای لە دەست

دیٚ؟

مووسا سەری ڕاوەشاند و وتی:

ــ نازانم!

ــ تۆ لە ناو ئەم خەڵکەدا ژیاوی، ئەوانت پیٚ چۆنە؟

مووسا وتی:

ــ شارییەکان زۆر حەسێبی ئادەمیزادیان بۆ ناکەن. جووتیارە نان و ئاودارەکانیش هەر وەها.

ــ تۆ چی؟ تۆ ئەوانت چۆن ناسیووە؟

دەنگی پێیان لە سەرخاک و دڕکی بیاباندا، لە گوێیاندا ئەزرنگایەوە. مووسا لە بن قورسایی پرسیارەکەی ستاردا، بێدەنگ ما و چاوی بڕییە بیابان.

بیابان، لە پێش بوو. بیابانی مانگی نەورۆز. خاکی نەورۆز، خاکە لێوە. خاڵی تەرچک و تازە. باڵقبوونی مێرمنداڵێکی نەوڕەس. بۆ مرۆڤی دەشتەکی، مانگی نەورۆز دەروازی ئەو ساڵەیە لە بەریەتی، ئەگەر سەوز و ڕووگەش بیٚ، بزە ئەخاتە سەر لێو. ئەگەر ناوچاو گرژ و مڕوموچ بیٚ بزە وشک ئەکا و غەم لە سەر غەم ئەنیشیٚ. ڕەشی و گرژی زستان لە سەر دڵ لا ناچێت و ماندوێتی لە لەش دەرناچیٚ و ناسڕێتەوە. باری دڵ کۆنتر و قورستر ئەبیٚ. عەشق چرۆ ناکات، چونکە دڵی دەشتەکی لەگەڵ پشکووتنی بەهار ئەپشکویٚ و بەهار... پشکووتبوو. خاکی بەهار، شیرمایەیەکی لە ناخی گیانیدا هەبوو. لە بن قورسایی پێڵاوەکاندا ئەنیشت و ڕۆئەچوو. گۆنای خاک، گوڵی لیٚ ڕوابوو. دڕکی خاک، تاغ و گەون گوڵی دابوو. نە ئەوەندە زۆر، کە بیابان سەربە سەر بووبیٚ بە گوڵستان و بەرامەی گوڵ، بەڵام ناو بە ناو و پەڵە پەڵە. گیا ڕوابوو. پێستی زەوی ترەکابوو و گیا ددانگیری مەڕ و بزن، خاکەلێوە.

ستار وتی:

ــ خولیای بەرامەی خاکەکە بوویت، هاوڕیٚ؟

مووسا ڕووی وەرگێڕا و وتی:

ـ خێڵاتیەکان زۆر درەنگ متمانە بە غەریبە ئەکەن. میوانیان خۆش ئەوێ، بەڵام ڕازی خۆیان لە لای نادرکێنن. ڕازدارن. بەرامبەر بە خۆیان دەمارگرن. وریای پێچ و خەمی کاری خۆیانن. ژن و ئەسپ و ڕان، خۆشەویستی ئەوانن. بەڵام لەمانە ئازیزتر، بۆ هەموو برایەتیە. جاری وا هەبووە لە پێناوی وشەیەکدا سەریان داناوە. کاتی منالّی لەگەڵیان ئەچووم بۆ وشتر لەوەڕاندن و گەون کردن. هەندێ لە پیرەکانیشیان زۆر چاخان کەرن. پیرەمێردێکم لە بیرە ئەیوت لە سەر ڕانەکەی لەگەڵ ڕۆستەم و زۆراب شەڕی کردووە و یەکیانی کوشتووە یەکەمجار هەموو قسەکەیان پێ گاڵتە بوو. بەڵام پاشان دەرکەوت کە ڕاست بووە. ئەو دووانە ڕۆستەم و زۆرابی ڕاستەقینە نەبوون. بەڵکوو خۆیان بەو بیچم و شێوازە ئەڕازاندەوە و ئەچوون بۆ مەڕ دزین. سەربردەکە بەو شێوەیە بوو کە باوک و کوڕێک ئەدەن بە سەر کابرادا و شانی شەتەک ئەدەن و ڕانەکەی بڕئەدەن. بیرەمێرد کە ئەو کاتانە گەنج بووە ـبە گوتەی خۆیـ بەرەو ئیمام ڕەزا دائەنیشێ و ئەڵێ:

«یا ئیمام ڕەزا! شانەکانم بکەرەوە، شەکێکم نەزری تۆ بێ.»

ئەیگێڕاوە:

«یەکیان کەللەسەری دیوی سپی نابوو بە سەرییەوە، ڕیشی دوو فلیقانە بوو و شاقەلی کەوا و سەڵتەکەی کردبوو بە بەر پشتێنیدا. ئەوی کەشیان خودی زۆراب بوو! سەرەتا شانیان بەستم و لە سووچێک، خستمیانە ناو قووڵکەیەک و پاشان چوونە گیانی ڕانەکە. من بە دژوارییی خۆم سەرخست و بەرامبەر بە ئیمام ڕەزا، چۆکم دادا و گوتم: یا ئیمام ڕەزا، شانم بکەرەوە شەکێک ئەکەم بە قوربانی، یا ئیمام ڕەزا هێزێک بدە بە شان و قۆڵم! وتم و لە خۆم نەویم. هێزم لە خۆمدا، هێزم لە خۆمدا و ئەو شاڵەم، لە ناوەڕاستدا پچڕاند. خۆم ڕزگارکرد. بینیم ڕانیان

بڕداوە و مەیدانێک دوور کەوتوونەتەوە. پەلاماری دارەدەستمدا و هەڵاتم. هەڵاتم و خۆم گەیاندە ڕۆستەم و یەک بە خۆم دارم داهێنایەوە و کوتام بە پانیەی سەریدا. دەسبەجێ درا بە عەرزا، مڕەمڕێکی کرد و لاقی کەوتە فرتەکردن و گیانی دەرچوو. ڕەدووی دووەمیم نا. بەڵام ئەو گەنج بوو و هەڵات. گەڕامەوە، پیرەمێردەکەم هاوێشتە دەسکەندێک و سەرم داپۆشی. پاشان ڕانەکەم کۆکردەوە و هێنامەوە بۆ ئەو مۆڵگەیەی هەڤاڵەکەم و سەگەکەم ئەهاتن بۆ ئەوێ.»

لە بیرمە پیرمێرد، کاتێک ئەم بەسەرهاتەی ئەگێڕایەوە، چاوەکانی ئەبریسکانەوە. ڕەبەنە، لە وشکە زستانێکدا فەرمانی گیان ئافەرینی بەجێ هێنا.

ستار وتی:

ــ سەربردەیەکی شیرین بوو!... تۆ پێت وایە گوڵمحەمەد شاکاری وای لەدەس بێ؟

مووسا لە هاوڕێکەی مۆڕ بوویەوە و وتی:

ــ ئەتەوێ چی لە زمانی من ببیسی؟

ستار وتی:

ــ تۆ ئەمانە باشتر ئەناسی. ئەمەوێ بزانم کاری وا لەدەس خەڵکی وەکوو گوڵمحەمەد دێ یان نا؟

مووسا وتی:

ــ ئەگەر ڕق و دوژمنی لە ئارادابێ، لەوە زۆر خراپتریشیان لە دەس دێ. پیاوکوشتن، لە لایان وەکوو بزن کوشتن وایە. جگە لەمانەش، گوڵمحەمەد جەنگی دیوە. مەدلیای وەرگرتووە. نیشانەپێکی نمرە یەکە. چاوی پڕە لە کوژراو و خوێن. بەڵام دیسانەوەش ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم ئەو شاکارە ئەو کردبێتی. یەکیان لە بەر ئەوەی تازە ژنی هێناوە. یەکیان ئەوەی کە براگەورەکەی وا لە زیندان. یەکیش ئەوەی کە برا بچووکەکەی وا لە کرێگرتەیی. پیرەمێردیش کە لەکار کەوتووە. سەرەڕای هەموو

ئەمانەش، ئەمساڵ ڕۆژگاریان ڕەشی ڕەش بوو. پیاوی برسیش سەرەتا بیر لە ورگی ئەکاتەوە تا...

ــ تا پیاو کوشتن، ئەریٚ؟ تۆ پێت وایە مرۆڤ لە سەرتێری و بۆ ڕابواردن خەڵک ئەکوژیٚ؟

ــ نا، بەڵام گوڵمحەمەد، لە نەبوونی براکانی و پیری باوکیدا، پیاوی یەکەمی ڕەوەندە. ئەو بەرپرسە، بۆیە لەوە ناچیٚ کارێکی وەهای کردبیٚ.

ستار وتی:

ــ ئەم شتانە، ئەکریٚ لە ڕووانگەیەکی تریشەوە، سەیر بکریٚ، نابیٚ؟

ــ چ ڕوانگەیەک؟ چۆن سەیربکریٚ؟

ــ بۆ وێنە هەموو ئەو شتانەی تۆ پێت وایە ڕێگەی ئەوکارە ئەگرن، ئەوانە خۆیان بوون بە هۆی ئەنجامدانی کارەکە. بۆ نموونە وەکوو... نوێڵ کە... کە دیواری کۆن و خراپی پیٚ ئەرووخێنن. یان... وەکوو بێڵەکان کە بنی گەوەنی پیٚهەڵئەکەنن.

ــ تیٚ ئەگەم چی ئەڵێی، بەڵام... ناتوانم بڵێم گوڵمحەمەد ئەو کارەی کردووە یان نەیکردووە... بەڵام!

ــ بەڵام چی؟

ــ ویژدانم زۆر بریندار بوو کاتێک کە ئەشکین ڕووبەندەکەی بڵقیسی ڕاکێشا. کاک ستار، من دایکی خۆم لە بیرنییە؛ بەڵام دایکێتی بڵقیس... دایکێتی بڵقیس هەرگیز لە بیر ناکەم. زستان کە بۆ گەرمین ئەهاتن بۆ ئەمناوە، بڵقیس لە دایک، باشتر پێم ڕائەگەیشت. باوکم ئێزنگ و خەڵووزی بار ئەکرد، بیبا بۆ شار، منی ئەدایە دەستی بڵقیس. هەر بۆیەشە، هەر کات باسی دایک ئەکریٚ من تەنها دادە بڵقیسم دێتەوە پێش چاو. لە بەردەمی خۆی ڕووم نەبوو بیڵێم، ئەوا لەپشت سەری ئەیڵێم. بڵقیس دایکی من بووە و ئێستەش هەر وەکوو دایک سەیری ئەکەم. یەکەمجار، بڵقیس شەرواڵی بۆ دووریم و لە پێی کردم. ئەو

ڕۆژانە، من وشترەکانی باوکم و پەزەکانی بەردەستی کەلمیشیم ئەلەوەڕاند. زۆرتر، لەگەڵ شێرۆ و بەگمحەمەد پەزەکانمان ئەبرد بۆ لەوەڕ. پاشان باوکم منی برد بۆ شار و لە لای پیرەخاڵۆی داڵاندار دامینا. ئەویش خستمیە سەرکاری مافوورچنین. لەو سەروبەندەوە من لە لە کەلمیشیەکان دوور کەوتمەوە... زۆرمان نەماوە، گەیشتین.

ـ چی؟!

ـ ئەڵێم، ئەوەندەمان نەماوە. لەم گردە تێپەڕین ئەگەینە چەمەکە. لە چەم کە تێپەڕین، ئەگەینە چاڵاییەک و لە بن سینەی گردەکە، خانووەکەی خاڵە مەندەلوو دەرئەکەوێ. خانووەکە نا، کوختەکەی، جێگاکەی چی بڵێم! بەڕاست، عەلی ئەشکین زۆر لێت بەقین بوو.

ستار هاوڕێکەی سەیرکرد و وتی:

ـ حەزت ئەکرد قسەکانی چۆن بێ؟ شیرین؟

ـ نەء، بەڵام تەشەری لێ ئەدای!

ـ تەشەر نەبوو، ئاشکرا بوو.

ـ من پێم سەیر بوو تۆی ناسیەوە؟!

ـ منیش هەروا!

ـ دەیجا چی ئەبێ ئێستە؟

ـ ئێستە جارێ هیچ نابێ. بەڵام پاشتر، ڕەنگە.

ـ نەتبیست چی ئەوت. ئەیوت: «ڕۆژێک باڵتان ئەکەین!» ڕاست ئەکات. هەرچەند ئەوەی وتی زیاتر لە ڕقا بوو تا لە ڕووی مەبەستەوە. بەڵام بەرێکەوت قسەکەی حەسێبێکی تیابوو و حەسێبەکەشی ڕاستە. ڕۆژێک هەردێ ئەم بەرە هێڵ و هەراوەی ئێمە ڕامان خستوە و بەو جۆرە بە ئاشکرا بە سەریدا دێین و ئەچین و بەستە ئەڵێین، کۆبکەنەوە! هاوڕێیانی سەرەوە، نازانم ئێرەیان لەگەڵ کوێ لێ گۆڕاوە! هەندێکیان پێیان وایە، عەلیاواش، بۆخۆی شارێکە!

ــ ئەگەر ئەو ڕۆژە بگات، چی لەئێمە ئەکەن؟
ــ سەرەتا ئاشکرامان ئەکەن، پاشان...
ــ پاشان چی؟
ــ نەت بینیوە ئالاجاقی چی لەو ئاسکانە ئەکات کە ڕاویان ئەکات؟
ــ دەی... دەی کەوایە تۆ بۆ وا بە ئاشکرا دەم ئەخەیتە دەمیان و... بە هیچ و خۆڕایی...
ــ شێوازەکە وا هەڵبژێراوە. ئێمە ئەو پاژانەین کە گشتمان پەسند کردووە. بەرپرسی ڕاستی و دروستیەکەی ئەوانن. هەر کەس، ئەتوانێ بەس بۆچوونی خۆی ڕابگەیەنێ.
ــ تۆ... ڕای خۆتت وتووە؟
ــ وتوومە. بەڵام ڕای من -یان وردتر- ژمارەی ئەو کەسانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە، زۆر نییە.
ــ ئەی... چی ئەبێ؟
ــ شتێکی تایبەت نابێ. هەرچی ڕووبدا، بۆ هەمووانە. جا ئێستە تۆ بۆچوونی خۆت بڵێ.
ــ من؟... بۆ چی منیش ئەتوانم بۆچوونی خۆم بڵێم؟
ــ بۆ پێت وایە تۆ ناتوانی؟
ــ ئاخر من... من...
ــ تۆچی؟ چونکە لەوانی‌تر زیاتر لەو چاڵە قووتەی بابقولی بوندار‌دا لە پای تەوندا دائەنیشی؟ لە بەر ئەوەی هێشتا ناتوانێ ڕۆژنامە بخوێنیتەوە؟
ــ نا... نا...
ــ کەوایە بیلێ هاوڕێ... بناغەی هەموو شەڕەکان لە سەر ئەوەیە کە تۆ... من... بڵقیس و هەموومان خۆمان بە هەقدار بزانین. جا من جگە لە هاوڕێ، بە برای خۆشت بزانە و بیلێ!
ــ چی بڵێم؟
ــ ئەگەر تۆ و بابقولی بوندار دوژمن بن، کاتێکە تۆ دەستت

بەتاڵە و ئەو لەگەڵ کوڕەکانی و خزم و کەسوکاری دەست بداتە شمشێر و تفەنگ و ئالاجاقیشی لە پشت بێ، تۆ جەربەزەی ئەوەت هەیە بێباک و نەترس بچێتە مەیدانی؟

ــ نەء کە ناوێرم. بەڵام ئەوەی کە تۆ وتت لەگەڵ شەڕی من و بابقولی بوندار جیاوازی هەیە.

ــ زۆرنا. ئەو شەڕە، گەورەترە. ئاڵۆزترە. بەڵام وەکوو نموونە، لە شێوەی شەڕەکەی تۆ و بابقولی بونداره.

ــ ئەگەر وابێ، نەء.

ــ «نەء» چی؟

ــ «نەء» بە دەستی بەتاڵ ناچمە مەیدانەوە.

ــ ئێستە ئەوا چووین!

ــ باشە، ئێستە کە چووین چی ئەبێ؟

ــ رەنگە شتێکی گرنگ ڕوونەدات، بەڵام، ڕەنگیشە سەرکارعەلی ئەشکین ڕۆژێک بێ بۆ ڕاوکردنمان !

ــ تۆ خەریکی ئەمترسێنی؟!

ــ وانییە. مرۆڤ ئەگەر بە چاوی کراوەوە بڕوا بە ڕێدا، کەمتر ئەکەوێتە ناو قووڵکەوە. مەگەر نابێ لەگەڵ یەکدی ڕووڕاست بین؟ خەریکین قسە ئەکەین و ڕێ کورت ئەکەینەوە! زۆری ماوە؟

ــ نا، ئەوەتا، گەیشتین.

گەیشتن.

زورگ، چەم، گرد. داوێنی گردەکە، پەناگەی خاڵە مەندەلوو. وشترەکانی لە لایەکەوە خەوتبوون و دوو ئەسپی -بەڵەک و شیری- لە لای کۆخەکەوە، لای دارەکان ئەلەوەڕان. ستار و مووسا، بە نیگایەک ئەسپەکانیان ناسیەوە و سەیری یەکدیانکرد. مووسا لە خۆیدا ڕاما و پێکەنینێک خزایە بن پێستی ڕوخساری ستارەوە کە هەر لەوێ ڕایگرت.

ــ زەلام کێن؟

ستار و مووسا، دەسبەجێ و بێئەڤان وەستان. دەنگی

نێر و گڕی خانئاپۆ، لەو ناوەدا دەنگی دایەوە. سەر و شانی لە کۆخەکە هێنابوویە دەرەوە و چاوەکانی، چاوە هەڵۆکانی، بڕیبوویە ناوچەوانی هاتوان.

مووسا، مامی گوڵمحەمەدی ناسیەوە:

ــ نامناسیتەوە! من زۆر بالاّم بەرزبووە یان چاوەکانی خانئاپۆ کزبووە؟

ــ لە کوێوە دێن؟ کێن؟

ستار شانیدا لە شانی مووسا:

ــ شتێک بڵێ! ئاشنایی بدە!

مووسا وتی:

ــ منم. مووسا، خانئاپۆ! کوڕی خاڵە مەندەلوو! ئەمەش ئاشنای منە.

خانئاپۆ، سەر و شانی بردەوە ژوورەوە و دەنگی هات:

ــ کوڕەکەتە، خاڵە! یەکێکیشی بەستووە بە قنیەوە و هێناوێتی. بچۆ بە پیریانەوە.

ئەوەندەی مووسا و ستار بگەنە بەر دەرگا، خاڵە مەندەلوو بە مژۆڵی لکاو و سەر و قژی ئاڵۆزەوە، هاتە دەرەوە. ستار و مووسا سینە بە سینەی هاتن. مەندەلوو لە درزی برژانگەکانیەوە، کانی درک، سەیری کردن و وتی:

ــ ئەترسم ئاخرەکەی لەگەڵ ئەم هەڤاڵە پینەچیەت زەماوەند بکەی. بۆ وەستاون؟ وەرنە ژوورەوە. وەرن، وەرن، خۆ بێگانە نین. وەرن!

شوێن تەنگەبەر. خانئاپۆ و گوڵمحەمەد، بەرامبەر یەک دانیشتبوون. خانئاپۆ، نیگای بەدگومان بوو. گوڵمحەمەد تەنها جارێک سەیری مووسا و هاوڕێکەی کرد. خاڵە مەندەلوو لای کتری چاکەی دانیشت و شوێنێکی لای دەستی گوڵمحەمەدەوە پیشانی ستار و کوڕەکەیدا. دانیشتن.

خانئاپۆ بۆ ئەوەی سامی دانیشتنەکە بشکێنێ بە مووسای

وت:

ـ بۆ جەژنە پیرۆزەی نەورۆز هاتوویت بۆ لای باوکت، ئەریٚ؟ من سەرەتا ترسام هاتووون بۆ ئەسپەکانی ئێمە! ئەزانی چۆنە خۆ. ئەم ڕۆژانە، مرۆڤ چاوی ببەستیٚ، خۆیشی ئەدزن! ئەم بیابانە جێی متمانە نییە.

مووسا، سەیرێکی ستاری کرد و وتی:

ـ بەتایبەت ئەم هاوڕێیەی من ئەو کارانەی باش لەدەس دیٚ. بەچکە قالاوێکیش ئەتوانیٚ پاروو لە دەمی هەڵگریٚ. کەسی نییە. وتم پێکەوە بێین بۆ جەژنە پیرۆزەی باوکم. غەوارەیە. مرۆڤی غەوارەش، ڕۆژی جارێک وساڵی جارێک دڵی ئەگیریٚ. کۆتایی ڕۆژ و کۆتایی ساڵ. ئێوارە و جەژن. یەکیشیان ئەوەی کە من تەنها نەبم و پێکەوە جەژن بکەین.

مووسا، بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی -کە خەریک بوو شیرازەی ئەپچڕا- بگەیەنێتە شوێنێک، پرسی:

ـ ئەمشەو کوڵە چوارشەممەیە، وانییە؟

خانئاپۆ وتی:

ـ بە ڕێکەوت، ئەمڕۆ ئێمەش قسەی تۆمان ئەکرد. هەم لەگەڵ کوڕی ئەربابت و هەم لەگەڵ خاڵە مەندەلوو. مەندەلوو نەی ئەخستە خۆی، بەڵام ئەگەر دەستت بدایەت لە بنی دڵی، تیٚ ئەگەیشتی چاوەڕێتە. ئاخر ئەم پیرەمێردەش جگە لە تۆ کەسی نییە! هەیەتی؟

مەندەلوو، پیاڵەکانی چای لە بەردەم مووسا و هەڤاڵەکەی دانا و وتی:

ـ هەر ئەم دوو پیاڵەمان هەیە، بەتاڵی کەن.

خانئاپۆ وتی:

ـ ئەم هاوڕێیەتم من لە شوێنێک نەدیوە؟ نا مووسا؟

مووسا، سەیری ستاری کرد و وتی:

ـ نازانم!

ستار وتی:

ـ منیش ئێوەم نەبینیوە! بەڵام نازانم بۆ پێم وایە ئێوەم دیوە! ڕەنگیشە لە بەر ئەوە بێ پەسنی ئێوەم بیستووە.

ـ پەسنی من؟ لە کێ؟ لە کوێ؟

ـ مووسا بۆی باس کردووم. هەم هیتۆ و هەم برازاکەتان گوڵمحەمەد خان!

نیگای گوڵمحەمەد بزوا، بەڵام ئاشنایی لەگەڵ ستاری نەخستە خۆی. ستاری لە جێیەک دیبوو. بەڵام لە کوێ؟ نەئەهاتەوە بە بیریدا.

ستار وتی:

ـ بەڵام مووسا کە باسی ئێوەی بۆ ئەکردم، پێم وانەبوو لەمەوپێش گوڵمحەمەد خانم بینیبێ! لە بیرتانە، خان؟

ـ لە کوێ؟ لە کوێ منت بینیوە؟!

گوڵمحەمەد بە پرسیارەکەی خۆی، چاوی بڕییە ستار. ستار پیاڵەی بەتاڵی چاکەی لە بەردەست خاڵە مەندەلوودا دانا و وتی:

ـ لەچاخانەی کاروانسەرای شازدە. زستان بوو. ئێزنگتان هێنابوو بۆ شار. پێڵاوەکەتم دوورییەوە!

گوڵمحەمەد، ستاری بیرکەوتەوە. نیگا مڵۆزمەکەی و ئەوەی کە بەچاو پێڵاوی لەپێ دەرهێنابوو و خستبوویە بن درەوش و دەرزی. ئەو ڕۆژەش گوڵمحەمەد خۆشی لە کابرا نەهاتبوو. ئەو ڕۆژەش ئەوی وەکوو قەتماخەی برینکی کۆن بە زیاد هاتبوویە پێش چاو:

«چ زەرگەتەیەکە ئەم کابرا! ئەڵێی مار لە ناو چاوەکانیدا پۆپەی داوە. نیگای دڵی مرۆڤ ئەڕوشێنێ. ئەڵێی لە ناو دڵی مرۆڤدا بۆ شاراوەیەک ئەگەڕێ. بەڵام بۆچی؟ نازانم! چەن سەربزێو و هەمەکارەیە. مرۆڤ لە بەرامبەر چاوەکانیدا ناتوانێ ئارام بێ. وا ئەزانی خەریکە شتێکت لێ بدزێ. شتێک تێک بدا. نازانم. لە دووکەڵی لوولخواردوو ئەچێ. سروشتی ماری هەیە.

ئەخوشێ. زۆر خراپ ئەخوشێ. نەرم و ترسێنەر ئەو یەکەمجارەش کە بینیم، وام هاتە بەرچاو. گومانم لێکرد. گومانم لە چاو و لێوە داخراوەکانی کرد. خامۆشیەکەی دڕدۆنگی کردم. ئێستەش بەدگومانترم ئەکات. لە سێبەر ئەچێ. لە هەموو شوێن بە دوای مرۆڤەوەیە. بۆ ئەبێ لێرە سەر و سەکوتی دەرکەوێ؟ ئەویش لەم کاتەدا؟! ئەو، پینەچیەکی گەڕۆکە، لێرە لەم بیابانە ڕووت و قووتەدا چی ئەوێ؟»

«ئا، چیت ئەوێ؟!»

نەء! گوڵمحەمەد وای نەوت:

ـ بەڵام وەستا، تەقەڵی تۆکمەت لە پێڵاوەکەم دابوو، دەستت نەیەشێ. هێشتاش نەدڕاوە.

ـ غەمیت نەبێ، گوڵمحەمەد خان! هەر کات دڕا، خۆم ئەیدورمەوە. هەرچی بێ من قەرزاری نان و نمەکی ئێوەم!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەگەر هۆشم درۆ نەکات، من و تۆ لە چاخانەی کاروانسەرا نان و نمەکمان پێکەوە نەخوارد، وەستا!

ـ ئەو ڕۆژە ناڵێم گوڵمحەمەد خان؛ مەبەستم ئەمڕۆیە!

گوڵمحەمەد سەیری مووسای کرد. مووسا وتی:

ـ ئێمە ئەمڕۆ، لە سەر ڕێ بە لای ڕەشماڵەکانی ئێوەدا تێپەڕ بووین، دادە بڵقیس نان و چای داینێ. ئاشناکەی منیش، گیوەکانی مامە کەلمیشی دوورییەوە. بەرگە نووشتەیەکیشی بۆ بووکەکەی دادە بڵقیس دووری. تاوێک لەوێ دانیشتبووین و خەریک بووین ئەحەساینەوە، لەپڕ سەر و کەللەی جەندەرمە دەرکەوت و ئەو قوومە ئاوەی لێکردین بە ژەهری مار!

ـ جەندەرمە بۆ هاتبوون؟

مووسا، لە وەڵامی خانئاپۆدا، خامۆش بوو و پاش تاوێک وتی:

ـ هاتبوون بە دوای تۆدا!

ـ بە دوای مندا؟

ـ نەء! بە دوای گوڵمحەمەددا. ئەیانوت گوڵمحەمەدیان ئەوێ.

ـ دەی، کێ لە ڕەوەند بوو؟ چیان وەڵام دانەوە؟

مووسا، جارێکیتر خۆی لە وەڵام دانەوەی خانئاپۆ پاراست. نیگای گوڵمحەمەد لە خاک و چاوەکانی خانئاپۆ لە مووسا:

ـ بۆ لاڵ بوویت؟!

مووسا هەڵسا و چووە دەرەوە، خانئاپۆ بە دوایدا قنجەوە بوو، بەڵام ستار قۆڵی کراسەکەی گرت و داینایەوە:

ـ جەوانە هێشتا. دڵیشی زۆر ناسکە. شتێکی زۆر خراپ ڕووی نەدا. بەڵام ئەڵێی چی، ئەگەر ئەو تۆزە بەدڕەفتارییە لەگەڵ ئەوان نەکرایەت نانەکە ئاسوودەتر لە گەروومان ئەچووە خوارەوە!

خانئاپۆ. بەرامبەر ستار، نەڕاندی:

ـ ئەوە ئەڵێی چی؟ خەریکی ڕەوزە ئەخوێنی؟! قسەکەت سەرڕاست بگێڕەوە! بۆچی پێچ و پەنای پێ ئەکەی؟ بیڵێ بزانم! چی ڕووی داوە بیڵێ! مووسا هاتەوە ژوورەوە و وتی:

ـ دەم پیسیان کرد! هەم بەرامبەر بە دادە بڵقیس و هەم مامە کەلمیشی! ڕووبەندی دادە بڵقیس، ئەشکین دایکێشا. بە قایش کێشای بە ڕوومەتی مامە کەلمیشیدا. جنێوی دا و ڕۆیشت. ئەیوت دوو ئەسپ و دوو جەندەرمە بە دوو دەس تفەنگ و تاقمەوە لە دەوروبەری ڕەوەندەکەی ئێوە بێ شوێن بوون. وتی ئەگەر گوڵمحەمەد ببێ بە مار و بچێ بە عەرزا، ئەیدۆزمەوە! پەیامی دا کە ناوی بە تۆ بڵێن: ئوستوار عەلی ئەشکین!

خانئاپۆ پێکەنی:

ـ ئەسپ و جەندەرمە؟! مێشکیان تێکچووە! ئەسپ و ئەژان ون بوون بە ئێمەچی؟ لەم بیابانەدا کاروان بە بارەوە ون ئەبێ، مەگەر ئێمە لێی بەرپرسین؟

گوڵمحەمەد، کۆتاییەکەی، لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ ئوستوار عەلی ئەشکین؟!
ستار وتی:
ـ وابزانم بەرپرسی زاڵگەی حەسەناوایە، بەڵام خراپی کرد. زوڵمی لە خۆی کرد!
خانئاپۆ، سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد پێی وت:
ـ شەو کە داکەوت، ئەچینەوە بۆ لای ڕەوەند.
خانئاپۆ لێوی بنەوەی گەست و چاوی لە ستار بڕی. گوڵمحەمەد سەیری مووسای کرد، مووسا چاوی بڕییە دەرەوە. مەندەلوو لە هێڵی نێوان نیگای ئەم و ئەودا سەرگەردان بوو.
ستار سەری هەڵێنا و وتی:
ـ ڕۆژ داچوو! شەوی چوارشەممەسوورییە و نەورۆز. ئاگر ناکەینەوە؟
گوڵمحەمەد وتی:
ـ بۆچی نا؟ ئاگریش ئەکەینەوە و بازیش ئەدەین بە سەریدا!
ـ دار و چیلکە!
هەڵسان و دەرکەوتنە دەرەوە. مووسا، ستار و خانئاپۆ بە دوای داردا بڵاو بوونەوە. مەندەلوو قۆڵی کراسەکەی گوڵمحەمەدی گرت و ڕایکێشا.
ـ بۆ کوێم ئەبەی؟
ـ وەرە، تا ئەوان سەریان گەرمە، ئەو... ئەو شتانەت پیشان بدەم! مەندەلوو گوڵمحەمەدی بەرەو ڕۆژاوا برد، بۆ پشت تەپۆڵکەکە. لەوێ، لە بن دەوەنی گزیچارێک وەستا. سەیری دەوروبەری کرد و چۆکیدادا. خاکە نەرمەکەی بە پەنجەکانی هەڵکۆڵی. پیرەمێرد، وەکوو ڕێوی خاکەکەی کون کرد و گوڵمحەمەد، لەپڕ لای چاڵەکە چۆکی دادا. لەبەردەمیا، ئێسکی سووتاو، کەللە سەر و باسک و سمت و بەلەک چاڵ کرابوو.
مەندەلوو، سەیری ناوچەوانی گوڵمحەمەدی کرد و وتی:
ـ سەیر ئەکەی؟! هەر کەس بووە، مرۆڤێکی زیرەک بووە.

بەڵام ئەوەی نەزانیوە کە لە ئاگری خنکاوی چاڵە خەڵووزدا، ئێسکەکان نیوە سووت ئەبن. جا خۆڵ بکەرەوە بە سەریدا، ئەم پینەچیە پیاوێکی دەنووک درێژە!

جارێکیتر، ئێسکە نیوسووتەکان لە بن خاک شاردرانەوە. مەندەلوو و گوڵمحەمەد خاکەکەیان تەخت کرد و هەڵسان، گوڵمحەمەد هیچی نەوت. مەندەلووش وای بە باش زانی لە سەری نەڕوات.

شەو، دابەزی.

لە ڕێگە، تا بگەنەوە لای کۆخەکە مەندەلوو هەندێ داری وشکی کۆکردەوە و دای بە گوڵمحەمەد. خۆشی باوەشێک ئێزنگی گرت بە دەستیەوە. مووسا و ستار و خانئاپۆ، کۆشکەلانێک داریان هەڵچنیبوو. گوڵمحەمەد و مەندەلووش دارەکانی خۆیان خستە سەری. ستار، شەمچەی لێدا و گڕی بەردایە داری کەڵەکە کراو. خەرمان بڵێسەی سەند و داوێنی شەو سوور هەڵگەڕا.

ستار، هاتە دواوە. سەیرێکی ئەسپەکانی کرد کە گوێیان قیتکرد بوو و وتی:

ــ کێ، یەکەم کەس بە سەر ئاگرەکەدا باز ئەدا؟

گوڵمحەمەد، پێی لە ئاوەزەنگی ناو لە ژێر پێستی شەودا لە سەر زینەکە قیت دانیشت و وتی:

ــ من، بە سواری!

## بەندی دووەم

خۆڵەمێش!

ئاگری شەوی پێشوو، ئاگری کۆتایی ساڵ، ببوو بە خۆڵەکەوە. خۆڵە کەوە بە حەواوە پەرێشان بوو. لەت و کوتی گۆزە و کووپە و جەڕەی شکاو، لە بن دیوار و لە کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن‌دا بڵاو بوو. شەو، باڵی بە سەر قەڵاچیمەن‌دا کێشابوو. بەیانی نا، دوو بەیانی نەورۆز بوو. بەجێ بوو. ڕۆژێکی ماوە بۆ نەورۆز، شەیدا خەریک بوو لە بەر دەرگای ماڵەوە دائەبەزی. دابەزی. هەوساری وشترەکە بە دەستیەوە، لە پشت دەرگاکە وەستا.

خامۆش! چ خامۆشیەک. مانگی شکاو، لە سووچی لووتکەی ئوللەر ببوو بە کڵاو. چەندە ئارام، چەندە هێور! لە ڕەنگی سەحرا بوو مانگ. تاودانەوەی خۆر لە سەر لم. نیوەرۆژی تەمووزی ئەخستەوە بیر. لەگەڵ ئەمەش هەوای قەڵاچیمەن کزەی هەبوو. سروەی توندی نەیشاپوور، لە بناری کێوەکان‌دا ئەی هووژاند و قەڵاچیمەن لە ناو دەستە بەتاڵەکانی شەودا دانیشتبوو و خامۆش، ڕەگەکانی، کۆڵانەکانی لە لێدان خستبوو. خەڵک هەبوون و نەبوون. گیرۆدەی خەیاڵ و خامۆشی خۆیان، خزابوونە بن بنمیچی لانکی گومەزی. گرفتاری خەیاڵی ئەو نەورۆزەی وا لەپێش بوو. نەورۆز بە دوو ئەدگارەوە، ڕوویەک دەم بە خەندە و ڕوویەک چاو بە گریان. هەندێک لە هاتنی شەرمەون و هەندێک

شادمان. لەگەڵ ئەمەشدا، هەموو ڕازی. لانیکەم لە زستان ئەیانپەڕێنێتەوە و هەتاویش نەبێ، پەنایەک هەر دەسئەکەوێ:

«چەند باشمکرد لە ڕێی شارەوە هاتم!»

شەیدا، ئەگەر نەچوایەت بۆ شار و بە لای نزارەکەدا بای بدایەتەوە، دەرفەتی ئەوەی نەئەکرد دیاری و جەژنانەی نەورۆز بکرێ. ئێستە بەڵام، هەرچەند تۆزێ لە پارەکەی کەمەوە ببوو، بەس بە دڵ، ڕازی بوو.

دەستی نایە سەردەرگاکە، بەڵام بەرلەوەی پاڵی پێوەنێ، تای دەرگاکە کرایەوەو ماهدەروێش لووتی تەقی بە لووتیەوە:

ــ ئا! تۆی؟ سەلاموعەلیکوم. ماندوو نەبی، ئەرباب!

ــ خەریک بووی ئەڕۆیشتی؟

ــ ئا بەلێ ئەرباب.

شەیدا هەوساری وشترەکەی دا بە دەستیەوە و وتی:

ــ یارمەتیم بکە وشترەکان لەکۆڵ بکەینەوە. پاشان ئەرۆی.

ماهدەروێش، وشترەکانی برد بۆ لای بیرەکە و یخیانیدا. شەیدا، تۆربێنی لە کەللەی دارەبەنەکە هەڵگرت و بردی بۆ ژوورەکەی دایکی. بە سلاوێکی گورج و کورت توربێنەکەی لای دیوارەکە دانا و هاتەوە دەرەوە:

ــ کەس دەستی لێنەدا!

ماهدەروێش سفرەی لە بەر لمۆزی وشترەکاندا ڕاخستبوو. چوون بۆ هەمار، کا و پەموویان هێنا و ڕۆیان کردە سەر سفرەکە. قۆڵیان هەڵکرد و چۆکیان دادا و کەوتنە تێکەڵ کردنیان.

نوورجیهان، دایکی شەیدا، هاتە دەرەوە و وەستا بە تەماشای کورەکەی و ئەتوت بزواندنی دەست و شانە و جموجۆڵی شەیدا، بۆ دایکی تازەیە، یەکەمجا ڕبوو ئەتوت کوڕەکەی ئەبینێ!

شەیدا، بە بێ ئەوەی نیگا و بوونی دایکی هەست پێ بکا، پرسیاری باوکی کرد:

ــ خەوتووە؟

ماهدەرویش بە تەشەرەوە وتی:

ـ بوندار بەم زووە بخەویٚ؟ ئەو تاکو هەموو قەڵاچیمەن نەکاتە خەو، پیڵووەکانی ناکەونە سەریەک!

نوورجیهان وتی:

ـ خەریکە لەگەڵ ئەسڵان قسە ئەکا. سەبارەت بە دەزگیرانەکەی.

شەیدا، ئاوڕی لە دایکی دایەوە و سەیری کرد.

ـ ئا پاڵەوان! هاتیتەوە؟!

دەنگی بەبڕشتی بابقولی بوندار هەوای شەوی شکاند. سەر و سینەی لە محاجەرەی بانیجەوە دابوویە پێش و بە شانازیی و ڕەزامەندییەوە، سەیری کوڕەکەی و وشترەکانی ئەکرد. شەیدا لە بەر باوکی هەڵسا.

لە تاریک و ڕوونی ئەو تیشکە شکاوەی لە دەرگای باڵەخانەوە ئەڕژایە سەر شانەکانی بابقولی، ڕوخساری بە ئاشکرا نەئەبینرا. بەڵام ئەگەر بکرایە، ڕوخساری بە ڕوونی ببینیٚ، ئەزانرا کە مۆنیەکی ڕەزامەند لە چینەکانی بان برۆیدا خۆی داشاردووە و جۆرێک شادمانی لە نیگای دایە. ڕواڵەتی وای دەرنەئەخست کە لە بینینی ڕۆڵەکەی شادمانە. شەوق، تەنها لە نیگایدا ئەدرەوشایەوە و نیگای لە ناو ڕەشاییەکەدا ون بوو. تریفەی مانگیش ڕوونی نەئەکردەوە. سەیری پشت شانی خۆی کرد و وتی:

ـ بۆ وا دانیشتوویت و ماتەمینیت گرتووە؟ ڕابە برۆ بۆ یارمەتی براکەت!... تۆ وەرە سەر شەیدا!

شەیدا وتی:

ـ کورتان و دارەبەنیان دائەگرم و دێم!

بابقولی بوندار، چووەوە ناو باڵەخانە و ئەسڵان هاتە بانیجە. مۆن. هەر بەو جۆرەش لە پلیکانەکان چوە خوارەوە و کورتانی لە دەست شەیدا وەرگرت!

ـ برۆرە سەر، دڵی بۆت تەنگ بووە! من دارەبەن و کورتانیان

لێ ئەکەمەوە.

شەیدا بە نیونیگایەک براکەی هەڵسەنگاند و وتی:

ـ ئەگەر پێت خۆش نییە، خۆم دایانئەگرم. کارێکی نییە.

ـ کێ دایئەگرێ با دایگرێ، بە دەرەک!

خۆی گێڤ کردەوە و لە ڕقا خۆی لە ناو دووکاندا ون کرد.

شەیدا پرسی:

ـ ئەوە چیەتی؟ بە نیو مەن هەنگوێنەوە ناخورێ!

ماهدەروێش وتی:

ـ لە ئێوارەوە قرەیانە.

ـ لەسەر چی؟!

ـ ئەسڵان ئەیویست لای ئێوارە بچێ بۆ خوێناڵ بۆ دەزگیرانبازی. باوکت نەیهێشت. وتی ڕاوەستە تا بەیانی یەکێک لە وشترەکان ئەکوژینەوە ئەوسا بڕۆ. بەڵام ئەسڵان وەک بڵێی ژوانی هەبوو. لە سەر شیرینی و دیاریی بردنیش، بوو بە شەڕیان! ئەسڵان ئەیەوێ بەختەیەک و پووشێک خورما، لەگەڵ سێ کەللە قەند و قەوارەیەک مەخمەر ببات بۆ نەورۆزانە؛ بەڵام باوکت ئەڵێ ئەوە زۆرە، کارێکی قەڵەو و کەللەیەک قەند بەسیانە. ئەسڵان تۆراوە و ئەڵێ هەر ناچم بۆ دەزگیرانبازی! باوکیشت خۆت ئەیناسی! سەرەڕۆیە، قسەی نابێ بە دووان. لە سەرەتای ئێوارەوە خەریکە ئەنەڕێنێ بە سەر ئەسڵاندا و ئەسڵانیش زۆر کەم وەڵامی ئەداتەوە. تا ئێستە نەمبینیبوو ئەسڵان لە ڕووی باوکتدا قسە بکات؛ بەڵام ئەمشەو بینیم. ئەوەتا خۆشت بینیت. نەدا لە سەری باشە!

نوورجیهان کەوتبوویە سازکردنی چاو و نان. شەیداش بەر لەوەی پێ بخاتە ناوداڵان، سەری کرد بە ژوورەکەی دایکیدا و وتی:

ـ با جارێ بچم بۆ لای، جا دێمەوە. نامەوێ بخەوێ.

ـ خەو؟!

شەیدا، ئیتر هیچی نەوت. زانی کە غەمناڵەی دایکی بە

هۆی ئازاری ئێسکەکانی پێ و پشتیەتی. لە ناو دالآن ون بوو و لە سەر پلیکانەکان دەرکەوتەوە. بابقولی بوندار، لە سەر جێگەی هەمیشەیی خۆی، لە سەر دۆشەکڵە دانیشتبوو و تەزبێحێکی کەم دەنکی بە دەستەوە بوو. نیگایەکی بڕاوی هاویشتە شەیدا و سەری داخست:

ــ بۆ دانانیشی؟

شەیدا دانیشت. قورسی نەبوو. مەنگەڵ، بە ئاگرێکی لە بن خۆڵەمێش‌دا لە سەر سینیەکە بوو. قۆری لای مەنگەڵ و پیاڵە لای سینی و وافوور، لە بەر دەستی بابقولی‌دا.

بابقولی پیاڵەیەک چای بۆ تێکرد و خزاندییە بەردەمی:

ــ ماندووی، وانییە؟ لە کام ڕێوە هاتی؟

ــ بە ڕووکاری شاردا.

ــ کەوابێ چووی بۆ شاریش؟ دەی ئاغەت بینی یان نا؟ ئاغەی گەورە ئەڵێم!

ــ نەء! خۆ کار و پەیامێکم پێ نەبوو. ڕوویشم نەبوو بچم بۆ ماڵیان.

بابقولی بە تەوسەوە پێکەنی و وتی:

ــ جەوان! ئای... تا هەوای ئەو بن باخەڵە فشەی ئێوە ئەنیشێتەوە، قڤی من ئەبێ بە لۆکە! چیرۆکی ئەم برایەتە. وا ئەزانێ کچی ئەمیر قاینی هێناوە. کچی عەلی‌ئەکبەری حاجی پەسەندە ئیتر! خۆ کچی خوا نییە! سەر و قنی داراییەکەی بخەیتە سەر یەک ڕانێک و چوار مافوورە و... تازە کێ بەیانی بینیوە؟ دارایی بەر با، زستانێکی ڕەشی لێ بکەوێ و ئاخوڕەکەشی تفاقی تیا نەبێ، بە جارێ با ئەیبا. بەڵام براکەی تۆ ئەیەوێ بچێ بۆ دەزگیرانبازیی، پێی وایە ئەبێ نیوەی داراییەکەی من هەڵبگرێ و بیبات بۆ عەلی‌ئەکبەری حاجی پەسەند! تۆیش بە شێوەیەکی‌تر با لە قولت دایە. ئەچی بۆ شار و سەرێک لە ماڵی ئەربابەکەمان نادەی! هەزار بیانوو بۆ سەردان هەیە. کاڕێکی نییە.

سڵام و ئەگەر هات و پرسیاری کرد چۆن ڕێت کەوتۆتە ئەم ناوە؟ کە ناپرسێ؛ تۆیش زمانت هەیە خۆ لاڵ نیت. ئەڵێی هاتووم بۆ دەست ماچکردن. خەریک بووم ئەگەڕامەوە بۆ قەڵاچیمەن، وتم بزانم پەیامێ، فرمانێکتان هەبێ؟... پاشان نانەکەشت ئەخۆیت و دێیتەوە بۆ ماڵەوە. هەم لە چاخانەکاندا سەرگەردان نەبوویت و هەم چوار کەس تۆیان بینیوە لە ماڵی ئالاجاقی هاتوویتەتە دەرەوە. نازانم خەڵکی بۆ ئاوەزیان لە چاویان دایە؟

ـ ئاخر... کاتەکەی لەبار نەبوو... من درەنگان گەیشتمە شار. ناوەخت بوو. بۆیە یەکسەر چووم بۆ کاروانسەرا.

شەیدا، بۆ ئەوەی شەڵەژانەکەی خۆی بشارێتەوە، پیاڵەی چاکەی هەڵگرت و هەڵیقوڕاند. بابقولی نیگای لە سەر کوڕەکەی، لای خۆی وتی:

«پاشانیش چووی بۆ چلاو و خۆرشت خواردن و لەوێشەوە یەکسەر بۆ خانم بازی! من جسنی خۆم ئەناسم!»

شەیدا، پیاڵە بەتاڵەکەی دانا و قسەکەی برد بۆ لاڕێ:

ـ لە شاریش ئەڵێی قەوماوە!

بابقولی بوندار، دەری نەخست کە تامەزرۆی دەنگوباسە، بەڵام شەیدا، خۆی لە پەل و پۆ نەخست و درێژەیدا:

ـ کاتێک لە شار دەرکەوتم، خەڵکم بینی دەستە دەستە بەرەو دەروازەی نەیشاپوور ئەچوون. پرسیارم کرد، وتیان بڕیار وایە یەکێک وتار بدات. ئەویش نەی ئەزانی کێ وتار ئەدات! بەڵام وتی ئەوەی کە بڕیارە وتار بدات کاربە دەستە. من لە شار دەرکەوتم، بەڵام پێموابێ کابرا ئەیویست لە لای خزنەکەی حاجی مەلاهادی بچێتە سەر سەکۆ. چونکە خەڵکێکی زۆر برسی و خازەڵۆک لە کەلاوەکانی بەر خزنەکەدا کۆببوونەوە.

گوێکانی بابقولی، قیت ببوو. تاوێک ڕاما و پاشان، بە ئارامی وتی:

ـ ئەیانناسم! ئەگەر دکتۆرەکەی کوشتارگە بێ، جەنابی

فرووهەرە. سەرۆکیانە! خەڵکی ئێرە نییە. تارانییە، ڕەنگیشە مەشهەدی. ئەو جۆرەی لە سەروبنی کارەکەی سەریان دەرهێنا وە، شوێنی سەرەکی کارەکەی لە خووزستان بووە. ئەهواز و ئابادان و ئەو ناوە. لە کۆمپانیای نەوت کاری کردووە. پاشان، لەوێوە فڕێی ئەدەن بۆ ئێرە. واتە ئەکرێ بڵێین تەرەیان کردووە بۆ ئێرە. بەڵام لە لایەن لایەنگرانی خۆیانەوە، لێرەش ئەکرێ بە سەرۆک. نەک سەرۆکی نەوتی ئێرە، نا! سەرۆکی ئەمجۆرە کارانە. سەر و سواڵکەر و قن ڕووت لە خۆی کۆئەکاتەوە و وتاریان بۆ ئەدا. هەواڵەکەی بە ئالاجاقی گەیشتووە کە شەو و نیوەشەو لە ماڵ و پاشخانی ڕووت و برسیەکاندا، دەستەی بچووکی درووست کردووە. ئەم دەستانە کۆ ئەبنەوە و هەندێکیشی ڕاهێناوە. ئەڕۆنە ئەو کونانە قسەیان بۆ ئەکەن. ئەمانە ئەو دار و دەستەیەن کە لەگەڵ حکوومەت دژایەتی ئەکەن. کاری ئەمڕۆ و دوێنێشیان نییە. دەمێ ساڵە خەریکن. هەر ڕۆژێکیش لە بیچم و شێوازێک خۆیان دەرئەخەن. ئەم حەلە کاریان بە ڕۆژە، واتە ئاشکرایە. بەڵام هەر ئەوەندەی هەست بکەن تەم و مژە، خۆیان ئەکەنەوە بە بندا. خۆیان ئەشارنەوە. خۆزگە لە سووچێک ئەوەستای و گوێت لە قسەکانیان ڕائەگرت. بت بیستایەت کە قسەیان دەربارەی زەوی و کشتوکاڵ چیە؟ بۆنی چی لێدێ! خراب نەبوو بتزانیبا. مرۆڤ سەر لە کاری دنیا دەربهێنێ خراپ نییە. هەرچەند... چ جیاوازیی بۆ ئێمە نییە. بە قەبری بابیانەوە.

ـ هەر ئەمە! چیان ئەوێ با بیڵێن. ئەوەندە بڵێن تا دەمیان کەف ئەکات. جگە لەوەش... شار، ئاسایشی هەیە، پاسەوانی هەیە. خۆیان کاری خۆیان ئەزانن. خەڵکی وەکوو ئالاجاقیش خۆ هەروا لە خۆوە لە شار دانەنیشتوون! ئەگەر کەسێک هات و ویستی دەس بۆ هەماری گەنمی ئێمە ببات، ئەوسا ئێمەش پێمەڕە لە سەری ڕائەکێشین.

ـ بەڵێ، ئێمە ئەبێ کڵاوی خۆمان توند ڕابگرین، با نەیبات.

دەی، ئەمجا بڵێ بزانم، چەندە پارەت پەیدا کرد؟ لەگەڵ کەلمیشیەکان چۆنت تەواو کرد؟ ئەوان لەگەڵ تۆ چۆن بوون؟ دەنگوباس چی بوو؟ ئا بە ڕاستی... ئەو دوو جەندەرمەیەی باسیان هەبوو، وەکوو شتێ لەو ناوە ون بوون؟! تۆ هیچت نەبیست؟

شەیدا وتی:

ــ هەر ئەوەندە. دەنگۆ هەبوو دوو جەندەرمە بێسەر و شوێن کراون.

ــ بڵێی کاری ئەم دار و دەستەیە نەبێ وا لە شار خەریکی ئاژاوە نانەوەن؟

شەیدا پرسی:

ــ مەگەر ئەوان لە بیابانیش دەستیان هەیە؟

ــ ئەوانە لە هەموو شوێنێک هەن. شار، بیابان، گوندەکان. ئەیانەوێ خۆیان بخزێننە ناو خەڵکەوە. بەڵام ناوکی سەرەکیان لە شارە. تازە، ئەوەش کە لە شارە، ڕیشەی سەرەکی نییە. سەرەکیترین وا لە مەشهەد و لە شارە گەورەکان. سەرەکەشی وا لە تاران.

ــ ئەی بۆ لێرە چ باس نییە؟

بابقولی چاوێکی داگرت:

ــ لێرەش هەیە. تۆ تا ئێستە ڕەنگە نەت دیون. بەڵام ئەگەر چاوەکانت تۆزێک زیاتر بکەیتەوە، تۆیش ئەیبینی. لە جووتیارەکانی ئاغەش لە ناویاندا هەیە!

ــ کامیان؟

ــ ئەگەر وشیار بی، خۆت بۆی ئەگەڕێی، ئەیدۆزییەوە. ڕێوشوێنی ئەمانە بەو جۆرەیە کە نەقیزە لە ناڕازییەکان ئەدەن. جا خۆت بزانە کێ لە دەستی ئالاجاقی و لە ئێمە ناڕازییە؟ بیدۆزەوە لە سەر چی؟ بزانە لە کوێوە نانیان بڕاوە؟ ئەم بابەتی نانە زۆر گرنگە! جووتیار تا ئەو کاتەی نانی شەوی هەیە، جووڵە ناکات. بەڵام برسێتی جاڕسی ئەکات. ئێمەش خۆ ناتوانین

تێری بکەین. واتە ئالاجاقی ناتوانێ! ئالاجاقی یان ئەبێ خۆی تێر بکات، یان وەرزێر و جووتیارەکەی. ئەمیش و ئەویش ناکرێ! لە سەرەتای دنیاشەوە وا بووە. یەکێک سوارە و سەد و هەزاریش پیادەیە. ئێمەش زۆر سوارە نین. پیادەین، بەڵام پێمان پەتی و کیسەمان بەتاڵ نییە. سوارەین، بەڵام ئەسپەکانمان چۆکیان ئەلەرزێ. ئێمە سواری بارگینی جۆ نەخۆرین! بۆیە ئەبێ زۆر ئاگامان لە خۆمان بێ. چونکە لە نێوان داین. هەم لە پیادەکان نزیکین، هەم دەم بە دەمی سوارەکانین. ئەم یابووە لاوازەی ئێمە ئەگەر لە دەستکەندێک گیر بکات و سەر سمێک بدات، لە ناو پیادەکاندا ون ئەبین، بەڵام ئەگەر ئەوەندە خۆمان ڕابگرین کە بتوانین بارگینەکەمان پێ بە پێی ئەسپ غاردەین، ئەچینە ڕیزی دەستەی سوارەوە. بۆیە ئالێرەدا ئەبێ حەسێبی خۆمان ڕوون بکەینەوە. ئەگەر ئەمانەوێ ببین بە سوار، ئەبێ خێراتر بجووڵێنەوە. ئەگەریش... هەڵسە ئەو سفرە لە دایکت وەربگرە.
شەیدا سفرەکەی لە دایکی وەرگرت و ڕایخست.

بابقولی وتی:

ـ ئێمە خواردوومانە، بخۆ.

نوورجیهان، قاپی دۆ کوڵیوەکەی لە سەر سفرەکە دانا و چووە دەرەوە.

شەیدا دەستی بۆ نان برد و بابقولی درێژەی بە قسەکەیدا:

ـ تۆ چیت پێشک دێ؟ کام لە جووتیارەکانی ئاغە کورتانیان خوارە؟ کامیان تێکەڵی ئەم دارودەستانە ئەبێ؟

ـ باش نازانم.

ـ هۆشت بخە کار؟! بزانە کامیان برینداترە؟

شەیدا، پارووەکەی لە دەمی گێڕایەوە و وتی:

ـ عەلی ئەڵێی؟ عەلی کەلایی محەمەد؟ عەلی خاکی؟!

ـ ئافەرینێکت هەیە! لە کوێوە زانیت؟

ـ لە وێوە کە چووبوو خەرمانی ئاغە ئاگر بدا و لە سەر

ئەوە ئاغە ئالاجاقی بەستی بە دارەوە! چ قامچی کارییەکی کرد! لە بەر چاوی سەد دانە چاو. بەڵام بەڕاست لەبەرچی ویستبووی خەرمانەکە بسووتێنێ؟

بابقولی بوندار نیوە جگەرەیەکی داگیرساند و وتی:

ــ ئالاجاقی تەنگەی کێشابوو. ژیانی لێ تاڵ کردبوو. ئەویش لە بەر ئەوەی، عەلی کەلایی محەمەد نەی ئەتوانی دەمی داخات. لە بەر چی؟ لە بەر ئەوەی زستان دەستی نابووە بیناقاقەی و گوشاری بۆ هێنابوو. جووتیار بە یارمەتی ئاغە ئەگاتە نەورۆز. عەلیش هات لە هەمار گەنم بە قەرز وەربگرێ. منیش وتم ئەرباب ڕێگەی نەداوم گەنمت پێ بدەم. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە بەوانیترم دابوو!

ــ باشە، بۆچی تەنها ئەو؟

ــ پێم وتیت، خۆ! عەلی کابرایەکی دەم پیسە. هاوینیش ئاگام لێ بوو دەربایسی خەلە و خەرمان نەبوو. دڵسۆز نەبوو. بە پاڵەکانی وتبوو گوێتان لەوە نەبێ خاوێن کار بکەن! وتبووی چی ئەبێ ئەگەر دە گوڵە گەنم لە دەم داسەکانتان بوەرێ و ئەو سک برسیانە کۆی بکەنەوە! تێ ئەگەی؟! سالاری دروێنە نابێ لە کیسەی ئەربابەکەی ببەخشێ. تۆمەتیان لێدا کە لەگەڵ پاشەڕۆک چنەکان هاودەس بووە. واتە بەشی لێوەر گرتوون. بەڵام من هێشتاش باوەڕم نەکرد. عەلی لێرە نییە، بەڵام خوای لێرەیە. عەلی لەو پیاوانە نییە دەستی بۆ ماڵی خەڵک درێژ بکات. دز نییە، نوێژی ناچێ. نەکا پێت وابێ چونکە نوێژ خوێنە، ئیتر دز نییە، نەء. بۆ خۆی وایە. ڕواڵەت و دەروونی یەکە. زمانیشی چەور و نەرم نییە. بۆیە ئالاجاقی ڕقی لێیەتی. ورگی ئەدا بە دەس برسیەتیەوە. بەڵام ناچێتە بن باری زۆر. پێم وابێ ئەمساڵ دەری بکات. ئالاجاقی ئەیەوێ پێی بڵێ برۆ لە ماڵی خۆت دانیشە!

شەیدا پرسی:

ــ ئیتر، کێ؟

ــ تۆ بڵێ.
ــ خۆت باشتر ئەزانی!
ــ ئەوە دیارە کە من ئەزانم. بەڵام ئەمەوێ تۆ بزانی! ئێوە ئەبێ چاوتان بکەنەوە. هەم تۆ و هەم براکەشت کە قەران لە دووکان ئەدزێ بازنە و دەستبەند بۆ دەزگیرانەکەی بکڕێ. ئێوە ئەبێ دۆست و دوژمنی خۆتان بناسن. بزانن کێ بە هۆی ئێوەوە نان بڕاو بووە.
ــ بە دەستی ئێمە؟ ئێمە نانی کەسمان بڕیوە؟
ــ ئێوە نەتان بڕیوە. من! کێ پێی وایە بابقولی بوندار نانی بڕیوە؟
ــ تۆ خۆت بزانە نانی کێت بڕیوە؟!
بابقولی بوندار، جگەرەکەی داتەکاندە سەر سینیەکە و بە بێ ئەوەی سەیری شەیدا بکات وتی:
ــ منیش نانی کەسم نەبڕیوە. بەڵام هەلومەرجێک هاتۆتە پێشەوە کە نانی هەندێ کەس بڕاوە. پاڵەوان بەڵخی ئیتر ناتوانێ لەمناوە قاچاخ فرۆشی بکات. چونکە تریاکی ئەفغانیەکان ئەگات بە ئێمە. ئەویش لە شان و پیلی خۆی ڕانابینێ بێ بۆ ئێمە کار بکات. پێی سووکایەتی نییە منداڵەکانی بێن و بەیانی تا ئێوارە لە پشت دەزگای تەون دابنیشن و لەو ژێرخانە سۆمای چاویان بە خەسار بدەن؛ بەڵام خۆی پێی شوورەییە بێت، نیو مەن تریاک لە من وەربگرێ، بیبات بۆ گوندەکانی دەوروبەر، وردە وردە بیفرۆشێ و پارەکەی بگەڕێنێتەوە و خۆیشی بەقەد نیو مەنی بۆ بمێنێتەوە. بۆیە کاری بووە بە قسەی قۆڕکردن و لێرە و لەوێ دائەنیشێ و تەوس و توانج ئەهاوێ. لەهەر شوێنێک چوار پیاو دابنیشن ئەو ئەچێتە سەر مینبەر و ئەکەوێتە قسەکردن لە دژی من. ئەو پێی وایە من نانم بڕیوە. بەڵام مەگەر من بڕیومە؟ ئالاجاقی لەگەڵ بەلووچەکانی سەرحەد ڕێککەوتووە و ئەوانیش جنسی ئەفغانەکان ئەهێنن بۆ ئەو و ئەویش ئەیدا بە ئێمە بۆی

بتوێنینەوە. یەکێکیتر، قەدیرە. لە بەر ئەوەی کە ئێمە پاشماوەی کەلوپەلەکانی کەلایی خواداد و لەم دواییانەشدا، وشترەکانیمان کڕیوە، ڕقی لێ هەڵگرتووین. هەمیشە خۆی مەڵاس داوە. بۆ ساتێکیش خافڵ نابێ. کاتێکە پێت ئەڵێم لەگەڵی مەگەڕێ، لە بەر ئەوەیە. ئەترسم داخی خۆیت پێ بڕژێنێ. قەدیری کەلایی خواداد دۆستی تۆ نییە، دوژمنتە. هەرچەند، خوا حەزبکات ساڵی تازە تووشی سەربازی ئەکەم. با دوو ساڵێک بیبەن و لە سەربازخانە بیبەستنەوە. بەڵام تا ئەو کارەم نەکردووە، ئەبێ ئاگات لێی بێ. بەتایبەت تۆ! چونکە تەنها لەگەڵ تۆ هەڤاڵەتی هەیە، لێی داببڕێ. ئەویش بە شێوەیەک کە نەی شەمزێنی. یەکێکیتریش، ڕەشەیە، عەبدولە ڕەش. بەڵام ئەو هیچی لەدەس نایەت. ئەوانیتریشم هێشتا باش نەناسیوە. هەر کەس کە پێت وایە کورتانەکەی خوارە، ئەبێ ئاگات لێی بێ. وڵات خەریکە ئەجووڵێ. مرۆڤ ئەبێ هۆشی خۆی دوو چەند بکات. ئەبێ زیاتر وریای خۆی بێ. توند دەس بە کڵاوەکەتەوە بگرە! من ئەم قسانە بۆ خۆم ناکەم. بۆ تۆمە، من بەشی خۆم ژیاوم. ئەوە ئێوەن خەریکن ئەبن بە پیاو. من بیر لەوە ئەکەمەوە ئاوی ئاغەیی بکڕم و پێی لەم قەڵاچیمەنە ببڕم. ڕەنگە بیخەمە قەڵماسک و هەڵیدەم بۆ چوارگوێشلی. با بڕوات بە کارەکانی تری ڕابگات. با بڕوات لە دەبیست پارچە ئاواییەکانیتریدا ئاغەیی بکات! ئەم قسەیە هەر لێرە ئەکەین بە ژێر خاکەوە. بەڵام ئەگەر بتوانین، ئەو کارەبکەین. واتە نیوەی زۆری ئاوی قەڵاچیمەن بکەین بە هی خۆمان، ئالاجاقی خۆ بە خۆ لێرە کلا ئەبێ و ئەو سێ چوار وردەمالیکەش بەرگە ناگرن. هەر ساڵێک کارێزەکە ئاوی کەم بێتەوە و وشکە ساڵیەک بە دوایدا بێ، ئەتوانین بە بیانووی دۆڵەساوکردن ئەو چکە چکانەیان لێ بکڕین. کاری سەرەکی من ئەمەیە. تا ماوم ئەمەوێ ئەمکارانە جێبەجێ بکەم و پاشان بمرم. ئەمکارانەش بۆ ئێوە ئەکەم. کاتێک ئەمبەن بۆ گۆڕستان،

ئەمەویٚ دڵنیابم کە خاوەنی قەڵاچیمەن، کوڕەکانی منن. بەر لە مردنم، ئەبیٚ ئەرخایەن بم کوڕەکانم چوونەتە ڕیزی دەستەی سوارەوە... بەیانیش یەکیٚک لە وشترەکانت سەر ئەبڕین. ئەوەیان کە لیٚرە ڕامگرتبوو. خەڵکی بە هەر بەدبەختیەک بووە بۆ نەورۆزیان پارەیەکیان خستۆتە لاوە. بەیانی زووش قوربان بەلووچ ئەنیٚرم بۆ گوندەکانی دەوروبەر، جاڕ بدات گۆشتی وشتر هەیە. هەر ڕانیٚکی ئەنیٚرم بە لایەکدا. شۆراو و زەعفەرانی و لەملاشەوە بۆ بناری ئوللەر. ئەوی کەشی هەر لیٚرە هەڵئەواسم و خۆم تا شەو ئەیفرۆشم. شەش مانگ ئەبیٚ خەڵکی تیٚر سکیان گۆشتیان نە خواردووە. شەوی جەژنە، ئەیکڕن. جگەر و پارچەیەک لە سینگەکەشی ئەدەم بە شیٚرۆ بیبات بۆ شار، بۆ ئالاجاقی!

ــ شار؟! شیٚرۆ؟

شەیدا، دەسبەجیٚ و بیٚ ئەڤان ئەو پرسیاری کرد، بەڵام بابقولی بە بیٚ ئەوەی بیخاتە خۆی، وتی:

ــ بۆ نەورۆز، ئاغە ئالاجاقی ویستوویەتی شیٚرۆ بچیٚ بۆ ئەویٚ و کاری ناوماڵیان بۆ بکات.

«بۆچی شیٚرۆ؟ مەگەر لەو شارە مەزنە، هی وەک شیٚرۆ کەمە؟ یان ماڵی ئالاجاقی نۆکەر و کارەکەری کەم لیٚیە کە ئەبیٚ لە قەڵاچیمەنەوە شیٚرۆی بۆ بنیٚرن. شیٚرۆی ئیتر لە کویٚ بینیوە و دڵی لیٚی چووە؟ خوشکەکەی عەلی کەلایی محەمەد ئیتر بەکاری نایەت؟ بردی بۆ شار، ماوەیەک ڕایگرت و پاشان پاڵی پیٚوە نا. ئەویش ڕووی نەبوو بگەڕیٚتەوە بۆ قەڵاچیمەن و چوو بۆ مەشهەد. گوایە شووی کردووە بە کابرایەکی میراو لە دەوروبەری خزنەکەی ئیمام ڕەزا ئەگەڕیٚ. عەلی کەلایی محەمەدیش لەوە بە دواوە زیاتر سەری شۆڕ بوو! خوشکی عەلی بەر لەوەی ئالاجاقی بیبات، تازە ببوو بە بیٚوەژن!»

ئەوەندەی شەیدا لە بەر خۆیەوە ئەدوا، ماهدەرویٚش لە ناو دەرگاکە دەرکەوت و وتی:

ـ شەیداخان، کا و پەمووەکەم لێکدا، کاری ترتان نییە؟

شەیدا هاتەوە بە خۆیدا و وتی:

ـ نەء، من کارم نییە، مەگەر باوکم...

بابقولی وتی:

ـ بە شێرۆ بڵێ خۆی بۆ بەیانی ئامادەبکات. کارەکانی بکا و خۆی کۆبکاتەوە؛ گەرما، سەرکارێزێکی هەیە بڵێ با بچێت. بەیانی لای نیوەڕۆ ئەبێ بکەوێتە ڕێ. یەکێکیشی لەگەڵ ئەنێرم. کاریترم نییە. بڕۆ! ئا... ئەم سفرەش کۆکەرەوە و بیبە خوارەوە.

ماهدەروێش لۆکانی سفرەکەی هێنایەوەیەک. قاپە بەتاڵەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت.

«رەنگە ئەڕواتەوە بۆماڵەوە.»

بابقولی وتی:

ـ چاوت نیشتووە، لەشیشت لەوە ئەچێ کوتراوە. هەڵسە بڕۆ بخەوە، بەیانی کارمان زۆرە.

شەیدا، لە خوای ئەویست، هەڵسا.

بابقولی وتی:

ـ خۆت ئامادە بکە سەری ساڵ سەرێک لە چوارگوێشلی بدەی و سەردانی پوور و پوورزاکەت بکەیت و هەواڵیانم بۆ بهێنیەوە.

شەیدا پارەی دارکێشان، کە لە ناو دەسرێکدا بەستووی بە قۆڵیەوە، لە بەردەم باوکیدا دانا و لە باڵەخانە چووە دەرەوە. لە بانیجە تێپەڕی و بە پلیکانەکاندا شۆڕەوە بوو. دایکی، هەروا بەئاگا بوو. شەیدا خۆی کرد بە ژوورەکەی دایکی دا و دەرگای لە پشت سەری داخست. چووە لای توربێنەکە و لە ناو وردەواڵەکاندا قوتوویەکی بچکۆلەی تەنەکەی دەرهێنا و دای بە نوورجیهان:

ـ بگرە! دەرمانی قاچیشە. لە عەتاریی شەریفان بۆم کڕیت. ئەیوت یەکاویەکە، مووزات ئەکات.

نوورجیهان لە بەر ڕووناکی فانۆسەکە سەیری قوتووەکەی

کرد و لە بن سەرینەکەی شاردییەوە و وتی:

ــ بۆ نەورۆز کراس و ئێلەکێکم بۆ دووریوی. لەوێ، لە ناو باوڵەکەدایە. با بۆتی بهێنم.

هێنای.

شەیدا، سەیری کرد و وتی:

ــ جوانە.

ــ جووتێک پووزەوانەشم داوە بۆت بچنن. سێ ڕەنگە ها. پووزەوانەکان تۆکمە و جوان چنرابوون.

ــ ئا ئەمەیانم زیاتر بەدڵە. نەخشەکەی کوردییە!

ــ شێرۆ چنیوێتی.

شەیدا، بێدەنگ بوو. پاشان وتی:

ــ زۆر جوانی چنیوە. زەوقی تیا بەکار هێناوە. بە ڕاستی! باوکم ئەیەوێ شێرۆ بنێرێ بۆ شار. بۆ چی؟

ــ ئالاجاقی ویستوویەتی. شێرۆی دیوە و پەسەندی کردووە بڕوات کاری ناوماڵی بۆ بکات!

شەیدا، لەوە زیاتری نەپرسی. بەستەیەکی لە توربێنەکە دەرهێنا، دایە بن باخەڵی و وتی:

ــ من ئەڕۆم بۆ دەرەوە. زنجیری پشت دەرگاکە دامەخە. ئەسڵان و باوکم نەزانن لە دەرەوەم. پەیامێکی گوڵمحەمەدم هەیە ئەبێ بیدەم بە خوشکەکەی. لەم مەڵحەمەش ئەمشەو بدە لە قاچت بزانە چۆنە.

نوورجیهان هیچی نەوت. خۆی ئەیزانی وتن سوودی نییە. شەیدا ئەڕۆیشت، چونکە ئەیویست بڕوات. ڕۆیشت. ئارام و بێدەنگ، وەکوو پشیلە بە قەراخ دیوارەکەدا ڕۆیشت. دەنگی دەرگاش نەهات. ئەبێ پێی نابێتە ناو کۆڵان. پێی نابوو.

کۆڵان ڕۆشن بوو. ئاو، بە تەنها ئەڕۆیشت. تەنها و دەم بە پێکەنین. ڕیزی شەقەبی، ئارام و خۆگر، جار جارە سەر و گوێیەکیان لە بەر سروەی با ڕائەوەشاند. تا ماڵی ماهدەرویش

ئەوەندە نەبوو. بەڵام سەرەتا ئەبێ بچێ بۆ پەنای ماڵی پووره سەنەما و گوێ هەڵخات. ماهدەروێش ئەبێ لەوێ بێ. هەموو ئەبێ لەوێ بن. گۆدەرزی بەڵخی و قەدیریش. بەڵام شەیدا ئەمشەو نەی ئەویست بیان بینێ. بەس ئەیویست بزانێ ماهدەروێش لە ماڵی پووره سەنەمایە یان نا؟ خۆی گەیاندە پشت دەرگاکە و گوێی هەڵخست. دەنگی ماهدەروێش نەئەهات، بەڵام گفتوگۆکان ئەوەیان ئەگەیاند کە ماهدەروێش لەوێیە. گورج! شەیدا ئەبوا بە پەلە خۆی بگەیەنێ. تیژ و نەرم خۆی گەیاند، بە دیوارەکەدا هەڵکشا و بە کپی شێرۆی بانگ کرد:

ــ شیرۆ! شێرۆ!

شێرۆ هاتە دەرەوە و بە ترسەوە، لە ناو تاقی دەرگاکە تۆزێ وەستا و سەیرێکی دەوروبەری کرد. شەیدا، بەستەکەی لە بن باخەڵیدا شاردبوویەوە، بۆی هەڵدا و وتی:

ــ رووسەری هەورێشمە. لە شار بۆم هێناوی. هەڵیبگرەوە. من ئەبێ بڕۆم. پەیامێکم لە لایەن دایکیشتەوە بۆ هێناوی. بەیانی پێتی ئەڵێم. شێرۆ شتێکیتر، ئەیانەوێ بەیانی بتنێرن بۆ شار! مەڕۆ. بڵێ ناڕۆم! ڕۆژت ڕەش ئەبێ شێرۆ، مەڕۆ!

شێرۆ. هێشتاش هەروا بە حەپەساوی لە بن تاقی دەرگاکەدا ڕاوەستابوو. وەکوو تارمایی. باڵا هەڵکشاو، باریک و مەنگ. ئەتوت خەو ئەبینێ! وا مەزانە زمان لەدەمیدایە.

ڕاماو و داماو! دەرکەوتنەوەی لەپڕی شەیدا هەراسانی کردبوو.

ــ رووسەرییەکەت هەڵگرەوە! من ئەبێ بڕۆم.

شێرۆ، دانەوییەوە، بەستەکەی لە بەرپێیدا هەڵگرتەوە و سەیری سەر دیوارەکەی کرد. شەیدای لێ نەبوو!

دالانی کۆنە قەڵا، تاریک و خامۆش و درێژ بوو. شەیدا بە خیرایی لە تاریکی ناو دالانەکە تێپەڕی و بای دایەوە بۆ مەیدانی لای گەرماو. سەری کە هەڵێنا، ماهدەروێش لەبەردەمیدا بوو.

لەپڕ لە عەرزەکە هەڵقولاو بوو!

«چ زوو! چ زوو لە ماڵی پوورە سەنەما هەڵساوە؟!»

بۆ ساتێکی کورت، هەر دووکیان پێیان سست کرد. دەسبەجێ ئەتوت دیوارێک قەڵەشیوە. تێپەڕین. شەیدا بە شەرمێکی ئاوێتەی ترس و ماهدەرویش بە غەمێکی خەجاراوییەوە. ماهدەرویش لە تاریکی ناو دالانی کۆنە قەڵادا قووت درا. دەنگی زنجیر، لە دەرگا. شەیدا، بۆ لای دەنگەکە سووڕایەوە. شتێک ئەوی بە شوێن ماهدەرویشدا ڕاکێش ئەکرد. بە سێبەری بن دیوارەکەوە بە دوایدا خزا و چووە ناو دالانەکە. دالان پڕبوو لە شەو. هێشتاش تا ماڵی ماهدەرویش بە ڕوونی دیاربوو. دەرگا کرایەوە و چووە ژوورەوە، دەرگا لە پشت ژن و پیاو داخرایەوە. شەیدا، خۆی گەیاندە پشت دەرگاکە. سایە بە سایەی دیوارەکە.

«ماهدەرویش، ئێستە لەگەڵ ژنەکەی چی ئەکات؟ چی لە ژنەکەی ئەکات؟ چی بە ژنەکەی ئەڵێ؟ چی؟»

هیچ . ماهدەرویش هیچی نەوت. کپ و خامۆش! شەیدا دەستی بۆ زنجیری دەرگاکە برد. بیانووی پەیام. پەیامی بلقیس بۆ شێرۆ، یان پەیامێک لە لایەن گوڵمحەمەدەوە. ئەوەی کە ماهدەرویش و شێرۆ، بە دڵ ئارەزوومەند و چاوەڕێی بوون. درۆیەک! ئەبوا شک و گومان لە دڵی ماهدەرویش بشواتەوە. بەڵام نەیتوانی. درۆکردن، خۆی جۆرێک چالاکی ئەوێ. شەیدا، ئەوەندە زمان چەور نەبوو. درەنگیش ببوو. ئیدی درەنگ ببوو و نەی ئەتوانی ماهدەرویش فریو بدات. ئەو ناچار بوو، بەڵام گەوج نەبوو. بگرە زۆریش وشیاربوو. بەڵام، وشیاری ناچار! دانی بە خۆیدا ئەگرت. بە ناچاریی، دانی بە خۆیدا ئەگرت. ئەیزانی و نەی ئەخستە خۆی. بۆیە، فریودانی ئەو، بە ساوێلکە زانینی ئەو کارێکی ژیرانە نەبوو. بۆی هەبوو جارِسی بکات؛ بیتەقێنێتەوە.

ڕەنگە مرۆڤ لە بەرامبەر ئازاری برینیدا خۆی ڕابگرێ، بەڵام ئەگەر ئەوەندە بە گەوجی بزانن بدەن بە گوێیدا: «خەیاڵی برین»

ئازاری ئەدا، خۆی پێ ڕاناگیرێ و ئەتەقێتەوە. بۆیە شەیدا دەستی لە زنجیرەکە بەردا و ویستی بڕوات. بەڵام دەنگێک ڕایگرت. خۆی لکاند بە دیوارەکەوە و گوێی تیژکرد. دەنگ لە پشت دیوارەکەوە، بە ئاستەم ئەبیسرا. سەرەڕای ئەمەش ئەو دڵەڕاوکەی دەنگی شێرۆی ئەلەرزاند، بە جوانی هەست پێئەکرا:

ـ وەرە لەم قەڵاچیمەنە بڕۆین، ماهدەروێش!

ـ ناتوانم.

ـ بۆ ناتوانی؟ خۆ دست و پێیان نەبەستووین؟

ـ بەستوویانە. قەرزاری بوندارم.

ـ ماینەکەت بدە لە بڕی قەرزەکەی.

ـ ماینەکەم پێشتر پێداوە. زستان ماینەکەی لێهەڵگرتم!

شەیدا، لەوە زیاتر ڕانەوەستا. سەری وەرگێڕا و گەڕایەوە، داڵان، مەیدان، کۆڵان. ئاوەکە هەروا ئەخزا و لەت و کوتەکانی مانگە شەوی لەگەڵ خۆی ئەبرد.

ـ ئا! ئاشنای خۆم. ئاخرەکەی هاتیتەوە؟! چاوم لە چاوەڕوانی تۆدا سپی بوو!

قەدیربوو. پشتی دابوو بە دیوارەکەوە، لەگەڵی ببوو بە یەک. تەنها ددانەکانی سپیان ئەکردەوە. شەیدا، هات بۆ لای. تەوقەیان کرد. پەنجە درێژ و ڕەقەڵەکانی قەدیر دەستی شەیدایان گووشی.

ـ هێشتاش شەوانە بێخەوی ئەدا لە سەرت؟

قەدیر وتی:

ـ بە هاتنەوەتم زانی. زڕانەوەی زەنگۆڵەی وشترەکان... ئەگەر لە خەویش‌دا بوایەتم، خەبەریان ئەکردەمەوە. لە ماڵی ماهدەروێشەوە دێیتەوە؟!

ـ ویستم بچم بەڵام درەنگ بوو، گەڕامەوە.

ـ ئا... نازانم چۆن بوو، ماهدەروێش ئەمشەو زوو لە لای چراکە هەڵسا؟! ئەو وەختەی تۆ نەبووی درەنگ ئەچووەوە بۆ ماڵەوە. کێشەری نەبوو.

ـ دیسانەوە دەستت کردەوە بە تەوس و تەشەر هاویشتن؟!
قەدیر، درێژەی دا:
ـ لالایش ئەمڕۆ چاوەڕێت بوو. وای دانابوو بۆ نەورۆز بێیتەوە... چ هەوایەکی ساماڵە. بەیانی تاوێکی خۆش ئەبێ.
ـ واپێ ئەچێ. زستانت چۆن ڕابوارد؟
ـ باش. زۆرباش، هەواڵی پوورزاکەت، نادعەلی ئەزانی؟
ـ نەمبینیوە. زۆر دەمێکە نەمبینیوە!
ـ ناتەوێ بڕۆی بیبینی؟
ـ رەنگە، ڕەنگە دوای نەورۆز.
قەدیر، بۆ ئەوەی شەیدا بە قسەوە بگرێ، وتی:
ـ ئاگاداری جیهەن خانی سەرحەدی، زمانی بۆ سەر باوکت درێژ بووە؟
ـ ئەو ئیتر بۆ چی؟
ـ پارەی تریاک! تریاکەکانی بازخانی ئەفغانی بە ئەمانەت داوەتە دەس باوکی تۆ. بونداریش کە لە لایەن ئالاجاقیەوە تریاکی وەرگرتووە، پارەی کاڵاکەی هێشتا نەگێڕاوەتەوە. لەم ماوەیەی تۆ لێرە نەبووی، جیهەن خان سەد جار تەتەری ناردووە بۆ پارەکە. بەڵام باوکت هێشتاش وەڵامێکی ڕوونی نەداوەتەوە. جیهەن خانیش قوشقی بووە و وتوویەتی خۆی دێ بۆ سەری بابقولی بوندار! ئەزانی خۆ ئەو بەلووچانەی سەر سنوور چ جۆرە مرۆڤێکن! خوێن بەرچاویان بگرێ، ئیتر هیچ نابینن. باوکی تۆ نێوانی لەگەڵ من خۆش نییە؛ تۆ لە زمانی منەوە پێی بڵێ پارەی ئەفغانەکان بداتەوە. ئەمانە، ئەگەر کەسێک دەسیان لێ بوەشێنێ، ئیتر دڵنەرمی و بەزەیی نازانین چیە. دێن ئاگری تێبەر ئەدەن و ئەڕۆن. هەر ئەم دارودەستەیە، تا ئەمڕۆ سەد بنەماڵەیان سەرگەردان کردووە. بە بابقولی بوندار بڵێ، پەلاماری هەر کەس ئەدەی بیدە. -خەڵکی وەکوو من هیچیان لەدەس نایەت- بەڵام بە کلکی شێر وازی نەکات. خەڵکی وەکوو بازخان و جیهەن خان بە لوولەی

برنەوەکانیان لەگەڵ مرۆڤ ئەدوێن!

شەیدا، وەڵامێکی شیاوی نەدیتەوە، بۆیە قەدیر جارێکیتر هەڵیدایەوە:

ــ لەگەڵ وشترەکان چیت کرد؟ لە ڕێگە باریان خوار نەکرد؟

ــ ئەروەنەم نەبردبوو. ئەو دووانەش... ئەی، پێکەوە ڕێکەوتین. ئەروەنەمان بۆ داشت ڕاگرتبوو.

ــ کەی بڕیارە سەری ببڕن؟

ــ بەیانی... پێموابێ.

ــ ئەم بەیانیە؟!

ــ وای ئەوت، باوکم.

لێوەکانی قەدیر، بەسترا. ئیتر هیچی نەوت. نەیتوانی هیچ بڵێ. دڵی لەپڕ سووتا. ئەتوت، درەوشێکی سوورەوەکراویان تێ چەقاند. شەیدایش ئیدی هیچی نەوت. نەیتوانی هیچ بڵێ. دیوارێکی بەردین، لە نێوانیاندا قەدیکێشا. شەرمێک لە گۆنا و ئێشێک لە دڵیدا، شەیدا کەوتە ڕێ. بە لای جۆگەکەدا، بە ژێر بیەکاندا، بەرەو ماڵەوە بوویەوە، قەدیر. سێبەرەکەی هەست پی ئەکرد. ئەیبینی. ئەیبینی کز ئەڕوا. ئارام ئەڕوات. دەنگی پێی نە ئەهات. ئەتوت ئەخوشێ. وەکوو سێبەرێک خۆی کرد بە درزی دەرگاکەدا و ون بوو. ئەتوت نەبووە؛ هەرگیز لە کۆڵان نەبووە.

سێبەرێک لە ناخی شەودا ون بوو، سێبەرێک لە ناخی شەودا مایەوە.

قەدیر، هێشتاش لێوی خۆی ئەگەست. خامۆش بوو و لە ناو خۆیا. هەستی بەتاڵبوون. شتێک لە ناخیدا ڕمابوو. ڕمانی دیوارێک بە سەر قووڵکەیەکدا:

«واتە ئەروەنە سەر ئەبڕن، ئەیکوژنەوە!»

قەدیر، وای دانابوو، بابقولی بوندار، ئەمساڵ وشترەکان نەکوژێتەوە. بەڵام کە دوانیانی ناردبوو بۆ لێڕ، قەدیری خستبوویە گومانەوە. قەدیر، لای خۆی پێی وابوو بابقولی چاوی بڕیوەتە داهاتی

بارکێشانی وشترەکان. بۆیە هیوای پەیدا کردبوو دوو سێ ساڵێک وشترەکان زیندوو ئەبن، تاکوو ئەو بتوانێ لانیکەم دەنگی زەنگیان ببیسێ و جارجارە قەد و بالایان سەیر بکات! دەربارەیان لەگەڵ شەیدا بدوێ و جار جارە دەست بە کلکی یەکیاندا بهێنێ.

بوون و نەبوونی وشترەکان، هەرچەندە لە بەتاڵبوونی گیرفانی، قەدیردا کاریگەر نەبوو، بەڵام بوون و نەبوونیان لە ورە و دەروونی قەدیردا زۆر کاریگەر بوو. بوونیان کوێرە ئومێدێک بوو، بەڵام نەبوونیان... نەبوونیان کۆتایی بنەماڵەیەک بوو. نەبوونیان؟! ئەمە بۆ قەدیر کوشندە بوو. نەبوونی هەر کامیان دەروویەکی لە قەدیر دائەخست:

«ئاخر بۆ ئەیانەوێ ئەو وشترەی کە هێشتا دوو پل گۆشتی پێوە نییە، سەر ببڕن؟ ئەمە چ جۆرە پەروارداریەکە؟ بە گەونی وشک و کا، خۆ وشتر قەڵەو نابێ! ئەبێ؟ نەء! جەللادن، ئەمانە!»

ئەم قسانە، ئەگەر ڕوو بە ڕووش بە بوندار بوترایەت، نەئەچوو بە گوێیدا. لە مەبەست تێ نەئەگەیشت و نەئەنیشت بە دڵیەوە. خاوەنی وشتر بوو و چی پێخۆش بوایەت لەگەڵ ماڵی خۆی ئەیکرد. قەدیر ئەمەی ئەزانی، بەڵام نەی ئەتوانی بە خۆی بسەلمێنێ. زۆر جار هەیە مرۆڤ بە زانین قانع نابێ. ئەزانێ کارێک بە ناچاریی جێبەجێ ئەبێ و ئەوەش لە دەست و ئەڤانی ئەو بە دەرە: ئەزانێ کە چارەی نییە، ئەزانێ ئەو ڕووداوە مسۆگەرە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ دڵ ئارام بکات. ئاوەزی کۆڵ ئەدا، بەڵام دڵی سوکنایی نایەت. ناو بە ناو و بە بێئەڤان شتێک لە دەرونیەوە بڵێسە ئەکێشێ. قیژە و هەرا بەرپا ئەکات. ئەهەژێنێ و ئەشەڵەژێنێ. لە کۆڵی نابێتەوە تا شێتی ئەکات! پەرێشانی! خوێی سەر بڕین! خوێی سەر بڕین!

قەدیر، پشتی لە دیوارەکە کردەوە و بە دوای شەیدادا ڕۆیشت. بە لای شەقەبیەکان تێپەڕی و لە بەردەرگای ماڵی بابقولی، لەنگەری گرت. دیوار لە کۆڵانەوە لە بالای قەدیر کورتتر

بوو. دەستی گرت بە لێواری دیوارەکەوە و چەناگەی خستە سەر دەستی و چاوی بڕییە ناو حەوشەکە. وشترەکانی، لە بەر تریفەی ڕووناکی مانگە شەودا، لە دەور سفرەی کا-پەمووەکە یخیان دابوو و کاوێژیان ئەکرد. ئەروەنە پشتی لە قەدیر بوو، سەرەڕای ئەوەش قەدیر ئەیتوانی کاوێژکردنەکەی هەست پێ بکات. قەدیر، خۆی پێڕانەگیرا. ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیشت. کۆڵانەو کۆڵان تا بەر دەرگای خۆیان، پەنجەی بردە ژوورەوە، ئەڵقە ڕێزەکەی دابەزاند و بە ئارامی چووە ناو داڵان.

ماڵ، لە خامۆشی شەوانەدا نووستبوو. تەنها پرخەی قورسی باوکی قەدیر، لە پشت دەرگاکەوە بەر گوێی ئەکەوت. سینەی خەفەبوو و هەناسەکێشانی لێ دژوار کردبوو. دەنگی هەناسەی ئەتوت، سیخەی مسی ژەنگاوییە. بەڵام قەدیر لەگەڵی ڕاهاتبوو. چوو بۆ هەمار، چرا پڵیتەکەی داگیراند و لە پشت کەنووەکە بە دوای شووشەی ئارەقەکەدا گەڕا. دۆزییەوە. دەری کێشا و لە بن دیوارەکە لە سەر قورسی دانیشت. ئەو و چرا پڵیتە و سوراحیەکەی. چیوپەمەکەی هەڵکەند و بە بێ پیاڵە نای بە سەریەوە. تاڵتر لە تامی ئارەقەکە، خودی قەدیر بوو. تیژتریش ڕەنگە. سوراحی دانا. ڕوخساری تێکنا و جگەرەیەکی داگیراند و پانایی سەری نا بە دیوارەکەوە. ئەبوا بیربکاتەوە، ئەبێ چی بکات؟ چی ئەتوانێ بکات؟ چی لە دەس ئەهات؟ تا چەندە ئەیتوانی هەنگاو هەڵگرێ؟ ڕێگەی کامە بوو؟ ڕەنگە ئەیتوانی نیو سیر ژەهر دەسخات و لەگەڵ نیو مەن ئاردی جۆ بیکا بە قەپاڵێک و بە شەو بیخاتە گەرووی ئەروەنە و ڕزگاری بکات؟! بەڵام، نا! دڵی نەئەهات. ئەیتوانی کراسەکەی بدڕێنێ، قوڕ بکا بە سەریدا و بۆ کوژرانی وشترەکەی کۆتەڵ بگێڕێ. بەڵام نەی ئەتوانی ئەروەنە بکوژێ. ڕەنگە ئەیتوانی خەنجەرێک بکا بە بەرپشتوێنیەوە بەیانی، وەڵامی کێرد بە کێرد بداتەوە؛ بەڵام بەرەنجامی ئەو کارە چی ئەبوو؟ ئەیهێنا؟ نەء! گەوجانە بوو و قەدیر گەوج نەبوو.

ڕەنگە ئەیتوانی بچێ بۆ لای بابقولی بوندار، لە بەردەمی‌دا چۆک دابدا و لێی بپاڕێتەوە بەو شەوی جەژنە ئەروەنە نەکوژێ! لە خۆی ڕائەبینی، بچێ و ئەو کارەبکات، بەڵام وەکوو ڕۆژ لای ڕوون بوو بوندار بە قسەی ناکات:

«ئەو بێ چاو و ڕووتر لەم قسانەیە. بێویژدانێکە نموونەی دەسناکەوێ!»

ئەی ئەبوایە چی بکات؟ نەی ئەزانی. ئەمەی نەئەزانی. بەڵام ئەیزانی ئۆقرە ناگرێ. قوومێکی‌تر. هەڵسا و سوراحی لە سووچێک دانا. چراکەی کوشت و دەرکەوتەوە. قنچکە جگەرەکەی هێشتا ئەسووتا. تاوێک لە بەر دەرگا نزمەکەی هەماردا وەستا:

«چ ماڵێکی چۆڵ و هۆڵە. وەکوو مزگەوت. درێخ بۆ مریشکێک. وردە وردە خەریکە ئەبێ بە کەلاوە. بەس کوندەبەبوویەکی کەمە!»

بە شوێن مانگە شەو، مانگە شەوی ڕەنگ پەڕیودا کەوتە ڕێ. هەنگاوی مەنگ، بە ناو دیوارەکانی حەوشەدا. لەملا بۆ ئەولا. بە دەور بیرەکەدا و بۆ سەرتەنوور. تارمایی دایکی لای تەنوورەکە بوو. باڵابەرز، ڕوومەت داگیرساو، برژانگ سووتاو. هاڵاوی تەنوور سەر ئەکەوت. لەو نانانە. هەر دانەیەکی بەقەد باڵای بووکێک. نانەکانی دایکی قەدیر، وێنەی نەبوو. قەدیر، دەستی‌دا لە لێوارەکە! ڕچابوو. گڵی پواو، داوەری. پوان! گەڕایەوە و بەرەو داڵان چوو. ئەمشەویش لەو شەوانە بوو! نەئەجووڵا، ئەتوت. ڕامابوو. چەقیو. چۆن ڕەهۆڵی لێ بدایەت؟ ڕۆیشت، لە داڵان تێپەڕی و چووە دەرەوە و بە کۆڵاندا کەوتە ڕێ.

دیسانەوەش کۆڵان! کۆڵان لە کۆڵاندا. پیاوێک بەرەو ڕووی ئەهات. کۆم و تێکشکاو. کێ بێ جگە لە عەباسجان؟ خۆی بوو. دەنگێک لە بن ددانی‌دا ئەجاورا. زەمزەمە بوو یان دژوێن، ڕوون نەبوو. نزیک بوویەوە. سەرداشۆڕاو، هەروا کە ئەڕۆیشت، وتی:

ــ بۆ کوێ بەم نیوەشەوە؟

ــ تۆ لە کوێوە بەم نیوەشەوە؟

بۆڵەی عەباسجان لە ناو داڵانەوە ئەهات. قەدیریش جنێوێکی تێگرت و ڕێی خۆی گرت. بۆ کوێ بچێ؟ شەو، شەو، نزیک ببۆوە، هەموو -تەنانەت مشتەرییە قیرسیچمەکانی سەنەماش- ئەبێ خەوتبێن. مەگەر سەمەدی توونچی. ڕەنگە ڕابووبێت. بەیانی ڕۆژی گەرماو بوو، ڕۆژی بەر لە نەورۆز. مشتەرییەکانی بەیانی هەموو نەخت بوون. ڕۆژانی نەورۆز دراو دەستاودەست ئەکات. هەر کەس هەرچی هەیە لە کون و قوژبنی مجری و باوڵ و هەوێشخان دەری ئەهێنێ و ئەیخاتە ڕوو. کۆتایی زستان، بە زرینگە زیرنگی دراو جەژن ئەگرن. مەیدانی جەژنی دراوەکان، سووچێکیش کاسە گڵێنەی گەرماودارە. کە وا بوو، گەرماوی بەیانی ئاوەکەی ئەبێ خاوێن و گەرم بێ. بۆیەش توونچی ئەبێ زووتر هەڵسێ و گوڵبێنەی تاو دا. وایە، توونچی بە ئاگایە و خەریکە ئاگر ئەداتە بن قازان.

بەم جۆرە بوو.

سەمەد بەخەبەر بوو و خەریکی پێکردنی کوورە بوو. لە بەردەم گوڵبێنەکەدا چیچکانی کردبوو و ئاورودووی ئەدا بە دەم ئاگرەکەوە. دووکەڵ، بنمیچە نزم و قورم گرتووەکەی پڕ کردبوو و قەدیر، کاتێک سەری بردە ژوورەوە، یەکەمجار کەسی نەبینی. گوڵبێنەوان، لە ناو دووکەڵدا ون ببوو و کۆڵەوژی لەو دارانە ڕائەدا کە نابووی بە ئاگرەوە. قەدیر، چووە بەرەوە و لە سەر تەختە بەردەکە دانیشت و خامۆش، لە ئاگرەکە مۆڵەق بوو. نە ئەو هیچی وت و نە سەمەدی گوڵبێنەوان. قسە نەبوو.

ئەم هاتن و چوونانە نە بۆ قەدیر تازە نەبوو و نە لەلای سەمەدی گوڵبێنەوان. قەدیر، ئەوسا کە بێخەوی وەڕەزی ئەکرد و دەستی لە هەموو کون و قوژبنەکانی قەڵاچیمەن دائەبرا، بەرەو توونی گەرماوەکە ئەبوویەوە و ئەبوو بە هاودەمی سەمەد. لای سەمەدەوە دانیشت و بە گوێرەی ئەو دارەتەی تێیدا بوو، شتێکی ئەوت، یان نەی ئەوت. سەمەدیش، بە گوێرەی کات، شتێکی

ئەپرسی، یان نەی ئەپرسی. قەدیر، لە هەموو دۆخێکدا، لە سەر تەختە بەردەکە دائەنیشت و چیلکە و گەونی ئەنا بە ئاگرەکەوە و سەیری ئەکرد تا چیلکەکە لە بەر چاویدا بسووتێت. قرچە قرچ گڕ بگرێت. دامرکێتەوە و ئەو، جارێکیتر تەڵە گەونێک بخاتە ناو گوڵبێنەکە. هەندێ شەوان، گوڵبێنەوانی ئەخەواند و خۆی تا کازیوە، ئاگری بن قازانەکەی گەرم ڕائەگرت. دەمەوبەیان سەمەد بەرەو گەرماو ئەچوو و قەدیر لە سەر جێگاکەی ئەو لێی ئەنووست. کاتی بەرچایی ڕائەبوو. ئەچوو بۆ گەرماو. سەروملی ئەشۆرد و دەرئەکەوت. بەڵام ئەمشەو، قەدیر لە هەموو شەوێک بێ ئۆقرەتر بوو. لە خۆی ڕانەئەبینی تا کازیوە بە لای گوڵبێنەکەوە خۆی ڕابگرێ.

چادانە ڕەش و گاوکراوەکەی سەمەد، لە قەراخ دەرگای گوڵبێنەکە، بە بەر بڵێسەی زەردی ئاگرەوە، هەڵواسرابوو و پیاڵە و ژێر پیاڵە هیسی لێ نیشتبوو. سەمەدی گوڵبێنەوان بە قەدیری وت:

ــ چا تێکە بۆ خۆت.

قەدیر، چادانەکەی لە بزمارەکە کردەوە. چای تێکرد و پیاڵەکەی بە مەبەستی دۆزینەوەی قەند، کشمیش، یان خورمایەک لە سەردەستی ڕاگرت. سەمەد، لە گیرفانی باخەڵی دوو دەنک سنجووی دەرهێنا و دای بە قەدیر:

ــ پاشان پیاڵەکە بشۆرە. دیسانەوش دەمت بۆگەنی ژەهری ماری لێدێ! تۆ ئاخرەکەی بە لاڵی ئەمری و ناتوانی ئەشهەدووەکەت بخوێنی!

قەدیر، لێوی بە بزەی نا بە پیاڵەکەوە. خواردی و پیاڵەکەی لە سەر خشتی بەر گۆڵبێنەکە دانایەوە و ناوکە سنجووەکانی تف کردەوە:

ــ بەیانی ڕۆژتە بۆ خۆت! هەقتە هەر لە ئێستەوە شیرین زمانی ئەکەی. کوڕەکانی بوندار ڕەنگە هەر کامیان گەلایەکی

پشت سەوز ئەخەنە ناو کاسەکەت! پێت وانییە؟

ـ ئەوی گەورە، کوڕە گەورەکەی کاتێک دەست ئەکا بە گیرفانیا، ئەڵێی دەس بۆ چزووی دووپشک ئەبات! ئەترسێ پارەکان بدەن بە پەنجەیەوە! بچووکەکە، شەیداش، حەزی لێیە پیاوەتی بکات، بەڵام دەستی لە هیچ کوێ بەند نییە! دەستیان لە دووکان بڕیوە. جگە لەوەش، نەورۆزی ئەمساڵ خۆ شەیدا لە قەڵاچیمەن نییە. ئەڵێن وا لە لێڕی شۆڕاو؟!

ـ هەهـ! خەیاڵت کردەوە. ئەمشەو هاتەوە. مەگەر ئەو ئەتوانێ لە دڵبەرەکانی دوور بکەوێتەوە؟

ـ دیسانەوەش دەست کردەوە بە باڵۆرە لێدان پشتەسەری ئەم و ئەو؟!

ـ باڵۆرە نییە؟ بە چاوی خۆم بینیم. چاوەکانم خۆ درۆم لەگەڵ ناکەن؛ ئەیکەن؟ تۆزێ پێش ئێستا بینیم لە ماڵی ماهدەروێش ئەهاتەوە. لە بەختی بەد، ماهدەروێشیش گەیشتبوو و شەیدای لە پشت دەرگای ماڵەکەیان بینیبوو. بەڵام ڕەبەنی قوڕ بە سەر، دیسانەوەش سەری حیزی داخستبوو، گوایە نەی بینیوە. من نازانم ئەم سەیدە چ جۆرە پیاوێکە؟ خۆ ئاگات لێیە بوندار خەریکە ژنەکەی ئەنێرێ بۆ شار؟ بۆ ماڵی ئەرباب! دڵنیام کاتێکە ئەم قسەی بە سەید گوتوە، سەید پێشی دانەچڵەکاوە! ئادەمیزادە ئیتر، خۆ گا نییە! واتە تۆ پێت وایە ئەو تێ ناگا؟ ئەگەر تێ ناگا، حەیفی ئەو چاو و گوێ، خوا پێی داوە. ئەگەریش تێ ئەگا و دەنگی دەرنایەت، حاشا لە غیرەتی!

ـ تۆ کوڕی خواداد، بە دەستێک دار ئەنێی بە ئاگرەکەوە و، بە دەستەکەی ترت ئاوی ئەکەی بە سەرا! بەڵام ڕاستت ئەوێ، ئەو ئاوەی ئەیکەی بە ئاگرەکەدا، زۆر کەمترە!

قەدیر، ئاوڕی بۆ لای دەنگەکە دایەوە. قوربان بەلووچ بوو لە سووچی توونەکە، لە دڵی دووکەڵ و تاریکیەکەوە، بە قسەکردن هاتە دەرەوە.

قەدیر پرسی:
ــ تۆ هێشتا نەخەوتووی، کوندەبەبوو؟
ــ ئەگەر بێداریش نەبووم، تۆ خەبەرت کردمەوە.
ــ چادانەکە، چای تیایە سەمەد؟
ــ خەریکم دێم بە لایەوە.
قوربان هاتە بەر گوڵبێنەکە و لە بەر ڕووناکی ئاگرەکەدا وەستا. سەر و قژی ئاڵۆزکاو، ڕیشی نەتاشراو و چاوی خەواڵوو. جاجمە بەلووچیەکەی دابوو بە شانیدا و خەریک بوو قۆپچەی ئێلەکەکەی دائەخست.
ــ بۆچی بەو جۆرە وەکوو ئاڵای جەژن بە سەر سەری منەوە وەستاوی؟
بەلووچ دانیشت:
ــ جگە لە غەیبەتکردنی خەڵکی خۆ هیچ کارێکیتریشت نییە!
قەدیر، پیاڵەیەک چای بۆ بەلووچ تێکرد و وتی:
ــ باسی ئاشناکەتم کرد، دای لە قوڕی بن گیوەکەت؟ بڵێم چی ئیتر قسەی هەق ڕەقە. قسەی حەق بنی کونە.
قوربان بەلووچ پیاڵەی چاکەی هەڵگرت و وتی:
ــ لە قەڵاچیمەن، تەنها ئەم قسەیە هەیە کە ڕاستە؟ پێغەمبەری ئێمە دیدەی ئەکرد بە نەدید! بەڵام تۆ... تۆ بەس دیوتە کوڕی بوندار لە ژێر دالانی کۆنە قەڵاوە دێتەوە. هەر ئەوەندە! کەچی دانیشتوویت و قسە دەرئەهێنی گوایە لە لای دڵبەرەکەیەوە گەڕاوەتەوە. ئاخر تۆ لە کوێوە لێت مسۆگەر بوو شەیدا لە ماڵی ماهدەروێش و لە لای ژنەکەی ماهدەروێشەوە هاتبێتەوە؟ دیسانەوەش ناتوانی گوناحەکەی بگریتە ئەستۆ و بڵێی لە دڵداریی گەڕاوەتەوە. تۆ چووزانی پەیامێک، ڕاسپاردەیەکی لە باوکیەوە بۆ ماهدەروێش نەبردبێ؟
قەدیر، بە نەرمی پێکەنی و وتی:

ــ تۆ باش بوو ببی بە ڕەوزەخوێن! چیت پێ بڵێم؟ ئەگەر قسەیەکی توند بدەم بە تەنگەتدا، لێم زیز ئەبی. ئەگەریش هیچت پێ نەڵێم دڵم ئەتەقێ. تۆ بەلووچ! ئەزانی بۆچی لە سەر ماهدەروێش ئەکەیتەوە؟ لە بەر ئەوەی جاروبار کە سەرما ئەترچێنێت، ماهدەروێش ڕێگەت ئەدات بخزێتە ژێر قورسیەکەیان و شێرۆش مەنجەڵێ دۆکوڵیوو و دەوری هەڵوات بۆ دائەنێ. حەقیشتە. هەرچی بێ ئەبێ بە جۆرێک چاکەی نان و نمەکەکەیان بدەیتەوە. ئەوان، ژن و شوو بۆ تۆ خراپ نەبوون.

ــ ئەم ژن و شووە لەم قەڵاچیمەنە بۆ کی خراپ بوون؟ بۆ تۆ؟ لە لایەکەوە کوڕی بوندار سەرخۆش ئەکەی و ئەیبەی بۆ ژێر قورسیەکەی ماهدەروێش و لە لایەکەوە ماهدەروێش تیژ ئەکەیتەوە، ئاگای لە ژنەکەی بێ! ئەو شەوەی وا شێتت کرد، هێشتاش لە بەر چاومە. خۆت شوێنێکیترت ئەسووتێ و ژەهرەکەت بە یەکێکیتر ئەڕێژی.

قەدیر بۆ ئەوەی قسەکە وەرگێڕێ، وتی:

ــ چاکەت بخۆرەوە! من هیچ کوێم بە هۆی هیچەوە ناسووتێ! چاکەت بخۆرەوە.

قوربان بەلووچ، سنجوویەکی لە سەمەد وەرگرت و خستیە دەمی. چا ساردەوە ببوو و بە قومێک هەڵیلووشی. قەدیر، لە بەلووچ ، کە ئارام ببوو، پرسیاری کرد:

ــ بوندار ئەیەوێ ئەروەنە سەرببڕێ، ڕاستە؟

قوربان. پیاڵەکەی دانایەوە و وتی:

ــ ڕاستە!

قەدیر، بە مایەیەک لە خزمایەتی کە لە شێوەی قسەکردنیەوە دەرئەکەوت وتی:

ــ تۆ خۆت بەلووچیت، قوربان. لە ناو دەست و پێی وشتردا گەورە بووی! شێوە و شێوازی وشتری بارکێش و وشتری پەراویش باش ئەزانی. تۆ بۆ بە بوندارت نەوت با ئەو کارە نەکات؟ باش بوو،

ڕوونی بکەیتەوە! بەیانی بەهارە. ئەتوت وشترەکان بەرەڵڵا بکات لە بیابانی خوادا بلەوەڕن و ساڵێکیتر، کاتێک کە پەردەیەک گۆشتیان پێکەوەنا، یەکیان سەر ببڕێ. خۆت خۆ لە من شارەزاتری. ئەو گۆشتەی بە ئیسقانی ئەروەنەوە لکاوە، ئێستە ناخورێ. کۆنە، وەکوو چەرمە. دوو ڕۆژیش لە سەر ئاگری دابنێی، هێشتا ناکوڵێ! ئاخر ئەم بابقولی بوندارەی تۆ چ پیاوێکە؟! خەیاڵی چی داوییە لە سەری؟ خۆ ئەو پێویستی بەوە نییە گۆشت فرۆشی بکات! ئەی چی؟ بەس ئەیەوێ شارەگەکانی من ببڕێ؟ ها؟

دەنگی قەدیر، وردە وردە ئەکەوتە لەرزین. قوربان بەلووچ، ئەبوا خۆی لەو مشتومڕە بدزێتەوە. ئەو نەئەبوا بە لایەنگری بابقولی بوندار، ناودێر بکرێ. بۆیە، بە نەرمی وتی:

ــ بڵێم چی! ڕەنگە پێویستی بە پارەکەی هەبێ. چووزانم. ڕەنگە ئەیەوێ ئاو و زەوی خوشکەزاکەی لە چوارگوێشلی بکڕێ؟

قەدیر وتی:

ــ ئێستە بۆم دەرکەوت!... کە وابوو پارەی تریاکەکەی بازخانی ئەفغانیشی هەر بۆ ئەم مەبەستە لە لای خۆی ڕاگرتووە و نایداتەوە بە خاوەنەکەی.

قوربان بەلووچ وتی:

ــ تۆ ئەم هەواڵانە لە کوێوە دەس ئەخەی، کوڕی خواداد؟

قەدیر وتی:

ــ هەواڵی خۆش بڵاو ئەبێتەوە. بەس گوێی مرۆڤ ئەبێ لە سەر ڕێی با بێ. با ئەم هەواڵانە ئەهێنێ. تۆ پێت وایە ئەم شتانە تا سەر شاراوە ئەبێ؟!

سەمەدی توونچی بە تەوسەوە وتی:

ــ چاوت لێ نییە قەدیر بە ڕۆژ و بە شەو ئارام و ئوقرەی نییە؟ هەر ئەم چاو و گوێ کراوەیە لە دەنگوباسی بن لێفەی ئەم و ئەویش ئاگاداری ئەکات!

قەدیر وتی:

ـ هەر ئەمشەو، دیسانەوەش بە شەیدام گوت. گوتم بوندار خەریکە خراپە لەگەڵ خۆی ئەکا، یاری بەم بەلووچانە ئەکات. تۆ خۆت بەلووچی، ئەزانی کە ڕق و قینی پیاوی بەلووچ، وەکوو ڕق و قینی وشترە. خامۆش ئەبن. دەنگ ناکەن. بەڵام لەپڕ کەف ئەچەڕێنن و نەعرەتەیان ئەگاتە ئاسمان. ئەوسا ئیتر، خواش ناناسن. پەیامم بۆ بوندار نارد لەو جۆرە کەسانە بترسێ. لە شتێکی تریش ئەترسم قوربان خان!

ـ ئیتر لە چی؟

ـ خۆت ئەزانی تۆیش یەکێکی لەوانەی شمەک لە پیاوەکانی جیهەن خان وەرئەگرن. لەوە ئەترسم تۆڵەی پیاوەکانی جیهەن خان داوێنی تۆیش بگرێتەوە!

قوربان بەلووچ وتی:

ـ ئەوە نییە، لەبری ئەو کارەی کە ئەیکەم زۆر برا بەشم؛ ئەشبێ داخی خۆیان بە منیش بڕێژن!

سەمەدی توونچی وتی:

ـ بەلووچ دەس لە بەلووچ ناوەشێنێ.

قەدیر وتی:

ـ تۆیش شتێکت بیستووە! کاکەگیان، بەلووچمان هەیە تا بەلووچ. قوربان لە بەلووچەکانی ڕێگەیە، لای زاهیدان و سنووری پاکستان. بەڵام جیهەن خان و پیاوەکانی هی ئەم سنورەن، لای سەرەخس و ئەو ناوە. سنووری ئەفغانستان. ئەمانە دوو هۆزن. هۆزی تریش هەیە. هەندێ جار ئەبێ بە شەڕیان پێستی سەری یەکدی بە زیندوێتی ئەگروون!... بۆ وێنە دایکی ئەم وەستا مووسای لای بونداریش بەلووچ بوو. بەڵام لە خێڵێکیتر. لە کەللەی سەرەخسەوە. تا کلکی چابەهار بەلووچی لێڕژاوە. هەر خێڵێکیش ناوێکی بۆ خۆی هەیە. وانیە قوربان خان؟

ـ با! وایە.

قەدیر وتی:

ـ لە مەڵبەندەکانیتریش تاق و تەرا لەم ڕەوەند و لەو گوندددا پەیدا ئەبن، کە هەموویان پاشماوەی ساڵانی قات و قڕین. باوک و دایکەکان لە برسێتیدا قڕ بوون؛ ئەو منداڵانەش کە ماونەتەوە لە ماڵی ئەم و ئەو، بە قەراخە نانی بەرسفرە گەورە بوون. جگە لەمەیە، قوربان خان.

ـ با، وایە.

ـ بۆ وێنە خودی قوربان خان!

ـ نا! من نا. باوک و دایکی من کە مردن، وشترێکیان بۆ بەجێ هێشتم. تا ئەم پێنج شەش ساڵەش بە وشتری خۆم هێزمم ئەکێشا. بە قەراخە نانی ئەم و ئەویش گەورە نەبووم! کاتێکە وشترەکەم مرد کەوتمە کرێکاری. ئێستەش نانی ڕەنجی خۆم ئەخۆم. دەردی تۆ چیە و مەبەستت لەم قسانە چیە؟

قەدیر، دابەزی. پاشان سەری هەڵێنا و سەیری قوربان بلووچی کرد و پرسی:

ـ بڕیار وایە ئەروەنە لە کوێ سەر ببڕن؟

ـ لەبەر دەروازەی کاروانسەرا.

قەدیر پرسی:

ـ تۆ؟!

قوربان بەلووچ، وتی:

ـ من!

قەدیر، هەڵسا.

سەمەدی توونچی وتی:

ـ لە سووچێکەوە ڕاکشێ، بخەوە. بۆ کوێ ئەچی، بەم ناوەختە؟

قەدیر، باڵەکانی جاکەتەکی کۆکردەوە و بەرەو دەرگاکە چوو:

ـ ئەبێ بڕۆم. ئەبێ بڕۆم. بەیانی ئەبێ باوکم بهێنم بۆ گەرماو. خوا حافیز، ئەبێ بڕۆم!

ـ بەخێر هاتی!

دانەوییەوە و لە دەرگای توونەکە چووە دەرەوە؛ بەسینەی هەورازەکەدا سەرکەوت و لە کۆڵان، لای جۆگەکە وەستا. شەو، لە نیوە تێپەڕیبوو و مانگیش خەریک بوو دائەچوو. کۆتایی شەو. تاوێکی ماوە کازیوە بدات. ئەستێرەبارانی شەوێکی ساماڵ. ئەستێرە ئەتوت خەریکن دائەکەون. گەش و بە ورشە. لە چاوی گریاودا، بریسکەیەک هەیە؛ درەوشانەوە. گریان، چاوەکانی شۆردووە. پاقژ. چاوی گریاو، پەرداخ ئەبێ. گەش و ڕووناک. گەردی غەمی، لە سەر نییە. ئاسمان ئەمشەو، ئەتوت بە ئەسرین شۆراوە.

قەدیر، دیسانەوە ڕاکێشرا بۆ پەنای دیواری ماڵی بابقولی بوندار. بن دیوارەکە. دەستی خستە سەر لێوارەکە. چەناگەی خستەوە سەردەستی و چاوی بڕییە وشترەکان، یەکیان، هەروا لە سەر سفرەکە خەوتبوو. یەکیان، تۆزێ چوو بوو بەولادا و ئەروەنە بە پێوە بوو. چۆکی بەسترابوو و لە سەر سێ پێ، لای گەونە هەلچنراوەکانی بن دیوارەکە وەستابوو و دڕکی ئەخوارد. قەدیر، نەرم و چالاک و بێ خشپە، وەکوو پشیلە، خۆی بە دیوارەکەدا هەڵکێشا و لە سەر پەنجەی پێ، لە سەر لێواری دیوارەکە چیچکانی کرد و کلۆیەکی بۆ ئەروەنە هاوێشت. ئەروەنە لای کردەوە و سەیری قەدیری کرد. قەدیر مووچ مووچی بۆ کرد. خاوەن ناس بوو. هات بۆ لای قەدیر، لە نزیکیەوە وەستا و، ملی بە دیوارەکە خوراند. قەدیر پەنجەی هێنا بە کاکۆڵی تەنکی وشترەکەدا. ئەروەنە قەپۆزی بەرزەوە کردەوە و بەرازەی دا لە پەنجەی قەدیر و بۆنی کرد. وشتر، بۆنی قەپاڵی لە سەرپەنجەکانی قەدیر هەڵئەلووشی. خۆزگە قەپاڵێکی بۆ دروست بکردایە و بۆی بهێنایەت!

خزایە خوارەوە و ڕۆیشت. قاپێک ئارد و تۆزێ ئاو. قۆڵی هەڵکرد. شێلانی هەویرەکە دژوار نەبوو. بە تاریکیش ئەکرا، قەپاڵەکەی لە ناو قاپەکە هەڵگرت و لە ناو دەستیدا خڕی کرد.

ئامادەبوو. هاتەدەرەوە. ڕێگە کورت بوو. سواری دیوار بوویەوە. ئەروەنە هاتەوە بۆ لای. قەدیر قەپاڵەکەی کرد بە دووکوتەوە؛ نیوەکەی کرد بە نیوە و، خستیە دەمی وشترەکەوە.

بۆنی هەویر، وشترە خەوتووەکانی هەڵسان و بەرەوە قەدیر هاتن. دەستی قەدیر ئەوا لە دەمی وشترەکانیدا بوو. نواڵە تەواو ببوو و وشترەکان پەنجە ئارداویەکانی قەدیریان ئەلستەوە. کار تەواو. بەڵام قەدیر ئەیزانی حەز ناکا لە دیوارەکە بچێتە خوارەوە. دڵی نەئەهات وشترەکانی بەجێ بهێڵێ. ئەگەر بەو بوایە، ڕەنگە خۆرهەڵات لای وشترەکانی ئەمایەوە. بەڵام بەو نەبوو. ئەگەر یەکێک لە بوندارەکان بیبینیایەت، بەس بوو بۆ ئەوەی تاوانی دزی بخەنە پاڵی. بوندار خۆ لە کەس و شت باکی نەبوو. چی پێ خۆش بوایە بە قەدیرەوەی ئەلکاند. بەڵام قەدیر، ئەوەندە وریا بوو نەهێڵێ کلکی ببێ بە تەڵەی بێ چەشەوە. تا ئێرەش، بە گومانی خۆی زێدەڕەوی کردبوو. نەیتوانیبوو لەغاوی خۆی ڕابکێشێ. جارێکیتریش دەستی هێنا بە کاکۆڵی وشترەکاندا و لە دیوارەکە دابەزی. دەنگی دەرگای دیوەخان! قەدیر لە دەنگی پێ و کۆکەی بونداردا، پشیلە ئاسا بە قەراخی دیوارەکەدا، نەک بەرەو ماڵەوە، چونکە قاچی نەی ئەبرد؛ بەرەو کاروانسەرا چوو.

ڕێ دوور نەبوو، درێژی جۆگەلەکە و پاشان کاروانسەرا.

کاروانسەرای کۆن، لە سەر سینەی گردەکە، لە بەرزایی قەڵاچیمەن دانیشتبوو. کۆن، ڕووخاو، ماندوو. پاڵەوانێکی پیر. پەیکەرێک بە کڵاو خوودی ئاسن و سینەبەندی تەنەکەوە. بە بێ نێزە، بە بێ ئەسپ، بە بێ شمشێر، دەست شکاو و قاچ بڕاو. قەل، گلێنەی چاوەکانی لە کالانە دەرهێنابوو. سەرەڕای ئەوەش پێداگر و خۆڕاگر ڕاوەستابوو. ئەتوت نە پاسی سپا، بەڵکوو پاسداری لە بوونی خۆی ئەکا. ناوی بەتاڵ و دەری وێران. تاق و کۆڵەکەی خۆرکەی زەمانە لێی دابوو.

گەورە نەبوو، کاروانسەرا. بچکۆلانە و چەند تاق و کۆڵەکە

و هۆدە. شکاو، پووکاو، داماو. خانێکی داخراو بوو. نە مەنزڵگەی ڕێبواران و کاروانیان. شوێنی کڵاوبازان بوو، ئێستە. داپۆشراو، ون. ڕەشی بە سەر ڕەشایی‌دا فەرمانڕەوا بوو. جێگەی مار و مێروو. پیس. تەنانەت، سێبەری ڕمۆکی شەویش، لە شەوەزەنگی نووتەکی‌دا ڕێگای نەبوو. مانگ، ئیتر نەبوو. شەو لە سەر شەو کەڵەکە ببوو.

قەدیر لە سەر سەکۆکە دانیشت. پەنابوو. تاقی خانەکە، پەنا با. چۆکی لە ناو ئاڵقەی قۆڵ، پشتی کووڕ و چەناگە لە سەر کەشکەی ئەژنۆ، خێسەی لە شەو ئەکرد. چاوەکانی، دوو شیشی ڕەشی ئاسن. سارد و ڕەش . گۆڕ.

لە پشت کاروانسەرا، سەرقەبرانی قەڵاچیمەن بوو. دایکی قەدیریش لەوێ بوو. هەڵسا. خەڵکی شەوی جەژن ئەچن بۆ دیداری میوانانی خاک! لە دیوارە قەڵەشیوەکەی کاروانسەراوە چووە دەرەوە. گۆڕستان، لە لێژایی گردەکەدا بوو. دوو هەنگاو بوو. بەڵام، نەء، پێی سست کرد. نەء! سەردانی نەگەرەک بوو. بۆچی؟ دڵی تاریکتر ئەبوو. پەژارەی پەڕەگرتر. پیاو بە پێی خۆی پێ ناخاتە ناو ماڵی غەمەوە! پەژارەی دڵ، پیاو ئەباتەوە بۆ سەردەمی مناڵی:

«دڵت بۆ خۆت نەسووتێ قەدیر! دایک مردووە، باوکیش ئەمرێ، تۆیش هەرووەها! مرۆڤ و مردن، دوو دوژمنن لە ژوورێکدا پێکەوە ئەژین. لە لەشێکدا. بگەڕێوە. بەس دڵسووتاوان شین بۆ خۆیان ئەگێڕن. مەهێڵە لەوە زیاتر بژاکێی. بگەڕێوە!»

گەڕایەوە. بە ناو گیاکەڵەی وشکەڵاتوودا، چووە بن ڕووکاری دەرەوەی کاروانسەرا: کوشتارگە! ناودەرگایەکی تەنگەبەر، لە ناو گیری دوو دیواردا. برۆی تاق شکابوو. بریسکەی ئەستێرەیەک دیاربوو. بەیانی ئەروەنە ئالێرەدا ئەکوژنەوە. تەنوورەی دووکەڵی نەڕەی بەیانی ئالێرەدا ئەچێ بە حەوادا. خەڵکی ئالێرە خڕ ئەبنەوە. چاوەکان بەیانی ئالێرەدا، مۆلەق ئەبن. قەدیر، بەیانی ئالێرەدا پیر ئەبێ!

جارێکیتر، لە سەر سەکۆی بن تاقەکە دانیشت. جگەرەیەک. سەری، چەند قورسە! تەزێکی ئازار بە لاجانگیدا گەڕا. نەشەییەکەی ئەبێ پەڕیبێ. شەو ئەبێ تەواو بووبێ. بەیانییە ئەوسا کە هەڵم کەللە گسک ئەدا. بەیانی نەیشاپوور، ئەبێ ڕابووبێ. سروە، سروەی دەمەوبەیانی نەیشاپوورە.

هەڵسا، قەدیر. پشتی ڕاست کردەوە و سەیری ناوچەوانی تاغانکێوی کرد. لەوێ، باڵی شەو خورابوو. هێڵێکی ڕوون لە ئاسۆی ڕۆژهەڵات. سەیرێکی ئاسمان. بەتاڵ ببوو. ئەستێرەکان دەستیان لە کار هەڵگرتبوو! پەڕیو، فرسەق بە فرسەق. بیابان بە بیابان. کێوێکی سەهۆڵ، هەر ئەستێرەیەک. سارد و سپی. سپی و سارد. سپێدپەهنای نەیشاپوور.

قەدیر، بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ. دیسانەوەش پەنای دیوارەکەی، بابقولی بوندار. ڕێ، هەمان ڕێ. لەو بەر دیوار، ئەرووەنە، چۆک بەسراو، لە سەر سێ پێ ڕاوەستابوو و سەیری کۆڵانی ئەکرد، هەڵوەستەیەک. ئەمەیان بەدەس خۆی نەبوو. کەوتەوە ڕێ. ئەرووەنە بە دوایدا ناڵاندی. ئاوڕی دایەوە. بەلام نەء، لەوە زیاتر نەی ئەتوانی نیگای بکات. ڕۆیشت. پێی توندکرد و ڕۆیشت. ئەتوت هەڵدێ. لە شتێک هەڵدێ. نەی ئەویست چاوەکانی ئەرەووەنە ببینێ. نەی ئەویست خۆی لەو چاوەنەدا ببینێ. ئەو چاوەگەشانە. هەڵات. نەک هەڵێ. نەرمەتاو. شکاو و شپرزە. دەنگی دەرگای ماڵی بوندار. ئەبێ بابقولی بێ. نەء، ئەسڵان بوو. بوخچەی گەرما بە بن باخەڵیەوە. ڕابووی سەرلەبەیان؟ قەدیر، ڕووی وەرگێڕا. ئەسڵان نەی دیبوو. ئەبێ خۆی بگەیەنێتە ماڵەوە. بەڵام بۆچی؟ لەوێ چ باس بوو؟ هیچ! هیچ باس نەبوو. ماڵی چۆڵ و هۆڵ. قەدیر، دیسانەوەش لە هەماربوو. دیسانەوەش خۆی لە هەماربوو. خۆی لە خۆی نەبوویەوە. چرا پلێتەکەی داگیرساند. سێبەرەکەی، زل و کۆم و پان، وەک لێفەیەک، کەوتە سەر دیوار و بنمیچی هەمارەکە. سێبەرەکەی چ ترسناک بوو! قەدیر، چراکەی خستە

سەر شوێنەکەی. لێفە شڕەکەی کردەوە. پێڵاوەکانی داکەند و بە جلەوە چووە بن لێفە. پێویست نەبوو خۆی ڕووت بکاتەوە، بۆ خۆرهەڵاتن ئەوەندەی نەمابوو. بەڵام قەدیر، نەئەهاتەوە بیری لە کێی بیستووە:

«وشتر ئەگری، کاتێکە لە بن کێردا ئەیخەوێنن!»

بەڕاست قەدیر لە کێی بیستبوو:

«وشتر، ئەوسا کە لە بن کێردا ئەیخەوێنن، ئەگری!»

ــ قەدیر... قەدیر... قەدیر...

دەنگی کەلایی‌خوداد! شتێکی وەکوو خشاندنی دارێکی نیوە سووت بە بنی مەنجەڵدا. تووڕە، بێزار، پیر و، ماندوو بوو. دەنگدانەوەی زەنگۆڵەیەکی تەنەکە، بە ملی وشترەوە. ڕقەون و لە هەمان کاتدا، بێ ئوقرە. بە بڕو بیانوو و جەخراوی دەنگی باوکی وەک بڕبەن بوو. چڵک و کیمی تێدا بوو:

ــ قەدیر... قەدیر... خۆر دەرکەوێ، لە ناو گەرماو دەرزی هەڵخەی ناکەوێتە عەرز!

کوتراو و بێخەو، قەدیر لە بن لێفە هاتە دەرەوە. پێڵاوی لە پێ‌کرد، چاوی هەڵگلۆفی و لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

ــ دەنگت ببڕە، ئیتر! من نازانم کەی ئەیەوێ دەمی داخات، شەو ڕۆژی لێ ونبووە، مناڵ بۆتەوە! هاتم، ئەوا هاتم.

چووە دەرەوە. سروە. ڕەنگێگ سووکتر لە ڕەنگی گورگ. دیوار و دەر و خاک، شایەتی بەیانی. دەرفەتی وەستان نەبوو. قیژەی پیرەمێرد نەی ئەهێشت. چوو بۆ پشت دەرگاکە. دەرگا، داخرابوو. بە شەو هەمیشە، کەلایی خواداد، دەرگای لە سەر خۆی دائەخست. هەمان سەری شەو، بە قنەخشکێ تا پشت دەرگاکە ئەهات، ئاوان و دەسە شکاوە کۆنەکەی ئەخستە چاڵی پشت دەرگاکە. کیلۆن و شەوژەنی دائەخست و بە قنەخشکێ ئەگەڕایەوە و تا بن چەناگەی خۆی لە بن لێفەکە نوقم ئەکرد. ناسی بن زمانی نوێ ئەکردەوە و پانایی سەری ئەنا بە دیوارەکەوە و چاوەڕێی خەوی

ئەکرد. بەڵام قەدیر ئەیزانی، خەو چەن بە دەسقوچاوی سەردانی پیرە مێرد ئەکات. بۆیە هەمیشە، کوندە ئاسا، باڵی هێنابوویەوە یەک و تاقی تەنها، لە کەلاوەکەی دانیشتبوو. وریا و بێخەو، گیرۆدەی مۆتەکە و خۆف. بەسەرکردنەوەی ڕابردووەکان. ئاخر، تا کەی؟ بەڵام، کوانێ چارە؟ دەفتەرە کۆن و نیوە سووتەکەی هەڵئەدایەوە. هەڵئەدایەوە. گەردی لێ ئەتەکاند و ناوچەوانی مۆن، هەوڵی ئەدا نەخوێنەکان ساخ بکاتەوە، چی کردبوو؟ چی نەکردبوو؟ وشتر و وشتر. ڕێگە و شەو و کاروان. زەنگۆڵە و ئەستێرە و بەیان. بەیان و هەتاو و بیابان. ئێوارە و ڕێگەی شەو. زستان و کێو. کێو و سەرما. قەڵای ئیمامقولی. کیژی کورد. کراسی سوور و ددانی سپی. ڕەقەبواری باجگیران. خاکی ڕووس و عیشقاباد. کاروانسەرا و وشترەوان. ژنانی ئۆزبەک و ڕووس. خەنجەر و ئارەق و دەمانچە. سفلیس. گمیزی بەنەوش. حەکیمی ڕووسی. گەڕەکی ئەرمەنیەکان. ئاشنا. ماڵی عیماد. عیماد:

«بۆ خواداد، خاگینە ساز بکە!»

ژنی عیماد. خاگینە و هەنگوێن. تریاکیش خراپ نییە. ڤۆدکای ڕووسی. ئەمشەو لات و لووت وەکۆن! شەوانی بێ بەیانی، سەمای لەزگی. گارموون. چەقۆکێشان. نەڕە و عەربەدەی ڕووسی سەرخۆش. دیسانەوە، تورکمەنەکان! گەزلک و ئەسپ و حیلە. لەز و پەلە. هەراوهۆریا و ئاژاوە، بولشەڤیکەکان. لەپڕ چۆن هەڵقولان؟! چەپخوون. ترس و کۆڵدان. خۆف لە کۆڵان و لە شەقام. قڕکردن. لات و لووت هەڵدێن. بازرگانیش. سێدارە؛ دەوڵەمەندان. سنوور دائەخرێ! قاچێک لەمبەر، قاچێک لەو بەر. عیمادی قاچاخچی لە زیندان. ژنی عیماد ئاوارە.

«ئاشنا! ژنەکەم ئەدەمە دەس تۆ.»

ئەم بەرگەی دەفتەرەکە، لە چاوەکانی کەلایی خواداد دا هەمیشە، داخراوە. نەی ئەویست بیکاتەوە و بیخوێنیتەوە. نەی ئەویست بە زێڕ و خشڵ و وشتر و ژنەکەی عیمادا بچێتەوە.

ژنی عیماد، بێکەس و سەرگەردان لە مەشهەد بەرەڵڵا کراوە. ماشینی باری ئاڵمانی دێن و وشتر نرخی نامێنێ. کاروان پەروازە بوو. وشتر لە کەویر بەرەڵڵا بوو. لە "ڕەی" تا یەزد. لە یەزدەوە تا سەرەخس. خۆراکی وشتر بوو بە دڕک. نواڵە، کەم بوو. ئەگەر هەبوو بە وشترەوان ئەگەیشت. وشتر، پیربوو. پەروار بوو. پیر، مرد. پەروار، کوژرا. پێستەیەک بۆ خاوەنی مایەوە؛ چەق و ئێسقانێک بۆ سەگەکان و بەز و گۆشتیش بۆ نانداران. زەمانە، بە سەر چوو. سەردەمێک، خولێک بە سەر چوو. وشتر. دوورا بە عەرزەوە. پاشەکەوت کەوتە سەر ڕێی زەوی و کشتوکاڵ. ڕێگەی کارێزلێدان و چاندن. ڕێگەی کڕین و دروستکردنی گوند و کەم و زۆر پارە بە سوو. بۆ ئەوەی پارە، پارە بهێنێ. کشتوکاڵ بوو بە بناغە. بناغەیی‌تر. نان ئیتر، نەک لە ئەستۆی وشتر، لە زەوی ئەستێنرا. چارە، ڕوون بوو و وشیارەکان تێگەیشتن. بینییان و لاریان کردەوە. بەڵام، کەلایی خواداد، ئەمڕۆ، تێ ئەگەیشت کە دوێنێ وشیار نەبووە و هۆش یاری نەبووە! عەباسجان و قەدیر، ئەو ڕۆژانە تەندرووست بوون. بە ئاسانی جلگۆڕین، ئەیانتوانی هەوسار لە زەوی بچەقینن و پێمەڕە لە دڵی خاک ڕۆبکەن. ئەیانتوانی شاقەڵ بکەن بە بەر پشتوێندا و دەس بدەنە هۆگری هەوجاڕ. چ هەوساری وشتر بە شانەوە و چ داسی درەو بە دەستەوە. ئەیانتوانی. ئەیانتوانی. توانیبوویان! ئەگەر لەگەڵ زەمانە هەنگاویان هەڵبگرتایەت، قەدیر و عەباسجان ئەمڕۆ، ڕەنگە وا نەبوایەتن! بێگانە، دەست بەتاڵ و شپرزە. پەرێشان و داماو و دزێو. هەرگیز! هەرگیز وا نەئەبوون. قەدیر، زەقتر هەستی بەوە ئەکرد و، بەردەوام گلەیی لەوە ئەکرد کە نەکرابوو و ئەبوایە بکرێ:

ــ چاوەڕێی چی ئەکەی؟! بیکەرەوە، ئیتر!

کەلایی خواداد، کە لە پشت دەرگاکەدا، هەناسەی سوار ببوو، بە گلەییەوە وتی:

ـ مەگەر ئەو قفڵە خاوەن مردووە، بە ئاسانی ئەکرێتەوە؟! ژەنگی هێناوە، ئەم بێ پیرە! ئا... ها... خاوەن مردوو!

کەلایی خواداد، تەنانەت ئەو شەوانەش عەباسجان لە قەڵاچیمەن نەبوو، دەرگای لە سەر خۆی قفڵ ئەکرد. ئەمەش، کارێکی زۆر دژوار بوو. چونکە زۆر بە سەختی دەستی بە ئەڵقەرێزەکە ئەگەیشت. لەگەڵ ئەمەش، قنی ئەنایە سەر ئاوەنە شکاوەکە، قفڵی لە دەرگا ئەدا یان ئەیکردەوە. دەرگا کرایەوە، کەلایی خواداد، ئارەقاوی پاڵی دابوویەوە. قەدیر، پێی نایە ژوورەوە. بن باخەڵی باوکی گرت و کۆی کردەوە. کەلایی خواداد سەری نا بە دیوارەکەوەو وتی:

ـ چەند درەنگ بچین، قەرەباڵختر ئەبێ. قەرەباڵخ. لە نیوەرۆشەوە ئەبێ بە گەرماوی ژنانە... هەڵسە! هەڵسە برۆ لە شوێنێکی‌تر خۆت بدە بە عەرزا. هۆی... ناوی نەنگ! لەگەڵ تۆمە!

رووی لە عەباسجان بوو. عەباسجان، لە بن دیوارەکە، لای پاچکە دەرگاکەوە خەوتبوو.

قەدیر توانجی تێگرت:

ـ ترسای سەری جاشەکەت لار ببێ، ئەگەر هەڵسی و تەکانێک بە قنت بدەی و قفڵەکە بکەیتەوە؟!

عەباسجان، لێفەی لادا، چاوە ڕپیۆقاوییە نیوە قووچاوەکەی بڕییە قەدیر و وتی:

ـ ئەوەی کە لەترسی من دەرگای خانووەکەی لە سەر خۆی قفڵ ئەکات، خۆی با بیکاتەوە، ئەڵێی من دزم...

کەلایی خواداد وتی:

ـ زۆر چاکە. ئێستە هەڵسە و بڕۆ دەرەوە هەڵسە و نەگبەتیت لە سەرمان کەم کەرەوە. ئێمە ئەمانەوێ بچین بۆ گەرماو. یاڵڵا ڕابە!

عەباسجان، لێفەکەی دایەوە بە سەریدا و وتی:

ـ بڕۆن بۆ گەرماو، من چیم لە ڕۆیشتنی ئێوە داوە؟

کەلایی خواداد، توندتر بە سەریدا داخوڕی:

ــ پێویست ناکا تۆ لێرە بمێنی! هەڵسە بڕۆ ونبە! یاڵڵا!

عەباسجان وتی:

ــ مەگەر سەری براوت لە ناو ئەمماڵەدا شاردۆتەوە وا ئەوەندە خۆت گیڤ ئەکەیتەوە؟!

دەرفەتی ئەوە نەبوو چەلەحانێ لەگەڵ عەباسجان بکەن. کەلایی خواداد بە قەدیری وت:

ــ کلکی بگرە و فڕێی بدە دەرەوە!

قەدیر وتی:

ــ رابە، بڕۆ لە سەر شوێنەکەی من بخەوە، هەڵسە.

عەباسجان وتی:

ــ لە سەرەتای شەوەوە تا ئێستە جێگەکەم گەرم کردووە. ئێستە هەڵسم بچمە دەرەوە؟ تۆ بی ئەڕۆی؟

قەدیر وتی:

ــ جێی منیش گەرمە هێشتا. هەڵسە بڕۆ، یاڵڵا هەڵسە!

بەر لەوەی قەدیر چنگی لە لێفەکەی وەربدات، عەباسجان ڕازی و ناڕازی هەڵسا. جلیسقە و گیوەکانی هەڵگرت و بە جنێودان، خۆی کووڕەوە کرد و چووە دەرەوە.

کەلایی خواداد، ددانی لە چیرەوە هێناو وتی:

ــ خوا لە ناوت بەرێ، مایەی سەرشۆڕی!

قەدیر، کەواوسەڵتەکەی باوکی لە باوەڵەکە دەرهێنا و کردیە بەری. بوخچەی گەرماو کە باوکی ئامادەی کردبوو، دایە بن باخەڵی و لە بەر سینەی پیرەمێرددا چۆکی دادا. کەلایی خواداد، پەنجە ڕەشەکانی، دوو کۆڵەپەزی پیر، لە شانی کوڕەکەی گیر دا و خۆی دا بە کۆڵیدا. قەدیر، بوخچەکەی خستە پشت ملی خۆی و ژێرچەناگەی باوکی. دەستەکانی دایە ژێر ڕانی باوکی و گۆشت و چەق و ئێسقانی هەڵێنا و ڕاست بوویەوە. بۆ دەربازبوون لە چوارچێوەی دەرگاکە، ئەبوا دانەوێتەوە، دانەوییەوە. چۆکی

نووشتانەوە و تێپەڕی. ئەیزانی ئەبێ وەرگەڕێ و دەرگاکە لە دوای خۆیان قفڵ بدات؛ بەڵام بەر لەوەی ئەو ببزوێ، کەلایی خواداد وتی:

ـ قفڵ بابە، قفڵ!

قەدیر، لە بن قورسایی لەشی باوکیدا، قفڵی لە دەرگا دا و کلیلەکەی دایەوە بە پیرەمێرد و بەرەو داڵان و کۆڵان. کۆڵان ڕوون بوو. ڕوونتر لە ڕەنگی گورگ. لە بناری تاغانکێوەوە، سپیایی باڵی هەڵێنابوو و بە سینەی ئاسماندا ئەکشا. سروەی بەیان، تازەیی بەهاری پێ بوو و بە کۆڵانەکاندا بڵاوی ئەکردەوە. دەنگی وشکی کۆکەیەک لە پەنای دیوارەکەوە، قەدیری وەرسووڕاند. گۆدەرزی بەڵخی، لە قەڵەشی دیواری حەوشە هاتە دەرەوە. پاڵتاوە شڕەکەی دابوو بە شانیدا و بوخچەی گەرماوەکەی دابوویە بن باخەڵی و کڵاوی لار دانابوو. سڵاو و، بەڵخی شان بە شانی قەدیر و لەتەک کەلایی خوادادەوە، کەوتە ڕێ. چاک و چۆنی.

ـ باشم. تۆ چۆنی، بابی؟!

بەڵخی بە تەوسێکەوە وتی:

ـ ئەمڕۆ ئەیانەوێ چەقۆ لە ملی یەکێک لە کوڕەکانت بنێن، کەلایی! پێم وانیە زۆریش باش بی؟!

قەدیر لە بنەوە خێسەیەکی لە پاڵەوان کرد. بزەیەکی مڵۆزم سیلەی چاوەکانی بەڵخیان گنج کرد. کەلایی خواداد وتی:

ـ عەباسجان سەر ئەبڕن؟! ئەگەر ئەو کارە خێرە بکەن، هەم خۆی ئاسوودە ئەبێ و هەم بەندەی خوایش لە دەستی ڕزگار ئەبن!

بەڵخی وتی:

ـ ئەروەنە ئەڵێم: چەقۆ حەیفە بۆ عەباسجان! لە بیرمە سەردەمایەک وشترێکت بەقەد کوڕێکت خۆش ئەویست!

کەلایی لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ ڕۆژگارێک! ڕۆژگارێک! ئەو ڕۆژانە کوڕەکانیشم نرخێکیان

هەبوو!

لە کۆڵان بە لێواری ئاوەکەدا. ڕیزی شەقەبی و مراوییەکانی بابقولی بوندار. بیەکان ئەبێ چرۆیان کردبێ. مەگەر بەهار نییە؟ ئاوی بەیانی و مراوی مێلاو، هی تۆیش نەبن، هەر جوانن. بەڵخی، سەیرێکی ئاو و بیەکانی کرد و لە گۆ کەوت. دەرگای گەرماو بەرەو مەیدانەکە ئەکرایەوە. بەرامبەر بە دیواری کۆنە قەڵا. بە پلیکان ئەچوویتە خوارەوە. دوو باڵا. پلیکانی سواو. شێدار و خوار. چرا پڵیتە ڕێگەکەی ڕوون ئەکردەوە. سەرەڕای ئەوەش، بەڵخی دەستی کرد بە کۆڵەکەی بەر سینگی قەدیر، نەکا هەڵخلیسکێ. ئەسڵان لە پێچی پلیکانەکانەوە سەرکەوت. بە بێ سڵاو. سەر داخستوو. بەڵخی وتی:

ـ بینینی کەفارەی هەیە، ترن باوک!

دەرگای جلکەن کرایەوە. دەرگای شکاو و شێدار، بۆنی شێ و هەڵم و بۆق. بۆنی ئاوی مەنگ. بۆنی چڵکی لەش. بۆنی گەرماو. بۆنی خنکاو. ساردی گەرماو هەڵمێکی خەست پڕی کردبوو. فانۆسەکە، لە خەستایی هەڵمەکەدا ڕووناکیەکی کزی هەبوو. پیاوەکان، لە کونج و قوژبنی دیوارەکان، لە بن تاقەکاندا، لە چاو ون ببوون. ڕوخسارێک، قۆڵێک یان کراسێکی سپی جار جارە دڕی بە تاریکیەکە ئەدا و تێ ئەپەڕێ. سەمەد، وردیلە و ڕەشتاڵە، لە کراسە درێژەکەیدا، لە دەوروبەری پاشۆرەکەدا هەڵئەسووڕا. فۆتەی ئەشۆرد. پێڵاوی جووت ئەکرد. گفتوگۆ کەم و بە دەم باوێشکەوە بوو. ڕۆیشتن و هاتن. خاو و لەسەرخۆ. گاڵتە، جار جارێک. هەراوهۆریای پشت دەرگا، دەرگای خەزێنەکە، ئەو ناوەی هەڵگرتبوو.

کەلایی خواداد وتی:

ـ نەموت چەندە درەنگتر بڕۆین، قەرەباڵختر ئەبێ؟!

بەڵخی، پاڵتاوی لە شانی داگرت و ڕووت بوویەوە و فۆتەی بەست. لەشی هێشتا تۆکمە بوو، شانەکانی هەڵتۆقیوو و

پتەو. سینەی دەرپەڕیوو. ملی ئەستوور و قۆڵی پڕ بوو. پێئەچوو هێشتاش بڕێک قۆڵ و بازووی سەردەمی پاڵەوانی پێوە ماوە. لە سەکۆکە دابەزی و خۆی کێشایەوە و ویستی بەرەو دەرگای خەزێنە بڕوات. بەڵام کەلایی خواداد، بۆ ئەوەی تۆڵەی کردبێتەوە، دایە بەر توانج:

ــ جەژنی ئەمساڵ لەگەڵ مێینەکانت چیتکرد، پاڵەوان؟ توانیت چوار مەتر چیتیان بۆ دابین بکەیت و بیکەیتە بەریان؟!

پاڵەوان هیچی نەوت. ئەیزانی وەڵامەکەی وەرگرتۆتەوە. بۆیە ڕۆیشت. کەلایی خواداد، وتی:

ــ ئەگەر زۆر دەس کورتی، پاش گەرماو وەرە بۆ ماڵەوە. هێشتاش ئەتوانم جەوری باوکی چەند مێینە بکێشم!

پاڵەوان، لە ناو هەڵمەکەدا ون بوو. قەدیر باوکی ڕووت کردەوە و فۆتەیەکی بەست بە پشتێنیەوە و وتی:

ــ بەو جۆرە پیاو تریق ناکەنەوە!

ــ پیاو؟! هەه! وەڵامی هەموو تیرێک، توانجە. جلەکانی من لە ناو کەوا و سەڵتەکەمدا گرێ بدە.

قەدیر، قۆڵەکانی کەواکەی بە دەور کراس و شەرواڵەکەی باوکیدا گرێدا و کەوتە خۆی. جاکەت و ئێلەکی بە یەکەوە داکەند و کراسەکەشی. فۆتەی بەست و شەرواڵەکی لە بن فۆتەکەوە داکەند و لە سەر سەکۆکە دانەوییەوە و لەشی لاوازی نوشتانەوە و ئێسکە گرێ گرێ و تێکچووەکەی باوکی دا بە کۆڵیدا. ڕاست بوویەوە و دەستی گرت بە دیوارەکەوە. ڕۆیشت و دەرگاکەی بە تەختی تەوێڵی کردەوە و چووە ناو گەرماوەکە.

خەستی و چڕیی هەڵمەکە، لە بن گومەزی سرمیچەکەدا، دووجار زیاتر بوو. گەرما و هەراوهوریا، هەڵم و دەمەتەقێی نامۆ و غەڵبە غەڵب، قیژە و شڵپەی ئاو، قەرەباڵخی لەشە ڕووتەکان، تیژی و برووسکەی تێغی دەلاک، شانۆیەکی پێک هێنابوو.

ــ ئاگات لە بەر پێت بێ!

ـ سابووناوه؛ نەخزێی!
ـ لەملاوە، لەملاترەوە!
ـ کاسەی خەنەکە! هۆی... کەرت هێناوە بۆ بازاڕ؟
ـ پەنجەی پێت نەچێ بە چاوتا!
ـ داینێ ئیتر، ئەم دیارییە!

قەدیر، بە ناو دەست و پێی بزۆزدا کە چڵکیان لە خۆیان دائەماڵی، یان چڵکیان لە خەڵکیتر دائەماڵی تێپەڕی و لە بن تەوس و تەشەر و قوشمەیی ئەم و ئەودا، بەرەو دیواری خەزێنەکە چوو و کەلایی خوادادی لە سەر دیوارەکە دانا و خۆی هەناسەیەکی ڕاست کردەوە.

لەسەر ڕفحەی کۆڵەکە، لای ژووری دەرمانگرتن، چرا پڵیتەیەک داگیرابوو و پرتەپرت دووکەڵی ئەکرد. تیرێژی ڕۆژ، هێشتا لە ناو شووشە شکاو و قورمگرتووەکانی گومەزەکەوە تێ نەپەڕیبوو. هێشتاش بە دژواری خەڵکەکە لێک ئەکرایەوە. مەگەر چاوەکان بە تاریکی و هەڵمەکە ڕابێن. حەشاماتێکی زۆر لە ناو هەڵم و تاریکیدا بە یەکا ئەهاتن. ئەو بیچمانەی هیچکامیان بە ڕوونی دایار نەبوون. کۆمەڵی بێ قەوارە. تەنها کاتێک یەکێک بیچمی ئینسانی وەرئەگرت کە لە کۆمەڵێ دانیشتوان و نووشتاوە و ڕاکشاو -کە ئەتوت لێک تێهەڵکێش کراون- بە هۆیەکەوە جیاببێتەوە و لە بەر تیشکی کزی چرا پڵیتەکەدا ڕابوەستێ، یان بە خاوی بە لای مرۆڤدا تێ بپەڕێ. لەو کاتەدا پەیکەری ئەوکەسە لە ناو خەرمانەی هەڵمدا، ئەبوو بە قەڵافەتێکی مرۆیی.

ئەمە، بابقولی بوندار بوو بە بەر تیشکەکەدا تێپەڕی:
«لە دەرمانخانە هاتە دەرەوە!»

قەدیر، بە پلیکانەکانی دیواری خەزێنەکەدا سەرکەوت و خۆی هاوێشتە ئاوەکەوە:

ـ وەو! سەمەدی ماڵوێران ئاوی سەماوەری کردۆتە ناو

خەزێنەکە. وەو! ! تۆ چی ئەکی بابە؟ ئاو بکەم بە سەرتدا یان دێیتە ناو ئاوەکە؟

ــ دێم. دێم. سەگباب ئاوەکەی حەو جرتەکی کولاندووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ نەتوانێ زۆر خۆی ڕابگرێ! ئەیەوێ بە خاوێنی ڕایگرێ. ئاوی کولاوتوو، درەنگتر چەپەڵ ئەبێ. بەلام من دێم. پارەی گەرماو ئەدەم کە بچمە ناو ئاوەکەی!

کەلایی خواداد، خۆی دایە دەستی قەدیر و پەنجەی لە شانی گیردا و بە نەرمی خزایە ناو ئاوەکە. قەدیر ئەبوا بن باخەڵی باوکی بگرێ، بۆ ئەوەی پیرەمێرد لە ئاوەکەدا نوقم نەبی. نوقم بوون هەمان و خنکان هەمان. کەلایی خواداد، باڵی ڕاوەشاند و خۆی و قەدیری بۆ لای پلیکانەی ناو خەزێنەکە برد و قنی دادا.

قەدیر وتی:

ــ لێرە خەڵک هاتووچۆ ئەکەن!

ــ بە قەدەر بیسمیلایەک! با دەستێک بە خۆمدا بهێنم.

بابە گولاوی دۆعاخوێن -کە هیچی لێ دیار نەبوو دۆعای بۆ بکا- بە تەپە تەپ، دەستی بە دیوارەکەوە گرت و سەرکەوت. هەرچەند چاوە کوێرەکانی هەڵگلۆفی و بیسمیلای کرد، دیسانەوەش نەیتوانی قاچی لە سەر شوێنێکی باش دابنێ و خزا؛ چنگی لە ملی کەلایی خواداد گیرکرد و ئەویشی لەگەڵ خۆی تلاند و، تا قەدیر بجووڵێتەوە و دوو پیرەمێرد لە ئاوەکە بهێنیتە دەرەوە، هەر کامیان پڕ بە ورگیان ئاویان خواردەوە.

بابە گولاو، ئاوەکەی ناودەمی بژاند و دۆعای کرد. کەلایی خوادادیش کەوتە جنێو و قسە وتن:

ــ کوێری نەگبەت! درۆزنی خۆرێکخەر! چاوت نییە، خۆ دەستت هەیە، گووم بە کاکۆڵی باوکت!

قەدیر، بۆ ئەوەی قاڵەکە بخەوێنێ، بابە گولاوی برد بۆ ئەوبەری خەزێنەکە، لای دەراوەکە:

ــ لێرە دانیشە بابە گولاو، ئالێرە!

کەلایی خواداد هەروا جنێوی ئەدا و بابە گوڵاویش دۆعای ئەکرد:

ـ خوا ئاخری هەمووان بەخێر بکا! خوا لە هەمووان خۆش بێ. خوا!

قەدیر، بە زۆر توانی باوکی هێور بکاتەوە و لە خەزێنە بیباتە دەرەوە بۆ ناو گەرماوەکە. پیرەمێردی گرتە باوەش، هێنای و لە سووچێک داینا. دۆڵچەیەکی پڕ لە ئاوی لە لایەوە دانا و کەوتە شۆردنی شان و پشتی باوکی.

کەلایی خواداد، بوغزی کردبوو. بە جۆرێکە ئەتوت گۆشتی خۆی ئەجاوێ، وتی:

ـ بە میرزای دەلاک بڵێ نۆرەم بۆ ڕاگرێ!

میرزا، لەو بەرەوە، لە بەر ڕووناکی لاوازی چراپلێتەدا خەریکی تاشینی سەری یەکێک بوو. قەدیر بە باوکی وت:

ـ جارێ دەستی گیراوە.

ـ پاشانیش کە... نۆرەی بونداره!

قەدیر، وەرگەڕا بۆ لای دەنگەکە. سەیدی تەلەفوونچی بوو. قەدیر، تازە ئەوی ئەبینی. کەلایی خوادادیش بە دەنگیا ناسیەوە، بەڵام ئاوڕی لێ نەدایەوە. ئەوە شتێکی ئاشکرابوو کە خواداد حەز بە بینینی کەس ناکات. تووشی بێزارییەکی ڕەش ببوو. ساڵ تا ساڵ کەسی نەئەدی، مەگەر لەم جۆرە شوێن و ئەم جۆرە ڕۆژانەدا. جەژن یان عاشورا. ئەو ئیتر لەگەڵ خۆی ڕاهاتبوو. هەرچی هەبوو، لەخۆیدا هەیبوو. قسەکانی لەگەڵ خۆی ئەکرد. لەگەڵ دیوار، دیواری دەوروبەری. پارەشی ئەگەر هەبوو، تەنها خۆی ئەیزانی. لە قەڵاچیمەن، ئاتاجی کەس نەبوو. بەڵام ئەو بە سووش پارەی بە کەس نەئەدا. کەم نەبوون ئەوانەی بە پێی سووەکەوە ئەچوونە بەر دەرگای ماڵی کەلایی خواداد و بە سەری قورسەوە لە ماڵی ئەهاتنە دەرەوە. ئەتوت ئیتر دڵ و دایەنی بینینی ئەم و ئەوی نییە. لە تەنهایی بێ کۆتایی خۆیدا، ئارام ئارام، ئەبێ

بە گرێ پووچەکەی نەفرەت. نەفرەت! لە هەرچی هەبوو و نەبوو. تەنهایی، بڕوا و متمانەی کوێر کردبوو. بۆیەش بوو حەزی نەئەکرد سەری هەڵبێنێ و ڕوخساری سەیدی تەلەفوونچی ببینێ.

ــ چۆنی، باشی، کەلایی خواداد؟!

ــ باشم.

ئەوەندە بە کورتی وتی و لە کورتی بڕیەوە، سەید دەرفەتی بە خۆی نەدا زیاتر بڵێت.

قەدیر، بە شەرمەوە سەیری سەیدی کرد و پرسی:

ــ تۆ چۆنی ئاغە سەید؟

ــ ئەی... شوکری خوا.

قەدیر پرسی:

ــ ئەی بوندار کوا؟

سەید، سەکۆی بن گومەزەکەی پیشاندا:

ــ ئاوەتانێ... ماهدەروێش خەریکە کیسەی لێئەدا.

قەدیر، سەیری کرد. لە سەر سەکۆکە بوندار بە سکا خەوتبوو و ماهدەروێش، پاژنەی پێی نابوویە سەرچۆکی و خەریک بوو پاشۆری لێ ئەدا.

قەدیر وتی:

ــ شەیدای لەگەڵ خۆی نەهێناوە؟

سەید وتی:

ــ ئەسڵان لێرەبوو و ڕۆیشت. ئەویتر...

قەدیر ئەیزانی کە سەید نایەوێ ناوی شەیدا ببیسێ. چونکە بیرەوەری خۆشی لە شەیدا نەبوو. سەیدی تەلەفوونچی، لەم دواییانەدا توانیبووی کچەکەی لە شۆڕاو بدا بە شوو. بۆیە قەدیر، قسەی شەیدای بڕی:

ــ لە دوای بوندار خۆ کەسیتر لە سەرەدا نییە، سەری بتاشی؟

سەیدی تەلەفوونچی وتی:

ـ شەوی جەژنە، هەموو ئەیانەوێ کوڵەکەی زستان لە سەروروویان بڕننەوە. یەکە، یەکە. بەڵام ماهدەروێش لە پێشدا هاتبوو و نۆرەی بۆ ئەربابی گرتبوو.

قەدیر، درێژەی نەدا. باوکی بە پشتدا خەواند تا کیسە بدا لە سک و سینەی. هەڵم و گەرما پێستە پیرەکەی کەلایی خوادادی خووساندبوو و چڵکی زستانە، لە بن کیسەکەدا لوولە ئەبوو. پڵیتەی چڵکی بن دەست، هەم لای کەلایی خۆش بوو و هەم لای قەدیریش.

کاتێکە کیسە لە یەکێکی تر ئەدەی، ئەگەر چڵک نەداتەوە، وەڕەز ئەبی و هەست ئەکەی بە کارێکی بێهودەوە خەریکی. ئەویتریش، ئەوەی کە پێستی خستۆتە بن کیسەی تۆ، ئەویش کاتێکە هەست بکات چڵک لە لەشی نابێتەوە، جاڕس ئەبێ. ئەشکەنجە. بەڵام چڵک کە لێ ئەبێتەوە، هەست ئەکەی کارێک ئەچێتە پێشەوە. ڕەزامەندی. هەرچەندە نە تۆ دەلاک بیت و نە باوکیشت دەلاک بووبێت.

ماهدەروێش هەستی ئەکرد کارێک کراوە. ئارەقە لە بن گوێی، پشت برۆکانی و نووکی لووتی ئەتکا. شان و قۆڵی بە ڕاستی هاتبوونە ژان. سەرەڕای ئەمەش لەوکارەی کردبوو، هەستی ڕەزامەندی ئەکرد. بە نیشانەی کۆتایی کار بە شێوەی دەلاکەکان ـ ماهدەروێش، بە کیسەکە دای بە ڕانی بونداردا و پاشان شڵپ کێشای بە ناو دەستی خۆیدا و بوندار خۆی ڕاستکردەوە و دانیشت.

هەستی سووکی و ئاسوودەیی. پێست خاوێن بۆتەوە و هەناسە ئەکێشێ و شەکەتی ساڵ، لە لەش دەرئەچێ. پڵیتەکانی چڵک هێشتا بە لەشیەوە بوو. ئەمەش سەتڵێک ئاو. بوندار چاوەکانی بەست و ماهدەروێش ئاوەکەی کرد بە سەروچاوی داو ڕۆیشت سەتڵێکیتر بهێنێ. هێنای و کەوتە لفکە لێدانی. بوندار چاوەکانی بەست تا کەفاوی تێ نەچێ. ماهدەروێش ئەیزانی بوندار ئەبێ چاوەکانی بەستبێ، بۆیە نەی ئەتوانی چاوی لە ماهدەروێش

بێ. کە وا بوو ئەو ئەیتوانی قسە بکا و گلەیی و سکاڵا دەرببڕێ بە بێ ئەوەی ناچار بێ خۆی لە مۆڕەی بوندار بدزێتەوە. دەرفەتی لەمە باشتر دەست نەئەکەوت. چەندین و چەندین و چەند جار قسەکەی لە دەمیدا کاوێژ کردبۆوە وتی:

ـ بوندار... قسەیەک... شتێک هەیە ئەمەوێ پێتی بڵێم!

ـ ئا، بڵێ.

ـ سەبارەت بە شەیدا.

ـ دەی؟!

ـ ویستم داوات لێبکەم پێی بڵێی بە دەوروبەری ماڵی ئێمەدا ئەوەندە خولەی نەیەت. باش نییە. قسەم بۆ دروست ئەکەن. ژنەکەم گەنجە، خۆم غەوارەم. ئێمە بە جووتە نۆکەری و کەنیزی ماڵەکەی تۆ ئەکەین. خەڵکی هەزار قسەمان لە پشت سەر ئەکەن. من ناتوانم بەرامبەر ئەو خەڵکە ببمەوە. دۆست و دوژمن زۆرە. گایەک ئەکەن بە کێوێک. دەمی خەڵکی نابەسترێ!

بوندار، بۆ ئەوەی وەڵامێک بدۆزیتەوە، پەنجەی کرد بە کەفەکەدا و سەر و ڕووی خوراند و وتی:

ـ خۆت باشت وت! دەمی خەڵکی نابەسترێ. وەڵامی خۆشت دایەوە. من ئیتر چی بڵێم؟ خەڵکی لە پشت سەری پێغەمبەریش قسە ئەکەن. ئەگەر تۆ ئەتوانی بڵێ با نەیکەن!... ئاو!

ماهدەروێش ئاوی پیاکرد، بوندار کەفی لەسەرورووی داشۆرد و بە ماهدەروێشی وت:

ـ ئا؟ ئەگەر ئەتوانی بڵێ با قسە نەکەن!

ماهدەروێش، بە بیانووی سابوون، سەری داخست و وتی:

ـ تۆ... جارێ ئامۆژگاری بکە.

ـ ئامۆژگاری ئەکەم، ئامۆژگاری ئەکەم. من هەمیشە ئامۆژگاری ئەکەم.

میرزای دەلاک، بەرد و چەقۆ بە دەستیەوە، لای سەکۆکە وەستابوو:

ـ ئامادەی بوندار، نۆرەتە.

ـ ئاخرەکەی هاتی؟ تۆزێ ڕاوەستە. زوو بکە سەید!

میرزای دەلاک لە سەر لێواری سەکۆکە لە سەر چۆکێک دانیشت و قۆڵە باریکەکەی پاڵدا بە کەشکەی ئەژنۆیەوە و جگەرەیەکی نا بە لێویەوە:

ـ ئەم ماهدەروێشەش زوو لە هەموو کارێکدا شارەزا ئەبێ. نەکا چوار ڕۆژیتر تێغەکەشم لە دەس دەربهێنێ، سەید؟!

ماهدەروێش کە جارێکی تر کەفی دابوو لە سەر و شانی بوندار و خەریکی سەرشۆردنی بوو، ڕووی لە میرزاکرد و بە تەوسەوە وتی:

ـ ڕۆژگارە ئیتر، وەستا! گورگیش فێری ئاشەوانی ئەکات. چی بکەین ئیتر؟

میرزا پێکەنی، دەمە کەم ددانەکەی کرایەوە و داخرایەوە، قنە جگەرە نیوە تەڕەکەی نا بە لێوی ماهدەروێشەوە و وتی:

ـ زووکە دەی تۆیش! چەندە بە دەوروبەری ئەم ئەربابەتدا دێی؟ ئاوی پیاکە، تەواوە.

بوندار، دەم بە پێکەنین وتی:

ـ ئاو با بێ بابە، ئاو با بێ. ئەم وەستا میرزایە حەوت مانگانەیە!

ماهدەروێش سەتڵی ئاوەکەی کرد بە سەر بونداردا و شوێنەکەی خۆی دا بە میرزای دەلاک. میرزا چنگی لە قژی بوندار ڕۆکرد و کەوتە هەڵگلۆفینی.

ـ دەورەکەی. دەورەکەی بتاشە!

میرزا، بە دەوری سەری بونداردا کەوتە گەڕان.

ـ کەی نۆرەی ئێمە دێ، کاکە میرزا!

میرزا، سەری بەرزەوەکرد. عەلی مامەحەمە بوو. بە قەڵافەتی ئەستوور و شانی داتەکاو و سەری گڕکەیەوە، تۆزێ لەولاتر، لە ناو هەڵمەکەدا وەستابوو و سەیری میرزای ئەکرد:

میرزا وتی:

ـ بۆچی نەگات، سالار عەلی؟ مەگەر سەری تۆ لە سەری کێ کەمترە؟ بەس ئەبێ تۆزێ ڕاوەستی، دوو کەست لە پێشە، کەلایی خواداد و یەکیش پاڵەوان بەڵخی.

عەلی کە -بە عەلی خاکی بە ناو بانگ بوو- سەری وەرگێڕا و وتی:

ـ پێموابوو ئەم ئاغایانە تاپۆیان کردووی؟!

میرزا، تەوسەکەی سالاری وەرگرت و هیچی نەوت. بەڵام ئەوەندەی عەلی خاکی ڕووی کرد بەولادا، پچاندی بە گوێی بونداردا و وتی:

ـ ئەلێی نێوانتان خۆش نییە. زۆر دڵگران بوو؟

بوندار، بە بزەیەکی ڕقاوییەوە «تش»ێکی کرد و وتی:

ـ با قنی بسووتێ، باوک ترِن! لە برسێتی‌دا لە ئاش ئەخەوێ، بەڵام ئەوەندە تڕ زلە خۆی بەکەس ناگۆڕێتەوە!

میرزا پرسی:

ـ وەکوو شتێ ئاغەی گەورەش لێی بە داخە؟

بابقولی بوندار وتی:

ـ کێ دڵی بەو جۆرە پیاوانە خۆشە؟ هەر ئەم زستانە ئەیویست پێی بڵێ بڕوات لە ماڵەوە دابنیشێ! بەڵام من بووم بە تکاکاری. زۆر ڕای بگرێ، شەش مانگی‌تر. خەرمان هەڵبگیرێ، پاڵەی‌تر ئەهێنن. با بڕوات لەتەک بەڵخیەوە، هەر باڵۆرە بۆ ئێمە لێدا!

ماهدەروێش کە هەروا لەوێ وەستابوو، لەو بێدەنگیەی کەوتەوە، سوودی وەرگرت:

ـ کارت بە من نەماوە بوندار؟ بڕۆم سەر و ملی خۆم بشۆرم؟

ـ بڕۆ، پاشان وەرەوە و خاولیەکەم بۆ بهێنە بۆ بەر خەزێنەکە.

لەبەر پلیکانی خەزێنەکە، ماهدەروێش سینگی تەقی بە سینگی پاڵەوان بەڵخیەوە. پاڵەوان پێی وت:

ــ ئەبوا دەور قنی جوان بشۆری!

عەلی خاکی، کە بۆ ئەوەی چڵکی قاچی بسڕێتەوە، پاڵی دابوو بە دیواری خەزێنەکەوە وتی:

ــ لە سەیدی ڕەبەن بگەڕێ. سەید، جەددی خۆی لێیداوە. وەرە بڕۆ سەید گیان. وەرە بڕۆ!

ماهدەروێش، بە لای شانی گۆدەرزی بەڵخیدا تێپەڕی؛ وەکوو پیرە مێردەکان پێی نایە سەر پێپلیکانەی خەزێنەکە و لەو بەر دیوارەکە، لە ناو هەڵم و بۆقەکەدا ون بوو. عەلی خاکی بە بەڵخی وت:

ــ زۆرگاڵتە بە سەید ئەکەی، گوناحە. ئەویش لەو لاوە، بە ژنەکەی ئەڵێ کچەکەت فێری فەرش چنین نەکات!

پاڵەوان وتی:

ــ فیدای سەرت، با فێری نەکات. تۆ پێت وایە من هەتا سەر لەم کاولستانە ئەمێنمەوە؟

ــ بۆ کوێ ئەچی؟

ــ کۆچ ئەکەم. ئەچم بۆ دەشتی گورگان. لەوێ هەر کەس پێنج مەن پەموو خڕکاتەوە، تێری سکی دەس ئەکەوێ. منیش هەوڵ ئەدەم بەڵکوو یەک دوو دۆنم زەوی بگرم بە کرێ. تۆیش لە من ئەبیسی وەرە با بڕۆین. ماویتەتەوە چیبکەی؟ ئەو جۆرەی کە دەرئەکەوێ، چوار ڕۆژیتر خانەنشینت ئەکەن. بە هیوای ئەو چوار جووت زەوییە دێمە خۆ ناتوانی شەو و ڕۆژ چاوت ببڕییە ئاسمان، ئەتوانی؟ بەو شارەزاییەی تۆ لە کشتوکاڵدا هەتە، ئەگەر لە دەشتی گورگان بی ئەتوانی پەنجا دۆنم زەوی پەموو ببەی بەڕێوە. بەڵام نازانم بۆ ئەترسی لێرە دەربکەوی؟ ڕەنگە لە بەر ئەوەی دایکت و باوکت لە سەر قەبرانی قەڵاچیمەن نێژراون.

عەلی خاکی وتی:

ــ نەء بەس ئەوە نییە، من و تۆیش لێرە بڕۆین، ئەی پینەچی چی؟

ــ چەندە سادەی سالار گیان! پێت وایە لەم وڵاتەدا تەنها پینەچیەک هەیە؟ نەء! لە بابەتی ئەو زۆرن.

ــ ئێمە چی؟ ئێمە لەوێ نەناسراوین. بەڵام لێرە ڕیشەمان هەیە. دۆست و دوژمنەکەمان ئەناسین. بەڵام لەوێ...

ــ ئەویش وەکوو ئێرە. جیاوازی چیە؟ لە هەر شوێنێک خەڵکی وەکوو ئێمەی لێ بێ، ئاغە و گزیریش بە سەریانەوەیە. ئەم ململانێیە خۆ تایبەتی قەڵاچیمەن نییە! جگە لەوەش، لەو لایانە زیاتریش پەرەی سەندووە. هەروەها، گوندەکان لێک نزیکترن و بە تایبەتی کرێکاری زۆر لێیە. ئەڕۆین بزانین چی ئەبێ؟

ــ نەء! نەء! چۆنی دانێی ئێمە لەوێ غەوارەین.

ــ غەوارە؟! مەگەر ستار لێرە غەوارە نییە؟ ئەی ئەوە چۆنە کاتێکە پێ ئەخاتەماڵەکەت لە سەر چاوتی دائەنێی؟

ــ ستار لەگەڵ من و تۆ جیایە، پاڵەوان. جیاوازە. بەڵام... با بزانین چۆن ئەبێ.

سەیدی تەلەفوونچی، دەنگی بەرز کردەوە:

ــ سالار عەلی، سالار عەلی! دەستم بە تەختی ناو شانم ناگا. وەرە بۆ ئێرە بەم کیسەیە تۆزێ پشتم بخورێنە.

عەلی خاکی، کیسەکەی لە دەستی سەید وەرگرت و لە پشت سەرییەوە دانیشت.

سەید وتی:

ــ دیسان گۆشتی برژاوت دا بە دەم بەڵخیەوە، سالار؟!

ــ قسەمان ئەکرد، ئاغە سەید.

ــ بەڵێ... قسە! بەڵام قسەی چی؟ من ئەزانم ئەم کابرایە کاری تێکردووی. بەڵام لە من ئەبیسی خۆتی لێ بپارێزە. ئەم بەڵخیە زمانی سوورە. زمانی سووریش سەری سەوز ئەدا بە بادا، سالار! لە بیرت بێ کەی ئەم قسەیەم پێوتووی. تۆ کە سەرت نایەشێ، بۆچی دەسڕی لێ ئەبەستی؟ هێشتا درەنگ نەبووە. ئەتوانی کارێک بکەیت ئالاجاقی لێت خۆش ببێ. من ئەبم بە

تکاکار. دڵنیام دەس نانێ لە ڕوومەوە. ئەبم بە زامنت لە سەر کارەکەت بمێنیتەوە. ڕاستەکەت ئەوێ، ئالاجاقیش حەزئەکات پیاوی ڕاست و دروستی وەکوو تۆ لە سەر کارەکەی بێ. خۆی لێرە نییە، بەڵام چاوی لێرەیە. پیاوی چاک و خراپ ئەبینێ. ئەبینێ ئەوەتانێ پازدە ساڵە پێمەڕەت ئەگەڕێ، بەڕەیەکت نییە بیخەیتە ژێر مناڵەکانت. خەروار گەنمی لە بەردەست تۆدا بووە، کەموون و پەمووش هەروەها. تۆ ئەگەر دز بوایەتی، هەتا ئێستە خۆت پێگەیاندبوو. ئەم شتانە، ئالاجاقی ئەیانزانێ. بەڵام تۆ. لە وەتەی ئەسپەکەت لەگەڵی چەپ بە ستۆتەوە، لە بەر چاوی کەوتووی. ئەوەندە بەسە ڕووی خۆشی پیشان بدەی. بەڵێنت پێ ئەدەم ساڵێکیتر سالار ڕەزاق لا ببات و تۆ بخاتە جێی و بتکات بە سالاری جووتیارەکانی. سالار ڕەزاق تەمەنی خۆی کردووە. سەری لە پیری ئەبزوێ. چاوەکانی سۆمایان نەماوە. پاڵەیی پێ ناکرێ. ئەو بە ئەندازەی خۆی کاری کردووە. کوڕەکەی، بەراتیش، ئەوەندە شارەزای کشتوکاڵ نییە. بتوانێ جێی باوکی بگرێتەوە. کە وا بوو، ئەو ناوچاوە ترشاوەت بڕوێنەرەوە و لە کەری شەیتان دابەزە! من بەڵێنت پێ ئەدەم، ئالاجاقیش کابرایەکی کرێت نییە. ئەو هەموو ڕەنجەی کێشاوتە، بە خوت و خۆڕایی بە فیرۆی مەدە. ئەم چوار...

عەلی خاکی، پلێتە چلکەکانی لە سەر شانی سەید هەڵدا، کیسەکەی لە دەستی دەرهێنا و خستیە بەر ڕانی و وتی:

ــ چ چڵکێکت لێ بوویەوە ئاغە سەید! ئەڵێی شەش مانگە نەهاتووی بۆ گەرماو؟! سەیری بابە گوڵاو بکە!

بابە گوڵاو، لە سەر دیواری خەزێنەکە مۆڵەق ببوو. عەلی خاکی بە گۆدەرزی وت:

ــ دەستی ئەو پیرەمێردە بگرە و بیهێنە خوارەوە، ئێستە ملی خۆی ئەشکێنێ!

بەڵخی وەرگەڕا و لە بابە گوڵاو نزیک بوویەوە، پیرەمێرد،

دەستی نایە سەر شانەکانی بەڵخی و کەوتە دۆعاکردن:
ـ دەستم بگرە پاڵەوان. دەستم بگرە گۆدەرز گیان. خوا هێزی بازووت لێ نەسێنێ. بمبە بە ڕێدا. چاوەکانم لەم هەڵمەدا هیچ نابینێ. خوا تەمەنت درێژ بکات. بمبە بە ڕێدا. خوا کچەکانت ڕووسپی بکات، پاڵەوان گیان!

پاڵەوان بەڵخی، بۆ ئەوەی خۆی لە دۆعاکانی بابە گوڵاو ڕزگار بکات، پیرەمێردی دایە بن باخەڵی و لە بن گومەزەکە داینا. بابە گوڵاو لە میرزای دەلاکی پرسی. پاڵەوان بەڵخی وتی:

ـ جارێ دەستی گیراوە. بۆ خۆت لە لایەکەوە دابنیشە و خۆت بشۆرە، تا سەرەت بگات. میرزا، ئەوەتا، لای سەکۆکە.

بابە گوڵاو بە دۆعاکردن هەڵسا و بە تەپە تەپ چوو بۆ لای سەکۆکە.

ـ میرزا... میرزا گیان... ماندوو نەبی. دەستت نەیەشێ میرزا گیان. چی خاکی منە، تەمەنی تۆ بێ میرزاگیان. کوانێی؟

ـ هەروا وەرە، بابە گوڵاو. فۆتەکەشت کراوەتەوە. ئەو دوو مسقاڵە دونگەت داپۆشە!

قەدیر، پشتی ڕاست کردەوە و وتی:

ـ تەواو!

نیگای قەدیر و بەڵخی، لێک گیران:

ـ حەزت لێیە وەرە ڕاکشێ، کیسەیەک بدەم لە پشتت!

پاڵەوان چوو بۆ لای قەدیرو وتی:

ـ تۆ لە پێشدا، بە نۆرە.

قەدیر وتی:

ـ خراپیش نییە، با سەتڵێک ئاو بکەم بە سەر پیرەمێرددا. ماندووش بووم.

ئاو، سەر و لەشی خوادادی شۆرد. قەدیر، باوکی ڕاکێشایە ئەولاترەوە و شوێنێکی بۆ خۆی کردەوە. پاڵەوان کیسە بە دەست هات و قەدیر ڕاکشا. پاڵەوان لەشە کشاو و لەڕەکەی قەدیری

خستە بن کیسە و بزەیەکی تەوساوی لە کەلایی خواداد گرت و وتی:

ــ دەی، دراوسێ! تۆیش بەردمان تێ ئەگری! تەوس و تەشەرمان لێئەدەی و گاڵتەمان پێ ئەکەی! زەمانەیە ئیتر، ئەڵێی چی؟!

پیرەمێرد، بە شەرمێکی مناڵانەوە، تاوێک وس بوو و پاشان وتی:

ــ لە دەمم دەرپەڕی پاڵەوان. دڵت لێم نەیەشێ. مەبەستم نەبوو. شەرمەندەم. ڕاستیەکەی سەرەتا پێم وابوو ئەتەوێ ئازارم بدەی!

قەدیر لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ گوێت لێ نەبێ. بەدەست خۆی نییە. زمانی لە دەسەڵاتی خۆیدا نییە. خەریکە مناڵ ئەبێتەوە!

کەلایی خواداد وتی:

ــ ئەو پیاڵە خەنەت لە چ گۆڕێک داناوە تۆ؟!

ــ ئەوەتا، لە بن دیوارەکە. دەستت ڕاکێشە و هەڵیگرە. ئاگاداربە نەیرێژی.

کەلایی خواداد، پیاڵەی خەنەکەی هێنایە پێشەوە و پەنجەکانی خستە ناو خەنەکە و پاشان، پەنجە بێ هەست و هێزەکانی دا لە خەنەوە و وەکوو مناڵێک کەوتە یاری کردن:

ــ لە بیرمە. ئەو ڕۆژانە، شەوانی جەژن دەست و پێت ئەگرتە خەنە، پاڵەوان! ها، بەشی ناو دەستت ئەکا. هەڵیگرە، بۆ تۆ!

پاڵەوان بۆ ئەوەی ڕووی پیرەمێردی نەخستبێتە عەرز وتی:

ــ لێت بەزیاد بێ کەلایی، سپاس.

میرزای دەلاک، بە بەرد و چەقۆکەیەوە، ئارەقاوی و دەم بە پێکەنین هات و وتی:

ــ دەستم بەتاڵ بوو، کەلایی خواداد. قورس دانیشە واگەیشتم!

کەلایی خواداد، وتی:

ــ ئەو چەقۆ کەر کوژەت تیژ بکە، من قورس دانیشتووم!

ــ تیژی تیژە بە گیانی کەلایی. دوو بەرامبەری ئەو پارەیەی تۆ ئەیدەی تیژە. وەرگەڕێ بە چەپا!

کەلایی خواداد، خۆی سووڕاند و وتی:

ــ چاوی دەلاک و مردووشۆر بەس بە خاکی قەبر تێر ئەبێ! بەو چەقۆیەی جارجارە ئەیهێنێ بە سەری مرۆڤدا، ئەگەر تێڕێک گەنم بێتە بەر دەرگای ماڵەکەشت، ڕازی نابی! بابقولی بوندار ساڵانە چەندێکت ئەداتێ، کە من بە نەخت پێت نادەم؟ بەو جۆرەش وەکوو پەپوولە دێی بە دەوریدا! بوندار، ساڵانە چوارمەن گەنم ئەکاتە ناو توورەکەکەت و حەفتەی دوو کەڕەت ئەنێرێ بە دواتدا بڕۆیت و سەر و ڕیشی بۆ بتاشی. منیش هەر جارە و پارەی خۆت پێ ئەدەم. ئیتر بە تۆ چی، من سێ مانگ بە سێ مانگ سەرم ئەتاشم. تۆچیت لە بەهەشت و دۆزەخەکەی داوە؟ من ڕەنگە نەمەوێ سەرم بتاشم. بە خەڵکی چی؟

میرزا وتی:

ــ بە دڵیەوە مەگرە کەلایی. بەرەجەژنانە ویستم گاڵتەیەکت لەگەڵ بکەم. جەژنانە، سەریشت ئەتاشم و پارەشم ناوێ. ئەوەندەش بێ چاو و ڕوو نیم. ئەو سەردەمەی تۆ کاروانسالار بووی، من لە سەر سفرەت هێلکە و دۆشاوی چەورم خواردووە. نان و نمەک لە بیر ناکەم. بەڕاست... بیستم بوندار ئەمڕۆ ئەروەنە سەر ئەبڕێ؟

کەلایی خواداد وتی:

ــ هەواڵێکی خۆشت بیستووە. چاوەڕێ بە، ڕانێکیش بە جەژنانە ئەگات بە تۆ!

لەولاترەوە، دەنگی سێچوکڵەی چەپاوی شوان، بەرز بوویەوە:

ــ بەڕاست کەلایی خواداد، چەند ساڵ ئەروەنت هەبوو؟

کەلایی خواداد کە هەر وشەیەک درەوشێک بوو ئەچوو

بەچاویدا، بە تاڵی وتی:

ــ لە تەمەنی باوکی گۆڕ بە گۆڕتەوە!

چەپاو، لەوێوە کە لەگەڵ هەموو خەڵکی قەڵاچیمەن گاڵتەی هەبوو، بە بێ ئەوەی دڵگران ببێ لە وەڵامی کەلایی خواداد دا وتی:

ــ وای بۆ ئەچم هاوددانی خۆت بێ! جا بۆچی لە تۆ زووتر ئەچێتە بن چەقۆ، خوا ئەیزانێ! چارەنووسی هەرگیانەوەرێک جۆرێکە، ئیتر!

کەلایی خواداد، وتی:

ــ لێمگەڕێ با دەم نەکەمەوە، کوێری بێ چاو و ڕوو! نامەوێ ئالێرە، لە بەر چاوی ئەو خەڵکە چل دانە ئەستوور بدەم بە قەبرغەتدا!

چەپاو وتی:

ــ یەکێک لەو ئەستوورانە ڕاگرە لە لای خۆت. شەوێک نیوەشەوێک پێویستت پێ ئەبێ!

قاقای پێکەنین لە ناو گەرماوەکە دەنگی دایەوە. بابە گوڵاو، کە هەروا بە کوێرەکوێر بە ناو حەشاماتەکەدا ڕێگەی بۆ خۆی ئەکردەوە و بۆ میرزا ئەگەڕا، وتی:

ــ سەڵاوات؛ سەڵاوات بنێرن، سەڵاوات!

بەڵام، کەلایی خواداد، بێدەنگ نەبوو:

ــ چیت پێ بڵێم کوێری بێ چاو و ڕوو؟! تۆ خۆ شەرم و حەیا نازانی چیە. ئەگەر چاوت هەبوایە، ئەو ئەستوورەی کە باسی ئەکەی، زیاتر بە کاری خۆت دێ. سپێرێکت پێویستە! چونکە بیستوومە کەمەرت شل بووە و جووتەکەت ئیتر وەڵامت ناداتەوە!

چەپاو، وتی:

ــ ئەوەی بۆی باس کردووی درۆزن بووە کەلایی، حەزئەکەی تاقی بکەرەوە!

بوندار، لە کاتێکا فۆتەکەی گورج ئەکردەوە، هاتە بەرەوە و

وتی:

ــ شیرین زمانی ئەکەن؟!

کەلایی خواداد، وتی:

ــ شوانی تۆیە، بەڵام خۆ دەسەڵاتی ماڵی خۆی هەیە؟ نییەتی! مزی شوانەتیەکەی تۆ ئەیدەی، نانی لالا خۆ تۆ نایدەی!

بابقولی بوندار پێکەنی و دانیشت:

ــ ئەوە چۆن بوو پاش چەندین ساڵ، گوێمان لە قسەکردنی تۆ بوو، کەلایی خواداد؟ ئەڵێی ساڵە و ساڵ زمان ئەکەیتەوە؟ دەی بڵێ بزانم چۆنی، چاکی؟

ــ باشم.

ــ ئیشەڵڵا هەر باش بی، ئەمویست ڕۆژێک بێم و سەردانێکت بکەم.

ــ قەدەم ڕەنجە ئەکەی!

ــ دێم، جەژن دێم بۆ دەس ماچکردن.

ــ ئەمجارە چ نەخشەیەکت هەیە؟

ــ پاشان پێت ڕائەگەینم. جارێ کارم هەیە.

ــ ئیتر چی؟ وشترەکانت کە برد؟ ئیتر چی ماوە چاوی تۆی گرتبێ و خۆم ئاگام لێ نییە؟!

ــ پاشان، کەلایی. پاشان. ئێرە خۆ جێگەی گفتوگۆ نییە.

بەڵخی، بە تەوسەوە وتی:

ــ کەلایی خواداد سادەیە، بوندار. ئەو هێشتا نازانێ کە تۆ بە شەو و لە ژێرەوە کارە گرنگەکانت جێبەجێ ئەکەی!

بوندار، شانی ڕاست کردەوە و وتی:

ــ چی بکەین، پاڵەوان؟ شەوانە بە نهێنی، هەر کەسە و کارێک لە ژێرەوە ئەکات. یەکێک مامەڵەیەک ئەبڕێنێتەوە و یەکیش تۆوی کچێک ئەخاتە چاڵەوە!

بوندار، ڕانەوەستا تا ئازاری قسەکەی بە ناوچاوی بەڵخیەوە سەیر بکات. بەرەو خەزێنە چوو و بە ماهدەرویێشی وت:

ـ برۆ خاولیەکەم بۆ بهێنیٚ بۆ ئێره!
ماهدەروێش بە لای شانی عەلی خاکیدا تێپەڕی. خاکی وتی:
ـ جاریٚ باش کلکی ڕائەوەشێنیٚ! با وابیٚ، قەمەر وەزیری زۆڵەزا! هەموو گوێرەکەیەک، ڕۆژێک هەر لە شێر ئەگیرێتەوە. ئەوسا ئەبیٚ کەڵەمەی ملی ڕاکێش بکات. خولی تۆیش ڕۆژێک هەر کۆتایی دیٚ، سپڵەی بیٚ نینۆک!
قەدیر، وتی:
ـ ڕاستەکەی من ئەو زیرەکیە زۆڵانەیەی ئەوم زۆر بە دڵە. بۆ ساتێکیش چاو لە کاروبارەکانی خافڵ ناکا. نامەرد قەل بە حەواوە ناڵ ئەکا!
پاڵەوان، لە وەڵامی قەدیردا وتی:
ـ باشە، با ناڵی بکات، هەڵسە!
قەدیر هەڵسا، ئاوی کرد بە شانی خۆیدا و وتی:
ـ نۆرەی تۆیە، ڕاکشیٚ!
پاڵەوان وتی:
ـ هەروا بە دانیشتنەوە باشە. گوێت لیٚ نەبیٚ. چوار کیسە بهێنە بە تەختی ناو پشتمدا بەسیەتی، ئەوانیتر خۆم دەسم ئەیگاتیٚ.
قەدیر، پیاڵەی خەنەکەی خزاندە بەر دەستی پاڵەوان و وتی:
ـ تا دەستەکانت...
بەڵخی، دەستی کرد بە پیاڵەی خەنەکەدا. میرزا، بە باڵی فۆتەکە تووکەکانی لە دەمی چەقۆکەی کردەوە و وتی:
ـ نۆرەی کێیە؟
بەڵخی بە خاکی وت تۆ دانیشە.
عەلی خاکی لە ژێر تێغی میرزادا دانیشت و میرزا چەقۆی هێنا بە هەساندا.
بابە گوڵاو، خزایە لای شانی خاکییەوە و وتی:
ـ سەرم سەرسەری مەتاشە ئەی ئوستاد بە گوێزانیٚ.

میرزا وتی:
ــ با سەرەت بگات، بابە گوڵاو. دواتر.
بابە گوڵاو درێژەی دا:
ــ منیش لە وڵاتی خۆم، سەرێکم هەیە و سامانێ.
ــ بنمان بینیت، خەریکە باڵاشت ئەبینن.
قەدیر، دەستی لە کیسە دەرهێنا و بە باوکی وت:
ــ کەوتوویتەتە هەناسە برکێ، ئەڵێی، ناتەوێ برۆین؟
ــ با... با... ئاو بکە بە دەسما، زووکە!
قەدیر، دەست و پێی باوکی شۆرد. گرتی بە کۆڵیەوە و بردی بۆ خەزێنە. سێ جار لە ئاوی هەڵکێشا و هێنایە دەرەوە. بە پەلە لە گەرماوەکە بردیە دەرەوە و لە سەربینە، لای جلەکان داینا و زەرکێک ئاوی بۆ هێنا، پیرەمێرد هەروا هەنسکە هەنسکی بوو.
قەدیر، زەرکەکەی لێوەرگرتەوە و پرسی:
ــ لە گەرماو تێر نابی. کا هی خۆت نییە، خۆ کادێن هی خۆتە. دڵ و هەناسەت خۆ هی خۆتە؟!
کەلایی خواداد، کیسەی پارەکەی دەرهێنا و دوو سێ دانە پارەی ئاسنی خستە ناو دەستی قەدیر و لە پشتی سواربوو. قەدیر لە بەردەرگا، پارەکەی خستە ناو کاسەکەی سەمەدی توونچی و وتی:
ــ کەواکەت بدە بە سەرتدا، بای دێ.
کەلایی خواداد، کەواکەی هەڵکێشا بۆ سەرەوە و قەدیر دەرگای گەرماوی بە تەوێڵی کردەوە و لە پێچی پلیکانەکان سەرکەوت و پێی نایە ناو مەیدانەکە. دیسانەوە، هەمان ڕێ. ژنان تاک و تەرا لە سەر جۆگەکە خەریکی شۆردنی پەڕۆی مناڵ بوون. قەدیر، بە بەر شەقەبیەکاندا تێپەڕی، لە سینەی کۆڵانەکە هەڵکشا و بە چوار هەناسە، گەیشتە ماڵەوە. داڵان و حەوشەی جێ هێشت و لە پشت دەرگاکە وەستا. کەلایی خواداد، کلیلەکەی دا بە قەدیر و ئەو قفڵەکەی کردەوە. پیرەمێردی بردە ژوورەوە و لە سەر

دۆشەکەکە داینا. چوو بۆ لای سنۆقەکە. پارچەیەک نانی بۆ هێنا و پاشان کوانووەکەی پێکرد. کترییە ڕەشە مسەکەی خستە سەر ئاگرەکە و خۆی لە لایەکەوە دانیشت. کەلایی خواداد، ددان بە نانی وشکەوە وتی:

بزانە ئەو توخمی جنۆکەی نمەک بە حەرامە، ئەنگی کەمکردووە و ڕۆیشتووە، یان هێشتاش لەوێ کەوتووە و پرخەی دێ؟

قەدیر وتی:

ـ چیت لێداوە؟ یان ڕۆیشتووە، یان ئەڕوا! خەو بۆ ئەو وەکوو زێڕ وایە، گیانی لێ بسێنە و خەوی لێ مەسێنە.

قەدیر براکەی باش ئەناسی. خەوی بەیانیان بۆ عەباسجان وەکوو زێڕ وابوو. پێڵووەکانی لێک نەئەبوونەوە. ئێسکەکانی سست ببوون. دەماری جمگەکانی هاتبوونە یەک. لەش، کوتراوی خوماری. باوێشکی لە سەر یەک، ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەبوایە، کەلاکی خۆی لە بن لێفە شڕە دەرکێشێ.

بە زۆر لێفەکەی لادا و لە سەر جێگە دانیشت. تاوێک، بە نووشتاوەیی سەری لە سەر چۆکی دانا و وەنەوزی دا. پاشان، تلبوویەوە. پێڵووەکانی نووسابوون. نەیان ئەویست بکرێنەوە. بەڵام ئەبوا بکرێنەوە. هەرچەند بە دژواریی، بەڵام ئەبوایە بکرێنەوە. کارێک لە بەر بوو. جووڵەیەکی کرد. دەستی برد بۆ پزووی شەرواڵەکەی و قوتووە باریکەکەی دەرهێنا، نۆکێک تریاکی خستە گەرووی و بە ئاوی دەمی قووتیدا و هەڵسا. جاکەتەکەی لە بەر کرد. پێی لە سەر قوورسیەکە خزاند و هەرجۆر بوو هەڵسا؛ گیوەکانی لەپێ کرد و لە هەمار هاتە دەرەوە.

هەتاو ئەیدا لە دیوارەکە، ئەشکایەوە و ئەڕژایە حەوشە. عەباسجان، سەیرێکی هۆدەکەی باوکی کرد. بیرەکەی دەور دایەوە. چووە ناو دالان و بۆ کۆڵان. تیشکی هەتاو لە کۆڵانە

شێدارەکەدا، بۆنی نەورۆزی ئەدا. ڕۆژی بەر لە جەژن؛ وەکوو بەرەجەژنانی هەمووساڵێک. سروە هێشتا فێنک بوو و هەتاو، سەرمای زەوی ئەشکاند. ئاشتبوونەوەی خۆر و با، ژوانگەی بەهار.

«بەڵام خەڵکی بۆچی هێشتا لە ماڵ نەهاتوونەتە دەرەوە؟!»

عەباسجان، چاوی بە پاڵەوان بەڵخی و عەلی خاکی کەوت بە هەورازی کۆڵانەکەدا ئەهاتنە سەر. هەردووکیان سەروگوێ شۆراو و پاک و خاوێن، بوخچەی گەرماویان بە بن باخەڵەوە بوو. عەباسجان گوێی هەڵخست، بەڵکوو وتوویژەکەیان ببیسێ، بەڵام نەبوو. گەیشتنە لای ئەو، بێدنگ بوون، عەباسجان سڵاوی کرد:

ـ ئۆغر بەخێر، عەباس میرزاخان!

ـ دیدارت بە خێر، پاڵەوان.

ـ ڕەنگە ئەچی بەرەو ماڵی بوندار؟

ـ ئەرێ... ئەرێ...

پاڵەوان، بە بێ ئەوەی سەیری پاشەوەی خۆی بکات، وتی:

ـ ئەمڕۆ ئەوێ چەورە!

عەباسجان، ئاوڕی دایەوە، لە سێبەری پیاوەکانی ڕوانی کە بە دوایانەوە لۆقەیان ئەکرد. سێبەرەکان پان و پۆڕ و پیاوانە بوون. عەباسجان، لەپڕ هاتەوە بە خۆیدا و لە خۆی ڕوانی. هەرچەند لە سی و ئەوەندە ساڵێک زیاتر نەبوو، بەڵام شانی دەرپەڕیبوو. قەفەسەی سینەی داچوو بوو و هەستی ئەکرد، سەری بە پەتێکەوە لە شانی گرێدراوە. بەس زۆر لەو دارەتە درێخ ئامێزەدا نە مایەوە. بە لای دیواری گەرماودا تێپەڕی و بە قەراخ جۆگەکەدا، بەرەو ماڵی بوندار ڕۆیشت. لە سەر سەکۆی بەر دووکانی ئەسڵان، چەند مناڵ و مەزن دانیشتبوون. عەباسجان لە جۆگەکە پەڕییەوە. مناڵی لە سەر ڕێ لادا و سەری کێشا بۆ ناو حەوشە. وشترەکان لە حەوشە مۆڵیان خواردبوو. ئەسڵان، لە بن دیوارەکە دانیشتبوو و کێردی بە هەساندا ئەهێنا. شەیدا

چوارلکی بە دەستەوە بوو بنەگەون و هێزمەکانی کۆ ئەکردەوە، کە وشترەکان بەشەو بڵاویان کردبۆوە. نوورجیهان لە بەردەرگای ژوورەکەیدا دانیشتبوو و شتێک، ڕەنگە قۆپچەی جلیسقەیەکی ئەدوورییەوە. مریشکەکان لەدەور سفرەی وشترەکان، بە چنگ و دەنووک چینەیان ئەکرد. ماهدەروێش سینی و قۆری چا لە سەر دەست، لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و بەرەو داڵان چوو.

شەیدا، چوارشاخی لە کەون چەقاند و بە دوای ماهدەروێشدا هەڵات. لە بەر داڵان سینیەکەی لێوەرگرت و بردی بۆ باڵەخانە. ماهدەروێش بە گومانەوە بەرەو ئەم لا هات و عەباسجان، بە ئەماژەی دەست ماهدەروێشی بانگکرد. ماهدەروێش هات بۆ لای. عەباسجان داوای لێکرد پیاڵەیەک چای بۆ بهێنێ. ماهدەروێش ڕۆیشت و پیاڵەیەک چای بۆ هێنا. عەباسجان چاکەی خوارد و پرسی:

ــ ئیتر چ باسە؟ بیستوومە شێرۆ... دانیشە!

دەنگی شەیدا بە دژواری ئەبیسرا؛ کەچی سەرنجی ڕاکێشا:

ــ ئێستە... نابێ نەی نێری بۆ شار؟!

بوندار سەری هەڵێنا سەیری کوڕەکەی بکات. لەم بارەیەوە نەی ئەویست دەمە دەمی لەگەڵ بکات. بەڵام، نەشئەبوو وەڵامی نەداتەوە پرسی:

ــ تۆ بۆ سینەت داوەتە بەرەوە؟! بە تۆ چی؟

ــ بۆ ئەوەی بە سووکایەتی ئەزانم، ژنێکە لە ماڵی ئێمە کار ئەکات، بۆ کارەکەری بچێ بۆ ماڵی ئالاجاقی!

بوندار، سەیری شەیدای کرد کە هێشتا بە پێوە ڕاوەستابوو:

ــ ماڵی ئێوە؟ ماڵی ئێوە لە کوێ؟!

شەیدا، سەری داخست و وتی:

ــ باشە، ماڵی تۆ!

ــ ئەگەر لە ماڵی من کار ئەکات، کە وا بوو خۆم ئەزانم! تۆ بۆ خۆتی تێ هەڵئەقورتێنی؟! دەسەڵاتی کارەکەی بە دەست

منەوەیە، دەسەڵاتی ناموسیشی بەدەست مێردەکەیەتی. ئیتر چی؟ تۆ لەم ناوەدا ئەڵێی چی؟

شەیدا، خامۆش و سەرکوتکراو، لێوی برد بۆ بن ددانی و پەنجەی قونچاند. نینۆکەکانی لە گۆشت چەقین، تاوێکی‌تر ئەبوا بڕۆشتایەت. خراپ تێکەوتبوو. جەوانسەری! هەستی ئەکرد لە ژێر قورسایی خامۆشیە بێ بەزەیەکەی باوکی‌دا ئەتوێتەوە. بەڵام ئەگەر بڕۆیشتایەت، ددانی بە بێ توانایی خۆی‌دا نابوو و ئەمە لە ناوی ئەبرد. ئەبوا بە جۆرێک خۆی دەربخات. هەر کاردانەوەیەک، ئەگەر شکستیشی بە دواوە بوایەت، بەڵام بە مانای هەبوون بوو. هێرشی بیری ئاڵۆز کە لەگەڵ خێرابوونی تەوژمی خوێن لە مێشکی‌دا تێکەڵ ببوو، دەروویەکی بۆ کردەوە: لایەنگری کەلمیشیەکان! چارەی لەبار و جارێکی‌تریش بە بێ ئەوەی لە توندوتیژی دەربڕینەکەی کەم بکاتەوە، وتی:

ــ مێردەکەی بێ غیرەتە، ئەگینا...

بابقولی بوندار قسەکەی بڕی:

ــ هەر بۆیەشە، شەو هێشتا نەگەیشتوویتە بەرەوە، ئەچیتە سەر ژنەکەی؟!

شەیدا کە ئیتر ڕێگەی گەڕانەوەی نەمابوو، بەو هیوایەی ئەوەی کە دەستی پێکردبوو، تەواوی بکات، بوێرانەتر وتی:

ــ کێ شتی وای وتووە؟!

ــ خۆی!

ــ خۆی؟!

نیگا و گوتەی بابقولی، بزمارێکی لە چاوی شەیدا چەقاند. شەیدا چاوی داخست و بە نەرمی وتی:

ــ من لە لایەن دایکیەوە پەیامم بۆ هێنابوو. خۆت ئەزانی شێرۆ بە تۆراوی ڕەدووی ماهدەروێش کەوتووە و شووی پێکردووە.

ــ ئەوە ئەزانم! ئەوەش ئەزانم کە ئەوان ئیتر لە شێرۆ ناپرسن و پەیامیشی بۆ نانێرن! گریمان دایکی هەواڵپرسیەکی بۆ

ناردبێت، ئەبوا نیوەشەو ئەو پەیامەی بۆ ببەی؟! ئەویش ئەوکاتەی کە ماهدەروێش لە شیرەکێشخانەی سەنەما خۆی پانەوە کردبوو؟ خۆ هەواڵی مەرگ نەبوو. ڕائەوەستای ڕۆژ ببێتەوە. شێرۆش بووە بە کچەکەی سەیدی تەلەفوونچی؟ تەواو لە خۆت دەرچوویت؟!

شەیدا، بۆ ئەوەی تووڕەییەکی باوکی دامرکێنێتەوە، خاوی کردەوە و وتی:

ـ سەرانسەری ئەم زستانە نان و نمکی کەلمیشیەکانم خواردووە. ئەوان وەکوو خۆیان چاویان لێ ئەکردم. بە بێ جیاوازی! من چاو و ڕووم لە لای ئەوان بارمتەیە. ئەبێ ڕووم هەبێ جارێکیتر سەیری ناوچاوانیان بکەم. خەڵکێکی باشن. لەگەڵ ئێمەش هاتوچۆیان هەیە. مامەڵەیان هەیە. با لەگەڵ کچەکەشیان قسەیان نەبێ، خۆ دوژمنی خوێنەخۆر نین. چوار ڕۆژیتر ئاشت ئەبنەوە. چۆن وەڵامی گوڵمحەمەد ئەدیتەوە؟

بوندار وتی:

ـ من وەڵامی ئەدەمەوە. خۆ تۆ نایدەیتەوە!

ـ پاش ئەوەی کە کچی کەلمیشیەکان لە بن دەست و پێی ئالاجاقی و میوانەکانیدا، لە بن دەست و پێی کوڕەکەیدا بوو بە پەڕۆی بێنوێژی؟!

ـ تۆ بۆ خۆت گێف ئەکەیتەوە؟ مەگەر ژنە خۆی بنیادەم نییە؟

ـ بنیادەمە! بەڵام گەرووی لە ناو دەستی ئێمە دایە و قرخەی لێبڕاوە. ئەگینا زۆر چاک ئەتوانێ قسە بکات!

بابقولی چاکەی هەڵقۆڕاند و وا پێئەچوو ئەیەوێ خۆی هێور بکاتەوە، وتی:

ـ قسەی تازە و زل لە دەمت دێتە دەرەوە. نەکا لەشت لە لەشی ئەم ئاژاوەچیانە کەوتووە، کە لایەنگیری لە فەقیر و هەژار ئەکەن؟

شەیدا، ڕووی وەرگێڕا و شانی نا بە چوارچێوەی دەرگاکەوە

و وتی:

ــ من بەس ڕووگیری نان و نمەکم.

ــ بەس تۆ، ڕووگیری نان و نمەکی؟ شێرۆ و ماهدەرویش ڕووگیری نان و نمەکی من نین؟ ماهدەرویش و ژنەکەی کە بە داهاتی ئێمە ئەژین، نابێ نمەککگیری ئێمە بن ؟

ــ کام داهاتی ئێمە؟ هەردووکیان وەکوو گای سیستانی کار ئەکەن، ئێمەش پارووە نانێک ئەخەینە بەریان، وەکوو ئێسقانی سەگ! لە هەموو دنیا ئەو ماییندیان هەبوو ئەویشت لەبری قەرز لێ داگیرکردن!

بابقولی بە باشی زانی قڕەکە کورت بکاتەوە. شەڕ، بە قازانج نەبوو. بۆیە، بە خۆی وت:

ــ من سەیر بکە، لە ناو بێگانەدا بۆ دوژمن ئەگەڕێم! دوژمنی خەڵکی ئەگەر لە بەڵخ و بوخارایە، دوژمنی من لە خۆم شین بووە! بڕۆ ئیتر، بڕۆ! کاتی ئەم قسانە نییە. بڕۆ یارمەتی براکەت بکە. من بەڵێنم داوە بینێرم بۆ شار و ئەشینێرم! بڕۆ قوربان بەلووچ بدۆزەرەوە و بانگی کە. بزانە لە چ گۆڕێک سەری ناوەتەوە، گەنیوەی پیسە، بڕۆ!

شەیدا، خۆشی لە سەر ڕۆیشتن بوو، بەپەلە لە پلیکانەکان چووە خوارەوە، بە دوو هەنگاو حەوشەی تەواوکرد و دەرپەڕییە کۆڵان. منالە وردکە لەوێ بوون و لە درزی دەرگاکەوە ئەروەنەیان پیشانی یەکدی ئەدا. عەباسجان، لە بەر شەیدا هەڵسا و وتی:

ــ سلام شەیداخان. کارێکتان هەیە بفەرموو، لە خزمەت دام.

شەیدا، بە بێ وەڵامدانەوەی عەباسجان، لە بن دیوارەکەوە خۆی گەیاندە کۆنە قەلا و بێباکانە خۆی کرد بە ماڵی ماهدەرویشدا. شێرۆ، تەنها بوو؛ چ جایە ئەگەر تەنهاش نەبووایە، هیچی لە هەڵپە و پەلەی شەیدا بۆ ئەو کارەی کە ئەیویست بیکا، کەم نەئەکردەوە. لە بن ژوورەکەدا، لە لای بوخچەی کراوەی

جلەکانیەوە واقی وڕمابوو. باڵای شەیدا، ناو دەرگاکەی داگرتبوو. شێرۆ ترسا و خۆی کۆکردەوە.

شەیدا، وتی:

ــ مەڕۆ بۆ شار، شێرۆ! خراپت بە سەر ئەهێنن، مەڕۆ!

ــ ها؟!

شەیدا، ڕۆیشتبوو. پزیسکەیەک بوو، ئەتوت. یان خەیاڵێک. سێبەرێکی تێپەڕیوو. خەونێک، خەوەنووچکەیەک. بۆ بەو جۆرە؟ ئاوا لەپڕ؟ لە شار مەگەر چ باس بوو؟ بۆ کوێیان ئەنارد؟ نەی ئەزانی. ئەیزانی و نەی ئەزانی.

شەو بۆ ئەوەی خەوی لێبکەوێ، خۆی دابووە دەس بیر و خەیاڵ و بەیانیش بەر لەوەی هەتاو هەڵبێ، هەڵسابوو و خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەل بوو. بەڵام ئیدی، دەست و دڵی ناچێتە کار. دڵی قورس ئەبوو. جۆرێک کەڵکەڵە لە بن پێستیدا هێلانەی کردبوو. دەروونی پەرێشان بوو. ڕێگەیەکی نامۆی لە بەر بوو. بەر لەوەی ماهدەرویێش دەرکەوێ بەرەو گەرماو، پێی وتبوو:

«چی بکەم باشە؟ تۆ ئەڵێی چی؟ بڕۆم یان نەڕۆم؟!»

ماهدەرویێش، سەیری نەکردبوو. هەروا سەرشۆڕ، وتبووی:

«خۆت ئەزانی. خۆت ئەزانی!»

ماهدەرویێش ڕۆیشتبوو و شێرۆ مابوویەوە، وڕ و کاس. ئەیزانی، ئەیزانی ماهدەرویێش ئەترسێ و ئەوەندە ئەترسێ ناوێرێ ڕاستیەکەی بە ژنەکەی بڵێ. ڕاستیەکەی پێ نەوت! شێرۆ ئەیزانی مێردەکەی ڕازی بە ڕۆیشتنی نییە. بەڵام جەربەزەی ئەوەی نییە، لە ناو ماڵەکەی خۆشیدا، بە ژنەکەی بڵێ:

«حەز ناکەم بڕۆی!»

قسەی دڵی بە ژنەکەشی نەئەوت. ئەم سەیدە چەند زوو خوێڕی بوو! چەندە زوو، بڕوای، لاوێتی، خۆی و ماینەکەشیان لێسەند. ئەوا خەریک بوون شێرۆشیان لێئەسەند. لێیان ئەکردەوە و ئەو، جەربەزەی ئەوەی نەبوو بڵێ:

ــ نا!

شێرۆ بیری ئەکردەوە، بۆ لەپڕ وای لێهات؟ هەروەها هەستی کرد دڵیشی ئیتر بۆ ماهدەروێش لێ نادا. بەڵام دڵی بۆی ئەسووتا. هەستی ئەکرد ماهدەروێش هەتیوە. مناڵێکە باوکی مردبێ. هەرچی هەبوو، ماهدەروێش شێرۆ نەبوو. ئەو پیاوەی شێرۆی ئەیبینی، لە ماڵ ئەچووە دەرەوە و ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە، ئیتر ماهدەروێش شێرۆ نەبوو. ماهدەروێشی شێرۆ ون ببوو. هەمان شەو، لە ناو مانگدا ون ببوو. لە گرد و لە بیاباندا ون ببوو. خۆیشی و ماینەکەشی با بردبوونی، کێو خواردبوونی. ببوون بە بەرد! نەء! ئەمەی هەبوو، ئەو نەبوو. سێبەرێک بوو، بێ ناوەڕۆک و، شێرۆ هەستی ئەکرد شکاوە. هەستی شکان. پشت شکان. بۆش و بەتاڵ. ئەو بووکەی کە کەس و کاری، بنەماڵەی جێ هێشتبوو و پاڵی دابوو بە ماهدەروێشەوە. هەستی ئەکرد بن پێی بۆش بووە. پێی لە سەر عەرزی سست داناوە، دەستی لە ناو دەستی لەق. پەنجەکانی ماهدەروێش بەردەوام سستتر ئەبوون و شێرۆ، لە پەنجەکانی خۆیدا هەستی بە داهێزان ئەکرد:

ئایا ماهدەروێش بە خۆی سەلماندووە، لەوە زیاتر ناتوانێ شێرۆ ڕابگرێ؟ چۆن و لە بەر چی بەو جۆرە دەستی لە شێرۆ بەردابوو؟ تۆ بڵێی تا ئەو ڕادەیە بێزار بووبێ؟ چی قەوماوە کە ئەو تەنانەت چاوەکانی خۆیشی لە بیر بردۆتەوە؟ بریسکانەوەی کامە خەنجەر، چاوەکانی بەو جۆرە ترساندووە؟ چی ڕووئەدا؟ ترس چۆن ئەتوانێ تا ئەو ڕادەیە بچێتە ناخی پیاوەوە و تان و پۆی بتەنێ؟ خۆف و بێزاری. تەمەڵی گیان. ماهدەروێش بۆچی ئیتر تووڕە نابێ؟ ئەوین، ئەو ئەوینە چی بە سەر هات؟ چۆن ون بوو؟ بوو بە دووکەڵ و چوو بە حەوادا؟ ئەم دابڕانە چۆن قەوما؟

نەء! شێرۆیش ئیتر دڵی بۆ ماهدەروێش لێ نادا! دڵ ئاوێنەی دڵە! شەوی پێشوو، ماهدەروێش شەیدای دیبوو لە ماڵی ئەوانەوە گەڕابوویەوە. بەڵام نەیدابوویەوە بە ڕووی شێرۆدا. شێرۆ،

دیسانەوەش لە خۆی ئەپرسی:

«بۆچی تەنها تاقە وشەیەکیشی نەوت؟ ناوچەوانی لێک نا و خامۆش دانیشت. خۆزگە قایشی ئەکردەوە و ئەکەوتە گیانم. بەڵام نەء! لێویشی نەبزواند. چی وای کردبوو، بەو جۆرە بچێتە ناو خۆیەوە؟!»

شیرۆ، وەڵامی لە خۆی وەرگرت:

«نەء! دڵی منیش ئیتر بۆ ئەو لێنادا!»

بەڵام ئەمە، هەموو وەڵامەکە نەبوو. دڵی شێرۆی ئارام نەئەکرد. بۆیە مێشکی، بە بێ ئەڤانی ئەو، بۆ دەروویەک ئەگەڕا لەو گێژەنە دەربازی بکات. ئەم مێشکە ئەیویست، سات بە ساتی ماهدەروێش بە سەر بکاتەوە. ئەو پیاوەی کە لە کازیوەی بەیانیەوە تا شەوی ڕەش لە ماڵی بابقولی بوندار وەکوو سەگی پێسووتاو هەڵئەسووڕا. هەموو کارێکی ئەکرد. هەموو جنێوێکی ئەبیست و هەموو تیر و توانجێکی لە ناو دڵیدا ئەشاردەوە و فززەی نەئەکرد. ببوو بە چی، ماهدەروێش؟ بەتاڵ ببوو؟ مردبوو؟ تیاچووبوو؟ چ قوڕێک چوو بوو بە سەریدا، ئاخر؛ کە شێرۆ ئەیبینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوخساری زیاتر دائەتەکێ و زەرد و بێ بزە و چرووکتر ئەبێ؟ لە بری ئەوەش، ڕوخسارێکیتر لە ناخی تاریکیەوە، لە پێچەڵپلووچی ڕێگە ون و نامۆکان، لە دەروونی دڵەڕاوکەی گیانێکیشەوە، دەرئەکەوێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئاشکراتر و نزیکتر ئەبێتەوە و خۆی دەرئەخات:

ماهدەروێشێکیتر! لەم ئەدگارەدا، جووتێک چاو ئەدرەوشانەوە. جووتێک چاوی تیژ و بێ بەزەیی، بەڵام درەوشاوە. لە هەر بیبیلەیەکیدا، ئەڵێی سوارێکی ئەرخەوانی غار ئەدەن. یەکەم نیگا ترسێنەرە و بینەر لێیان ئەسڵەمێتەوە. بەڵام، نەرمە نەرمە خووی پێ ئەکا. بە هەر جۆر و شێوەیەک، دڵ ئەلەرزێنن. شتێکت تێدا ڕائەپەڕێنن. هەرچەند نە عەشق، لانیکەم ترس. ناحەزی و حەزی هەڵدڕین. ترسنۆک نین، هەرچەند نەجیبیش

نین! چاوی گوێرەکەنین، خەنجەرن. لەوپەڕی جوانیدا، ئەتوانن بکوژن. بۆیەشە ناتوانیٚ لە سەیرکردنیان بەردەوام بیٚ. ناتوانیٚ بە نەخشی سەر دیواریان بزانیٚ و بە ئاسوودەیی بە بەریدا تێپەڕیٚ. کە شێرۆ ناتوانیٚ لێیان لابدا و بیریان لیٚ نەکاتەوە!

ئەم چاوانە، باسی سەرێکی گەنجی سەرنەترسیان پێیە. بوێر و بێباک. تا ئەو ڕادەیەی، شەوی نیوەشەو، شەکەتی ڕێگە، بۆ ماڵی شێرۆی ڕاکێش ئەکات؛ ئەوەندەی کە زمانی ئەو سەرە، ئەو گوتەیە، ئەو فەرمانەی پێدا تیٚئەپەڕیٚ کە بە بیٚ ئەوەی سڵ بکاتەوە، خۆی ئەکا بە ماڵێکدا کە ماڵی ئەو نییە، بە ژنێک کە ژنی ئەو نییە، دڵبەر و یاری نییە، نەترسانە فەرمان بدات: «مەڕۆ، مەڕۆ بۆ شار!» ئەمە شتێک نییە چاوپۆشی لیٚ بکریٚ! ئەم بڕوا بەخۆ بوونە، ئەم خۆڕاگرییە، ئەم شێتیەتیە، ئەم... شێرۆ لە بەرامبەر ئەم کردارە سادە و ڕووتەدا، نەی ئەتوانی خامۆش و بێدەنگ بیٚ. لێی لابدا و وای دابنیٚ نەی دیوە و نەی بیستووە. نەی ئەتوانی تەزی پیانەیەت! ئەمەبوو ئەوی ئەهەژاند. ئەمە شێرۆی بزواندبوو و بیرنەکردنەوە لە شەیدا، بۆی دژوار بوو. دڕکێک لەپیٚ چەقیووە و جەمسەری ون کردووە؛ بەڵام لەوێیە! یادێکی بە ئازاری جیٚ هێشتووە، بەڵام هەیە. ئێوارانێک پەلاماری شێرۆی داوە. لە سووچی کارگە باوەشی پیاکردووە و بێزاری کردووە؛ بەڵام هەیە. شەوی ئەو ئێوارەیەش، شێرۆ نەیتوانیبوو، بیر لە شەیدا نەکاتەوە. ئەگەر بیری بێزاریش بووە، بیری هەر لیٚ کردبوویەوە. دووری زستانەی شەیداش، جیٚ پێی شەیدای لە خەیاڵی شێرۆدا ون نەکردبوو. تۆوێک بوو لە خەیاڵی ژنەدا چێنرابوو. هەرچەند ڕق، بە بێزاری یان بە حەز. ڕاستیەکەی ئەمە بوو!

هاتەوە بە خۆیا. بە ئارامی کەوتە ڕیٚ، تا بەردەرگاکە ڕۆیشت و وەستا. شانیدا بە دیوارەکەوە. هەتاو بوو. گەش و ڕۆشن. لە ناو دەرگاکە دانیشت. مریشکی چیتی، لە بن دیواری ئاخوڕەکە، لە ناو شیاکەی کۆن و وشکەڵاتووی ماینەکەدا، قنەقنی بوو. ئەم

مریشکە، لە بری دەلاّلانە لە مامەڵەیەکی پەزدا، دەس ماهدەرویّش کەوتبوو. مریشکی چیتی، هەموو ڕۆژێک هێلکەیەکی ئەکرد. شێرۆ هێلکەکانی کۆ ئەکردەوە و ماهدەرویّش، حەفتەی جارێک، ئەیبرد بۆ دووکانی ئەسلاّن و لەگەڵ قەند و چا ئەیگۆڕیەوە. چیتی، زۆر لای شێرۆ ئازیز بوو. نەک لە بەر ئەوەی هێلکەی ئەکرد؛ خۆبەخۆ ئازیز بوو. پاش ماینەکەی ماهدەرویّش، ئەو مریشکە تەنها گیانەوەری ماڵەکە بوو:

«ئەو پەڕە ڕەش و سپیانە چۆن بەو جۆرە تێهەڵکێش کراون؟ چەن بە جوانی! کلکی... چەندە کورتە، ڕەبەن!»

ــ ژنی سەید، لە ماڵەوەی؟!

شێرۆ، سەری هەڵێنا. لالا، ژنی چەپاو، لە بەر دەمیا وەستابوو. هەژا بوو، بەڵام پیشی ئەخواردەوە و بەری بە خۆی گرتبوو. ماندوێتی چاوەکانی، دەریانئەخست شەو ئاسوودە نەخەوتووە. شێرۆ، بێوازانە هەڵسا و سلاّوی لە لالا کرد. لالا، وەکوو دەنگی شێرۆی نەبیستبێ، لە بن دیوارەکە، لە بەر خۆر دانیشت.

شێرۆ پرسی:

ــ ئەوە بۆ وا شپرزەی، خوشکێ؟

لالا وتی:

ــ ئەگەر بمتوانیایەت، کازیوەی بەیانی ئەهاتم!

ــ باشە، لە بەر چی؟

لالا وەک پڵنگێکی مێ، ئاوڕی لە شێرۆ دایەوە:

ــ خۆتم لێ گێل مەکە، کەنیشکە کوردە! باش ئەزانی بۆچی هاتووم و باشیش ئەزانی ئەمەوێ چی بڵێم. لەوە زیاتریش لێوەکانت مەکە بە گۆپکە و نکۆڵی مەکە!

شێرۆ، تۆزێ سەرکزانە وتی:

ــ بە مووی برام ئەگەر بزانم باسی چی ئەکەی! تێمگەیەنە مەبەستت چیە؟

لالا، خۆی خزاندە پێشترەوە و ڕووی لە ڕووی ژنی ماهدەرویش ناو چاوەکانی گرتە بن نیگای:

ــ لەکۆڵ شەیدا ببەوە کچێ! بزانە، ئەوە ڕۆژێکە و بە زمانی خۆش پێت ئەڵێم. ڕێت خوارکە و بڕۆ. بڕۆ و نینۆکت لە شوێنێکی دی بچەقێنە.

شێرۆ، لاڵ بوو. یەکڕوو بوونی لالا، ئەوی ڕووتەوە کردبوو. ڕووتی بەر هەتاو. خۆشی نەیتوانی ڕۆحی خۆی ببینێ. هیچی پێ نەوترا. نەی ئەتوانی هیچ بڵێ!

لالا، پەیشوێنی قسەکەی خۆی گرت:

ــ لە داوی کچی سەیدی تەلەفوونچیم دەرهێنا. قەدیری کەلایی خوادادم کرد بە دوژمنی خۆم. ئێستەش بە هیوای ئەوەوە، بە لای ڕیشە گەونەکەی چەپاوەوە دانیشتووم. ئەو شەوەی لەگەڵم ئەخەوێ، بۆنی پشقل و کوڵکەی لەشی گێژم ئەکات. وەکوو ماینێکی بێ ئازار لە بنیدا ڕائەکشێم! موچڕکەم پیادێ. هەناسەی ئەمخنکێنێ. بۆچی؟ تۆ پێت وایە لەم قەلاچیمەنەدا، شووی لەو قۆزترم دەسناکەوێ؟ با! زۆرچاکیش دەسم ئەکەوێ. تاجعەلی کۆڵکێش، بۆنی تسەکەشم ئەکا! بەڵام من بۆیە چەپاوم ڕاگرتووە، چونکە ئەو ئەتوانێ چاوە ساخەکەی لە هەندێ کاری من بقووچێنێ! هەندێ لە کارەکانم نەبینێ. شەو نە شەوێک، بچێ بە دوای ڕاندا و بیابان بپێوێ! ئێستەش ئەوەتا، پاش زستانێک کە من کوڕی بوندارم نەدیوە، تۆ هاتوویت و خۆت کردووە بە دیواری نێوانمان؟! پێتوایە ئەهێڵم بە سەرپێوە ڕاوەستی؟ هەڵت ئەدڕم، کچەتیوە کوردە!

شێرۆ، سەری هەڵێنا، سەیری لالا بکات، بەڵام توانی لفکەی سووری چارۆکەکەی ببینێ بە دەم باوە ڕاشەکابوو و، ڕاوەشاندن و بادانی سمتی خڕ و لەباری. لالا ڕۆیشتبوو و شێرۆ مابوویەوە. قەمچی! بڕوا، شێرۆ چی لێ ئەباری، بە بێ ئەوەی خۆی بزانێ و بناسێ. چ داوێک لە بەر پێیدا دانرابوو؟ گێژی! کەڵەکەی ئاڵۆزی.

بیری جەخاراوی. ئەم گلۆڵە ئاڵۆسکاوە هەزار گرێیە چۆن بکاتەوە؟!
چۆن ئەیتوانی بیکاتەوە؟ ئەم سەرە، دەماودەم بارێکی زیاتری لە سەر بار ئەبوو. قورستر ئەبوو. درەختی وەرزی میوەگەنان. میوەی ژان، بە سەروبەچکی هەموو لقێکەوە. باری گران. زیاد لە توانا. خۆی ئەبوا ڕابگرێ شێرۆ.

چ سەرێکی پڕ ئاژاوەیە! چەند جەوانە و چەند پەرێشان. دەستی بە لقەوە. بە هەموو لایەکدا ڕائەکێشرا. بە هەموو لایەکدا ئەچەمایەوە. ئەچەمێنرایەوە. تا لە سەر خاک ئەنووشتایەوە و ژێیکەوان، بەرئەدرا. کێشەی گشت لایەنە، دەرەوە، بە هەموو لایەکدا؛ ناوەوە، لە هەموو لایەکەوە. گرێ کوێرە. بەو جۆرە ئەگەر زەمانە بڕۆیشتایەت، کاری ئەگەیشتە سەر لە دیوار کوتان.

«ئەبێ چی بکەم؟»

ـ های... های... گۆشتی وشتر، گۆشتی وشتر... ئای... ئای...

چ بەجێ! جاڕەکە لە بەرزایی بانانەوە ئەهات. دەنگی قوربان بەلووچ نەبوو. ئەبێ تاجعەلی کۆڵکێش بێ. هەرچی و بە هەر شێوە، دەنگەکە گوریسێک بوو شێرۆی لە ناو بیرەکە دەرکێشا. چووە دەرەوە، دالانە کۆن. بن دیواری گەرماو. قەدیر و لالا خەریکی گفت و گەپ بوون. ڕەنگە قەدیر، لالای بە قسەوە گرتبوو. ڕەنگیشە سەرڕێی بە لالا گرتبوو. بەڵام بۆچی؟ دیار نەبوو. لالا لای قەدیر لای دا و بای دایەوە بۆ ناو کۆڵانەکە.

«تۆ بڵێی ئەو، لالای هان نەدابێ؟»

قەدیر سەیری شێرۆی کرد. نیگای پڕ بوو لە ماندوێتی و بێزاری. ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشت. ئەروەنەیان ئەبرد بۆ کاروانسەرا.

ـ ئای... های... گۆشتی وشتر! گۆشتی وشتر... ئاهای... های...

نە قوربان بەلووچ و نە تاجعەلی کۆڵکێش، ئەمە عەباسجانی کەلایی خواداد بوو، جاڕی بۆ گۆشتی وشتر ئەدا.

خەڵکی پەراگەندە و دەستە، پیرەمێرد و ژن و جەوان، لە دەرگای ماڵی بابقولی بوندارەوە، بە دوای ئەروەنەدا کەوتنە رێ. بابا گولاو، لە بەردەمی حەشاماتەکەوە گۆچانی رائەوەشاند و ئەرۆیشت و عەباسجان، هەوساری وشترەکەی دابوو بە شانیدا. وشترەکەی ئەبرد بۆ کوشتارگە و پێشاوپێش جاری ئەدا:

ـ گۆشتی وشتر... ئاهای... ئای...

ئەسلان لەتەک ئەروەنەوە ئەهات. قۆڵی هەڵکردبوو و کێردێکی درێژی کردبوو بە بەرپشتوێنیدا؛ ناو بە ناو چەند هەنگاوێک ئەگەڕایەوە و پێی ئەکوتا بە عەرزا و بە نەڕڕەیەک منداڵەکانی راوئەنا. بوندار لە پێشەوە ئەرۆیشت و قوربان بەلووچ، ئاڵقە گوریسێکی کردبوویە شانیدا و لەتەک تاجعەلی کۆڵکێشەوە رێی ئەکرد. ماهدەروێش مەسینەیەک بە دەستەوە بە دوای خەڵکەکەدا خۆی رائەکێشا. تاک و تەرا خەڵکی، هەندێ لە جووتیارەکانی ئالاجاقی، جارجارە سەریان ئەهێنایە دەرەوە، ئەهاتنە ناو کۆڵان و تێکەڵی جەماوەرەکە ئەبوون. عەبدولە ڕەش، برای پوورە سەنەمایش بە دەمی پڕ لە نان و چاوی ڕیپۆقاوی، لە کۆڵانەکە هاتە دەرەوە، بە لای قەدیردا تێپەڕی و خۆی گەیاند بە ماهدەروێش.

قەدیر، لە جەمسەری کۆڵانەکە، پێ پەڵکەی کرد. دڵی ڕێی نەئەدا لەوە زیاتر بچێتە بەرەوە. جەماوەر بووکیان ئەبرد و قەدیر، ئەتوت بەرەو گۆڕی خۆی ئەچێ. ڕووی وەرگێڕا و دەستی لە دیواری باخچەکەی بابقولی بوندار گیرکرد و خۆی هەڵکێشا. بەودیودا، بازی دایە خوارەوە و بە شیوێکی وشکدا تل بوویەوە. هەم دڵی ئەوەی نەبوو سەربڕینی وشترەکە ببینێ و هەم نەی ئەتوانی گوێ لە بۆڕەی بگرێ:

«نەء! بینینی نییە. بینینی چی؟ مەگەر یەکەمجارە وشتر ئەکوژنەوە. نەء! یەکەمجار نییە. بەڵام ئەمجارە؟ باشە. با وابێ. ئەروەنە ئەبەن بۆ بەردەرگای کاروانسەرا، لەوێ ئەیدەن

بە عەرزا -چونکە لەوێ زەوییەکە تەختە- چەند پیاوێک دەوری ئەگرن. قوربان بە لووچ عەگاڵ ئەدا لە چۆکی. ئەسلان جارێکی‌دی کێردەکەی تیژ ئەکات. ماهدەرویش بە دەور وشترەکەدا ئەگەڕێ و منالان دوور ئەخاتەوە. عەباسجان بە هەوڵێکی زۆر، هەوساری وشترەکەی ڕاگرتووە. بوندار لە بن بەرتاقی کاروانسەرا چاودێرە. بەڵام کار هێشتا تەواو نەبووە. جووتیارەکان دێن بۆ یارمەتی. ڕەشە و میرزای دەلاکیش تێوە ئەچن. بابە گوڵاو جگە لە دۆعا کردن کارێکی تری نییە. قوربان بەلووچ، لە هەمووان شارەزاترە. بە گوریس کەللە و قەپۆزی وشترەکە ئەبەسێتەوە. وشتر ئەبێ بخرێتە بن ڕکێفەوە، بە شێوەیەک کە نەتوانێ جووڵە بکات. ژن و منالْ، چاویان مۆڵەق بووە. هەموو چاوەڕێن شتێک بقەومێ؛ چاوەڕێی خوێنن. هەولْدانی پیاوەکان، بەردەوامە. وشتر نابێ هەست پێ بکا و بتۆقێ. نابێ بزانێ. خۆف و هەراس هەڵی ئەگرێ، پەت ئەپچڕێنێ و ئەبێ بە بیابانی. بۆیە شێوازی کارەکە ئەبێ پسپۆڕانە و گورجوگۆڵ بێ. گورج، بەڵام نەبە شەڵەژاویی. پێش ئەوەی وشترەکە بە خۆی بزانێ ئەبێ چارەنووسی بە سەردا بسەپێنن و لە سەر سفرە لە پێی بخەن. چارەنووسی بۆ ببڕنەوە و کۆڵەی بکوتن.»

کێشەو هەرا!

دوو پیاو، قوربان بەلووچ و کوڕی سالار ڕەزاق، سەری گوریسەکەیان گرتووە و ملی وشترەکە بۆ لای پشتی ئەشکیننەوە. هێزیان پێی ناشکێ. پیاوی‌تر دەس ئەدەنە گوریسەکە، ڕای ئەکێشن. هاواری وشترەکە پارچە پارچە ئەبێ. قیژەی بڵاو ئەبێتەوە. نۆرەی ئەسلانە. کێردەکە لە بەرپشتوێنی دەرئەهێنێ و بە دەستی هەڵکراوەوە دێتە بەرەوە. چاوەشینەکانی لە بەر خۆرەکە ئەدرەوشێتەوە. کارشارەزا نییە. جاری یەکەمیەتی. کێردەکە ئەبێ بچەقێنرێ بە بن ملی وشترەکە، نێوان چەڵەمەی سینگی. ڕێک، سەر شارەگی. کێرد تا لای دەسک ئەبێ بچێ

بە لەشی ئەروەنەدا. پسپۆڕی و بوێری ئەوێ. پیاوەکان چرکەیان لە وشتر بڕیوە. دەست نابێ بلەرزێ. چۆک نابێ بلەرزێ. دڵ نابێ بلەرزێ. ڕەنگ نابێ بپەڕێ. ئەبێ جەللاد بی! ئەبی بە جەللاد. هەنگاو ئەنێت و دێ بۆ بەرەوە، ئەسڵان، بوندار کارێکی بە کوڕەکەی ڕاسپاردووە و چاودێری ئەکات. چاوی ئەسڵان، باش نابینێ. لێڵ بووە. کۆمەڵێک قەبارەی لار و لەوێر، لە بەر چاویا ئەخولێنەوە. ئەروەنە، لە سیلەی چاوییەوە سەیری ئەکات. نیگای ترس و تکا. پچڕ پچڕ ئەبۆڕێنێ و هەوڵ ئەدا، سەر و ملی ڕاوەشێنێ. بەڵام دەستی پیاوان، بە توانایە. بابقولی خەریکە وەڕەز ئەبێ. کەللەی وشترەکە لە دەستی ئەناڵێنێ و ئەنەڕێنێ.

ـ لێیدە! لێیدە ئیتر!

ئەسڵان، وزەی دێتەوە بە بەرا. ئانیشکی ئەباتە دواوە و ڕەمەکی، کێردەکە ئەچەقێنێ بە ناو چەڵەمەی سینگی ئەروەنەدا، نا کار! ئەروەنە ئەبۆڕێنێ. کێرد لە ئیسقان گیراوە.

ـ ئاو! خوا نەناسانە، ئاوتان پێ بدایە!

قەدیر؟!

قەدیر، لێرە بوو؟ ئەو خۆ ڕۆیشتبوو! ئەی چۆن لێرە بوو. چۆن گەڕابۆوە؟ کەی؟ کەی و لە کام لاوە گەڕابوویەوە؟

ئەمە نە قەدیر ئەیزانی و نەکەسیتر. گەڕابوویەوە و سەیریانی ئەکرد. لێو و برۆی ئەلەرزی. چاوەکانی پزیسکەیان ئەپرژاند. گۆنای وەکوو شاخی کاژیلە، هەڵتۆقیبوو. پشتی زیاتر کۆم بوویەوە و سەری، سەری ئەتوت شکاوە. سەری شکابوو و خوێن، ڕێ ڕێ لە چەند لاوە جۆگەلەی بەستبوو و بە ڕوخساریا ئەهاتە خوارەوە. خوێن، لە جێ جێی کێردەکەوە فیشقەی ئەکرد.

«نەء! کوشتنی وشتر خۆ بینینی نییە!»

گەڕایەوە، پشتی تێکردن و ڕۆیشت، بەڵام هێشتاش نەی ئەزانی لە کێی بیستووە کە:

«وشتر، کاتێکە لە بن کێردا ئەخەوێ، ئەگری!»

بوندار، شەلاڵی ڕق و ئارەقەی لەش، لە بێ دەسەلاتی کوڕەکەی تووڕە ببوو و هاواری کرد:

ـ دەستت بشکێ، پەتاتە! بێ ڕەگ، باشی لێدە ئیتر! کێرد لە ورگت چەقێ کە ناتوانی کێرد لە سینەی وشترێک بچەقێنی! کوا؟ ئەو بەرەڵلایەیتر ئەو جەللادە لە کوێیە؟ شەیدا لە کوێ خۆی ون کردووە؟ سەید قومێ ئاو بکە بە گەرووی ئەو پاتاڵەوە. یاڵڵا، بجوولێرەوە!

ماهدەروێش مەسینەی کرد بە ئاوەکەدا، هێنای و گەرووی وشترەکەی تەڕکرد. منالێک مەسینەی لە ماهدەروێش وەرگرت و ماهدەروێش جارێکیتر دەستی دایەوە گوریسەکە. عەباسجان دەستی لە لەغاو بەردا و چوو بۆ لای ئەسلان کێردەکەی لێوەر بگرێ. ئەسلان، دەستی بە کێردەکەوە کشاندەوە و پاڵی بە عەباسجانەوە نا. بوندار، تەشەری هاوێشت:

ـ بەلووچ، بۆ هەروا ڕاوەستاوی سەیری گاڵتەجاڕەکە ئەکەی؟! حەلاڵی کە، یاڵڵا، زووکە.

بەلووچ، جێگەی دایە عەباسجان و کێردی لە کالان دەرکێشا. چۆکی لە عەرز چەقاند. شانی چەپی دایە بن ملی ئەرووەنە. قۆڵی چەپی لە دەور ملی ئالاند. قاچی ڕاستی برد بۆ پاشەوە و کێردەکەی، لە جێی برین چەقاند. فوارەی خوێن، ئیتر نە بۆڕە و نە شیوەن. خوێن بۆ ناو ئاوەکە جۆگەلەی بەست. هەناسەکان ئاسوودە بوون.

ـ دار! سەید، دار بەرپا کە!

ئەوەندەی بەلووچ ملی وشترەکە ببڕێ، ماهدەروێش گرێی گوریسەکەی کردەوە و چوو بۆ پشتی کاروانسەرا، لە دیوارە لاڕووخاوەکە سەرکەوت و لە سەر نیوگومەزی بەر تاقەکە وەستا:

ـ دارێکی تۆکمەی ئەوێ گوریسەکەی لێ ببەستم، بوندار!

بابقولی بە ئەسلانی وت:

ـ هەڵێ! کێردێکی تریش بهێنە!

ئەسڵان هەڵات و بابقولی مناڵەکانی دەنگدا کە لەپەسا ئەهاتنە بەرەوە:

ـ چۆڵی کەن، چۆڵی کەن. بچن پارە، گەنم، هێلکە لە دایک و باوکتان وەرگرن و بێن گۆشت بکڕن. هەڵێن! بەلووچ، بۆ دەس پێناکەی؟ کەوڵی بکە! ڕۆژ خەریکە ئاوا ئەبێ، بۆ ڕاوەستاوی؟ بەر لە نیوەڕۆ، ئەبێ هەرکوتێکی بچێ بە لایەکدا. بەلووچ، دەستی پێکرد. لە بن ملی وشترەکەوە هەڵیدڕی و بە بە کۆمەی پشتیدا سەرکەوت و دابەزی بۆ لای کلکی، پێستەی کرد بە دوو لەتەوە. بەلووچ ، لە چەپی پشتی وەستا و کێردی لە بن پێست ڕۆکرد. پێستەکە، نابێ بریندار ببێ. نابێ بەز و چەوریشی پێوە بمێنێ. ئەمە، کاری بەلووچ بوو. کاری خاوێن و پسپۆڕانە. ئەسڵان گەیشت. بوندار داری قەپان و کێردەکەی لە دەس کوڕەکەی وەرگرت. دارەکەی بۆ ماهدەروێش هەڵدا و کێردی دا بە دەس عەباسجانەوە:

ـ هەر نەبێ بە گەنجێتی لەمکارانەت کردووە!

عەباسجان، کێردی وەرگرت و لای ڕاستی پشتیەوە تێوە چوو.

کەوڵکردنی وشترەکە تا قاوەتوونی پێچوو. لەشەکەیان شەقکرد. شەقەکەیان، پارچە پارچە کرد. بوندار پارچەکانی خستە سەر قەپان و کێشای و هەر پارچەیەکیدا بە یەکێک بیبا بۆ گوندەکانی دەورو بەر، بیفرۆشێ. قورسترین پارچە، بەلووچ لە وشترێکی بارکرد و بەرەو شۆراو کەوتە ڕێ. عەبدولەرەش و عەباسجان پارچەیەکیان دا بە شاندا و بەرەو گوندی خوارەوە بردیان. پارچەیەکیان لە چارشێوەوە ئالاند بۆ ئەسڵان کاتی چوونی بۆ دەزگیرانبازی شەوی جەژن، لە سەر ڕێ، لە زەعفەرانی بیفرۆشێ. پارچەیەکیان هەڵواسی وردە وردە بیفرۆشن بە خەڵکەکە. کاری فرۆشی قەلاچیمەن بە تاجعەلی کۆڵکێش و ماهدەروێش سپێردرابوو. تاجعەلی قۆڵی هەڵکرد و کێردی لە

دەست بوندار وەرگرت و ماهدەروێش لە پشت تەرازوو وەستا. بابە گولاو چاوەڕوانی ورتکە گۆشتی دەمی چەقۆ پاڵی بە مناڵانەوە ئەنا. ژنان، تاک و تەرا هاتبوون بۆ گۆشت کڕین. کار وەڕێ کەوتبوو. ئەبوا دیاری پێشکەشی ئالاجاقی ئامادە بکەن و بیدەن بە شێرۆ بیبات بۆ شار:

تۆ بۆ لێرە وەستاوی؟ بڕۆ بوخچە و شتەکانت بنێرە یەک!

شێرۆ، ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیشت بوخچەکەی بپێچێتەوە.

ــ تۆیش ئەسلان، بڕۆ هێسترەکەت جل و هەوسار بکە. تا لای ئێوارە بە یارمەتی کوێخا حەسەنی زەعفەرانی گۆشتەکەت ئەفرۆشی. شەویش ئەڕۆی بۆ خوێناڵ. لە زەعفەرانیەوە تا خوێناڵ نیو فرسەقیش نابێ. بڕۆ با بڕۆین، بڕۆ! لە ڕێگە، کە ئەسلانی لەگەڵ خۆی ئەبرد، وتی:

ــ ژنی ماهدەروێشیش لەگەڵ خۆت تا زەعفەرانی ئەبەی، لەوێ کە گۆشتەکەت داگرت، هێسترەکە ئەدەی بە شێرۆ سواری ببێت و بڕوات. ئەگەر زانیت کات درەنگە، بە کوێخا حەسەن ئەڵێی یەکێکی لەگەڵ بنێرێ بۆ شەو بیگەیەنێتە شار. خۆشت ئەو دە هەنگاوە بە پێ ئەڕۆی بۆ خوێناڵ!

شەیدا، سینە بە سینەی باوکی بوویەوە. کاتێکە لە دەرگاوە پێی نایە ناو کۆڵان، بوندار لێی پرسی:

ــ هەتا ئێستە لە کام گۆڕستان خولەت ئەهات؟ مەگەر نەتئەزانی کارمان هەیە؟

ــ چوو بووم بۆ گەرماو.

ــ لەگەڵ ژنان؟! ئەم کاتانە گەرماو ئەبێ بە ژنان!

ــ تا من لەوێ بووم، پیاوانە بوو.

نەوەستا. بە لای شانی باوکیدا تێپەڕی و چوو بۆ کاروانسەرا. کۆمەڵێ ژن دەوری ماهدەروێشیان گرتبوو و لە سەر نرخی گۆشت مشتومڕیان بوو:

ــ نرخەکەی بڕاوەتەوە خوشکم. نرخەکەی دیاری کراوە.

ئەگەر قسەیەکتان هەیە بچن بە خودی بوندار بڵێن.

شەیدا، نیگای لە لالا دزییەوە و لە سەر سەکۆکەی بەردەرگای کاروانسەرا دانیشت.

ــ پارەی نەخت خوشکە. پارەی نەخت. گەنم و جۆ بکەمە کوێ؟ تاجعەلی برۆ یەک دوو دانە شەڵتە بهێنە، بابەگیان، برۆ!

لالا، بە ئارامی خوشا بۆ لای شەیدا و لە کاتێکا لەقەز چاوی لە گۆشتەکە بوو، وتی:

ــ دڵت نوێ کردۆتەوە؟ دڵبەری تازەت گرتووە؟!

ماهدەروێش گۆشتەکەی بۆ لالا ڕاگرت:

ــ وەری بگرە لالا، پێنج سیرە. نۆرەمان نییە لێرە.

لالا بە شەیدای وت:

ــ دەرگای گەوری مەڕەکان داناخەم ئەمشەو!

شەیدا، سەری داخست و لالا ڕۆیشت. ماهدەروێش، تا تاجعەلی بگەڕێتەوە، هەڵسابوو و گۆشتی ئەبڕی.

شەیدا لێی چووە پێشەوە و وتی:

ــ سەید! هێشتاش درەنگ نەبووە! بەر بە ژنەکەت بگرە. مەهێڵە بڕوات بۆ شار. خۆ لە دارت نادەن، پیاو! ژنتە!

ماهدەروێش، بە بێ ئەوەی سەری لە کارەکەی هەڵگرێ، وتی:

ــ کارەکان ئیتر بە دەس من نییە، شەیدا گیان. ناتوانم!

شەیدا، سەری بردە بن گوێی و وتی:

ــ غیرەتت چی لێهاتووە سەید؟ لە جەددت تەریق نابیتەوە؟!

ماهدەروێش، نیگا زەلیلەکەی بڕییە چاوەکانی شەیدا و وتی:

ــ ناتوانم! ناتوانم!

بوندار و شێرۆ، شان بە شان هاتن. شەیدا، بڕانیەوە و کشایەوە.

بوندار وتی:

ــ زمان و گورچیلەکانی بخەرە لاوە. پارچەیەکیش لە پشتی

ببڕە. دوو مەنیش لە ڕانەکەی. یاڵڵا!

ماهدەروێش کەوتە برینی پشتی وشترەکە. بوندار گورچیلە و زمان و پارچەیەک لە ڕانەکەی بڕی و خستیە ناو سفرەکە. ئەمەش پشتەکەی. ماهدەروێش یارمەتی بونداریدا سفرەکە ببەستێ و بیخاتە ناو توورەکەکە.

ـ بیدە بە براکەت لە ناو شەڵتەکەدا جێیبکاتەوە.

بە نابەدڵی، شەیدا توورەکەکەی هەڵگرت و دای بە شانیدا و بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ. بوندار، بەردەوام پەیام و ڕاسپاردەکانی ئەچرپاند بە گوێی شێرۆدا:

ـ بوخچەکەی تۆش ئەخەنە ناو شەڵتەکە. هەر لێرە لە لای سەید بە، تا ئاگادارت ئەکەمەوە.

شێرۆ لای گۆشتی هەڵواسراو، نزیک ماهدەروێش وەستا. هەر دووکیان خامۆش. سەیری یەکدیان نەئەکرد. سەریان شۆڕ کردبوو. هیچیشیان نەبوو بە یەکدی بڵێن. یان، لە بەر ئەوەی دڵیان پڕبوو، نەیان ئەوێرا دەم بکەنەوە. تا هاتنی بوندار و ئەسڵان، ژن و پیاو، دوو پارچە بەرد بوون. ئەسڵان دەسکەوساری مایەنەکەی ڕائەکێشا. شەیدا، گڕی گرتبوو. بوندار پەتی شەڵتەکەی شەتەکدا:

ـ ڕێ کەوە شێرۆ! یاڵڵا، درەنگ ئەبێ. بڕۆن یاڵڵا!

شێرۆ، هێشتا ڕامابوو. ماهدەروێش نیگای کرد، خۆی پێ ڕانەگیرا، سەری داخست.

شێرۆ وتی:

ـ ئاگات لە مریشکەکە بێ!

ماهدەروێش، سەیری ڕۆیشتنی ژنەکەی کرد. شێرۆ ئەڕۆیشت. ئەسڵان سوار ببوو و گۆشتی ناو چارشێوەکەی لە بەردەمیا ڕێک ئەخست. شێرۆ بە لای شەیدادا تێپەڕی و ڕۆیشت. ئەسڵان هەوساری ڕاوەشاند. شێرۆ پێی گەیشتەوە. سوار و پیادە بە شیوی ڕێگەکەدا شۆڕ بوونەوە و لە چاوی شەیدا ون بوون.

ژنێکی تەنها، بە سواری کەرێکی لەڕ، لای گردی غوڵامۆوە بەرەو ڕوویان ئەهات. ئەسڵان بۆ چاک و چۆنی ماینی ڕاگرت. بەڵام ژنە درێژەی بە ڕێیخۆی دا.

«ئەبێ خۆی بێ! دایکی نادعەلی.»

قەدیر، کە لە سەر سینەی گردەکە، لە سەر پشت ڕاکشابوو. بەرزبوویەوە و چاوی بڕییە ژنە، خۆی بوو. ماهسوڵتان. مسۆگەر سەبارەت بە نادعەلی پەیامێکی بۆ بوندار هێنابوو. ڕەنگە بۆ مامەڵەی چوارگوێشلی بێ. ڕەنگیشە نادعەلی بە بێ باقیدانەوە، خۆی دۆڕاندبێ؟!

قەدیر، دڵپەرۆشی زانینی ئەم شتانە بوو. بەڵام دڵی ڕابوونی نەبوو. دڵ و دەروونی بینینی هیچکەسی نەبوو. بۆیە ڕاکشایەوە و مەچەکی نایە سەر تەوێڵی، تا دیداری ئاسمان کەی کۆتای بێ!

«ئەبێ کارەکان بڕابێتەوە!»

خەو! سەرمای ئێوارە، ڕایشەکاند. هەڵسا و خۆی تەکاند.

خۆر خەریک بوو دائەچوو. نیشت. نزمتر. برۆیەک. ئەویش نەما. پاشماوەی ڕۆشناییش. تاریکی. ڕەش داهات. شەو. ئەستێرە.

قەدیر، ڕاست بوویەوە. هەستی ئەوەی جارێکیتر پێ بنێتەوە ناو دێ. شەرمی دزان! دامودەزگا کۆ کرابوویەوە. ئێسکەکان مابوو؛ سەگەکانی قەڵاچیمەن تێی ورووکابوون.

تاجعەلی کۆڵکێش شەڵتەی گەنمەکەی دابوو بە کۆڵیدا و ئەیبرد. بەرد و ترازوو بە ماهدەروێش بوو. سەگ و ئێسقان، خوێنی مەییوو لە سەر خاکەکە. جێ پێی کوشتار. قەدیر، لە سەر سەکۆکە دانیشت:

«پاش زستانێک نانە ڕەقە، ئەمشەو زۆرکەس دۆعای خێر بۆ بوندار ئەکەن.»

خزا پێشەوە و دەستی برد بۆ خاکەکە. خاک، نە. مشتێک قوڕی هەڵگرت و بۆنی کرد. خوێن، بۆنی برینی ئەدا. نەء! نابێ دڵی بشکێ. قوڕی هەڵدایەوە. گوژمێکیدا بە دڵی و بەرەو ماڵ

بوویەوە. دیسانەوەش لە بن دیواری ماڵی بوندار. ماڵی بوندار. جارێکی کەش سەیرکردنەوەی وشترەکان. دوویان مابوو.

با، با هەڵیکردبوو.

قەدیر، لە دالان تێپەڕی. کۆکەی کەلایی خواداد. قەدیر، دەرگای هەمارەکەی کردەوە و چراپلیتەکەی پێکرد. کوتە ئاوێنەیەک بە دیوارەوە بوو. قەدیر، سەیری ئاوێنەکەی کرد. خۆی نەناسیەوە. لای دیوارەکە وەستا. بەرامبەر بە خۆی. دوو پەڵەی ڕیشی لە سەر چەناکە و چەند تاڵێکی لاجانگی سپی ببوون. لای خۆی وتی:

«چ بایەکە!»

## بەندی سێیەم

لە شانشین، شەمەلی مەشتی یاخووت، لە سەر کورسیە قاچ کورتە بەرگ قەیفەکە، لە بەرامبەر ئالاجاقی و فەربەخش‌دا دانیشتبوو و چاوەکانی -وەکوو هەمیشە- ئەتوت یاویان هەیە:

ــ دەرگای زیندانم پیشان ئەدا! پف! پێی وایە ئێمە زیندانمان نەدیوە؟! منالێکە، بەڵام زۆر ئاگری توندە. نەگەیشتۆتە بەرەوە ئەیەوێ ئاو بکاتە ناو جۆگەکە. هەموویان وان. ئەوەندەی ئەبن بە کارمەندی ئەمناوە -ببوورن جەنابی فەربەخش- ئەڵێی لە ناو کۆمەڵێ خەڵکی ئەفسەر نەدیوەوە دێن! ڕێگەی کاریشیان ڕوونە. لە هەمان هەنگاوی یەکەمدا ئەیانەوێ شار بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. یەکەمجار لەگەڵ بازرگان و ڕیش سپیەکان کۆبوونەوە ئەکەن. پاشانیش دێن بۆ گیانی ئێمە. کە چی؟ کە ببین بە کرێکاری بێ چارە و پارەی ئاغە! کە گوێ بە فەرمانی ئەوان بین. بریسکانەوەی سەرەنێزەکەی پیشانی من ئەدا!

شەمەل، بۆ ئەوەی وەڵامێک وەرگرێ، کلۆ قەندەکەی لە چاکەدا خووساند و خستیە سەر زمانە سوورەکەی و چاوی بڕییە بەردەمی. ئەو قەساو بوو. قەساوی دووکانی باوکی، مەشهەدی یاخووت. شەمەل، بە سەری خڕی زلیەوە، گوێی پان و وەرگەڕاو، چاوی شین و سمێڵی زەردی، گای قەشانی شارەکە بوو. قەمە وەشێن، بۆ ئەوەی لە خۆی خراپتری بۆ دانەتاشن،

سەردەستەی چەقۆکێشەکان. دەستەکانی، لە ئانیشکەوە تا پشتی پەنجەکانی، کوڵکەیەکی وەکوو لبادی زەرد دایپۆشابوو و لە سەر لەشی، دەست و قۆڵی هەتا سینە و پشت، نەخش و نیگاری لە سەر کوترا بوو. لە سەر هەر بەرێکی سینەی کۆترێک؛ بەلەکی چەپی، ئەژدیهایەک و لە سەر ڕاست، پەری کلکماسی. قژی سەری کورت بوو و کاکۆکی درێژتر، بە جۆرێک کە بەشێک لە ناوچەوانە گەورە و پانەکەی دائەپۆشی. ملی ئەستوور و پڕ، شانی گرێ گرێ، گۆشت و بەز و بازووەکانی ماسوولکەی ئەستوور. مەچەکی چەپی کاتژمێرێکی زێڕ و دوو پەنجەی بە دوو ئەنگوستێلەی عاقیقەوە، نیگای فەربەخشیان ڕاکێشابوو. باوی زەمانە؛ یەکێک لە ددانەکانی شەمەلیش زێڕ بوو.

شەمەل، کوڕە گەورەی یاخووت بوو. یاخووت بە ڕووسێکی کۆچەریی ڕاستەقینە. ناسرابوو.

ـ ئەیەوێ پێوەم بکات، قوربان! هاتووم ئەمەتان پێ ڕابگەیەنم.

ئالاجاقی، هێشتاش چاوەڕوانی وەڵامێک بوو لە لایەن فەربەخشەوە. فەربەخش، خاو و ئارام وتی:

ـ نەء... هێشتا نایناسم و نازانم چۆن جەوانێکە! بەس ئەو شەوی میوانیەکە...

ـ لە بیرمە... ئەو شەوە منیش دەرفەتم نەکرد لەگەڵی بدوێم.

ئالاجاقی، ڕووی لە شەمەلی یاخووت کرد و وتی:

ـ کاکڵی قسەکەی... مەبەستی سەرەکی چیە؟

شەمەل وتی:

ـ تووڕە، ئاغە! ئەمەی کردەوە بە بیانوو و ئەیەوێ تەڵەم بۆ بنێتەوە. من ئەزانم لە پشت ئەم قسەیەدا، شتیتریش هەیە. خۆم ئەزانم!

ـ وەکوو چی، بۆ وێنە؟

ــ باج! باجی ئەویٚ.
ڕەنگیشە وانەبیٚ؟! نا؟ تۆ خۆت ئەڵێی گەنجە، ڕەنگە ئەیەویٚ...
ــ کۆڵەم بکوتیٚ، ئەریٚ؟
ــ رەنگە، ئەبیٚ ببینین.
شەمەل سەری کرد بە ناو شانەکانیدا و وتی:
ــ باشە! باشە!... ئەوسا، ڕەنگە من... ڕەنگە من زووتر دەستی خۆم وەشاند!
ئالاجاقی وتی:
ــ چۆن... وەڵامت دایەوە؟
شەمەل بە بیٚ ئەوەی سەری بەرزەوە بکات، وتی:
ــ توووند! بوو بە دەمەقاڵە. منیش هەڵسام، بە لەقە دام لە بن مێزەکە و لە پۆلیس هاتمە دەرەوە. ئەویش لە پشت سەرمەوە وتی: «ڕۆژێک لێرە ئەتبینم!»
ئالاجاقی پرسی:
ــ ئەی ئەو قیژە و هەرایەی ڕۆژی جەژن چی بوو؟
شەمەل، نیگای بڕییە عەرزەکە و وتی:
ــ لەگەڵ کوڕەکان بووین، ئەو ڕۆژە. لە گردی خەسرەو، ئارەقێکی زۆرمان خواردبوویەوە. هاتین بۆ ناو شار. وتیان لە سەر ئاوەکە چەند کەسێکی لێیە میوانیان کردووین. لەوێش... کوڕەکان زۆری لە سەر ڕۆیشتن. پاشان سوار بووین چووین بۆ سەیرانگەی پشت نوێژگە. نەم ئەتوانی دەستی ئاغە جلیل بدەمە دواوە! تۆزیٚ سەرمان گەرم بوو. کە گەیشتینە بەر پۆلیس، هاتەوە بیرم... ڕاستەکەی سەرم گڕی گرت و... ئەمە بوو ئیتر... دەمم کردەوە و -ببووره جەنابی فەربەخش- ئیتر نەمزانی چیم وت!
ئالاجاقی، بە بزەیەکەوە سەیری فەربەخشی کرد و وتی:
ــ چەتوونی شەمەل! زۆر هاروهاجی!
شەمەل وتی:

ـ ئەبوا بە گوێی بگاتەوە، ئاغە! بەس ویستم بە خزمەتتان ڕابگەیەنم، ڕەنگە... لەم ڕۆژانەدا پێم ببێ بە تەڵەوە. مەبەست لەوەی کاتتانم گرت... چۆن بڵێم، یارمەتی هەیە بڕۆم؟

شەمەل هەڵسا، بە نەرمی شان و ملی ڕاوەشاند و تۆزێ خاوەخاوی کرد. فەربەخش لە ناو موبلەکەدا پانەوە ببوو، خامۆش بوو و تەزبێحی ئەگەڕاند.

شەمەل، وتی:

ـ بە یارمەتی جەنابی سەرتیپ!

فەربەخش، دەستی بە تەزبێحەکەوە بەرز کردەوە و شەمەل چووە دەرەوە.

لەبن دیواری سووچی حەوشە، شێرۆ خەریکی گسکدان بوو و کاتێکە شەمەلی بینی ڕووی شاردەوە تا غەوارەکە چووە دەرەوە. کاتێکە شەمەل لە دالانەوە پێی نایە ناو کۆڵان، شێرۆ ڕۆیشت کیلۆنی پشت دەرگاکە دابخات، لەو بەری کۆڵانەکە، بڵقیس ڕێی بە شەمەل گرتبوو و ناونیشانی ماڵی ئالاجاقی لێ ئەپرسی.

«ئەو ئیتر لێرە چی ئەوێ؟!»

بڵقیس، بە سەرسووڕمانەوە، هەنگاوی نا و بەرەو کچەکەی هات. لە بەر دەرگا بە قورسی وەستا. شێرۆ، لاڵبوو. دەستی دایکی گرت. بردییە ناو دالانەکە و باوەشی پیاکرد. بڵقیسیش کچەی گووشان بە سینگیەوە و لە سەر سەکۆی ناو دالانەکە دانیشتن. خامۆشی بەردەوام بوو. شێرۆ بە لۆی ڕووسەرییەکەی چاوی سڕییەوە و لووتی هەڵلووشی. بڵقیس حەپەسابوو.

خامۆشی، کەی شکا؟

ئەوەندەیان زانی خەریکن قسە بۆ یەک ئەکەن: بۆچی لێرەی؟ لە کوێوە؟ تۆ، بۆچی؟

ـ ئەزانی ئەگەر براکەت بزانێ ملت داوە ئەمجۆرە کارانە بکەی، چی بە سەر تۆیش و خۆشی ئەهێنێ؟

ـ برای من ئیتر چی لە من داوە؟ براکانی من خوشکەکەیان

فڕێداوە و چوون بە دوای ژیانی خۆیاندا!
ـ کێ تۆی فڕێ داوە؟ براکانت تۆیان لە چاویان خۆشتر ئەوێت.
ـ خۆشتر ئەویست!
ـ ئێستەش هەروا... بەڵام تۆ خوشکێکی باش نەبووی. بووی بە مایەی سەرشۆڕی ئەوان. تۆ ئەوانت بەجێ هێشت و لەگەڵ دەروێشێکی ڕووت و قووت هەڵاتی. پاشانیش... هەواڵت نەهاتەوە. لانیکەم نەگەڕایتەوە داوای لێبوردن بکەی! باوکت، من... ئێمە چ خراپیەکمان لەگەڵ تۆ کردبوو؟
ـ بەوکارەی بەگمحەمەد لەگەڵ منی کرد، بەو بەڵایەی بە سەر شووەکەمی هێنا، بە چ ڕوویەکەوە ئەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ لای ئێوە؟ لە قەڵاچیمەن، ئابڕووی پێوە نەهێشتم! شووەکەم لە بەر چاوی هەموو خەڵکی قەڵاچیمەن سووک و ڕیسواکرا. کافر لەگەڵ کافر واناکات. بە کاکۆڵی خودی بەگمحەمەد، ئیتر ڕووم نییە چاو بخەمە ناو چاوی. ئاخر خۆ من زۆڵم نەخستووە! خۆ زینام نەکردووە! شووم کردبوو. کوڕەکەی تۆ ئەبوا بەو جۆرە هێرش بکاتە سەر ماڵەکەی من و بەو جۆرە بمخاتە بن پێلەقە و پاشانیش ئابڕووم، کەزییەی بیست ساڵەم ببڕێ و بیبات؟ مەگەر من چیم کردبوو؟ پشتی مێردەکەمی شکاند! لەو کاتەوە سەیدی بێچارە نەیتوانی ئیتر پشت ڕاست بکاتەوە. پیر بوو! خۆ گاڵتە نییە؟! لە بەر چاوی سەد چاوی ئاشنا، پیاوێک بدەی بەعەرزدا و نافەکی ببڕی! پێت وایە هەروا ئاسانە؟ هەرچی نەبێ شووی خوشکەکەی بوو، نەبوو؟... پاشانیش... ئەو شەوەی گوڵمحەمەد هاتبوو بۆ قەڵاچیمەن، هەردووکمان چووین بۆ لای بەڵکوو سەیرمان بکات، بەڵام... ئەو تەنها نمەکی کردین، هێشتاش هەر باش بوو. ئیتر چیمان پێ ئەکرا؟ لەو ڕۆژە بە دواوە بابقولی دەستی بە سەرماندا گرت و کەوتینە گیری ئەو. ئێستەش ئەوەتانێ... ناردوومیە بۆ ئێرە، ڕۆژانی جەژن خزمەتی ماڵی ئەربابی بکەم. ئێرەش لە ڕەشماڵی هاوینەی میوانخانەی

خۆمان ئەچێ. میوان لە میوان دانابڕێ. بەیانی سەرهەڵئەنێم تا شەو کە سەر ئەنێمەوە وەکوو سەگ ڕائەکەم، دیسانەوەش نیوەی کارەکانم هێشتا لە عەرزایە! چیبکەم؟!

بڵقیس وتی:

ـ خەمی دنیا!... براکەت کە نیشانەکانی تۆ و شووەکەتی هێنا، پیرەمێرد برێک هێور بوویەوە، ئەگینا ڕەنگە دیقی بکردایەت. بەڵام کە چاوی بە چەپکەی قژەکانی تۆ کەوت، ئوقرەی گرت و هێور بوویەوە.

ـ بەڕاست، کەزیەکانت چی لێکردم؟

ـ ویستیان بیسووتێنن، بەڵام من شاردمەوە، ئێستەش لای خۆمە.

شێرۆ چاوی بڕییە چاوەکانی دایکی:

«ئەمە کێیە؟ لە بەهەشتەوە هاتووە؟»

هەستی کرد جارێکیتر دایکی خۆی دۆزیوەتەوە. هەستی ئەکرد ئەتوانێ قسەی بۆ بکات. بڵێت و بڵێت. پرسی. لەم و لەو. هەیڤۆ، زیوەر. ئەرێ بەڕاست زیوەر چۆن ڕۆژ ئەباتە سەر؟ ماراڵ چی ئەکات؟ زەماوەندی کرد لەگەڵ گوڵمحەمەد؟ دووگیانە؟! ئۆف... ئەی دلاوەر چی بەسەردێ؟ خانمحەمەد خان هەواڵی چیە؟ لە زیندانی شارن؟! ڕەنگە تۆ ئەتەوێ بچی بۆ لایان؟ بۆ بینینی خانمحەمەد و خاڵۆ عەبدۆس! منیش ئەبەی؟ ئەی خۆت چی؟.. تۆ لە کوێوە زانیت کە من... لێرەم؟ بۆ ئەمە هاتی؟ ئەرێ؟ نا؟ ئەی لە بەر چی؟ چی؟

بڵقیس وتی:

ـ گوارەکان. گوارەکانی ماراڵ. براکەت لە لای ئالاجاقی بە بارمتە دایناوە و پارەیەکی لێوەرگرتووە. ئەوا منیش پارەکەم هێناوەتەوە و ئەمەوێ گوارەکان وەربگرمەوە. بۆ ئەوە هاتووم.

ـ ئەی کاکم گوڵمحەمەد خۆی بۆ نەهات؟

بڵقیس وتی:

ـ بەختی تۆ بڵێند بوو. جارێ من ئەبێ بەشێوەیەک ئەربابەکەت ببینم.

ـ راوەستە. تاوێک ڕاوەستە!

وادیاربوو شێرۆ ئەیەوێ هەڵسێ و بچێ بۆ لای ئالاجاقی و لە هاتنی دایکی ئاگاداری بکات. بەڵام بەر لەوەی کە هەستێ بچێتە دەرەوە، دەنگی سمی ئەسپ لە سەر بەردچنی کۆڵانەکە، بە دەم حیلەیەکی پچڕاوەوە، شێرۆی ڕاگرت: «دیسانەوە میوان!»

هەستیکرد، قەڵافەتی قورسی پیاوێک لە ئەسپەکە دابەزی، هاتە پێشەوەو چەکوشی دەرگاکەی تەقاند. شێرۆ، دەرگاکەی کردەوە و سەیری کرد. ڕوخساری پان و ئێسک ئەستووری پیاوێک، ڕەنگی وەکوو هەناری سووتاو، لەو بەری دەرگاکە وەستابوو و چاوەکانی، وەکوو دوو بەردی ڕەش و لووسی بن چەم بڕاوەتە ئەو. کابرا، هەرچەند ناوشان پان و ئەستوور بوو، باڵابەرزیش بوو. سمێڵ و برۆی ئەگەر ئەوەندە ڕەش نەبوایەت، لە قژ و ڕووی خانئاپۆی ئەکرد، هەروەها گرێی ناوچەوانیشی.

ئەسپە سپی و ڕەخشەکەی کابرا، لای شانیەوە سمدەستی بە سەر بەردچنەکەدا ئەکووتا. کابرا دەستی لە دەرگاکەوە نا و شێرۆ لە بەر هاڵاوی هەناسەیدا ناخودئاگا کشایەوە. کابرا وتی:

ـ بۆ وا حەپەساوی؟ بە ئەربابت بڵێ پەیامێکم بۆی هەیە.

شێرۆ، وەک لە گێژەنێک ڕزگاری بووبێ، گەڕایەوە تا هەواڵەکە ببات بۆ ئالاجاقی. بەڵام کە هێشتا پێی نەنابووە ناو حەوشە، بینی ئالاجاقی و میوانەکەی لە پلیکانەکانی هەیوان دێتە خوارەوە. ئالاجاقی بەرەگێکی ڕەشی ناسکی دابوو بە شانیدا و تەقیلەیەکی بە سەرەوە بوو و سەرپایەکانی بە سەر خشتەکانی تەختی حەوشەدا ئەکشان. بە دەم ڕێوە بە فەربەخش وتی:

ـ ئەڕۆم ئەم بەرپرسە تازەیە ببینم. لە نێوان هەرسێکتاندا ئەبێ ئاشتی هەبێ. ئەم شەمەلەش گەنجێکی نەگونجاو نییە. سیانزەبەدەریش ئەچین بۆ باخی تازەقەڵا، باشە؟

فەربەخش وتی:

ــ خراپ نییە، ئەگەر خۆر بێ.

لە کەوشەنی هەشتیەکە، شێرۆ خۆی کشاندەوە. ئالاجاقی پێکەنی بە دەمیەوە و وتی:

ــ ئا، چیە کچێ؟

شێرۆ بە بێ قسە، دەستی ڕاکێشا بۆ دەرگاکە، ئالاجاقی پێی نایە ناو هەشتیەکە، ڕوخساری سووتاوی جیهەنی بینی و ڕووی پشکووت:

ــ ئا، سەردار؟!

جیهەن خان ڕێی کردەوە ئالاجاقی و میوانەکەی دەرباز ببن. ئالاجاقی، تا لای ترۆمبێلەکە لەگەڵ فەربەخش چوو و پاشان، بەرەو ماڵ گەڕایەوە!

ــ بۆ لە کۆڵان ڕاوەستاوی، سەردار؟! وەرە ژوورەوە... با بچینە ماڵەوە... ئەهۆی کوڕە... وەرە ئەو ئەسپەی سەردار ببە بۆ کاروانسەرا، تاقەتی بکە.

شۆفێرەکەی ئالاجاقی لە ژێرخانەکە دەرپەڕی و هەڵات بۆ لایان. جیهەن خان هەوساری ئەسپەکەی دا بەدەستیەوە و وتی:

ــ کاروانسەرای ناوێ، زۆر نامێنمەوە. هەر لێرە ڕایگرە، با ئارەقەکەی وشکەوە بێ.

ــ بەڵێ، بە چاوان خان.

ئالاجاقی کە سەری داخستبوو، چووە ناو هەشتیەکە و وتی:

ــ شەو لێرەبە، سەردار!

جیهەن خان بە دوایدا کەوتە ڕێ وتی:

ــ ناتوانم ئەرباب! کارێکم لەبەرە. بۆ سڵاو هاتووم.

ــ بەخێر هاتی.

دوو پیاو لە هەشتیەکە پەڕینەوە و بەرەو هەیوان چوون. بڵقیس، چاوی لە شانەکانی جیهەن هەڵگرت و پرسی:

ــ جیهەن بەلووچ چ کارێکی لێرە هەیە؟

شێرۆ وتی:

ــ ئەیناسی؟

ــ چۆن نایناسم! یاخی بوو. لە یاخیەکانی سەرسنوور، سەرەخسییە.

ــ ئێستە چی؟

ــ لەم دواییانەدا پاکانەی کرد. ئێستە نازانم!

ــ دانیشە، سەردار!

جیهەن خان، لە سەر کورسیە قاچ کورتە بەرگ قەیفەکە دانیشت و وتی:

ــ پێی ناوێ دابنیشم، ئەرباب. گوتەم کورتە.

ــ فەرموو، سەردار.

ــ بابەتی حەسێبەکە هاتووم.

ــ کامە حسێب، سەردار؟

ــ حەسێبی شمەکەکان. ئەو تریاکەی لە ئەفغانەوە دەست بە دەست هێنام و دامە دەس بابقولی بوندار، دوێشەو لە ماڵی بوندار بووم.

ــ دەی؟

ــ بوندار منی نارد بۆ لای ئێوە. وتی گیری کارەکە لێرەیە. خۆتان باشتر ئەزانن خۆ؟ بازخانی ئەفغان متمانەی بە من کردووە، بە دەستی پیاوەکانی پەنجا مەن تریاکی داوەتە دەس من. پێی من لەم ناوەدا گیرە، ئەرباب. بازخان ئاخرەکەی تۆڵەی خۆی لە من ئەکاتەوە. ئەمڕۆ زیاتر لە سێ مانگ لە کاتی پارەکە تێ ئەپەڕێ، ئەوە سێ مانگە من بازخان دەسبەسەر ئەکەم؛ بەڵام ئیتر ناتوانم. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەنگم پێهەڵئەچنێ. خوشکێکم هەیە لە خاکی ئەفغان بە بووکی براوە. ئەترسم، ئەرباب. زۆرم بۆ هاتووە. پێی پیاوەکانی بازخانیش لە ئارادایە. ئەوانیش ئەبێ پارەی شمەکەکە بگێڕنەوە بۆ ئەربابیان. ئەگینا! لەم سێ مانگە من شەش جار پەیامم بۆ بابقولی بوندار ناردووە، بەڵام یەکجاریش

وەڵامی ڕاستم لێ نەبیستووە. ناچاربووم ڕوو لە ئێوە بخەم، بەڵکوو کارەکەم بۆ جێبەجێ بکەن و بڕۆم!

شێرۆ، چای هێنا. ئالاجاقی تا شێرۆ چووە دەرەوە، بێدەنگ ما و پاشان وتی:

ـ ئەم بونداره ناکەسەش وەکوو ڕێوی وایە! تۆی لە کۆڵ خۆی کردۆتەوە و ناردووتی بۆگیانی من! ئەو گەووادە! چاکەت سارد ئەبێتەوە.

ـ ناخۆم!

ـ ئەترسی نمک بتگرێ؟

جیهەن خان هەڵسا. ناوچاو گرژ. ئامادەی ڕۆیشتن وتی:

ـ پیاوەکانی بازخان بەزەییان نییە، ئەرباب. ئەوە کاتێکە و ئەو قسەیە ئەکەم. بازخان ئەسپ و تفەنگ و ڕۆژی ژەمێکیان ئەداتێ. لەبری ئەوە ژن و منداڵەکەی لێگرتوون بە بارمتە. تفەنگچیەکان ناچارن پارەی ئەمانەت بیگێڕنەوە، ئەگینا... بازخان، ژن و منداڵیان بە کۆیلە ئەبا. ئەزانی ئەرباب! دوو دانە لەم تفەنگچیانە دەزگیرانیان لە بارمتەی ئەو پارەیە دایە، کە لێرە، لە لای تۆ و بابقولی گیری کردووە! بۆیەش بەزەییان نییە. شالاو ئەهێنن. کوشت و بڕی خۆیان ئەکەن و ئەڕۆن. لەپڕ ئاگادار ئەبی قەڵاچیمەنیان سووتاندووە. من لە ڕووی ڕێزەوە ئەم قسانە پێشەکی بە جەنابت ئەڵێم، بۆ ئەوەی دواتر گلەیی نەکەن. خۆشت دڵنیام سەدجار بیستووتە کە تفەنگچیەکانی ئەفغان، ژنی قەرزدارەکان لە ناو باخەڵیان ئەهێنە دەرەوە و ئەیبەن بە بارمتە!... من هەواڵ ئەنێرم بەڵکوو دیسانەوەش دە ڕۆژ دەرفەت لە بازخان وەربگرم!

ئالاجاقی، سەری هەڵێنا. چاوە دەرپەڕیوەکانی، کە سوور داگیرسابوو، بڕییە جیهەن خانی بەلووچ و وتی:

ـ ئەڵێی پیرێژن لە شتی ئەستوور ئەترسێنی، سەردار؟!

ـ خواحافیز، ئەرباب!

ڕۆیشتنەکەی جیهەن خان ئەوەندە بە پڕتاو بوو، ئالاجاقی

دەرفەتی نەکرد دەم بکاتەوە. هەڵسا و لە پشت شووشە ڕەنگیەکانی شانشینەوە، هەنگاوە قەڵس و شەڕاوییەکانی جیهەنی ژمارد:

«بەلووچی چەپەڵ!»

گەڕایەوە و دانیشت. بەڵام نەیتوانی. لە کرداری بەلووچ بە ئازار بوو. هیچ نیشانەیەکی سازش، لە ڕەفتاریدا نەبوو هیچ ، هەڕەشەشی ئەکرد. بەرەو بیستۆک تەلەفوونەکە چوو و دەسکەکەی سووڕاند. دەنگی زەنگ. گوشیەکەی هەڵگرت:

ــ تەلەفوونخانە، تەلەفوونخانە! ماڵی سەرتیپ فەربەخش! من ئالاجاقیم.

پاش تاوێک بیستۆکەکەی دانایەوە. فەربەخش، ئەبێ نەبووبێ. جارێکیتر، دەسکەکەی بادا. دەنگی زەنگ. بیستۆکەکەی هەڵگرت:

ــ تەلەفوونخانە! تەلەفوونخانە! قەڵاچیمەنم بۆ بگرە. قەڵاچیمەن!

چاوەڕێی زەنگ، بیستۆکەکەی دانایەوە.

شێرۆ هاتە ژوورەوە و بە شەرمێکی ئاوێتەی ترسەوە، گوتی کە دایکی پارەی بارمتەکەی هێناوەتەوە و گوارەکانی ئەوێتەوە.

ئالاجاقی کە بن چاوەکانی بە ئاشکرا ئەلەرزی، بە تفت و تاڵی وتی:

ــ با بڕوات. ئێستە نازانم ئەو دوو کوتە تەنەکەیەم لە کوێ داناوە. خۆیشت بڕۆ بۆ ژوورەوە بزانە بیبی کاری پێت هەبێ. بڕۆ!

شێرۆ چووە دەرەوە و وەڵامەکەی دایەوە بە دایکی.

بلڤیس، هەڵسا و پاشان وتی:

ــ تۆ چی ئەکەی؟ نایەی بچین بۆ حەپسخانە، بۆ لای براکەت؟ بۆ لای خانمحەمەد و خاڵۆعەبدۆس؟

بە شێرۆ وترابوو بچێتە ژوورەوە و ئەگەر نەشچوایەتە ژوورەوە، ڕەنگە ئەبوا دەرفەت وەربگرێ، جا لە ماڵ بچێتە دەرەوە؟

بڵقیس دردۆنگیەکەی شێرۆی شکاند:

ــ ئێمە خۆ کچمان بە کەنیزی نەداوە! بڕۆ بۆخچە و شتەکانت هەڵگرە و وەرە، من لە دەرەوە چاوەڕێت ئەکەم زووبە!

دایکی نەمایەوە وەڵام لە شێرۆ وەربگرێ. لە دەرگاکەوە چووە ناو کۆڵان. تا سەر شەقامەکە ڕۆیشت و لەوێ لە سەر سووچی دیوارەکە وەستا.

ئەوبەری شەقام، نزیک دووکانی دەخڵفرۆشی، کوڕی خاڵە مەندەلوو و هاوڕێکەی ستاری ناسیەوە، تێ ئەپەڕین. چەند توند ئەڕۆیشتن. بایان دایەوە بۆ کۆڵانی دارتاشەکان و ون بوون. لای سەرەوەی شەقامەکە، لەوێ کە بڵقیس وەستابوو، پیاوێکی گەنج هاتە بەرەوە؛ لە بەردەمی کۆڵانەکە هەڵوەستەی کرد. کەڵەگەت بوو و شانەکانی داتەکاو و ڕوخساری زەردەڵە. جاکەتێکی هەراوی لەبەردا بوو. کڵاوێکی لبادی ڕەش لە سەریدا، نیوەی کاکۆڵە ڕەشەکەی لە دەرەوە بوو. سمێڵی نەرم و قەیتانی پشت لێوی، ڕواڵەتێکی دەروێشانەی ئەدا بە وخسارە داتەکیوەکەی. لەوەش زیاتر تەزبێحی دەستی و پاژنەی هەڵکێشراوی گیوی تازەی، وای دەرئەخست پیاوێکی گورج و گۆڵە. شێوەی مەدیاری ئەدا، یانیش بڵقیس بە هەموو نیشانەیەک مەدیاری ئەهاتەوە بیر؟ ئەمە گرێیەکە ناکرێتەوە! کۆڵنەدان! ئەتوت بڵقیس هێشتاش لە ناو زیندووەکان بۆ مەدیار ئەگەڕێ!

شێرۆ، لە کۆڵانەکە هاتە دەرەوە و لەگەڵ قەدیر چاک و چۆنی کرد:

ــ هەواڵی ماهدەروێش؟ چۆنە؟

قەدیر وتی:

ــ نایخاتە خۆی، بەڵام دڵی تەنگە و داگیراوە. خەریکی ئەڕۆی؟

ــ هێشتاش... هێشتاش نازانم. تۆ، لێرە چی ئەکەی؟

قەدیر وتی:

ــ هاتووم ئالاجاقی ببینم. بۆ کاری سەربازییەکەم. تەمەنم

لە ناو ناسنامەکەدا کەم نووسراوە. ئاغە لەماڵەوەیە؟

ــ بوو، ئا!

ــ لەسەر کەیفە؟ بۆ ئەوە ئەشێ قسەی لەگەڵ بکەم؟

ــ نازانم. من نازانم!

ــ کوڕەکەی؟ جەلیل ئاغە چی؟ لە ماڵەوەیە؟

ــ نازانم، ئاگام لێ نییە.

بڵقیس کەوتبوویە ڕێ. شێرۆ قەدیری لە سەر کۆڵان بەجێ هێشت و خۆی گەیاندەوە بە دایکی.

ــ ئەوە کێ بوو؟

ــ خەڵکی قەڵاچیمەنە. لەگەڵ ئەربابی مە، بابقولی بوندار، نێوانی خۆش نییە. شاخ بە شاخن. بوندار ئەیەوێ تووشی سەربازی بکات، ئەویش کەوتۆتە خۆی.

بڵقیس پرسی:

ــ چەند ڕۆژە لێرەی؟

ــ ئەمڕۆ ئەبێ بە نۆ ڕۆژ.

ــ بەس بۆ خزمەتکردن؟!

شێرۆ، ئەو دیوی پرسیارەکەی دایکی خوێندەوە و وتی:

ــ تا ئێستە بۆ خزمەتکردن بووە!

بڵقیس، ئیتر هیچی نەوت. ئەویش لە زمانی کچەکەی تێ ئەگەیشت. ئەو بابەتە، داخراو بێ، باشترە.

بە بەر ئیمامزادەدا تێپەڕین، بڵقیس وتی:

هێشتا کاتی نەهاتووە. بچین بۆ کاروانسەرا، پیاڵەیەک چا و پارووە نانێک بخۆم. تۆ ئەبێ نان و چات خواردبێ؟

بیمێنێ بۆ پۆلیس، خۆیان کرد بە دالآنی کاروانسەرادا. پیرەخالۆ، لە بەر دەرگای ژوورەکەی‌دا، سەماوەرە تەنەکەکەی پێکرد بوو. بە بینینی بڵقیس وتی:

ــ دەی، خاترجەم! گوارەکانت وەرگرتەوە؟

بڵقیس بە پلیکانەکان‌دا سەرکەوت و دەستی کرد بە گیرفانی

شەڵتەی چوار پێکەیدا، سفرەی نانەکەی دەرهێنا و وتی:

ـ بەیانی!

پیرەخاڵۆ بنی ڕیشی خوراند و وتی:

دەی، خاترجەم. ئیشەڵڵا بەیانی مراز دێتە دی. خاترجەم. ئەبێ کچەکەت بێ، ئەرێ؟ شێرۆیە؟

ـ بەڵێ، شێرۆیە.

ـ ماشەڵڵا بۆخۆی بووە بە ژنێک! ماشەڵڵا! دەمێ ساڵ بوو نەمدیبوو. دەی خاترجەم.

شەمەلی مەشتی یاخووت، شان بە شانی دوو چێواری کاشمەری، بە دوای ڕەوەیەک مەڕی پەرواردا هاتنە ناو دالانی کاروانسەرا. دیاربوو لە ناو مەیدان دەستی خستۆتە سەر ماڵەکە و مەڕەکانی جووتیارە کاشمەریەکانی هێناوە بۆ کاروانسەرا. خەریک بوو یەکە یەکەی پەزەکانی هەڵئەسەنگاند. دەستی بۆ دونگیان ئەبرد و چنگی لە ناو پشتیان ئەچەقاند و ئەیویست هەرە باشەکان جیا بکاتەوە:

ـ خۆ تۆ مەڕەکانت نە هێناوە بۆ زەماوەن! بۆ فرۆشت هێناون. منیش کڕیارم. پارەی نەختیش فەرموو بیژمێرە! خۆ بە خۆڕایی نەمویستووە. تۆزێک تەماحتان کەم بکەنەوە، ڕێ کەوتووین.

پیرەخاڵۆ سلاوی لە شەمەل کرد، بەڵام ئەو وەکوو شتێ نەی بیست. ڕەنگیشە بیستی و گوێی نەدایە. پیرەخاڵۆ لە سەر عەرزەکە دانیشت و لە بەرخۆیەوە وتی:

ـ ڕەبەنانە! شوان ومەڕ کەوتوونەتە داوی گورگەوە! ئەی... کوڕی مەشتی یاخووت ببێ بە ماڵکڕ، بۆ ئیتر کەس ئەوێرێ قەرەی بکەوێ؟! کێ ئەوێرێ لە سەروو نرخی شەمەلەوە، نرخ دابنێ؟ عیشقابادی ڕووسیە لە بن ڕکێفی باوکیدابوو. کوڕەکەشی...

پیرەخاڵۆ خەریکی خاوێنکردنەوەی پیاڵەکان بوو، مەشتی یاخوت -کە زۆرکەس بە مەشتی یاقووت ناویان ئەبرد- لەگەڵ کوڕە نێونجیەکەی هات بۆ کاروانسەرا. پیرمێرد، قەزاقێکی ڕاستەقینە

بوو. هێشتاش کە هێشتا بوو کراسی قەزاقیەکەی لەبەردا بوو. جزمەی تا بن ئەژنۆی لە بەر ئەکرد. قایشێکی ئەستوور وچەوری لە پشت ئەبەست. کێردی قەسابیەکەی ئەکرد بە بەر پشتێنیدا و جەنتایەکی چەرمی گەورەشی بە قایشەکەدا، لای ڕانیەوە هەڵئەواسی. سمێڵە زەردباوەکەی، ئیتر سپیان ئەکردەوە.

مەشتی یاخووت، ڕاهاتبوو بەر لە هەموو قسەیەک، دەست بە بن نیوەی چەپی سمێڵیدا بهێنێ. بە کوڕەکەی لەگەڵی وت بچێ بۆ یارمەتی شەمەل و خۆیشی کشایەوە و لە سەر سەکۆکە دانیشت و بە بێ ئەوەی سەیری پیرەخاڵۆ بکات، دەستی ڕاکێشا و داوای شەمچەی کرد. پیرەخاڵۆ شەمچەکەی خستە ناو پەنجە چەور و کورتەکانی مەشتی یاخووت و وتی:

ــ چەور و قەڵەون، مەشتی یاقووت! خاترجەم.

مەشتی یاخوت، جگەرەکەی داگیرساند. قوتووە سیگارە وەرشەوەکەی خستەوە ناو جەنتاکەی و شەمچەکەی هەڵدایە بەردەمی پیرەخاڵۆ و تێکەڵ و پێکەڵی ڕووسی-تورکی-فارسی، وتی:

ــ ئەبێ ئاوگۆشتەکەتان بۆ چەور بکەین، چی بکەین ئیتر! خۆم خۆ بە تەنها هەمووی ناخۆم!

پیرەخاڵۆ بە تەوسەوە پرسی:

ــ مامەڵەی دووکانەکەت تەواوکرد؟

ــ کامە دووکان؟

ــ دووکانەکەی لای دەروازە عێراق، ئەوەی وا ئەتویست بۆ نادری کوڕتی بکڕی! شوێنێکی باشە، خاترجەم!

پیرەمێرد، بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە پیرەخاڵۆ بداتەوە، چاوی لە سەر دونگی مەڕەکان بوو، وتی:

ــ تۆیش لەم سووچەدا دانیشتوویت و کارێکت نییە جگەلەوەی قسەی ئەم و ئەو بکەی. ساڵانی وشترەوانی ئەوەندە فرەوێژ نەبوویت!

نەء! مەشتی یاخووت کۆک نەبوو.

پیرەخاڵۆ، مەشتی یاخووتی لە عیشقابادەوە ئەناسی. ساڵانی وشترەوانی پیرەخاڵۆ، مەشتی یاخووت و ژن براکان و کوڕەکانی، چەقۆکێشە بە ناوبانگەکانی عیشقاباد بوون. شەو و نیوەشەو، مەست و بێباک لە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا ئەکەوتنە ڕێ و لەو ماڵانەی دیارییان کردبوو، باجیان وەرئەگرت. قومارخانە و ماڵی قاچاخچیەکان تاپۆی مەشتی یاخووت و کوڕەکانی بوو. کاروانداڕانی ئێرانیش پارێزراو نەبوون. شەوی نیوەشەو ئەبوو بە هەرا. شمشێر بوو و لەدەرگای کاروانسەرا ئەچەقێنرا. داڵاندار، دەرگای لێ ئەکردنەوە. هێرشیان ئەهێنا و بە نەڕە نەڕ خەویان لێ ئەشێواندن.

«کاروانسالار کێیە؟»

کاروانسالار بە ترسە ترس ئەچووە خوارەوە و ڕازی ئەکردن. ئەڕۆیشتن. قاقای مەستانەیان هێشتاش لە گوێی پیرەخاڵۆدا بوو. بەڵام لە ئەنجامدا، بەخت هەتا سەر یاری یاخووت و وەکوو ئەو نەبوو. بولشۆڤیزم هات و یاخووتەکانی خستە بن ڕکێفی کارکردن و؛ یان تاشیانی، یان وەدەری نان. مەیدان تەنگەبەر بوو. زیندان و کار، یان هەڵاتن. یاخووت و کوڕەکانی لە سنووری باجگیرانەوە هاتن بۆ ئێران. ماوەیەک لە مەشهەد خولانەوە و پاشان لە بەر ئاشنایەتیان لەگەڵ وشترداران، هاتن بۆ ئەم شارە. لەو دەستەیە نەبوون پاشەکەوتێکیان هەبووبێ و هێنابووبێتیان. نەء! ڕووت و دەسکورت. دەوڵەمەندەکان و لە هەموان زیاتر ئالاجاقی دەستی گرتن و لە سەر پێ ڕایگرتن. بەرامبەر ئیمامزادە دوکانێکی بۆ دانان و دەسمایەیەکی پێ دان، بەڵکوو بە کوشتنەوەی مەڕ و فرۆشتنی گۆشتەکەی بتوانێ خۆی و سێ کوڕەکەی بەڕێوە ببا. هەروەها دەستی یارمەتی دەوڵەمەندانیش بن. بەو قەڵافەت و پەرداختەوە کە یاخوت و کوڕەکانی هەیانە، داوەڵێک بن بۆ تۆقاندن. شار بچووک و خەڵکی بێوەی و ئاوی بن کای کە لە پەردەیەکی وشکە

دینداریشەوە ئاڵێنرابوو، ڕێگە و دەرفەتی بە درەوشانەوەی کێردی یاخووتەکان ئەدا و، دای. زۆری پێنەچوو یاخووتەکان هاوسانەکانی خۆیان بەزاند و سەریان هەڵێنا. وای لێهات، زیرەکترین و فێڵە بازترین دەوڵەمەندەکان ئەیانتوانی خەنجەری ئەوان بە قەڵغانی خۆیان بزانن.

لە هەمووان ئاشکراتر، ئالاجاقی بوو کە ژێرباڵی شەمەلی گرتبوو و هەموو لاتەکانی شاری خسبوویە بن ڕکێفی ئەوەوە. شەمەلیش بەو جەربەزە و بوێرەییەی هەیبوو. بە پشتیوانێکی وەکوو ئالاجاقیەوە، بە سەر ئەو خەڵکەدا، کە لە ناو تۆڕی کڕین و فرۆشی گەورە و بچووکدا هەمیشە ون بوون و جگە لە ماڵ و مزگەوت و بازاڕ خوویەکی تریان نەبوو، فەرمانڕەوایی بکات. شەمەل، تا ئێستە توانیبووی وەکوو هاوسانانی پێش خۆی، لە ڕێگەی لات و لووتەکانەوە، تۆڕی باجگیری بە سەر قومارخانە، مەیخانە، شیرەکێشخانە، قاحبەخانە، قاچاخ فرۆش و حوجرەکاندا بلاوبکاتەوە. توانیبووی هەموو کارە گەورەکان بخاتەبن چاودێری. لەگەڵ گەورەکان هەڵسوکەوت بکات و تەنانەت لە کایەی سیاسیشدا دەستی هەبێ و ئەگەر بە پێویستی زانی، بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و حکوومەت، لە لای پۆلیس خۆی گیڤ بکاتەوە! وای لێهاتبوو لە شوێنێک ئارامی نەئەگرت. نەیان ئەهێشت لە شوێنێک ئوقرە بگرێ.

ئەو خووە فریودەرەی لە دەسەڵاتەوە سەرچاوەی ئەگرێ، لە شەمەلدا ڕواڵەتێکی بە هێزتری هەبوو. بۆیەشبوو، هەندێ لە نەدارەکانیش خۆشیان ئەویست. پەسن و ستایشی دەسەڵات لە لایەن نەدارانی بێتواناوە ڕیشەی لە باوەڕە لاوازە هەمیشەییەکەیدا هەیە. هەندێ لە نەداران شەمەلیان ئەپەرست. ئەم پەرستنە، تاودانەوەی ڕاستەوخۆ و قووڵی ترس بوو.

کاتێکە، هاوسەنگی لەگەڵ دەسەڵات لە توانادا نەبێ، ئومێدی هاوسەنگ بوونیش لە ئارادا نەبێ، لاوازەکان بە سازشێکی

دەروونی ئەگەن و ئەم سازانە، ڕێگە بۆ پەسنکردن ئەکاتەوە. ئەگەر دەرفەت پەیدابکات و بۆی بلوێ ئەبێ بە عەشق! زۆرجاران ڕووی داوە، کۆمەڵێک لە بندەستەکان، لە خاڵی پەڕینەوەی ترس و گەیشتن بە سازان، گەیشتوونەتە ڕادەی ستایشی جەللادەکەیان و هەموو ئەوینە ونبووەکانی خۆیان لەودا دۆزیوەتەوە و لە باوەڕی خۆیان ئاخنیوە! ئەمە، هیچ نییە مەگەر خۆ شاردنەوە لە ترس، لە پەنای ترسدا. جۆرێک هەڵاتنە لە دڵەڕاوکێی بەردەوام. تاو نەهێنان لە بەرامبەر خۆفدا. خۆهەلاواردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەڵاتەی، خۆت بە شکست خواردووی مسۆگەری ئەو ئەزانی و وەها ملکەچی شکۆ و مەزنایەتیەکەی بوویت، هیچ ڕێگەیەک لە بەرامبەر خۆتدا نابینی جگە لەوەی ببێ بە شتێکی وا لە پەنایدا خۆت بشاریتەوە. پەنا! چی خوو و ڕەوشتی جوان هەیە ئەیدەیتە پاڵی! ئەو -دەسەڵاتی سەپێنراو- لە لات ئەبێ بە باشترین. جوانترین و پەسەندترین. ئینجا، وەڵامی خۆیشت ئەبێ بدەیتەوە! لێرەدا ئیتر، ناخی ملۆزمی خۆت لە کۆڵت نابێتەوە. پەلەقاژەیەتی خۆی ڕزگار بکات. چونکە خۆ نابێ درۆ لەگەڵ خۆت بکەی و ببینی ڕەفتاری نەشیاو ئەنجام ئەدەی. بۆیە لە خەیاڵی خۆتدا پەرداختی ئەکەیت و ئەیڕازێنیتەوە، بۆ ئەوەی پەسن و پەرستنەکەی بە دڵتەوە بنیشێ. بە درۆ بە خۆتی ئەسەلمێنی. لەگەڵ خۆت درۆناکەی. درۆیەکی دڵپەسند بۆ خۆت سازئەکەی: «شەمەل، مەردمدار و جوامێرە!»

کوڕی یاخووتیش، لەمە گەیشتووە و ئەسپی لە دووی مانگ تاو ئەدا. ئەمە وای کردبوو، دەستێکی لە دەستی دەوڵەمەندان بێ و دەستێکیش بە دەستی جەماوەرەوە. پێەک لێرە و پێەک لەوێ. بە چاو و ڕوویەکی کراوە ڕێگەی بە لات و لووتەکان ئەدا، بە گوتە و گوتار، یاری جەماوەر بوو و لە هەمان کاتدا، هاوسفرەی دەوڵەمەندان.

ـ هیچ هەواڵێکت لە ژنی عیماد خان هەیە، مەشتی

یاقووت؟
یاخووت، بە بێ ئەوەی گوێ لە قسەی پیرەخاڵۆ بگرێ، بەو پیرییە، وەکوو کەڵەشێر لە سەکۆکە بازی دایە خوارەوە و بە دەنگی بەرز، وتی:
ــ یۆخ... یۆخ... شەمەل! نیەدێر... تۆ، مەگەر پارەت بە سەر ئاوەوە گرتۆتەوە؟ نەء! یۆخ... نرخەکەی... نرخەکەی ئەمە نییە... نەء...
مەشتی یاخووت، تێکەڵی ڕەوەکە بوو و پیرەخاڵۆ، بزە لە سەر لێو، ڕووی لە بلّقیس کرد و وتی:
ــ خانمحەمەدی تۆیش بلّقیس، ئەگەر لەبری ئەم چیودارانە بوایە، بە هەموو زیرەکی خۆیەوە، نەی ئەتوانی لەدەس ئەم ڕووسە باجسێنانە دەربچێ!... قەند یان کشمیش، ئەگەر لە گرێی سەرپۆشەکەت دەس ئەکەوێ، با چاتان بۆ تێبکەم. من خۆم بە خورماوە چای ئەخۆم. خاترجەم.
ــ پێمە.
پیرەخاڵۆ پیاڵەکانی گرت بە بن شیری سەماوەرە تەنەکەکەوە. بلّقیس وەک بلّێی تازە چاوی بە وشترەکانی خاڵە مەندەلوو کەوتبوو، پرسی:
ــ ئەوانە وشترەکانی خاڵە مەندەلوو نین؟
ــ بۆچی نا. خۆشی ئەوەتا لە ژوورەوە خەوتووە.
بلّقیس، سەیری بن ژوورەکەی کرد. خاڵە مەندەلوو، چۆخەکەی دابوو بە خۆیدا و لێی نووستبوو. پیرەخاڵۆ وتی:
ــ بۆ چا ئەبێ هەڵسێ. ڕابە ئیتر! خاترجەم. چەندە ئەخەوی پیاو؟! پەکوو... ئەڵێی گەنجی هەژدە ساڵانە. دەی، خاتر جەم!
بلّقیس، پیاڵەی چاکەی خزاندە بەردەمی شێرۆ. بەڵام شێرۆ هۆشی لەوێ نەبوو. بە ڕوو ئارام و بە دڵ بێ ئوقرە بوو. شتێک ئەیترساند. نەکا لەپڕ یەکێک لە پیاوەکانی ئالاجاقی پەیدا ببێ و بیەوێ بیباتەوە؟! تۆمەتێکی لێ بدەن! دزی؟! نەکا بە هۆی

سەرپێچی کردنەوە بابقولی بوندار هەر دووکیان، ماهدەروێش و شێرۆ دەربکات؟! ماهدەروێش چی؟ ئەگەر ئەو ئاگادار ببێ چی؟ چی ئەڵێ؟ دڵنیا لەو کارەی شێرۆ شادمان نابێ. ئەو ترسەی بە سەریدا زاڵ بووە، وای لێ ئەکات لایەنی بوندار و ئالاجاقی بگرێ. بەڵام، ڕەنگە لە ناخی دڵیدا ئەو کارەی شێرۆی پێخۆش بێ؟! کێ چووزانێ؟ هەرچی و هەر چۆن بێ پیاوە ئیتر. پیاو نییە؟

خەواڵوو و داگیراو، بە چاوی تەنگ و ڕوخساری کفەڵەوە، خاڵە مەندەلوو لە دەرگاکە هاتەدەرەوە و بە دەم باوێشکێکەوە کە ئاوی بە سیلەی چاوەکانیدا داباراندبوو، لە بن دیوارەکە دانیشت و دەستە زبرەکەی هێنا بە تەوێڵیدا، بن کڵاوەکەی خوراند و ئەوسا چاوی بە بڵقیس و شێرۆ کەوت:

ــ ئا! ئێوە چۆنن؟ چەندە زوو کەوتوونەتە ڕێ؟ بۆ کۆچکردن، زوو نییە؟

بڵقیس وتی:

ــ وایە، جارێ ماوێتی. ئەی تۆ لێرە چی ئەکەی؟ دیسان خەڵووزت هێناوە؟

پیرەخاڵۆ، لەبری دەستەبراکەی وەڵامی دایەوە:

ــ نەء! بەس خەڵووزی نەهێناوە، کاری خێریشمان لەبەرە. بۆ مووسا!

بڵقیس وتی:

ــ بەخێر و خۆشی، ئیشەڵڵا.

خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ ئێوە... لە پیاوەکان کەستان لەگەڵ نییە؟

بڵقیس وتی:

ــ بڕیار وایە بەگمحەمەد تا ئێوارە بگاتە ئێرە.

ــ ئەربابەکەی، تاڵاویی جێ ئەهێڵێ؟

ــ ئەرێ ئیتر. بەهارە و ئەبێ بچێتە لای مەڕەکان. کەلیدەر بەر فراوانە خاڵە مەندەلوو!

پیرەخاڵۆ، چای بۆ مەندەلوو دانا و وتی:

ــ جارێ ئەم پیاڵەیە بخۆ. ئەوسا ئەڕۆی دەست و چاوت ئەشۆی. پاشانیش وا باشە حەسەنە ڕەشی دەلاک بانگ بکەی و سەرورووت بتاشێ. ئاخر ئەم ئاتەش خانمە خۆی ناسک و نۆڵە. ڕەنگە حەز نەکا باوکی زاواکەی بەو جۆرە کوڵکن و ناڕێک و پێک بێ!

خاڵە مەندەلوو، خورماکەی خستە سەر زمانی و بە پێکەنینەوە، ددانە خوارەکانی دەرخست و وتی:

ــ داری جەنگەڵ، ئەگەر سەد جاریش ڕەندەی لێدەی دیسان هەمان داری جەنگەڵە براکەم. چوکلەکانی هەر بە لەشیەوەیەتی. گریمان سەروڕیشم سووک کرد، جلو بەرگم چی لێ بکەم؟ دەستەکانم. نینۆکەکانم. پێڵاو و پووزەوانەم چی لێ بکەم؟

پیرەخاڵۆ لە سەکۆکە خزایە خوارەوە و وتی:

ــ جارێ با من ئەم حەسەنەڕەشە بدۆزمەوە، تیغێک بهێنێ بە سەرتدا خۆی هەرباشە. ئەبێ هەر لەم دەوروبەرانە بێ. های... چیت لێهات کورە؟

پیرەخاڵۆ بە دوای حەسەن سەرتاشدا، ناچار بوو لە کاروانسەرا بچێتە دەرەوە و خاڵە مەندەلوو چایەکیتری بۆخۆی تێکرد و بە بڵقیسی وت:

ــ چ تاقەتێکی هەیە ئەم برایەی منیش! دەی باسی کەلمیشی بکە. باسی خۆتان؟ ئێوە چ کارێکتان ماوە بیکەن؟

شێرۆ لەپڕ پرسی:

ــ ئێستە ئەتانەوێ ژن بۆ مووسا بخوازن؟

خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ بە ئومێدی خوا، وامان خەیاڵە. سەروسامان بگرێ باشە. ئیتر تا کەی؟ پیاو بۆ ژن هێنانە و ژنیش بۆ شووکردنە. هەرچی چۆن بێ کاری دنیا ئەبێ بچێ بەڕێوە... بەڕاست لە بیرم چوو هەواڵی هەڤاڵەکەم گوڵمحەمەد بپرسم! ئەو چۆنە، ها؟ لە

بەرەجەژنانەوە نەمدیوە.
بڵقیس وتی:
ــ باشە. دۆعا گۆیە.
شێرۆ بیری کردەوە، مووسا چۆن ڕازی بووە ژن بهێنێ؟ ئەی، ئەو هەموو لالووتیەی مووسا لە شێرۆ لە بەر چیبوو؟ ڕەفتاری ناشیرینی خەڵکیتر بەرامبەر بە شێرۆ، بۆچی مووسای ئەڕەنجاند؟
مووسا، داڵدەی شێرۆ بوو. هەرئەوەندە؟
خاڵە مەندەلوو وتی:
ــ ئەو شەوەی گوڵمحەمەد میوانم بوو، تۆزێ قەڵس بوو. ئیشەڵڵا خۆ بە خێر ڕابرد بۆی؟
بڵقیس بۆ ئەوەی ئەو بابەتە پەرە نەسێنێ، وتی:
ــ ئا بەڵێ. لە سەر کاتی ڕەو ببوو بە مشتومڕیان. خۆت کەلمیشی ئەناسی، ئیتر.
خاڵە مەندەلوو زانی ئەبێ زمانی گرێ دا. بە بێدەنگی، پیاڵە بەتاڵەکەی گرت بە ژێر شێری سەماوەرەکەوە.
ــ وەرە بزانم، یاڵڵا دانیشە لە بن کافەرماندا!
پیرەخاڵۆ حەسەنە ڕەشی سەرتاشی هێنابوو. خاڵە مەندەلوو سەیری پیرەمێردی سەرتاشی کرد. حەسە نەڕەش پێکەنی و ددانە وردە خوراوەکەی پیشانی خاڵە مەندەلوو دا و لە پیرە خاڵۆی پرسی:
ــ ئەم خاڵە مەندەلووە، هەمان براکەت نییە کە کوڕەکەی حەوت هەشت ساڵ لەمەوبەر، هێنا بۆ ئێرە، خەتەنەم کرد؟
پیرەخاڵۆ بە ڕووخۆشیەوە وەڵامی دایەوە:
ــ خودی خۆیەتی. ئەمڕۆژانەش بە خێر و خۆشی هەمان ئەو کوڕە ئەکەین بە زاوا! باوەڕ ئەکەی؟
ــ بۆ باوەڕ ناکەم. هەمان کاتیش زاوایەک بوو بۆ خۆی، ماشەڵڵا. لە جێی خوشکم بن ئەم ژنانەش، پێستی ئەوەندە

چیڕ بوو، چەقۆ نەی ئەبڕی! وەرە بن چەقۆ، خاڵە مەندەلوو!
مەندەلوو لە سەکۆکە دابەزی و لە بن دیوارەکە دانیشت، حەسەنە ڕەش فۆتەیەکی لە ناو جانتا ڕەشەکەی دەرهێنا و لە دەور ملە چرچەکەی خاڵە مەندەلووی بەست. قۆڵی هەڵکرد و پیاڵەکەی دا بەدەست پیرەخاڵۆ ئاوی شلەتێنی بۆ تێکا. پیرەخاڵۆ پیاڵەکەی بۆ پڕکرد و دایەوە دەستی. حەسەن، قژە زیوین و خەوتووەکەی خاڵە مەندەلووی خووساند و کەوتە هەڵگلۆفینی.
ــ زەماوەندەکە کەیە، ئیشەڵڵا؟
پیرەخاڵۆ وتی:
ــ دراوسێی خۆتانە، کچی ئاتەش!
ــ ڕەعنا؟! کچێکی باشە. کچە خۆی زۆر باشە. باش و کارا. لە ناو ئەو کچانەی لە کاروانسەراکان‌دا، دەنک پاک ئەکەن، ئەم کچە تاقانەیە. بە ڕاستی هاوتای نییە. تەندروست. کارخاوێن. بێ جرت و فرت. خۆت خۆ ئەزانی پیرەخاڵۆ، ئەبێ زۆر کچ بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لەدەستی ئەم سەر ڕووتانەی بەردەمی حوجرەکان بپارێزی! چ بگات بەو کوڕە بازرگانە بێ ڕیشانەی بە دەوری‌دا دێن و ئەچن! دیارە ئاگات لەوەش هەیە لە دەستی لاتولووتەکانی کوڕی مەشتی یاقووت هەڵاتووە و چووە بۆ ماڵی پووری لە قەڵاتی بابی؟! شووی پووری حەفتەی جارێک دێ بۆ شار و دەنکە شووتی ئەکڕێت و بۆی ئەبا لەوێ پاکی بکات. ئەمکارەی کە ئەیکا زۆر بۆی باشە. بۆچی؟ چونکە ناچار نییە لە ماڵی دایکی؟ ئەویش ئەو ماڵەی کە هەموو جۆرە خەڵکێک هاتوچۆی ئەکا، دانیشێ. خۆت کار و ژیانی ئاتەش لە من باشتر ئەزانی! دەست و پێی گیرە. ئەگەر کوڕەکانی یاقووت ئاگایان لێی نەبوایە، هەتا ئێستە فەوتابوو. بەڵام شەمەل... ئاگای لێیەتی. جا ئەم سەرۆکی پۆلیسە تازەیەی کە هاتووە نازانم ئەیەوێ لەگەڵ ئەم جۆرە خەڵکە چی بکات؟ ئەوەندەی من ئاگام لێبێ لە شەمەل خان کەوتووە بە قینا. ئەڵێن ئەیەوێ یەک دووانێک تەرە بکات.

بەڵام پێموانیە دەرەقەت بێت. هی وەکوو شەمەل خان شوێنی دانیشتنیان زۆر پتەوە!

پیرەخاڵۆ وتی:

ــ بە ئەسپایی قسە بکە. هەر هەموویان وان لە حەوشەی کاروانسەرا!

ــ ئەیان بینم! پاروویان دەسکەوتووە!... ئەبێ ئەوەش بزانی یەکێک لە دارودەستەکەی دڵی لە لای کچەیە؟ ڕەنگە زیاتر لە بەر ئەمەش بوو، ئاتەش کچەکەی ناردووە بۆ ماڵی خوشکی. ئەگەر بێت و ئەو کارە خێرە بکرێ، کچەش لەو شین و شەپۆڕە ڕزگاری ئەبێ... سڵام شەمەل خان!

شەمەل و یاخووت و برای شەمەل و بە دوایاندا، چیودارەکان بە لای حەسەن سەرتاشدا تێپەڕین و چوونە چاخانەکەی لای دەرگا.

حەسەن سەرتاش، جارێکیتر کافەرمانی هێنا بە چەرمەکەی بە بەر پشتوێنیدا هەڵواسرابوو و وتی:

ــ ڕۆژگار لەم جۆرە پیاوانەی زۆر دیوە. کوا تاجی کەیخەسرەو؟!

لای شانی کابرای چیودارەوە، کە هێشتاش نەچووبوویە ناو چاخانەکە، مووسا دەرکەوت. یەکڕاست هات و سڵاوی لە پیرەخاڵۆ کرد و لە سەر لێواری سەکۆکە دانیشت و سەیری دەوروبەری خۆی کرد:

ــ ستار نەهات بۆ ئێرە؟!

پیرەخاڵۆ، پیاڵەیەک چای لە بەردەستی مووسا دانا و وتی:

ــ چاکەت بخۆ. پاشانیش لە جێی باوکت دانیشە، حەسەن سەر و ڕیشت بۆ چاک بکات. تا ئەو کاتە ئەویش پەیدای ئەبێ.

ــ ئەوە ئێوەش لێرەن. سڵام دادە بڵقیس. ببوورە نەتانم بینی.

بڵقیس و شێرۆ هەڵسان:

ــ ئێمە ئەڕۆین بۆ دیتنی کوڕم و براکەم. کاتیەتی ئیتر، ئەرێ؟

ـ ئەم ڕۆژانە... ڕۆژانی جەژن. چاوپێکەوتن ئاسانترە. هەرچەند زۆریش قەرەباڵخە. گوێ هەڵخە. ئەگەر زرمەزرمی چوار پێکان بهێڵێ، هەرا و هۆریای زیندانیەکان لە پشت دیوارەکەوە ئەبیسرێ. گوێ بگرە!

بڵقیس و شێرۆ لە سەکۆکە چوونە خوارەوە.

پیرەخاڵۆ وتی:

سڵاوی من بە عەبدۆس و خانمحەمەد بگەیەنە، ئیشەڵڵا خۆشم ئەچم بۆ سەردانیان.

تاوێکیتر لە ناو حەوشەی زیندان بوون، پرسگە:

ـ ئا دایە... کێت ئەوێ؟

ـ کوڕەکەم خانمحەمەد و برام عەبدۆس. خانمحەمەد تازە لە مەشهەدەوە هێنراوە بۆ ئێرە.

ـ ئەزانم. ئەزانم. لە پلیکانەکان سەرکەوە. لەوێ ناویان بڵێ بە بەرپرسەکە. لە سەر نیوکەتەکە دابنیشین تا دێن.

ڕۆیشتن و وتیان و دانیشتن.

پاش تاوێک خاڵۆ و خوشکەزا -عەبدۆس و خانمحەمەد- هاتن و دانیشتن. لەملا و ئەولاش، لە سەر ئەم نیوکەت و ئەو نیوکەتیش، خەڵکیدی دانیشتبوون. خامۆشیان لە گفتوگۆدا بوون. شاری و گوندی و خێڵاتی. قاچاخفرۆش و دز و بکوژ و یاخی:

ـ ئەم تازەییانە سی چل جووتیاریان هێناوە بۆ زیندان. لە شەڕی دووبەرەکیدا، ئاغەکەیان کوشتووە. لەو ڕۆژەوە من لێرەم، ئەمە شەشەم ئاغەیە بە پێمەڕە و تێڵا یان چەقۆ کوژراوە و نێردراوە بۆ دۆزەخ!... دەی ئێوە چیتان پێیە؟ ئەی کوا ماراڵ؟

بڵقیس، زیاتر لەوەی وەڵامێکی بۆ براکەی هەبێ، لە بیری کوڕە گەورەکەیدا بوو. لە بیری خانمحەمەد سەری داخستبوو و خامۆش بوو. هیچی نەئەوت. لە سەر نیوکەتە شکاوەکە دانیشتبوو، دەستە بڵیندەکانی لە سەر ئەژنۆ دانابوو، پشتی چەماندبۆوە و چاوی بڕیبوویە خشتە کۆنەکانی تەختی ژوورەکە.

هێور و، هەم ڕق لە دڵ. ددانی لە چیرەوە ئەهێنا و ماسوولکەکانی بن پێستە چیڕ و کشاوەکەی ڕوومەتی، گرژ ببوون. قژی پشت سەری تازە بە گوێزان تاشرابوو و خڕی پشت گوێکانی زیاتر دەرکەوتبوون. قژی بەر سەری جێجێ سپی ببوو. ڕەگی ملی وەکوو قایشی چەرمی وشک، کشابوون. چڵک بە یەخەی جاکەتەکەی و ملیوانی کراسەکەیەوە ڕەقەڵەی بەستبوو و ڕەنگەکەی گۆڕیبوو. ڕەنگی، نە زەرد؛ بەڵکوو ڕەش-زەرد بوو. شتێکی وەکوو سێبەر. قەراخ چاوەکانی گنجی وردی تێدا پەیدا ببوو. لووتی، کشابوو. لە سەر تەوێڵی، لە پشت ئەو برۆیانەی مەدیاری ئەخستەوە بیر، شوێن و نیشانەی ڕەنجێکی قووڵی پێوە دیار بوو.

نەء! لەمەوپێش، ناوچەوانی کوڕەکەی بڵقیس ئەوەندە گرنجاوی نەبوو:

«دایکت بە قوربانت بێ، خانمحەمەد.»

بڵقیس، ئارەزووی ئەکرد لەگەڵ کوڕەکەی بکەوێتە گفتوگۆ. بەڵام هەستی ئەکرد ناتوانێ. دژواربوو. زۆر دژوار بوو. بڵقیس خانمحەمەدی خۆی ئەناسی. خانمحەمەد، خووی وشتری هەبوو. خۆراگر و خامۆش و کینەمەند. درەنگ هەڵئەچوو، بەڵام وای لەو ڕۆژەی کە ئەهەژا! گەردەلوولی با! کوفارەی ئاگر. ترسێنەر. بڵقیس پڕکێشی نەئەکرد دەم بکاتەوە. بۆیە، وەکوو زیارەتگەرێک دەست بە خزندا ئەهێنێ، دەستی بە تەوێڵ و گۆنای کوڕەکەیدا هێناو پاشان، ئەو دەستەی کە بۆنی ڕووی کوڕەکەی گرتبوو، هێنا بە ڕوخساری خۆیدا و لە سەر چاوی دانا؛ بەو ئەندازەیەی تەڕی برژانگەکانی بگرێتە خۆی:

ــ تەندروستی کوڕم؟

خانمحەمەد، گەڕاوەی سەفەری دووری خەیاڵ، ڕووی کردە دایکی و، گرژی و ماتی ڕوخساری بە بزەیەک شکاند و وتی:

ــ براکانم چۆنن؟

بڵقیس، بەو لێوانەوە کە هێشتاش ئەلەرزی وتی:

ــ باشن! باشن کوڕم. بەگمحەمەد دێت بۆلات. ڕاوەستا بووین تا ئەویش بگات و هەرسێکمان پێکەوە بێین. بەڵام دواکەوت... وا بڕیارە، بەگمحەمەد کارەکەی تالاوی بەجێ بهێڵێ و بێتەوە سەر پەزەکانی خۆمان. زستانێکی زۆر ڕەش بوو، ئەمساڵ. بەگمحەمەد خۆی پێڕانەگیرا. بە ناچار چوو بۆ کاری داربڕین و وشترەوانی لە لای ئەرباب.

ــ گوڵمحەمەد؟

بڵقیس بۆ ئەوەی لەرزینی لێوی ببڕێ، لە بن ددان‌دا کرۆشتی و وتی:

ــ باشە. زۆر هەواڵی ئەپرسێ. وتی خۆیشی دێ بۆ سەردانت.

ــ تا ئەو بێ، من بەر ئەبم. ساز و بە کەیفە؟

ــ باشە، باشە!

غەم و ترسێک لە گوتەی دایکی‌دا بوو، ترسێکی نامۆ و دڕدۆنگ. گەردەلوولی تۆز و خۆڵی ئەو ماڵەی، گومانت وایە بەیانی ئەڕووخێ. کاولە ماڵی گریمان.

ئەو دارەتەی کە خانمحەمەد لە بری خۆشەویستی دایکانەی دائەنا:

ــ پیرەمێرد چۆنە؟

ــ دۆعای بۆ ئەکردی.

ــ مارالّی خاڵۆعەبدۆسیش خۆ هاتووە بۆ ڕەوەندی خۆمان، ئەرێ؟

ــ ئەویش... ئا.

ــ خۆشقەدەم بێ. بۆ نەتهێنا خاڵۆم ببینێ؟

بڵقیس سەیری عەبدۆسی کرد و وتی:

ــ پێی نەکرا.

عەبدۆس سەری‌داخست و وتی:

ــ دووگیانە، ڕەنگە؟!

بڵقیس وتی:

ــ ئەو هەواڵە لە کوێوە ئەزانی، تۆ؟

ــ هەواڵ، لە بن بەردیش‌دا قەتیس نابێ، خوشکە. بەڵام ئاخر... گوڵمحەمەدی ئێمە بیری لەوە نەکردەوە کە من، من لێرە، لەگەڵ دەزگیرانەکەی ئەو هاوبەندم؟ هاوکاسەم؟ هاوکێشەم؟! بیری لەوە نەکردەوە من ئەبێ بتوانم چاوم ببڕمە چاوەکانی دلاوەر؟ بۆ ئەو کارەی کرد، ئەو؟ ئەوەتا دەزگیرانەکەی وەکوو ماری بریندار لە ناو خۆیا لوول ئەبێ و بەس ئەوەندەی ماوە سەری بکوتێ بە دیواردا! تا ئێستە دووکەڕەت ویستوویەتی هەڵبێ. بەڵام بە هەزار زمان ئەو بیرەم لە مێشکیم دەرکردووە. ئەم کارە بۆ کرا، بۆ؟!

بڵقیس نەیویست و نەشیتوانی سەیری ناوچاوەکانی براکەی بکا. دەنگی عەبدۆس ئەلەرزی. چ جایە فرمێسک لە چاوەکانی‌دا قەتیس نەبووبێ؟.. بەڵام نەئەکرا وەڵامیش نەدرێتەوە. قسەیەک ئەبوا بکرایە. بۆیە بە شەرمەوە وتی:

ــ بڕوات هەبێ خۆیان دڵیان لەیەک چوو، برام. ئێمە هیچکاممان ئاگامان لێ نەبوو. خۆت دێیتە دەرەوە و ئەبینی چۆن بووە!

بڵقیس تا نیگای شەرمنی لە عەبدۆس بدزێتەوە چاوی لە چاوە گڕ گرتووەکانی دلاوەر گیرا. ڕوخساری جەوانی دلاوەر، بە ڕووکەشێکی ڕق و بێزارییەوە ناو دەربیجەکەی پڕ کردبۆوە. بڵقیس نیگای لە سەر دەربیجەکە گواستەوە. نەی ئەزانی سەیری کام لابکات؟ خانمحەمەد هەستی بە شپرزەیی دایکی کرد. سەیرێکی دەربچەکەی کرد. دلاوەر هەروا لەوێ بوو و خێسەی ئەکرد. خانمحەمەد ددانی لە چیرەوە هێنا و سەری داخست و لە کاتێکا ئەتوت زیخ لە بن ددانی‌دا دائەکرۆژی وتی:

ــ خوا بەزەیی بە مندا بێتەوە! خوا یارمەتیم بدات تا دوارۆژی حەپسەکەم ئەم هەتیوە چاو شینە نەخنکێنم، باشە! خاڵۆ عەبدۆس! ئامۆژگاری بکە لە بیری خۆی بباتەوە. پێی بڵێ ئیتر ناوی ژنی برام لە دەمی نەبیسم، خاڵۆ! ئەگینا ئەوەندەت نەزانی

گەرooویم بادا. بە گیانی خودی گوڵمحەمەد سوێند ئەخۆم!

عەبدۆس، چی بوتایەت؟ چی بکردایەت؟ تەنگانە! گیرۆدەی ڕق. دڵ لە بەری میهر. داماوی کێشەیەکی دوو لایەنە. ڕێزداری خانمحەمەد و دڵسۆزی دلاوەر. دڵگیر لە گوڵمحەمەد و دڵ لەدووی ماراڵ. خوشک و خوێن و بنەماڵە. تێپەڕن ئەم ڕۆژانە. بەند. گرێ. گوشار. وەڕەزی. هەڵچوون. چی پێئەوترا، عەبدۆس:

ـ خانمحەمەد، لە بەر چاوی دایکت پێت بڵێم. تۆ خوشکەزای منی، پارەی گیانی منی. گیانم لە پێناوتدا ئەدەم. بەڵام... پێت ئەڵێم؛ جێگە و ئابڕووی خۆت ڕابگرە، خانمحەمەد! نەکا دەست لە دلاوەر بەرزبکەیتەوە، چونکە ئەوسا جارێکیتریش خزمایەتیەکەمان تێک ئەچێتەوە!

عەبدۆس لەوە زیاتر دانەنیشت و هەڵسا.

ئارەزووی بڵقیس خامۆشی خانمحەمەد بوو. خانمحەمەدیش بێدەنگ ما و لە خاڵۆی گەڕا بڕوات. عەبدۆس لە نیگای نیگەرانی خوشکەکەیدا، چووەوە ناو بەند.

بڵقیس بۆئەوەی سەرنجی کوڕەکەی بدزێ، وتی:

ـ خوشکت، شێرۆت... دەمێکەیە نەدیوە؟! ها؟!

خانمحەمەد سەیری دەربیجەکەی کرد. وەنەدی پێوە درابوو. خانمحەمەد بە بێ ئەوەی نیگای لە سەر دەربیجەکە هەڵبگرێ، وتی:

ـ بیستوومە شووی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە؟ پیرۆزە!

شێرۆ، ئارەزوومەندی تواندنەوە. لە ناو خۆیدا گرمۆڵە بوو.

بڵقیس وتی:

ـ هاتووە ڕوو لە تۆبخات، بە بەگمحەمەد بڵێی کاری بە سەریەوە نەبێ. منیش داوات لێ ئەکەم. بەگمحەمەد گوێ لە قسەی تۆ ڕائەگرێ. شتێکی پێ بڵێ. بڵێ هەرچی بووە ڕۆی و ڕابرد. ئەمڕۆ هەر چۆن بووە خۆی ئەگەیەنێ.

خانمحەمەد، سەری لەقاند.

بڵقیس وتی:

ــ لەبەر هەمووما‌ن، مەبە بە هۆی وەڕەزی عەبدۆس. ئەو، خۆی زۆر گیروگرفتی هەیە، کوڕم. تۆزێ بیری لێ بکەرەوە!

ــ منچیم داوە لە خاڵۆم؟

بڵقیس وتی:

ــ باشە! تا ئێمە لە کەلیدەر دابمەزرێین، تۆیش بەر ئەبی، وایە؟

ــ پێموابێ... ئەبێ. ئەبێ... عەلیئەکبەر خانی خۆش غیرەت هەواڵی چیە؟ پوورزاکەمان؟!

ــ خەریکە خەجیج ئەدا بە کوڕەکەی بابقولی بوندار.

خانمحەمەد بزەیەکی ژەهراوی هاتێ و وتی:

ــ چەن بەجێ. چەن لەبار! دوو گەووادی ناپیاو یەک ئەگرنەوە. ژن و ژنخوازی! باش یەکدییان دۆزیوەتەوە. باش بەکاری یەکدی دێن. بابقولی بوندار ئەوەندە فێڵەبازە، ئاو گرێ ئەدا. عەلیئەکبەری حاجی پەسەندیش... دەی ئەگەر بینیت سڵاوی منی پێبگەیەنە و پێی بڵێ خوێڕی کوڕی زۆڵ، مەگەر لە زیندان نەیەمە دەرەوە! پێی بڵێ خوا بکا نەیەمە دەرەوە، ئەگینا زەماوەندی کچەکەی ئەکەم بە پرسە! بڵێ ئەوەندەم ڕق لە هەر دووکتانە، دڵم بە ئاوی هەموو ڕووبارەکان ناشۆرێتەوە. ئەی گەووادینە! منتان خستە زیندان و خۆتان لە سەر قاڵیچە دانیشتن و ئەو مەڕانەی من لە سەر پردی هەورێشمەوە بڕم دا و هێنام لە ناو خۆتاندا بەشتانکرد و خواردتان؟! بەدناوی و حەپسەکەی بۆ من و سەرفرازی و نانەکەشی بۆ ئێوە، ئەرێ؟!... هێشتا منتان نەناسیوە! نازانن پێتان لە سەر کلکی چ سەگمارێک داناوە! زۆرجوانە! ناپیاو حاجی پەسەند، مەڕەکانی چوارگوێشلی من و تۆ پێکەوە دامانبڕی و هێنامان و دامانە دەس بابقولی بوندار. بەڵام کە دزییەکە دەرکەوت، ئێوە مەڕەکانتان خوارد و بەشی زندانیشتان دانا بۆ من؟! خوێڕی حاجی پەسەند، تۆ تەنها لە بردنەوەدا هاوبەشی؟! ئەوسا کە

ئەگا بە دۆڕان، خۆت لا ئەدەی؟! حەپسەکەی خۆت ئەکڕیتەوە و دزییەکەش ئەخەیتە ئەستۆی من؟ هاوبەشی دز و هاوڕێی کاروانی؟! مەگەر هەر لێرە هەناسەدانم لە بیر بچێتەوە، نا هاوڕێی، ناجوامێر! ئەگینا، هی خۆتت دەرخوارد ئەدەم، بێ باوک! ئاگات لە خۆت بێ، پوورزاگیان. گوڵئەندامی، پووری ئازیزم ئەبینم دانیشتووە و فرمێسکت بۆ دائەبارێنێ!

بێهوودە بوو ئەگەر بڵقیس هەرشتێک بڵێ. خانمحەمەد، هۆش و ئاوەزی خۆی لەدەس دابوو و لێرە نەبوو. ئەوەی ئەیوت، پەیام نەبوو. جنێوی ڕووبەڕوو بوو. کوڕی حاجی پەسەند، لێرە، لە بەر چاوی کوڕی کەلمیشی دانیشتبوو و خانمحەمەد چاوی لێمۆڕەوە کردبوو و قسەی بۆ ئەکرد!

ــ تەواو!

کاتی ڕۆیشتن بوو. ئەبوا هەڵسن. بڵقیس، دەستی خستە سەر شانی کوڕەکەی و چاوەکانی ماچ کرد و، ئاشکرا و نهێنی پێی گوت:

ــ گرفتاری بۆ خۆت درووست مەکە، خانمحەمەد. وەرە دەرەوە. بە ساخی و بە بێ کێشە وەرە دەرەوە. وەرە بۆ کەلیدەر. ئێمە زۆر کارمان پێتە، کوڕم. گوڵمحەمەد ئیتر...

ــ گوڵمحەمەد... ئیترچی؟

ــ گیروگرفتی بۆ خۆی سازکردووە!

ــ لە چ بابەتێکەوە؟

بڵقیس، بەس ئەوەندەی گوت:

ــ تۆ وەرە دەرەوە. زووتر لێرە وەرە دەرەوە. هەموومان چاوەڕێت ئەکەین کوڕم!

ئەبوا، لێک جیا ببنەوە. وردە وردە هەموو میوانەکانیان کردە دەرەوە. خانمحەمەد بەرەو بەند ڕۆیشت و بڵقیس و شێرۆ، نیگایان بە دوای خانمحەمەدەوە، چوونە دەرەوە و لەگەڵ خەڵکەکە بە پلیکاندا شۆڕبوونەوە. حەوشە و شۆستە و شەقام. هەر کەسە

و بە لایەکدا...

کرین و فرۆشی پەزە پەرارەکان، لە ناو دالانی کاروانسەرا، کۆتایی پێهاتبوو. بلقیس و شێرۆ بە ناو ئەو دەلالانەی یاخووتەکان و چێودارەکانیان گەمارۆ دابوو، تێپەڕین و لە بەر ژوورەکەی پیرەخالۆدا، بە شەکەتی دانیشتن. ئاشناکان، ستاری پینەچیان لێ زیاد ببوو. لە بن دیوارەکە، لای تەختەی کارەکەی دانیشتبوو و خامۆش بوو. بەهاتنی بلقیس و شێرۆ، ستار خۆی کۆکردەوە و ڕێکتر دانیشت.

وەستای سەرتاش، کە خەریک بوو جانتاکەی دائەخست، سەیرێکی پیاوەکانی بەر چاخانەکەی کرد و وتی:

ـ لەکۆڵ نەبوونەوە تا مەڕەکانیان لەدەس ئەو هەژارانە دەرهێنا!

ستار، وەک بڵێی هاتۆتەوە بە خۆیدا، وتی:

ـ ئەوەی لە ڕووسیە لێیان سەندبوون، ئێران پێیانی دایەوە!

وەستای سەرتاش وتی:

ـ کەچی خۆشیان بە لایەنگری خەڵکی دائەنێن! لە خۆم ئەپرسم، ئەم جۆرە مرۆڤانە ئەگەر بە ڕاستی بیر و بڕوایەکیان هەبووایە، لە وڵاتی خۆیان بۆ دەرئەکران؟

پیرەخالۆ، بە هاوزمانی وەستای سەرتاش، وتی:

ـ بە ڕاستیش وایە وەستا ستار! تۆ، هەرچەندە تەمەنت لە ئێمە کەمترە، بەڵام دنیا دیدەتری. ئەگەر ڕاست ئەکەن و لایەنگری بێ سەر و پێی وەکوو ئێمەن، ئەی چۆن لەگەڵ حکوومەتی خۆیان نەگونجاون؟ ئەوە نییە ئەوانیش خۆیان بە لایەنگری هەژار و نەدار ناو ئەبەن؟

وەستا ستار وتی:

ـ وتوویانە دز بە دوای بازاڕی قەرەباڵخدا ئەگەڕێ، پیرەخالۆ! ئێستەش کوێ لێرە بێ سەر و شوێنترە؟! ئەمجۆرە خەڵکانە، هەمیشە لە ناو ڕێدان و بۆ بەختی خۆیان ئەگەڕێن. لە کۆتایشدا

هاوڕێی سوارەن. هەمیشە لە بۆسەدان، بزانن کامڵا ئەیباتەوە، ئەمانیش لەگەڵیان بکەون. ئێستەش ئەوەتا کە ئەیبینی؛ ڕەنگی نەتەوەییان داوە لە خۆیان و خەریکن بە ئارەزووکانی خەڵکی یاری ئەکەن خۆشباوەڕەکانیش پێیان وایە هاکا ئەمڕۆ و بەیانی وڵات سەرەوبن ببێ و دەسەڵاتی شار بدرێت بە دەس ئەم مشەخۆرانەوە! جا ئەم چەقۆکێشانە، چۆن هاتوونەتە ڕیزی جەماوەرەوە نازانم؟

وەستای سەرتاش وتی:

ـ تۆ پێت وایە، لە کوێوە خۆیان تێخزاندووە؟!

ستار وتی:

ـ من نازانم، نازانم. تەنها ئەوەندە ئەزانم ئەبوایە ڕێگەیان پێ نەدرێ!

مووسا، ئاوێنە بچکۆلەکەی دایەوە، بە وەستا حەسەنی سەرتاش و ئەو ئاوێنەکەی خستەوە گیرفانی جانتاکەی و ویستی بڕوات. خاڵە مەندەلوو کە هەروا لە بن دیوارەکەدا دانیشتبوو و ڕشکی بن کڵاوەکەی ئەدۆزی، دەستی برد بۆ کیسەکەی و مزی وەستا حەسەنیدا و وتی:

ـ دەستت نەیەشێ، بە ڕاستی هونەرت نواند!

وەستا حەسەن، خواحافیزی کرد و کەوتە ڕێ بە ناو کاروانسەرادا سووڕێک بدات. مووسا، لای ستارەوە دانیشت، بڵقیسی پیشاندا و وتی:

ـ ئێوە چۆنن دایە؟

ـ باشم براکەم. باشم. خوات لێ ڕازی بێ.

ـ ئەو بەرگە دۆعا و چاوەزارە، گرێیەکی بۆ کردنەوە؟

ـ دەست و پەنجەت ڕەنگین، برام. زەحمەتەکەت بەفیڕۆ نەچوو.

ستار تینووی وتووێژ بوو لەگەڵ دایکی گوڵمحەمەد، بەڵام لە ناو خەڵکەکەدا، بە پێویستی نەزانی لەوە زیاتر خۆی نزیک بکاتەوە. بۆیە سەری قسەکەی هێنایەوە یەک:

ـ ئەگەر بەخت و چارەنووس یار بێ، دیسانەوەش ڕێم ئەکەوێتەوە لای ڕەوەندەکەتان. بەهار لە کەلیدەرن، وا نییە؟

ـ ئا، بەڵێ. شوێنێکی‌ترمان خۆ نییە!

ـ ڕەنگە لەوێش بۆ ئاو وچێشتێک ببم بە میوانتان. ئەگەر زیندوو بم، سەر و دڵتان ئەگرم.

ـ بیابان بەرینە، براکەم! سەر و دڵی ئێمە بۆ ئەگری؟ قورسایی خەڵک لە سەر عەرزە، خۆ لە سەر شانی ئێمە نییە! پارووە نانێک نرخی چیە؟ هەمووکەس ڕۆزی خۆی ئەخوات.

ستار، بە بێ ئەوەی شادمانیەکەی بشارێتەوە، وتی:

ـ دێم!

لە خۆی نەوی و هەڵسا. قسە قسە ئەهێنێ و لەو کاتەدا ئەو وای نەئەویست. کەرەسە و دەزگاکەی لە سووچی ژوورەکەی پیرەخاڵۆ دانا و هاتەوە دەرەوە. پرسیاری کرد:

ـ شەو لە کوێ؟

پیرەخاڵۆ وتی:

ـ لە هەر شوێنێک. ئەتەوێ لێرە، ئەتەوێ لەبنی سەبریز. لە هەر کوێ بین.

ـ ماڵی بووکتان ئاگادار کردووە؟

ـ پەیامم بۆ بەڕێ کردوون.

ـ زۆر چاکە. ئەگەر پێش نوێژی ئێوارە گەیشتمەوە ئێرە ئەوە باشە. ئەگینا پاش نوێژ لە ناو بازاڕ، لای حەوزی هەشت گۆش، باشە؟

ـ تۆ و مووسا جارێ ئەچن بۆ گەڕان؟! خاترجەم.

ستار، سەیرێکی هاوڕێکەی کرد و وتی:

ـ ئێستە کە مووسا سەر و ڕیشی قۆزکردووە، ڕەنگە بچین بۆ گەرماو. ئەگەر خاڵە مەندەلووش بێت، ئەوە...

خاڵە مەندەلوو کە بەردەوام بە پێخۆشبوونەوە دەستی بە سەرە تاشراوەکەی‌دا ئەهێنا، وتی:

ــ نا، نا!... من هەر لێرە مەسینەیەک ئاو ئەکەم بە سەرمدا. نەء!

پیرەخاڵۆ بە تەوسەوە وتی:

ــ حەیفی ئاوی گەرمی گەرماو نییە بۆ ئەم برایەی من؟! مەندەلوو بێ بۆ گەرماو، ئەی گەرماو بچێ بۆ کوێ؟! خاترجەم!

مووسا هەڵسابوو. ستاریش لە سەکۆکە چووە خوارەوە و بە جووتە و شان بە شان، بەرەو دەرگای کاروانسەراکە ڕۆیشتن.

ــ برام؟

ــ ئا، بڵێ. خاترجەم!

ــ ئەم غەوارە پینەچیە، پیاوێکی باشە. بەڵام... بەڵام نازانم بۆچی دڵم بەرایی نادات کە مووسا لەگەڵی هاودەم بێ؟ بڵێی بۆچی بێ؟

ــ لەبەر ئەوەی هەر ئەم تەنها کورەت هەیە، براگیان! ژنت کە بۆ هێنا، خۆ بە خۆ وا تووش ئەبێ، هەموو دۆست و ئاشنایەک لە بیر ئەباتەوە. خاترجەم!

ستار، لە دەرگای کاروانسەرا چووە دەرەوە، بە مووسای وت:

ــ باوکت جۆرێک سەیری ئەکردم!

مووسا بە گاڵتەوە وتی:

ــ باوکی منە، ئیتر! دووەمەکەشی، پیرەمێرد کوێرە، چاوەڕوانی چیت؟!

لە چوارڕێیانی ئەرک، بەرەو گەڕەکی ئاسنگەران ئەچوون:

ــ تۆ، بە ڕاستی ئەتەوێ ژن بهێنی؟

ــ نا، بۆ ئەپرسی؟

ــ هیچ . بەس ئەمویست ئەوە ببیسم!

ــ بەڵام پیرەمێرد خۆ لە زمانی من تێ ناگات. بیانووی گرتووە و لە خۆڕا ئێمەش ڕاکێش ئەکا بۆ ماڵی ئاتەش. نازانم بۆچی بەو جۆرە خۆی سەغڵەت کردووە. یان لە مردنی خۆی ئەترسێ و ئەیەوێ ئارەزووی زاوایەتی من نەباتە گۆڕ، یان لە ئاوارە بوونەکەی

من نیگەرانە!

ــ ڕەنگیشە لە هەر دووکیان. ڕەنگیشە لە بەر ئەوەی لەگەڵ خراپ و نەشیاو ئەگەڕێی!

مووسا، کۆتایی قسەکەی ستاری بە مەبەست وەرنەگرت و بە گوێرەی ئەوەی هۆش و بیری لە لای کارەکەی بەردەمیان بوو، وتی:

ــ بە ڕای تۆ من ئەمشەو چی بکەم؟ ئەگەر دایکی کچە وتی باشە، ئەوسا چی؟

ــ ژیوان بوونەوە. بەیانی ژیوان ئەبیتەوە و بە پیرەخاڵۆ ئەڵێی دایکی کچە، خۆشناو نییە. ناوزڕاوە و بە دڵت نییە و ئەبڕێتەوە!

ــ ئەی وەڵامی پیرەمێرد چۆن بدەمەوە؟ باوکم، ئەو گرنگە.

ــ با بڵێین... هەمان قسە بەویش ئەڵێی. خۆ لە دارت نادەن. زۆر لە سەری ڕۆیشت، لە قەس ئەتۆرێت و ئەچی بۆ لای قەڵاچیمەن. باوک هەرگیز ئەوەندە لە کوڕی خۆی بێزار نابێ، نەفرینی بکات. شەش مانگی دی دڵی بۆت تەنگ ئەبێ، یا ئەنێرێ بە دواتدا و یان دێ بۆلات!

گەڕەکی ئاسنگەران. بەرلەوەی بە لێژاییە توندەکەدا بەرببەنەوە ستار وتی:

ــ ئەتبەم لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویست ئاشنات ئەکەم. ئاسنگەرە. ئەرێ، داستانی کاوە و زوحاکم بۆ وتوویت یان نا؟

ــ هەمان کە دوو مار لە سەر شانی سەوز ببووو؟ زوحاک؟

شیوەکە لێژ بوو و بۆ ئەوەی بتوانن بچنە خوارەوە ئەبوا دەستی یەکدی بگرن، یان دەست بە دیوارەکەوە بگرن و ئەژنۆیان زیاتر بچەمێننەوە. سەرەڕای ئەوەش لە کۆتایی لێژاییەکەدا نەئەکرا مرۆڤ خۆی ڕابگرێ. بۆیە قاچەکان، هەنگاوەکان خۆبەخۆ تیژتر ئەبوون و قورسایی لەش، مرۆڤیان ئەبرد بۆ ناو قووڵاییەکە، گەڕەکەکە.

ستار و مووسا، بە دژواری توانیان لە لای ماڵی کاولیەکان

خۆیان بگرنەوە. گوزەری کاولی چەلەنگەر، کۆڵانێکی تەنگەبەر بوو و پێچپێکی تیابوو. کۆڵانی بچووک و خەفەخان. تێهەڵکێش، بە کۆڵ یەکەوە. شوێنی کار و ژیان، هێلانەی مریشک و کەڵەشێریان. ئاودەس و ئاوەڕۆ و بازاڕی فرۆشی قایش و کەرەسەی دار و کورتان و شیش و گاز و دەرزی و سوژن و قولاپ. ئەملاتر، مەیدانێک. بە لای ڕاستدا، دیوار و دەرگای کاروانسەرایەک و چەپی وان، ڕاستە بازاڕی ئاسنگەران.

دەنگ. دەنگی پیک لە سەر سندان. ئاسن لە سەر ئاسن. کوورەی بە گڕ لە بنی هەموو دووکانێکدا. ئاسن، ئاسن، ئاسنی سوور. هەر سندان و چەند پیاو بە دەوریەوە. پیک و بازوو، لەشی نیوە ڕووت. چەور و چڵکن و ئارەقاوی. ڕەش. ئاسنی سوورەکراو بە دەم گیرەوە. گیرە بەدەست وەستاکاری کورتە باڵاوە. نووشتاوە. پیکێکی سووک، بە دەستی ڕاستیەوە. ئاسن لە بن پیکدا ئازار ئەچێژێ. پیک و ئاواز.

دووکانیتر، سندانیتر، پیاوانیتر.

پیاوانیتر.، دووکانیتر، سندانیتر.

پیکەکان، پیاوەکان، سندانەکان. دەنگ و؛ دەنگەکان. ڕاوەشاندنی لەش و قۆڵ و بازوو.

باڵابەرزان، سێ پیاو. چڵکن و ئارەقاوی، لە گەرمەی کاردا. ژێرکراسی کون و دادڕاو. ڕوویان بە هیسی کوورە ڕەش بووە. قژیان قورمی لێنیشتووە. ئاڵۆز و شێواو. لباد. مل و ناوچاو. ئارەق لە نووکی لووتەوە ئەتکێ. ڕەگی دەست هەڵتۆقیوە. ڕەشمەی کشاو. تووکی سینە. چاوانی سوور، تەنگبۆتەوە و هاتۆتەوە یەک. ئارەقەی ناوچاو لە سەر برژانگ. باڵا بەرزان. پیک و پیک لە سەر دەست. دەست و بازوو. دەستان و بازوان. نرکە. نرکە و نرکە لە ناخەوە، ڕیتمی داکوتانی پیک بە سەر ئاسن و بە سەر سنداندا. هارموونی. سەما و نەوای ڕێکی پیک و سندان و بازوو. نرکە بە نرکە. دوژمنایەتی ئاسن و ئاسن. دووژمنایەتی سندان و لەش.

ئاسنی سوور، ڕەنگی ئەپەڕێ. بەزیوی نرکە و بازوو. کەوگ ئەبێ، ڕەش دائەگەڕێ. بیچم وەرئەگرێ. بیچمی وەرگرتووە. گاسن. وەستاکاری کورتە باڵا، بە شانێکی داکەوتوو و شانێکی بەرزەوە بوو، بەرهەمی هەزاران هەزار پیک و هەزاران هەزار سووڕانی گاز، گاسنی لەبار؛ لە ئاوی ناو سەنگاو ڕۆ ئەکات. تەواو.

باڵابەرزان، سێ پیاو، تەن و بازوو ئەدەنە دەست پشوویەکی کورت. گەنجترین بۆ ئەوەی ماندوێتی چاو بڕوێنێتەوە، ڕوو لە دەرەوەی دووکان. نیگای لەگەڵ ستار ئەبێ بە یەک. بزەیەک. شتێک وەکوو ڕەنگی ئاگری کوورە، لە ڕوخساریدا ئەپشکوێ. دێتە دەرەوە. نەشۆراو و نەتراشراو. قایشی کەمەر توند ئەکا. پاژنە هەڵئەکێشێ. ئەکەوێتە ڕێ. ئەکەونە ڕێ. لە سەر زمانی مووسادا پرسیارێک هەیە، ئەزموونی ساڵان:

ــ وەستاکەت نایکا بە بۆڵە بۆڵ بۆ زوو دەستت هەڵگرت؟ تا ئێوارە هێشتا زۆری ماوە. خۆر...

ــ وەستاکار، مامی عەلیئەکبەرە. وایە عەلیئەکبەر؟... ئەمە عەلیئەکبەرە. ئەمەش مووسا. مووسای تەونکار. وام بە باش زانی یەکدی ببینن، ڕەنگە ڕۆژێک پێویستیتان بەیەک هەبێ. خۆتان باسی خۆتان ئەکەن یا من لە بری ئێوە بیلێم؟

ــ خۆت بیلێ، ئیتر!

ــ عەلیئەکبەر لە دووکانی مامی کار ئەکات. باوکی عەلیئەکبەر ژنی براکەی هێناوەتەوە، یان بە گوتەی ئێوەی سەبزەواری، وەری گرتۆتەوە. واتە دایکی عەلیئەکبەری خواستووە و دەستی بە سەر دووکانەکەدا گرتووە. عەلیئەکبەر مناڵ بووە باوکی مردووە. مامیشی بووە بە سەرپەرشتی. بۆیە عەلیئەکبەر لە لای مامی بە ڕۆژمز کار ئەکات. ناچێ بۆ ماڵیشیان. لەگەڵ یەکێکیتر لە هەڤاڵان کە دەباغە، لە دەرەوەی شار، نزیکی نوێژگە پێکەوە ئەژین. بەڕاست ئەکبەر! ئەمشەو ئەتوانین نوسرەت ببینین؟

ــ ئەگەر زوو لە بەرەڵڵایی بگەڕێتەوە!
ــ ئەمجا مووسا. ئەو، پێشتر هەر لێرە لە ناو شار کاری ئەکرد. فەرش چنین. پاشانیش وەکوو وەستاکار چووە بۆ گوند. هەرچی چۆن بێ پێڵاوە شڕە لە بیاباندا ناردەی خوایە!
لەگەڵ پێکەنینی ستار عەلیئەکبەر و مووساش پێکەنین. ئەکبەر سەیری مووسای کرد و وتی:
ــ لەپڕ قەڵس نەبی، ها! وەستا ستارە هەر وایە، هەڵبەت خۆی وەستایەکی ئەوەندە بە کەڵک نییە! بەس ئەزانێ کەرتەقەڵ لێبدا. ناسککاری بێت و لە دەستی نایە. باوەڕ ناکەی ئەوەتانێ سەیری درزی پێڵاوەکانی من بکە. لەقەز دووریویەتەوە! بەڵام دیسانەوەش وەکوو ئەوێی پیرەژن دەمی کردۆتەوە.
ئەمجارە، ستار بەرزتر پێکەنی.
عەلیئەکبەر، وەک لەپڕ شتێکی هاتبێتەوە بیر، بە کورتی پێکەنی و وتی:
ــ بەڕاست هەندێ هەواڵم بیستووە. ئەڵێن وەرزێر و جووتیار چەن خانیان کوشتووە! شتێکیتر؛ ئەڵێن دوو جەندەرمەش لە دەوروبەری تاغی کوژراون. ئێوە ئاگاتان لێیە؟
ستار وتی:
ــ هەواڵ زۆرە. شەو، شەو هەمووت بۆ ئەگێڕمەوە.
عەلیئەکبەر وتی:
ــ هەواڵی وتاردانی جەنابی فەرهوودت هەیە؟ چواردەی مانگ.
ــ نەء، بەڵام هەواڵێکی ترم هەیە. ئەوەی کە هاوڕێ مووسا ئەیەوێ ببێ بە زاوا! سەیری قەد و باڵای مەکە. ئاگرەکەی زۆر توندە!
ــ پیرۆزە. ئەی کوا شیرینیەکەی؟
ستار سەیری مووسای کرد و وتی:
ــ داوا لە خۆی بکە. بابقولی بوندار ئەوەندە زۆر پارەی ئەداتێ، لە گیرفانەکانیدا جێگەی نابێتەوە!

مووسا وتی:

هەمەکارەی زەماوەندەکە خودی ستارە.

ستار وتی:

ـ وایە... من برازاوام. بەڕاست ئێوە بە برازاوا ئەڵێن چی؟

ـ چووزانم... شۆشبان، با بڵێن!

ـ هەرچی چۆن بێ من ئامادەم. چی ئەخۆن؟ چا، شیرینی یان ئارەق؟ هەرچەن تازەزاوا ئارەقخۆر نییە!

عەلیئەکبەر وتی:

ـ ئەمەیان لە پێی من. شەو، بە ماست و سەوزییەوە سفرەی بۆ دائەمەزرێنم. ئەچینەوە بۆ ماڵەوە.

ـ چی لەوە باشترە، دەی ئەمەش کە جێبەجێ بوو. ئەگەر پێتکرا دوکتۆریش بانگ بکە. من و مووسا پاش داواکاری دێین. پێموایە ماڵی بووک لە ماڵی ئێوە نزیکە. تۆ بچۆ بۆ دەباغخانە هەوساری نوسرەت بگرە و بیبە بۆ ماڵەوە. ئێمەش ئەگەین. ئەمشەو ئەبێ وای لێبکەین بە ئیشتیا گۆرانیمان بۆ بڵێ. من و مووسا ئێستە ئەچین بۆ گەرما و خۆمان ئەشۆین نەکا دایکی بووک پێی ناخۆش بێ. تۆ خۆ نایەیت؟ ئاخر، حەیفە ئەو قورمانە لە سەر و پووزت داشۆری!

عەلیئەکبەر دیسانەوەش بە پێکەنینەوە، ددانە سپیەکانی دەرخست و وتی:

ـ لە لای کوورەکە، ئاوی گەرممان داناوە ئێمە. خواتان لەگەڵ!

ـ تا شەو

عەلیئەکبەر کەوتەڕێ. بەڵام بەر لەوەی دووربکەوێتەوە، وەرگەرا و ستار و مووسای لە بەر پلیکانەکانی گەرماو ڕاگرت.

ـ بەڕاست، ئەو بووکە کامەیە کە دراوسێی ئێمەیە و ناشی ناسین؟

ـ پاشان. پاشتر پێتی ئەڵێم.

عەلیئەکبەر، سەرنجی لە سەر شانی ستارەوە ڕۆیشت.

ـ سەیری چی ئەکەی؟

ـ ئەوەی بەر نانەواخانە. سەیری کڵاو گەرگەری سەری بکە.

ستار وتی:

ـ تۆ بڕۆ، ئەگەر ئێمەی ئەوێ با بێ بۆ گەرماو!

ئەکبەر دوورکەوتەوە و، ستار و مووسا لە داڵانی چاڵی گەرماو، ون بوون.

بانگی ئێوارە، لە منارەی مزگەوتی گەورەوە:

«اللە اکبر... اللە اکبر! »

خاڵە مەندەلوو و پیرەخاڵۆ لە لای حەوزی هەشت گۆشە، بەرامبەر دیواری مزگەوت، وەستابوون. پیرەخاڵۆ تەزبیحێکی دەنک درشتی سووری بە دەستەوە بوو، پەنجەی ئەخستە سەر دەنکەکان و بەرودوای پێ ئەکردن. مێزەرێکی خاوێنی سپی و سووکی لە دەوری سەری پێچابوو و ڕیشە کورتە ماش و برینجیەکەی ڕوونتر خۆیای ئەکرد. دیاربوو تۆزێک لەمەو بەر شۆردوویەتی. جاکەتێکی بۆری هەراوی لەبەردا بوو و پاژنەی گیوەکانی هەڵکێشابوو. ڕووی گیوەکانی زۆر سپی بوو. ئەویش کاری ئەمڕۆ بوو و پیرەخاڵۆ بە گڵە سپی ڕەنگی کردبوو و لە بەر خۆرەکە وشکی کردبۆوە. شەرواڵە ڕەشەکەشی، هەم خاوێن بوو و هەم چین چین وەستابوو و هاواری ئەکرد کاژێرێک لەمەوبەر لە ناو بوخچە دەری هێناوە. دەرەلنگی ڕەشی شەرواڵەکە. لە سەر گیوە سپیەکان و شەقە شەقی دەنکەکانی تەزبیح کە بە دوایەکدا هەڵی ئەدا و، نیگای سمێنەری لە بن مێزەرەکەیەوە بە هەموو لایەکدا، نیشانەی شادمانی و سەرخۆش بوونی پیرەخاڵۆ بوو. شادمانی بۆ ڕەوایی ئەو کارە گرنگەی بۆ جێبەجێکردنی هاتۆتە پێشەوە. دەسپێشخەری بۆ کارێک کە بە گومانی پیرەخاڵۆ، شیاوترین خزمەت بوو بە زڕکوڕەکەی. دارەتی هەستی باوکانە. شارەزای

ئەوەی کە سەرەکیترین ئەرکی باوک، ژن هێنان و دامەزراندنی کوڕە. ڕەنگە، دوا ئەرکی گرینگ، لە گومانی پیرە خاڵۆدا. کاتی ئەوە هاتبوو سەری مووسا ببێ بە دووان، قاچەکانی بە چوار. بۆیە، پەنجە ئەستوورەکانی پیرەخاڵۆ، بە حەز و گەرمایەکەی زیاترەوە، یاری بە دەنکەکانی تەزبێحەکە ئەکرد.

خاڵە مەندەلوو، تەنها کارێکە کردبووی، قایشەکەی توند کردبوو. ئەگینا کراس هەمان کراس، گیوە هەمان گیوە، چۆخە هەمان و کڵاو، هەمان کڵاو بوو. دەوری کڵاوەکەی توێژێکی ئەستووری چڵکی ڕەشی لێنیشتبوو. سەر ئەژنۆی شەرواڵەکەی پینەیەکی ناڕەنگی پێوە بوو. سەر و گوێ و دەور ملی لە چڵک و تووک خاوێن کرابوویەوە، بەڵام برژانگەکانی هەروا لکابوو و پێڵووەکانی پەرێشان و ئاوی چاوی لە نێوان برژانگەکانیەوە دزەی ئەکرد و بەژێر پێڵووی‌دا ئەخزا خوارەوە و قەراخەکانی لووتە زلەکەی تەڕ ئەکرد.

خاڵە مەندەلوو، ئەوکاتە ئەیتوانی باش ڕێ بکا، کە هەنگاوی لەگەڵ وشترەکانی جووت بوایەتن. لەو کاتەدا، کە زۆربەی هەرە زۆری ژیانی داگرتبوو، بە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ یان ئەڤان بکات، هاوپێ و هەماهەنگی کاروانە بچووک و بێ زەنگ و دەنگەکەی هەنگاوی ئەنا. وەکوو بڵێی ئاهەنگی جووڵانی پشت و ڕانی وشترەکان لەگەڵ خۆی ئەبەن. خاڵە مەندەلوو، لە وەستانیش‌دا وابوو. کاتێک باش ئەوەستا، باش ئەیتوانی بوەستێ کە هەوساری پێشەنگەکەی بە شانەوە بوایەت. لەوکاتەدا، ڕاوەستاو و بڕوا بەخۆ ئەوەستا. وەکوو بڵێی جگە لە دووپێ، پاڵی بە پێی وشترەکانیشەوە داوە. ئەتوت بە دەسکەوساری سەر شانیەوە، لە وشترەکانی موتوربەکراوە، یەکپارچە و یەکبوو. پیرەمێرد، بە بێ وشترەکانی تەنها و بێکەس بوو. دڕدۆنگ و بێ پشتیوان. بێ پایە و بێ بناخە. بۆیەش بوو، ڕۆژی ئەمڕۆ، نەی ئەتوانی باش بوەستێ و باش ڕێ بکات و، باش بڕوانێ. نەی ئەتوانی

بە ئاسوودەیی پیرەخاڵۆ، لە تەنیشتیەوە بوەستێ. بێهوودە و لە خۆڕا قاچەوقاچی ئەکرد. بەملا و بەولادا ئەسووڕا. نەی ئەزانی ئەو پەیکەرەی چۆن بە سەر قاچیەوە ڕابگرێ! بە خووی هەمیشەیی، شانەکانی لە ناو جلەکانیدا ئەجووڵاند و تەختی شانەکانی بە زبری و دڕنی جلەکانی، ئەخوراند.

پیرەخاڵۆ وتی:

ـ ئەوە چیتە؟ ئەڵێی مریشکی و خەریکی هێلکە ئەکەی! خۆت پێ ڕاناگیرێ، پشت بدە بە دیوارەکەوە.

«چەند بەجێ بوو! خۆزگە زووتر زمانت هەڵئەبڕی. پاڵدانەوە بە دیوارەوە جیاوازییەکی زۆری لە پاڵدانەوە بە شانی وشترەوە نییە. ئا ئەوا. ئێستە باشترە!»

خاڵە مەندەلوو، کەمانی پشتی پاڵدا بە دیوارە خشتە سوورەکەی حەوزەکەوە. ئێستە ئیتر ئەیتوانی بە ئاسوودەیی ڕاوەستێ و سەرگەردانیەکەی لە سەیرکردنی ڕێبوارانیدا بڕەوێنێتەوە. سەیرکردنی ڕێبوارانی بەرەو مزگەوت و ئەو خەڵکەی لە دڵی شارەوە هەڵکەنرابوون و بەرەو گەڕەکی خوارەوە، سەبریز؛ بەرەو ماڵەکانیان لە پەنا و پەسێری دیوارەکۆندا ئەڕۆیشتنەوە؛ دەلاڵ، پاسکیل سوار، عەرەبانەچی، شاگردی بەر حوجرەکان، شاگرد ئاسنگەر و گیوەچن، خمگەر و پێڵاو دروو، شیرینی کار و ئەو کچ و ژنانەی لە یەکەم تیرێژی هەتاوەوە لە کاروانسەراکان و هەندێ لە خانووەکاندا خەریکی پاککردنی ناوک و قەیسی و قۆزاغە پەموو بوون. هەروەها قەسابە گەڕۆکەکان، سەروپێ فرۆشەکان و ئەو نانفرۆشانەی کالاکەیان تۆزێ زووتر فرۆشتبوو.

لەم ناوەدا و لەم کاتەی ڕۆژ و شەودا، لە ئاسۆی تێپەڕی خۆر داچووندا، دەستەیەکیش لە خەڵک، دەستەیەکی بچووک، لە ماڵەکانیان ئەهاتنە دەرەوە و بەرەو شار ئەهاتن؛ بێکارەکان، لاتەکان، کۆتربازەکان، ئارەقخۆرەکان و... لەئەنجامدا، ئەوانەی کە شەو، ڕۆژیان بوو. کە کاروباری خۆیان لە تاریکیدا ڕائەپەڕاند.

باش یان خراپ، نەریت شکێنانی شەو؛ سەر لە بن پێستی شەو، درکی سەر پێستی خاو و خلێچکی شەو. ڕەنگە، خوروویەک لە سەر پێستی گا. ڕوخساری ئاشنا لە چاوی پیرەخاڵۆدا، تاک و تەرا بەردەستە و چەقۆکێشەکانی شەمەلی یاخووت. سینگیان دەرپەڕاندبوو. چاوەکانیان تێری خەوی قورسی ئێوارە. ڕیش تاشراو و ڕوومەت شۆردوو. کاکۆڵی چەورکراو، یەخەی کراس کراوە، پێڵاوەکان هەندێکیان بە ورشە و، ددانەکانیان بە زۆری ئاڵتوون کراو و هەندێکیان جگەرەیەک بە دەستی چەپەوە، سەریان نیوەخوار ڕاگرتبوو؛ ملبەکوێنی خۆ بەزلزان.

ئەمانە هەموو، ڕواڵەت و ڕووکاربوو. بەڵام پیاوێکی وەکوو پیرەخاڵۆ، ئەیتوانی پارچەی پەڕاگەندە و فریوەی ناو دڵ و دەروونی ئەم شەو ڕێبوارانەی شار -کە کەمیان لە سی ساڵان تێپەڕیبوو- ببینی. گیرفانەکان بە زۆری بەتاڵ. ڕەنگە چەقۆیەک لە ڕاست و دەسرێک لە چەپ، یان لە سەردەست. سینگیان پڕ لە حەزی جەوانی؛ ئارەزووی بەدی نەهاتوو. ئومێدی کورت، بەڵام بە ڕواڵەت بەرین و لە هەموو کاتێکدا، درەنگ خایەن. هەڵەگەردی عاشق بەخۆ، بە حەزێکی بەرفراوانی پیشاندانی سەر و شانە و -هەندێ جاریش- قۆزیەتیان. دڕ و شەڕانی و پەلاماردەر. بۆ ئەوەی پیشانی بدەن نەترسن، ئەبوا ترسێنەر بن؛ بەڵام، پڕ بە پێستیان ترسنۆک. ترس، لەمانەدا بەهێزترین خووە. هەر بۆیەشە لە بەیانیەوە هەتاکوو شەو هیچکارێکیان نییە جگە لە زاڵبوون بە سەر ترسدا و پیشاندانی بێباکیان. هیواداری ئەوەی خەڵکی بە نەترسیان بناسن. کە وا بوو، فرەوێژ و کەم بیسن. درێژدادڕن. دەم بە نەڕەی کۆڵانە چۆڵەکانی کۆتایی شەون. سەرکزی بەرامبەر بەدەسەڵات و، گورگی سەر دیواری بندەستەن. خێرایی هاتووچۆی سەر بەرەوخوار و خوار بۆ سەرن. پڵنگن و پشیلەن. کەوشەن و سنوور ناناسن. پایەیان نییە و پێگەش. ڕاڕای بەراوەژوون. پشیلە تا پڵنگ، پڵنگ تا پشیلە. تێکەڵەی دفرە و خوێڕیەتی. دوو ڕووی

دراوێکن کە بۆ خۆی ناسنامەی نییە.

بەرەو کوێ ئەڕۆن، ئەمانە؟

دیارە؛ بەرەو شەو! شەوی شار ئەمانە ئەبێ بیگەڕێنن؛ قوومارخانە، شیرەکێشخانە، قاحبەخانەکان. بە ناونیشانی شەمەلەوە ئەڕۆن. ڕەنگە پێویست بێ بترسێنن. نووکە چەقۆیەک، ڕەنگە پێستی پیاوێک بڕوشێنێ. خەوی شەوانەی بازرگانێک، ڕەنگە بزڕێنرێ. باج:

«لە کوێوە ئەزانی شەوی نیوەشەو، هەمارەکەت ئاگری تێبەرنابێ؟!»

ـ ئەمەش حەبیب خانی مشەخۆر! سەیری بکە برام! خەنیمی مووسای ئێمەیە. سەروبەچکی ببینە!

حەبیبیش لە بنی شارەوە ئەهات و بەرەو سەرەوە ئەڕۆیشت. هات و چوو. ڕێک بە بەردەمی خاڵە مەندەلوودا. پیرەخاڵۆ، نیگای لە دووی حەبیب، درێژەی بە قسەکەیدا:

ـ حەز لە کچەکەی ئاتەش ئەکات! کۆترباز و کۆترفرۆش و ڕاوچییە.

حەبیب، لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا گەنج بوو -ڕەنگە کەمتر لە سی ساڵ- بەڵام پشتی تۆزێ کۆم ببوو و کاتی ڕۆیشتن، سەر و ملی بۆ خوارەوە لار بوو. گەڕیی سەری بە تەقیلەیەکی قاوەیی دائەپۆشا و تووکە نەرمەکانی دەوری ملی و لای گوێکانی ئەبرد بۆ سەرەوە. لووتی چەماوەی ببوویە هۆی ئەوەی، چاوە گردە خاکیەکانی بە قووڵاچووتر خۆیا بکات. تەوێڵی لە بن کڵاوەکەیدا تاسەر بڕۆ بە دەرەوە نەبوو. جاکەتەکەی هەروا بوو وەکوو هەمیشە، دەستی ڕاستی لە ناو گیرفانیدا یاری بە پارەی ئاسن و چەقۆکەی ئەکرد و خڕەی لێوە ئەهێنان.

بەڵام، لە ناو هەموو دار و دەستەی شەمەلی یاخووتدا، بۆچی ئەو عاشقی کچی ئاتەش ببوو؟ حەبیب مشەخۆر، بۆچی؟ ئەمە زیاتر، پیرەخاڵۆی ئەخستە گومانەوە. حەبیب، پێشتر

سەروەستای دووکانێکی گیوە دوورین بوو. لە ناو بازاڕ، بە گوێرەی کار و شارەزاییەکەی نرخ و بایەخێکی هەبوو. بەڵام خۆی پێ ڕانەگیراو نەمایەوە. بە جارێ خووی دایە کۆترەکانی و لە پەنای کۆڵانی بازرگان، نزیکی دەروازە عێراق، ئەو شوێنەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئالاجاقیدا بوو، دووکانێکی لە تەنیشت قەحپەخانەی فەرەح خانم، گرت بە کرێ، بە مەبەستی نێچیرفرۆشی. وردە وردە لەگەڵ گەووادەکان و بە تایبەت فەرەح خانم زیاتر و زیاتر بوو بە ئاشنا.

بەڵام، بۆچی ئەو ببوو بە خوازیاری کچی ئاتەش؟

پیرەخاڵۆ وای بۆ ئەچوو ئەبێ درۆیەک لەم کارەدا هەبێ؟ تۆ بڵێی داواکاریی حەبیب مشەخۆر، ئەویش بەو توندوتیژییە، ڕووکاری پیلانێکی نهێنی نەبێ؟ لای پیرەخاڵۆ وەڵام ڕوون بوو. بەڵام بە ئاسانی پێی قبووڵ نەئەکرا. بۆ ئەوەی هەموو جۆرە گومان و گریمانیکی خراپ لە خەیاڵی خۆی بسڕێتەوە، وای بە باش ئەزانی بەزووترین کات، گورج و خێرا، دەستی کچە بدات بە دەستی مووساوە و بەڕێیان بکات بۆ قەڵاچیمەن.

ـ پاش خۆشۆردن، مرۆڤ چەن سووک ئەبێ!

پیرەخاڵۆ، سەیری سەر و ڕووی پاک و خاوێن شۆراو و تەڕ و تازەی مووسای کرد و ڕوخساری بە نەرمە خەندەیەک پشکووت ستاریش ڕیشی لە گەرماو تاشیبوو.

ـ دواکەوتین، ئەرێ؟

ـ نا، نا. کاتی خۆیەتی، جارێ ئێوارەیە. بڕۆین، ئەرێ؟

بەدەم ڕستە و گوتەی کورتەوە، کەوتنە ڕێ.

ـ چوار پێنچ سیر شیرینی بکڕین یان نا؟

ـ بکڕین. دووکانی غولامڕەزا فاڵنجی لە سەر ڕێمانە.

شەوی گەنج بە سەر بەردچنەکەدا خۆی ڕاکێش ئەکرد. ناو بە ناو دارتێلی لارولەوێری کارەبا، پەڵەی کز و بێڕەنگی تیشکی بە سەر پەنجەیەوە ڕاگرتبوو. ئەو گلۆپانەی تەنها خۆیان ڕوون

ئەکردەوە و لە خواریشەوە بازنەیەکی بەقەد دوو هەنگاو. لە پاش ئەوەش تیشک هەتا تیشک تاریکی بوو. دار تێلی کارەبا، هێشتا نەگەیشتبوویە لای دووکانی فالنجی. بەقاڵ، لامپای پێکردبوو.

ـ پێنچ سیر بەسە کەلایی، پێنچ سیر!

درێژەی تاریکیەکە، چاڵ و چۆڵ بوو و قەڵای داڕووخاو. لەو دیو دیوارەکەوە کەلاوە بوو، قوولکەی قووڵ و بەفرە چاڵی پەڕاگەندە. دیوار و کۆڵەکەی نیوە ڕووخاو، لەملا و ئەولا. سێبەری ترس. بێزار لە تەنهایی خۆیان. ئەولاترەوە، ئیمامزادە شوعەیب بوو و نوێژگە؛ لەو بەریەوە، دەباغخانە و کوشتارگە. لەمبەر و ئەوبەریش، لە پەنا و پەسێری چاڵ و دیوارەکاندا، خانووە قوڕینەی وەک کولانە یان جار جارە تیشکێکی کز، بە ڕێکی دیواری ماڵی ئاتەش، پارچەیەکی بەتاق کەوتووی دیوارە کۆنە بوو. بەرکەنار و تەنها؛ شتێک لە نێوان خزن و نوێژگەدا. دەرگایەکی تەنگ. دیوارێکی کورت، درەختێکی وشک. پیرە دارێکی سنجوو. ژوورێک و دالانێک. ڕووناکیەکی مردوو لە سەر بەڕەیەکی شڕ. دەستکاری وەستاکاری لە مێژینە. پەردەیەکی چڵکن. نەخشی سواخی دیوارە ڕەش هەڵگەڕاوەکە. دۆشەکڵەیەک و سەرینێک. چرا و قاڵیەکی شڕە لە ناوە ڕاستدا. سەماوەری تەنەکە. ژنێکی تەنها: ئاتەش، دوو چاوی ڕەش و دوو برۆی پەیوەست، پرچێکی فرە لە ژێر لەچکدا. ڕوخساری کشاو و لووتی باریک. خاڵێک لە پشت لێوی و لێو شین هەڵگەڕاو. پەنجەکانی درێژ و باریک؛ زەرد بەدووکەڵی جگەرە. ناوچاوێکی مۆن. شانی بەرز. مەمکی شۆڕ، دەماری دەستەکانی هەڵتۆقیوە. سست و خومار و ماندوو؛ دڵ مردوو. دەنگی گڕ و پێڵووەکانی قورس. نیگای گەرم؛ پاشماوەی جوانی و شۆخی بێوێنەی: ئاتەش.

میوان نەواز نەبوو، بەڵام میوان داربوو. ئەیزانی چۆن لەگەڵ میوان هەڵبکا. هەرچەندە، هەندێ لە مشتەرییەکانی شەوانە هیچیشیان لێ هەڵنەوەرێ. بەڵام چی بکات؟ میوانن. شەوێک، خۆ هەزار شەو نییە. با ئەم کچە هەڵگرن و بڕۆن. با ببن

و بڕۆن. ئەگەر دانیشێ؟ ئەگەر ڕەعنا لای کوڕە بمێنێتەوە؟ نەء! نەی ئەویست. حەزێکی ملۆزم، ویستێکی خۆڕسک، لە دەروونی ئاتەشدا ململانەی بوو. ململانێی ڕاگرتن-پەرەوازەکردنی کچەکەی. ویستێکی دایکانەی دزێو؛ ڕەعنا ببێ بە ڕایەخێک، تا دایک بتوانێ پێی دواڕۆژی لە سەر دانێ. کۆڵەکەیەک پاڵی پێوەبدا؛ هەرچەندە سست و کورت خایەنیش بێ. جوانی ڕەعنا، بەهای گوزەرانی ژیان. ئاسوودەیی لە سەردەمی پیری و پەککەوتندا. ململانێی حەز و ویستی خۆی و، خەمی ڕۆژگاری ڕۆڵەکەی. ڕۆڵە؟ ئەی چ ناوێکی تری لێ بنایەت؟ ڕەعنا، مەگەر لە ئاتەش نەببوو؟

ببوو! بیرەوەرییەک بوو. نیشانەی بیرەوەرییەک بوو. یادگاری دیداری پیاوێک لەگەڵ ئاتەش. شووی ئاتەش. نەک یەکەمین و دواین پیاو. بەڵکوو یەکەمین و دواین شوو. شوو، ئەویش لە بەر ئەوەی ڕەعنای بۆ بەجێ هێشتبوو. پیاوێکی ڕێبوار. برووسکەیەک، تریشقەیەک. دەرکەوت و ونبوو. دیار و نادیار. نامۆ و ون و دوور. پاڵتاوێکی درێژی قەزاقی. سمێڵی ڕەش و چاوی تۆزێ سوور. تاقم و فیشەکدان. تفەنگ و سەرەنیزەکەی هەڵپەسارد بە دیوارەکەوە. ئەسپەکەی لە دەرەوە. کڵاوی شاپۆی کرد بە بزماردا. پەنجەکانی درێژ و ئەستوور بوون کاتێکە قۆپچە زلەکانی پاڵتاوەکەی ئەکردەوە. پەڕەی لووتی ئەفرِی. تریشقە. هەژا و هەژان. پاشان، ئارامی. خاوبوونەوەی پاش تەزووی حەز. یادی خەونێکی خۆش و بە دوایدا، چاڵێکی بەتاڵ لە ڕوحیدا. چێژێکی شیرین و بە ئازار لە بن ددانیدا و چەکەرەی تۆوێک لە پزداندا. دەنگی سمی ئەسپەکە لە سەر خاکەپووتی بن دیوارەکە. سێبەرێک دوور ئەکەوێتەوە. بریسکانەوەی هەتاو لە سەر دەسکی تفەنگ. کلک ڕاوەشاندنی ئەسپ و چاو لە دووی سواری ڕۆیشتوو. ڕۆژ، قورس ئەبێ. ڕۆژان، قورس و خاو ئەبن. شەو، باڵای بەرز ئەبێ. شەوان درێژ ئەبنەوە. چاوی لە لێڵەوە دێ، سەری لە گێژەوە. ڕوومەتی ئەماسێ و ورگی بەرز ئەبێتەوە. ئەوەندەی نەماوە. ئاوسانی قاچەکانی

ئەنیشێتەوە. گۆنای شل ئەبێ، نیشانەی کچە. کچێک. ناوکی ببڕن. ڕەعنا، ناوێکی جوانە، ڕۆژی لای خوایە. ڕەعنا، لە سەر دەست، داڵانێکی درێژ و هەزار پێچ لە بەردەمی‌دا:

«بابڕوا، بابڕوا! ئەوپەڕی لە برسان ئەمرم. با بمرم. بەڵام کچەکەم با بڕوات. هەرجۆر بووە بۆ خۆی ئەژی. خوا ڕازی نابێ ڕایگرم. جەوانە. ئارەزووی لە بەرگی بووکێنیە. با بڕوا بە دوای بەختی‌دا. هەر نەبێ، ئەویش خوایەکی هەیە، نییەتی؟»

ــ تۆش دەمت شیرن بکە، ئاتەش گیان! بە خێر و خۆشی. باوکی زاوا ئاورودووی زستانت بە خۆڕایی بۆ ئەهێنێ. هاوڕێکەی زاواش وەستا ستارە. ئەویش ناهێڵێ پێت بێ پێڵاو بێ. لە پیاوە تێگەیشتووەکانی ڕۆژگارە. خودی زاواش، کوڕی کار و بێوەییە؛ خاترجەم! خۆیشم تا مابێتم ئاگام لێت ئەبێ. ئیتر ئەڵێی چی؟ ئەگەر منجەمنج بکەی و بیانوو بدۆزیەوە، ئەوسا بۆم دەرئەکەوێ زیخێک لە ناو پێڵاوەکەتدایە. دەی ئەڵێی چی؟ وەڵامی کۆتایمان پێ بدەرەوە. خاترجەم!

ئاتەش، خامۆش و سەنگین، لە سەر دۆشەکڵە تەنک و چڵکنەکەی دانیشتبوو. ئەژنۆی بە سینگیەوە، پەنجە لەڕ و کشاوەکانی بە سەر پووزی‌دا شۆڕەوە ببوون. بەس ئەوەندەی وت:

ــ چایەکەتان سارد ئەبێتەوە.

دایان لە دەرگا. پیرەخاڵۆ وتی:

ــ مشتەرییەکانیشت ئەبێ بخەیتە ڕێ. بۆیە ئێمە زۆر ڕێگە لە کارەکەت ناگرین. وەڵامی ئێمە بە کورتی بدەرەوە. ئێمەش ئەڕۆین و جل و بەرگ و پێڵاوی بووک ئامادە ئەکەین، خاترجەم!

ئاتەش هەڵسابوو و ئەیپرسی بزانێ کێ لە پشت دەرگایە. پیرەخاڵۆ سەیری هاوڕێکانی کرد و، ئەوەندەی ئاتەش چووە ناوداڵان، بە جۆرێک دڵنیاییەوە وتی:

ــ لە ناخی دڵی‌دا ڕازییە. ئێوە بەس گوێ ڕابگرن؛ خاترجەم!

ئاتەش گەڕایەوە وریگەی بۆ مشتەرییەکەی پشت سەری

کردەوە. قەدیری کەلایی خواداد، بە سەر و شانی داشۆراوەوە هاتە ژوورەوە:

«ئەو ئیتر لێرە چی ئەوێ؟»

ــ ئێسقانەکانم ژان ئەکا، وەستا مووسا. ویستم بەیەک دوو بەست چاریان بکەم.

ئاتەش، لای چرای شێرەکەوە ڕاکشاو، بە سەر قەدیری تێگەیاند، ئەویش ڕاکشێ. قەدیر سەیری خاڵە مەندەلوو و پیرەخاڵۆی کرد. وتیان نۆرەی خۆیەتی. قەدیر چووە بەرەوە و ئانیشکی خستە سەر سەرینەکە، خۆی ڕاکێشا و وتی:

ــ قەد و پەیکەریان، سەیرکردنیان، جلوبەرگی ئەم باوک ترِنانە، هەمووی جنێوە و بە ئێمەی ئەدەن! هەزار ڕێگەت بۆ دائەنێن بۆ ئەوەی ناچارت بکەن بچیتە بەر دەرگاکەیان. ئەوساش کە ئەچیتە بەر دەرگایان و دەست لە سەر سینە ڕاوەستای، جۆرێک وەڵامت ئەدەنەوە لە دنیا بێزار ئەبی! ئەمە لە کاتێکا لەگەڵ بەرپرسی جەندەرمەش گورگی لێڕەوارێکن. دەم بکاتەوە سەرتیپ فەربەخش، بەڵگەی لێبوردنی سەربازییەکەم ئەدا بە دەستمەوە و ئەچم بە دوای کارمدا. بەڵام لەبەریان گرانە کارێکی خێر بۆ بەندەیەکی خوا جێبەجێ بکەن!

نیگای تیژی ستار، لە سەر نێوڕوخی داتەکاوی قەدیر بوو. مووسا وتی:

ــ دەستی نا لە ڕووتەوە؟

قەدیر، ئاوڕی لێدایەوە و وتی:

ــ خۆزگە وەڵامێکی سەرڕاستی پێبدایەتمەوە! فەرموویان: ڕۆژێکیتر!

پیرەخاڵۆ، بۆئەوەی ڕشتەی گفتوگۆکە نەپچڕێ، وتی:

ــ ئەوا چایەکەشتمان خوارد، ئاتەش. خاترجەم! جا زمان هەڵپچڕە و وەڵاممان بەرەوە. دەی، ئەڵێی چی؟

ئاتەش، شیشی لە زەلی دووکەڵگرتوو دا و قەدیر لێوی پێوە

نا و هەڵیمژی.

پاشان، ئاتەش لەسەرخۆ و بە شێنەیی وتی:

ـ من هیچ قسەیەکم نییە خاڵۆ. خۆت ئەوە ئەزانی. بەڵام، بەڵام... شەمەلی یاخووت دەستی لە سەر کچەکەیە و حەبیبی پێش داوە بیخوازی. من لە سەروسەکوتی حەبیب بێزارم، بەو چەناگە خوارەیەوە. بەڵام چی بکەم. من لە خوام گەرەکە دەستی کچەکەم بدەم بە دەستی جەوانێکی ڕەنجدەرەوە. چی لەوە باشترە؟ بەڵام... حەبیب هەموو شەوێک وەکوو عیزرایل لێرە قوت ئەبێتەوە و داوای وەڵامم لێ‌ئەکا. منیش چ وەڵامێکم هەیە بەوی بدەمەوە؟! ئەمڕۆ و بەیانیان پێ ئەکەم. کچەکەم، تفڵی بێگوناح لە دەس ئەو هەڵاتووە و چووە بۆ ماڵی خوشکم لە قەڵاتی بابی. نازانم بڵێم چی؟ ئەترسم پاش ئەوەی کچەکەم دابە ئێوە، نیوەشەوێک دە دانە لات و لووت کە من شیرەم پێ نەداون بە قەرز بڕژێن بە سەرمدا و بە ماڵەوە ئاگرم دەن. ڕۆژگاری من ئەوە بەدەرەک، ئەی ئەو دوو گەنجە بێتاوانە چی؟ ترسم لەوەیە! جا... ئەگەر ئێوە خۆتان ئەویرن بەرەنگاری ئەوان ببنەوە و لێیان ناترسن، هەر ئێستە هەڵسن و بچن بۆ قەڵات. هەر لەوێ مارەی ببڕن و بیبەن بۆ ماڵی خۆتان. بەڵام...

دەنگی پێکادانی دەرگاکە، ئەمجارەیان لەوەدا نەبوو. ئەتوت بە زەبری شان و لەقەی چەند کەس، لە بن دەرهێنرا. ئەوەندەی پێ نەچوو، بە دوای حەبیبدا، دەستەیەک خۆیان کرد بە ماڵدا. ژوورەکە پڕبوو. ورد و درشت. ئاتەش، هەروا ئارام بوو و دەست و سەر و نیگای بە کاری خۆیەوە بوو. نۆکێک شیرەی بە سەری شیشەکە لە سەر دڵی پەنجەی خۆشە ئەکرد. لە سەر گڕی نەرمی چراکە گەرمی کرد و دیسانەوە دەستی پیا هێنا بۆ ئەوەی جوان خۆش ببێ. هیچکەس قسەی نەبوو. پیرەخاڵۆ نەی ئەزانی ئەبێ چی بکات، دەرفەتی بیرکردنەوەی نەبوو. حەبیب لە سەر لێواری باوەڵەکە دانیشت و کۆترێکی باڵکراوی لە گیرفانی دەرهێنا و وتی:

ــ هێناومە بۆ تۆ، میمکە ئاتەش. هانێ، فێرە دووکەڵی بکە!
کۆترەکەی هەڵدا و کۆتری باڵکراو، باڵی نەبوو بۆیە لە لای سینیە تەنەکەکە کەوتە خوارەوە. ئاتەش، کۆترەکەی بە پشتی دەس لای چراکەوە لادا و وتی:
ــ ئەمانەت بۆ هێناوە بۆ ئێرە؟ لەشکرت هێناوەتە سەرم؟
یەکیان، جەلە زمان لەت، وتی:
ــ ئێ... ممم... ەش مشتەرین!
ــ نیمە، شیرەم نییە،
ــ دێتە سەرەی ئێمە تەواو ئەبێ؟
ئەمەیان، ڕەزا قەرەج بوو.
حەبیب، قسەکەی گرت:
ــ ئەمشەو ئیتر ناتوانی دەسی دەسیم پێ بکەی. وەڵامم ئەوێ. ئاتەش. ڕەعنات چی لێکردووە؟!
ــ ئەوەتانێ، لە ناو گیرفانمدا شاردوومەتەوە!
ــ گاڵتە بە من مەکە، ئاتەش! قسەی ئاخرت بکە!
ــ قسەی ئاخر ئەوەیە کە من کچ بە تۆ نادەم. تۆ ئەگەر ژندار بوایەتی ژنەکەی خۆت ڕائەگرت. نەک بە هیوای خوا لە بنی کاروانسەراکاندا بەرەڵای بکەی. ئەمە دوا قسەمە، حەبیب. ئەگەر تا ئێستەش لە سەر کاری گیوە دوورینەکەت بوایەتی، دیسانەوە خۆی شتێک بوو. بەڵام... بەڵام من کچەکەم بە کێ بدەم. ئا؟ بە تۆ؟
ئاتەش، ڕاستەوە بوو و دانیشت و چی تا ئەم کاتە لە دڵیدا شاردبۆوە، بێباکانە بە حەبیب و دەستەکەی وت:
ــ ... کچی منت بۆ چیە، حەبیب؟ مەگەر من نازانم تۆ کێی؟! تۆ ژن ڕاگرنیت، خۆشت لە من باشتر ئەزانی. تۆیان ڕاست کردۆتەوە کچەکەم لە دەس دەربهێنی. تۆ ئەزانی و منیش ئەزانم بۆچی؟ دیسانەوەش بڵێم؟ بڵێم؟ نەء! من کچی خۆم بە تۆ نادەم بیبەیت و... بیخەیتە ناو باخەڵی ئەم و ئەو. من خۆم ئەم

شتانەم کۆن کردووە. نەء! ئیتر نامەوێ. هەموو خەڵکی ئەم شارە ئەزانن تۆ هاتووچۆی ماڵی فەرەح هیندی ئەکەی. فەرەح هیندی کێیە؟ پەروەندەکەی لە لای منە. من نامەوێ کچەکەم لە پاش ئەوەی دەستاودەست کرا لە ماڵی فەرەح هیندی خۆی بگرێتەوە! تێگەیشتی؟! نامەوێ. نامەوێ. کچی چەپکەی گوڵم!

دەنگی ئاتەش بڕا و کەوتە هەناسەبڕکێ. حەبیب لە سەر باوڵەکەوە بازی دا و بە شەقێک چراکەی وردوخاش کرد و وەکوو عیزرایل هەر لەوێ، بە سەر سەرییەوە وەستا:

ـ مەمکەکانت ئەبڕم، قاحبە! تۆمەتی گەووادی لە من ئەدەی؟ بە من ئەڵێی قوڕمساخ؟!

ئاتەش، ئاو لە سەری تێپەڕیبوو و ئیتر دەمی نەگێڕایەوە:

ـ هەیت! هەیت و خراپتریش، گەوواد!

ئەمجا، لەقەی حەبیب بوو بە سەر پراسووەکانی ئاتەشدا داباریـن و، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی ژنە هەناسەی ببڕێ. بۆ ئەوەی دانیشتوانیش جووڵە نەکەن، دەستەکان بۆ چەقۆ چووە ناو گیرفانەکان. دەمی چەقۆ کراوە و نیوەکراوە. چاوەکان، داچەقیو و ترساو.

حەبیب چاوی گێڕا:

ـ زۆر حەز ئەکەم یەکێک لە سەر جێی خۆی جووڵە بکات!

ترس و لەرزێک لە گوتەیدا، ناخود ئاگا نەڕاندی:

ـ بەم ئیمامزادەیە سوێند بێ، هەڵی ئەدڕم!

ستار، مەچەکی دەستی مووسای گرت، نەکا خۆی پێ ڕانەگیرێ.

دەنگێک لە دالان دەنگی دایەوە:

ـ بۆ کێ عەربەدە ئەکێشی، گەڕی گواوی؟ بۆ ئاتەش؟! لێرە! چەقۆکەت ببەستە، هیچوپووچ !

دەنگەکە، پیرەخاڵۆ ناسیەوە. هەڵسا و سڵاوی لە شەمەلی یاخووت کرد. شەمەل، سەر و سینەیەک لە هەمووان کەڵەگەتر،

بەرەو حەبیب چوو، چەقۆکەی لە دەس دەرهێنا و شەپلاخەیەکی کێشا بە بن گوێی‌دا:

ــ برۆ ون بە ئیتر! دەرکەوە برۆ!... ئێوەش... بیبەن قاپێک ئاو بکەن بە سەری‌دا، مەستی لە سەری بپەڕێ، زەعیفەکوژی دایک قەحبە!

حەبیبیان بردە دەرەوە. شەمەل، بێدەنگ وەستا. پیرەخاڵۆ چووبوویە سەر سەری ئاتەش و دانیشتبوو. قەدیر خۆی لکاندبوو بە دیوارەکەوە و ئەژنۆی لە ئامێز گرتبوو. خاڵە مەندەلوو خۆی لکاندبوو بە شانی ستارەوە. ستار، سەیری شەمەلی ئەکرد:

ــ پێموابێ مردووە، شەمەل خان!

شەمەل، دانەوییەوە و مەچەکی ئاتەشی بەرزکردەوە و بەری دایەوە و وتی:

ــ لەسەر خۆی چووە!

پارەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و هەڵیدایە لای چرا شکاوەکە و وتی:

ــ یەک‌دەندەیە ئیتر! سووچی خۆیەتی! خۆ نموونەی بارنەهێناوە. کچەکەی بدات و خەیاڵی خۆی ئاسوودە بکات. ئا ئەوا باشە؟!

دەنگی برا بچکۆڵەکەی شەمەل، لە پشت دەرگاکەوە هات:

ــ کاکە، هاتن!

شەمەل دەرکەوت.

ــ ماشینیان پێیە، کاکە!

تیشکی چراکانی ماشێنەکە، دای لە کەلاوەکە. لات و لووت هەر کەس کە بۆی کرا هەڵات بۆ ناو تاریکیەکە و خۆی هەڵدایە چاڵێک. کێشەکە زۆری نەخایاند. دوو پۆلیس هاتنە ژوورەوە. نیگایان گەڕا و لە سەر ڕوخساری ستار، وەستا:

ــ هەڵسە، تۆ!

ستار، بزەیەک لە ژێر پێستی‌دا، سەیرێکی مووسای کرد.

مووسا، سەری داخست. پۆلیسەکان ستاریان برد. مووسا، بە دوایاندا ڕۆیشت. ستاریان سواری ماشینەکە کرد. شەمەلی یاخووت، بەرامبەری دانیشتبوو:

ـ تۆ ئیتر بۆچی؟

ماشین بە تاسەکانی پەنای دیوارەکەدا کەوتە ڕێ و مووسای لە ناو تۆز و خۆڵدا بەجێ هێشت. خاڵە مەندەلوو و پیرەخاڵۆیش هاتبوونە دەرەوە. برای شەمەل دووچەرخەکەی لە پەنای دیوارەکە هەڵگرت، سواربوو و بە دوای ماشینەکەدا ڕۆیشت. تاک و تەرایەک فانۆس لە کۆڵانەکانەوە هاتنە دەرەوە. وەستا حەسەنی سەرتاش، جاکەت بە سەرشانیەوە. مووسا حەپەسابوو.

خاڵە مەندەلوو پرسی:

ـ ئێمە ئێستە چی بکەین؟

پیرەخاڵۆ وتی:

ـ من لە سەر سەری ژنەکە ئەبم. شەوێ، نیوەشەوێ کارێکە. ئێوە. بڕۆن بۆ کاروانسەرا، خاترجەم!

دوو پیاو، لە لای خزنەکەوە ئەهاتن:

ـ ئەمشەو ئیتر چی ڕووی داوە؟

مووسا، یەکیانی ناسیەوە. عەلیئەکبەری ئاسنگەر. ئەوەی لەگەڵیشی بوو، ئەبوا نەسرەتی دەباغ بێ! عەلیئەکبەر، لە تاریکیەکەدا هات بۆ لای مووسا، کە لە لای باوکیەوە وەستابوو. عەلیئەکبەر لای مووساوە وەستا:

ـ ستار کوانێ؟ ئەویشیان برد؟

ـ تۆ لە کوێوە ئەزانی؟!

ـ بیانو! بیانووی پێ ئەگرن! باوکت بگەیەنە و وەرە بۆ لای خزنەکە. شەو ئەچین بۆ چاپخانە بۆ لای ئەفشار. دکتۆریش دێ. ڕێکەوە ئیتر، چاوەڕێی چیت؟!

مووسا، لە تەک خاڵە مەندەلوو و عەلیئەکبەر و نەسرەت دەباغیش، دوا بە دوایان کەوتنە ڕێ. مووسا بە باوکی وت:

ـ رابرد ئیتر، تەواو بوو. هیوادارم بە خێر بگەڕێ. تا تۆ ئالیک بۆ وشترەکان تەیار بکەیت، منیش دێمەوە.

خاڵە مەندەلوو، بەدرێخەوە، سەری ڕاوەشاند:

ـ بەخێر ئەگەڕێ؟ ئەمە خێر بوو ئێمە دیمان؟ ئەی تۆ بەم شەوە بۆ کوێ ئەچی؟

لای خزنەکەی ئیمامزادەیەحیاوە تا چاپخانەی جەنابی ئەفشار دوور نەبوو. دووکانێک لە شەقامی ئەرک. لە ڕیزی دووکانەکانیتردا. عەلیئەکبەر دەرگای کردەوە، بە دوایدا نەسرەت و مووسا چوونە ژوورەوە؛ یەک پلیکان. جەنابی ئەفشار جگەرەیەکی بە دەستەوە بوو. دوکتۆری ئاژەڵ بوو. یەکێکی تریش: پیاوێکی بە ساڵ ناوەنجی و چوارشانە. کڵاوێکی لبادی لە سەر بوو. ڕەمەزانی خمگەر. هەرسێکیان لە پشت ماشینی چاپەکەدا دانیشتبوون. مەکینەی چاپ خامۆش بوو. دەستەی کاغەز لێرە و لەوێ دانرابوو. کتری چای جەنابی ئەفشار، لە سەر پەڕەمێزەکە ئەکوڵا. ئاشناکان تەوقەیان کرد. جەنابی ئەفشار لە بن برۆ خۆڵە مێشیەکەیەوە سەیری مووسای کرد. مووسا سەری داخست. عەلیئەکبەر وتی:

ـ مووسا. هاوڕێی ستارە. فەرموو دانیشە...

مووسا، لە سووچێک دانیشت. جەنابی ئەفشار خۆڵی جگەرەکەی داتەکاند و سەیری عەلیئەکبەری کرد. عەلیئەکبەر، وتی:

ـ ستاریان گرتووە!

دوکتور، ڕۆژنامەکەی لە بەر چاوی داگرت و، نەسرەت دەستی برد بۆ گیرفانەکانی باخەڵی پاڵتاوەکەی، دووقاپ ئارەقی دەرهێنا. خستیە سەر سینیەکە و وتی:

ـ ئەمانەمان ئامادە کردبوو ئەمشەو... ئاخر، چەند مانگ بوو ستار نە هاتبوو بۆ شار! ئەمانویست ئەمشەو بەزمێک ساز بکەین

ـ بەزم!

جەنابی ئەفشار لە سەر کورسیەکەی هەڵسا و لە لای مەکینەکە وەستا؛ دەستی خستە سەر کاغەزە چاپکراوەکان و وتی:

ـ ئەی ئەمانە چی لێبکەین؟ بەس ئەو مابوو بەشەکەی وەربگرێ و بیبات. بەیاننامەی زەوی و جووتیار خۆ ناتوانین لە شار، بۆ پیشەگەر و کرێکار بڵاو بکەینەوە!

دکتۆر هەڵسا، ڕۆژنامەکەی نووشتاندەوە، خستیە گیرفانی و وتی:

ـ ئەگەڕێمەوە. تا ئێوە پیاڵەیەک ئەخۆنەوە من دێمەوە. هەر ئەمشەو لێی ئەکۆڵمەوە، جەنابی ئەفشار. نیگەرانی نییە. خەمتان نەبێ. خراپ نییە پیاڵەیەک لەو... لەو ئاوی زەمزەمە بخۆیتەوە، بۆ ماندوێتیەکەت باشە. من ئەگەڕێمەوە.

دکتۆر ڕۆیشت و نەسرەت دەباغ، شووشەی ئارەقی هەڵپچڕی:

ـ وەرە دانیشە جەنابی ئەفشار، وەرە کاکە گیان، لەخۆوە خۆت زیز ئەکەی. لە شیرەکێشخانەی ئاتەش، ئەویش لەگەڵ شەمەلی یاخووت گرتوویانە و بردوویانە، خەمت نەبێ!

ـ ماڵی ئاتەش؟ ئەو لەوێ چی ئەکرد؟!

عەلیئەکبەر وتی:

ـ ڕۆیشتبوو بۆ خوازبێنی، خوازبێنی!

جەنابی ئەفشار، گەڕایەوە سەر جێگەکەی و دانیشت. ڕەمەزان خمگەر جگەرەیەکی داگیراند و دای بە دەستیەوە. نەسرەت، پیاڵەکانی پڕکرد لە ئارەق و مووسا، لەگەڵ خۆی -رەنگە- وتی:

ـ ئەو ژنە، ئەمشەو ئەمرێ! ئەمرێ!

کۆتایی بەرگی سێیەمی کەلیدەر

بۆ بەرگی ٤


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
١
و: سیامەند شاسواری
٤